مەریوان وریا قانیع

# دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕۆشنگەری

## وەڵامێک بۆ کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار

لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

بەهاری ٢٠٠٢

**ناوی کتێب: دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و ڕێشنگەری**
**نووسەر: مەریوان وریا قانیع**
**چاپ: ساڵی ٢٠٠٢**
**لە بڵاوکراوەکانی نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی**

## ناواخن


پێشەکی ............9

بەشی یەکەم: ڕەخنەی کورت، ڕەخنەی درێژ:
هەڵاتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارە گرنگەکان
1. سەرەتا ...........43
2. پرسیاری لاوەکی و کێشەی پەراوێزی ...........43
3. کورد و فێرگە ڕەخنەییەکان ...........48
4. ڕەخنەی لاهوتی یان ڕەخنەی بەلاغی ...........51
5. بێتوانایی لە جیاکردنەوەی شێوە جیاوازەکانی ڕەخنەدا ...........53
6. ڕەخنەی کوردی و داگیرکەران ...........56
7. دەرەنجام ...........59

بەشی دووهەم: ئیسلام و کورد:
تێکەڵاوکردنی هەموو شتێک بە هەموو شتێک
1. سەرەتا ...........63
2. جەوهەرگەرایی و تەڵاقدانی مێژوو ...........63
3. تێکەڵاوکردنی ناسیۆنالیزم و دەوارنشینی (بەداوەت) بەیەکدی ...........71
4. ئیسلام و ناسیۆنالیزم و تەکنۆلۆژیا ...........85
5. تێکەڵاوکردنی ئەبستمۆلۆژیا بە مێژوو ...........91
6. تێکەڵکردنی توندوتیژی خێڵەکی کۆن بە توندوتیژی ڕاسیستییانەی نوێ ....100
7. ئیسلام لە تەختانیدا و ئیسلام لەناو شاخدا .........104
8. کورد و سانسکریتی...!!! .........111
٩. دەرئەنجام .........114

بەشی سێهەم: باسکردنی فەلسەفە یان ئەتککردنی فەلسەفە
1. سەرەتا .........117
2. تەماحی فەلسەفی و واقیعی فەلسەفە .........117
3. سەرەتاکانی فەلسەفە .........119
4. یەکدی ناسینی فەلسەفی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا .........125
5. فەلسەفە وەک کاردانەوە .........133
5 - 1. قوتابخانەی فرانکفۆرت .........133
5 - 2. بونیادگەری .........144

5 - 3 . سەرچاوەکانی بونیادگەری ......150
5 - 4 . بونیادگەری و داگیرکەران ......156
5 - 5 . فیکری دوای بونیادگەری و مۆزەخانەکەی کاک مەلا بەختیار ......163
5 - 6 . پۆزەتیڤیزم و هابەرماس ......173
5 - 7 . ئەفلاتون و دەسەلات ......179
6 . دەرەنجام ......185

بەشی چوارەم: مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە: چۆن فەلسەفە بێنرخ دەکرێت؟
1 . سەرەتا ......189
2 . فیکری پۆست مۆدێرن و گۆڤاری ڕەهەند ......190
3 . پۆست مۆدێرنە بە ئەتککراوی ......193
4 . فیکری پۆست مۆدێرن چییە و چیدەڵێت؟ ......215
5 . سەرەتاکانی فیکری پۆست مۆدێرن ......221
6 . ئایا هابەرماس لە لیوتاری بڕۆدتەوە؟؟ ......225
6 - 1 . جیاوازی و فەلسەفەی جیاوازی ......225
6 - 2 . بۆدلیار و بیرۆکەی جیاوازی ......237
7 . ئایا پۆست مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی سیاسەت و دەسەلات و دیموکراسییەتە؟
7 - 1 . لیوتار و سیاسەت ......241
7 - 2 . ڕیچارد ڕۆتی و سیاسەتی پۆست مۆدێرن ......247
7 - 3 . زیگمۆند باومان و سیاسەت ......252
8 . ئایا پۆست مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنەیە؟
8 - 1 . لیوتار و پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە ......254
8 - 2 . زیگمۆند باومان و پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە: ......261
9 . ئایا ڕەخنەی پۆست مۆدێرنە لە مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی
دەسکەوتەکانی مۆدێرنەیە؟
دۆخی زیگمۆند باومان ......263
10 . ئایا پۆست مۆدێرنە کاردانەوەیە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا؟
سەرچاوە مێژووییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن ......272
11 . ئایا پۆست مۆدێرنە دژ بە کورد و جیهانی سێهەمە؟ ......277
12 . دەرنجام ......279

بەشی پێنجەم: تراژیدیای میشێل فۆکۆ لە کتێبەکەی کاک مەلا بەختیاردا
1 . سەرەتا ......287
2 . فۆکۆ کێیە؟ ......288
2 - 1 . فۆکۆ و کۆمۆنیزم ......290
2 - 2 . فۆکۆ و سۆربۆن ......291
2 - 3 . فۆکۆ و زانکۆی هامبۆرگ ......291
3 . فۆکۆ کاریگەرییەکانی ئەوانیدی لەسەری: ......292

4 . بیری فۆکۆ یان هی ئەوانیدی ......... 302
5 . مێژووی دێوانەیی ......... 303
6 . ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرەکانی ......... 317
6 - 1 . سەردەمی ڕۆشنگەری کامەیە؟ ......... 318
6 - 2 . کانت و ڕۆشنگەری؟ ......... 320
6 - 3 . ڕەخنەی مارکس و فرۆید و نیتشە لە ڕۆشنگەری ......... 323

7 . فۆکۆ و ڕۆشنگەری ......... 328
8 . تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ ......... 338
9 . دەسەڵاتی مەکەزی و دەسەڵاتی لۆکاڵی ......... 354
10 . دەرەنجام ......... 362

بەشی شەشەم:
هەندێک هەڵەی دیکە کە کات و شوێنی ڕاستکردنەوەی تەواویمان نییە ....... 367

**پێشکەشە بە:**

**بە نەوەی نوێ، بە خوێنەرانی گۆڤاری ڕەهەند و بەوانەی بە دیدێکی ڕەخنەییەوە تەماشای ئەم گۆڤارە دەکەن، بەڵام لە گرنگی پەیامە فیکرییەکەی دەگەن.**

## ▪ ▪ ▪ له فه‌یله‌سوفی ڕۆشنگه‌رییه‌وه‌:

«سه‌رده‌می ئێمه‌، به‌شێوه‌یه‌كی تایبه‌ت، سه‌رده‌می ڕه‌خنه‌گرتنه‌، هه‌مووشتێك ده‌بێت قابیلی ڕه‌خنه‌لێگرتن بێت»

كانت

«بوێربه‌ و عه‌قڵی خۆت به‌سه‌ربه‌خۆیی به‌كاربهێنه‌»

كانت

«ئه‌وه‌ی كه‌ شوێنی دڵنیاییه‌ ئه‌مه‌یه‌: كه‌سێك بۆ ته‌نها جارێك چێژی ڕه‌خنه‌ی كردبێت، بۆ هه‌تاهه‌تاییه‌ پشتده‌كاته‌ هه‌موو ئه‌و ساده‌گۆییه‌ دۆگماییانه‌ی پێشتر به‌ ڕه‌هایی باوه‌ڕی پێیان بووه‌ و پێیان ڕازیبووه‌»

كانت

«لە هیچ شوێنێکی دنیادا ئەوەندە بە هەڵە ناخوێندرێمەوە وەک لە نیشتیمانەکەی خۆمدا»

نیتشە

# 1

ئەم کتێبە وەڵامێکی گشتی لایەنە فیکری و فەلسەفییەکانی ئەو کتێبەی کاک مەلا بەختیارە، کە لەساڵی ٢٠٠٠ دا بەناوی (دیموکراسی لە نێوان مۆدێرنێتە وپۆست مۆدێرنێتەدا) بڵاویکردۆتەوە. ئەو کتێبەی کاک مەلا بەختیار شایانی ئەوەیە زۆری لەسەر بگوترێ و بنووسرێت، بەڵام نە لەبەر ئەوەی کتێبەکە هەڵگری بەهایەکی ڕەخنەیی و میتۆدی و فەلسەفی گرنگە، نە لەبەر ئەوەش هەڵگری دیدێکی تازە و تایبەتە بەرامبەر بە بەشێک لەو کێشە گرنگانەی کۆمەڵگای ئێمە لە ئێستا و لە ڕابردوویدا ڕووبەڕوویان بۆتەوە، بەپێچەوانەوە، قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە گرنگە، چونکە کتێبێکە لێوانلێوە لە هەڵەی فیکری و فەلسەفی و میتۆدی، پڕە لە گشتگیری و تۆمەت و حوکمدانی ناڕاست، بازئەدات بەسەر سادەترین و سەرەتاییترین مەرجەکانی نووسینی زانستیدا. لەڕاستیدا تا ئەو شوێنەی من ئاگاداربم، لە مێژووی نووسینی کوردیدا کتێبێک نییە بە ئەندازەی ئەم کتێبەی کاک مەلا بەختیار لە سنووری سوکایەتیکردن بە فیکر و میتۆد و خوێنەر نزیکبووبێتەوە. ئەم کتێبە نموونەیەکی زیندووی ئەو پاشاگەردانییە فیکری و میتۆدی و فەلسەفییەیە کە ئەمڕۆ لە ناوەوڕا ڕۆشنبیری کوردیی ڕووبەڕووی دەیان قەیرانی گەورە گەورە کردۆتەوە و جیهانی کولتووری ئێمەی بەشێوەیەکی ترسناک کەم خوێن و کەم خەیاڵ و کەم داهێنان کردوە. ئەم کتێبە شایەتێکی باشە لە بونیادی ئەو ڕۆشنبیرییەی کە لەسەر سادەگۆیی و خورافەت و سەلەفییەتێکی کوشندە لە بوارەکانی فیکر و ئەدەب و سیاسەتدا دەژی. لەم کتێبەدا فیکری زۆربەی هەرەزۆری ئەو فەیلەسوف و زانا و قوتابخانە فیکرییانەی ناویان هاتوە بەشێوەیەکی زۆر خراپ شێوێندراون، هەڵەی مێژوویی و هەڵەی فیکری و هەڵەی میتۆدی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن یەک ئەویدی تەواودەکات و لەناوەوەڕا کتێبەکەیان کردۆتە ڕاپۆرتێکی پڕ هەڵە دەربارەی ئەو بابەتانەی باسیاندەکات. لە بەشی هەرەزۆری ئەو بابەتانەدا، کە کتێبەکە قسەی لەسەر کردوون، لانیکەمی کاری میتۆدی و زانستی و بیرکردنەوە و تێفکرینی مەنهەجی ئامادەنییە. ئەم کتێبەی کاک بەختیار بریتییە لە ڕستێک هەڵە و ناکۆکی و حوکمی دۆگمایی و سەرپێیی و نەسەلمێندراو بەسەر دەیان تێز و تیورە و فەیلەسوف و قوتابخانەی فیکری جیاجیادا. لەڕاستیدا من لە مێژووی نووسینی کوردیدا کەسێک شکنابەم بەر لە کاک مەلا بەختیار خاوەنی ئەو جورئەتە بێت، کە بێ لانیکەمی شارەزایی، پەلاماری ئەو هەموو

بابەتە فیکری و فەلسەفی و مێژوویی و میتۆدییە ئاڵۆزانە دابێت، کە بۆ هەریەکێکیان ئاگادارییەکی تەواوی فیکری کۆن و هاوچەرخ و خوێندنەوەیەکی وردی چەندەها کایەی مەعریفی و ئەزموونێکی درێژی کاری میتۆدییانە و شارەزاییەکی تەواوی فیکری فەلسەفی پێویستە.

هەر لەم سەرەتایەوە وای بەپێویست دەزانم مەبەستم لە نووسینی ئەم وەڵامە و لە ڕەخنەگرتن لەو هەموو شێواندنە گەورانەی ناو کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار، روونکەمەوە، نەبادا کەسانی دی مەبەستەکانم بشێوێنن و لێکدانەوەی هەڵەی بۆبکەن و کۆمەڵێک تۆمەت داتاشن کە دوور و نزیک پەیوەندییان بە مەبەستی ئەم نووسینەوە نییە. مەبەستی هەرەسەرەکیم لەم وەڵامە بریتییە لە گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ فیکر و نووسین و میتۆد و لەوانیشەوە گەڕاندنەوەی ڕێز بۆ خوێنەر. لە کتێبەی کاک بەختیاردا ئەم دوو لایەنە زۆر بە توندی بێڕێز و بێنرخ و بێبایەخکراون، هەم فیکر و نووسین ومیتۆد خۆیان و هەم خوێنەریش بە ئەندازەیەکی ترسناک بێنرخکراون. نووسین هەرچییەک بێت قسەکردنی سادە و سەرپێی و حوکمدانی ناڕاست و نابەجێ و نەسەلمێندراو و شێواندنی فیکری بەشەری نییە لە سەرەتای سەرەتاکانییەوە تا ئەمڕۆ بەناوی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵەی خەڵکانی دی و دڵسۆزی بۆ گەل و نیشتیمانەوە. خوێنەریش گەر کەمەکێک ڕێزی بۆ دانرێت هەڵە و شێواندنی بە ئەنقەست و بێبایەخکردنی فیکر و میتۆدی بەناوی نووسینی فەلسەفییەوە پێنافرۆشرێت.

مەبەستێکی دیکەم لە نووسینی ئەم وەڵامە ڕاستکردنەوەی «هەندێک» لە هەڵەکان و «هەندێک» لە شێواندنەکانی کتێبەکەی کاک مەلا بەختیارە؛ دەڵێم «هەندێک»، چونکە زۆر زەحمەتە و کاتێکی هێجگار زۆری دەوێت کۆی هەڵەکانی کاک مەلا بەختیار ڕاستکەینەوە. ئەم بەرێزە کەم بابەت ماوە لە فیکری بەشەریدا لە کتێبەکەیدا باسینەکردبێ، لە یۆنانی کۆنەوە بۆ ڕەخنەی کوردی و لە مێژووی فەلسەفەوە بۆ مێژووی ئیسلام، لە کاریگەری سانسکریتییەوە لەسەر زمانی کوردی بۆ هۆکارەکانی لەدایکبوونی فیکری پۆست مۆدێرن، لە ڕۆژئاوا و قوتابخانەی فرانکفۆرت و ئەفلاتونەوە بۆ گۆڤاری گەلاوێژ و پەیوەندی نێوان بونیادگەری و داگیرکەران، لە «جنێودانی!!!» ڕێبینی ئەحمەد هەردییەوە بۆ هەوڵی «نابوتکردنی دەسەڵاتی کوردی» لەلایەن گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانییەوە. من لەم وەڵامەدا تەنها ئەو هەڵانە

ڕاستدەکەمەوە کە پێموایە ڕاستکردنەوەیان گرنگییەکی تایبەتیان بۆ شیکردنەوەی کایە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری ئێمە و گرنگییەکی تایبەتیشیان بۆ فیکر و تیورەی سیاسی لەمرۆکەی کوردستاندا هەیە. لە هەموو بارێکیشدا مەبەستی ئەم کارە ئەوەیە خوێنەری کورد ئەو هەڵانەی کاک بەختیاری بەسەردا تێنەپەڕێت و لەو ڕاستییە تێبگات کە بەڕێزی بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی میتۆدی و بێ هیچ بەرپرسیارییەکی فیکری و بێ هیچ ڕێزدانانێک بۆ لانیکەمی سەرەتاکانی نووسینی زانستی، بەشێکی زۆری لاپەڕەکانی کتێبەکەی ڕەشکردۆتەوە. لە هەموو ئەو دۆخانەشدا بەهیچ جۆرێک خوازیاری ئەوە نیم هێرش ببەمە سەر کەسی کاک بەختیار وەک سیاسییەک، بەپێچەوانەوە کاک مەلا بەختیار یەکێکە لەو سیاسییانەی کورد کە من ڕۆژگارێکی درێژە دەیناسم و لەنزیکەوە دۆستایەتیم لەگەڵیدا هەبووە و خاوەنی خەباتێکی درێژە و لەم ڕووەوە شوێنی ڕێزە. بەڵام ئەم کاک مەلا بەختیارە شتێکە و ئەو کاک مەلا بەختیارەی دیکە شتێکی ترە کە زۆربەی ڕێباز و قوتابخانەی فیکری و فەلسەفییەکانی شێواندوە و بەهەڵە و بەئارەزووی خۆی و چۆنی بە خەیاڵدا هاتووە ئاوا مامەڵەی لەگەڵ مەسەلە فەلسەفی و فیکری و مێژووییە ئاڵۆزەکاندا کردووە. ئەو کاک مەلا بەختیارەی، وەک خۆی دەڵێت، گەنجی بۆ شۆڕش و پێشمەرگایەتی تەرخانکردوە، کەسێکە جیاواز لەو کاک مەلا بەختیارەی دەخوازێت لەیەککاتدا ڕۆڵی پرۆفیسۆرێکی فەلسەفە و پرۆفیسۆرێکی مێژوو و پرۆفیسۆرێکی ڕەخنەی ئەدەبی و پرۆفیسۆرێکی زانستی سیاسی و پرۆفیسۆرێکی فەلسەفەی هاوچەرخ و پرۆفیسۆرێکی فیکری پۆست مۆدێرن و پرۆفیسۆرێکی زماناس و پرۆفیسۆرێکی مێژووی ئیسلام و چەندان پرۆفیسۆری دیکەش، ببینێت. ئەو ئەرکانەی کاک مەلا بەختیار لە کتێبی (دیموکراسیەت لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنیتەدا) خستوونییەتیە سەرشانی خۆی پێویستی بە چەندان زانکۆی ڕۆژئاوایی و چەندان لێزان و چەندان ساڵ لێکۆڵینەوە و کارکردن هەیە بۆ جێبەجێکردنیان. ئەوەندەی من ئاگاداریش بم تا ئێستا کتێبێک نییە، نە بە کوردی و نە بەهیچ زمانێکی دیکە لە دنیادا، بە ئەندازەی ئەم کتێبەی کاک بەختیار لێوانلێوبێت لەو هەموو بابەتە دوور لەیەک و بێپەیوەندی و جیاوازانە کە سەر بە قۆناغ و ڕۆژگاری مێژوویی و کایەی فیکری و مەعریفی جیاجیاجان.

بۆ ئەوەی کاک مەلا بەختیار و خوێنەریش لە مەبەستەکانم بەباشی تێبگەن من هەوڵدەدەم لەم نووسینەدا کاک «مەلا بەختیاری سیاسی» و کاک «مەلابەختیاری

نووسەر» لەیەکدی جیابکەمەوە. بەرامبەر بە یەکەمیان شتێکی ئەوتۆم نییە باسیبکەم، بەڵام بەرامبەر بە دووهەمیان نەک شتم زۆر هەیە بیڵێم، بەڵکو تا ڕادەیەکی دیاریکراو دڵڕەقم. هیوادارم هەم خوێنەر و هەم کاک مەلا بەختیار لەوە دڵنیابن کە ئەم دڵڕەقییە هیچ پەیوەندییەکی بە مەبەست و ویست و ئارەزوویەکی کەسیەتی تایبەتەوە نییە، ئەوەندەی دڵڕەقییەکە لە گەڕاندنەوەی نرخ و ڕێز و بەهاوە بۆ نووسین سەرچاوەی گرتووە و لەو سەرەتا ئەخلاقییەوە دەستپێدەکات کە نابێت گەمە بە عەقڵ و خەیاڵ و تواناکانی خوێنەر بکرێت. لە ڕووی مەعریفییەوە کاک مەلا بەختیار زۆر نابەرپرسیارانە و بێ هەبوونی زانیاری پێویست و بێلێزانی دەستی بۆ چەندەها تیورە و بابەت و تێڕامانی فەلسەفی و زانستی بردوە و زۆر دڵڕەقانەش بەرامبەر بە گۆڤاری ڕەهەند و ڕەنج و کۆشش و هەوڵی نووسەرانی ئەم گۆڤارە حوکمی نەسەلمێندراو و ناڕاست و بێدەربەستی داوە. لە تاوانبارکردنیانەوە بە گواستنەوەیەکی کوتومتی نووسینی ڕۆژئاواییەوە تا تاوانبارکردنیان بەوەی دژ بە نەتەوە و دەسەڵاتی سیاسی کوردی و حیزبە کوردستانییەکانن درێغی نەکردوە و بۆ شکاندنی ئەم نووسەرانەش چی بەخەیاڵدا هاتووە لەو ڕستە تۆمەت و تاوانانەی چەندان ساڵە لە ناوەندی ڕۆشنبیری و سیاسی ئێمەدا ئامادەن، بەکاریهێناوە.

ئەم کتێبە لەسەرزەمینی سیاسەتەوە دەستپێناکات تا لە هەمان سەرزەمیندا کۆتاییبێت، بەڵکو لەسەرزەمینی مەعریفە و کاری میتۆدی و زانستییەوە دەستپێدەکات و هەر لەوێشدا کۆتاییدێت. ئەم وەڵامە خوازیاری ئەوەیە خوێنەری کورد لەو شێوە ترسناک و کوشندەیەی نووسینی سادەگۆ و ئینشاکاری و نامیتۆدی وریاکاتەوە کە ئەمڕۆکە ڕووبەرێکی گەورەی ڕۆشنبیری کوردی داگیرکردوە و بەدەیان قەڵەم بەدەست ڕۆژانە درێژە بە بوون و مانەوە پاراستنی ئەدەن.

## 2

بەپێچەوانەی ئەو ڕاستییە سادەیەوە کە دەڵێت نووسین چێژێکی تایبەت و هەمەلایەن و قووڵی هەیە، نووسینی ئەم کتێبە بۆ من کارێکی ناخۆش بوو، هەندێکجار ئەوەندە ناخۆش بوو لەوەدابوو بوەستم و بەیەکجاری واز لە بیرۆکەی نووسینی بهێنم. ئەوەی لێنەگەڕا دەستی لێهەڵگرم ئەو بەرپرسیارییە فیکرییەیە کە من وەک نووسەرێک بە خوێنەرەکانمەوە و بەو ناوەندە فیکری و کولتووری و ڕۆشنبیرییەوە گرێدەدات کە

کاری تێدادەکەم و لە خەمیدام و خوازیاری دەوڵەمەندبوون و گۆڕان و پێشکەوتنیم. ئەم بەرپرسیارێتییە بەشێوەیەکی بەردەوام ئەو باوەڕەی تێدا زیندوودەکردمەوە کە نووسینی ئەم کتێبە پێویستە و گرنگییەکی تایبەتی بۆ ئەو خوێنەرانە هەیە کە بە بەشێکی زۆری ئەو بابەتانەی لە کتێبەکەی کاک بەختیاردا باسکراون، نەشارەزان یاخود شارەزاییەکی سەرەتاییان هەیە. ناخۆشی نووسینی ئەم کتێبە لەوەدابوو کە زۆرینەی لاپەڕەکانی تەرخانە بۆ ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی کاک بەختیار، ئەم کارەش کارێک نییە هەڵگری تەحەدایەکی فیکری و فەلسەفی و میتۆدی بێت، مەسەلەیەک نییە ناچارتکات بەدوای پرسیار و گۆشەنیگا و ئامراز و چەمک و میتۆدی نوێدا بگەڕێیت، بەپێچەوانەوە ئەم کارە کارێکی میکانیکی و ناخۆشە و دوورە لە ڕۆحی داهێنان و تازەکردنەوەوە.

لەو کاتانەدا کە کتێبەکەی کاک مەلا بەختیارم دەخوێندەوە و تێبینییەکانی خۆمم لەسەر قەراغی لاپەڕەکانی دەنووسی، دێر بە دێر ئاشکرا دەبوو کە من لەبەردەم تێکستێکدا نیم سادەترین پرنسیپی نووسینی زانستی تێدابێت، تێکستێک ناچار بەبیرکردنەوە و تێرامانم بکات، تەحەدای باوەڕەکانم بکات و ناچارمکات شێوازەکانی خوێندنەوەم دەسکاریکەم. بەپێچەوانەوە خوێندنەوەی کتێبەکەی کاک بەختیار ئەو هەستەی تیا دروستدەکردم کە ڕێک لە هەستی ئەو مامۆستایانە دەچێت کە ناچارن کاغەزی تاقیکردنەوەی قوتابیان «تەسحیح» کەن. تەواو وەک چۆن مامۆستا لە کاتی تەسحیحکردنی وەڵامی تاقیکردنەوەی قوتابیاندا بەدوای فیکردا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت داخۆ ئەو قوتابییە سەعی تەواوی کردووە و ئەو بابەتانە دەناسێت کە پرسیاریان دەربارە کراوە، کتێبەکانی خوێندۆتەوە و وەڵامەکانی پەیوەندی بەو بابەتانەوە هەیە کە پرسیاریان دەربارە کراوە، منیش ئاوا بەهەمانشێوە و بەناچاری بەدوای ئەوەدا دەگەڕام داخۆ کاک بەختیار دەزانێت باسی چی دەکات، ئەو کتێب و فەیلەسوفانەی خوێندۆتەوە کە حوکمی قورسیان بەسەردا دەدات و ڕەوانەی مۆزەخانەی مێژوو و ڕۆشنبیریان دەکات، لەخۆیەوە قسەدەکات یاخود قسەکانی پشتئەستوورن بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ڕاستەقینە و زانستی و باوەڕپێکراو. لەکەسی ناشارمەوە ئەم کتێبەی کاک بەختیار لە وەڵامی ئەو قوتابییانە دەچێت کە سەعییان نەکردوە و خواوەکیلی وەڵامی ئەو پرسیارانە دەدەنەوە کە لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا ڕووبەڕوویان دەبنەوە. بەڕێزی لەو کتێبەدا لەکۆمەڵێک بابەتی جیاواز

و هەمەڕەنگ دواوە کە بەهیچجۆرێک پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، ئەو لە ئەفلاتون و زمانی سانسکریتی و ڕەخنەیی کوردی و ئیسلام و مۆدێرنە دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی و گۆڤاری گەلاوێژ و بونیادگەری و فەلسەفە لە ڕۆژهەلات و ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژی لە ڕۆژئاوا و میتۆد و میتۆدی خەوناوی و ڕەخنەی دادایی و سوریالیزم و دیموکراسیەت و ڕابوردوی خۆی وەک پێشمەرگە و ناپاکی نووسەرانی گۆڤاری ڕەهەند و چەندان شتی دیکەش دواوە. لە زۆربەی ئەم بابەتانەشدا نەک سەعی تەواوی نەکردوە، بەڵکو سادەترین زانیاری باوەڕپێکراوی بە خوێنەر نەبەخشیوە و لەخۆیەوە جاڕی مەرگی دەیان فەیلەسوفی گرنگ و چەندان قوتابخانە و ڕێبازی فیکری و میتۆدی لێکۆڵینەوەی زانستی و قوتابخانەی هونەری و ئەدەبی ڕاگەیاندوە و بە ئارەزووی خۆی بەشێکی زۆری فیکری فەلسەفی و کۆمەلایەتی و زانستی هاوچەرخی ڕۆژئاوای ڕەوانەی مۆزەخانە کردوە.

وەک ووتم ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵانە بەشێکی گرنگی مەبەستی ئەم کتێبەیە کە لەبەردەمی خوێنەردایە، بەڵام وەک لەسەرەوەش هێمام پێکرد ئەم ڕاستکردنەوەیە هەموو مەبەستەکان نییە. پێموابوو ئەم کتێبەی کاک بەختیار لەبەر چەند هۆیەکی دیکە دەبێت وەڵام بدرێتەوە، وا لێرەدا گرنگترینیان دەستنیشاندەکەم:

یەکەم: ئەم وەڵامە جۆرێکە لە ڕێزگرتنی تایبەت لەو خوێنەرانەی بە پەرۆشەوە گۆڤاری (ڕەهەند) دەخوێننەوە و باوەڕیان بە پەیامە فیکری و مەعریفی و نوێگەریی و میتۆدییەکەی هەیە، کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا هەوڵێکی زۆری داوە ئەم پەیامە بشێوێنێ و بە ئەنقەست ڕەنجی نووسەرەکانیشی بۆ تازەکردنەوە و فراوانکردنی سنوورەکانی خەیاڵ و عەقڵ و چێژی خوێنەری کورد، بێبایەخبکات. ئەم وەڵامە تازەکردنەوەی ئەو پەیامە مەعریفییەیە و پاراستن و بەهێزترکردن و دەوڵەمەندکردنیەتی لەڕێگای نیشاندنی هەڵە و لاوازی و بێبناغەیی ئەو ڕەخنانەی کاک بەختیار لەم گۆڤارە و نووسەرەکانی دەگرێت.

دووهەم: کتێبەی کاک بەختیار ژمارەیەکی زۆری لێچاپکراوە و بەسەر ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی ڕێکخراوە جیاجیاکانی ناو (یەکێتی نیشتیمانی کوردستان)دا بڵاوکراوەتەوە. ئەمەش لە ڕووی سیاسی و فیکری و مەعریفییەوە ترسناکە، چونکە ئەو بۆچوونانەی لەم کتێبەدا سەبارەت بە کورد و ئیسلام، نەتەوە و حیزب، فیکر و فەلسەفە، مەعریفە و مەنهەج و شتەکانی دیش ئامادەن، بۆچوونی هەڵە و ناڕاست و ترسناکن و بڵاوبوونەوەیان زیانێکی گەورە لە مەسەلەی تێگەیشتنمان بۆ

دیموکراسییەت و کۆمەڵگای مەدەنی و ڕۆشنبیریی و ئایین و مێژوو و نەتەوە و ناسیۆنالیزم و توندوتیژی و فەلسەفە و میتۆد و فیکر بەگشتی، دەگەیەنێت. ئەمەش ڕێک پێچەوانەی ئەو ئەرکانەیە کە دەبێت لەمڕۆدا پێیهەڵسین و جێبەجێیانکەین.

سێهەم: هیوادارم ئەم وەڵامە جۆرێک لە هەستی بەرپرسیاریی و جۆرێک لە ترسی مەعریفی و برێک لە ڕێزدانان بۆ فیکر دروستبکات، بەتایبەتی لای ئەوانەی فیکر بۆ ئینشانووسین، نووسین بۆ سادەگۆیی و ڕەخنە بۆ موهاتەراتی سیاسی کورتدەکەنەوە. کە ئەمە دەڵێم مەبەستم نییە بانگێشەی ئەوەبکەم کەس نەتوانێت بنووسێ و قەڵەمەکان بشکێنرێن و پەڕەکان بسووتێنرێن، بەپێچەوانە مرۆڤ ئازادە لەوەدا چی دەنووسێ و چۆنی دەنووسێ و کەی دەنووسێت. مەبەستی من لە مەسەلەی «ترسی مەعریفی» دروستبوونی ویژدانێکی ڕۆشنبیریی و فیکرییە کە لانیکەمی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی مەعریفی تێدا بێت و نەهێڵێت بە ناوی ئازادی فیکرەوە سووکایەتی بە فیکر و نووسین و داهێنان بکرێت. ئەم کتێبە هیواداره ئەو هەستە لای خوێنەر دروستکات کە نووسین بەبێ شارەزایی لە بابەت و کەرەستەکانی نووسیندا، جۆرێکە لە کوفرکردن و لە جەوهەریشدا گاڵتەکردنە بە عەقڵ و خەیاڵ و چاوەڕوانییەکانی خوێنەر.

چوارەم: هۆیەکی دیکەی نووسینی ئەم کتێبە بیرهێنانەوەی ئەو ڕاستییەیە لەیاداوەری بەشێک لە نوخبەی سیاسی کوردییدا کە ڕۆژگاری تێکەڵکردنی کەسایەتی ڕۆشنبیرێکی لێزان و شارەزا و میتۆدی بە کەسایەتی سەرۆکی حیزب و ئەندامانی سەرکردایەتی و لێپرسراوانی حیزبی بەسەرچووە. کۆکردنەوەی کەسایەتی تیوریست و کەسایەتی سیاسی لە یەک کەسدا، تا ڕادەیەکی زۆر، داهێنراوێکی لینینی و ستالینییە و لە جەوهەردا لەسەر سادەکردنەوەیەکی بێئەندازەی فیکر و مەعریفە و جیهان دەژی. لەمڕۆدا ئەم مۆدێلە لە «تیوریست ـ سیاسی» مردوە و هەموو هەوڵدانێک بۆ زیندوکردنەوەی هەم زیان بە سیاسەت و هەم زیان بە ڕۆشنبیریی دەگەیەنێت. بێگومان ئەم بۆچوونە مانای ئەوە نییە سیاسییەکان نابێت باسی فیکر بکەن و ڕۆشنبیرانیش نابێت باسی سیاسەت بکەن. مەبەستی من لەم بۆچوونە جیاکردنەوەی کایەی کارکردنی هەریەکێک لەم دوو بوونەوەرەیە، تێکەڵنەکردنی کاری سیاسی ڕۆژانەیە بە کاری فیکری، نەبەستنەوەی فیکر و نووسینە بە شوێن و جێی سیاسییەوە، گەڕاندنەوەیە بۆ ئەو پرنسیپە سادانەی کە کاری سیاسی و کاری فیکری بەیەکدی تێکەڵناکەن. ئەو ڕۆژگارە بەسەرچوو کە تۆ مادام ئەندامی سەرکردایەتی فلان

یان فیسار حیزبیت کەواتە ڕاستەوخۆ تیوریست و ڕۆشنبیری ژمارە یەکیشیت. حیزب بۆئەوەی فیکری هەبێت، دەبێت دەزگای زانستی هەبێت، دەبێت ڕۆشنبیر و لێزان و باسکاری تایبەتی هەبێت، دەبێت کەسانێکی هەبێت کە کاری سەرەکییان بەرهەمهێنانی فیکر و تێز و تیورەی تایبەت بێت. سیاسەتکردن لە ڕەهەندە ڕۆژانەییەکەیدا جیاوازە لە بەرهەمهێنانی فیکر و تیوریزەکردنی جیهان، هەر حیزبێکیش ئەو شتانەی نەبوو، هیچ سیاسییەک لە سیاسییەکانی، بە حوکمی سیاسیبوونی، ناتوانێت لە خۆیەوە و بە ئارەزوی خۆی ببێت بە تیوریست. ئەو کێشانەی جیهانی ئەمڕۆ ڕووبەڕوومان دەکاتەوە زۆر لەوە ئاڵۆزترن لەناو کۆمەڵێک گوتراو و دۆگمی ئایدیۆلۆژی گشتی و بۆچوونی ڕۆژانەی سادەدا کورتکرێنەوە، بۆئەوەی بتوانین جیهان لە ئاستی فیکر و تیوردا بەرهەمبهێنینەوە پێویستمان بە تاقیگە و وەرشە و دەزگای فیکری ڕاستەقینە هەیە، پێویستمان بە ڕۆشنبیرانێک هەیە کە کاریان بووبێتە بەرهەمهێنانی فیکر و خوێندنەوە و تیوریزەکردنی جیهان. ئەوەی دەخوازێت جیهانی خۆی بناسێت، دەبێت بچێتە ناو ئەو وەرشەیەوە و لەوێدا کاربکات، لەدەرەوەی ئەو وەرشەیەدا فیکر و تێز و تیورە بەرهەمنایەت.

## 3

بەشێوەیەکی گشتی کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار هێرشە بۆسەر دوو شت:

یەکەمیان: هێرشە بۆسەر ئیسلامی سیاسی، کە بەڕێزی پێیوایە لەهەلومەرجی شەڕی ناوخۆدا گەشەیان کردوە و پێویستە ئەمڕۆکە ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژییان لەگەڵدا بکرێت.

دووهەمیان: هێرشە بۆسەر گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی، کە بە ڕای کاک بەختیار لە غەفڵەتی شەڕی ناوخۆدا فیکری پۆست مۆدێرنیان بۆ کوردستان گواستۆتەوە و لەمڕۆدا مەترسییەکی گەورەن بۆسەر خوێنەری تازەپێگەیشتوی کورد و دەسەڵاتی کوردی و نەتەوەی کوردەوە.

کەواتە کتێبەکەی کاک بەختیار دوو مەبەستی سەرەکی هەیە:

١ـ ئەرکی بەگژاچوونەوەی ئیسلامی سیاسی کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بوونەتە هێزێکی سیاسی بەرچاو و خاوەنی قورساییەکی تایبەت.

٢ـ ئەرکی بەگژاچوونەوەی ئەو چەند رۆشنبیرەی گۆڤاری رەهەند دەردەکەن و لەم دە ساڵەی دواییدا لەدەرەوەی نەخشە فیکرییە سادەکانی کاک بەختیار و بنەما خورافییەکانی بەشێکی گەورەی رۆشنبیریی باو و تەقلیدی کوردیدا، دەنووسن و بیردەکەنەوە.

بەڵام کەسێک تاقەتی خوێندنەوەی کتێبەکەی کاک بەختیاری هەبێت بە ئاسانی ئەو راستییەی بۆ دەردەکەوێت کە بەڕێزی لە جێبەجێکردنی ئەم دوو ئەرکەدا سەرنەکەوتوە و راست دەرەنجامی کارەکەی بەپێچەوانەی ویستی کارەکەیەوە کەوتۆتەوە. ئەمەش لەبەر دوو هۆ:

١ـ کاک بەختیار لەباتی ململانێکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسی و تێزی گروپە ئیسلامییە توندڕەکاندا، راستەوخۆ پەلاماری ئیسلامی داوە و قسە بە ئیسلام وەک ئایین دەڵێت. بەڕێزی ئەو سەرەتا سادەیە نابینێت کە ململانێکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا شتێکە و قسەوتن بە ئیسلام وەک ئایینی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستان، شتێکی دیکەیە. هەڵەیەکی ستراتیژی گەورەیە پێتوابێت ململانێی ئایدیۆلۆژی و سیاسی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بە قسەووتن بە ئیسلام دەستپێدەکات، وایبۆچووبیت کە ئیسلامت یەکسانکرد بە ئایدیۆلۆژیاییەکی داگیرکەر و نووساندت بە ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە، ئیدی سەرکەوتنی ئایدیۆلۆژیت بەدەستهێناوە. شەڕ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا شەڕ نییە لەگەڵ ئیسلامدا، ئەم دوو شەڕە دوو شەڕی جیاوازن و تێکەڵکردنیان لە رووی سیاسییەوە هەڵەیەکی ستراتیژییە و لەرووی مەعریفییەوە ناڕاست و لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوورتییەوە مایەپووچبوونە.

شەڕ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا لەشێوەی سووکایەتیکردن و جنێودانددا بە ئیسلام بەقازانجی ئیسلامی سیاسی دەشکێتەوە. بۆئەوەی ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بکەیت پێشنیارکردنی زەمینەیەکی دیکە بۆ ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژی پێویستە، زەمینەیەک تێیدا سیاسەت لە ئاییندا و خەیاڵی سیاسی لە خەیاڵی ئایینیدا و لۆژیکی سیاسەت لە لۆژیکی ئاییندا نووقمنەکەیت. لەمڕۆی کوردستاندا بەگژاچوونەوەی ئیسلامی سیاسی بەبێ دروستکردنی زەمینیەکی تیوری نوێ بۆ بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و بەبێ بەدیموکراسیکردنێکی سەرتاسەری دەزگا و هێز و پەیوەندییە ناوەکی و دەرەکییەکانی ئەم بزوتنەوەیە دروستنابێت. ئەمڕۆکە ناسیۆنالیزمی کوردی لە زۆر رووەوە و لەچەندان ئاستی

جیاجیادا پارچەپارچەترین ساتەوەختەکانی مێژوویی خۆی دەژی. دروستکردنی زەمینەی سیاسی و تیوری نوێش بۆ ئەم ناسیۆنالیزمە مەحاڵە بەبێ گەڕانەوە بۆ چوارچێوەیەکی دیموکراسی ڕاستەقینە کە ببێتە سەرزەمینی کۆکردنەوەی هێزە سیاسی و کۆمەڵایەتییە جیاجیاکان بەیەکەوە، بە ئیسلامی سیاسی خۆشییەوە و ببێتە هۆکاری تێپەڕاندنی ئەو مۆدێلی میرنشینە حیزبییانەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا دەستبەکارن. لە ئەزموونی ئەمڕۆی کوردستانی عێراقدا بەبێ لێکدی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بەبێ لاوازکردنی کاریزما، بەبێ بەهێزکردنی کۆمەڵگای مەدەنی وەک هێزێکی چاودێریکەر بەسەر چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاری سیاسیدا، بەبێ ئازادکردنی میدیا و نەهێشتنی میلیشیای حیزبی و بەبێ بەشبەشکردنی هەقیقەت لەنێوان زیاد لە دید و بۆچوون و وێناکردنێکداو بەبێ سەندنەوەی ڕەهەندە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی لە حیزب ناتوانین ستراکتورە پیرەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و ئەو کۆمەڵگایە تازەکەینەوە کە لەبەردەم سەدەی بیست و یەکەمدا هێزی وەک جوندول ئیسلام بەرهەمدەهێنێت.

لە ڕووی پراکتیکییەوە ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بە فراوانکردنی پانتاییەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و مافی تەواوی یەکسانبوون و ڕێزگرتنی مافی جیاوازیبوون دەستپێدەکات، تا ئەمانە نەبنە بەهای گشتی و وەک کولتوورێکی سیاسی نوێ نەچەسپێن، تا هێزە باڵادەستەکانی کوردستان مۆدێلێکی بەڕێوەبردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە خەڵکی کوردستان نیشاننەدەن کە لانیکەمی دادپەروەری و ڕێزی یاسا و هیوا و خەون و مژدەی تێدابێت، هەموو شەڕێک لەگەڵ گروهی توندڕەوەی ئایینی و نائایینیدا گەمەیەکی دۆڕاوە. شەڕ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا کە نەبووە شەڕی پێکدادانی دوو مۆدێلی تەواو جیاوازی دەسەڵات و داڕشتنەوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری، ئەوکات قسەوتن بە ئیسلام وەک دین جگە لە کارەسات هیچی دی لێ سەوز نابێت. کاک مەلا بەختیار دەبایە، وەک کۆنە مارکسییەک، بیزانیایە کاری سیاسییەکی ووشیار ئەوە نییە قسە بە ئیسلام بڵێت و واینیشاندات گوایە ئەم دینە «ڕەسەنایەتی!!!» کوردی لەناوبردوە، کاری ئەو ڕەخنەکردنی ئەو واقیعەیە کە لە ڕابووردوی ئایینیدا بەدوای «ڕەسەنایەتی»دا دەگەڕێ، ئەو واقیعەی لەدوای هەموو دەسکەوتە گەورەکانی مۆدێرنەوە بەدوای ڕەسەنایەتییەکدا دەگەڕێت زیاد لە ٢٠٠٠ هەزار ساڵ لەمەوبەر لە فۆرمی ئایینێکدا بەرجەستەبووە. کاک مەلا بەختیار دەبوایە لەباتی قسەوتن بە ئایین قسەی بە واقیعێک بگوتایە کە بێئایین ناژی. ئەمە یەکەمین

وانەی مارکسیزمە لە مەسەلەی پەیوەندی نێوان ئایین و کۆمەڵگادا و کاک بەختیار، کە بە ئاشکرا دەڵێت تا ئێستاش باوەڕی بە دیالێکتیکە، دەبوایە ئەم وانە سادەیەی لەیادنەکردایە.

بەگژاچوونەوەی ئیسلامی سیاسی بەوەنابێت بڵێیت ئیسلام دینێکی داگیرکەرە، کولتووری ئێمەی شێواندوە، ئایدیۆلۆژیا و بیروبۆچوونی داگیرکەرانی بۆ هێناوین. بەگژاچوونەوەی ئیسلامی سیاسی بەوەدەبێت ئیسلامییەکان ناچارکەیت ڕێز لە دەستوری دیموکراسی و پەرلەمان و یەکێتی نەتەوەیی و مافی فرەدەنگی و مافی جیاوازی و ئاڵوگۆڕی دەسەڵات و سەربەخۆیی قەزا و لێکجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بگرن و بیانکەنە بەشێک لە کولتووری سیاسی خۆیان. واتە شەڕکردن لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بەبێ شەڕکردن بۆ دیموکراسییەت مەحاڵە. بەڵام تۆ کە لە واقیعێکدا ژیایت هیچ یەکێک لەم پرنسیپە گرنگانەی تێدانەبوو، واتە نە دەستورێکی دیموکراسی تێدابوو، نە دەسەڵاتەکان لەیەک جیاکرابوونەوە، نە قەزا بەهیچ مانایەک سەربەخۆ بوو، نە یاسا حوکمیکرد، نە ئابووری ئازاد و مۆنۆپۆڵنەکراوبوو، نە کۆمەڵگا چاودێریکەر و بڕیاردەربوو، کاریزما لەباتی دەستگا و عەقڵانیەتی دەستگایی حوکمکەر بوو، ئیدی چۆن و بە چ شێوەیەک ململانێی ئیسلامی سیاسی دەکەیت. نامۆبوونی سیاسی ئێمە لەوەدا نییە کورد بووە بە موسڵمان و ئیسلام ئایینی باڵادەستە و ئیسلامی سیاسی لەمڕۆدا بۆتە هێزکی سیاسی لە کوردستاندا، نامۆبوونی سیاسی ئێمە لەوەدایە دەستورێکی دیموکراسیمان نییە هەمووومان بە کۆمەڵێک ئەرک و مافی گشتی گەمارۆدات، نامۆبوون ئەوەیە یاسا لەسەرووی حیزب و سەرکردە و مەکتەبی سیاسی و خێڵ و خێزان و بنەماڵەوە نییە، لانیکەمی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە دابەشکردنی دەسەڵات و سامان و کار و مزدەکاندا بوونی نییە، چی لەوە نامۆبوونترە لەسەر ئینتیمای سیاسی بە سەدان کەسی خەڵکی سلێمانی بۆ هەولێر و خەڵکی هەولێر بۆ سلێمانی شاربەدەرکرێن. نامۆبوونی کولتووریی ئەوە نییە ئیسلام هاتووە و زەردەشتیەتی لابردوە، دینی «عەرەب» هاتووە و چۆتە شوێنی دینی «کورد»، نامۆبوونی کولتووری لەوەدایە لە سەدەی بیستویەکەمدا بژیت و بەشێکی گەورەی فیکری بەشەری بە نوکی قەڵەمێک ڕەوانەی مۆزەخانەی ڕۆشنبیری کەیت، نامۆبوونی کولتووری ئەوەیە تا ئێستاش لە زانکۆکانتا تیور و فیکر و دیدی سەدەی نۆزدەهەم باڵادەستبێت، لە ناوەندێکی ڕۆشنبیری و فەرهەنگیدا بژی پڕبێت لە خورافەت و جنێودان و تۆمەتکاری و حوکمی نابەجێ و ناڕاست، باسی عەلمانییەت بکەیت و لەپشتی ئیمامە

کۆنەپارێزەکانەوە نوێژبکەیت. ڕەسەنایەتی بریتی نییە لە قسەووتن بە ئیسلام و بانگەشەکردن بۆ کولتورێک کە ئیسکوپروسکی نەماوە، بەڵکو بریتییە لە گەڕاندنەوە بۆ هەموو ئەو پرنسیپە ئینسانییانەی ژیان لە کۆمەڵگایەکدا جوانتر و ئینسانیتر و بەهرەمەندتر دەکەن، ئینسانی ڕەسەن کەسێک نییە خەون بە گەڕاندنەوەی زەردەشتیەتەوە ببینێت، یان قسە و تۆمەت بداتە پاڵ ئیسلام و بەسەرچاوەی هەموو نەهامەتییە کولتوورییەکانی بزانێت، ئینسانی ڕەسەن کەسێکە باوەڕی بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادی خۆی و ئازادی ئەوانیدی هەیە. ئەمەش بەهیچ مانایەک یەکسان نییە بە لابردنی ئیسلام و دانانی زەردەشتیەت یان هەر کولتورێکی «ڕەسەنی!!!» دیکەی زیاد لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر، لە شوێنیدا، وەکچۆن یەکسانیش نییە بە بانگێشەکردن بۆ دەسەلاتێکی ئیسلامی کە لە سەدەی بسیت و یەکەمدا داوای پیادەکردنی شەریعەت بکات و وابزانێت لە سەردەمی ئەبوهورەیرەدا ئەژین.

گەر دەمانەوێت لەبەردەم جیهانی ئەمرۆدا بە ڕاستی ڕەسەنبین، دەبێت لەو ڕاستییە تێبگەین کە ڕەسەنایەتی ئێمە یەکسانە بە ڕەخنەکردنی جیهانبینی ئایینی و ئەو واقیعەش کە پێویستی بەو جیهانبینیە ئایینییەیە بۆ بەخشینی شەرعییەت بەخۆی. بێگومان ڕەخنەگرتن لە ئاین بەگشتی و لە ئیسلام بەتایبەتی، یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیر و هێزە عەلمانییەکانی وڵاتی ئێمەن، بەڵام ئەم ئەرکە بەوە نابینرێت تۆ قسە بە ئیسلام بڵێیت و بە داگیرکەر و نامۆکەر و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی یەکسانیکەیت. کاک بەختیار لە ململانێ ئایدیۆلۆژییەکەیدا لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا بەلای هیچ یەکێک لەو بابە گرنگانەدا نەچووە کە ڕەخنەکردنی جیهانبینی و خەیاڵ و عەقڵانییەتی ئایینی پێویستییەتی، هەموو کتێبەکەی دوو دێڕی زانستی و لەڕووی میتۆدییەوە قابیلی بەرگریلێکردنی لەسەر ئەو مەسەلانە تێدا نییە، گەڕانەوەیەکی سەرەتایی و سادەی بۆ دەسکەوتە گرنگەکانی سۆسیۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا و سایکۆلۆژیای ئایینی تێدا نییە، دوو ڕستە نادۆزینەوە لە فەلسەفەی ئاین و خوداناسییەوە هاتبێت. لەباتی جێبەجێکردنی ئەم کارانە کاک بەختیار ئاسانترین ڕێگای هەڵبژاردوە کە پێویستی بە فیکر و خوێندنەوە و کاری زانستی ومیتۆدی نییە، بەڕێزی لەڕێگای گشتگیرییەکی سەیرەوە ئیسلام بە نامۆکەر و داگیرکەر و توندڕەو ناودەبات و بەم کارەشی پێیوایە ململانێی فیکری کردوە.

لە هەموو ئەمانەش سەیرتر بەڕێزی جیاوازییەکی سادەی لەنێوان «موسڵمان» و «ئیسلامی» لەلایەکەوە و «ئیسلام» و «ئیسلامی سیاسی» لەلایەکی دیکەوە، ناکات، جیاکارییەک لەنێوان ئایین وەک بەشێک لە خەیاڵی میللی و ئایین وەک هێز و ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیدا ناکات، کە هەریەکێک لەم جیاکارییە سادانە هەنگاوی هەرە سەرەتایی هەر ململانێیەکی ئایدیۆلۆژی بە سەمەرن لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا. «موسڵمان» کەسێکە باوەڕی بە خودا هەیە و ئیسلام ئایینێتی، ئەمەش چەندان سەدەیە زۆرەبەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان دەگرێتەوە، لەکاتێکدا «ئیسلامی» کەسێکە لەناو گروهە ئیسلامییەکاندا کاردەکات و ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیای سیاسی ئەو گروهانە بەکاردەهێنێت. ئەگەر ئیسلام وەک دین و موسڵمانبوون وەک ئینتیمای ئایینی، مێژوویەکی درێژیان لە کوردستاندا هەبێت، ئەوا ئیسلامی سیاسی و کەسی «ئیسلامی» مێژوویەکی هێجگار کورتیان هەیە. لێرەوە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانی عەلمانییەت لە کوردستاندا سەندنەوەی ئیسلامە لە «ئیسلامی سیاسیی»، جیاکردنەوە و دابڕینی مێژووی ئیسلام و مێژووی موسڵمانبوونی ئاساییە لە مێژووی کورت و تازەکاری حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان. ئەرکی عەلمانییەکانی کوردستان بریتییە لە بەخشینی ئەرک و ڕۆڵێکی نوێ بە ئاین کە دووریخاتەوە لە داگیرکردنی هەموو ژیان.

من خۆم تا سەر ئێسقان کەسێکی عەلمانیم و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ئاییندا بەینم نییە. ئەوەتەی دەشنووسم ڕستەیەکم نەنووسیوە بە شان و باهوی ئاییندا هەڵدات و بەهیچ مانایەکیش ئایینم وەک چارەسەری هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری قبووڵنییە، لەمەش بترازێت من ئیسلامی سیاسی، بەهەموو باڵەکانییەوە، بە هێزێکی کۆنەپارێزی دۆگمایی دەبینم کە ترس لە مۆدێرنە و ترس لە کرانەوە دروستیکردون، خەیاڵی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەم هێزانە پڕە لە ڕەمز و مانا و حوکمی کۆنەپارێز کە ئینسانی ئێمە نەک ناکەنە بوونەوەرێکی زیندوی ناو جیهانی ئەمڕۆ، بەڵکو لە تونە تاریکەکانی سەدەکانی بەر لە ئێستادا بەندیدەکەن. بەڵام ئەم هەڵوێستە تایبەتە بەرامبەر بە ئایین جیایە لە مەسەلەی ڕێزدانان بۆ ئەوانەی وەک من بیرناکەنەوە و لە دڵەوە باوەڕدارن و ئەم باوەڕەشیان لە کاروکردوە و بۆچوون و هەڵوێستی ژیانی ڕۆژانەیاندا بەرجەستەیە. یەکێک لە بەندە گرنگەکانی بەیاننامەی مافی مرۆڤ دەڵێت ئینسان ئازادە لەوەدا ئایینی هەبێت یان نەیبێت، ئەگەر هێزە ئیسلامییەکان ئەم سەرەتایە ناسەلمێنن و بەکوفر ناونووسیدەکەن، لەبەرامبەریدا

ئەركی عەلمانییەكان ئەوە نییە قسە بە ئاین و باوەڕی ئایینی بڵێن، ئەركی ئەوان بریتییە لە خەباتێكی فیكری و زانستی و ئایدیۆلۆژی بێوەستان و بەردەوام و پشوودرێژ بۆ بەرگریكردن لە مافەكانی مرۆڤ و دیموكراسییەت و مافی جیاوازبوون، تا ئەو ساتەی بە دۆخێك دەگەن كە هێزەكانی ئیسلامی سیاسی بۆئەوەی بژین و بمێننەوە ناچاربن بەندەكانی مافی مرۆڤ و مافی جیاوازبوون و مافی هەبوون و نەبوونی ئاین قبوولكەن. بە مانایەكی دیكە عەلمانی ڕاستەقینە ئەو كەسەیە كە بەرامبەر بە دۆگماییبوون و كۆنەپارێزی و داخرانی ئیسلامی سیاسی بەردەوام نوێكار و كراوە و دیموكراسە.

٢ـ كاك مەلا بەختیار لە هێرشیدا بۆ سەر گۆڤاری ڕەهەند و فیكری نووسەرەكانی ئەم گۆڤارە نەهاتووە بە وردی ئەو نووسینانە بخوێنێتەوە و هەڵیانسەنگێنێ و بنەما فیكری و میتۆدییەكانیان دەستنیشانكات، لەباتی ئەمانە پێشوەخت بڕیاریداوە فیكری ئەو نووسەرانە و ئەوەش لە گۆڤارەكەیاندا بڵاودەبێتەوە بە فیكری «پۆست مۆدێرن» یەكسانكات و ئەو تۆمەتەشیان بداتە پاڵ كە ئەمانە «كوتومت» ئەم فەلسەفەیەیان لە ڕۆژئاواوە كۆپیكردوە و ڕاستەوخۆ هێناویانەتە كوردستانەوە. دوای ئەم هەنگاوە، واتە دوای یەكسانكردنی فیكری ئەم نووسەرانە بە فیكری پۆست مۆدێرن، ئیدی هاتووە و فیكری پۆست مۆدێرنی بە كۆمەڵێك خراپەكاری دەرهەق بە كورد و جیهان و مرۆڤایەتی یەكسانكردوە. ئاشكرایە بۆئەوەی ململانێی مەعریفی و فیكری لەگەڵ هەر نووسەرێكدا بكەیت ئەوە بەسنییە پێشوەخت بڕیاری پۆست مۆدێرنبوونی ئەونووسەرە بدەیت و دوای ئەوە چی خراپە بیدەیتە پاڵ فیكری پۆست مۆدێرن، بەپێچەوانەوە ئەنجامدانی ململانێی فیكریی بەگەڕاندنەوەیەكی بەردەوامدەبێت بۆ نووسین و دەق و بیروبۆچوونی بڵاوكراوە و نووسراوی ئەو نووسەرە. كاك بەختیار لە هەموو كتێبەكەیدا بە سانتیمەتر لە فیكری هیچ یەكێك لە نووسەرەكانی ڕەهەند نزیك نەكەوتۆتەوە، نەگەڕاوەتەوە بۆ نووسینەكانیان و دیالۆگی لەگەڵ هیچ بۆچوونێك لە بۆچوونەكانیاندا نەكردوە، بەڕێزی تەنها سەرنجێكی سەرپێیی لە هەندێك لە «هەڵوێستە»كانی ناو گۆڤاری ڕەهەند داوە كە لە لاپەڕە سەرەتاییەكانی هەر ژمارەیەكدا بڵاودەكرێتەوە، كاك بەختیار ئەم هەڵوێستانەی كردوە بە مەحەكی پۆست مۆدێرن بوون و حوكمەكانی لەوێوە هەڵهێنجاوە. بێگومان ئەم هەڵوێستانە سەرنجی گۆڤارەكە یان بەرپرسیارانی ژمارەكانە لەسەر ئەو ڕووداونەی لەكاتی دەرچوونی گۆڤارەكەدا سەرنجی دەستەی

نووسەرانی ڕاکێشاوە و ڕای گۆڤارەکەیان لەبارەوە نووسیوە. بەشێکی زۆری ئەو ڕووداوانەش ڕووداوەکانی ئەم دە ساڵەی دوایی کوردستانن کە لەزۆر ڕووەوە ڕووداوی کارەساتاوی و نانەتەوەیی و نابەرپرسیاری ناو مێژووی هاوچەرخی ئێمەن، لەپێش هەمووشیانەوە شەڕی ناوخۆ و ئەو گاڵتەجاڕییەی ناوی ئاشتی و پرۆسەی ئاشتبوونەوەی لێنراوە و پایەدارکردنی مۆدێلی میرنشینی حیزبی و ناونای وەک دەسەڵاتی دیموکراسی، بەهەرحاڵ ئەم هەڵوێستانە دەقی فەلسەفی و لێکۆڵینەوەی زانستی و فیکری نین، تا سەر بەم یان بەو فیکری فەلسەفی بن، بەڵکو کۆمەڵێک سەرنجن کە لە دیدێکی ڕەخنەییەوە لەسەر ڕووداوە هەنووکەییەکانی کوردستان نوسراون. لێرەوە پۆست مۆدێرن بوونی گۆڤاری ڕەهەند بەهیچ مانایەک لەو هەڵوێستانەوە هەڵناهێنجرێن و بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش کاک بەختیار دەبوایە بگەڕێتەوە بۆ دەقە فیکرییەکانی ناو گۆڤارەکە خۆی، بەڵام وەک ووتم بەڕێزی ئەم کارەی نەکردوە و نەهاتووە تەماشای فیکری نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند بکات و بڵێت بەپێی ئەم پێوەرانە فلان یان فیسار نووسەری ئەم گۆڤارە پۆست مۆدێرنە. بۆ نموونە ئاراس فەتاح لە فلانە نووسین و لە فلانە بۆچووندا پۆست مۆدێرنە، ڕێبین هەردی لە فلان تێکستدا بابایەکی پۆست مۆدێرنە و بەختیار عەلی و مەریوان وریا و ئەوانیدیش لە فلان و فیسار بۆچوونیاندا پەیڕەوی ئەم فیکرە دەکەن.

## 4

با لە نووسینەکانی خۆمەوە دەستپێبکەم. کاک بەختیار جگە لەوەی کە ووتویەتی ڕەهەند پۆست مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنیش خراپە، هیچی دی لەسەر هیچ یەکێک لەو دەیان بۆچونانە نەووتوە کە من لە چەند ساڵی ڕابووردودا لە چەندان ووتاری ناو گۆڤاری ڕەهەندا نووسیومن. ئەو تەوەرانەی من لەم چەند ساڵەی دواییدا کارم لەسەر کردون جیاوازن، گرنگترینیان دەشێت بەمشێوەیە دەستنیشانکرێن: یەکەم تەوەرەی دەسەڵات، کە تێیدا هەوڵدانی پێشنیارکردنی میتۆدێکی تایبەتم داوە کە بشێت لەڕێگەیەوە شێوازە جیاوازەکانی دەسەڵاتی دیسپلینکار و سزاکار و کاریزما بەیەکەوە گرێدات. تەورەی دووهەم تەوەرەی نەتەوە و ناسیۆنالیزمە، کە گرنگترین تێزەیەک بەرگریم لێکردبێت گرێدانی ناسیۆنالیزمە بە مۆدێرنەوە و کۆچی مۆدێلی دەوڵەتی نەتەوەییە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە. تەوەرەی سێهەمیان تەوەرەی کولتووری

سیاسییە، کە تێیدا بیرۆکەی یەکگرتن و وێکچوون و یەک هەقیقەتی ڕەخنەکراوە. تەوەرەی چوارەمیان تەوەرەی فیکری ڕۆژئاواییە کە تێیدا باس لە چەند فەیلەسوف و بابەتێکی دیاریکراوی ناو فیکری فەلسەفی ڕۆژئاوا کراوە، لەوانە نیتشە و ئیدوارد سەعید و ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن. تەورەی پێنجەمیش ئیسلامی سیاسییە. لەهەر یەکێک لەو وتارانەشدا هەوڵمداوە بەتەنها پشت بە یەک تیورە و یەک میتۆد نەبەستم، بەڵکو لە هەوڵی خوڵقاندنی میتۆدێکی چەند جەمسەریدا بووم کە بشێت بۆ خوێندنەوەی دیاردەکانی جیهانی ئێمە یارمەتیدەربن، ئەم کارانەش نە دوور نە لەنزیک پەیوەندییان بە میتۆد و پێوانەکانی فیکری پۆست مۆدێرنەوە نییە.

بۆ نموونە من ووتومە بیرۆکەی «جیاوازی» لە بیرۆکەی «یەکگرتن» گرنگترە و بەبێ سەلماندنی جیاوازییەکان ناتوانین قسە لەیەکگرتن بکەین، ووتومە هێزی نەتەوەیەک لەوەدا نییە تاقە هێزێک لە هێزەکانی بەناوی هەمووانەوە و لەباتی هەمووان و بۆ هەمووان بدوێت، هێزی نەتەوە لەوەدایە هەموو هێزە جیاوازەکانی توانای قسەکردن و بڕیاردان و کارکردنیان هەبێت، من دەڵێم شەڕی ناوخۆ بەڕادەیەک لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئامادەیە لەوە دەرچووە تەنها کارەکتەرێکی سیاسی هەبێت، بەڵکو بووەتە بەشێک لە پێکهاتی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژی ئەم کۆمەڵگایە و بەشێک لە چاوەڕوانییەکانی ئینسانی ئێمە دەستنیشاندەکات، من دەنووسم شەڕی ناوخۆ شەڕی براکان نییە و لە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانیدا شەڕی چەندهێزێکە لە پرۆسەی جێگۆڕکێیەکی کۆمەڵایەتی تایبەتدان، لەم پرۆسەیەدا شەڕکەرەکان لە «پێشمەرگەکانی دوێنێوە» دەبنە «سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆ»، من ووتومە، لەسەرێکەوە، بەشبەشنەکردنی هەقیقەت و ڕەهاگەریی و لەسەرێکی دیکەوە، داگیکرکردنی حیزب بۆ جومگە گرنگەکانی ژیانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەپشتی زۆربەی کێشە جیاوازەکانی کۆمەڵگای ئێمەوەیە. من دەڵێم ئەنفال بەبێ مۆدێرنە، بەبێ توانا تەکنۆلۆژی و دەزگایی و ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژییەکەی مۆدێرنە، مەحاڵ بوو، ئەمەش مانای بەعس هێزێکی مۆدێرنە بەڵام لە غیابی ڕووکارە گەشەکانی فەلسەفەی سیاسی مۆدێرنەدا کاردەکات، بە مانایەکی دیکە تۆ دەشێت کۆمپیوتەر و تەکنۆلۆژیا و لەشکر و دەزگای مۆدێرنت هەبێت، بەڵام ئەمانە ناتکەنە هێزێکی دیموکراس و ئەگەری بوون بە فاشیەتت لێناسێننەوە، من نووسیومە حیزبی کوردی حیزبێکی «موهەیمن» نییە و بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی خۆی پشتی بە «هەیمەنەی فیکری و ئایدیۆلۆژی» نەبەستووە، بەڵکو پشتی بە میلیشیای سەربازی و مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری و دەستگرتنی تەواوەتی

بەسەر کۆی دەزگا کۆمەڵایەتییەکاندا بەستووە، من دەڵێم ناسیۆنالیزمی کوردی و کۆچ لەپەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان و ئەم دوانەش ڕاستەوخۆ لە مۆدێرنەوە دادەکەون، باس لەوە دەکەم کە ئێمە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بە لۆژیکی بەر لە نەتەوە، بە لۆژیکی ناوچە و میرنشینی حیزبی و خێڵ و کۆی ئینتیما بەرتەسکەکانی بەر لە دروستبوونی نەتەوە، کاردەکەین و لەم ڕووەوە کاری سیاسی ئێمە نەک «ئیجماعی سیاسی» نەتەوەیی دروستناکات، بەڵکو ڕێ لە دروستبوونیشی دەگرێت. من دەڵێم بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ دەقێکی کولتووری نییە، بەڵکو مانیڤێستێکی سیاسییە و بەتەنها هی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو هی هەموو مرۆڤایەتییە. من هەوڵمداوە فیکری بۆردیۆ و گرامشی و فۆکۆ بەیەکەوە گرێدەم و بەهۆیانەوە باس لە کێشەکانی دەسەڵات لەعێراقدا بکەم، لەم هەوڵەشدا میکانیزمەکانی کارکردنی دەسەڵاتم لە عێراقدا بەستۆتەوە بە غیابی چەمکی هەیمەنە و ئامادەگی تەکنیکەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵ و سزا و بەتاڵکردنەوەی کایە کۆمەڵایەتییەکان لەهەر وزەیەک و پەکخستنی لۆژیکی ناوەکی هەریەکێکیان و داهێنانی تاوانی نوێ و بەشانۆییکردنی مەرگ و تۆتالیتاریزمی شوێن. من ئەم هەموو تێزانە و چەندان تێزی دیکەی لەم بابەتەم لە نووسینەکانی ناو ڕەهەندا بڵاوکردۆتەوە و بەرگریم لێکردون، کاک بەختیار نەهاتووە موناقەشەی هیچ تێزێک لەم تێزانە بکات و بڵێت کاکی برا ئەم تێزەت پۆست مۆدێرنە و ئەم بۆچوونەت گواستنەوەی «کوتومتی» بۆچوونی فلانە فەیلەسوفی فەرەنسییە و لە فلان کتێبدا نووسراوە و تۆ لەوێوە گواستوتەوە. کاک مەلا بەختیار بە خوێنەر ناڵێت ئەم تێزانە چ پەیوەندییەکیان بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە هەیە و چی دەیانباتەوە ناو سەرەتاکانی فیکری پۆست مۆدێرن و لەکامیاندا میتۆدی پۆست مۆدێرن پیادەکراوە، ئاخر فیکری پۆست مۆدێرنی فەرەنسی چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە تۆ بیسەلمێنیت لە کوردستاندا «ئیجماعی سیاسی» بوونی نییە و لۆژیکی بەر لە دروستبوونی نەتەوە سەروەرە، چ پەیوەندییەکی بەوەوە هەیە کە ئەنفال بە شێوازێکی تایبەتی دەسەڵاتەوە ببەستیتەوە کە من ناومناوە «دەسەڵاتی جینۆسایدی» و ڕووکارەکانیم بەوردی دەستنیشانکردوە. کاک بەختیار هیچ یەکێک لە کارە سەرەتاییەکانی میتۆدی سەلماندن و پاسادانکردنی شتەکان ئەنجامنادات، کەچی بە نووکی قەڵەمێک هەموو نووسینەکانم کورتدەکاتەوە بۆ گواستنەوەی کوتومتی فیکری پۆست مۆدێرن و بەهەمان دەستوریش فیکری پۆست مۆدێرن کورتدەکاتەوە بۆ ڕستێک خراپەکاری بەرامبەر بە کورد. بۆ نموونە من کە دەڵێم سیفەتی سەرەکی دەسەڵات لە کوردستان بریتییە لە

«بەجەستەییکردنی دەسەڵات» و ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبەستمەوە بە چەند تێزێکەوە دەربارەی کاریزما و سەرکردەی کاریزمییەوە، بەڕێزی نایەت پێمبڵێت و بیسەلمێنێت چۆن و بە چ شێوەیەک ئەم دیدە دیدێکی پۆست مۆدێرنە و لەکوێدا و بە چ شێوەیەک ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە هەیە و بە چ مانایەک ئەم تێزە تێزێکی پۆست مۆدێرنە. دواتر کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن باسی پەیوەندی نێوان دەسەڵات و کاریزمای کردوە و کام تیوریستی پۆست مۆدێرن چەمکی «بە جەستەییکردنی دەسەڵات» ی بەکارهێناوە و پێشنیاریکردوە. وەک دەبینین وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی ئەم دیدە بۆ دیدێکی پۆست مۆدێرنە و چ پەیوەندییەکی بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە هەیە پرسیاری کاک بەختیار نییە، ئەو پێشوەخت بڕیاری پۆست مۆدێرنبوونی فیکری ڕەهەندی داوە و سەلماندنیشی تەنها لە کاریکاتێرترین شێوەدا پێشکەشدەکات. لەمانەش بترازێت هەموو ئەو بابەتانەی من باسمکردون و هەوڵی خوێندنەوەیانم داوە هەرهەموویان بەشێکی گرنگی ئەو کێشانەن کە کۆمەڵگای کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا پێیانەوە گیرۆدەیە. تاقە ووتارێک من لەسەر فیکری پۆست مۆدێرنم نووسیبێت بریتییە لە ووتاری «ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن»، لەم ووتارەدا هەوڵمداوە بەشێکی بچووکی ئەو دیالۆگە فیکرییە نیشاندەم کە ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوادا لەسەر ئەخلاقناسی پۆست مۆدێرن لە ئارادایە، ئەمەش ئەوەندەی ئاشناکردنی ڕۆشنبیریی کوردییە بە بەشێک لە دیالۆگە گرنگەکانی ناو فیکری فەلسەفی ڕۆژئاوا شتێکی دیکە نییە، ئەو ووتارەش لەو ژمارەیەی گۆڤاری ڕەهەندا بڵاوبۆتەوە کە تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر فیکری هاوچەرخی ڕۆژئاوا. جگە لەم ووتارەی منیش ووتارێکی دیکە لە ژمارە یەکی ڕەهەندا لەسەر فیکری پۆست مۆدێرن بڵاوکراوەتەوە، ئەویش دیسانەوە خستنە ڕوویەکی زۆر گشتی هەندێک لە گوتەزایانەیە کە لەم فیکرەدا بەکاردەهێنرێت.

گەر سەرنجێکی خێرای نووسینەکانی کاک بەختیار عەلیش بدەین بۆمان ئاشکرادەبێت کە نە کاری میتۆدی و نە هیچ تێز و تیورە و بۆچوونێکی ئەم نووسەرە ناچێتەوە ناو فیکری پۆست مۆدێرن. کاک بەختیار عەلی لەسەرەتاوە هەوڵی گرنگ و گەورەی داوە ئیش لەسەر پێکهاتی ناوەکی ڕۆشنبیری کوردی بکات، باسەکانی سەرەتای تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو ڕێگرە ناوەکییانەی وادەکات ڕۆشنبیری کوردی ڕۆشنبیرییەکی بەرهەمهێن نەبێت، قسە لەسەر ستراکتوری عەقڵی و

کاریگەری عەقڵیەتی ئایینی دەکات لەسەر بونیادی عەقڵی ڕۆشنبیری، دواتر دەگوازێتەوە بۆ قسەکردن لەسەر قەیرانی ئیرادە و هێنانەقسەی ئەو هۆکارانەی وادەکەن ئیرادەی ئێمە، بەردەوام لەدوای فریادڕەسی غەیبی بگەڕێت. دواتر لە زنجیرەیەک باسی جیاوازدا دەکەوێتە قسەکردن لەسەر کێشەی گۆڕان و زەمەن و ئەو ڕێگایانەی کە ڕابردوو دەیگرێتەبەر بۆ گەڕانەوە، قسەکردن لەسەر توندڕەوی و ڕیشە فیکری و سۆسیۆلۆگیەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا، قسەکردن لەسەر ئەنفال و پەیوەندی بە ستراکتوری دەسەڵاتەوە لە کۆمەڵگای عێراقیدا و هۆکارەکانی هاتنەکایەی ئەنفال بەشێکی دیکەی تەوەرە گرنگەکانی فیکری بەختیار عەلین. وەک دەبینین بەختیار عەلی هەمیشە لەسەر کێشە گەرم و ڕاستەوخۆکانی کۆمەڵگای کوردی کاریکردوە و هەوڵیداوە زەمینەی تیۆری بۆ خوێندنەوەی ئەو دیاردانە خۆشبکات، لەسەر کۆچ قسەی کردبێت یان لەسەر دەسەڵات و مەعریفە، لەسەر شەڕی ناوخۆ دوابێت یاخود لەسەر چەمکی جیاوازی، لەسەر قەیرانەکانی عەقڵ قسەی کردبێت یاخود قەیرانەکانی ئیرادە، لەسەر گوتاری مانەوە یان لەسەر ستراکتورەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، هەمیشە لەناو کێشە گەورەکانی مێژووی ئێمەدا دەستبەکاربووە و لە ئاستی خوێندنەوەی میتۆدیشدا بەردەوام ئازادییەکی تایبەتی بەخۆیداوە کە ناکرێت کورتیکەینەوە بۆ میتۆدێک لە میتۆدەکان. لە ڕاستیدا نە بابەتەکانی کارکردنی بەختیار عەلی و نە میتۆدی کارکردنی ناکرێت بە بابەت و میتۆدی هیچ بیریار و قوتابخانەیەکی فیکری ڕۆژئاوایی بچوێنین، لەم ڕووەوە قسەکانی کاک مەلا بەختیار کەم تا زۆر هیچ پەیوەندییەکیان بە جیهانی نوسینی بەختیار عەلییەوە نییە.

لەمەش بترازێت کاتێک بەختیار عەلی دەڵێت کۆمەڵگای کوردی «کۆمەڵگای پرسەیە» و ڕیشەی ئەم تێزەش بۆ خەیاڵی ئایینی و گواستنەوەی لۆژیکی ئایین بۆناو کایەی سیاسی دەگەڕێنتەوە، کە بەختیار عەلی لەپشتی شەڕی ناوخۆی کوردستانەوە سیستمێکی سیاسی و ئایینی و کولتووری دەبینێت کە لە سەر مەرگدۆستی کاردەکات، کە سەبارەت بە ناسیۆنالیزمی کوردی دوو شێوەی کوردبوون لەیەکدی جیادەکاتەوە و بەمەش پێوەرێک بۆ ناسیۆنالیستبوون پێشنیاردەکات کە لاوازییەکانی ناسیۆنالیزمی کودی پێدەپێوێت، کە باس لە ئەنفال دەکات لە «کایەی سێبەر» و «ترس» و «تەنیاکەوتنی لادێی کوردی» و «کۆتایی ڕۆشنبیرانی لادێ» ئەدوێت، کە باس لە شوناس دەکات تێزی گەڕان بەدوای ڕەگوڕیشەدا ڕەفزدەکات، کاک مەلا بەختیار نایەت

نیشانیدا پۆست مۆدێرن بوونی بەختیار عەلی لە کوێی ئەو نووسینانەدا ئامادەیە و ناتوانێت نیشانماندات پەیوەندی ئەم تێزانە بە پۆست مۆدێرنەوە چییە و چۆن «کوتومت» گواستراونەتەوە و بەڵگەیەک بە خوێنەر نیشانبدات ڕاکانی بسەلمێنێت.

کاک ئاراس فەتاحیش لە نووسینەکانیدا بە هەر فیکر و دید و میتۆدێک کاریکردبێت بە هی فیکری پۆست مۆدێرن کارینەکردوە. کاک ئاراس لە ووتارەکانی (گۆڤاری یەکگرتن) و پاشان لە (گۆڤاری رەهەند)دا لەسەر چەند تەوەرێک کاردەکات، کە دەکرێ لەم چەند خاڵەدا کۆیانبکەینەوە: یەکەم شیکاری سیستەمی بەعسیزم، دووەم ڕاڤەکردنی پێکهاتی گروپ و حیزب و ململانێکانیان لە کۆمەڵگای کوردیدا، سێهەم کێشەی پرۆسەی بەنەتەوەبوون و بەکۆمەڵگابوون. لەکۆی نووسینەکانی کاک ئاراسدا ووروژاندنی کۆمەڵێک کێشەی میتۆدی دەبینین. ئەو پرسیارە میتۆدییەی کاک ئاراس دەیپرسێت ئەوەیە: ئایا ئێمە دەتوانین خوێندنەوەی سۆسیۆلۆژی تایبەتمان بۆ کۆمەڵگاکەمان هەبێت؟ بۆ نموونە، خوێندنەوەی تایبەت سەبارەت بە سیستەمی بەعسیزم، کێشەی پرۆسەی بەنەتەوەبوون و بەکۆمەڵگابوون، کاریگەری مۆدێرنە لەسەر سەرهەڵدانی پێکهاتی کۆمەڵایەتی نوێ لە فۆرمی حیزب و دەزگا و گروپی کۆمەڵایەتی نوێدا، ململانێ نێوان هێزە کۆمەڵایەتییە نوێکانی ناو کۆمەڵگای کوردی و ڕۆڵی ئەم خودە کۆمەڵایەتییانەش لەسەر پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون... وەڵامدانەوە و ڕاڤەکردنی ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاری دی کۆی نووسینەکانی کاک ئاراس بەرجەستەدەکەن. لە لێکۆڵینەوەکانیدا بۆ سیستەمی بەعسیزم لە دەرەوەی ئەو میتۆدە فینۆمینۆلۆژیانەدا کاردەکات، کە تا ئێستاش لای زۆر نووسەر بۆ شیکاری سیستەمی بەعسیزم بەکارهێنراون، بۆ نموونە میتۆدی لێکچوواندنی بەعسیزم بە نازیزم یان فاشیزم. کاک ئاراس دژ بەم لێکچواندنانەیە و تێزی سەرەکی ئەو بریتییە لەوەی کە بەعسیزم سیستەمێکی تۆتالیتاری پۆست کۆلۆنیالی عارەبییە کە دەرئەنجامێکی ڕاستەوخۆی پرۆسەی مۆدێرنەیە لە عێراقدا. بەعسیزم لەم دیدەدا بریتییە لە پرۆسەیەکی ترسناکی بنیاتنانی دەوڵەت و دروستکردنی کۆمەڵگا لە چوارچێوەی ئەو جیهانبینییەی کە ئایدیۆلۆژیای بەعس بۆ تاک و کۆمەڵگا کێشاویەتی؛ بۆیە بەبێ ڕاڤەکردنی کێشەکانی دەوڵەت و نەتەوە لە عێراقدا، بەبێ لێکۆڵینەوە لە بنەما سۆسیۆلۆژییەکەی گروپی بەعس و کۆی ئەو ململانێ سیاسی و کۆمەڵایەتییانەی دوای جەنگی جیهانی دووەم هاتونەتەکایەوە و بەبێ تێگەشتن لە پاشخانە کولتوورییەکەی بەعس، کە پاشخانێکی

عەرەبی ـ ئیسلامییە، ناتوانین لە جەوهەری ئەم سیستەمە بگەین. بە کورتی کاک ئاراس بەعسیزم بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی تۆتالیتێری پۆست کۆلۆنیالی عەرەبی بۆ بنیاتنانی دەوڵەت و نەتەوە لە عێراقدا دەبینێت. ئەم تێزانە بەهەر کەسێک پیشانبدەیت کە کەمەکێک سەر لە کایەی سۆسیۆلۆژیا و زانستە سیاسییەکان دەربکات، دەزانێت کە ئەو زاراوانەی کاک ئاراس کاریان پێدەکات، بە دوور و نزیک پەیوەندییان بە فیکری «پۆست مۆدێرنەوە» نییە. تەنها لێکچوونێک لە نێوان «پۆست مۆدێرنە» و «پۆست کۆلۆنیالیزم» پێشگری «پۆست»ـەکەیە نەک مەنهەجی ئیشکردنەکە.

بوارێکی تر کە کاک ئاراس کاری تێدا دەکات، بریتییە لە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەو هێزە کۆمەڵایەتییانەی کە ڕۆڵی ستراتیژی لە ململانێی سیاسی و پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون و بەنەتەوەبوون لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەگێڕن. لە یەکەم ووتاری گۆڤاری رەهەنددا بە نێوی (نەتەوە و گروپە ستراتیژییەکانی) ئەو سەرەتا سۆسیۆلۆژییەمان بۆ دەستنیشاندەکات، کە ململانێی سەرەکی لە کۆمەڵگای ئێمە لە نێوان «چینەکان»دا نییە، وەکو مارکسییەکان بانگهێشتی بۆ دەکەن، بەڵکو بەڕای ئەو ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای ئێمەدا لە نێوان ئەو گروپانەدا بەرجەستەدەبێت، کە ئەو ناوی «گروپە ستراتیژییەکان»یان لێدەنێت. ئەو ئەم گروپانەش لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەسەر دوو گروپی ستراتیژی دابەشدەکات، یەکەم «گروپی ستراتیژی شار» و دووەمیشیان «گروپی ستراتیژی گوند یان دێ». لێرەوە کاک ئاراس وایدەبینێ کە پرۆسەی بەنەتەوەبوون یاخود پرۆسەی بەکۆمەڵگابوون لە مێژووی ئێمەدا بە هەناوی ململانێی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو گروپەدا تێدەپەڕێت، کە لە هەردوو حیزبی (یەکێتی) و (پارتی)دا بەرجەستەدەبێت و لە پاڵ ئەمانیشدا هەموو ئەو گروپگەلە ستراتیژییانەی تر کە هەمیشە لە پرۆسەی پێکەوەلکان و لێکدابڕاندان لەگەڵ ئەم دوو گروپە ستراتیژییە گەورەیەی ناو کۆمەڵگای کوردیدا. لێرەوە ئەو جەنگی نێوخۆیی کوردستان بە بەشێکی دانەبڕاوی ململانێی ئەم دوو گروپە دادەنێت لەسەر دەسەڵات و سەرمایەی ئابووری و سەرمایەی ڕەمزی. باس لەو ئەگەرە ترسناکانە دەکات کە ئەم پرۆسەیە لەهەناوی خۆیدا هەڵیگرتووە، بۆ نموونە سەرهەڵدانی دەسەڵاتدارێتی لۆکاڵی حیزبی و دابەشبوونی شاقووڵییانەی کۆمەڵگای کوردی لە نێوان «دەسەڵاتدارێتی حیزبی»دا. دیارە ئێمە مەبەستمان خوێندنەوەی نووسینەکانی کاک ئاراس نییە، بەڵام بە پێویستی دەزانم هەندی چەمکی تر ناوبنێم کە ئەو کاری لەسەر کردوون، بۆ نموونە «کۆمەڵگای ناکاو» کە مەبەست لەو فۆرمەی کۆمەڵگایە لە سیستمێکی وەک بەعسیزمدا کە گروپە

کۆمەڵایەتییەکان تێیدا هیچ ئارامییەکی (ئیستیقرار) کۆمەڵایەتییان نامێنێت، یاخود ستراتیژی بەعس بۆ دروستکردنی «کۆمەڵگایەکی بێململانێ» و «گۆڕینی مانای دوژمن لە ڕەگەزەوە بۆ دوژمنی سیاسی» و «مافدامالّین لە تاک» کە ئەو بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەنفالیان دەزانێت. «حکومەتکردن» و «حوکمکردن» مەبەست لە جیاوازی نێوان دوو شێوەی پراکتیزەکردنی دەسەڵاتدارێتییە و ئەو دەسەڵاتدارێتی لۆکالی حیزبی لە ناو چوارچێوەی «حکومکردن»دا بەرجەستەدەکات و تێکشکانی ئەزموونی پەرلەمانی یەکگرتووی کوردی بە تێکشکانی ئەزموونی «حکومەتکردن» دەبینێت. یان زاراوەگەلی وەکو «بە کۆمەڵبوون» و «بەکۆمەڵگابوون» مەبەست لە دوو فۆرمی جیاوازی پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیبوونە، «دەسەڵات» و «دەسەڵاتدارێتی»... هتد. بەگشتی ئەمە ئەو کایە گرنگانەن کە کاک ئاراس لە کۆی نووسینەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوویدا ئیشی تیایاندا کردووە. هەرکەسێک ئاگاداری تیۆر و قوتابخانە سۆسیۆلۆژی و ساسییەکان بێت، دەزانێت ئەم نووسینانە بەهیچ مانایەک بەشێک نین لە میتۆد و فیکری پۆست مۆدێرنیستەکان.

ئەڵبەتە من لێرەدا مەودای ئەوەم نییە یەکە بە یەکە قسە لە سەر فیکری نووسەرەکانی ڕەهەند بکەم، بەڵام نیشاندانی ئەم نموونانە لە نووسینی سێ نووسەری سەرەکی گۆڤارەکە ئەو ڕاستییە نیشانئەدەن کە گۆڤاری ڕەهەند هیچ پەیوەندییەکی بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە نییە. دواتر با وای دابنێین نووسەرێک یان چەند نووسەرێک لە نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە پۆست مۆدێرنن، ئایا بەڕاست فیکری پۆست مۆدێرن بەڵایەکە و خودا بۆ کورد و مرۆڤایەتی ناردبێت، بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە داوا لە خوێنەر دەکەم تەماشای بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە بکات بۆئەوەی بۆی ئاشکرابېێت کە کاک بەختیار نازانێت فیکری پۆست مۆدێرن چی دەڵێ و مەنهەج و تێز و تەوەرە سەرەکییەکانی فیکری ئەو فەیلەسوفانە کامانەن کە بە پۆست مۆدێرن ناودەبرێن.

بەکورتی کاک مەلا بەختیار پێشتر بڕیاری پۆست مۆدێرن بوونی ڕەهەند و نووسەرەکانی داوە و خواش دابەزێت لەم ڕایە پەشیمان نابێتەوە، لای ئەم بەڕێزە نووسەرەکانی ڕەهەند چونکە پۆست مۆدێرنین بۆیە باوەڕیان بە دیموکراسییەت و ڕۆشنگەری نییە و زۆریش دژ بە دەسەڵاتی کوردی و ئایندەی نەتەوەیی میللەتی کوردن و لەمڕووەوە شوێنی مەترسی گەورەن بۆسەر کورد. سەیرە کاک بەختیار دەیەوێت بەم قسانەی وەڵامی ڕەهەند و ئەو تێزانە بداتەوە کە ئەم گۆڤارە لەم چەند

ساڵەی دواییدا خستوویەتییە ناو کایەی سیاسی و کولتووری و مەعریفییەوە لە کوردستاندا و ئەمڕۆکە نەوەیەکی ڕەخنەگری دروستکردوە کە توانای قسەکردن و بیرکردنەوە و نووسینی گرنگیان هەیە. وەک دەبینین هەموو خەباتی ئایدیۆلۆژی کاک بەختیار لەگەڵ نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەندا کورتبۆتەوە بۆ بڕیارێکی پێشوەخت کە بەهیچشێوەیەک توانای سەلماندنی سەرەتاییترین بناغەکانی ڕاستبوونی ئەو بڕیارە نییە. بێگومان ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ فیکردا توانای قەناعەتهێنانی بە یەک خوێنەر نییە کە بۆ حوکمدان داوای بەڵگە و نووسین و نموونە هێنانەوە بکات و بە حوکمی ڕووت و زەوقی شەخسی و ئارەزووی لەپڕ و ناکاوی نووسەر ڕازینەبێت. لێرەوە کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا هەرچیەکی کردبێت ململانێی فیکری و مەعریفی لەگەڵ هیچ نووسەرێکی گۆڤاری ڕەهەند و لەگەڵ هیچ تێزێک لە تێزەکانی ئەم گۆڤارەدا نەکردوە، بەڕێزی کۆمەڵێک تۆمەتی ڕیزکردوە و هیچیدی.

## 5

لە ڕاستیدا کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا نەک ململانێی فیکری نەکردوە و شتەکانی بە قازانجی فیکری خۆی و قازانجی کورد و قازانجی ئایدیۆلۆژیای حیزبەکەیدا نەشکاندۆتەوە، بەڵکو هەموو دەرەنجامەکان پێچەوانەوە کەوتوونەتەوە. بێئەوەی ئاگای لەخۆی بێت، بەڕێزی، کۆمەڵێک حوکمی ڕیزکردوە کە زیان بە سادەترین و بەڵگەنەویسترین گریمانەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی کورد و مێژووی ئەم خەباتە دەگەیەنێت. من لێرەدا چەند نموونەیەکی کەمی ئەو حوکمە کوشندانە بە کاک مەلا بەختیار خۆی و بە خوێنەران نیشاندەدەم، تا نیشانیدەم ئینشانووسی و بێ میتۆدی دەشێت چ زیان و مەترسییەکی فیکری و سیاسی گەورە بخەنەوە:

١ـ کاک بەختیار بەشێوەیەکی سەرسوڕهێن سەرەتای خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ دیموکراسییەت بۆ دوای ڕاپەڕین دەباتەوە. بەباوەڕی بەڕێزی بەر لە ڕاپەڕین خەڵکی کوردستان شتێکیان نەبووە بتوانین ناوی خەباتی دیموکراسیانەی لێبنێین و ئەم خەڵکە چەمکی دیموکراسییەتیان نەناسیوە و لەباشترین دۆخدا وێناکردن و دیدێکی «خۆڕسک» یان بەرامبەر بەم چەمکە و کۆی سیستمی دیموکراسی هەبووە. کاک

بەختیار بێ بیرکردنەوە لە دەرەنجامی قسەکانی دەنوسێت: «یەکێک لە دەسکەوتە هەرە کاریگەرەکانی ڕاپەڕین ئەوەیە، کە چەمکەکانی ئازادی و دیموکراسی، بەڵکە خواستەکانی ئازادی و دیموکراسیشی، لەناو حیزبە سیاسیە بەرهەڵستکارەکانەوە شۆڕکردەوە بۆ ناو بیروڕای گشتی خەڵک. ئیدی خەڵک، دوای ڕزگارکردنی خاک، کەوتنە سەر هەستی خواستە دیموکراسیەکانی چارەنوسی گەلەکەیان و خۆیان. ئەم هەستە سەرەتا هەستێکی خۆڕسکی بوو. پاشان وردە وردە لە هەستێکی خۆڕسکی یەوە گۆڕدرا بە هەڵوێستی سیاسی و ئاراستەی فیکری» (ل ١٣٠). ئەوەی ئەم چەند دێڕەی کاک مەلا بەختیار بخوێنێتەوە واهەستدەکات «خەباتی» دیموکراسی خەڵکی ئێمە و «خواستە» دیموکراسییەکانیان و «خواستیان بۆ ئازادی» لە دوای ڕاپەڕینەوە دەستپێدەکات، کە دەستیشپێدەکات سەرەتا «خۆڕسک» بووە و بەشە «خۆنەڕسکەکەی!!!» لە ناو ڕیزی حیزبەکانەوە بۆ ناو خەڵک دابەزیوە.

با پێشەکی چاو لەو ڕاستییە بپۆشین کە لەدوای ڕاپەڕینەوە حیزبە بەرهەڵستکارەکان ئەوەندەی شەڕی ناوخۆ و کێشەی نادیموکراسی و میکانیزمی ڕێگرتنیان لە لەدایکبوونی سیستمێکی دیموکراسی ڕاستەقینە گرتووە، نیوئەوەندە لە هەوڵی چەسپاندنی سیستمی دیموکراسیدا نەبوون. ئەم خاڵەیان وازلێدێنین و مەرەکەبی زۆری تێدا سەرفناکەین، چونکە خەڵکی سادەی کوردستان ئەو ڕاستییە باشدەزانن ئەوەی لە کوردستاندا هەیە، سیستمی دیموکراسییەت نییە، بەڵکو مۆدێلی میرنشینی حیزبییە و خەیاڵ و عەقڵ و وێناکردنەکانی ئەم مۆدێلە حیزبییە دەیبات بەڕێوە، نەک کولتوور و خەیاڵ و عەقڵیەتێکی دیموکراسییانە. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت جەغدی لێکەم مەسەلەیەکی دیکەیە، مەسەلەی ئەوەی کاک بەختیار خەباتی سیاسی و خواستی ئازادی و دیموکراسییانەی خەڵکی ئێمە بەدرێژایی سەدەی بیستەم کورتدەکاتەوە بۆ خەباتێکی «خۆڕسک !» و ڕووەکارە «ناخۆڕسکەکەی» هەڵدەگرێت بۆدوای ڕاپەڕین و گەڕانەوەی بەڕێزی و هاوڕێکانی لە ئێرانەوە بۆ کوردستان. ئەمەش بێویژدانییەکی گەورەیە بەرامبەر مێژووی خەباتی دیموکراسی میللەتی ئێمە لە سەدەی بیستەمدا و ڕاستوڕەوان دژ بەهەموو فیکری سیاسی ناسیۆنالیزمی کوردی و خەباتی فرەچەشن و دەیان ساڵەی میللەتی ئێمەیە تا سپێدەی ڕاپەڕین.

خەبات بۆ دیموکراسییەت لە کوردستاندا خەباتێکە بەر لە دروستبوونی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دەستپێدەکات و بەری ڕەنج و هەوڵ و تەقەلای سەدان و هەزاران تاکەکەس و گروهـ و خوێندەوار و نەخوێندەواری کۆمەڵگای ئێمەیە لە سەد ساڵی ڕابووردودا. خوێنەری کورد بە خوێندنەوەیەکی سەرپێیی کتێبی (سەردەمی قەڵەم و موراجەعات)ی کاک نەوشیروان مستەفا، ناوی چەندەها تێکۆشەر و خەباتکەری دیموکراسی دەبیستێ و بەچەندان کار و مانۆر و تەکتیکی سیاسیش ئاشانادەبێت کە نەوەکانی بەر لە دروستبوونی حیزبی سیاسی لەکوردستاندا و لەڕێگای خەباتی پەرلەمانییەوە بۆ مەسەلەی کورد و مەسەلەی دیموکراسییەت تێکۆشاون. لەم کتێبەدا ئەو ڕاستییە بۆ هەر خوێنەرێکی سادە ئاشکرادەبێت کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە، نەک لەدوای ڕاپەڕینەوە، چەندەها کەسایەتی ناسراو و نەناسراو، گروهی کۆمەڵایەتی جیاواز و ڕۆشنبیر و خەڵکی سادە خەریکی خەباتی دیموکراسییانەی وشیاربوون و سەردەمانی ڕاپەڕینیش هەڵقەیەکی دیکەیە لە زنجیری بەردەوامی ئەو هێڵە درێژەی خواستی دیموکراسی کە دوێنێ و ئەمڕۆی مێژووی سیاسی میللەتی ئێمە پێکەوە گرێدەدات، نەک سەرەتای ئەم خەباتە بە دابەزینی «ووشیارانەی» خواستی دیموکراسیەت لەناو مەقەڕەکەی کاک مەلا بەختیارەوە بۆ ناو کۆمەڵگای کوردی دوای ڕاپەڕین دەستپێبکات. کاک بەختیار لەو باوەڕەدایە خەڵکی کوردستان نەیزانیوە دیموکراسییەت چییە، هەڵگری ووشیارییەکی خۆڕسک بوون و لە چاوەڕوانی ئەوەدا ژیاون حیزبەکان لە شاخەکانەوە دابەزن و لە شارەکاندا وانەی دیموکراسییەتیان پێبڵێنەوە. بۆ کەسێک کەمەکێک شارەزای تیور و پراکتیکی دیموکراسییەت بێت دەزانێت لەهیچ شوێنێکی دنیادا سیستمی دیموکراسی دیاری حیزب و دەسەڵاتداران نەبووە بۆ کۆمەڵگا، لە شاخەوە دانەبەزیوە بۆ ناو شار، بەپێچەوانەوە دیموکراسیەت سیستمێکە کاتێک دروستدەبێت کە کۆمەڵگا بتوانێت چاوێری دەسەڵاتدارانی بکات، کە سێنتەری جیاواز بۆ بڕیاردانی کۆمەڵایەتی بێتەکایەوە و میکانیزمی تایبەت لەدایکبێت کە نەهێڵێت هەموو دەسەڵاتەکان لە بازنەیەکی بچووکدا کۆبێتەوە. دیموکراسییەت سیستمێکە تێیدا کۆمەڵگا دەسەڵاتداران ناچاردەکات دەسەڵات دابەشکەن، شێوە جیاوازەکانی لەیەکدی جیاکەنەوە، دەسەڵاتداران بە یاسا گەمارۆدرێن نەک دیاری ئەوان بێت بۆ کۆمەڵگا. دیموکراسییەت لە سێنتەرە شارستانییەکاندا لەدایکدەبێت نەک لە شاخەکانەوە بەدیاری بهێنرێت بۆ شارەکان. ئەم دیدە نوخبەگەراییەی کاک بەختیار، کە پێیوایە

دیموكراسییەت و خەباتی دیموكراسییانە لە دوای ڕاپەڕینەوە و لەناو حیزبەكانەوە هاتوەتە خوارێ و دیاری ئەوانە بۆ كۆمەڵگای كوردی، ڕەنج و تەقالای دەیەها ساڵەی مێژووی ئێمە و چەندان نەوەی ئەم مێژووە بێبایەخدەكات. ئەم دیدە نوخبەوییە پێشنیاری ئەوەدەكات كە خەڵكی كوردستان نەیانزانیوە دیموكراسی چییە و چەند بۆچوونێكی خۆڕسكیان هەبووە و چاوەڕوانی كاك مەلا بەختیاریان كردوە فێریانكات دیموكراسییەت چییە و لە خۆڕسكییەوە بۆیانبكات بە ووشیارییەكی ڕاستەقینە. ئەم بۆچوونە نەک تەنها گوناهێكی مێژووییە، بەڵكو گوناهێكی سیاسیی گەورەشە، نەک ناچێتە قاڵبی ململانێی ئایدیۆلۆژی و فیكرییەوە، بەڵكو وێرانكردنی مێژووی ئەو ململانێ فیكرییەیە كە هێزە كۆمەڵایەتییەكانی ئێمە لە گەڵ داگیركەراندا ئەنجامیانداوە، نەک لە قازانجی كورددا نییە، بەڵكو ڕووخانی بنەما سیاسی و فیكرییەكانی ناسیۆنالیزمی كوردییە.

٢ـ كاك بەختیار لە «ڕەخنە!!!» گرتنیدا لە ئیسلام دەیان تۆمەتی نابەجێ و سیفەتی خراپ و ئەدگاری ناشیرین دەخاتە پاڵ ئەم ئایینە. ئەم بەڕێزە ئەوە لەیاددەكات كە بەم قسانەی هەستی ئایینی چەندان ملیۆن كورد لە كوردستاندا بریندار دەكا و ئەم مەسەلەیەش لە ڕووی سیاسییەوە بوركانێک مەترسی لەدواوەیە. وەک وتمان ململانێ لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا جیایە لەگەڵ قسە ووتن بە ئیسلام. ئیسلامی سیاسی وەک هێزێكی سیاسی و حیزبی، جیاوازە لەو ئیسلامە ڕۆژانەییەی كە دایک و باوک و دۆست و هاوڕێ و ناسراو و نەناسراوی هەموومان و بەشێكی زۆری كۆمەڵگای كوردی و شەهیدانی كوردستان باوەڕیان پێیبووە. قسەوتن بە ئیسلام وەک ئایین، شتێكە و ململانێی سیاسی و ئایدیۆلۆژی لەگەڵ ئیسلامی سیاسیدا شتێكی دیكەیە، ڕەخنەگرتنی فەلسەفی و فیكری و زانستی لە ئایین جیایە لە قسەوتن و ئیهانەكردنی باوەڕی ئایینی.

٣ـ كاك بەختیار بێهیچ سەلماندن و پاساودان و بەڵگەیەک و بە نووكی قەڵەمێک جاڕی مەرگی چەندان فەیلەسوف و ڕێبازی فیكری و میتۆدی جیاواز ئەدات. میتۆدەكان لەسەر بنەمای خۆماڵیبوون و خۆماڵینەبوون، خەوناوی و ناخەوناوی و ئەورووپی و نائەورووپی دابەشدەكات. ئەم كارەش لەناوەندێكی ڕۆشنبیریدا ئەنجامئەدات كە لێوانلێوە لە سادەگۆیی و بۆچوونی خورافی و دیدی غەیبانی، لە ناوەندێكدا لانیكەمی

فیکر و پراکتیکی زانستی تێدا نییە و غیابێکی کوشندەی فەلسەفە و میتۆد و تێز و تیورەی جیاجیا بەڕێوەیدەبات. لەم ڕووەوە ئەو دابەشکردنە سەیرەی کاک بەختیار بۆ میتۆدەکان درێژەدانە بەو ستراتیژە نالەبارەی هەمیشە خوێنەری تەمەڵ و بێفیکر و بێپرسیار پەروەردەدەکات، خوێنەرێک کە توانای تێگەیشتنی ئەو جیهانەی نییە کە تێیدا دەژی. ئەمەش خەیاڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مەعریفی تاکەکەس و کۆمەڵگای ئێمە تووشی لاوازییەکی کوشندە دەکات و هەموو توانایەکی ڕاستەقینەی ململانێی سیاسی و فیکری و ئایدیۆلۆژییان لێدەسێنێتەوە. گەر زیاتر پێداگرین و دڵڕەقانەتر بدوێین دەکرێت بڵێین ئەم هەڵوێستەی کاک بەختیار بەردەوامی بەخشینە بەو کۆلۆنیالیزمە فیکری و مەعریفی و خەیاڵییەی کە بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی کۆلۆنیالکردنی کوردستانە.

## 6

پێشئەوەی کۆتایی بەم پێشەکییە بهێنم دەخوازم هێمایەکی خێرا بە بەشێک لەو دەیان تۆمەتە سەیر و بێبناغانە بکەم کە کاک بەختیار خستویەتییە پاڵ گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی. ئەم تۆمەتانە ئەوەندە قورس و سەخت و نالەبارن، کە تاقە لایەنێک بشێت شایستەیان بێت، ناحەزان و دوژمنان و داگیرکەرانی کوردستانن. خوێنەری بەڕێز تکایە سەرنجبدەرە ئەم تۆمەتانەی لای خوارەوە کە کاک مەلا بەختیار بۆ ڕەهەند و نووسەرەکانی ڕەهەندی داتاشیوە و دوای ئەوە خۆت حوکمی خۆت بدە:

١ـ کاک بەختیار دەڵێت ڕەهەند پۆست مۆدێرنەی «کوتومت» گواستۆتە، ئەمەش مانای ئەوەی نووسەرەکانی ڕەهەند دەینووسن فرێ بەسەر توانا عەقڵی و خەیاڵی و مەعریفییەکانی خۆیانەوە نییە، ئەمانە کۆمەڵێک کەسن وەک توتی شتەکانی ڕۆژئاوا دووبارە دەکەنەوە.

٢ـ نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند، بەحوکمی ئەوەی پۆست مۆدێرنین، باوەڕیان بە سیستم و دەسەڵات نییە و پێیان وایە ئەم دووانە باویان نەماوە. (ل ١٤٧). سەرەڕای ئەمە ئەم نووسەرانە هەموو پێشینە و پێشەکییەکی فەلسەفە و فکر و ئەقڵانیەت، تەنانەت مەسەلە میللیەکان و دەسەڵاتی میللیش بە سیستمی دیموکراسیشەوە، ڕەتدەکەنەوە (ل ٧٢). لەمەش بترازێت نەک باوەڕیان بە دیموکراسیەتی کوردی، بەڵکو بە دیموکراسی ڕۆژئاواییش نییە (ل ٩٠).

٣ـ ئەو کارەی ڕەهەند و نووسەرەکانی ڕەهەند دەیکەن ، کارێکی «زۆر ترسناکە لەسەر ڕووبەری خوێندن و خوێنەری تازەپەرۆشی کورد» ( ل ٧٢). نووسەرەکانی ڕەهەند ئەو ئازادییەی لە کوردستاندا هەیە «دەقۆزنەوە و کەموکورییەکان دەردەخەن» و حیزب و دەسەڵات و بیروراکان «بێ بایەخ» دەکەن، بگرە «نابوتی» دەکەن. هەموو ئەمانەش بۆیە دەکەن بۆئەوەی فەلسەفە «فۆتۆکۆپی کراوەکەیان برەو پێبدەن» (ل ٧٣).

٤ـ نووسەرەکانی ڕەهەند خەڵکانی بێئەدەب و جنێوفرۆشن، زمانیان زبرە و بەرامبەر وردوخاش دەکەن، ڕەخنەی ناشایستە دەگرن (ل ١٤٩)، خەڵک نائومێد دەکەن، پەرۆشی بینای چارەنووسی گەلەکەیان نین (ل ١٧٨).

٥ـ نووسەرانی ڕەهەند سەردەمانێک بونیادگەربوون و وەک هەموو بونیادگەرەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە هەوڵیانداوە «وشە و ڕستەو دەق» لە «ژانەکانی کۆمەڵ و کاریگەرییەکانی ژیان و دیاردە و دەرکەوتەکان» دابڕن ( ل ١٥٧ ١٥٨). ئەمە جگە لەوەی ئەم نووسەرانە لەگەڵ داگیرکەراندا کێشەیان نەبووە.

٦ـ نووسەرانی ڕەهەند لاسایی ئەوروپا دەکەنەوە و واقیعی کوردستان لەبەرچاو ناگرن (ل ٥٥). دژی هەموو کادر و لێپرسراوێکی حیزبی و حکومین (ل ٦٢ح ٦٥) (مەبەستی حکومەتی کوردییە)، سووکایەتی بە خەڵک دەکەن (ل ٧٨). دژایەتی بە خەباتی دیموکراسی و شۆڕشگێرانە دەکەن (ل ١٣٧). ژینگەی کوردەواری ئالودەدەکەین بە ژەهری نادیموکراسی (ل ١٤٧).

٧ـ نووسەرەکانی ڕەهەند لانی کەمی ڕێز بۆ تێکۆشان و قوربانیدانی تێکۆشەرانی حیزبەکان دانانێن هیچ نەبێ باشەکانیشیان (ل ٥٣). ڕەچاوی لانیکەمی چاکە و خزمەت و ماندووبونی تێکۆشەرەکانی کورد ناکەن (ل ٥٥). سوکایەتی بە بەهاکانی حیزب و حیزبایەتی دەکەن (ل ٥٤). چارەسەری قەیرانی ئابووری کوردستانیان بەلاوە مەبەست نییە (ل ٩٤) هەوڵی ئەوە ئەدەن هەلومەرجی شەڕی ناوخۆ بقۆزنەوە و خەڵک دژی حیزب و حیزبایەتی هانبدەن.

خوێنەر کە ئەم تۆمەتانەی کاک بەختیار دەخوێنێتەوە سەری لەوە سوڕدەمێنێ داخۆ ئەم بەرێزە ڕووی دەمی لە کۆمەڵێک نووسەری کوردە یان لە کەسێکی وەک عەلی حەسەن مەجید، کە ئەندازیاری بێڕەحمی وێرانکردنی کوردستانە، باس لە ڕێبین هەردی و بەختیار عەلی و ئاراس فەتاح و مەریوان وریا قانیع ئەکات یان قسە لەسەر کەسانی وەک عودەی و قوسەی کوڕی سەدام حسێن دەکات. سەیرە، کاک مەلا بەختیار خۆی ئەو هەموو تۆمەتە ترسناکانە دەداتە پاڵ گۆڤاری ڕەهەند و

نووسەرەکانی، کە دەشێت بۆ زۆربەیان شایانی کوشتن بیت، کەچی ئەو ئەم نووسەرانە تاوانبارەدەکات کە قسەیان زبرە و ڕێزی کەس ناگرن و خەڵک سووکدەکەن. ئەم تۆمەتانەی کاک بەختیار دەیداتە پاڵ کۆمەڵێک نووسەری کورد کە هەوڵ و کۆششێکی بێوچان دەدەن بۆ تازەکردنەوەی ڕۆشنبیری کوردی و نوێکردنەوەی پێکهاتی خەیاڵ و عەقڵ و مەعریفەی خوێنەرانی ئەم ڕۆشنبیرییە، نایانداتە پاڵ ئەوانەی لە کوردستاندا ئەنفالیان کردوە. لەمانەش بترازێت ئایا بەڕاست نووسەرانی ڕەهەند دژ بە کورد و دیموکراسییەت و دەسەڵاتن، ئەوانن شوێنی مەترسین لەسەر خوێنەری کورد، ئەوانن دەسەڵاتی میللی و نەتەوەیی ڕەتدەکەنەوە، ئەوانن خەڵکی کوردستان نائومێددەکەن، ئەوانن دژ بە حکومەتی کوردین و ژەهری نادیموکراسییەت دەڕژێنن؟

هەموو کەسێک لەسەر ئەم ئەستێرە ژیابێ و لەم دەساڵەی دواییدا ڕۆژانە لەهەر قوژبنێکی دنیادا گوێی لە ڕادیۆ گرتبێت دەزانێت ئەوەی لەم دەساڵەی دواییدا لە کوردستاندا شەڕی ناوخۆی بەرپاکردوە و بەڕێوەیبردوە، ئەوەی کۆمەڵگای کوردیی لەبەردەم حیزبدا زەلیلکردوە، ئەوەی بە لۆژیکی ئەمیرە کۆنەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەستیگرتووە بەسەر ئابووری کوردستاندا، ئەوەی مۆدێلی میرنشینی حیزبی سەروەرکردوە و کوردستانی عێراقی لەڕووی پراکتیکییەوە پارچەپارچە و دابەشکردوە، ئەوەی مزگەوتی دروستکردوە و هێزی ئایینی کۆنەپارێزی بەهێزکردوە، ئەوەی بەری بەلەدایکبوونی ڕاگەیاندنێکی نەتەوەیی و لانیکەمی دروستبوونی دەزگا و ووشیاری و سیاسەتی نەتەوەیی گرتووە، ئەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەی لە بازنەی حیزب و سیاسەتی حیزبییانەی بێڕۆح و بەرتەسکدا دیلکردوە، ئەوەی لانیکەمی مژدەی ژیانێکی باشتر و کراوەتر و مافپەروەرتری بە نەوەی نوێ و کەرتە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی کۆمەڵگای کوردی نەداوە، ئەوەی دەسەڵاتی کوردی و لەگەڵیشدا چارەنووسی هەموو کوردی خستۆتە مەترسییەوە. ئەوەی لەم دەساڵەی دواییدا لە پێشمەرگەی سادەوە بۆتە سەرمایەداری گەورە، نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند نین، بەڵکو سیاسییەکانی کوردستانن بە کەسی کاک مەلا بەختیار خۆشیەوە. سەیرە، بۆ سیاسییەکانی کوردستان ڕەوایە کوردستان کورتبکەنەوە بۆ کۆمەڵێک خاڵی گومرک و لە چەندان شەڕ و پێکدادانی خوێناویدا بە سەدان و هەزاران گەنجی کورد بەکوشتبدەن، لەڕووی عەمەلییەوە کۆتایی بەهەموو شێوەکانی خەیاڵ و عەقڵ و دەزگای نەتەوەیی بهێنن و ئەوەی قابیلی پارچەپارچەبوونبێت پارچەپارچەیکەن، چۆنیان بۆلوا

لەگەڵ هێزە ئیقلیمیەکاندا و لەدژی یەکدی هاوپەیمانی ببەستن، کەچی ڕۆشنبیرانی کوردستان بۆیاننەبێت پێیانبڵێن ئەمەی ئێوە دەیکەن سیاسەتی خۆکوژییەکی دەستەجەمعی نانەتەوەیی بەرتەسکە، بۆیان نەبێت لەم وێرانە سیاسییەدا باس لە لاوازی سەرەتاییترین پرنسیپی نەتەوەیی و نیشتیمانی و ئینسانی بکەن، بە سیاسییەکان نەڵێن ئەوەی ئێوە دروستانکردوە باخی دیموکراسییەت نییە، بەڵکو میرنشینی حیزبییە. ئەم لۆژیکەی کاک بەختیار نەک لۆژیکی بنیادنانی سەرزەمینێکی نەتەوەیی و وڵاتێکی ئاسودە و سیاسەتێکی کراوە و مژدەبەخش نییە، بەڵکو سەرزەمینی کوشتنی هەموو هەستێکی نەتەوەیی و نیشتیمانیی و مێژووییە کە چارەنووسی نەتەوەیی ئێمە لەنێو کۆمەڵێک نادڵنیایی گەورە و نادیار و تاریکدا نووقمدەکات. چی لەوە خۆشتردەبوو سیاسییەکانی کورد کوردستانیان بکردایەتە «سویسرای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست» و ڕۆشنبیرانیش لەو سویسرە کوردییەدا سەرقاڵی داهێنانی فیکری بن، بەڵام ئەم بەڕێزانە کە ئەم کارەیان نەکردوە و لە دەساڵی ڕابووردودا کوردستانی عێراقیان لە کێشەی گەورەگەورەدا نووقمکردوە، کاری ڕۆشنبیران ئەوە نییە چەپڵەیان بۆلێدەن و بێدەنگبن لە ڕووداو و کارەساتەکان، بەپێچەوانەوە کاری ڕۆشنبیران لە دۆخێکی لەو بابەتەدا بریتییە لە تورەبوونێکی گەورە و ڕەخنەگرتنێکی بێئامان، هەنگاوی چاککردنەوە و باشترکردنەوەی ئەم جیهانە شێواوە بەناو ئەم هەڵوێستە تایبەتەی ڕۆشنبیراندا تێدەپەڕێت، ئەگەرچی دەسەڵاتی کوردی تا ئەم ساتەی ئێستای ئامادەنییە گوێ لە ڕۆشنبیران و ئەو دید و بۆچوونانە بگرێت کە بەرهەمیدەهێنن.

## 7

ئەم کتێبە لە پێنج بەش پێکهاتووە. لەبەشی یەکەمدا باس لەو بۆچوونانە دەکەین کە کاک بەختیار سەبارەت بە ڕەخنەی کوردی و کێشەکانی ئەم ڕەخنەیە ئاشکرایاندەکات. بەباوەڕی کاک بەختیار کێشەی سەرەکی ڕەخنەی کوردی مەسەلەی درێژی و کورتی دەقە ڕەخنەییەکانە، لای ئەم بەڕێزە ڕەخنەی کوردی ڕەخنەیەکی کورتنەفەسە و نەیتوانیوە وەک ڕەخنەی نەتەوە دراوسێکانی کورد و وەک ڕەخنەی ئەوروپییەکان درێژبێت. بەباوەڕی ئێمە کورتکردنەوەی کێشەی ڕەخنەی کوردی بۆ کورتبوون یان درێژبوونی دەقەکانی خۆ سەرقاڵکردنە بە کێشەیەکی زۆر لاوەکی و

پەراوێزییەوە، ڕەخنەی کوردی بەدەست کۆمەڵێک کێشەی میتۆدی و زانستی و مەعریفییەوە دەناڵێنێت کە پەیوەندییان بە کورتبوون و درێژبوونەوە نییە.

لە بەشی دووهەمی ئەم کتێبەدا باس لە پەیوەندی نێون ئیسلام و کورد و ئیسلام و ناسیۆنالیزم دەکەین. لە خوێندنەوەی ئەم پەیوەندییەدا کاک بەختیار چەندان هەڵەی سەرسوڕهێنەری تیوری و میتۆدی دەکات و بەشێوەیەکی سەیر کێشەکانی ئەمڕۆی ناسیۆنالیزمی کوردی بەسەر مێژووی زیاد لە هەزار ساڵ لەمەوبەردا قلْپدەکاتەوە. یەکێک لە زەقترین ئەو هەڵانەی کاک بەختیار لەم خوێندنەوەیەدا دەیکات ئەو بۆچوونەیە کە هێرش و پەلامارە سەرەتاییەکانی ئیسلام وەک هێرشی ناسیۆنالیستی ناونووسدەکات، لەکاتێکدا لە دورگەی عەرەبی بەر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەردا شتێک نەبووە بکرێت اوی نەتەوە و پێکدادانی نەتەوەیی و خەیاڵ و وێناکردنی ناسیۆنالیستانەی لێبنێین. نەتەوە و ناسیۆنالیزم بەرهەمی سەردەمانی مۆدێرنە و دروستبوونی کۆمەڵگای پیشەسازی و هاتنەکایەی سەرمایەدارین، یەکسانکردنی ئیسلام بە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەڕووی زانستییەوە کوفرێکی مەعریفی گەورەیە.

بەشی سێهەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ باسکردنی ئەو هەڵانەی کاک بەختیار لە دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی فەلسەفە و پەیوەندی فەلسەفی نێوان «ڕۆژهەڵات» و «ڕۆژئاوا»دا دەیانکات. هەروەها تەرخانە بۆ پێاچوونەوە بەکۆی ئەو بۆچوونە ناڕاست و هەڵانەدا کە بەڕێزی سەبارەت بە سەرچاوە و ڕەچەڵەک و بناغەی هەندێک لە فێرگە فەلسەفییە گرنگەکانی سەدەی بیستەم نیشانیداوین. لەم ڕەوتەدا ئەو هەڵە گەورانە ڕاستدەکەینەوە کە کاک بەختیار سەبارەت بە قوتابخانەی فرانکفۆرت و بونیادگەری و فیکری دوای بونیادگەری و پۆست مۆدێرنە تێیانکەوتووە، بەتایبەتی ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئەم فێرگانە کاردانەوەن بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا. خوێنەری ئەم بەشە ئاشنایەتییەکی سەرەتایی و گرنگ لەگەڵ سەرچاوە مەعریفی و کۆمەڵایەتی و میتۆدییەکانی کۆمەڵێک لە قوتابخانە فەلسەفییەکانی سەدەی بیستەمدا پەیدادەکات. بۆ نموونە خوێنەر ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرادەبێت کە ڕەگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەناو قەیرانە گەورەکانی فیکری مارکسیزمدایە لە ساڵەکانی بیست و دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەردا، ڕەگەکانی بونیادگەری لەناو فیکری زمانناسی

نەمساوی فێرناند دێ سۆسێر دایە کە بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم مردووە، ڕەگەکانی فیکری پۆست مۆدێرن لەناو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکانی سێ دەیەی دوایی سەدەی بیستەمدان، نەک کاردانەوەبن بەرووی جەنگی جیهانی دووهەمدا وەک کاک بەختیار بەهەڵە بۆیانچووە.

بەشی چوارەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ لێکدانەوەی هێڵە گشتییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن و نیشاندانی بۆچوون و تێڕوانینەکانی هەندێک لەو فەیلەسوفانەی بە فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن بەناوباگن. لێرەدا باس لە هەندێک لە بۆچوونەکانی لیوتار، زیگمۆند باومان، ڕیچارد ڕۆتی و بۆدلیار دەکەین و نیشانیئەدەین ئەوەی ئەم فەیلسوفانە سەبارەت بە جیهان و فیکر و سیاسەت و دیموکراسییەت دەیڵێن ڕێک پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەن کە کاک بەختیار بە ئارەزوی خۆی و بێ هیچ بەڵگە و سەلماندنێک بۆی دروستکردون، هەروەها بەراوردێکی خێرا لەنێوان هەندێک بۆچوونی فەیلسوفی ئەڵمانی هابرماز و هەندێک بۆچوونی فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکاندا دەکەین. مەبەستی ئەم بەشە ئەوەیە خوێنەر تێبگات کە کاک بەختیار لانیکەمی شارەزایی لە فیکر و فەلسەفەی پۆست مۆدێرن نییە و لەهەموو کتێبەکەیدا دێرێک نادۆزینەوە کە لە فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرنەوە وەرگیرابێت و بە باشی لێکدرابێتەوە.

بەشی پێنجەمی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ ژیان و کارەکانی فەیلسوفی فەرەنسی میشێل فۆکۆ، هێرشی کاک بەختیار بۆ سەر ئەم فەیلەسوفە لە چەند شوێنێکی کتێبەکەیدا دووبارەدەبێتەوە، دوای خوێندنەوەی ئەم بەشە خوێنەر ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرادەبێت کە کاک بەختیار لە سەرەتاترین زانیاریدا دەربارەی ژیان و بیر و ناوەرۆکی کارەکانی ئەم فەیلەسوفە گەورەیەی سەدەی بیستەم هەڵەی کردوە، هەڵەی زۆر گەورەش. کاک بەختیار ڕێک بەپێچەوانەی ئەو شتانەوە کە ئەم فەیلەسوفە باسیکردوە و بەرگریلێکردون شتی بۆ دروستکردوە و چەندەها شتی داوەتە پاڵ ئەم فەیلەسوفە کە فیکری ئەم فەیلەسوفە بەدرێژایی خەت دژیانە. هەروەها لەم بەشەدا باسێکی کورت دەربارەی گرنگی هەندێک لە بۆچوونەکانی ئەم فەیلەسوفە بۆ پتەوکردنی پایەکانی دیموکراسییەت و پتەوکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و بەهێزکردنی پرۆسە دیموکراسییەکان لە کوردستاندا نیشانئەدەین.

8

لە ڕووی قەبارەوە ئەم کتێبە زۆر لەوەی ئێستا لەبەردەستی خوێنەراندایە گەورەتر بوو، بەڵام خۆشحاڵانە کتێبە نایابەکەی کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردی کە بە ناونیشانی (لە بارەی دیموکراسییەوە) لە ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوبووەوە زۆر ئەرک و زەحمەتی لە کۆڵی من کردوە. لەڕاستیدا من چاوەڕوانی ئەوەبووم و لەدڵەوە حەزمدەکرد کتێبەکەی کاک ڕێبین هەموو ئەرکەکان لە کۆڵی من بکاتەوە و ناچارنەبم ئەم کتێبە بنووسم. بەڵام کە کتێبەکەی کاک ڕێبینم خوێندەوە، هەستمکرد بەڕێزی هەندێک لایەنی گرنگی هەڵەکانی کاک بەختیاری فەرامۆشکردوە و گرنگی بە هەندێک لایەنی دیکەیان داوە. کاک ڕێبین زیاتر پێ لەسەر ئیشکالیەتی دیموکراسییەت دادەگرێت و لەو ڕووەوە بەهەندێک هەڵەی تیوری و سیاسی کاک بەختیاردا چۆتەوە کەڕاستکردنەوەیان گرنگییەکی تایبەتیان بۆ تێگەیشتنمان لەدیموکراسییەت و جۆشدانی خەباتی دیموکراسییانە و چۆنیەتی وێناکردنمان بۆ سیستمی دیموکراسی هەیە. من لەم کتێبەدا بەو لایەنانەدا ناچمەوە کە کاک ڕێبین لەکتێبەکەیدا باسیکردون، بەڵکو زیاتر پێ لەسەر هەڵە فیکری و فەلسەفی و میتۆدییەکانی کاک بەختیار دادەگرم، گرنگی بەو لایەنانە دەدەم کە پێموایە لەزۆر ڕووەوە دەربڕی بەشێک لە نەخۆشییە کوشندەکانی ناو ڕۆشنبیری کوردیشە. هیواداریین بەم کارەمان ئەو مەبەستانەمان هێنابێتەدی کە لەم پێشەکییەدا دەستنیشانمانکردن.

ئەمستردام
بەهاری ٢٠٠٢

بەشی یەکەم

# ڕەخنەی کورت،

# ڕەخنەی درێژ

## هەڵاتن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پرسیارە گرنگەکان

«گرنگترین شتێک لە ژیاندا بریتییە لە هەڵبژاردنی ئەو کارەی خۆتی پێوەخەریک دەکەیت»

بلیس باسکاڵ

## 1 ـ سەرەتا

هەمووان دەزانین کاک مەلا بەختیار ڕەخنەگری ئەدەبی نییە و پەیوەندی بە ئەدەب و هونەر و داهێنانەوە پەیوەندییەکی لاوازە، ئەوەشی لەم ڕووەوە نووسیویەتی ناچێتە خانەی زانستی ڕەخنەوە، کە زانستێکی تایبەتە و جیاوازە لە دەربڕینی کۆمەڵێک سەرنجی تایبەتی، زۆرجار سیاسی، لەسەر تێکستێک یان نووسەرێک یان قوتابخانەیەکی ئەدەبی. کاک بەختیار تا ئێستا دوو ووتاری زانستی نییە لەسەر ئەدەب و هونەر و مێژووی قوتابخانە ئەدەبی و هونەرییەکان، بەڕێزی ڕۆژێک لە ڕۆژان بە شێوەیەکی زانستی خۆی بە مێژووی ئەدەب و ڕەخنەوە، چ لە کوردستان و چ لەدەرەوەی کوردستاندا، سەرقاڵنەکردوە، ئەو کۆمەڵە نووسینە کەمەش کە هەیەتی هەڵگری بەهایەکی زانستی و میتۆدی نین کە بشێت بە بەڕێزی شووناسی ڕەخنەگرێکی ئەدەبی ببەخشێت. کەچی هەموو ئەم نووقسانیانە وای لێنەکردوە مافی ئەوە بەخۆی نەدات حوکمی هێجگار سەیر و دوور لە ڕاستی و بەهیچشێوەیەک نەسەلمێندراو لەسەر ڕەخنەی ئەدەبی و فێرگە جیاوازەکانی ئەم ڕەخنەیە لە کوردستاندا نەداو و کەموکوڕییەکانیان دەستنیشاننەکات. ئەم بەشەی نووسینەکەمان تەرخانە بۆ پێداچوونەوە بەو تێڕوانینە ناڕاستانەدا کە بەڕێزی سەبارەت بە ڕەخنەی ئەدەبی و فێرگەکانی ئەم ڕەخنەیە لە کوردستاندا دەریبڕیون.

## 2 ـ پرسیاری لاوەکی و کێشەی پە راوێزیی

سەرەتای کتێبەکەی کاک بەختیار بە دەربڕینی چەند سەرنجێک لەسەر ڕەخنەی کوردی و کەموکوڕییەکانی ئەم ڕەخنەیە دەستپێدەکات. بەڕێزی باس لەوە دەکات چۆن لەمێژە هەستی بە کەموکوڕی ئەم ڕەخنەیە کردوە و چۆن هەم کتێبی (دیموکراسیەت لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا) و هەم ئەو چەند هەوڵەی تریش کە پێشتر داونی بە ئاقاری پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕییانەدا دەڕۆن و بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەم کێشانە نووسیونی. باگوێ لە کاک بەختیار بگرین و بزانین چۆن چیرۆکی پەیوەندی خۆی و ڕەخنەی کوردی و کەموکوڕییەکانی ئەم ڕەخنەیەمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەڕێزی دەنوسێت: «لە سەرەتاشەوە کە بڕیاری نوسینی ڕەخنەم دا، حەزم نەدەکرد لاسایی هەندێک لە ڕەخنەگرەکانی لەمەوبەربکەمەوە لە نوسینی کورتە ڕەخنە

و لێکۆڵینەوەی کورتی ڕەخنەیی و ڕەخنەی ڕاگوزەر، چونکە هەر ئەوکات ١٩٨٧هەستم بە هەناسە کورتی ڕەخنەی کوردی و پشوو درێژی ڕەخنەی عەرەب و فارس کردبوو. بیستبووشم کە لە زمانە خۆرئاواییەکاندا لە مێژە ڕەخنە و لێکۆڵینەوەی درێژ دەنووسرێ» (مەلا بەختیار، ل ٥). دوای ئەم چەند دێڕە کاک بەختیار لەسەر هەمان نەزم بەردەوام دەبێ و دەڵێت «کورد هێشتا بەزۆری هەر خەریکی کورتە باس و باسی ڕەخنەیی کورتە. ئەمە لە کاتێکدا کورتە باس لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا، دوای ماوەیەک مەگەر لێکۆڵەرەوە و ئەوانەی خەریکی ئەرشیفن، ئاوڕێکیان لێبدەنەوە، دەنا دوای دەهەیەک نەوەی نوێ هەر ناشزانن دەهەیەک پێشتر چی گوتراوە. بەڵام بۆ کتێب وانیە. کتێب زۆرتر لەبەرچاوە. زیاتر پەنای بۆ دەبرێتەوە. جگە لەوانەی مەبەستیانە، بەشێوەیەکی گشتی خوێنەر دەچێتەوە سەری.» (هـ. س. پ ل ٦).

لەم دوو پەرەگرافەوە دەشێت دوو دەرنجام وەدەستبێنین:

یەکەم: کاک بەختیار کێشەی سەرەکی ڕەخنەی کوردی لە «کورتبوون» و «ڕاگوزاربوونی» ئەم ڕەخنەیەدا دەبینێت، بۆیە بە مەبەستی پڕکردنەوەی ئەم کەموکوڕییە لە ساڵی (١٩٨٧)وە دەستی داوەتە قەڵەم و بڕیاری داوە ڕەخنەی درێژ بنووسێت. ئەم کتێبەشی هەوڵدانێکە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کەموکوڕییە سەرەکییە.

دووهەم: کتێب بەرچاوترە و دەمێنێتەوە و ووتاری ڕەخنەیی کورت نامێنێتەوە و لەبیردەچێتەوە.

بە مانایەکی دیکە یەکێک لە پاڵنەرە سەرەکییەکانی کاک بەختیار بۆ نووسینی کتێبی (دیموکراسیەت لە نێوان مۆدێرنیتە و پۆست مۆدێرنیتەدا) ئەوەیە کە کورد ڕەخنەی درێژی نەبووە و عەرەب و فارس هەیانبووە و «بیستوویشێتی!» لە ئەورووپا ڕەخنەی درێژ دەنووسرێت. بەڕێزی کە ئەم «ڕاستییە» گرنگەی بۆدەردەکەوێت، خەم دایدەگرێ و بەخۆی گوتووە ئەمە مەعقول نییە، هەموو دنیا ڕەخەنەی درێژ دەنووسێت، بەڵام ئێمە هەر ڕەخنەی کورت دەنووسین، ئیتر هەر لە ساڵی ١٩٨٧ قۆڵی لێهەڵماڵیوە و لەپاڵ کارە سیاسیەکانیدا بە فریای ڕەخنەی کوردیش کەوتووە و بەرەنگاری ئەم کەموکوڕییە «زۆر گرنگ و گەورەیە!» بۆتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا ڕەخنەیەکی «درێژی» لەسەر محەمەد موکری چیرۆکنووس نووسیوە و لەم کتێبەشیدا ڕەخنەیەکی لەوە درێژتری لەسەر ڕێبینی ئەحمەد هەردی و گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی

نووسیوە.

بێگومان ئەم حوکمەی کاک بەختیار لەم ئاستە سادەیەشدا، واتە ئاستی دەستنیشانکردنی کورتی و درێژی دەقە ڕەخنەییەکان، ناڕاستە. یەکێک زانیارییەکی سەرپێیی دەربارەی کێشەکانی ڕەخنەی کوردی هەبێت، دەزانێت ئەم حوکمە هەڵەیە. لە مێژووی ڕەخنەی کوردیدا چەندان کتێبی درێژ هەن، لە کتێبی (ڕەخنە و ئەدەبیاتی کوردی) ڕەفیق حیلمی یەوە بیگرە کە چەند بەرگێکە، بۆ کتێبی (مێژووی ئەدەبی کوردی) عەلادین سوجادی و کتێبەکانی عیزەدین مستەفا و ئەوانی کەمالی میراودەلی و سەباحی غالیب و عەتا قەرەداغی و زۆرانی دیکە. بەڵام ئەمە جەوهەری مەسەلەکان نییە، ڕەخنەی کوردی دەرگیری کێشەی کورتی و درێژی تێکستەکانی نییە، بەڵکو دەرگیری کۆمەڵێک کێشەی دیکەیە کە لەلاپەڕەکانی داهاتوودا بە کورتی لەهەندێکیان ئەدوێین.

نیشاندانی کێشەکانی ڕەخنەی کوردی لە ڕاگوزەری و کورتنووسیدا، بێدەنگبوونە لە کێشە ڕاستەقینەکانی ئەم ڕەخنەیە، چاونووقاندنە لەو قەیرانانەی ئەم ڕەخنەیە سالانێکی درێژە بە دەستییەوە دەناڵێنێت و لە ئێستاشدا هەوڵێکی ئەوتۆ لە ئارادا نییە بۆ دەربازبوون لێییان. کێشەی سەرەکی کاک بەختیار ئەوە نییە پێمانبڵێت ڕەخنە چییە و ئەرکە سەرەکییەکانی چین؟ داخۆ مەنهەجییە یان نا، هەوڵی ئاشکراکردنە و دۆزینەوەی جیهانە نادیار و قووڵەکانی ناو تێکست ئەدات یاخود لە ئاستی دەرەکی دەقەکان و گێژاوی بیروبۆچوونی ئاشکرای نووسەرەکەیدا گیردەخوات؟ ئەو ناپرسێت ئایا ئەم ڕەخنەیە ئاگادار و موتوربەکراوە بە دەسکەوتی گەورەی ناو کایە زانستی و فیکری و فەلسەفییەکان یان هەر دۆگمە ئایدیۆلۆژییە سادەکان دووبارەدەکاتەوە؟ ژیانی لەسەر تازەکردنەوەی خۆی و دەزگا چەمکییەکانی بەندە، یاخود دروشم و موهاتەراتی سیاسی کوشتوویەتی؟ کێشەی بەڕێزی ئەوە نییە ئایا ڕەخنەی کوردی ڕەخنەیەکی مەنهەجییە یان نا، بوختان و درۆکردنە یان خوێندنەوە ڕاڤەکردن، لە ئایدیۆلۆژیای سیاسییدا نووقمە یان زانستی ڕەخنەیە، خوێندنەوەی حیزبی و سیاسی تەسکبینە یان ڕۆچوون و توێکاری دەقە بە کەرەستە و ئامرازەکانی ڕەخنە خۆی؟ ئەمانە و چەندان پرسیاری دیکەی لەم باباتە پرسیاری کاک بەختیار نین و بەلایەوە گرنگ نین، ئەوەی بەلای بەڕێزییەوە شایانی باسکردنە ئەوەیە ئایا ئەم ڕەخنەیە کورتە یان درێژ، لە فۆرمی وتاردا نووسراوە یان کتێب. سەیرە، هەموو ئەم پرسیارە گرنگانە هیچییان نەبوونەتە بزوێنەری کاک بەختیار بۆ نووسینی ڕەخنە و پرسیاری لەلا

دروستنەکردون، ئەوەی ئەوی جولاندووە، ئەوەیە «بیستوویێتی !!!» لە ئەوروپا ڕەخنەی درێژ هەیە، عەرەب و فارس ڕەخنەی درێژ دەنووسن، لەبەر ئەوە پێی باشتربووە ڕەخنەی درێژ بنووسێت و بەمکارەشی ڕەخنەی کوردی لە قەیرانەکانی ڕزگارکات. وەک ئاشکرایە ئەم بۆچوونەی کاک بەختیار دەربارەی کەموکورتییەکانی ڕەخنەی کوردی لە ڕاستیدا زیادکردن و قووڵکردنەوە و قەبەکردنی زیاتری ئەم کەموکورییانەیە نەک چارەسەرکردنیان، دروستکردنی کێشەی هەڵە و ناڕاست و پەراوێزییە نەک دەستنیشانکردن و خوێندنەوە و بەرەنگاربوونەوەی کێشە ڕاستەقینەکانی ڕەخنەی کوردی.

خاڵی دووەمی کاک بەختیار ئەوەیە گوایە «کتێب» دەمێنێتەوە و «وتار» لەبیردەچێتەوە. بۆیە بۆ ئەوەی ئەو شتەی دەینوسێت لە بیرنەچێتەوە و بمێنێتەوە بڕیاری داوە کتێبێکی ئەستوور بنووسێت. ئاشکرایە ئەم خاڵەش هەر گیرۆدەبوونێکی تەواوەتی بە فۆرم و شتە لاوەکی و پەراوێزییەکانی نوسینەوە ئاشکرادەکات کە پەیوەندییان بە پرۆسە و جەوهەری نووسینەوە نییە. مانەوە و نەمانەوەی تێکست و بەرهەمی فیکری و ڕۆشنبیری و هونەریی پەیوەندییان بەو «سیاسەتی یاداوەرییەوە» هەیە نەک داخۆ تۆ ئەو بەرهەمانەت چۆن نووسیوە، لە فۆرمی کتێبدا یان وتار. لە هەناوی هەر ڕۆشنبیرییەکیشدا سیاسەت یان چاند سیاسەتێکی تایبەتی بیرهاتنەوە و یادچوونەوە هەیە، هەر ڕۆشنبیرییەک کۆمەڵێک تێکست بەردەوام وەبیردەهێنێتەوە کۆمەڵێک تێکستیش لەیاددەکات، هەندێک نووسەر سەروەر و هەندێکیان ووندەکات، جێبەجێکردنی ئەم مەسەلانەش وابەستەی ئەو کێشە و قەیران و پرسیارانەیە کە ڕۆشنبیرییەک لە ساتەوەختێکی تایبەتدا دروستیاندەکات و ڕووبەڕوویان دەبێتەوە.

لەمەش بترازێت کۆی ئەم بۆچوونەی کاک بەختیار لەسەر هەڵەیەکی گەورە بونیادنراوە، هەڵەی ئەوەی پێتوابێت ئەوەی دەژی و دەمرێت کتێبەکان یان وتارەکان خۆیانن، وەک کتێب و وتار، نەوەک ئەو بۆچوون و ناوەڕۆک و خەزێنە فیکری و داهێنانانەی لەناویاندان. مانەوەو مردنی بەرهەم لەدوور و نزیکەوە وابەستەی ئەوە نییە بە کتێب دەینوسیت یان بەوتار، کورتە یان درێژ، هەندێکجار بڵاویشکراوەتەوە یان نا، بەڵکو پەیوەندی بەو وزەی داهێنان و کارکردن و نوێگەرییەوە هەیە کە تیایاندایە، ئەوەی کە دەژی خودی کتێبەکە نییە، بەڵکو مانا و فیکرە و دەلالەتەکانن، زۆری و درێژی لاپەڕەکان نین، بەڵکو قووڵی و و هەمەلایەنی و تیژبینی بیرۆکەکانی

ناوین. لێرەوە دەکرێت کتێبێک بنووسیت دەهەزار لاپەڕەبێت، بەلام بە ناوەڕۆک بەتاڵ بێت و هیچی هەڵنەگرتبێت و بەمردوویی لەدایکبووبێت، دەشکرێت وتارێک بنووسیت لە ڕێگایەوە دنیایەک ڕاستی بدۆزیتەوە و سەرزەمینێک جوانی نیشاندەیت و دەیان پرسیاربکەیت کە پێشتر نەکرابن، هەموو ئەمانەش وابکەن ڕۆژگارێکی درێژ بێمێتەوە و باسبکرێت و جار داوی جار و سەرلەنوێ بخوێندرێتەوە. یەکێک لە زماناسە هەرە گرنگەکانی مێژوو، کەدواجار کاریگەری گەورەی لەسەر بەشێکی هەرەزۆری فیکری فەلسەفی و کۆمەلایەتی و ئەدەبی سەدەی بیستەم بەجێهێشت، مەبەستم فێرناند دۆسۆسێرە، لەژیانیدا کتێبێکی نەنووسیوە و تەنها خاوەنی کۆمەڵێک وانەبووە لە زانکۆ. بۆ ناسینی فیکری ئەم پیاوە دوای مردنی پارچە کاغەز و دەسنووس و تێبینیەکانی خۆی و دەفتەر و کاغەز و تێبینی قوتابییەکانی کۆدەکرێنەوە بەچاپدەگەیەنرێن. فەیلەسوفی یۆنانی بەناوبانگ (سوکرات) لە هەموو ژیانیدا نەک کتێبێک، بەڵکو تاقە وتارێکیشی نەنووسیوە و تا ئەمڕۆش یەکێکە لە فەیلەسوفە گەورەکانی دنیا، سۆفیستەکان، کە ئەمڕۆ لە هەمووکات زیاتر کاریگەریان لەسەر فیکری هاوچەرخ هەیە، تاڕادەیەکی زۆر بێکتێب بوون و بەشی زۆری ژیانیان بۆ وتاردان و دەمەتەقێی زارەکی تەرخانکردبوو. بە هەزاران کتێبی نووسراویش هەن ئەمڕۆکە لەهیچ کۆڕ و کۆمەڵێکی فیکری و زانستی و سیاسی و ئەدەبیدا ناویان نەماوە.

وەک دەبینین هەر لەسەرەتاوە ئەم تێڕوانینە هەلانە بۆ نووسین و ڕەخنە و فیکر ئەوە ئاشکرا دەکەن کە کاک بەختیار نەیویستوە و نەیتوانیوە لە کێشە ڕاستەقینەکانی فیکر و ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی نزیککەوێتەوە، بەڵکو نییەتی هێناوە بە هەر نرخێک بووە کتێبی درێژ بنوسێت. بۆیە نووسینی کتێبێکی درێژ خۆی بۆتە مەبەست، نەک بە درێژیی و تێرو تەسەلی و میتۆدییانە لەسەر بابەتەکان قسەبکات، لێرەوە، درێژ نووسین و کۆکردنەوەی لە فۆرمی کتێبدا خۆی بۆتە ئامانج. ئەمەش وایکردووە کتێبەکە بە مەبەستی درێژکردنەوە پڕبێت لە بابەتی جیاجیا کە دوور و نزیک پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، پڕبێت لە تێکەڵکردنی دەیان تەوەرەی جیاواز بەیەکدی، لێشاوێکی درێژبێت لەقسەی ڕۆژانەی نەسەلمێنراو لەسەر فیکر و ئەدەب و ڕەخنە و بزاوتە فەلسەفییەکانی دونیا، کۆمەڵێک ویست و تەماحی فیکری بێت کە لە سەرزەمینی سایکۆلۆژیای نووسەرەکەیانەوە بەرەوە سەرزەمینی فیکر نەپەڕیبنەوە (لە بەشەکانی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەدرێژی لەم مەسەلانە دەدوێین).

## 3 ـ کورد و فێرگە ڕەخنەییەکان

نەشارەزایی کاک مەلا بەختیار لەوەی کە ڕەخنە چییە و قوتابخانەکانی کامانەن و بنەما فیکری و فەلسەفی و میتۆدییەکانی هەر قوتابخانەیەکی ڕەخنەیی چین، وایلێدەکات حوکمی سەیر و سەمەرە بدات. ئەم بەڕێزە هەر لەسەرەتای کتێبەکەیدا دەڵێت کورد هەموو جۆرە ڕەخنەکانی هەبووە و فێرگە ڕەخنەییەکان هەموویان لە کوردستاندا ئامادەن. بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەش بەڕێزی دەربارەی بارودۆخی ڕەخنەی کوردی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەنوسێت: «لەو سێ چارەکە سەدەیەشدا، جۆرەها فێرگەی ڕەخنەیی تاقی کراونەتەوە، ڕەخنە تێکەڵاوی چەندین فەلسەفە کراوە؛ ڕەخنەی ڕۆمانسی دەبینین، ڕەخنەسازی واقیعگەرایی دەبینین، دوای ئەمە، ڕەخنەی ڕیالیزمی سۆسیالیزمی پەیڕەوکراوە. هەتا بەرە بەرە ڕەخنە زیاتر بەستراوەتەوە بە فەلسەفەکانیش: مارکسیزم، فرۆیدیەت، وجودیەت، نەهلستیەت و ڕەخنەی لاهوتیەتیش. (...) لەم دەهەیەی دوایشدا، ڕەخنەی بونیادگەر و دوای نوێگەریش هێنراونەتە ئاراوە. وردە ڕەخنەی سوریالیزم و دادایزمیش هەبوون». (مەلا بەختیار، ل٣)

کاک بەختیار کە بوونی ئەم هەموو «فێرگە» ڕەخنەییانە گریماندەکات ئەزیەتی ئەوە ناکێشێت بە نموونەیەک تەنها یەکێکیان بسەلمێنێت یان لانیکەم پێناسێکی «فێرگەی ڕەخنەییمان بۆ بکات بۆئەوەی بزانین باسی چی دەکات و لە کام بابەت و چ مەسەلەیەک ئەدوێت. بەڕێزی هەوڵی ئەوە نادات بۆ هەریەکێک لەو فێرگە ڕەخنەییانەی لە کوردستاندا گریمانیان دەکات تەنها ناوێکمان پێبڵێت، ناوی نووسەرێکمان پێبڵێت «ڕەخنەی سوریالیست!!» ی نوسیبێت، نووسەرێکمان پێبناسێنێت کە «سوکە ڕەخنەی دادیزمی!!!» نووسیبێت، هێما بۆ کتێب و دەق و نووسینی هەریەکێک لەو فێرگە گریمانکراوانە بکات. هەموومان دەزانین جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە سادانە مەرجی هەرە سەرەتایی نووسینی زانستی و بنەمای حوکمدان و پاسادانکردنی ئەو حوکمانەن کە نووسەرێک دەیاندات. کە ئەمە دەڵێم من قسەکردنی زانستی و مەعریفی لەسەر ڕێبازە ڕەخنەییەکان لە کوردستاندا تەنها بۆ جێبەجێکردنی ئەم داواکارییە سەرەتاییانە کورتناکەمەوە. بەپێچەوانەوە بۆ نووسین لەسەر ئەم بابەتانە مرۆڤ دەبێت وەڵامی کۆمەڵێ پرسیار بداتەوە کە زۆر زەحمەتتر و قوڵترن لە وەڵامی ئەو پرسیارە سادانە، بۆ قسەکردن لەسەر «فێرگەی» ڕەخنەیی لە کوردستاندا ناچارین وەڵامی ئەم

پرسیارانە بدەینەوە: کورد چۆن هەموو فێرگەکانی ڕەخنەی تاقیکردۆتەوە؟ تایبەتمەندێتی ئەم تاقیکردنەوەیە لە چیدایە؟ کتێب و دەستووورە ڕەخنەییەکانی هەر فێرگەیەک چییە؟ ئەو کێشانە چین کە ئەم فێرگە ڕەخنەییانە چارەسەری دەکەن و ئەو کێشانەش چین کە دەشێت دروستیکەن؟ چۆن و بە چ شێوەیەک هەر فێرگەیەک لە فێرگەکان پەیوەندی نێوان نووسەر و دەق و خوێنەر ڕێکدەخاتەوە و کام ستراتیژیەتی خوێندنەوە باڵادەست و کامیان لاواز دەکات؟ کامە نووسەران بوونە ئیلهامی ڕەخنەگران و کام دەق و ئەزموونی ئەدەبی لەپشتی فێرگە ڕەخنەییەکانەوە ئامادەیە؟ پەیوەندی ڕێبازە ئەدەبییەکان و ڕێبازە ڕەخنەییەکان لە کوردستاندا چۆنە؟ چۆن و بە چ شێوەیەک ڕەخنە تێکەڵ بە فەلسەفە بووە و دەبێت؟

وەک دەبینین کاک بەختیار نە پرسیارە سادەکان دەکات و نە پرسیارە ئاڵۆزەکان. ئەو تەنها ئەو حوکمە نەسەلمێنراوە دەدات کە گوایە کورد هەموو فێرگە ڕەخنەییەکانی تاقیکردۆتەوە، ئیدی کێ تاقیکردوونەتەوە؟ کەی؟ کامەیە سەرچاوە بنەڕەتییەکانی ئەم فێرگانە؟ کامەیە ئەو کتێبانەی ڕەخنەی ڕۆمانسی بەرهەمیهێناون؟ کامانەن ئەو کتێبانەی ڕەخنەگرانی فرۆیدی و نەهەلستی لە کولتووری کوردیدا نووسیویانن؟ کامەیە کتێبەکانی ڕەخنەی لاهووتی و کێن نوێنەرەکانیان؟ «ڕەخنەی دادایی!!!» و «ڕەخنەی سوریالی!!!» چین و کێ لە کوردستاندا نووسیونی؟ وەک دەبینین هیچ یەکێک لەم سەرەتا سادانەی نووسین لەسەر کێشەکانی ڕەخنەی کوردی کێشەی کاک بەختیار نین، کێشەی ئەو کورتی و درێژی ڕەخنەیە. بێگومان ئەم کێشەیە کێشەیەکە کاک بەختیار لەبێئاگاییەوە لە مێژووی ڕەخنەی کوردی و چییەتی ڕەخنەوە دایهێناوە، دەنا لە هیچ شوێن و جێییەکی دنیادا و لەناو هیچ فێرگەیەکی ڕەخنەییدا مەسەلەی کورت و درێژی کێشە نەبووە و کێشە نییە.

لە ڕاستیدا قسەکردنی کاک بەختیار لەسەر «فێرگەکانی ڕەخنە» لە کوردستان هێندە دڵنیا و خۆشخاترانەیە، کە گومانێک لای خوێنەر بەجێناهێڵن بۆ دوودڵبوون بەرامبەر بە نەبوونی ئەو فێرگانە. کاک بەختیار نەک گومانی لە بوونی ئەم فێرگانە نییە، بەڵکو خاترجەمانە کۆمەڵێک فێرگەی ڕەخنەیی بۆ کورد زیادکردووە کە لەهیچ شوێنێکی دنیادا بوونیان نییە. کاک بەختیار فێرگەی وەک فێرگەی «ڕەخنەی لاهوتی!!» و «ڕەخنەی عەدەمی!!» و «ڕەخنەی دادایی!!!» و «ڕەخنەی سوریالی!!!» لە کوردستاندا گریماندەکات، لەکاتێکدا ئەمانە لەهیچ شوێنێکی دنیادا وەک فێرگەی ڕەخنەی ئەدەبی بوونیان نییە و بوونیان نەبووە. عەدەمیەت، لاهوتیەت، دادیزم،

سوریالیزم فێرگەی ڕەخنەی ئەدەبی نین و بەهیچ جۆرێک پەیوەندیان بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە نییە. ئەمانە هەندێکیان ڕێبازی فەلسەفین وەک عەدەمیەت، هەندێکیان لە سەردەمێکا فەلسەفە و لە ئێستادا تەنها خوداناسی دەگرێتەوە وەک لاهوتییەت، هەندێکیان تەنها ڕێبازی ئەدەبین، نەک ڕێبازی ڕەخنەی ئەدەبی، وەک دادایزم، هەندێکیان ڕێبازی ئەدەبی و هونەرین وەک سوریالیزم. لە هەموو دنیادا شتێک نییە ناوی «ڕەخنەی ئەدەبی» دادیی یان سوریالی بێت، دەقی ئەدەبی دادایی و سوریالی هەن، بەڵام ڕەخنەی دادایانە لە دەقێک بوونی نییە، شتێک نییە ناوی ڕەخنەی ئەدەبیی لاهوتی و ڕەخنەی ئەدەبیی سوریالیانە بێت. هەموو ئەمانە وەک دەقی ئەدەبی هەن، نەک وەک ڕەخنەی ئەدەبی. جیاوازییەکی گەورەش هەیە لەنێوان دەقی ڕەخنەیی و دەقی ئەدەبیدا، تۆ دەشێت تابلۆیەکی هونەری بکەیت کە سوریالیانە بێت، بەڵام ناتوانیت دەقێکی ڕەخنەیی سوریالی دەربارەی ئەو تابلۆیە بنووسیت. دەشێت شیعرێکی دادایانە بنووسیت، بەڵام شتێک نییە ناوی ڕەخنەیەکی دادایانە بێت لەو شیعرە. ئەم شێوازە سەیرانەی ڕەخنەی ئەدەبی کاک بەختیار لە تێنەگشتنیەوە لە چییەتی ڕەخنە و چییەتی کایەی ڕەخنەی ئەدەبییەوە دروستیکردون، دەنا لەهەموو دنیادا شتی لەم جۆرە بوونی نییە.

کاک بەختیار دەنوسێت «ئەگەر بیبلۆگرافیای فێرگەکانی ڕەخنە لە کوردستاندا سەیربکەین بۆمان دەردەکەوێ بەشێکی بەرچاوی فێرگە ڕەخنەییەکان و میتۆدەکانی ڕەخنە لەم سەدەیەدا، لەناو ڕووبەری کولتوری کوردیدا تاقی کراونەتەوە و سودیان لێوەرگیراوە» (مەلا بەختیار، ل ٣). سەیر لەوەدایە ئەو بە درێژایی کتێبەکەی تاکە جارێکیش سەیری ئەو بیبلۆگرافیایە ناکات تا پێمانبڵێت، کامەن ئەو کتێبانەی ناو ئەو بیبلۆگرافیایە کە ڕەخنەی دادایی و ڕەخنەی وجودی و ڕەخنەی لاهووتی و ڕەخنەی سوریالی و ڕەخنەی فرۆیدیان تیانووسراوە. کامەیە لێکدانەوەی فرۆیدیانە بۆ ئەدەبی ئێمە کە تێیدا فرۆیدیەت وەک میتۆد و وەک دنیابینی و وەک بەشێک لە خەیاڵی مەعریفی ئامادەبووبێت. کێ ڕەخنەی وجودی نووسیوە و ئایا ڕاستە وجودیەت لای ئێمە بۆتە فێرگەیەکی ڕەخنەیی؟ کام کورد لەهەر چوار پارچەکەی کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا ڕەخنەی دادایی نووسیوە؟ بەهەر حاڵ بەوەدا کاک بەختیار خۆی ماندوو نەکردووە ڕاکەی خۆی بسەلمێنێت، پێویست ناکات کەس خۆی ماندووبکات تا پێچەوانەکەشی بسەلمێنێت... ئایا ڕاستە سوریالییەت لە کوردستاندا فێرگەی ڕەخنەی

ئەدەبی دروستکردوە؟ ئایا ڕاستە فێرگەی ڕەخنەی دادایی و ڕەخنەی نەهلستیمان هەیە؟ بۆ سەلماندنی هەر یەکێک لەو حوکمانە پێویستمان بە کارێکی فیکری و ئەرشیفی گەورە هەیە کە کاک بەختیار نەیکردووە. واتە بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت کە ڕەخنەی لاهوتی هەیە، پێش وەخت دەبێت پێناسەی ڕەخنەی لاهوتی بکەیت، جیایبکەیتەوە لە ڕەخنەکانی تر، لاهوت و ڕەخنەی لاهوتی لەیەک هەڵاوێردی، نوێنەرانی ڕەخنەی لاهوتی و سیماکانی ئەم ڕەخنەیەمان لە کوردستاندا پیشان بدەیت، جیاوازییەکانیمان لەگەڵ ڕەخنەی واقیعی و فرۆیدی و ئەوانی تردا بۆلێکبدەیتەوە. بەکورتی بۆئەوەی حوکمی هەبوونی ئەو هەموو فێرگانە بدەیت دەبێت وەڵامی دەیان پرسیار بدەیتەوە کە ئامادەگی و بوونی فێرگەیەکی فیکری و ڕەخنەیی دەیسەپێنێت. بەڵام پێش وەخت تۆ گریمانی ناوی کۆمەڵێک قوتابخانەی ڕەخنەیی بکەیت کە لە واقیعدا بوونیان نییە و هەموو کێشەشت لەگەڵ ئەو قوتابخانانەدا ئەوە بێت هەناسەکورت بوون و تۆ هەناسەیان بۆ درێژکەیتەوە، ئەمە بچێتە ناو خانەی هەر شتێکەوە و هەزاران لاپەڕەشی تیا ڕەشکەیتەوە ناچێتە خانەی کارێکەوە مەرجە هەرە سەرەتاییەکانی کاری زانستی لەخۆگرتبێت. ئەم جۆرە نووسینە جگە لە سادەنووسی و سووککردنی فیکر و حوکمی سەرپێیی شتێکی دیکە نییە و هیچ بەهایەکی فیکری و زانستیشی نابێت گەرچی لە فۆرمی کتێبێکی دە هەزار لاپەڕەیشدا نووسرابێت.

## 4 ـ ڕەخنەی لاهوتی یان ڕەخنەی بەلاغی

لەمانەش سەیرتر، ئەو قسانەی کاک بە ختیارە کە دەربارەی «ڕەخنەی لاهوتییەت!» دەیانکات. وەک چۆن کاک بەختیار پێمان ناڵێت ڕەخنەی ڕۆمانسی، وجودی، دادایی، سوریالی چین و کێ نووسیونی و نوێنەرەکانیان لە کوردستاندا کێن، ئەوەشمان پێناڵێت ئەم ڕەخنە لاهوتییە چییە و کێ لە کوردستاندا نووسیویەتی و میتۆدی لاهوتییانەی ڕەخنە چییە و لەکوێدا و لەسەر کام بەرهەمی ئەدەبی و کام نووسەر پراکتیک کراون؟ پێدەچێت مەبەستی کاک بەختیار لە ڕەخنەی لاهوتی ئەو لێکدانەوە بەلاغیانەبێت کە کەسانی وەک مامۆستایان عەلادین سوجادی و مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس دەیاننووسی. بێگومان ئەم دوو ناوە لە خوێندەوارە ئایینییە گەورەکانی ناو ڕۆشنبیری ئێمەن و بەشێکن لەو ژمارە ڕەخنەگرە کەمانەی، لەدەرەوەی ئایدیۆلۆژیا و دۆگمی فیکری سادەدا، لە دەقە ئەدەبییەکان ڕاماون و بە ئامراز و چەمکەکانی

بەلاغەی کلاسیکی ئەدبی ئێمەیان خوێندۆتەوە و سەرکەوتوانەش ئاستێکی تایبەتی مانا و نهێنییە ئیستاتیکییەکانی شیعری کلاسیکی کوردییان نیشانداوین. بەڵام ڕەخنەی ئەدەبی ئەم دوو مامۆستایە ڕەخنەی لاهوتی نین. لاهوت قوتابخانەی ڕەخنەی ئەدەبی نییە، بەڵکو زانستی خوداناسییە. لە کەلەپووری ئیسلامدا لاهوت هاوشانە بە «عیلمی کەلام»، لە ئەدەبی عەرەبیدا شتێک نییە ناوی «ڕەخنەی ئەدەبی عیلمی کەلامی» بێت. ئەوەی مامۆستا سوجادی و مودەڕیس دڵسۆزانە ئەنجامیانداوە ڕەخنەی لاهوتی نییە، بەڵکو لێکدانەوەی بەلاغییانەی ئەدەبە بەپێی تێڕوانینی بەلاغەی کلاسیکی بۆ پێکهاتی هونەری و بەرهەمهێنانی مانا و دەلالەت لە دەقدا. ڕەخنەی بەلاغیش لای ئێمە جۆرێکی تایبەتی ڕەخنەی ئەدەبییە کە میتۆدی تەماشاکردن و ئامرازی لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکانی لە پرنسیپەکانی بەلاغەی عەرەبی کلاسیکییەوە خواستوە و هەڵگری تێگەیشتنێکی دیاریکراویشە بۆ زمان و ئەدەب و نووسەر و دەق و ئەو پەیوەندییەی لە نێوان زمان و ئەدەب و نووسەر و دەقدا دروستدەبن. ئەم بەلاغەیە هەڵگری کۆمەڵێک یاسا و نۆرمی مەعریفی تایبەتە و کۆمەڵێک ئامرازی ڕەخنەیی بۆ خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکان  بە ڕەخنەگر دەبەخشێت. بەهۆی ئەم ئامرازانەوە ڕەخنەگری بەلاغی دەتوانێت ئاستێکی تایبەتی مانا و جوانکاری و داهێنانی ناو دەقەکان بدۆزێتەوە. ئەو ئامرازە ڕەخنەییانەش کە بەلاغەی کلاسیکی بە ڕەخنەگری بەلاغییان بەخشیوە زۆرن و پەیوەندیان بە هونەری نووسینی کلاسیکییەوە هەیە نەک بە لاهوتەوە. ئەم ئامرازە ڕەخنەییانە ئەوەندی پەیوەندیان بە تێگەیشتنێکی تایبەتی ڕۆڵی زمان لە ئەدەب و پێناسی دەق و چییەتی ئیستاتیکا و گۆشەیەکی تایبەتی تەماشاکردنی پەیوەندی نێوان نووسەر و دەقەوە هەیە، ئەوەندە پەیوەندییان بەخوداناسییەوە نییە. بۆ نموونە لە دیوانەکەی (مەحوی)دا کە مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و کاک حەمەی مەلاکەریم لێکیانداوەتەوە چەندان ئامرازی بەلاغی لە بابەتی «لەف و نەشر»، بە شێوە جیاوازەکانییەوە، «تیباق»، «جیناس» و «ئیستیعارە» و شتی دیکەی لەم بابەتەی بەلاغەی کلاسیکی بەکارهاتوون بۆئەوەی هەندێک لە هونەرەکانی جوانکاری و بەرهەمهێنانی مانا لای مەحوی ئاشکرابکەن (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، ١٩٩٧). ئەم ئامرازە ڕەخنەییانە کۆمەڵێک ئامرازی بەلاغین و ڕەخنەگری پشتئەستوور بە بەلاغەی عەرەبی لە دەقە ئەدەبییەکاندا کاریان پێدەکات و بۆ دۆزینەوەی مانا و جوانی و وردەکاری ناو دەقەکان، ئەمەش بەهیچ مانایەک نە لاهوتە و نە پەیوەندی بە ئیشکالییەتەکانی ناو فیکری دینییەوە هەیە.

### 5 ـ بێتوانایی لە جیاکردنەوەی شێوە جیاوازەکانی ڕەخنەدا

هەڵەیەکی دیکەی لەوانەی سەرەوە گەورەتری کاک بەختیار ئەوەیە کە ناتوانێت شێوازە جیاوازەکانی ڕەخنە لەیەکدی جیاکاتەوە. خوێنەر کە لاپەڕەکانی سەرەتای کتێبەکەی دەخوێنێتەوە، بەو دەرنجامە دەگات کە کاک بەختیار نازانێت باسی چی و کام جۆری ڕەخنە دەکات. ئایا ئەو لە ڕەخنەی ئەدەبی دەدوێت یان لە ڕەخنەی سیاسی؟ باس لە ڕەخنەی فەلسەفی دەکات یان لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی؟ ڕەخنەی مەبەستە لە دیدی کۆمەڵناسانەوە یا لە دیدی ڕەخنەگرانی ئەدەبەوە؟ ئایا ئەو فێرگە ڕەخنەییانەی ناویاندەبات فێرگەی ڕەخنەی ئەدەبین یان فێرگەی ڕەخنەی فەلسەفی و کۆمەڵناسین؟ جیاکردنەوەی ئەم مەسەلانە لەیەکدی زۆر گرنگن، دەشێت لاهوت وەک شێوازێکی تایبەتی ڕەخنە لە بواری خودناسیدا قبووڵیکەین، بەڵام لاهوتییەت فێرگەیەک لە فێرگەکانی ڕەخنەی ئەدەبی نییە. فێرگەی ڕەخنە لە بواری ئەدەبیاتدا شتێکە و لە بواری فەلسەفەدا شتێکی ترە و لە بواری کایە زانستییەکانی تردا لە هەردووکیان جیاوازە. هەرکەسێک کتێبەکەی کاک بەختیار بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو نەیتوانیوە جیاکارییەکی سەرەتایی لە نێوان قوتابخانە فەلسەفییەکان و ڕێبازە ئەدەبییەکاندا بکات، بە جۆرێک دواتر نازانین ئەوەی لە ڕۆشنبیری کوردیدا ئامادەبووە، ڕەخنەی ئەدەبییە یان فێرگەی فەلسەفی؟ لە لاپەڕەی سێ و چواردا خوێنەر وادەزانێت کاک بەختیار باسی ڕەخنەی ئەدەبی دەکات، باسی ڕۆمانسیەت و ڕیالیزم و ڕیالیزمی سۆسیالیستی دەکات، لە نیوەی دووهەمی لاپەڕەی پێنجیشدا هەر باس لە ڕەخنەی ئەدەبی دەکات و باسی ئەوە دەکات کە ئەو خۆی لەسەر ڕۆمانی تۆڵەی کاک محەمەد موکری نووسیوە. کەچی لەهەمان لاپەڕەدا کە باسی گۆڤاری (ڕەهەند) دەکات، دەڵێت ئەمیش خۆی بە ڕەخنەوە خەریکدەکات و دیاردەیەکی نوێیە لە ئەدەبیاتی کوردیدا. هەموو خوێنەرێکی سادە دەزانێت ڕەهەند پرۆژەیەکی فیکرییە و سەرقاڵی کاری تیوری ناو بوارە جیاجیاکانی زانستی سیاسی، سۆسیۆلۆژیا، فەلسەفە و تیورەکانی کولتوورە، نەک ڕەخنەی ئەدەبی. ڕەهەند گۆڤارێکی فیکرییە و شانیداداوەتە سەر دەسکەوتی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکان، نەک گۆڤارێک دەربارەی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی. بێگومان ڕەهەند ئەدەب بە بەشێکی گرنگی هەر پرۆژەیەکی کولتووری نوێی کۆمەڵگای کوردی دەزانێت، بەڵام هەرگیز خەمی سەرەکی ڕەهەند و شوێنی کارکردنی ڕەهەند ئەدەب و ئەدەبیات

نەبووە. ئەم تێکەڵکردنە بەشێوەیەکە مرۆڤ گومان دەکات لەوەی کاک بەختیار ژمارەکانی ڕەهەندی خوێندبێتەوە و بزانێت چیان تیانووسراوە و باس لە چ مەسەلەیەکی فیکری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەکەن. ئاخر هەرکەسێک گۆڤاری ڕەهەندی خوێندبێتەوە دەزانێت ئەم گۆڤارە گۆڤاری ڕەخنەی ئەدەبی نییە و پەیوەندی بە ئەدەبیاتی کوردییەوە نییە.

کاک مەلا بەختیار بە شێوەیەکی سەیر وشەی «ڕەخنە» و «ڕێبازی ڕەخنەی» تێکەڵاوکردووە، بێئەوەی پێمانبڵێت لە کوێدا ڕەخنە دەستپێدەکات و لە کوێدا تەواودەبێت، لە کوێدا وجودییەت ڕێبازی فەلسەفییە و لە کوێدا و چۆن دەبێت بە فێرگەی ڕەخنە و فێرگەی ڕەخنەیی ناو ئەدەبی کوردیش؟ لە کوێدا عەدەمییەت فەلسەفەیەکی سیاسییە و لە کوێدا و لای کێ بۆتە فێرگەیەکی ڕەخنەیی و ئەم کارە لە کوردستاندا چۆن ئەنجامدراوە و کێ ئەنجامی داوە؟ ئەم تێکەڵاوکردنە لە سەرتاپای کتێبەکەدا بەردەوامە و یەکێکە لە سیفەتە هەرە سەرەکییەکانی هەموو ئەو تەوەر و بابەتانەی ئەم کتێبە قسەیان لەسەردەکات. لە بەشی داهاتوودا و لەپەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمدا ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕووندەکەینەوە. ئەم تێکەڵاوکردنە نامەنهەجییە دەیان پرسیار دەخاتەوە کە کاک بەختیار بێ وەڵامدانەوە بەجێیان دەهێڵێت. یەکێک لەو پرسیارانە ئەوەیە: ئایا دەکرێت ڕێبازێکی فەلسەفی ببێت بە فێرگەی ڕەخنەی ئەدەبی بێئەوەی پێشوەخت بووبێتە فێرگەی فەلسەفی و فیکری و میتۆدی؟ کە وجودییەت نەبوبێتە ڕێبازێکی فەلسەفی و چەند کتێبێکی نووسراو و وەرگێڕاوی لە ڕۆشنبیری ئێمەدا نەبێت، چۆن بوو بە فێرگەی ڕەخنەیی؟ چۆن دادایەت و وجودییەت و فرۆیدییەت و کۆی ئەو ناوانەی تر کە کاک بەختیار ڕیزیکردون بوون بە فێرگەی ڕەخنەیی، لەکاتێکدا بنەما فەلسەفییەکانیان لە ڕۆشنبیری ئێمەدا بەتەواوی نائامادەن؟ من لێرەدا کاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە گرنگانەم نییە، بەڵام کاک بەختیار مادامەکی باسی بوونی ئەو هەموو «فێرگە» ڕەخنەییانە دەکات لە کوردستاندا و کەموکوڕییەکەیان دەستنیشاندەکات، ناچارە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە. کە ناشیانداتەوە ئەو هەستە لای خوێنەر دروستدەکات کە بەڕێزی لە بابەتێک دەدوێت نازانێت چییە و سەرەتاییترین زانیاری زانستییانەی دەربارە نییە.

لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کاک بەختیار ئەوەی لەبیردەچێتەوە کە لەسەرەتای کتێبەکەیدا نووسیوەتی «... هەتا بڵێی گەلێکی هەژارین لە فەلسەفەدا، زۆرینە گۆشەگیرین لەوەرگرتنی فەلسەفەدا» (تکایە بگەڕێوە سەر کۆی لاپەڕەی ١١)، کەچی

دواتر باس لە پەیوەندی نێوان فێرگە ڕەخنەییەکان و فەلسەفە دەکات. باشە ئێمە کە بارودۆخی فەلسەفیمان واخراپبێت و « داماو» و «هەژار» بین لە فەلسەفەدا، بە چ حیسابێک هەموو فێرگەکانی ڕەخنەمان هەیە و هەندێک فێرگەشمان هەیە لەهیچ کۆمەڵگایەکی سەرزەویدا بوونیان نییە. کە دەڵێین ئێمە میللەتێکی هەژارین لە فەلسەفەدا، ئەمە مانای ئەوەی ئێمە نەمانزانیوە وجودییەت چییە، بەڵام فێرگەی ڕەخنەی وجودییمان دامەزراندووە، نەمانزانیوە نەهەلستییەت چییە و هەتا کتێبێکی بچوکی پێناسەشمان بۆ نەهەلستییەت نییە، بەڵام فێرگەی ڕەخنەی نەهەلستیمان هەبووە، نەمانزانیوە بنەما فەلسەفی و فیکرییەکانی سوریالییەت چییە، بەڵام کردومانە بە فێرگەی ڕەخنەیی. ئاشکرایە ئەمە چ ناکۆکییەکی ترسناک و بێسنوورە، ئەمە وەک ئەوە وایە بڵێیت: ئێمە دینمان نەبووە بەڵام نوێژ و ڕۆژووی زۆرمان گرتووە، پارەمان نەبووە بەڵام شتومەکی زۆرمان کڕیوە، تیپی فوتبۆڵێنمان نەبووە بەڵام یەکەمی ئاسیا بووین. ئەم لۆژیکەی کاک بەختیار لەبەشەکانی دیکەی کتێبەکەیدا چەندان جار دووبارە بۆتەوە، بەتایبەتی لەو شوێنەدا کە باس لە سەرکەوتنی کورد دەکات بەسەر ئیسلامدا (لە بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا بە درێژی لەسەر ئەم مەسەلەیە ئەدوێین). ئەم لۆژیکە لۆژیکی نارسیسمێکی ناسیۆنالیستییە کە پایەکانی لەسەر کۆمەڵێک ئەفسانەی نارسیستیانە بەندە و بێ سەلماندن و بەڵگە، خەزێنە خاڵی و بەتاڵەکانی فیکر و فەلسەفە و ڕەخنە لە کوردستاندا پڕدەکات لە قوتابخانە و فێرگەی وەهمی.

بە کورتی من وای بۆدەچم کاک بەختیار نازانێت مانای وشەی «فێرگە» چییە، ئەگینا بە چ حیسابێک ئێمە فەلسەفەمان نییە، بەڵام هەموو ئەو فێرگە ڕەخنەیانەمان هەیە کە لەژێر پاڵتۆی ڕێبازە فەلسەفییەکانەوە هاتوونەتەدەر. بەڕێزی دەبێت یەکێکیان هەڵبژێرێت، یان ئەوەیە ئێمە فێرگەی ڕەخنەییمان نییەو ئەو سەرەتای کتێبەکەی بەهەڵەیەکی گەورە دەستپێکردووە. یاخود ئێمە فەلسەفەمان هەیە و هەموو ئەو بزاوتە فەلسەفییانە پێشتر وەک قوتابخانەی فەلسەفی و سیاسی لە کارابوون و دواتر توانیوویانە بشبن بە فێرگەی ڕەخنەیی. ئاشکراشە ئەم بۆچوونەش چ هەڵەیەکی گەورەیە و کاک بەختیار خۆی دەڵێت ئێمە لە فەلسەفەدا هەژارین. بە هەرحاڵ لەدەرەوەی هەڵەو ڕاستدا قسەبکەین، کاک بەختیار، لێرەدا خۆی خستۆتە ناو ناکۆکییەکەوە کە هەر لایەکیان هەڵبژێرێت، ئەوی دیان بەدرۆی دەخاتەوە. ئەمجۆرە هەڵانە دەرەنجامی بێئاگایی و بە زۆرەملێ سواربوونی بابەتە بەبێ لانیکەمی میتۆد و شارەزایی و لێزانی.

## 6ـ ڕەخنەی کوردی و داگیرکەران

بێگومان کاک بەختیار ڕاستدەکات کە ڕەخنەی کوردی کێشەی هەیە، بەڵام ئەم کێشەیە کێشەی کورتی و درێژی دەقەکان نییە، وەک بەڕێزی تێیگەیشتوە. کێشەکانی ڕەخنەی کوردی کۆمەڵێک کێشەن لە قەیرانە گەورەکانی ڕۆشنبیری کوردی و بونیاد و پێکهاتی ئەم ڕۆشنبیرییەوە سەرچاوەیانگرتووە. یەکێک لەو کێشە هەرەگەورانەی واقیعی ئەدەبی ئێمە بەدەستییەوە گیرۆدەیە نەبوونی ڕەخنەی قووڵ و زانستی و میتۆدییە، بێئاگاییە لە قوتابخانە ڕەخنەییە جیاجیاکان و دووبارەکردنەوەیەکی بێلەزەتی کۆمەڵێک دیدی مردوە بۆ چییەتی ئەدەب و ڕەخنە و نووسەر و خوێنەر و کۆی ئەو پەیوەندییانەی ئەو لایەنە جیاوازانەی ناو کایەی ئەدەب و ڕەخنە لە کوردستاندا بەیەکەوە گرێدەدات. لەو شوێنانەشدا کە هەوڵی ڕەخنەیی هەن، نائامادەگییەکی گەورەی توانای داهێنەرانەی پراکتیککردنی میتۆدە ڕەخنەییەکان ئامادەیە. ڕەنگە باڵادەسترین شێوازی ڕەخنە لە کوردستاندا ڕەخنەی مارکسییانە بێت، بەتایبەتی ئەو شێوە ڕەخنەییەی هەندێک پێیدەڵێن (ڕەخنەی ڕیالیزمی سۆسیالستی). هەموو مێژووی ئەم ڕەخنەیە دوو کتێبی فیکری گرنگی نەخسۆتەوە و زۆربەی هەرە زۆری ئەو شتانەی نووسراون، دووبارەکردنەوەی کۆمەڵێک دۆگمی سیاسی و ئایدیۆلۆژیین. بۆ نموونە کە باس لە نالی دەکرێت دەگوترێت کلاسیکە بەڵام نیشتیمان پەروەرە، کە باس لە مەحوی دەکرێت دەگوترێت کوردایەتی نەکردوە و بەقەد تۆزی پێی نالی نیشتیمانپەروەر نەبووە، کە باس لە قانیع دەکرێت دەگوترێت شاعیرێکی میللییە و باس لە ئێش و ئازاری چەوساوەکان دەکات، کە باس لە گۆران دەکرێت دەگوترێت سەر بە ڕیالیزمی سۆسیسالیستییە و نەک تەنها ڕەخنەی لە دیاردە بزێوەکانی ناو واقیع گرتووە، بەڵکو چارەسەریشی پێشنیارکردوە. مێژووی ئەم شێوازە ڕەخنەییە لە کوردستاندا لێوانلێوە لەم جۆرە حوکمە نائەدەبی و نا ئیستاتیکی و بێقووڵاییانە. ئەم حوکمانەش بەشێوەیەک بەرچاو و دیارن پێویست ناکات من لێرەدا نموونەیان بۆ بهێنمەوە.

کاک بەختیار نایەوێت ئەو ڕایە بسەلمێنێت کە پێیوایە ڕەخنەی کوردی لاوازە، ئەو پێیوایە ئەو بۆچوونەی کە دەڵێت ئەم ڕەخنەیە لاوازە بۆچونێکی ناڕاستە و «ناڕاستی ئەم حوکمدانە کاتێک جوانتر دەردەکەوێ کە دۆخی سیاسی و ئازادیی بیرکردنەوە لە

کوردستاندا، لە سایەی ڕژێمە داگیرکەرەکاندا، لەبەرچاوبگرین» (مەلا بەختیار، ل ٤).
کاک بەختیار دەیەوێت بڵێت گەر ڕەخنەی ئێمە لاوازبێت نابێت ملی ڕەخنەگرەکان و کارە ڕەخنەییەکانیان بگرین، بەڵکو دەبێت ملی داگیرکەران بگرین و ئەوان تاوانبارکەین. بەبۆچوونی بەڕێزی ڕەخنەی کوردی لاواز نییە و گەر بە ڕێکەوت لێرە و لەوێش جۆرێک لە لاوازی هەبێت ئەوا دۆخی سیاسی و ئازادی بیرکردنەوە لە کوردستانی ژێر سایەی ڕژێمە داگیرکەرەکان لێبەرپرسیارە و ئەمە نەیهێشتوە ڕەخنە گەشەی تەواوی بکات و ڕەخنەگری گەورەمان هەبێت. لەڕاستیدا ئەم لۆژیکە لۆژیکێکی زۆر سەیرە و یەکێکە لەو فێڵە سایکۆلۆژیانەی زۆر سیاسی و ڕۆشنبیر لە کوردستاندا لەخۆیان و خوێنەر و دەوروبەرەکەیان دەکەن. باشە گەر شیعر و چیرۆک و ڕۆمانی کوردی، گەر هونەری شێوەکاری و شانۆ و مۆسیقا توانیبێتیان لەژێر سێبەری هەمان هەلومەرجدا گەشە بکەن، حیکمەت چییە ڕەخنەی کوردی ئەمەی بۆ نەکراوە؟ ئایا بەڕاستی داگیرکەران نەیانهێشتوە کورد لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی و زانستی لەسەر مەحوی و نالی و زیوەر و حسێن عارف بنووسن؟ ئایا داگیرکەران ڕێیان بەوەگرتووە لەسەر ئەزموونە ئەدەبییە جیاجیاکانی ناو ئەدەبی ئێمە بنووسین و ئەو پرسیارە فیکری و کولتووری و مەعریفییانە بخوێنینەوە کە لە ناو دەقە گرنگەکانی ئەدەبی ئێمەدا ئامادەیە؟ ئایا داگیرکەران نەیانهێشتوە لە دڵەڕاوکێ و هەڵبەز و دابەزە ڕۆحییەکانی مەحوی تێبگەین، داگیرکەران نەیانهێشتوە لە تێکەڵبوونی دیدی تراژیدی و گەشبینی ئایدیۆلۆژیی لای گۆران ڕامێنین، لە ئامادەگی سەختی بیرۆکەی مردن لای قانیع بڕوانین، لە تووڕەبوونەکانی بێکەس بگەین؟ ئایا وەڵامنەدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندەها پرسیاری دیکەی لەم بابەتە شتێکە داگیرکەران ڕێیان پێگرتووە، یان لاوازی سیستمی پرسیارکردن و ڕاڤەکردنی ڕەخنەی کوردی خۆی؟ هەرکەسێک لاپەڕەکانی گۆڤاری «نوسەری کورد» هەڵداتەوە کە لە هەشتاکاندا دەردەچوو تێکستی وادەبینێت کە ئینسان سەری لە ئازایەتی نووسەرەکانیان سوڕدەمێنێت، شیعر و چیرۆکی وادەبینێت کە ڕاستەوخۆ یەخەی داگیرکەران دەگرن و گۆرانی بۆ گەورەیی شۆڕشی کورد دەڵێن؟ بەڵام دوو لێکۆڵینەوەی زانستی و قووڵ لەسەر دیاردە ئەدەبییەکانی ناو ئەدەبی ئێمە لەو گۆڤارەدا نادۆزیتەوە، دوو پرسیاری ڕەخنەیی نوێ نادۆزێتەوە کە کۆمەڵێک نهێنی گەورەی پشتی دەقە ئەدەبییەکان و ئەزموونی ئینسانی ئێمە لەناو جیهانی دەقەکاندا لێکداتەوە.

بێگومان داگیرکەران تا پێیانکرابێت بەریان بە گەشەکردنی لایەنە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمە گرتووە، نەیانهێشتوە گەشەی عەقڵی و خەیاڵی ئینسانی ئێمە سنوورێکی دیاریکراو ببەزێنێت، تاپێیانکرابێت بەربەستی گەورەیان دروستکردوە و جیهانی ئینسانی ئێمەیان لەناووەڕا قوفڵکردوە، بەڵام ئەوەی داگیرکەران بکەینە عەلاگەیەک و هەموو تەمەڵییە فیکری و مەنهەجی و مەعریفییەکانمانی پیاهەڵواسین شتێکی بێمانایە. لاوازی ڕەخنەی کوردی دەشێت بەشێکی کەمی خەتای داگیرکەرانبێت، بەڵام بەشی سەرەکی خەتای ڕەخنەگرە کوردەکان و ئەو پێکهاتە ڕۆشنبیرییەیە کە لە کوردستاندا باڵادەستە. ڕەخنە بەر لە هەمووشتێک هەوڵدانێکی میتۆدییانەی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و دۆزینەوەیە. بەبێ میتۆد و بیرکردنەوەی میتۆدی، بەبێ ئاستێکی تیوری پێگەیشتوو، بەبێ ڕەخنەگرێک لەیەکاتدا لەسەر دەسکەوتی زیاد لە زانستێک و زیاد لە تێز و تیورە و میتۆدێک ئامادەبێت، ناتوانین چاوەڕوانی ڕەخنەیەکی زانستی و قووڵ و داهێنەر بین. ڕەخنە پێویستی بە عەقڵ و خەیاڵێکی پشکنەر هەیە، پێویستی بە گەڕان بەدوای گۆشەنیگا و ئامراز و چەمکی نوێدا هەیە، تاسەر ئێسقان پێویستی بە خوێندنەوەی بەردەوام و ئاشنابوون بە گەشەی فیکر و فەلسەفە و میتۆدەکان هەیە. ڕەخنەی زانستی و تەمەڵی فیکری، ڕەخنە و دۆگمی سیاسی، ڕەخنە و بەستەڵەکی ئایدیۆلۆژی پێکەوە ناژین، ڕۆشنبیرییەک نەوێرێ و نەتوانێت پرسیاری ڕاستەقینە بکات ناتوانێت ڕەخنە پەروەردەکات، ڕەخنە لە ئیرادەیەکەوە سەرچاوەدەگرێت بڕیاری دۆزینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنێکی زانستییانەی جیهانی دابێت. ئەوەی لە ڕۆشنبیری ئێمەدا نائامادەی ژمارە یەکە ئەم شتانەن، نەک کورت و درێژی کارە ڕەخنەییەکان و ئامادەگی داگیرکەران. نەبوونی ڕەخنەی ڕاستەقینە لە نەبوونی ڕۆشنبیرییەکی فرە پرسیار و فرە میتۆد و فرە تێز و فرە تیورەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر پێکهاتی ناوەکی ئەو ڕۆشنبیرییە و ڕۆشنبیرەکانی لێی بەرپرسیارن نەک داگیرکەران و ناحەزان بەتەنها.

نەبوونی بیرکردنەوەی زانستییانە بەر لەهەموو شتێک بونیادێکی ڕۆشنبیری دەیسەپێنێت کە نایەوێت یان ناتوانێت بە میتۆد کاربکات، بونیادێک کە لەسەر حەماسەت و حوکمی ئایدیۆلۆژی ساکار و گووتاری تاوانبارکردن و حوکمدانی ڕەوشتی و سازدانی بۆنە و چلە و فرۆشتنی یاداوەری بیناکرابێت، ڕۆشنبیرییەک توانای ئەوەی نەبێت لە دەقە ئەدەبییە داهێنراوەکانی خۆی بدوێت، نەتوانێت

ئیستاتیکا و سۆسیۆلۆژیا، ئیستاتیکا و سایکۆلۆژیا، ئیستاتیکا و تیوره جیاجیاکانی ئەدەب بەیەکدییەوە گرێبدات، ناتوانێت ڕەخنەیەکی زانستی و قووڵ و داهێنەرانە بەرهەمبهێنێت، جا چ ڕەخنەی درێژ بێت یان کورت لە فۆرمی ووتاردا نووسرابێت یان کتێب.

ئەوەی داگیرکەرانیش نەیانهێشتبێت ئێمە مەحوی و ئەزموونە ڕۆحییەکەی، گۆران و پرۆژە ئیستاتیکییەکەی، شێرکۆ بێکەس و ڕۆحە ئەزموونگەرییەکەی، لەتیف هەڵمەت و «خودا و شارە بچکۆلەکەی»، حسێن عارف و پرسیارە مێژووییی و کۆمەڵایەتییەکانی، حەمە عومەر عوسمان و دیدە تراژیدییەکەی و شێرزاد حەسەن و پرۆژەی جێبەجێنەکراوای پاڵەوانەکانی بخوێنینەوە، پاساوێکی هەرزان و بێمانا و ناڕاستە. ئەگەر لە ناو شارەکان و لە بەردەستی داگیرکەراندا ئەمەمان بۆ نەکرابێت، ئەی بۆ لە شاخ و لە مەنفا، کە داگیرکەرانی لێنییە، ئەم کارەمان نەکردوە؟ گەر کەمەکێک لەگەڵ ویژدانی مەعریفی خۆماندا ڕاستگۆبین و فێڵ لە خۆمان و لە خوێنەران نەکەین، دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین ئەوەی ڕێی بەم کارانە گرتووە داگیرکەران نییە، بەڵکو ئامادەگی پێکهاتێکی ڕۆشنبیریی سادەگۆ و حەماسی و نەبوونی کۆمەڵێک ڕەخنەگری ڕاستەقینە و شێلگیرن کە هەڵگری توانایەکی مەعریفی و فیکری و میتۆدی وابن تەیاریانکات بە ئامراز و چەمکی پێویست بۆ خوێندنەوەیەکی داهێنەرانەی دەقە ئەدەبییەکانی مێژووی ئێمە. نەبوونی ئەم ڕەخنەگرانەش لە ڕوویەک لە ڕووەکانیدا وابەستەی ئەو بە سووکگرتنەی کاری فیکری و نووسینە کە لەمێژە لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ئامادەیە. کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار خۆی نموونەیەکی بەرچاوی ئەم بەسووکگرتنەی فیکر و فەلسەفە و میتۆد و نووسینە، نموونەیەکی باشی تێکەڵبوونی هەردوو نەخۆشییە کوشندەکەی ناو ڕۆشنبیری کوردییە بەیەکدی: تێکەڵبوونی زەینیەتی نامەنهەجی بە بە سووکگرتنی فیکر و کاری فیکری.

## 7 ـ دەرەنجام

تێکەڵکردنی بابەتەکان لای کاک بەختیار لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە نایەوێ و ناتوانێت سنووری کایە فیکریە جیاکان لە یەکدی جیاکاتەوە، ناتوانێت ڕەخنەی ئەدەبی و کاری فیکری لە بوارەکانی سۆسیۆلۆژیا و زانستی سیاسی و فەلسەفەدا لەیەک جیاکاتەوە. وەکچۆن لەسەر ڕۆمانی تۆڵەی کاک محەمەد موکری دەنووسێت

ئاواش لەسەر فیکری نیتشە و هایدگەر و فۆکۆ و قوتابخانەی فرانکفۆرت و فرۆید و دیالەکتیک و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و زمانی سانسکریتی و ئیسلام و ناسیۆنالیزم و دەیەها بابەتی دیکەش دەنوسێت. هەموو ئەمانەش لەو ماوە کەمەدا کە بەرێزی دوای جێبەجێکردنی کارە سیاسی و حیزبییە ڕۆژانەکەی بۆیدەمێنێتەوە. بێگومان نووسەر ئازادە لەسەرچی و کێ و چ بابەتێک دەنووسێت، زۆر ئەنووسێ و کەم ئەنووسێ، لە شێوەی وتاردا ئەینوسێت یان بە کتێب، بەڵام دەبێت مەرجە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتشکانی بەسەر ئەو بابەتانەدا تێدابێت کە لەسەریان دەنووسێت، دەبێت بزانێت باسی چی دەکات و لە کام نووسەر و ڕێباز و قوتابخانە دەدوێت. ئەوەی دەنوسێت دەبێت توانای ئەوەی هەبێت شتەکان لەیەکدی جیاکاتەوە، بۆ نموونە ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی فەلسەفی و ڕەخنەی کۆمەڵایەتی تێکەڵنەکات. کە نووسی چەمکەکانی پێناسکات و هەریەکێکیان بخاتەوە ناو کایە فیکرییەکانی خۆیان. ئەم تێکەڵکردنەی بابەتەکان و کایەکان و قوتابخانەکان بەیەکدی و نەبوونی توانای جیاکردنەوەی شتەکان، دیاردەیەکی تاکەکەسی بێگوناه نییە، نەبوونی میتۆد تەنها لای کاک بەختیار و لە کتێبەکەی کاک بەختیاردا باڵادەست نییە، بەپێچەوانەوە هەموو ئەم ئاکارە نا مەعریفییانە دەربڕی پێکهاتی ئەو ڕۆشنبیرییە سادەگۆیەیە کە لە کوردستاندا ئامادەیە (مەریوان وریا قانیع: ١٩٩٠ ـ ٢٠٠١). لاوازی توانای جیاکردنەوە و سیستمی پۆلێنکردن یەکێکە لە سیفەتە هەرە سەرەکیەکانی ئەو پێکهاتە فیکری و ڕۆشنبیرییەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا باڵادەستە، بڕوانە ( بەختیار عەلی: ١٩٩٨). لێرەوە کێشەکانی ناو کتێبەکەی کاک بەختیار درێژکراوە و ڕەنگدانەوەی ئەو کێشانەن کە ساڵەهای ساڵە ڕۆشنبیری ئێمە بە دەستیانەوە دەناڵێنێت و لەناوەوەڕا ئەم ڕۆشنبیرییەی توشی کەمخوێنیەکی فیکری و مەعریفی و میتۆدی کردوە و دەکات.

# سەرچاوەکان

١ـ مەلا بەختیار، دیموکراسیەت لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنیتە. بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی ٢٠٠٠.

٢ـ مەلا عەبدولکەریمی مودرڕیس و محەمەدی مەلا کەریم، دیوانی مەحوی. چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد ١٩٧٧.

٣ـ عەلادین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی ١٩٥٢.

٤ـ مەریوان وریا قانع، گۆڤاری ئاینده ژمارە ٢٤ ئاب و ئەیلولی ٢٠٠١. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠١.

٥ـ مەریوان وریا قانیع، زەینی نامەنهەجی و لێکدانەوەی خورافیانە، تێرامانێک لە بونیادی ڕۆشنبیری کوردی.

پاشکۆی عێراق بەرواری ٢٨-٢-١٩٩٠.

٦ـ بەختیار عەلی، ئیمپراتۆریەتی وەهم، گۆڤاری ڕەهەند، نێوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، ژمارە ٥ ساڵی ١٩٩٨.

بەشی دووەم

# ئیسلام و کورد

## تێکەڵاوکردنی هەمووشتێک بە هەمووشتێک

«ڕۆژگاری وا هەیە واملێدەکات شەرم لە بوونی بکەم، بەڵام ڕۆژگاری تر هەیە واملێدەکات شەرمبکەم لەوەی کە شەرمم کردوە»

نیتشە

«ئێمە لە ئێستادا بەو ڕاستییە گەیشتووین کە، نەتەوەکان بە قەد کۆنی مێژوو کۆن نین، مانا نوێکانی ووشەی نەتەوە لە سەدەی هەژدەهەم کۆنتر نییە»

هۆبزباوم

«ڕای من ڕاستە، بەڵام دەشێت هەڵەبێت، ڕای ئەوانیدی هەڵەیە، بەڵام دەشێت ڕاستبێت»

ئیمامی شافیعی

## 1 ـ سەرەتا

یەکێک لە تەوەرە سەرەکییەکانی کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار قسەکردنە لەسەر ئیسلام و پەیوەندی کورد بە ئیسلامەوە. بەڕێزی لەم تەوەرەیەشدا نە پەنای بردۆتە بەر کۆمەڵێک تێز و تیورە و بۆچوونی زانستی و نە گەڕاویشەتەوە بۆ هیچ دەسکەوتێک لە دەسکەوتە زۆرەکانی ئەو زانست و کایە مەعریفییانەی خۆیان بە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی ئایینەوە خەریکردوە و کەلەپورێکی فیکری هێجگار گرنگیان لەسەر چییەتی ئایین و ڕۆڵ و شوێن و جێی ئایین لە کۆمەڵگا جیاجیاکان و لە سەردەم و قۆناغە جیاوازەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، بەجێهێشتووە. وەک خووی هەمیشەیی، کاک بەختیار، لەم تەوەرە تایبەتەشدا ڕەچاوی سادەترین پرنسیپەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و دیدی مێژوویی نەکردوە، کە پێکەوە دیاردەکان لە ساتەوەخت و هەلومەرجی مێژوویی خۆیاندا نیشتەجێدەکەن و لەوێدا لەمانا و دەلالەتەکانیان ڕادەمێنن. بەڕێزی لەم بەشەدا چەندان حوکمی نەسەلمێندراو و بڕیاری پێشوەخت و بۆچوونی سەرپێیی و پێشداوەری ناسیۆنالیستانەی دەربارەی ئیسلام و پەیوەندی کورد بە ئیسلامەوە پێشکەشکردوە.

ئەم بەشەی نووسینەکەمان تەرخانە بۆ خوێندنەوە و ڕاستکردنەوەی ئەو بۆچوونانەی کە کاک بەختیار لەسەر پەیوەندی ئیسلام و کورد و ڕۆڵی ئیسلام لە مێژووی کوردستاندا پێشنیاریکردوە.

## 2 ـ جەوهەرگەرایی و تەلاقدانی مێژوو

وەک دەرەنجامی گەشەکردنێکی بەرچاوی «ئیسلامی سیاسی» لە کوردستاندا و دروستبوونی زیاد لە حیزب و گروهێکی سیاسی کە ئیسلام ئایدیۆلۆژیا ڕەسمییەکەیانە، مەسەلەی ئیسلام لەم چەند ساڵەی دواییدا بۆتە یەکێک لەو بابەتە گرنگانەی لە ناوەندی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمەدا قسەی زۆری لەسەردەکەرێت. بەشێوەیەکی گشتی دەشێت دوو گوتاری دژ بەیەک لەم دیالۆگەدا لەیەکدی جیابکەینەوە:

یەکەمیان گوتاری هێرشکردنێکی هەمەلایەنە بۆ سەر ئیسلام و کردنییەتی بە سەرچاوەی سەرەکی بەشێکی گەورەی کارەساتە مێژوویی و کۆمەڵایەتی و

سیاسییەکانی ئێمە و پیشاندانێتی وەک هۆکاری نامۆبوونی کولتووری و سیاسی و شارستانی و ئایینی کۆمەڵگای کوردی. دووهەمیان، بە ڕۆحییەتێکی سەد دەر سەد پێچەوانەوە، پیاهەڵدانێکی ئەفسانەیی و دۆگمایە بەم ئایینەدا و کردنیەتی بە سەرەتا و کۆتایی هەر چارەسەرێکی ڕاستەقینەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و شارستانییەکان لە کوردستاندا. لەکاتێکدا یەکەمیان ئیسلام بە لادەر و لابەر و نامۆکەری هەمووشتێکی کوردیی لە قەڵەم ئەدات، دووهەمیان وەک ژێرخانی ڕۆحی و فیکری و کولتووری هەموو جۆرە کوردبوونێک ئەیبینێت. یەکەمیان بە ئیسلامبوونی کورد و هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان وەک پرۆسەیەکی کۆلۆنیالی وێنادەکات و موسڵمانەکان وەک داگیرکەر و دینەکەش وەک ئایدیۆلۆژیای داگیرکەران دەناسێنێت، دووهەمیان ئیسلام وەک ڕزگارکەر و موسڵمانەکان وەک برای دینی و ئیسلامیش وەک ئایدۆلۆژیای ئازادی دەبینێت. یەکەمیان بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتی و خۆماڵیبوون دژ بە ئیسلام قسەدەکات و دەخوازێت بۆ سەردەمان و کولتووری بەر لە هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە، دووهەمیان هەر ڕەسەنایەتی و خۆماڵیبوونێک بە گەڕاندنەوەیەکی بێمەرجەوە بۆ ئیسلام گرێدەدات. یەکەمیان بە زمانی عەلمانییەت ئەدوێت و دووهەمیان بە زمانی دینگەرایی، تیۆکراسییەت.

لە یەکەمین تەماشاکردندا ئەم دوو دیدە بۆ ئیسلام ناتەبا و دژ و ناکۆک بەیەک دەردەکەون، بەڵام لە قووڵاییدا تەواو هاوئاهەنگن و بە ئەندازەیەکی گەورە لێکدیدەچن. ئەوەی ئەم دوو وێناکردنە بە توندی بەیەکەوە دەبەستێتەوە ونبوونی کەمترین ئاستی دیدی مێژوویی و ونبوونی لانیکەمی کاری میتۆدی و ونبوونی تێز و تیورەیەکی زانستییە دەبارەی مێژوو و قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی ئاین و فۆرمە سیاسییەکانی دەسەڵات و ناوەرۆکی بزاوتە کۆمەڵایەتییە مێژووییەکان. لەم «گفتوگۆ»یەدا کۆمەڵێک دیدی ڕەها و جەوهەرگەرا و نامێژوویی بەریەکدەکەون و بەزمانی ڕەسەن و ناڕەسەن و تۆمەت و تۆمەتکاری یەکتری دەدوێن. هیچکامێک لەم دووانە ڕووداوەکان بە ڕەوتی مێژوویی خۆیانەوە نابەستنەوە و هیچی یەکێکیان ناتوانن لەناو ئەو ڕەوتە مێژووییە تایبەتانەدا لە مانا و دەلالەتی شتەکان ڕامێنن. بەڵام بەر لەوەی بەردەوامبین و ئەم مەسەلانە بە درێژی باسبکەین دەبێت مەبەستمان لە چەمکی «جەوهەرگەرایی»، Essentialism، ڕوونکەینەوە. چونکە تێگەیشتن لەم چەمکە سەرەتایەکی گرنگە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی وێناکردنی کولتوور و فیکر و ماناکان لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا.

مەبەستمان لە «جەوهەرگەرایی» ئەو تەرزە تایبەتەی بیرکردنەوەیە کە بە بە دیاردە کۆمەڵایەتی و بەرهەمە ئینسانییەکان جەوهەرێکی سەربەخۆ و نەگۆڕ و نامێژوویی دەبەخشێت و نایانبەستێتەوە بەو ڕەوت و قۆناغ و پێدراوە مێژووییانەوە کە تیایاندا ئامادەن. جەوهەرگەرایی ئەو شێوازەیە لە بیرکردنەوەی نازانستی کە جەوهەرێکی جێگیر بە شتەکان دەبەخشێت و وەک نەگۆڕێک لە مێژوودا تەماشایاندەکات، لەم جۆرە بیرکردنەوەیەدا کۆمەڵگا و فیکر و ئایین و دیاردەکان جەوهەری نەگۆڕ و جێگیرن و تێپەڕینی کات و گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و هەڵبەز و دابەزی سیاسی و گۆڕانی کولتووری کاریگەرییان لەسەر ئەو جەوهەرە نەگۆڕە نابێت. لە سۆسیۆلۆژیای مەعریفەدا ئەم جۆرە تایبەتەی وێناکردن و بیرکردنەوە بە پرۆسەی «بەشتبوون»، التشيئ، Reification ناودەبرێت. (Berger en Luckmann 1967: 106) لەڕووی فەلسەفی و ئەبستمۆلۆژییەکەی پرۆسەی «بەشتبوون» بریتییە لەو پرۆسە فیکرییەی کە تێیدا ئەو شتانەی مرۆڤ لە ڕۆژگار و هەلومەرج و دۆخێکی مێژوویی تایبەتدا بەرهەمیاندەهێنێت، وەک شتی سروشتی نەگۆڕی دەرەوەی کات و دەرەوەی شوێن و دەرەوەی چالاکییە ئینسانییەکان نیشانبدرێن (هـ. س. پ.، ل ١٠٦). «بەشتبوون» بریتییە لە کردنی بەرهەمە ئینسانییەکان بە بەرهەمی سروشتی. لە پەیوەندیدا بە ئیسلامەوە دیدی جەوهەرگەرایی ئەو دیدەیە کە ئەم ئایینە وەک بەرهەمی ڕۆژگارێکی تایبەت و هەلومەرجێکی دیاریکراوی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فیکری نابینێت، بەڵکو وەک بوونێکی ڕەها و نەگۆڕ و هەمیشەیی وێنادەکرێت، بوونێک کە نە بە تێپەڕینی کات و نە بە گۆڕانی شوێن و نە بەهاتنەکایەی هەلومەرجی نوێوە هیچ گۆڕان و لادان و ژێرەوژووربوونەوەیەکی دەلالی بەسەردانایەت. لەم دیدەدا ئیسلام ئیسلامە لە ڕۆژی لەدایکبوونییەوە تا ئێستا و لە ئێستاشەوە تا کۆتایی جیهان، ئەو مانایانەی ئیسلام لە ئێستادا هەیەتی هەمان ئەو مانایانەن کە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر هەیانبووە. تێپەڕینی کات و گۆڕانی شوێن و جیاوازی ڕەوتە مێژوویی و سیاسی و کولتوورییەکان ئەم جەوهەرە نەگۆڕە دەسکاریناکات و سومبول و مانا و دەلالەتەکان وەک خۆیان دەپارێزرێن. ئەو ئیسلامەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بابەتی پێکدادانی فیکری عیلمانی و فیکری ئیسلامی سیاسییە هەڵگری ئەم کاراکتەرە ئەفسانەییە نەگۆڕەیە، ئەم دوو گروهە هەردووکیان هەڵگری دیدێکی جەوهەرگەران و هەردووکیان ئیسلام وەک پێدراوێکی نەگۆڕ و ئەبەدی ئەبینن، لەسەرەتاوە چۆن بووە و چ مانایەکی هەڵگرتووە و بە چ ئیشکالیەتێکەوە خەریکبووە، ئێستاش هەروایە و لە ئایندەشدا هەروا

دەمێنێتەوە. لەڕاستیدا ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ ئایین و کولتوور و کۆمەڵگا خراپترین و هەڵەترین شێوازی تێڕوانین و خوێندنەوەن و لەخانەی لێکۆڵینەوەی زانستیدا شوێنیان نابێتەوە.

لە کوردستاندا هەم عەلمانییەکانی لە بابەتی کاک مەلا بەختیار و هەم ئوسوڵییە ئایینییەکان، ئیسلام وەک نەگۆڕێک دەبینن، هەردووکیان بە لۆژیکی «بەشتکردنی» ئیسلام دەدوێن و لە دیدێکی جەوهەرگەراییەوە لە ماناکانی ئیسلام و پەیوەندی ئیسلام بە کوردەوە دەڕوانن، بەڵام بێگومان بۆ دوو مەبەستی سیاسی و ئایدیۆلۆژی جیاواز. یەکەمیان ئیسلام لەڕۆژی دروستبوونییەوە بە ئایدیۆلۆژیای داگیرکردن و نامۆکردنی کورد بە خۆی و بە کولتوور و کەلەپوری خۆی یەکساندەکات و ١٤٠٠ ساڵ دواتریش، دوای قبووڵکردنی تەواوەتی ئەم ئایینە لەلایەن زیاد لە نەوەد دەر سەدی خەڵکی کوردستانەوە، هەر وەک داگیرکەر و نامۆکەر و تێکدەری ڕەسەنایەتی دەیبینێت و هیچ گۆڕانێک لە سیفەت و مانا و ناوەرۆکە مێژووییەکەیدا نابینێت. ئەم هەڵوێستەش بەناوی عەلمانییەتەوە بە خەڵک دەفرۆشرێت. دووهەمیان هەر لەسەرەتاوە ئیسلام وەک ڕزگارکەرێکی گەورە لە تاریکی و جەهل و نەزانی وێنادەکات و وەک تاقە میتۆدی ڕاستەقینەی ژیان و مەعریفە و بوون پێشنیاریدەکات. ئەم دیدەیان، کە دیدی ئوسولییەکانی کوردستانە، سەرەڕای تێپەڕینی زیاد لە هەزار ساڵ بەسەر گەشەی فیکر و میتۆد و زانست و گۆڕانی فۆرمەکانی دەسەڵات و لەدایکبوونی دەیەها و سەدەها دیدی نوێ بۆ جیهان و کۆمەڵگا و مێژوو ئینسان، هێشتا هەمان ڕۆڵی فیکری و مەعریفی و ئینسانی بە ئیسلام دەبەخشێت و لەدۆخی ئێستای کوردستاندا وەک بنەمای ڕەسەنایتی پێشکەشیدەکات و دەیەها چاوەڕوانی لێداوادەکات کە لەتوانای هیچ ئایینێکدا نییە بەدیانبهێنێت. لەڕووی زانستییەوە، ئەم دوو دیدە، بەقەد یەک هەڵەن و لەڕووی فەلسەفییەوە یەک سەرچاوەیان هەیە و لە ڕووی لۆژیکییەوە یەک لۆژیک حوکمیان دەکات و بەقەد یەک بەشدارن لە نەفیکردنی هەر هەستێکی مێژوویدا کە ئایین و فیکر بە ڕەوتە مێژووییەکانەوە گرێدەدات. تاقە جیاوازیی نێوان ئەم دوو دیدە لەوەدایە کە یەکەمیان هەرچی سیفەتی خراپە ئەیداتە پاڵ ئیسلام و ئەویدیکەیان هیچ باشەیەک لەدەرەوەی ئیسلامدا نابینێت، یەکەمیان یەکسانی دەکات بە کارەساتێکی گەورە و دووهەمیان بە دەسکەوتێکی گەورە، یەکەمیان وەک بەڵا و لەعنەتێک دەیبینێت دووهەمیان وەک دیارییەکی خودایی. ئەم دوو دیدە منداڵی یەک لۆژیکی دابەشکردنی

جیهان و کۆمەڵگا و دیاردەکانن، هەردووکیان هەڵگری یەک وێناکردنی نادروست و ناڕاستی مێژوو و مەعریفە و ئایینن.

زۆربەی هەرە زۆری ئەو بۆچوون و حوکمانەی لە کتێبەکەی کاک بەختیاردا سەبارەت بە ئیسلام و ماناکانی ئیسلام ئامادەن سەر بەم لۆژیکی جەوهەرگەراییەن و لە ڕەوتی ئەو ململانێ سیاسییەدا ئامادەن کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا لەنێوان ئیسلامی سیاسی و نەیارەکانیدا ئامادەیە. کتێبەکەی کاک بەختیار نموونەیەکی باشی ئەو شێوە تێڕوانینە نامێژوویی و ناڕاست و نامەنهەجییەیە کە لە باتی لێکدانەوەی زانستی تۆمەت، لەباتی کاری میتۆدی حوکمی جوهەرگەرایی، لەباتی لۆژیکی ئەرگومێنتهێنانەوە، لۆژیکی حوکمدان و لەباتی بەستنەوەی دیاردەکان بە مێژووەوە بێنرخکردنی هەر دیدێکی مێژوویی، نیشانئەدات. کاک بەختیار ئیسلام بەسەرچاوەی زۆربەی هەرە زۆری کێشە کولتووری و فیکری و سیاسییەکانی ئێمە دەزانێت و وەک ئایینێکی نامۆ بە کورد و وەک هێزێک ڕەسەنایەتی لێدزیبێن و وەک داگیرکەرێک ڕۆح و خەیاڵی زەوتکردبێن، مامەڵەدەکات. بۆ سەلماندنی ئەم تۆمەتانەش بەڕێزی زەحمەتی ئەوەی نەکێشاوە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی بەرفراوان دەستپێبکات و بەڵگە و دەق ونموونەمان نیشانبدات، تێز و تیورە و میتۆدی زانستیمان بخاتە بەردەست و پێمانبڵێت بەپێی ئەم پێوەر و چەمک و تۆژینەوانە ئیسلام داگیرکردن و نامۆکردن و بێخودکردنی ئینسانی کوردە، لەم گۆشە نیگایەوە لەناوبردنی ڕەسەنایەتییە و لەوی تریانەوە وێرانکردنی کولتووری ئێمەیە و تا لەمەشیانەوە داگیکردنێی تەواوی خەیاڵ و ڕۆح و عەقڵی ئێمەیە. بەپێچەوانەوە کاک بەختیار بەزمانی بەیاننامە ڕۆژانەییەکانی حیزب، کە ئەرکی سەرەکییان هاندان و گڕنانی خەڵکە، شتەکانمان نیشانئەدات و حوکم لەدوای حوکم و بۆچوون لەدوای بۆچوون ڕیزدەکات. لەڕاستیدا ئەم زمانە سیاسییە ڕۆژانە و سادەیە وایلێکردوە بە دەیان هەڵەی فیکری گەورە گەورە بکات و قۆناغە جیاجیاکانی مێژوو و سەردەمە سیاسی و مەعریفی و فیکرییە جیاوازەکان و مێژووی زیاد لە هەزار ساڵ لەمەوبەر بەئێستا و بەیەکدی، تێکەڵبکات. لەم ڕەوتەدا ڕۆژگاری ناسیۆنالیزم بە بە دەوارنشینی سەرەتایی، قۆناغی سەرمایەداری بە سەردەمی بەر لە سەرمایەداری، بەرهەمکانی مۆدێرنە بە بەرهەمەکانی بەر لە مۆدێرنە، ئەبستمۆلۆژیا بە مێژوو، ڕەگەزپەرستی دوای لەدایکبوونی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیا بە شەڕە ئایینییە کۆنەکان، تێکەڵدەکات و سنوور و دابڕان و لێکجیاییەک لەنێوان ڕابوورد و ئێستا و ئاییندەدا نابینێت. لەم فەوزا فیکری و میتۆدییەدا کاک بەختیار

بێئەوەی بەخۆی بزانێت ١٤٠٠ ساڵ قوڵایی مێژوویی بەو هێزە ئیسلامییانە دەبەخشێت کە تەمەنی سیاسیان لە بیست ساڵ تێپەڕناکات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم هەڵە کوشندەیە خوێنەر دەتوانێت بۆ وتاری «ئیسلامی سیاسی و مۆدێرنە»ی من بگەڕێتەوە کە لە گۆڤاری ڕەهەندی ژمارە ١٣ بڵاوبۆتەوە.

لەمەش بترازێت کاک بەختیار شەڕێکی وەهمی گەورە و بێکۆتایی ترسناک لەنێوان ئیسلام و کوردا پێشنیاردەکات و بە ڕەهایی کوردبوون لە ئیسلامبوون و ئیسلامبوون لە کوردبوون دادەبڕێت. لەسەرێکەوە مانای ئیسلام لە مێژووی ئێمەدا لەفۆرمی خراپەکارییەکی ڕەهادا نیشانئەدا و لەسەرێکی دیکەوە ئەوە پێشنیاردەکات گوایە ئەوەتەی کورد هەیە لە فۆرمی بەرگری کولتووریدا کوردبوونی خۆی دژ بە ئیسلام و ئیسلامبوون ژیاوە و دەژی. لای کاک بەختیار کوردبوون جەوهەرێکی هەیە کە یەکسانە بە (ئیسلام ـ نە ـ بوون) و ئیسلامیش جەوهەرێکی هەیە کە یەکسانە بە (نامۆبوون ـ لە ـ کوردبوون). لای ئەم بەڕێزە وەکچۆن کوردبوون بە درێژایی مێژوو هەوڵدانە بۆ ڕزگاربوون لە ئیسلامبوون بەهەمانئەندازە ئیسلامبوون یەکسانە بە داگیرکاردنی کوردبوون. بێگومان ئەوەی کەمەکێک بەدیدێکی زانستییەوە لە مێژوو و قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان بڕوانێت، بەئاسانی هەڵەی ئەم جۆرە گشتگیرییە سادانەی بۆدەردەکەوێت.

هەموو کوردێک خۆی بەهەڵەدا نەبات ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت کە ئیسلام، دوای چەسپاندنی لە کوردستاندا، بۆتە سەرچاوەی دروستبوونی نوخبەیەکی خوێندەواری گرنگ و ڕۆشنبیرە گەورەکانی کۆمەڵگای ئێمە بە درێژایی چەندان سەدە موسڵمان بوون. کردنی ئیسلام بە داگیرکەر مانای کردنی هەموو خوێندەوارەکانی مێژووی ئێمە بە نۆکەری داگیرکەران، لە بابەتاهیری هەمەدانییەوە تاسەر مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، بەتێپەڕین بەو هەزاران هەزار مەلا و فەقێ و زانا ئایینییانەدا کە مێژووی ڕۆحی و فیکری و کولتووری ئێمە لە ڕەوتی گەشەکەردنی خۆیدا بەرهەمیهێناون. ئاخر ئەمانە خوێندەوارە گەورەکانی ئەو قۆناغەی مێژووی ئێمەن کە تێیدا فانتازیا و عەقڵ و مەعریفیەی ئایینی باڵادەستە و تەوحید، مۆنۆتیسم، شێوازی ئایینی سەردەستە و بە گوتەی میشێل فۆکۆ «ئەبستیمی ئایینی» سەروەرە. جگە لەمە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، ئیسلام، لە فۆرمی سەرکردەی ئایینی و بونیادی ڕێکخراوەیی و هەستی دادپەروەریدا ڕۆڵێکی گرنگی لە بەهێزبوونی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بینیوە، سەرکردە سیاسییەکانی

کورد تا سەر قازی محەمەد و شێخ عیزەدینی حوسەینی موسڵمانی باوەڕداربوون، بیرۆکەی شەهید و شەهادەت، کە وزەیەکی خوێنینی بە ناسیۆنالیزمی کوردی بەخشیوە، لە جەوهەردا بیرۆکەیەکی ئیسلامییە و لەناو تێڕوانینی ئیسلامەوە بۆناو جیهانە ئەخلاقی و ویژدانییەکەی ناسیۆنالیزمی کوردی گواستراوەتەوە. تۆڕی ڕێکخراوەیی تەریقەتەکان و مزگەوت و دیدی تایبەتی زۆر مەلا و مامۆستای ئایینی ڕۆڵی گرنگیان لە مانەوە و بەهێزبوونی بزوتنەوەی نەتەوەیی کوردیدا بینیوە. بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی ئەم پەیوەندییەی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردی بڕوانە هەمان ووتاری «ئیسلامی سیاسی و مۆدێرنە»ی من کە لە گۆڤاری ڕەهەندی ژمارە (١٣) بڵاوبۆتەوە.

بەدیوی ئەودیویشدا کوردبوون خۆی دیاردەیەکی سروشتی و خوداکرد و کۆن نییە، بەڵکو دیاردەیەکی نوێیە و وابەستەی لەدایکبوون و بەهێزبوون و گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردییە. ئەو تێگەیشتنەی ئەمڕۆ بۆ کوردبوونمان هەیە تەنانەت لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بوونی نەبووە، چجای ڕۆژگاری سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە وڵاتی ئێمەدا کە زیاد لە هەزار ساڵ لە دوامانەوەیە. تێگەیشتنی ئەمڕۆمان بۆ کوردبوون، وەک چوارچێوەی سەرەکی شوناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعی، وابەستەی گەشەی ناسیۆنالیزمی کوردییە لە سەدەی بیستەمدا. بەبێ ئەم ناسیۆنالیزمە ئەو تێگەیشتنەی ئەمڕۆکە بۆ کوردبوونمان هەیە دروستنەدەبوو. کوردبوون پێدراوێکی بایۆلۆژی نییە بەڵکو پێدراوێکی مێژووییە. ئەوەی ئێمە ئەمڕۆکە هەمووومان وەک کورد لە دایکدەبین و وەک کورد دەمرین و کوردبوون دەکەینە چوارچێوەی شوناس و وێناکردنی تایبەتی خۆمان و کۆمەڵگاکەمان، بەرهەمی مێژووی هاوچەرخی ئێمەیە، بەرهەمی کۆی ئەو گۆڕانە گەورەگەورانەیە کە لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابردوودا لە چوارچێوەکانی بەرهەمهێنانی شوناس و مانا و سیاسەتی «خودپێناسی» و «ئەویدیپێناسیدا» ڕوویانداوە، نەک ڕاستییەکی بایۆلۆژی کە هەزاران هەزار ساڵ لەگەڵماندا ئامادەبێت. با دوور نەڕۆین، شاعیرێکی گەورەی وەک نالی لە سەدەی نۆزدەهەمدا دەبوایە بەرگری لەوەبکات بە کوردی بنووسێت، دەبوایە بە کوردینووسین لە تۆمەتی نادانایبوون جیاکاتەوە، لەکاتێکدا بەکوردینووسین لەمڕۆدا نەک بۆ ڕۆشنبیرانی ئێمە بەڵکو بۆ منداڵانی کوردستان وەک پێدراوێکی سروشتی لێهاتووە. لە سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا ئینسانی کورد وەک کورد لە دایک نەبووە، ، مەبەستم مانا نەتەوەییەکەی کوردبوونە، بەڵکو وەک ڕەعیەتی سوڵتان و

موسڵمان و «عوسمانی» و بابانی و جەزیری و بۆتانی و ئاردەڵانی لەدایکدەبوو. لەو ڕۆژگارەدا کوردبوون چوارچێوەی باڵادەستی شوناسی تاکەکەسی و دەستەجەمعی نەبووە، ئایین شوناسی زاڵبووە و ئیسلامبوون چوارچێوەی ئەو شوناسە بووە و ئیمپراتۆریەت ئەو یەکە سیاسییە بووە کە هێزە جیاجیاکانی بەیەکەوە کۆکردۆتەوە. لە ئاستی لۆکاڵیشدا ئینتیما بۆ خێڵ و ناوچە و تەریقەت و شێخ و ئاغا و ئەمیر و ئیمارەت بە هیچ مانایەک ئینتیمایەکی نەتەوەیی نەبووە و ئەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کورد لەو سەردەمانەدا هەیبووە بەشێبووە لە پێکهاتی ناوەکی سیستمی ئیمپراتۆریەت خۆی و هەڵقەیەک بووە لەو سەدان دەسەڵاتە لۆکاڵییانەی لە بەشە جیاوازەکانی ئیمپراتێۆرییەتی عوسمانیدا ئامادەبووە. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت بەرگری لێبکەم گەڕاندنەوەی لانیکەمی دیدی مێژووییە بۆ تەماشاکردنی مێژوو جیهان و دیاردەکان، بەستنەوەی هەر قۆناغێکە بە پێدراوە تایبەتییەکانی خۆیەوە و بینینیەتی لە چوارچێوە مێژووییە تایبەتەکەی خۆیدا، نەک سەپاندنی وێنەکانی ئێستا بەسەریدا و موحاکەمەکردنی لەژێر کاریگەری خەیاڵ و عەقڵ و ئەفسانەکانی ئێستادا.

سەرەڕای ئەم ڕاستییانە هەوڵدانی گەڕاندنەوەی کورد بۆ «ڕەسەنایەتی»ەکی گریمانکراوی بەر لە ئیسلام، کە زۆرجار مەبەست زەردەشتییەتە، لەڕووی کولتوورییەوە هەوڵدانێکی ترسناکە. جەوهەری ئەم هەوڵدانە نووقمکردنی کۆمەڵگای کوردی سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمە لەناو بۆچوونی خورافییانەی کۆمەڵگایەکی کوشتوکاڵیی بەر لە دوو هەزار ساڵ لەمەوبەردا، کە یاسای سەرەکی تێیدا غەیبانیەت و دوالیزمی ئایینی و پۆلینێکی سادە و ساکاری جیهانە بۆ هێزی تاریک و هێزی ڕووناک، خراپ و باش، لەگەڵ من و دژی من، کە سەرلەبەری ناکۆکە بە سەرەتایترین پرنسیپە فەلسەفی و سیاسییەکانی دیموکراسییەت کە لەسەر ڕێزگرتنی جیاوازی و ناکۆکی و ئاڵۆزی و فرەدەنگی و فرەڕەنگی دەژی. لەڕووی سیاسیشەوە یەکسانکردنی ئیسلام بە نامۆبوون و داگیرکردن و ناکوردبوون، دڵشکانی ئەو چەند ملیۆن کوردە موسڵمانەی لێدەکەوێتەوە کە کوردبوون و ئیسلامبوون دوو ڕەهەندی گرنگی شوناسی تاکەکەسی و کۆییانە و نایەنەوێت بیرو بۆچوون و ئەزموونی ئایینیان وەک ئایدیۆلۆژیایەکی داگیرکەرانە پێناسبکرێت. ئەوەی لەم تێڕوانینەی کاک بەختیاردا شوێنی سەرنجە ئەوەیە بەڕێزی ئەوەی لەیادکردوە کە خۆی لەسەرکردایەتی هێزێکدا کاردەکات کە بە هەزاران ئەندام و لایەنگر و شەهیدی هەیە لە قووڵایی دڵیانەوە ئیسلامن و ئیسلامبوون و باوەڕی تەواویان بە پەیامە ئایینی و ڕۆحییەکەی ئیسلامە.

لەڕاستیدا کاک بەختیار لە دژایەتیکردنی ئیسلامدا کەوتۆتە هەڵەی واوە تا ئێستا هیچ خوێندەوار و نووسەرێکی کورد تێینەکەوتون. بەڕێزی نەهاتووە ڕەخنە لە ئایین بگرێت لە پەیوەندیدا بە واقیعی ئێستاوە، پەنا بۆ هیچ چەمکێکی سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و فەلسەفەی ئایین نابات و بەدوای ڕۆڵی ئایین، چ بەباش و چ بەخراپ، لە کۆمەڵگای ئێمەدا ناگەڕێت، ئەو نایەت ئایین وەک دەزگا و وەک هێزی کۆمەڵایەتی و وەک جیهانبینی و وەک خەیاڵ و وەک بەشێک لە تیورەی مەعریفە و وەک سیستمێکی مۆراڵی تەماشابکات و لێیبکۆڵێتەوە. ئەو نەهاتووە ئیسلام گرێدات بە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی ئێمەوە و لەهەر سەردەمێکدا کارەکتەر و ئەرک و ڕۆڵە جیاوازەکانی دەستنیشانکات. بەڕێزی لەباتی ئەمانە قسەی ڕۆژانە بە ئیسلام دەڵێت و بە داگیرکەر و نامۆکەر ڕەگەزپەرست و توندڕەو و شتی دیکەی لەم بابەتەی لەقەڵەمئەدات.

## 3 ـ تێکەڵاوکردنی ناسیۆنالیزم و دەوارنشینی (بەداوەت) بەیەکدی

کاک بەختیار بەمجۆرە باس لە ئیسلام دەکات: «بە حوکمی سیستەمی بیرکردنەوەی ئیسلام و بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانی دەسەڵاتی باڵادەستی عەرەبی لەناو ئیسلامدا، قەلەمڕەوە جیاجیاکانی ئیسلام لە ناو عەرەبدا، لە ناو خەلافەتی ئیسلامیدا، چەند لەناو خۆیاندا ناکۆک بوبن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ پاراستنی پایەی ناسیونسالیزمی عەرەب هاوپێناوبوون، هەر بەم پێیەش لە بەرابەر نەژادەکانی دیکەی ناعەرەب، سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی ڕەقیان گرتۆتەبەر». (مەلا بەختیار، ل ١٩)

وەک دەبینین کاک بەختیار لەو چەند دێڕەی سەرەوەدا بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر ناسیۆنالیزم و ئیسلام، مێژووی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و مێژووی سەرەتاکانی ئیسلام، بەرژەوەندییەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و پەلامارە سەرەتاییەکانی ئیسلام بەیەکدی تێکەڵدەکات. بەڕێزی بە شێوەیەکی هێجگار سەیر بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی، کە بەرهەمی کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمە، بۆ ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێنێتەوە.بەم کارەشی هەموو ئەو شتانە بەیەکدی تێکەڵدەکات کە تێکەڵنکارێن. خوێنەر دەتوانێت بۆ شارەزابوونی زیاتر لە سەرەتاکانی پەیدابوونی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای

سەدەی بیستەمدا بۆ ئەو کتێبە گرنگە بگەڕێتەوە کە زین نورالدین زین بە ناونیشانی «سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی» نووسیویەتی. (زین نورالدین زین ١٩٧٩)

لەڕووی زانستییەوە ئیسلام و ناسیۆنالیزم، کە زادەی دوو ڕۆژگار و دوو سیستمی فیکری و مەعریفی و خەیاڵی جیاوازن، بەیەکدی تێکەڵناکرێن و ئەم تێکەڵکردنە لە دیدی زانستییەوە کوفرێکی مەعریفی گەورەیە. کاک بەختیار ناتوانێت جیاوازییەک ببینێت لەنێوان قۆناغی دەوارنشینیدا، کە چوارچێوەی لەدایکبوون و بڵاوبوونەوەی ئیسلامە، لەگەڵ قۆناغی ناسیۆنالیزمدا، کە ئایدیۆلۆژیای سەرەکی سەردەمانی مۆدێرنە و بنیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیی و هاتنەکایەی سیستمی سەرمایەدارییە. قۆناغی دەوارنشینی و قۆناغی مۆدێرنە دوو سەردەمانی تەواو لێکجیاوازن و هەریەکێکیان هەڵگری کێشە و توانا و خەون و مانا و چاوەڕوانی تایبەتن. لەنێوان قۆناغی دەوارنشینی و قۆناغی مۆدێرنەدا قۆناغێکی دیکەی هەزارانساڵی لەئارادایە کە قۆناغی ئیمپراتۆریەتە فرە ئایینی و فرە ئەتنی و فرە کولتوورییەکانە. کاک بەختیار ئەم قۆناغە درێژە هەزاران ساڵییە نابینێت، ئەو بەلۆژیکی ناسیۆنالیزمی سەدەی بیستەم تەماشای دەوارنشینی و ئمپراتۆریەتە گەورەکانی مێژوو دەکات و سیستمی مانا و ڕاڤە و وێناکردنەکانی ناسیۆنالیزم بەسەر ئەو ڕۆژگارە کۆنانەدا دەسەپێنێت و شێوازی تایبەتی هەریەکێکیان لە چۆنیەتی ڕێکخستنی سیاسەت و کولتوور و مەعریفەدا بەیەکدی تێکەڵدەکات.

بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم هەڵانەی کاک بەختیار ناچارین بچینەوە سەر دیاردەی ناسیۆنالیزم و دەستنیشانکردنی ڕۆژگاری پەیدابوون و بڵاوبوونەوە و باڵادەستبوونی. ئەو پرسیارەی لێرەدا دەبێت وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە: ئایا ناسیۆنالیزم، وەک دیاردەیەکی سیاسی و کولتووری و مەعریفی، وەک چوارچێوەیەک بۆ شوناسی تاکەکەسی و دەستەیی، وەک جۆرێکی تایبەتی خەیاڵی سیاسی و عەقڵانیەتێکی تایبەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا، کەی لەدایکبووە و لە چ جۆرە کۆمەڵگایەکدا هاتۆتە کایەوە و لەکام قۆناغی مێژوویدا بەرجەستەبووە؟ ئایا ڕاستە ئیسلامی دورگەی عەرەبی بەر لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر ئایدیۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی بووە؟

زۆربەی زۆری تیورە تازە و کۆنەکانی ناسیۆنالیزم ئەو ڕاستییە سادەیەمان نیشانئەدەن کە نەتەوە و فیکری نەتەوەیی بەرهەمی ڕۆژگاری مۆدێرنەن. هەم ئێرنست گێڵنەر و هەم بەندیک ئەندرسۆن و هەم ئێریک هۆبزباوم، کە گرنگترین سێ تیوریستی هاوچەرخی ناسیۆنالیزمن، ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە ناسیۆنالیزم دیاردەی ڕۆژگاری

مۆدێرنەیە، ئەم سێ زانایە لە نووسینەکانیاندا بە ووردی نیشانیئەدەن کە لەدەرەوەی هەلومەرجە تەکنیکی و کۆمەلایەتی و ئابووری و کولتوورییەکانی مۆدێرنەدا شتێک نەبووە ناوی ناسیۆنالیزم بێت و شتێک نەبووە ناوی نەتەوەبێت، نەتەوە و ناسیۆنالیزم منالّی ئەم قۆناغە نوێیەی مێژووی مرۆڤایەتین (Hobsbawm 1990, Anderson 1991, Gellner 1994) . گیلّنەر دەلّێت ناسیۆنالیزم بەرهەمێکی حەتمی مۆدێرنەیە، دەرنجامی شێوازی پەیوەنیدکردن و ئیشکردن و خۆرێکخستنی ئابووری مۆدێرن و دەزگا و دامەزراوە گەورەکانی کۆمەلّگای مۆدێرنە، وەک قوتابخانە و کارخانە و لەشکر و... هتد کە بەسەریەکەوە ڕۆلّی ماشێنێکی گەورەی هاوشێوەکردن و ئامێزانکردنی بەش و هێزە جیاواز و لێکدابڕاوەکانی کۆمەلّگا لە گشتێکی گەورەدا دەبینن. ئەندرسۆن ناسیۆنالیزم دەبەستێتەوە بە «کاپیتالیزمی چاپەوە»، واتە بە ڕۆژگاری داهێنانی ماشێنەکانی چاپ و بەرهەمهێنانی بەرفراوانی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێب و بلاوکراوەی نووسراوەوە، بەباوەڕی ئەندرسۆن کاپیتالیزمی چاپ خەیالّێکی نوێ دروستدەکات کە جیاوازە لە خەیالّی ئیمپراتۆری و خەیالّی ئایینی و خەیالّی ئەو گروهە لۆکالّییە بچووکانەی کە لە قۆناغەکانی بەر لە مۆدێرنەدا وەک چوارچێوەی شوناس ئامادەبوون. هۆبزباومیش بەدوای گیلّنەردا دەلّێت ناسیۆنالیزم نەتەوە دروستدەکات و ڕۆژگاری لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمیش دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم. (Hobsbawm 1990: 10) یەکەمین هەولّەکانی لێکۆلّینەوەی دیاردەی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە فیکری ئەوروپیشدا دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی جۆن ستیوارت میل و ئارنست ڕێنان کە هەردوکیان لەسەدەی نۆدهەمدا ژیاون، دواتر کۆمەلّێک لە مارکسییەکانی وەک کارل کاوتسکی و ئۆتۆ باوەر و لینین و ستالین دێنەکایەوە و دوای ئەوانیش هەولّەکانی کارلتۆن هاینز و هانز کون و کارل دویتش و ئەوانی دی (بول سالم، ١٩٩٥: ل ٤).

سەیر لەوەدایە کاک بەختیار لەسەرێکەوە دەلّێت تائێستاش باوەڕی بە فیکری دیالێکتیکی هەرماوە و بێوچان خەباتیشی بۆ دەکات، کەچی لەوسەرەوە ئەو ڕاستییە سادەیەی لەبیرچۆتەوە کە فیکری دیالێکتیکی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم بە قۆناغی سەرمایەداری و هاتنەکایەی مۆدێرنە و گەشەکردنی کۆمەلّگای بۆرژوازییەوە دەبەستێتەوە، نەک بەسەردەمی دەوارنشینی خێلّە کۆچەری و تەریکەکانی ١٤٠٠ سالّ لەمەوبەر. مارکس و نوێنەرەکانی دیکەی فیکری دیالێکتیکی باوەڕیان وایە کە بەبێ بازاڕی سەرمایەداری هاوبەش ناکرێت بیر لە نەتەوە و فیکری نەتەوەیی بکەینەوە و

ناسیۆنالیزم داهێنراوێکی بۆرژوازیانەیە و دەرەنجامی ویست و ئامانج و سود و قازانجەکانی بۆرژوازییە. هەموو خوێنەرێکی سادەی فیکری دیالێکتیک ئەو ڕاستییە سەرەتاییە فێربووە کە بۆرژوازییەت بەهیچ مانایەک ڕێی نەکەوتۆتە دورگەی عەرەبی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە و سیستمی سەرمایەداری بەهیچ مانایەک سیستمی باڵادەستی ناو دورگەی عەرەبی سەردەمانی ئیسلام و خێڵە دەوارنشینەکانی ئەو ڕۆژگارە نەبووە. سەرمایەداری پێویستی بەهێزی هەڵم و خەڵوز و ئامێر بوو بۆ لەدایکبوون، هێزی سەرەکی دورگەی عەرەب هێزی حوشتربوو، ئیدی ئیسلام چۆن بوو بە بناغە و ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی، چۆن ئەم دینە هەر لەسەرەتاوە بووە پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی و چۆن بەرگری لە بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانی عەرەب کردوە، ئەوا «دیالێکتیک» ەکەی کاک بەختیار، وەڵامێکی زانستییانەمان ناداتەوە. دەڵێم دیالێکتیکەکەی کاک بەختیار و جیای دەکەمەوە لە دیالێکتیکی کەسانی دی، چونکە دیالێکتیکی مارکس، بۆ نموونە، وەڵامەکەی وەک ڕۆژی ڕووناک ئاشکرایە: بەپێی ئەم دیالێکتیکە نە ئیسلام ناسیۆنالیزمە، نە دورگەی عەرەبی ١٤٠٠ ساڵ لە ڕۆژگاری سەرمایەداری و مۆدێرنەدا ژیاوە و نە پەلامارەکانی ئیسلام بۆ دەرەوەی خۆی پەلاماری ناسیۆنالیستین و نە دەوارنشینە کۆچەرییەکانی مەکە و مەدینە و حەزرەمۆت بۆرژوازی بوون. بەکورتی کاک بەختیار دەیەوێت بیسەلمێنێت کە ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی یەک شتن و ڕەفتاری ئیسلام هەر لە سەرەتاوە و لەگەڵ دابەزینی ئایەتەکاندا لە ئەشکەوتی حەڕادا ڕەفتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبییە و ئیسلام ڕێک ئایدیۆلۆژیای دێرینی ئەم ناسیۆنالیزمەیە. ئەمەش نەک هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵکو کوفرێکی مەعریفییە و تێکەڵکردنێکی ناڕاستی قۆناغ و سەردەم و ڕۆژگارە جیاوازەکانە بەیەکتری.

با جارێکی دیکە سەرنج لەو چەند دێرە بدەینەوە کە کاک بەختیار تیایاندا باس لە پەیوەندی نێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزم دەکات: «بە حوکمی سیستەمی بیرکردنەوەی ئیسلام و بەرژەوەندییە ناسیۆنالیستییەکانی دەسەڵاتی باڵادەستی عەرەبی لەناو ئیسلامدا، قەلەمڕەوە جیاجیاکانی ئیسلام لە ناو عەرەبدا، لە ناو خەلافەتی ئیسلامیدا، چەند لەناو خۆیاندا ناکۆک بوبن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ پاراستنی پایەی ناسیۆنالیزمی عەرەب هاوپێناوبوون، هەر بەم پێیەش لە بەرابەر نەژادەکانی دیکەی ناعەرەب، سیاسەتێکی ناسیۆنالیستی ڕەقیان گرتۆتەبەر» (مەلا بەختیار، ل ١٩).

ئەم جۆرە قسەکردنە ڕاشکاو و بێترسە لەسەر ناسیۆنالیزم لەو ڕۆژگارە دێرینەدا

قسەکردنێکی سەیر و بێبناغەیە و لە هیچ کتێبێکی دونیادا نەبووە و نییە، ئەو دیاردانەی کاک بەختیار لە مێژووی ئیسلامدا باسیان دەکات بە عەسەبییەت و قەبیلەگەرایی و خزمخواهی ناوزەدکراون و یەک کتێبی زانستی نییە ئەو دیاردانە بە دیاردەی چەوساندنەوە و هەلاویردنی نەتەوەیی لێکبداتەوە. وێنەی ڕابردووی ئیسلام وەک ڕابردوویەکی نەتەوەیی، وێنەی فاشییەتی عەرەبە بۆ ئەو ڕابردووە، ئەوە فاشیەتی عەرەبە کەسێکی وەک سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس دەکاتە پاڵەوانێکی ناسیۆنالیستی و شوناسی لە پیاوێکی ئایینییەوە دەگۆڕێت بۆ پیاوێکی ناسیۆنالیستی. ئەمە ئەو وێنە و ئەفسانەن کە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەسەدەی بیستەمدا، بەتایبەت باڵە فاشییەکەی ئەم ناسیۆنالیزمە، پێویستی پێیەتی بۆ بەرهەمهێنانی وێنەیەک بۆ خۆی وەک ناسیۆنالیزمێکی دوورمێژوو و خاوەن قووڵایی. لەمەش بترازێت نیشاندانی مێژووی ئیسلام وەک مێژوویەکی ناسیۆنالیستی عەرەبی کە تێیدا عەرەب لە دیدێکی ناسیۆنالیستییەوە لەبیری سەپاندنی قازانجە نەتەوەییەکانی خۆیاندا بووبن، بازدانە بەسەر ئەو هەموو ناکۆکی و شەڕ و کوشتارە خوێناویانەدا کە لە نێوان خێزان و خێڵ و قەبیلە عەرەبییەکاندا ڕوویداوە. لەزۆر ڕووەوە مێژووی خەلافەت مێژووی ناکۆکی و یەکدی کوشتن و شەڕی دەستەگەریی نێوان خێڵ و لایەن و گروپە بچووکەکانی ناو ئیسلامە، لە یادمان نەچێت لە چوار خەلیفەکەی ئیسلام، کە بە حیسابی ئوسوڵییەکانی ئەمڕۆ مێژوویەکی زێڕینیان بەرهەمهێناوە، سیانیان لە کێشمەکێشی خێڵەکی و دەسەلاتگەریی ناوخۆدا کوژراون.

فەیلەسوفی مەغریبی، محەمەد عابد جابری، کاتێک باس لە عەقڵی سیاسی عەرەبی و ئیسلامی دەکات، باس لە نەتەوە و ناسیۆنالیزم و بەرژەوەندی نەتەوەیی ناکات. ئەو لە کتێبە گرنگەکەیدا کە ناوی (ڕەخنە لە عەقڵی سیاسی)ـە، سێ پێکهێنەری گرنگی عەقڵی سیاسی ئیسلامی لەیەکدی جیادەکاتەوە کە بریتین لە: فاکتەری، خێڵ واتە قەبیلە، فاکتەری، باوەڕ واتە عەقیدە، فاکتەری تالانی واتە غەنیمە. جابری دەڵێت ئەوەی عەقڵی سیاسی ئیسلامی لە سەرەتاکانیا دەستنیشاندەکات ئەم سێ فاکتەرەن، ئەم سێ هێزەن لەناوەوەڕا ئەم عەقڵە ڕێکدەخەن و بەرپێوەیدەبەن و میکانیزمەکانی کارکردنی دەستنیشاندەکەن (الجابری ١٩٩٠). جابری لەو کتێبەدا بەردێژی دەستنیشانی ئەوە ئەکات چۆن لە ساتەوەختە جیاجیاکانی مێژووی ئیسلامدا هەرجارەی یەکێک لەم فاکتەرانە لەوانی دیکەیان بەهێزتر و گرنگتر و کاریگەرتربووە. بۆ نموونە لە ڕۆژگارە سەرەتاییەکانی ئیسلامدا، ئەوکاتەی کە موسڵمانەکان لەڕووی

ژمـارەوە کـەمـبـوون و لـەڕووی کـۆمـەڵایـەتـیـیـەوە لـەبـەردەم هـێـرشـی بـەردەوامـی قورەیشییەکاندا بوون، عەقیدە لە لایەنەکانی دیکە بەهێزتر بووە. لەڕێی باوەڕی تەواوەوە بە عەقیدە ئەم گروهە سەرەتایی و لاوازە توانیویەتی یەکێتی ڕیزەکانی خۆی بپارێزێت و لەژێر ئەو هەلومەرجە سەخت و دوژمنکار و نایەکسانەدا بمێنێتەوە. بەڵام لە قۆناغی فتوحاتدا، تالانی واتە غەنیمە، لە عەقیدە گرنگترە و غەنیمە پاڵنەری سەرەکی پەلامارەکانی ئیسلام بووە بۆ دەرەوەی دورگەی عەرەبی. لەو کاتانەشدا کە دەکرا پێغەمبەر دەستیبۆبرێ و سنوورێک بۆ کارەکانی دابنرێت ئەوەی ڕێی بەم کارە کردوە و پێغەمبەری لە دەستدرێژیکردن پاراستوە، فاکتەری قەبیلە بووە، واتە ئیتیمای ئەو بووە بۆ خێڵی قورەیش کە خێڵێکی بەهێز و تەوانا و دەسەڵاتداربووە، لەوکاتانەدا خێڵ، واتە قەبیلە، لە دوو فاکتەرەکەی دیکە گرنگتربووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە دەرکردنی بڕیاری سیاسیدا بینیوە. بە مانایەکی دیکە گەر پێغەمبەر سەر بە خێڵی بەهێز و دەسەڵاتداری قورەیش نەبوایە دەکرا زوو لەناوبرایە و ئەوەی دەیهێڵێتەوە ئەو ئینتیما خێڵەکییەیە.

بێگومان ئامادەگی هەر یەکێک لەم فاکتەرانە مانای غیابی ئەوانی دیکەیان نییە، بەڵام لە هەر ساتێک لە ساتەکانی گەشەکردن و دروستبوونی عەقڵی سیاسی ئیسلامیدا یەکێکیان بەسەر ئەوانی دیکەیاندا یان دووانیان بەسەر سێهەمیاندا باڵادەستبووە. بەمجۆرە جابری کە لە سەرەتاکانی ئیسلام و سەردەمانی فتوحات و لەدایکبوونی عەقڵیەتی سیاسی عەرەبی و ئیسلامی ئەدوێت بەهیچجۆرێک باس لە چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم ناکات. جابری وەک کاک بەختیار نییە، ئەو دەزانێت باسی چ سەردەم و ڕۆژگار و ئیشکالیەتێک دەکات، سەردەم و دیاردە و ڕووداوەکان بە لۆژیکی ئەمڕۆکە ناخوێنێتەوە و بەیەکدیان تێکەڵناکات، جابری بە دەزگایەکی چەمکی لەسەر سەرەتاکانی ئیسلام ئەدوێت کە تایبەتە بە پێدراوە سەرەکییەکانی ئەو ڕۆژگارە، نەک بە زمانی نەتەوە ناسیۆنالیزم و قازانجی نەتەوەیی قسەبکات کە زمان و چەمکی سەردەم و ڕۆژگارێکی دیکەن.

گومانی تیا نییە هەموو ناسیۆنالیزمێک بەدوای کۆمەڵێک ئەفسانە و ڕەچەڵەکی دێرینی مێژوویدا دەگەڕێت، گەر نەشیبێت، وەک هۆبزباوم دەڵێت، دایاندەهێنێت. هەر ناسیۆنالیزمێک چەندان ڕووداو و ترادیسیۆن و ئەفسانە دادەهێنێت کە قووڵاییەکی مێژوویی بە بوونی خۆی و بە تێزە فیکری و ئایدیۆلۆژییەکانی ئەدات. Hobsbawm)

and Ranger 1983) بۆ نموونە ناسیۆنالیزمی کوردی ڕەگەکانی خۆی دەباتەوە بۆسەر کاوەی ئاسنگەر و دەسەڵاتداریێتی میدیا، بەڵام چ نوکتەیەکی گەورەیە گەر بڵێین دەسەڵاتداریێتی میدیا دەوڵەتی نەتەوەیی کوردییە و ئایینی زەردەشتیش ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی کوردییە. ئەم مێژوو و ترادیسیۆن دروستکردنە و ئەم قووڵایی خواستنە لە ڕابووردوی دوور بەشێکە لە شێوازی کارکردنی خەیاڵی ناسیۆنالیزستانە کە زۆر دواتر لەدایکدەبێ و لەوێوە تەماشای دواوەی خۆی دەکات و لۆژیکی تازەی خۆی بەسەر جیهانی بەر لەخۆیدا دەسەپێنێت. هەر لە ڕەوتێکی وادایە ڕێنان و ئەندرسۆن و زۆرانی دیکە باس لە سیاسەتێکی تایبەتی یاداوەری دەکەن و ناسیۆنالیزم بە کۆمەڵێک سیاسەتی تایبەتی یادهێنانەوە و یادچوونەوەوە گرێدەدەن کە تێیدا سەروەری نەتەوەیی دێرین دادەهێنرێ و ناپاکییە گەورەکانیشش دادەپۆشرێن. Anderson) (1991 کردنی ئیسلام بە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەفسانەیەکە لە ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبی خۆی، نەک ڕاستییەکی مێژوویی. وەک چۆن ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بە بەرزانی دەڵێن، نەوەی کاوەیە و لەم ڕێیەوە ڕەهەندێکی ئەفسانەیی و ناسیۆنالیستی دەدەنە کەسایەتی بارزانی و مێژوویەکی دوو هەزار ساڵی بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی دروستدەکەن، بەهەمانشێوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی پاڵەوانەکانی ئیسلام دەکاتە پاڵەوانەی نەتەوەیی و خالیدی کوڕی وەلید دەبێتە باپیرە گەورەی جەمال عەبدول ناسر و سەدام حوسەینیش دەچێتەوە سەر سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس. لە ڕاستیدا هیچ بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیزمی نییە پێویستی بە ئەفسانە و میتۆلۆژیا نەبێت. ناسیۆنالیزم بەبێ ئەفسانە ناژی و هەموو بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستیش کۆمەڵێک مێژوونووسی هەیە کە ساختەکاری لە مێژوودا بۆ دەکەن و ئەفسانەی نەتەوەیی بۆدروستدەکەن.

سەرزەمینی سەرەکی بەرهەمهێنانی ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزم مێژووە، مێژوو عەمباری گەورەی ئەو وێنانەیە کە ناسیۆنالیزم دەیاندۆزێتەوە و مانا و ڕاڤە و وێناکردنەکانی خۆی بەسەریاندا دەسەپێنێت. مێژوو سەرچاوەی حیکایەتەکانی ناسیۆنالیزمە، حیکایەتی جیاجیا، حیکایەتی سەروەری و حیکایەتی خیانەت، حیکایەتی سەکەوتن و حیکایەتی تراژیدیا، حیکایەتی شەرم و حیکایەتی شانازی، حیکایەتی ترس و حیکایەتی نەبەردیی. هەریەکێکیش لەم حیکایەتانە لەکات و ساتی تایبەت و دیاریکراودا و بەشێوەیەکی هەڵاوێردکراو، ئینتیقائی، وەبیردەهێنێرێنەوە و بۆ مەبەستی جیاجیا بەکاردەهێنرێن. لە خەیاڵی ناسیۆنالیستیدا مێژوو زەمەنێکی

تێپەڕ نییە، ساتەوەختێک نییە کە مانا و جەبر و یاسای تایبەتی خۆی هەبێت، ڕۆژگارێک نییە لەڕووی کێشە و گرفت و چوارچێوەکانی بەرهەمهێنانی مانا و شوناسەوە لە ئێستا جیابێت، بەپێچەوانەوە مێژوو خەزێنەی دۆزینەوەی ئەفسانە و سومبول و حیکایەتە زێڕینەکانی نەتەوەیە، ئەو ساتەوەختەیە کە درێژکراوەی «ئێستا»یە بەڵام لەدوامانەوە و بەهەمان ماناکانی ئێستاوە ئامادەبووە و ئامادەیە. ئەو ئێستایەی ناسیۆنالیزم پێناسیدەکات درێژکراوەیەکی بێگۆڕانی ئەو مێژوویە کە لەدوایەوە ئامادەیە.

لە ڕاستیدا پەیوەندی نێوان ناسیۆنالیزم و مێژوو زۆر قووڵترە لەوەی تا ئێستا باسمانکرد، بە باوەڕی ئەندرسۆن بەر لە پەیدابوونی ناسیۆنالیزم شتێک نەبووە ناوی مێژوو، ئەوەی مێژوو دادەهێنێت ناسیۆنالیزمە. ئەندرسۆن پێیوایە بەر لە هاتنەکایەی ناسیۆنالیزم ئینسان لەناو مێژوودا نەژیاوە، بەڵکو لەناو کۆسمۆسدا ژیاوە، کۆسمۆس مانای گەردوونە وەک گشتێکی گەورە و وێکچوو و نەگۆڕ. ژیان لەناو کۆسمۆسدا ژیانە لەناو زەمەنێکی گەردوونی میتافیزیکی نەگۆڕدا، نەک ژیان لەناو زەمەنی نەتەوەیی تایبەت و مێژووی نەتەوەیی خۆکرددا. ئەو زانستەش کە قسە لەسەر کۆسمۆس دەکات مێژوو نییە، بەڵکو کۆسمۆلۆژیاییە، کۆسمۆلۆژیا زانیاری قسەکردنە لەسەر وجود وەک گشتێک بە موتڵەقی و بێگۆڕان و بێ بەرهەمهێنانی جیاوازی، لە کۆسمۆلۆژیدا زەمەن وەستاوە و بوون بۆیەکجار و هەتاهەتایە لەلایەن خوداوەندەوە دروستکراوە، سەرەتا و کۆتایی و ئاراستەکانیش هەموویان پێشوەخت دەستنیشانکراون، لەکاتێکدا مێژوو زانستی خوێندنەوەی گۆڕان و هەڵبەزودابەز و ژێرەوژووربوونە مێژووییەکانە. بەم مانایە، وەک ئەندرسۆن دەڵێت، ناسیۆنالیزم ئەو هێزەیە کە دەستکارییەکی قووڵی هەستکردن بە زەمەن و مانا و ئاراستەکانی دەکات و کۆسمۆلۆژیاش دەگۆڕێت بۆ مێژوو. (هـ. س. پ.)

یەکێک لەو حیکایەتە گرنگانەی کە هەر بزاوتێکی ناسیۆنالیستی پێویستی پێیەتی دروستکردنی وێنەی دوژمنێکی ڕاستەقینە یان وەهمییە. ئەم دوژمنە وەک هێزێکی شەڕانگێز وێنادەکرێت کە بەردەوام لەهەوڵی تێکدانی گەشە و ئارامی و ئاسایش و بەختەوەری نەتەوەدایە، ناهێڵێت کۆمەڵگا پێشبکەوێ و بەر بە گۆڕان و تازەبوونەوە و گەشەکردنی دەگرێت. بەدەگمەن کتێبێکی زانستییانە ئەدۆزینەوە باس لە ناسیۆنالیزم بکات و بەردێژی لەسەر ئەم میکانیزمە تایبەتەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی وێنەی دوژمن نەوەستێ و باس لە میکانیزمەکانی دروستکردنی نەکات. (هـ. س. پ.) بێگومان

میکانیزمی دورستکردنی وێنەی دوژمن زۆرجار میکانیزمی سایکۆلۆژین و لەڕووی واقیعیەوە ناڕاستن، بەڵام دەشێت لەهەندێک دۆخی تایبەتدا لەڕووی پراکتیکی و سیاسییەوە سوودمەندبن. کاک مەلا بەختیاردا دەخوازێت وێنەی ئەم دوژمنە لە ئیسلام بتاشێ و ڕاستەوخۆ یەکسانیکات بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی و هەمووشتێک کە دژە کورد و نامۆکەر و خراپەکارە. بەڵام بەدبەختی ئەم دیدە لەوەدایە کە تاشینی ئەم وێنەی دوژمنە لە ئیسلام، سەرەڕای ئەوەی لەڕووی مێژووییەوە ناڕاستە و بەشێکی زۆری مێژووی ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و سیاسی ئێمە ئەسڕێتەوە، لەڕووی سیاسی و پراکتیکیشەوە زۆر ترسناک و زیانبەخشە، چونکە زۆرینەی زۆری خەڵکی کوردستان موسڵمانن و یەکسانکردنی باوەڕی ئایینیان بە ئایدیۆلۆژیا و بۆچوونی داگیرکەران گەمەکردنە بە ئاگرێک کە ئەگەری سوتاندنی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی تێدا ئامادەیە. لەم ڕووەوە ئەوەندی کاک بەختیار کوڕی ئەتاتورکە کوڕی بزاوتی ناسیۆنالیزمی کوردی نییە، ئەوەندەی شوێنپێی ئەتاتورک هەڵدەگرێت، شوێنپێی سەرکردە کوردەکانی بزوتنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی هەڵناگرێت. تراژیدیای ئەم لاساییکردنەوەیەش لەوەدایە ئەتاتورک دەوڵەت و هێز و توانای گەورەی پیادەکردنی خەیاڵی ناسیۆنالیستانەی خۆی لەبەردەستدا بووە و لەم ڕووەوە پێویستی بەهێزی پێدراوە گشتییەکانی کۆمەڵگاکەی تورکی نەبووە و لە شوێن و جێی دەسەڵات و هێزەوە ئەم خەیاڵەی سەپاندوە، لەکاتێکدا ناسیۆنالیزمی کوردی تا سەر ئێسقان گیرۆدەی دەستی دابەشبوونی ناوەکی و هەڕەشەی دەرەکیی ترسناکە، تاقە هێزێکیش بتوانێت بەگری لێبکات و بیپارێزێت هێزی خەڵکی کوردستانە. گەر ئەم ناسیۆنالیزمە سادەترین پێدراوە ڕۆحییەکانی ئەم خەڵکە بە ئایدیۆلۆژیای داگیرکەران یەکسانکات، ئەوکات بەم کارە جگە لە هەڵکەندنی قەبری خۆی هیچ شتێکی دیکە ئەنجامنادات.

سەبارەت بە مێژووی ناسیۆنالیزمی عەرەبیش کتێبێکی مێژوویی زانستی نادۆزینەوە سەرەتاکەی بۆ دورگەی عەرەب و پەیدابوونی ئیسلام بباتەوە، بەپێچەوانەوە سەرچاوە زانستییەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە، وەک پێشتریش هێمامانپێکرد، سەرەتاکانی دەگەڕێننەوە بۆ ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەم، بەتایبەتی دوای هێرش و داگیرکردنی میسر لەلایەن ناپلیۆنەوە و ئاشنابوونی لەپڕی جیهانی عەرەب بە فیکر و شارستانیەتی ئەوروپی (بول سالم، ل ١١). ئەم ناسیۆنالیزمە کە دروستیش دەبێت نەک کارەکتەرێکی ئایینی و ئیسلامیشی نابێت بەڵکو وەک بزوتنەوەیەکی عەلمانی و نادینی و مۆدێرن لەدایکدەبێت. لەوڵاتە عەرەبییەکانی مەشریقی عەرەبیدا هەستی

نەتەوایەتی دوادەکەوێت بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم کە تێیدا دەوڵەتی عوسمانی کۆمەڵێک ڕیفۆرمی لیبرالیانە پیادەدەکات (هـ. س. پ، ل ١٢). یەکەمین نەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەو نەوە فاشیستییە نییە کە لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە تێزەکانی ئەم ناسیۆنالیزمە بە فیکری نازی موتوربەئەکەن. یەکەم نەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی ئەو خوێنەوارە مۆدێرنە مەسیحیانەن کە لە خۆرهەڵاتی نیشتیمانی عەرەبیدا و لە دوژمنایەتیکردنێکی ڕاستەوخۆی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئایدیۆلۆژیا ئیسلامییەکەی عوسمانییەتدا لەدایکدەبن.

وەکچۆن هەموو بزوتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی پێویستی بە کۆمەڵێک ئەفسانە هەیە، بەهەمانشێوە ناسیۆنالیزمی عەرەبیش پێویستی بە کۆمەڵێک ئەفسانەیە، ئەوەی پێویستە وەک لێکۆڵەرەوە ئاگامان لێبێت، تێکەڵنەکردنی ئەو ئەفسانانەیە بە ڕاستی و بە مانای مێژوویی ئەو ڕووداوانەی لە ڕابردوودا ڕوویانداوە. دەبێت ئاگاداری ئەوەبین ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزم یەکسان نەکەین بە هەقیقەتە مێژووییەکان، خوێندنەوەی ناسیۆنالیستانەی مێژوو وەک خوێندنەوەیەکی زانستی مامەڵە نەکەین و لۆژیکی تازەی ناسیۆنالیزم بەسەر لۆژیکی جیاوازی مێژووی بەر لە ناسیۆنالیزمدا نەسەپێنین. وەک ووتمان هەموو مێژوی عەرەب بگەڕێیت کەس بە سەعدی کوڕی ئەبی وەقاز ناڵێت پاڵەوانی ناسیۆنالیزمی عەرەب، بەڵکو دەڵێن، پاڵەوانی ئیسلام و ڕێگای خودا. ئەمە داواکاری فاشییەتی عەرەبە کە ئیسلامی بۆبکەیت بەو عەمبارە مێژووییەی پڕیەتی لە پاڵەوانی نەتەوەیی، پاڵەوانە ئایینییەکانی بۆ بکەیت بە پاڵەوانی نەتەوەیی و مێژووی ئایینی بۆ بخەیتە سەر مێژووی نەتەوەیی. بەداخەوە کاک بەختیار بەبێئەوەی بەخۆی بزانێت ئەم ئەفسانانەی فاشییەتی عەرەبی لە کتێبەکەیدا وەک هەقیقەت مامەڵەکردوە. ئەوەی ئەم شێوە کوشندانەی هەڵە بە مرۆڤ دەکات نەبوونی مەنهەج و نەبوونی دیدی زانستییە، بێگومان ئەم جۆرە هەڵانە تەنها لە ڕەهەندە زانستییەکەیاندا نامێننەوە، بەڵکو درێژدەبنەوە بۆ کایەی سیاسەت و هەڵەی سیاسی کوشندەش دەخەنەوە. کاک بەختیار وەک پیاوێکی سیاسی کە لە دۆخی شەڕدایە لەگەڵ فاشییەتدا، بێئەوەی بەخۆی بزانێت، مێژووی ئیسلام بە دیاری دەداتە دەستی فاشیەتی عەرەبی و بەم کارەشی چەکێکی ڕۆحی بەهێز و گرنگی پێدەبەخشێت. بەکردنی مێژووی ئیسلام بە مێژوی ناسیۆنالیزمی عەرەبی کاک بەختیار مێژوویەک بۆ ئەم ناسیۆنالیزمە دروستدەکات کە مێژووی ئەو نییە و ئەفسانەیەکی بۆ دەسەلمێنێت کە ناسەلمێندرێت و

قووڵاییەکی پێدەبەخشێت کە نییەتی. بێمیتۆدی کاک بەختیار کارێکیکردوە هەموو ئەو شتانە دەڵێتەوە کە فاشیزمی عەرەب وەک فەخر و میتۆلۆژیا و نارسیسم دەیانڵێتەوە.

ئەگەر بزاوتی سەرەتاکانی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە بزاوتێکی نەتەوەیی تێبگەین، ئەوکات هەموو داگیرکردنی خاک و خەڵک و کۆمەڵە مرۆڤێک لەلایەن هێزێکەوە کە سەر بە ڕەگەزێکی بەشەری ترن، دەبێتە شەڕی ناسیۆنالیزم. کەوابوو لە لۆژیکی کاک بەختیاردا شەڕی تەرواده دەبێت شەڕی ناسیۆنالیستی. شەڕەکانی ئەسکەندەری مەقدۆنی، دەبنە شەڕی ناسیۆنالیزمی یۆنانی، شەڕەکانی محمدی فاتح تابەردەرگای فییەنا دەبنە شەڕی ناسیۆنالیزمی تورکی، حەزی کیلۆپاترا لەقەیسەر دەبێتە خیانەت لە ناسیۆنالیزمی میسری، شەڕی ئێمەش لەگەڵ زینفوندا دەبێتە شەڕی ناسیۆنالیزمی کوردی لەگەڵ ناسیۆنالیزمی یۆنانیدا. ئەمەش کۆمیدیایەکی فیکری و میتۆدی و تیورییە، نەک قسەکردنێکی زانستی لەسەر مێژوو ڕووداوەکان، تێکەڵکردنێکی بێمانای سەردەمەکانە، نەک خوێندەوەیەکی زانستی، بەرهەمی قاتوقڕییەکی میتۆدی و تیوری و زانستییە نەک دەرنجامێکی لۆژیکی.

کێشەی کاک بەختیار ئەوەیە ناتوانێت ڕابردوو وەکو ڕابردوو بخوێنێتەوە، ڕابردوو وەک ئان و سات و هەلومەرجێکی جیاواز لە ئێستا ببینێ و وەک قۆناغێک مامڵەیکات کە خاوەنی مەعریفە و خەیاڵ و ئیشکالیەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری تایبەتی خۆیەتی. لای ئەم بەڕێزە شتێک نییە ناوی ڕابردووبێت وەک ڕابردوو؛ ڕابردوو تەنیا وێنەیەکی ئێستایە، وێنەیەکی ئێستا و هیچی دی. هەڵە گەورەکانی کاک بەختیار لەسەر یەکسانکردنی ئسیلام بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەم یەکسانکردنەی ڕابردووەوە بە ئێستا سەرچاوەی گرتووە. بێگومان لە ئێستاداجۆرێک لە تێکەڵی لەنێوان ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلامدا هەیە، هەندێک باڵی ئەم ناسیۆنالیزمە کارەکتەرێکی ئیسلامییان هەیە و مێژووی ئیسلام وەک مێژوویەکی نەتەوەیی پێشنیاردەکەن، بەڵام ئەم پێدراوە واقیعییەی ناو مێژووی هاوچەرخ جیاوازە لە ماناکانی ئیسلام و کێشەکانی لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەردا. جگە لەمەش ئیسلام لە جیهانی ئەمرۆدا بەتەنها ئایدیۆلۆژیای هەندێ باڵی ناو ناسیۆنالیزمی عەرەبی نییە، بەڵکو ئایدیۆلۆژیای زۆر بزاوتی ناسیۆنالیزمی دیکەشە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا دەگەڕێمەوە سەر ئەم خاڵە.

وەک ووتمان هەڵەکانی کاک بەختیار دەربارەی ئیسلام و ناسیۆنالیزم لەوەوە هەڵقوڵاون کە کاک بەختیار ناتوانێت ڕابردوو وەک خۆی ببینێت، بەوەدا میللەتی ئێمە

له ئێستادا لەگەڵ ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا دەرگیرە، خودی ئەم دەرگیرییە وادەکات پێکهات و ماناکانی ڕابردوو وەک خۆی ونبکەین و تەنیا لەسەر ئەو وێنانەی ڕابردوو بدوێین کە ململانێکانی ئێستا بۆی دروستدەکەن، ئەمە ئەو میکانیزمە سەقەتەی بیرکردنەوەیە کە جابری ناویدەنێت «قیاس الغائب بالحاضر». ئەمە گەورەترین هەڵەیەکە نووسەرێک بۆ تێگەیشتن و خوێندنەوە و ڕەڤەکردنی مێژوو تێیبکەوێت.

بێگومان ئەگەر هەڵەکەی کاک بەختیار تەنیا هەر ئەوەبووایە ئاسایی بوو، بەڵام هەڵەی ئەم بەرێزە زۆر لەم یەکسانکردنەی ئیسلام بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی گەورەترە. کاک بەختیار ناتوانێت دین وەک ئایدیۆلۆژیایەکی گەردوونی و فانتازیایەکی ئیمپراتۆری ببینێت، بەرێزی ناتونێت دین وەک هێزێکی غەزاکەری ئایینی وێنەکات کە میکانیزمی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەمەیە وای لە بەرێزی کردوە ئیسلام وەک جۆرێک لە ناسیۆنالیزم تێبگات کە خوازیاری ئەوەیە ناسیۆنالیستی میللەتانی تر بتوێنێتەوە و بەگژیاندابچێتەوە. ئەمەش تێکەڵکردنی مێژووی زیاد لە هەزار ساڵ لەمەوبەرە بە مێژووی ئەم سەدە و نیوەی دوایی. تێکەڵکردنی مێژووی قۆناغی بەر لە دروستبوونی ئیمپراتۆریەت و قۆناغی دروستبوونی ئیمپراتۆریەتە بە قۆناغی دەوڵەتی نەتەوە و دروستبوونی بزاوتی نەتەوەیی. بەلۆژیکی کاک بەختیار بێت ئێمە لەسەردەمی ئیسلامەوە ململانێی ناسیۆنالیستانەی کورد و عەرەب دەژین، نەوەک ململانێی ئایینی نێوان کافر و موسڵمان، باس لە ڕۆژگاری نەتەوە و ناسیۆنالیزم دەکەین نەک ڕۆژگاری هێرش و پەلاماری ئایینی.

پرسیاری سەرەکی لێرەدا پرسیارە دەربارەی چۆنیەتی وێناکردنی مێژووی ئاین، ئایا تۆ مێژووی ئیسلام لە سەرەتاکانیدا چۆن دەخوێنێتەوە، وەک ململانێی کافرو موسڵمان، پێکدادانی خێڵ و گروهی دەوارنشین و سەرەتایی یان وەک ململانێی نەتەوەیی نێوان کوردو عەرەب و ئەوانیدی؟ ئایا ئەوەی سوپاکانی ئیسلام ویستوویانە جێبەجێیکەن بە ئیسلامکردنی خەڵک بووە، واتە سڕینەوەی ناسنامەی ئایینی بووە، یان سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی؟ ئایا ململانێ بووە لە نێوان دین و دین دا یان نەتەوە و نەتەوەدا؟ پاڵنەری ناسیۆنالیستی لە پشتەوە بووە یان پاڵنەری باوەڕی ئایینی، عەقیدە، و پاڵنەری تالانی، غەنیمە؟ گرنگە لێرەدا جارێکی دیکە ئەو ڕاستییە میتۆدی و مێژووییە دووبارەکەینەوە کە نەشەڕی بەداوەت شەڕی نەتەوەیی بووە و نەشەڕی ئیمپراتۆرەکان لەگەڵ یەکدا شەڕی ناسیۆنالیستانە بووە، شەڕی نەتەوەیی شێوازێکی نوێی شەڕکردنە و لەسەردەمانی لە دایکبوونی فیکر و خەیاڵ و عەقلانیەتی

نەتەوەییدا لەدایکدەبێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ دوادەکەوێت بۆ قۆناغی مۆدێرنە و کۆی ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی مۆدێرنە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت.

کێشەی گەورەی کە کاک بەختیار لەدیارینەکردنی ماناکانی چەمکی ناسیۆنالیزمدایە، ئەو ناسیۆنالیزم بەئارەزووی خۆی بۆ هەموو کێشە و ململانێ و پێکدادانە مێژووییەکان بەکاردەهێنێت. جیاوازییەکی گەورە و بەرچاو لەنێوان قۆناغی ناسیۆنالیزم و قۆناغی بەر لە ناسیۆنالیزمدا هەیە. دنیای بەر لە مۆدێرن، واتە دنیای بەر لە ناسیۆنالیزم، دنیایەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی بەرتەسک و بچووک و داخراو بووە و بەهیچ مانایەک ئامرازە گرنگەکانی دروستکردنی نەتەوەی تێدا نەبووە. ئەوەی ئەم ئامرازانەی پێیە مۆدێرنەیە، مۆدێرنە دێت بنەما ناوەکییەکانی ئەو گروە و خێڵ و جیهانە دەوارنشینە داخراوە تێکدەدات و بەشێوەیەکی ڕیشەیی دەسکاری پێکهاتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووریەکەی دەکات. مۆدێرنە لە شوێنی گروهە تەقلیدی و بچووک و داخراوەکان گروهی نوێ دروستدەکات کە لەڕووی کولتووری و فانتازی و پەیوەندی و قەبارە و تواناوە تەواو لە گروهە کۆنەکان جیاوازن. ئەوەی ئەم گروهە تازانە بەیەکەوە گرێدەدات پەیوەندیەکانی خزمخواهی و خێڵ و ئایین و ناوچە و خوێن نییە، بەڵکو ئەو چوارچێوە نوێیانەی مۆدێرنەن کە لە فۆرمی بازاڕی گەورە، ئابووری گەشەکردو، پیشەسازی نوێ، سەرمایەی گەڕۆک، میدیای هەمەجۆر، ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی نوێ، سیستمی نوێی فێرکردن و خوێندن، سیستمی سەربازی هاوبەش، مژدەی گەورە بە ئایدەیەکی باشتر، بیرۆکەی گەشەی بەردەوام و دەیان شتی دیکەی لەم بابەتەدا، بەرجەستەن. یەکەمین دەرەنجامی ئەم گۆڕانکارییە گەورە و نوێیانە دروستبوونی کولتوورێکی نوێی هاوبەشە کە بەناو خانە کۆمەڵەیەتییە جیاجیاکاندا بڵاودەبێتەوە و بناغەی دروستبوونی خەیاڵێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سومبولی نوێ دادەڕێژێت. هەر لەسەردەمانی مۆدێرنەدا چەمکی جەماوەر یان جمهور لەدایکدەبێت و بەبێ بوونی ئەم چەمکەش ناتوانین قسە لەبوونی نەتەوە و ناسیۆنالیزم بکەین. بەکورتی مۆدێرنە قوژبن و گیرفان و چاڵوچۆڵییە کولتوورییەکانی بەر لە مۆدێرنە لادەبات و هەموویان بە کولتوورێکی نوێ پڕدەکاتەوە، ئەم کولتوورە نوێیەیە ژێرخانی ناسیۆنالیزم دادەڕێژێت. (Gellner 1994)

لەم کولتوورە نوێیەدا ئەو خاڵەی کە خەڵک بەیەکدییەوە گرێدەدات و بەیەکەوە کۆیاندەکاتەوە چیدی پەیوەندی خزمخواهی و پەیوەندی ئەتنیی و خوێن و خێڵ و ئایین نییە، چیدی برایەتییەکی سروشتی و هاوسێیەتییەکی ناوچەیی نییە، چیدی

بەشداربوون نییە لە باوەڕدا بە یەک خودا و یەک کتێب و یەک دەستووری ئایینی، بەڵکو برایەتییەکی سیاسی دروستکراوە لە سەر بنەمای دروستبوونی زمانی هاوبەش و خیبرەی کۆمەڵایەتی هاوبەش و سسیستمی یاسایی هاوبەش و سیستمی خوێندنی هاوبەش و میدیای هاوبەش و لەشکری هاوبەش و ئەفسانەی هاوبەش و چەندان شتی هاوبەشی دیکەی لەم بابەتە. بە مانایەکی دیکە ئەو برایەتییەی کە مۆدێرنە دروستیدەکات چیدی برایەتی خوێن و خێزان و ئایین نییە، بەڵکو برایەتی ناو فەزا تازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە، برایەتییەک نییە قورئان و دەقە ئایینیەکان دروستیکەن، بەڵکو برایەتییەکە پرۆژەیەکی سیاسی هاوبەش لە فۆرمی ویستی سالاری نەتەوەییدا دروستیدەکات.

بەم مانایە ناسیۆنالیزم بریتییە لە هێزی ئامێزانبوونێکی کۆمەڵایەتی نوێ لەڕێی هێنانەکایەی کولتوورێکی وێکچوو، هۆمۆجین (Homogen) و گەورە و هاوبەشەوە کە تاکەکەسە دابڕاو و گروهە بێ پەیوەندییەکان و ناوچە سەرپەڕەکان بەشێوەیەکی نوێ و لە دنیایەکی نوێدا و لەژێر سێبەری پرنسیپێکی سیاسی دیاریکراودا بەیەکدییەوە گرێدەدات، کە پرنسیپی سەروەری نەتەوەییە. زۆربەی مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لەسەر ئەو ڕایە یەکن کە مێژووی ئەم بەیەکەوەگرێدانە و مێژووی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم وەک ئایدیۆلۆژیا و وەک گوتار و وەک بزاوتی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم. شوێنی هاتنەکایەی ئەم ئایدیۆلۆژیا و گوتارەش ئەورووپای ڕۆژئاوا و سەرووی ئەمریکایە.، نەک دورگەی عەرەبی. (Hutchinson & Smith 1994: 5)

بە هەر حاڵ کاک بەختیار چەند ساڵێک لەمەوبەر مارکسی بوو، دەبایە بەشی ئەوە سەرەنجیبدایە کە لە لێکدانەوەی مارکس و ئەو دیالێکتیکەدا کە هێشتا باوەڕی پێیەتی و خەباتی بۆدەکات، ناسیۆنالیزم ناگەڕێنرێتەوە بۆ قۆناغی سەرەتایی و بەداوەت و ناشگەڕێنرێتەوە بۆ دەرەبەگایەتی و نابەسترێتەوە بە ئیمپراتۆریەتە ئایینیەکانەوە، ناسیۆنالیزم لە فیکری دیالێکتیکیدا هەمیشە وەک ئایدۆلۆژیایەکی بۆرژوازی سەیرکراوە و بە قۆناغی سەرمایەدارییەوە گرێدراوە. کە ناسیۆنالیزم ئایدۆلۆژیایەکی بۆرژوازی بێت و مناڵی سەرمایەداری بێت، چۆن ئەم ئایدۆلۆژیا بۆرژاوازییە لە شوناسدا یەکسان دەبێتەوە بە فیکرێک ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبە لە دورگەی عەرەبیدا لە دایکبووە. کە ئیسلام یەکسان بێت بە ناسیۆنالیزم و ناسیۆنالیزمیش یەکسان بێت بەبۆرژوازییەت، کەواتە ئیسلام یەکسانە بە بۆرژوازییەت و ئیدی ململانێی ناو دورگەی

عەرەب دەبێتە ململانێی پرۆلیتاریا و بۆرژوازی. وەک دەبینین هەندێ هەڵە هەن هێندەی تێیکەوتی ئیدی تا بینەقاقات پڕنەکات لە کوفری فیکری و مەعریفی و میتۆدی ناگیرسێیتەوە، ئەم هەڵانەی کاک مەلا بەختیاریش لەم جۆرەن.

## 4 ـ ئیسلام و ناسیۆنالیزم و تەکنۆلۆژیا

کاک بەختیار لەسەر بێمەنهەجیبوون و تێکەڵکردنی شتەکان و هەڵەکانی خۆی بەردەوام دەبێت و لەسەر هەمان نەزم دەنووسێت «گەرچی لە لە دەقەکانی قورئاندا ئایەتی باشتر لە بیروڕای حوکمڕانی ناسیۆنالیستی دەسەلاتدارانی عەرەب بەرامبەر بە میللەتان هەیە، هەروا ئایەتیش هەیە دەماری ناسیۆنالیستی عەرەبی ئەستور دەکا. بەڵام خۆی کە ئایەتەکان بە زمانی عەرەبین، پێغەمبەرەکە عەرەبە، خولەفای ڕاشیدین هەموویان عەرەبن، سوونەت و تەفسیرەکان، نوسینی مێژووی دێرینەی ئیسلام کە بەزمانی عەرەبین و بونی گۆڕی پێغەمبەر و پێغەمبەر ئیبراهیم لە خاکی عەەبستاندا، هەموو ئەمانە ئەگەر لەم سەردەمەدا، لە ژێر کاریگەری بیروڕای دیموکراسی، نوێگەری، ئازادی، ڕزگاری و بە هۆی تەوژمی تەکنۆلۆژیا و شارستانیەتی نوێوە، پێکهاتەی ناسیۆنالیستی عەرەبی تاڕادەیەک گۆڕی بێت، ئەوا گەر بۆ ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر بگەڕێینەوە، ساڵنامەی سەدەکانی دوای ئەوەش ، هەتا ڕمانی عوسمانییەکان هەڵدەینەوە، دەبینین ئەو هەموو هێما عەرەبیانە، ئەو هەموو ئاڕاستە عەرەبیانە لەناو دەسەلاتدار، خەلیفەو قەلەمڕەوی ئیسلامدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر عەرەب و ئاڕاستەو چەمکە ناسیۆنالیستەکانی عەرەب هەبووە. ناشکرێ کاریگەری نەبووبێ. تەنانەت لەم سەردەمەشدا، ئەو هەموو ناونیشانە عەرەبییەی سەرەتاکانی ئیسلام کاریگەریان لەسەر عەرەب هەر ماوە، چ جای بۆ چوارده سەده لەمەوبەر «بڕوانە، ل ١٩»

ئاشکرایە کاک بەختیار لەم پەرەگرافەدا جارێکی دی ئیسلام و ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەیەکدی یەکسان دەکات و بەڵگەکانیشی بریتین لەوەی کە ئایەتەکان بە عەرەبین و پێغەمبەرەکە عەرەبە و ...هتد. ئەگەر ئەمە بەڵگەی ناسیۆنالیزم بێت و هی ئاین نەبێت، ئەگەر ئەمە زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای ئایینی بەسەر جیهانی کۆندا بەرجەستەنەکات، ئەوکات دەبێت بڵێین زمانی لاتینیش زمانێکی ناسیۆنالیستییە و پەیوەندی بە گەردوونیبوونی ئایینی مەسیحییەوە نییە. ئەمەش نوکتەیەکی فیکری

گەورەیە و کەس نییە لەهەموو دنیادا بەم نوکتەیە بڵێت ڕاستی. با بۆ ساتێک واز لەو ڕاستییە تیورەییە گرنگانە بهێنین کە لە لاپەڕەکانی پێشودا نیشانمندان و لەگەڵ لۆژیکی کاک بەختیاردا بڕۆین و وایدابنێین کە ئیسلام تەعبیرە لەڕۆحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە زەمانی پێغەمبەرەکەیەوە تا ئەمڕۆ. ئەم گریمانە چی دەگەێنێت:

١ـ ئەم گریمانە ئەوە دەگەیەنێت کە ئیسلام ڕۆحێکی گەردوونی تیا نییە و تەواو گرێدراوە بە پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستییەوە کە پرۆژەی نەتەوەیەکی دیاریکراوە. ئاشکراشە هەر پرۆژەیەک کە پرۆژەی نەتەوەیەکی دیاریکراوبێت بەدەرە لە ڕۆحی گەردوونی.

بەڵام گەر ئەمە وابێت و ئیسلام پرۆژەی ناسیۆنالیستی عەرەبی بێت، ئەم پرۆژە ناسیۆنالیستییە عەرەبییە بۆ دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتی ڕۆحی ئێمە، بۆ دەبێت بە بەشێک لە پێکهاتی ڕۆحی ئەفغانییەک، بۆ دەبێتە بە بەشێک لە پێکهاتی ڕۆحی ئەندەنووسییەک، بۆدەبێت بەبەشێک لە پێکهاتی ڕۆحی ئەفریقییەک لە خواروی ئەفریقا و جەمسەری جیهانبینی چینییەک لە باکوری چین، یەکێک لە جیبۆتی و یەکێک لە سەرایڤۆ و گروهێ لە هیند و ئەویدی لە خوارووی ئیسپانیا و یەکێک لە ئەمریکا و ئەویدی لە ئوسترالیا. ئایینێک ئەم ڕەهەندە گەردوونییەی بە خۆیەوە گرتبێت چۆن بووە پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی؟ دیارە ئیسلام پرۆژەیەکی ناسیۆنالیستی نییە، ئایینێکە سەرەتا لە هەلومەرجێکی بەدەوی لۆکاڵیدا لەدایکدەبێت و دواتر دەبێتە ئایدیۆلۆژیای ئیمپراتۆریەتە گەورەکانی ڕۆژهەڵات کە بەدەیان ئەتنیەتی جیاواز و کولتوور و دەسەڵاتی لۆکاڵی جیاوازیان تێدابووە و لە قۆناغی لەدایکبوونی ناسیۆنالیزمیشدا هەر نەتەوەیەک لە نەتەوەکان بەشێوەیەکی جیاواز سوودیان لەو ڕابووردوە ئیسلامییە وەرگرتوە و بەشێوەی جیاواز لە بزاوتی نەتەوایەتی خۆیاندا سوودیان لێوەرگرتوە. لەمەش بترازێت ئەوە عەرەب نین ئیسلام دەبەن بۆ ئەندەنوسیا، بەڵکو نەتەوەکانی تر دەیبەن، عەرەب ئیسلام نابەن بۆ باشووری ئەفریقا هیندییەکان دەیبەن، عەرەب ئیسلام نابەن بۆ سەرایيڤۆ و کۆسۆڤۆ، تورکەکان دەیبەن. کە دەوڵەتی عوسمانی دروستدەبێت، عەرەب وەک نەتەوە حوکمی ئەو میللەتانە ناکات کە بوونەتە ئیسلام، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەلبان و شەرکەسەکان دێن و لە بەغدای ناوەندی حوکمڕانی ئیسلامیدا دەبنە والی. وەک دەبینین لۆژیکی قسەکانی کاک بەختیار لەگەڵ بچووکترین ڕاستی مێژوویيدا نایەتەوە و لەبەردەم یەکەمین نموونەدا هەرەسدەهێنێت.

٢ـ ئەگەر ئیسلام گوتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، چۆن لە قۆناغێکدا ئیدارەی

دەوڵەتی ئیسلامی دەکەوێتە دەست تورک و فارس، چۆن دوای ڕوخانی ئەمەوییەکان، دوو دەوڵەت دروستدەبێت کە ئەتنییەکانی تری ناو ئیسلام حوکمی تیادەکەن نەک عەرەب. ئایا ئەمە بەڵگە نییە کە ئیسلام ئایدۆلۆژیایەکی ناسیۆنالیستی نییە و دینێکی کۆسمۆپۆلیتییە کە تائەمڕۆش بەزۆرمانا هەروایە و دەشێت بشبێت بە ژێرخانی فیکری و ڕۆحی چەندین حوکمرانی ئەتنی و نەتەوەیی جیاواز جیاواز. جیابوونەوەی پاکستان لە هیند لەسەر بنەمای ئیسلام باشترین نموونەیە نیشانیئەدات کە ئەم ئایینە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیسزمی عەرەبی نییە، بەڵام دەشێت بکرێتە ژێرخانی ئایدیۆلۆژیی بزاوتی ناسیۆنالیزمی جیاواز بەهی عەرەب و غەیرە عەرەبەوە. بێگومان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا نەک ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەردا.

٣. هەتا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کە پەیوەندی دین و نەتەوە و ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلام پەیوەندییەکی زۆر بەهێزە، ئیسلام بەتەنها ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی عەرەبی نییە، بەڵکو ئایدۆلۆژیای کۆمەڵێک ناسیۆنالیزمی دیکەشە، لەوانە ئایدۆلۆژیای ناسیۆنالیزمی فارسی، کۆسۆڤۆیی، بۆسنەیی، فلیپینی، پاکستانی، ئەفغانی و ئەندەنوسی. ئەگەر یەکێک تەنها ڕۆژانە گوێ لە ڕادیۆ بگرێت، دەزانێت ناکرێت ئیسلام بە تەنها بە عەرەبەوە گرێبدرێتەوە.

کاک مەلا بەختیار لە شوێنێکی دیکەدا سەبارەت بە ئیسلام دەنووسێت «فەلسەفەیەک، بیرێک، ئایدۆلۆژیایەک لە ناو نەتەوەیەکدا، بەزمانی ئەو نەتەوەیە دابهێنرێ، پێش هەموو شتێک لەناو خودی ئەو نەتەوەیە و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکەیدا کاریگەری زیاتری هەیە. شانازی زیاتری پێوە دەکرێت.»

بەداخەوە ئەمەشیان هەڵەیەکی فیکری دیکەیە، بۆ نموونە مارکسیزم لە ئەڵمانیدا لەدایکدەبێت و بە ئەڵمانی دەنووسرێت کەچی لە ڕوسیا و کۆریا و چین و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی جاراندا کاریگەری دەبێت و خەڵک شانازی پێوەدەکات. ئیسلام ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە دوورگەی عەرەبەوە دێت و ئەمڕۆ لە فلیپین و کشمیر و دوورگە دوور و بچوکەکانی ئەندەنوسیا خەڵک خۆی بۆ دەدات بە کوشت. ئەم قسانەی کاک بەختیار لە قسەی یەکێک دەچێت نەک شارەزای مێژوو و فەلسەفە و ئەدەب نییە، بەڵکو ڕۆژانەش گوێی لە ڕادیۆ و هەواڵاکانی جیهان نەگرتووە.

لەم هەڵانەش گەورەتر ئەو بۆچوونەی کاک بەختیارە کە دەڵێت ئەو ناسیۆنالیزمە، واتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، جاران، واتە لەسەردەمانی پەیدابوونی ئیسلامدا، توندوتیژ بووە دواتر لەم سەردەمەدا، بە حوکمی کاریگەری بیروڕای دیموکراسی،

نوێگەری، ئازادی، ڕزگاری و بە هۆی تەوژمی تەکنۆلۆژیا و شارستانیەتی نوێوە کەمێک ئارامتر بووە و ڕوویەکی شارستانی تری وەرگرتووە. ئەم حوکمەش لە حوکمی کەسێک دەچێت لەسەر ئەم ئەستێرە نەژیابێت و ئاگای لە ڕووداوەکانی سەدەی بیستەمی کوردستان و جیهان نەبێت. وەک ووتمان ناسیۆنالیزمی عەرەبی دیاردەیەکی مۆدێرنە، لەگەڵ دروستبوونی شوناسێکی تایبەتیدا بۆ عەرەب بەرابەر بە خۆرئاوا دروستدەبێت. پرۆژەی سەرەکی ئەم ناسیۆنالیزمە دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی یەکگرتوو، بازاڕی یەکگرتوو و سیاسەتێکی یەکگرتووە. هەوڵی سەرەکی ئەم ناسیۆنالیزمە تواندنەوەی پێکهاتە ئەتنیەکانی ناویەتی، بێدەنگکردنی جیاوازییە ئایینی و کولتووری و سیاسییەکانە و دروستکردنی ئەو شوناسە تایبەتەیە کە لە جیهانی هاوچەرخدا وەک شوناسی «دەوڵەتی پۆست کۆلۆنیال» ناسراوە. ئەم دەوڵەتە و ناسیۆنالیزمەکەی هێزگەلێکن بەرابەر خۆرئاوا و دژ بە داگیرکردن و لە ڕەوتی کۆلۆنیالیزمدا فۆرمگیردەبن و ڕابەرەکانی عەودالّی مۆدێلی بسمارکیانەی یەکگرتنەوەی نەتەوەیین و بۆنی تازەگەری سیاسی و دیموکراسیەت و ئازادی ڕاستەقینە لە هەناسەی هیچ یەکێکیان نایەت، لە عەبدولناسرەوە بۆ سەدام حوسەین. وەک ووتمان ناسیۆنالیزمی عەرەبی لە سەرەتاکانیدا عەلمانییە و دەیەوێت دەسەلاّت لە نوخبەی دینی بستێنێتەوە، بەلاّم ئەم هێزە عەلمانییە لەسەردەستی هێزێکی تایبەتی وەک بەعسدا دەبێتە هێزێکی فاشی. لێرەوە تەکنۆلۆژیا ناسیۆنالیزمی عەرەبی نەکردووە بە شارستانی، و ناشیکات، بەڵکو ڕەهەندێکی فاشییانەی دیسپلینکەر و کۆنترۆڵکەر و وێرانکەری پێبەخشیوە. ئەنفال چییە جگە لە تێکەڵبوونی دیدی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بە تەکنۆلۆژیا، جگە لە بەکارهێنانی ئەم ناسیۆنالیزمە بۆ تەکنۆلۆژیا بەخراپترین شێوە و جگە لە مارەکردنی بەربەریەتی سیاسی لە تواناکانی تەکنۆلۆژیا بۆ وێرانکردن. کێشەی کاک بەختیار ئەوەیە هەموو ئاستەکانی تێکەلاّوکردووە و ڕەوتی مێژووی تەواو بە پێچەوانەوە خوێندۆتەوە. ناسیۆنالیزم لە کۆنەوە دەستپێناکات تا لە سەردەمی تەکنۆلۆژیادا ببێتە بزوتنەوەیەکی شارستانی، بەڵکو لەگەڵ مۆدێرنەدا دەستپێدەکات و سەردەمی تەکنۆلۆژیا ڕەهەندێکی بەربەری و جینۆسایدی پێدەبەخشێت. ستراکتوری ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ڕەفتارەکانی لەنێو دەوڵەتە عەرەبییە هاوچەرخەکاندا لەسەر مۆدێلی دەوڵەتە تۆتالیتارەکانی وەک دەوڵەتی ستالینی و ئەزموونی نازیانەی بەڕێوەبردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا دروستبووە، نەوەک لەسەر مۆدێلی محەمەدی و ئەبوبەکری و عومەری کوڕی خەتابی لە ئیدارە و

بەڕێوەبردندا. لێرەوە ئەوەی پێمانوابێت ناسسیونالیزمی عەرەبی بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە لە بەربەرییەتەوە گواستویەتییەوە بۆ شارستانییەت تێکەڵکردنی قۆناغەکان و ئاوەژووکردنەوەیانە، هەم بە هەڵە تێگەیشتنە لە ناسیۆنالیزم و هەم لە تەکنۆلۆژیا.

هەرچی توندڕەوی ئیسلام و توندوتیژییەکانیەتی، توندڕەوی و توندوتیژییەکە بەئەندازەی ئەو ئەگەرە تەکنیکی و کۆمەلایەتییانەیە کە لەبەردەستی موسڵمانەکاندا بووە بۆ پیادەکردنی توندڕەوی و توندوتیژی. موسڵمانەکانی سەردەمی پێغەمبەر و دوای پێغەمبەر وەک ناسیۆنالیستەکانی ئەمڕۆی عەرەب خاوەنی چەکی کیمیاوی و تەکنۆلۆژیای جینۆساید و ئیدارەیەک نەبوون هەموو کۆمەڵگایان بۆ دیسپلینکات، ئیدی چۆن بەربەریەتی ئەو کۆمەڵگا سەرەتاییە لە بەربەریەتی ناو مۆدێرنە گەورەترە. ئەمە جگە لە لنگەوقوچکردنەوەی مێژوو شتێکی دیکە نییە. هەڵەیەکی کوشندەیە پێمانوابێت تەکنۆلۆژیا ڕوویەکی شارستانی بەخشیوەتە ناسیۆنالیزمی عەرەبی. چۆن تەکنۆلۆژیا ڕووی شارستانی بەم ناسیۆنالیزمە خشیوە کاک بەختیار هیچ بەڵگەیەکی نەهێناوەتەوە. هەڵەی پشت ئەم بۆچوونەی کاک بەختیار ئەوەیە پێتوابێت مادام تەکنۆلۆژیا دیاردەیەکی دونیای مۆدێرنە ئیتر ئەوەی تەکنۆلۆژیای هەبوو یان وەریگرت یان بەکاریهێنا ڕاستەوخۆ ڕوویەکی شارستانی وەردەگرێت، ئەمەش تەواو پێچەوانەی ڕاستییە، ئەم دیدە ئەو ڕاستییە سادەیە نابینێت کە تەکنۆلۆژیا لەهەناوی خۆیدا گەلەک هێزی بەربەرییانەی هەڵگرتووە، نازیزم و ستالینزم لە نەرجسییەتی تەکنۆلۆژیا جیاناکرێنەوە و بەعس بەبێ تەکنۆلۆژیا نەیدەتوانی ئەو هەموو کوشتن و برینانە ئەنجامدا کەدای. شەڕی فیتنام و شەڕی کەنداو و شەڕی ئەفغانستان و چەندان شەڕی کۆکوژی سەدەی بیستەم کۆمەڵێک دیاردەن کە بەربەرییەتی تەکنۆلۆژیای نوێمان نیشانئەدەن. دیارە هیچ کەس بە ئەندازەی بەعس، کە نوێنەری باڵە فاشییەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەبییە، لەم تێزەدا تەکنۆلۆژیای بۆ شەڕ بەکارنەهێناوە. بەپێی لێکدانەوەکەی کاک بەختیار بێت، ئیسلام وەحشیگەری بووە، بەلام ناسیۆنالیزمی عەرەبی نوێ، کە بەعس باشترین و ئاشکراترین نوێنەری باڵە فاشیەکەیەتی، شارستانییە هۆکەش بوونی تەکنۆلۆژیا و ئامادەبوونیەتی لەناو جیهانی مۆدێرن و فیکر و دیدی مۆدێرندا و نائامادەیی ئەم شتانەیە لەسەردەمانی ئیسلامدا. وابزانم ئەم هەڵەیە هێند گەورەیە پێویست ناکات هیچی دیکەی لەسەر بڵێین.

بێگومان ویستی هێرشە سەرەتاکانی ئیسلام ئەوە نەبووە خەڵک بکەن بە عەرەب، بەڵکو ئەوەبووە بیانکەن بە موسڵمان. لێرەوە سەدان گروهی ئەتنی و کۆمەڵە و دەستە

و تاقمی جیاجیا بوونەتە ئیسلام بێئەوەی واز لە زمان و کولتوور و کەلەپوور و بەها و نۆرمی تایبەتی خۆیان بهێنن. کاک بەختیار کە ناتوانێت توندوتیژی هێرشە ئایینییەکانی جیهانی کۆن ڕاڤەکات و بیانخاتە ناو سیاقە مێژووییەکەی خۆیانەوە و لەوێدا لێبانڕوانێت و بیانخوێنێتەوە، دەستدەبات ئاسانترین ڕێگا هەڵدەبژێرێت و بەلۆژیکی ململانێ و پێکدادانەکانی ئەمڕۆ مامەڵەیان لەگەڵدادەکات و ئەوەی ئەمڕۆ لە ڕەفتاری ناسیۆنالیزمی عەرەبیدا بەرامبەر بە نەتەوە و ئەتنیە غەیرە عەرەبەکان دەیبینێت، ڕاستەوخۆ بەسەر مێژووی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەردا قلّپیدەکاتەوە. توندوتیژی ئیسلامی و ئایینی لەوە نەهاتووە کە بڵێت ئێوە عەرەبن و ئەوان ئەفغانی، ئەمانە فارسن و ئەوانە قورەیشی کەواتە بیانکوژن، لەسەر ئەوە بنیادنەنراوە بڵێت ئەوانە کوردن و ئێمە عەرەب لەناویانبەن و سەریانبپەڕێنن، توندوتیژی ئایینی و ئیسلامی لەسەر ئەوە دروستبووە کە ئێمە ئیسلام و ئەوان کافر، ئێمە باوەڕدار و ئەوان بێباوەڕ، ئێمە لەسەر ڕێگای خودا و ئەوان لەسەر ڕێگای جەهەنەمن. ئەمە جگە لە ڕۆڵی گرنگی فاکتەری تالآنی، «غەنیمە» و خێڵ، «قەبیلە»، وەک پێشتر هێمامان پێکردن. لە سەرەتاکانی ئیسلامدا پارادایمێک، سیستمێکی مەعریفی پۆلینکردن، ئەبستیمێک زاڵبووە تەواو جیاوازە لە سیستمی دابەشکردن و پۆلینکردن و پارادایمی ناسیۆنالیستی. لە هەموو مێژووی ئیسلامدا زەحمەتە نموونەیەک بدۆزینەوە ئیسلامەکان لە جێگایەک زمانی نەتەوەیەکیان قەدەغە کردبێ و پێیان گوتبن دەبێت بەعەرەبی قسەبکەن و عەگاڵ لەسەربکەن. پارادایم و سیستمی پۆلینکردنی ناسیۆنالیستانە پارادیم و سیستمی پۆلینکردنی نوێن و توندوتیژی دونیای کۆن بە سیستمێکی تری جیهانبینیەوە گرێدراوە کە کاک بەختیار لەهەموو کتێبەکەیدا نەیتوانیوە لێینزیکببێتەوە.

جگە لەمە هەقمانە بپرسین گەر ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ئیسلام لەیەک جیانابنەوە، گەر ئیسلام یەکسانە بە ڕۆحی ناسیۆنالیستی عەرەبی و ناسیۆنالیزمی عەرەبی یانی ئیسلام، ئیدی چۆن ئەم دینە دەبێتە چەکی ناسیۆنالیزمی فارسی و کشمیری و پاکستانی. چۆن دەبێتە چەکی ناسیۆنالیستی کۆسۆڤویی و سربی و شیشانی و لە یۆگۆسلاڤیاوە تا فلیپین دەمارگیری نەتەوەیی لەسەر ڕۆشنایی ئیسلام و هێز و جیهانە سومبولییەکەی ئیسلام دروستدەبن. چۆن دەشێت ڕۆحی ناسیۆنالیزمی عەرەبی و ڕۆحی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و ڕۆحی ناسیۆنالیزمی پاکستانی و ڕۆحی ناسیۆنالیزمی شیشانی یەکبێت، ناسیۆنالیزم خۆی لەسەر دابڕانی ڕۆحی نەتەوەکان لەیەکدی

دروستدەبێت، ئەی چۆن و بەچ مانایەک ڕۆحی ئەم نەتەوانە بەیەکدی تێکەڵبوون و هەموویان ئیسلام سەرچاوەکەیانە. ئەم ئەمە ئەوە دەردەخات چ خورافەت و هەڵەیەکی بێئەندازەیە کە ئیسلام بە ناسیۆنالیزمی عەرەبییەوە ببەستینەوە، یان ئایینە گەردونییەکان بە ئایدیۆلۆژیای ناسیۆنالیزم یەکسانکەین. خۆش لەوەدایە کاک بەختیار لە ساتێکدا ئەم قسانە دەکات کە لە ناو کورددا گووتارێک دروستبووە دەخوازێت ئیسلام وەک خیتابێکی ناسیۆنالی کوردی بەکاربهێنێت و لەنێوان ئیسلام و ناسیۆنالیزمی کوردیدا جۆرێک لە تەبایی دروستبکات، نەک ئەو شەڕە وەهمیەی کە بەڕێزی پێشنیاری دەکات.

## 5 ـ تێکەڵاوکردنی ئەپستمۆلۆژیا بە مێژوو

لە کۆتایی بەشی (١ـ ١)ی کتێبەکەیدا کاک بەختیار دوای ئەوەی کۆمەڵێک گشتگۆیی (عمومیات) لەسەر دۆخی کورد لەسەردەمی ئیسلامدا دەنووسێت، دێتە سەر قسەکردن لەسەر مێژوی کورد و لێرەشدا کۆمەڵێک گشتگۆیی تر دەنووسێتەوە و لە پاڵیشیدا کۆمەڵێک تێکەڵکاری گەورە دەکات و سەری بابەتەکان دەکات بە ناو یەکدا بێئەوەی بتوانێت هیچ تەوەرێک لە تەوەرەکان جیابکاتەوە. لە لاپەڕە «١٦» دا ئەم بڕگەیە سەبارەت بە کورد دەخوێنینەوە: «لێرەدا شیاوی مێژووە بزانین میللەتێک لە ناو گەرمەی ڕوداوەکانی ناوچەکە بوبێ، خۆی ڕابردوویەکی ئایینی دورودرێژی بوبێ، دەسەڵاتی گەورەی بوبێ، هەمیشە لە بەرەنگاریدا خۆی دیبێتەوە، ئاخۆ میلەتێکی ئاوا، دورونزیک ئاگای لە فەلسەفە، بیری جیاواز، توێژینەوەی جیاواز، ڕەوشی جیاوازی جیهانی ئیسلامی هەبووە یان نەبووە؟ ئەگەر لەوەڵامدا پشت بە نوسراوی ڕەسمی، یان یاداشتی مێژوونوسەکانی دێرینە، یاوەکو تۆمارەکانی دەسەڵاتەکان ببەستین، ئەوەی هەتا ئێستا بڵاوبوونەتەوە و دەستکەوتون، بێگومان شتێکی ئەوتۆیان بۆسەلماندنی بیروڕای جیاواز و کاریگەری فێرگە فەلسەفییە جیاوازییەکانی ناو جیهانی ئیسلام، لێ هەڵناکرێنین. چونکە مێژووی تۆمارکراو، مێژووی دەسەڵاتی ڕەسمیە. مێژووی ڕوداوە زانراوەکانە، مێژووی دەرباری تۆمارگای دەرباری خەلیفەو سوڵتانەکانە»

ئەوەی ئەم بڕگەیە بخوێنێتەوە نازانێت کاک بەختیار باسی چی دەکات، بەڕێزی لەم بڕگەیەدا چەندین باسی تێکەڵاوی یەک کردووە بێئەوەی لەسەر هیچییان قسەبکات. لەسەرێکەوە باس لەوەدەکات کورد لە گەرمەی ڕوداوەکاندا بووە، ڕابردووی گەورەی و

دەسەڵاتی گەورەی هەبووە، واتە باس لە قۆناغی بەر لە هاتنی ئیسلام و بڵاوبوونەوەی بە کوردستاندا دەکات، کەچی لەسەرێکی دیکەوە پرسیارێک ئەکات کە دوور و نزیک پەیوەندی بەو ڕابردووەوە نییە و باسی سەردەمانی ئیسلام دەکات و دەپرسێت ئایا کورد «دوورو نزیک ئاگای لە فەلسەفە، بیری جیاواز، توێژینەوەی جیاواز، ڕەوشی جیاوازی جیهانی ئیسلامی هەبووە یان نەبووە؟»، سادەترین پرسیارێک لێرەدا بەرەوڕووی کاک بەختیاری بکەینەوە ئەوەیە: بوون یان نەبوونی دەسەڵات لە ڕابردوودا و بەر لە هاتنی ئیسلام چ پەیوەندییەکی بە زانین یان نەزانینی فەلسەفە و بیری جیاوازی ناو جیهانی ئیسلامییەوە هەیە؟ بوونی دەسەڵات لە کۆندا مەسەلەیەکە و ئاگاداربوون لە فیکری فەلسەفی دوای تێکچونی ئەو دەسەڵاتە مەسەلەیەکی دیکەیە، ئەم دووانە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە؟ لە ڕاستیدا تێکەڵاوییەکە لەوە سەیرترە پیاو سەری لێ نەسوڕمێت. کاک بەختیار ئەوەندە نامەنهەجییە تەنانەت ناتوانێت ئەو ڕوبەرە زەمەنییەش دیاریبکات کە قسەی لەسەردەکات. ئایا ئەو لەو شەش دێڕەدا باس لە تێگەیشتنی کورد دەکات بۆ ڕەوشە فەلسەفییەکانی ناو ئیسلام یان باس لە کورد دەکات وەک دەسەڵات و مێژووی پێش ئیسلام؟ باسی چەندان سەدەی مێژووی کورد بەر لە ئیسلام دەکات، یاخود باسی ئەو قوتابخانە فیکرییانە دەکات کە هەزاران هەزار لاپەڕە فیکری و فەلسەفییان لەناو ئیسلامدا و بەدرێژایی چەندن سەدە نووسیوە؟ ئەگەر کورد ئایینی خۆی هەبووە، ئەوا ئەو ئایینە بە سەدەها ساڵ بەر لە سەقامگیری ئیسلام بووە، گەر دەسەڵاتی خۆی هەبووە، ئەم دەسەڵاتەش هەر بەر لە هاتن و باڵادەستی ئیسلام بووە، چونکە دەسەڵاتە کوردییەکانی تر دواتر لەناو ئیسلامدا دروستدەبن و جگە لە ئیسلام دینێکی تریان نەبووە و بەشێک نەبوون لە قەڵەمڕەوێکی دیکە جگە لە قەڵەمڕەوی ئیمپراتۆرییەتەکانی ئیسلام. ئیدی ئاگاداربوونی کورد لە فەلسەفەی ئیسلامی و ڕەوشە جیاوازەکان پەیوەندی بەوەوە چییە کەسەدان ساڵ پێشتر دینی هەبووبێت یان نەیبووبێت، دەسەڵاتی هەبووبێت یان نەیبووبێت؟ ئەمە لەوە دەچێت لە ئیستادا یەکێک بڵێت «ئێمە لەسەدەی نۆزدەدا ئیمارەتی بابانمان هەبووە، یەعنی چی ئەمڕۆکە ئاگامان لەفەلسەفەی مۆدێرنی ئەوروپا، یان فەلسەفەی عەرەبی و تورکی و فاسی نییە؟» بوون و نەبوونی ئیمارەتی بابان چ پەیوەندییەکی بە ئاگاداری ئێمە لە فیکر و فەلسەفەی سەدەی بیستەمەوە هەیە، بەهەمانشێوەش بوون و نەبوونی دەسەڵات بەر لە ئیسلام چ پەیوەندییەکی بە بوونی ئاگادارییەوە لە فیکر و فەلسەفەی دوای ئەو دەسەڵاتەوە هەیە.

هەموو خوێنەرێکی سادە دەزانێت ئاگاداربوون لە فەلسەفەی ئیسلامی بەوە ناپێوڕێت ئایا تۆ پێش ئیسلام بە چەند سەد ساڵێک چیت هەبووە یان نەبووە، دەسەڵاتت هەبووە یان بێدەسەڵات بوویت، لەناو گەرمەی ڕووداوەکاندا بوویت یان لە پەراوێزدا. خودی گۆشە نیگاکە و سروشتی داڕشتنی پرسیارەکانی کاک بەختیار هەڵەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە با عەرەب بە نموونە وەرگرین، ئەم نەتەوەیە سەردەمانێک خاوەنی گەورەترین شارستانییەت بووە، گەورەترین دەسەڵاتی نێودەوڵەتیشیان لەدەستابووە و لەناو گەرمەی ڕووداوەکانیشدا بوون، بەڵام تا دەگەینە سەر سەدەی بیست، ڕۆشنبیریی عەرەبی ئاگای لە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و فەلسەفەکانی ڕۆشنگەری و دوای ڕۆشنگەریش نەبووە. ئەم بێئاگاییەش بە ئەندازەیەکە تازە بە تازە هەندێ کتێبی سپیۆنۆزا و لیبینتز و مۆنتیسکیو دەکرێنە عەرەبی. ئەمە لە کاتێکدا عەرەب زیاد لە دوو سەدەیە لە دەرگیرییەکی سەخت و هەمەلایەنەشدان لەگەڵ خۆرئاوادا، کەچی خەزێنە فەلسەفییەکەیان بەتاڵە و تا ڕادەیەکی زۆر بێئاگان لە فیکری فەلسەفی جیهانی. ئەوەی عەرەب ڕۆژگارێک خاوەنی شارستانیەت بووە یان نەبووە، خاوەنی دەسەڵات بووە یان بێدەسەڵات بووە، لەناو گەرمەی ڕووداوەکاندا بووە یان نا، پەیوەندی نییە بەوەوە ئەمڕۆ فەلسەفەی هەیە یان نییە، ئاگای لە ڕەوشی فیکری جیهانییە یان بێئاگایە، خەزێنە مەعریفییەکانی لێوانلێوە لە دەسکەوتە فەلسەفی و فیکریی و میتۆدی یان بە سەدان ساڵ لە ڕەوشی فیکری جیهانی دابڕاوە و ئەمڕۆش ئەو بۆشاییەی بۆ پڕناکرێتەوە. بە مانایەکی دیکە کاک بەختیار بەشێوەیەکی سەیر شتەکان و بابەتە جیاوازەکان تێکەڵاودەکات، جەمسەرەکان بە ناو یەکدا دەئاڵۆزکێنێت و پرسیاری هەڵە لە پێدراوی هەڵە دەکات. دەرەنجامیش ئەوەیە لەسەرەتایەکی هەڵەوە پرسیارێکی هەڵەدەکات و بۆ وەڵامدانەوەشیان دەچێتە سەر بابەتێکی هەڵە.

ئەگەر کورد ئاگای لە ڕەوشی فەلسەفی جیهانی ئیسلامی هەبووە یان نەبووە، ئەوا ئەو ئاگاداری و بێئاگاییە لە ساتە وەختی خۆی و لەسەردەمی ئیسلامدا و لە ناو مێژووی دروستی خۆیدا دەبێت تەماشابکرێت و بە بەراورد بە کارەکتەری دینی و سیاسی کورد لەو سەردەمەدا، قسەی لەسەر بکرێت. ئەگەر ئەم ئاگادارییە لە فەلسەفە و فیکری تیوری ئامادەیە، ئەوا دەبێت بە تێکست و نووسراو ئامادەبێت، ئەگەر ئامادەش نییە ئەوا پرسیاری ڕاستەقینە ئەوە نییە بەخۆت بڵێی ماقوڵ نییە ئێمە بەر لە

ئیسلام دەسەڵاتمان هەبووە کەچی دوای هاتنی ئیسلام ئاگاداری فەلسەفە نەبووبین. بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەینەوە داخۆ ئێمە فەلسەفەمان هەبووە یان نەبووە، دەبێت تێکست و نووسراو و بەڵگە و دۆکۆمێنت قسەبکەن، نەک پرسیاری هەڵەبکەیت و بڵێی نابێت ئێمە نەمانبووبێت. کە ئەمانەشت هیچی لەبەردەستدا نەبوو، ئەوکات پرسیاری ڕاستەقینە ئەوە نییە «ئایا ئێمە هەمان بووە یان نەمان بووە؟» بەڵکو ئەوەیە «ئێمە فەلسەفەمان بۆ نەبووە؟ ڕۆشنبیریی کوردی بۆ فەلسەفە و فەیلەسوفی بەرهەمنەهێناوە؟»، «فیکری تیوری بۆ لەناو پێکهاتی ڕۆشنبیری ئێمەدا لاوازە؟». کەسێکیش کەمەکێک ویژدانی هەبێت دەزانێت ئەمە بەشێک لەو پرسیارە گرنگانەیە کە هەندێک لە نووسەرەکانی ڕەهەند زۆر بە قووڵی وەڵامیانداوەتە و یەکێک لەو ئیشکالیەتە فیکرییە گرنگانەشە کە چەند نووسەرێکی ئەم گۆڤارە بەبەردەوامی کاریان لەسەر کردوە.

دیارە کاک بەختیار ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە کە ئێمە بۆ فەلسەفەمان نییە و خودی پرسیارەکەی خۆشی پرسیارێکی ناڕاستە، کە ئەمەشی بۆناکرێت ئیدی باز بەسەر مەسەلەکاندا ئەدات و خەتای نەبوونی فەلسەفە دەخاتە سەر مێژوونووسەکان. با گوێ لە کاک بەختیار بگرین: «ئەگەر لەوەڵامدا پشت بە نوسراوی ڕەسمی، یان یاداشتی مێژوونوسەکانی دێرینە، یاوەکو تۆمارەکانی دەسەڵاتەکان ببەستین، ئەوەی هەتا ئێستا بڵاوبوونەتەوەو دەستکەوتون، بێگومان شتێکی ئەوتۆیان بۆسەلماندنی بیروڕای جیاوازو کاریگەری فێرگە فەلسەفییە جیاوازییەکانی ناو جیهانی ئیسلام، لێ هەڵناکرێنین. چونکە مێژووی تۆمارکراو، مێژووی دەسەڵاتی ڕەسمیە. مێژووی ڕوداوە زانراوەکانە، مێژووی دەرباری تۆمارگای دەرباری خەلیفە و سوڵتانەکانە«

وەک کاری هەمیشەیی کاک بەختیار دیسانەوە لێرەشدا شتەکان تەواو تێکەڵاودەکاتەوە. لەسەرێکەوە باس لە مێژووی فیکر و فەلسەفە دەکات، لە سەرێکی دیکەوە باسی مێژووی دەسەڵاتی ڕەسمی و مێژووی ڕووداوەکان دەکات. بەم کارەشی مێژووی فیکر و مێژووی ڕوداوەکان دەخاتە ناو یەک سەبەتەوە، مێژووی فەلسەفە و مێژووی دەسەڵاتی ڕەسمی تێکەڵدەکات، مێژووی دەرباری خەلیفە و سوڵتانەکان و مێژووی مەعریفە وەک یەکدەبینێت، بە یەک تێکەڵدەکات. هەموو خوێنەرێکی سادە دەزانێت ئەمانە شێوازی جیاوازی مێژوون و ناکرێت هەموویان وەکو یەک تەماشابکەین و بەیەکدیان تێکەڵکەین. ئەم تێکەڵکردنە دەرنجامی ئەو زمانە

ئینشائییەیە کە هیچ چاودێرییەکی میتۆدی و فیکری و تیوری بەڕێوەی نابات، زمانێک ئینشانووسی و کاری زانستی بەیەکدی تێکەڵدەکات.

سەرەڕای ئەمە هەموو مێژوونووسینەوەیەک، نووسینەوەیە لە دیدێکی تایبەتییەوە، مێژووە لە ڕوانگە و هەڵوێستێکی دیاریکراوەوە، هیچ نووسینەوەیەکی مێژوو نییە نووسینەوەیەکی بێگوناه بێت. هەموو مێژوو نووسینەوەیەک جۆرێکە لە خوێندنەوە، وەک ئالتۆسێریش دەڵێت، خوێندنەوەی بێگوناه بوونی نییە. ئەوەی کە ئەو نووسینانەوەی مێژوو بێلایەن نین، ڕاستییەکی ئاشکرایە، بەڵام ئەم قسەیە هێندە گوتراوەوتەوە سواوە و کاک بەختیاریش هیچی بۆ زیادنەکردووە. سەرەڕای ئەمە میللەتان خۆیان کولتووری خۆیان دەپارێزن و تائێستا نەبووە میللەتێک کولتووری میللەتێکی دیکە هەڵگرێت و بۆی بپارێزێت. ئەگەر میللەتێک شتێکی واشی کرد ئەوە لەبەرئەوەیە ئەو میللەتە خۆی سوودێکی گەورە لەو کولتوورە دەبینێت و ئەو کولتوورە دەکاتە بەشێکی ئۆرگانی لە شوناسی فیکری و مەعریفی و کولتووری خۆی. دیارە ئەوە میللەتە زۆر زیندوو و بەهێزەکانن کە سوود لە کولتووری ئەوانی تر وەردەگرن و دەیانکەن بە بەشێک لە پێکهاتی عەقڵی و ڕۆحی و فانتازی خۆیان و شوناسی خۆیان تێکەڵ بەو شوناسانەدەکەن. ئەمە جگە لەوەی کە دەبێت دان بەو ڕاستییەدا بنێین میللەتێک بتوانێت بونی خۆی بپارێزێت، بتوانێت هەزار سال تێکستەکانی بابەتایەری هەمەدانی هەڵگرێت، توانیبێتی سەدان ساڵ مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و هەزاران لاوک و حەیران و چیرۆکی پاراستبێت، سەدان دەستنووسی عەرەبی زانا کوردەکانی هەڵگرتبێت، سەدان بەیازی لە زەمانی نالی و پێشترەوە پاراستبێت، حیکمەتی چییە نەیتوانیبێت، کولتووری فەلسەفی و فیکری و تیوری، گەر هەیبووبێت، بپارێزێت؟ لە ڕاستیدا مەسەلەی نەبوونی بیری فەلسەفی و تیوری بە کوردی هێندەی پەیوەندی بە ستراکتوری ڕۆشنبیری کوردی خۆیەوە هەیە، پەیوەندی بەهیچی ترەوە نییە، ئەوەندی ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی فیکری و میتۆدی و ئەبستمۆلۆژییە، کێشەی پاراستن و نەپاراستنی مێژوویی نییە. کاک بەختیار تەنانەت یەک کتێبی کوردیشی لەبەردەستدا نییە، تەنانەت یەک ناوی لەبەردەستدا نییە بماندادتێ و بلێ ئەمە فەیلەسوفێکی کورد بووە و داگیرکەران کووشتوویانە و کتێبەکانیان سووتاندووە. لە ڕاستیدا بەڵگەی هەرە گەورە بۆ ئەم مەسەلەیە واقیعی ئێستایە، ئەوەتا کورد لە ناو سەدەی بیست و یەکدا دەژی، کاک بەختیار خۆی لەسەدەی بیست و یەکدا دەژی بەڵام لە غیابێکی گشتی فیکری تیوری و مەنهەجی و زانستیدا دەژی. بەڕێزی ئەو هەموو

قسە نامەنەهەجی و ناڕاست و نازانستییانە لەسەر نەتەوە و ناسیۆنالیزم و ئایین و ئیسلام و تەکنۆلۆژیا و ڕەخنەی ئەدەبی و مێژوو دەکات و سەردمە جیاوازەکان و مێژووی فیکر و مێژووی ڕووداوەکان و دەیان شتی دیکە بەیەکدی تێکەڵدەکات، لەکاتێکدا کوردستان ئازادە و کاک بەختیار خۆشی یەکێکە لە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان. کاری فەلسەفی و فیکری و تیوری بێ ڕێکخستن و ئۆرگانیزەکردنێکی میتۆدییانەی چالاکییە عەقڵییەکان لەدایکنابێت، کتێبەکەی کاک بەختیار کە لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا نووسیویەتی، هەرچییەکی تێدابێت سەرەتا سادەکانی نووسین و بیرکردنەوەی میتۆدی و پرنسیپە سەرەتاییەکانی بیرکردنەوەی زانستی تێدا نییە. ئەمەش پەیوەندی بە کەسی کاک بەختیار خۆیەوە هەیە نەوەک بە داگیرکەران و ئیسلام و ناحەزانی کوردەوە.

سەرباری ئەو هەموو ڕاستییانە، میللەتان خۆیان مێژووی فیکری خۆیان دەپارێزن، جولەکەکان بەسەرتاسەری دونیادا پەخشکران و لە هەمو شوێنێکیش و بە درێژایی چەندان سەدە ڕەشەکوژی و قەتل و عامییان کرا، بەڵام بەشێکی زۆری کولتوورو دین و بوونی خۆیان پاراست. لێرەدا کاک بەختیار لەبری ئەوەی بچێتە بنج و بناوانی ئەو پرسیارەوە کەخۆی دەیکات (پرسیاری ئەوەی ئایا ئێمە فەلسەفەمان هەیە یان نا؟)، لە بری ئەوەی بچێتەوە ناو مێژوو و بەدوای تێکستدا بگەڕێت، ئاسەواری ململانێ فیکرییەکانی ناو ئیسلام لە ژیانی سیاسی سەدان ساڵی کوردستاندا بدۆزێتەوە، ڕێگا زۆر کۆن و زۆر ئاسانەکەی گرتووە، ئەویش ئەوەیە بڵێت ناحەزان مێژووی ئێمەیان خراپ نووسیوەتەوە، ماقوڵ نییە فەلسەفەمان نەبووبێت، بێگومان هەمان بووە بەڵام مێژوونووسەکانی دەرباری سوڵتان بۆیان نەنووسیووینەتەوە. دیارە گومانی تیا نییە کە مێژووی ئێمە یان هەر نەنووسراوەتەوە یان خراپ نووسراوەتەوە و بۆ زانینی ئەمەش خوێنەر پێویستی بە کاک بەختیار و منیش نییە، بەڵکو ئەمە بەڵگەنەویستێکە و هەموو خوێندەوارێکی سادە دەیزانێت. بەڵام ئەو پرسیارەی کە دەبا بەڕێزی بیکردایە و نەیکردوە ئەوەیە: نهێنی ئەو ئیفلیجییە چییە کەسەدە لەدوای سەدە وایکردووە کورد خۆی مێژوی خۆی نەنووسیتەوە، بەرهەمی تیوری نەبێت و نەیپارێزێت؟» کردنی دوژمن بۆ ئەو عەلاگەیەی هەموو ڕابردووی خۆمانی پیاهەڵواسین ئەو چارەسەرە سادە و ئاسان و کۆن و پەڕپووتەیە کە هیچ حەرفێکی نوێ ناخاتە سەرئەوەی کە دەیزانین. ئەمە چ نوکتەیەکە گلەیی لە دوژمنانمان بکەین لەسەر ئەوەی ئێمە نازانین ئایا ئیسلام کاری تێکردووین یان نا، چ ڕوانینێکە بە دوژمنەکانمان بڵێین بۆ مێژووتان باش بۆ

نەنووسینەوە تا بزانین فێرگە فەلسەفییەکان کاریان لێکردووین یان نەیانکردوە؟ ئەمە چ گلەییەکی نابەجێیە لە دوژمنان پێیان بڵێین دەبایە ئێوە مێژووی خەلیفەکان نەنووسنەوە، بەڵکو ئەو مێژووە بنووسنەوە تا ئێمە ئاگاداربین و بزانین فەلسەفەکانی ئێوە هیچی داوەتە ئێمە یان نەیداوە. کێشەی کاک بەختیار ئەم نامەنهەجییەتەیە کە وا دەکات نەزانێت لە کوێوە دەستپێدەکات و نەشزانێت چارەنووسی پرسیارەکانی بۆکوێ دەچێت و زۆر جار شتەکانی سروشتی نوکتە وەرگرن.

هەر دوای ئەو پەرەگرافەی سەرەوە کاک بەختیار دێتە سەر رۆژگاری دوای راپەڕین و دەڵێت «ئەوەی بە ناوی ئەبستمۆلۆژیاوە لە دوای راپەڕینەوە لەسەر رابردوومان و ئێستامان باسکراوە، بە میتۆدێکی هێندە دابڕاو لە ڕاستییە بابەتیەکان کاری پێکراوە، دەشێ بڵێین ئەو پەڕەکەی هەندێ پرسیاری نوێی دروستکردووە، بەڵام بابەتەکان هێندە بە دابڕاوی باسکراوون، تەنانەت پرسیارەکانیش بەتەمومژ داپۆشراوون».

ئەم پەرەگرافەش هێمای فەوزا و قەیرانێکی گەورەیە لە بیرکردنەوە و نووسین و دروستکردنی پەیوەندیدا، کاک بەختیار کۆمەڵێک حوکمی سەیر سەیر ئەدات، بەڵام هیچ یەکێک لەم حوکمانە بە نموونەیەک ناسەلمێنێت. هەندێک ووشە بەیەکەوە گرێدەدات کە خوداش نازانێت چ مانایەکیان هەیە و بەرێزیشی دەستنابات مانا و مەبەستەکانی نیشانبدات. سەرەڕای ئەمە کاک بەختیار لەم پەرەگرافەدا هیچ شتێک لەو شتانەی باسیاندەکات دەستنیشانناکات، پێمان ناڵێت ئەوەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بە ناوی ئەبستمۆلۆژیاوە لەسەر رابردوو و ئێستامان باسکراوە چییە؟ کام نووسین و کتێب و ووتارە؟ کێن ئەوانەی ئەم باس و بابەتەیان هێناوەتە گۆڕێ؟

کاک مەلا بەختیار ئەوەی لە یاددەچێت کە بەرێزی لەو پەرەگرافەدا باسی نووسینەوەی مێژوودەکات، نووسینەوەی مێژووش چ پەیوەندییەکی بە ئەبستمۆلۆژیاوە هەیە. ئەبستمۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە باس لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی فیکری زانستی دەکات، باس لە ڕۆڵی عەقڵ و ئەزموون ئەکات لە بەرهەمهێنانی زانیاریدا، ئەبستمۆلۆژیا مێژوو نانوسێتەوە (من لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا کە باس لە میشێل فۆکۆ دەکەم دێمەوە سەر باسی ئەبستمۆلۆژیا و پێناسکردنی ئەبستمۆلۆژیا چونکە کاک بەختیار لەوێشدا ئەم زاراوەیەی بەهەڵە بەکارهێناوە).

سەرەڕای ئەمە کێ لە دوای ڕاپەڕینەوە ڕاگەیاندووە کە مێژووی کۆن و نوێی ئێمە بە «میتۆدەکانی ئەبستمۆلۆژیا» دەنووسێتەوە؟ کامانەن ئەو نووسەرانەی شتی

وایانگوتوه و نەیانکردوه و کاک بەختیار دادگایان بۆ دادەنێت؟ ئەوە کێیە گوتوێتی من مێژوو دەنووسمەوە و ڕابردوو و کەشفدەکەم و نەیکردووە؟ ڕووی دەمی کاک بەختیار لێرەدا لە کەسایەتییەکی وەهمی ناو خەیاڵی خۆیەتی، دەنا قسە ئاراستەی بکەرێکی ڕاستەقینە ناکات. چونکە نەوەی دوای ڕاپەڕین، ئەگەر مەبەستی نووسەرانی ڕەهەندبێت، ئەوەیان نەخستۆتە سەرشانی خۆیان و هەرگیز نەیانگوتوە ئێمە مێژوو دەنووسینەوە. ئەی ئەگەر واش نییە بۆ تێکستێکی نەهێناوەتەوە تیایدا بیسەلمێنێت یەکێک لەدوای ڕاپەڕینەوە هاتبێت و ئیدیعای نووسینەوەی مێژووی کۆن و نوێی کردبێت و دواتر جێبەجێینەکردبێت. دوایی ئەو پرسیارە تەمومژاوییانە چین کە «نووسینەوەی مێژوو لەڕێگای ئەبستمۆلۆژیاوە» لە دوای ڕاپەڕینەوە دروستیکردون، کێ کردوونی و لە کوێ؟ کاک بەختیار بۆ پێمان ناڵێت کێ هاتووە پرسیاری تەمومژاوی لە مێژوو بکات، کەی و لە کوێدا؟ لەڕاستیدا کاک بەختیار سەرەتایترین مەرجی نووسینی زانستی ژێرپێدەنێت و بەرامبەر بە هەریەکێک لەو حوکمانە نموونەیە نیشانناداتا تا بزانین باسی چی و کێ و کام ئیشکالییەت دەکات. ئەم مەسەلەیە هیچ ئاشکرا نەکات ئەوە ئاشکرا دەکات کە کاک بەختیار نە بابەتی کار و نە سنووری کایەکانی ئەو نەوەیە نازانێت کە لەدوای ڕاپەڕینەوە ئیشدەکات، بێزانیبیایە نەیدەگوت نەوەیەکن دەیانەوێ بە «میتۆدی ئەبستمۆلۆژیا» مێژوو بنووسنەوە.

دواتر «میتۆدی دابڕاو» چ مانایکی هەیە؟ ئەی «میتۆدی دانەبڕاو» چییە، ئەو میتۆدانەی کە دانەبڕاون ناویان چییە و سروشت و کەرەستە و سیستەمی ڕاڤەکردنیان کامەیە؟ ئەو میتۆدانەی کە دابڕاون لەسەر چ بنەمایەکی فیکری و فەلسەفی و مەعریفی دابڕاون؟ لە ڕاستیدا نە میتۆدی دابڕاو و دانەبڕاو و نە میتۆدی خەوناوی و بێخەون بوونیان هەیە، تا ئەو شوێنەی من ئاگاداربم کاک بەختیار یەکەمین کورد و یەکەمین مرۆڤە میتۆدەکان بەمشێوەیە پۆلێنکات و هیچیشیان لەسەر نەڵێت. بەڕێزی وەڵامی هیچ یەکێک لەو پرسیارانە ناداتەوە کە لە کاتی قسەکردندا لەسەر میتۆد و ڕەخنەی میتۆدی ناچارین بیاندەینەوە. ئەگەر ئێمە لە بواری زانستدا کاردەکەین، دەبێت هەموو ئەم قسانە ساغبکرێنەوە، ئەگەر لە دیوەخانیشادااین و قسە و باسی سەرجادە بۆیەکدی دەگێڕینەوە ئەوە شتێکی ترە.

ئەی باشە ئەو «ڕاستییە بابەتییانە» چین کە کاک بەختیار دەڵێت میتۆدەکان لێیان دابڕاون، بەڕێزی باسی کام ڕاستی بابەتی دەکات و لە چ ڕۆژگار و سەردەمێکدا؟ میتۆد چۆن لە ڕاستییە بابەتییەکان دادەبڕێت؟ کاک بەختیار کە دەڵێت میتۆدەکان لە

ڕاستییە بابەتییەکان دابڕاون، ئەمە یەک مانای هەیە، مانای ئەوەی کاک بەختیار لەسەرێکەوە ڕاستییە بابەتییەکان دەزانێت لەسەرێکی دیکەشەوە میتۆدە دابڕاوەکان دەناسێت. ئەو پرسیارەی لێرەدا دێتە پێشەوە ئەوەیە: ئەگەر ئێمە لە بواری نووسینەوەی مێژوودا ڕاستییە بابەتییەکان دەزانین، کەواتە مێژوو بۆ ئەنووسینەوە. زانستی مێژوو کە مێژوو دەنووسێتەوە دەیەوێت بە ڕاستییە بابەتییەکان بگات، جا ئەگەر کاک بەختیار دەزانێت ڕاستییە بابەتییەکان چین ئیدی مێژوو بۆ بنووسینەوە.

کە کاک بەختیار میتۆدی «دانەبڕاوی» لایە بۆ نووسینەوەی مێژوو و ڕاستییە بابەتییەکانیش دەزانێت، ئیدی خۆ ئەمە مەتەڵ نییە بۆ پێمان ناڵێت چییە؟ بەڕێزی کە دەنوسێت نەوەی دوای ڕاپەڕین میتۆدەکانیان دابڕاو بووە، کەواتە ئەو ئەو میتۆدانە دەناسێت کە دانەبڕاون، کە دەشڵێت دووربوون لە ڕاستییە بابەتییەکان، کەواتە خۆی لەناو ڕاستییە بابەتییەکاندایە و دەزانێت چین. دەنا چۆن دەیزانی ئەم نەوە نوێیە دووربوون لە ڕاستییە بابەتییەکانی مێژوو. کاک بەختیار کە هەموو ئەم شتانە ئەزانێت بە پێی چ شەریعەتێک ئەم نهێنییەمان بۆ ئاشکراناکات کە مێژوونووسانی کۆن و نوێ بۆیان چارەسەرنەکراوە. ئاخر یەکێک میتۆدی گونجاوی خوێندنەوەی مێژووی لابێت و ڕاستییە بابەتییەکانی مێژووش بزانێت، کەواتە دەستیخستۆتە سەر جەوهەری کاری مێژوونوسین و گرفتی نەماوە و هەموو نهێنییەکانی دۆزیوەتەوە. من کاک بەختیار بومایە هەرزوو ئەم شتانەم ئاشکرادەکرد و چی کێشەی مێژوویی و نهێنیەکانی ناو مێژووی کورد هەیە هەموویم چارەسەر دەکرد.

## 6ـ تێکەڵکردنی توندوتیژی خێڵەکی کۆن بە توندوتیژی ڕاسیستیانەی نوێ

ئەگەر لە لاپەڕەکانی پێشوودا کاک بەختیار دەوارنشینی و ناسیۆنالیزم و ئەبستمۆلۆژیا و مێژوونووسینەوەی بەیەکدی تێکەڵکردبێت ئەوا لە لاپەڕە ٢٠ کتێبەکەیدا تێکەڵکارییەکی دیکە دەکات سەری پیاو سپیدەکات. بەڕێزی لەو لاپەڕەیەدا دەنووسێت: «نەژادپەرستی، یاوەکو باڵادەستێتی نەژاد، تێزێکە بە درێژایی مێژوو هەبووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی زانستی بایۆلۆژیا و ئینتربۆلۆجیا بە هەڵە لە ڕوانگەی نەژادەوە لێک دەدرانەوەو نەژادی باڵاونزمتر، لەسەر ئەو تێزە دیاری دەکران. تەنانەت ئێستاش، دوای ئەوەی زانستی بایۆلۆجی نوێ سەلماندوێتی کە نەژادی پاکژ و چاکتر لە نەژادی دیکە نییە، سەرەڕاش، ئێستاش ڕێبازی ڕەتکردنەوەی توندڕەو لە ئۆروپادا،

لە ئۆرۆپایەکدا کە فەلسەفەی دوای نوێگەری سەری هەڵداوە، هەر هەیە، لە فەرەنسا، ڕوسیا، نەمسا و ئەڵمانیاشدا، لە نشونماکردن و زیادبونی ڕێژەی پەرلەمانیشدان. لە ئۆروپای ئەوپەڕی پێشکەوتندا وابێ، ئاخۆ لەناو عەرەبی ئەوپەڕی دواکەوتودا لەسەرەتای ئیسلامدا چۆن بووە؟»

ئەم پەرەگرافەی کاک بەختیار لێوانلێوە لە هەڵەی فیکری و زانستی. جارێ نەژادپەرستی تێزێک نییە بە درێژایی مێژوو هەبوویێت، بەڵکو تێزێکە تازە و سەرەتاکەی بۆ سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم دەگەڕێتەوە. نەژادپەرستی، یان ڕاسیزم، دیاردەیەکە هاوڕێگای ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزمە. جیهانی کۆن جیهانێکی بچووک بووە کە تێیدا جیاوازییە دەرەکی و فیزیاییەکانی ئینسان تێبووبینینەکراون. تا دروستبوون و پەیدابوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە دواهەمیان قۆناغەکانی جیهانی کۆن و سەرەتای جیهانی مۆدێرندا، دوژمنایەتی نێوان خەڵک لەسەر بنەمای ڕەگەز نەبووە، بەڵکو لەسەر بنەمای کولتوور و ئاین و جیازوازی زمان بووە (Cashmore, 91 :20001). بەباوەڕی مێژوونووسی ئینگلیزی (لۆرد بریسێ) هەستکردنی ووشیارانە بە ڕەگەز تا ڕادەیەکی زۆر بەر لە شۆڕشی فەرەنسی لە هیچ وڵاتێکدا بوونی نەبووە (هـ. س. پ.، ل ٩٢). بێگومان لە مێژووی دێریندا شەڕ و پەلاماری خوێناوی هەبووە، گروهەکان سەرزەمینی یەکدیان داگیرکردوە، یەکدیان تاڵانکردوە، بۆ ناو و ناوبانگ شەڕیانکردوە، بەڵام بە تێرمەکانی ئەتنیەت و ڕەگەز لەگەڵ یەکدا نەدواون و لەهیچ یەکێک لەو شەڕانەدا مەسەلەی جیاوازی ڕەگەز نەهێراوەتە پێشەوە. تەنها لە قۆناغی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزمدا ئینسان ووشیاردەبێت بە جیاوازییە ڕەگەزییەکان و بەکاریاندەهێنێت (هـ. س. پ.، ل ٩٢) یەکەمین هەوڵی زانستییانەش بۆ لێکدانەوەی ڕەگەز تەنها لەسەدەی هەژدەهەمدا، واتە لەسەردەمێکدا کە ڕۆشنگەری لەوپەڕی هێزیدا بوو، دێتە کایەوە. بایۆلۆژیستەکان کە پشتیان بە نووسینەکانی لیناوس و بوفۆن بەستبوو، هەوڵی لێکدیجیاکردنەوە و پۆلینکردنی ڕەگەزەکانیان دا، هەم لە جیهانی ئاژەڵ و هەم لە جیهانی ئینساندا شوێن و مەرتەبەی جیاواز بۆ ڕەگەزە جیاوازەکان لێکجیاکرانەوە (هـ. س. پ.، ل ٩٢). یەکەمین پۆلینکردنێک کە کرا پۆلین بوو لەنێوان ڕەگەزە «بەرزەکان» و ڕەگەزە «نزمەکان» دا کە تێیدا ئینسانە ئەوروپییە سپیپێستەکان خرانە لوتکەی هەرەمی ڕەگەزەکانەوە و وەک بەرزترین ڕەگەز پێناسکران. داروینیزم لە سەدەی نۆزدەهەمدا وزەیەکی گەورەی بە ڕاسیزم، ڕەگەزپەرستی، بەخشی و ئەو بیرۆکەیەی بەهێزکرد کە دەشێت ڕەگەزی بەهێز و

ڕەگـەزی لاواز بـوونیـان هـەبێت. هـەروەهـا لـە نیـوەی یەکـەمـی سـەدەی نۆزدەهـەمـدا لێکۆڵینەوەی زمانەوەنی پەنجەرەیەکی کردەوە بە ڕووی بەستنەوەی کارەکتەری زمان بە ڕەگەزەوە. لەگەڵ ئیمپریالیزمدا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو بیرۆکەیە بەهێز بوو کە ڕەگەزە لاواز و نزمەکان دەبێت بمرن و جێگا بۆ ڕەگەزە بەهێز و بەرزەکان چۆڵکەن (هـ. س. پ.، ل ٩٢).

کەواتە بەر لە لەدایکبوونی ناسیۆنالیزم و ئیمپریالیزم شتێک نەبووە ناوی نەژادپەرستی بێت، نەژادپەرستی و تیۆرەی نەژادییانە زانستە نوێییەکان دایدەهێنێن و لە سیاقی کۆلۆنیالیزمدا کارییێدەکرێت. کاک بەختیار لەوێشدا بەهەڵەداچووە کە دەڵێت «زانستی بایۆلۆژیا و ئینتربۆلۆجیا بە هەڵە لە ڕوانگەی نەژادەوە لێک دەدرانەوە». لەبەرچی؟ لەبەرئەوەی شتێک نەبووە پێش لەدایکبوونی ئەم دوو زانستە ناوی ڕوانگەی نەژادپەرستیانە بێت و دواتر ئەم دوو زانستە کەوتبنە ناو ئەو ڕوانگەیەوە و لەو گۆشەنیگایەوە لێکدرابنەوە. ڕوانگەی نەژادپەرستی ڕوانگەیەکە ئەم دوو زانستە بەشدارن لە داهێنانیدا، نەک نەژادپەرستی ببێتە سەرچاوەی بەهەڵە لێکدانەوەی ئەم دوو زانستە. وەک لەسەرەوە نیشانماندا بایۆلۆژیستەکانی وەک لیناوس و بۆفۆن دایدەهێنن، نەک بەر لەمان هەبووبێت و ئەمان کەوتبنە ناوییەوە.

لەم کێشەیەش ڕزگارمانبێت ئەو پەرەگرافەی کاک بەختیار دەمانخاتە ناو کێشەیەکی زانستی دیکەوە کە قووڵتر و هەمەلایەنترە، مەبەستم کێشەی چییەتی و چۆنایەتی پێوەرە زانستییەکانە بۆ پیوانەکردنی پێشکەوتن و دواکەوتن. کاک بەختیار پێیوایە عەرەب لە سەرەتای ئیسلامدا لەو پەڕی دواکەوتندا بوون. ئەو پرسیارەی دوای ئەم حوکمە دەبێت وەڵامی بدەینەوە ئەوەیە: لە ڕووی زانستییەوە چۆن پێشکەوتن و دواکەوتن بپێوین؟ کاک بەختیار بە پێی چ پێوەرێک عەرەبی سەرەتای ئیسلام بە دواکەوتوو دادەنێت؟

ئایا پێشکەوتن و دواکەوتنی سەرەتاکانی ئیسلام بەو بەها ئەخلاقی و کولتووری و ڕۆحییانە دەپیورێت کە کۆمەڵگاکانی سەدەی بیستەم مەسەلەی پێشکەوتن و دواکەوتنی پێدەپێون؟ یان هەر قۆناغێک لە مێژوودا بەپێی پێوەرە تایبەتییەکانی زەمانی خۆی و بە بەراورد بە دونیای پێش خۆی دەپێورێت؟ ئایا پێوانەکانی کاک بەختیار بۆ پێشکەوتن و دواکەوتن بۆ سەرەتاکانی ئیسلام چین؟ ئەو پێوەرانە چین وای لەبەرێزی کردوە بەو «ڕاستییە» بگات کە ئیسلام و عەرەبی دورگەی عەرەبی

دواکەوتوو بوون؟ بێگومان برای نووسەر لێرەشدا خۆی بە سەلماندنی زانستییانەی بیروڕاکانییەوە خەریک نەکردووە، کە تۆ باست لە پێشکەوتن و دواکەوتن کرد لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەردا و ئەو پێوانانەت دانەبەزاند کە ئەم پێشکەوتن و دواکەوتنەی پێدەپیوێت، لە ڕووی زانستییەوە هیچ شتێکت نەکردووە. بەڵام کاک بەختیار لە ڕەوتی قسەکانیدا بە ئاشکرا ڕوخساری ئەو هەڵە گەورەیە ئاشکرا دەکات کەتێیکەوتووە. گەر ئەو بڕگەیەی سەرەوە بەوردی بخوێنینەوە ئاشکرادەبێت کە کاک بەختیار لەسەر ڕۆشنایی پێوانەکانی ئێستای خۆرئاوا و سیستەمی نرخ و بەهای نوێ، کە نرخ و بەهای کۆتاییەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەمن، ڕۆژگاری سەرەتای ئیسلام دەپێوێت. ئەو دەڵێت ئەمڕۆکە لە ڕۆژئاوا ڕاسیزم هەیە، داخۆ دەبێت لە سەرەتای ئیسلامدا چۆن بووبێت؟ ئەمجۆرە هەڵانە باوترین و خراپترین و سەرەتایترین جۆری هەڵەن کە نەشارەزایەک لە کاتی قسەکردندا لەسەر مێژوو تێیانبکەوێت. کاتێک قسە لەسەر مێژوودەکەین، دەبێت، وەک جابری نیشانیداوین، هەمیشە خۆمان لەدوو هەڵەی گەورە بپارێزین:

یەکەمیان «پێوانەکردنی ئێستایە بە ڕابردوو کە هەندێکجار بە «قیاس الحاضر بالغائب» ناودەبرێت.

دووهەمیان: پێوانەکردنی ڕابووردەوە بە ئێستا، واتە «قیاس الغائب بالحاضر».

کاک بەختیار بە حیسابی خۆی لە کتێبەکەیدا باس لە مێژوو و کێشە مێژووییەکان دەکات و بەشێکی زۆری کتێبەکەی بۆ ئەم مەسەلانە تەرخانکردوە، کەچی لە یەکەمین وانەی میتۆدی نووسینەوەی مێژوودا هەڵەدەکات و لەدیدی ئەمڕۆوە و بە پێوەرەکانی ئەمڕۆ تەماشای مێژووی زیاد لە هەزار ساڵ لەمەوبەر دەکات. جگە لەمەش لە بری ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ مێژوو و لەوێدا لە هۆکاری ڕوداو و توندوتیژییەکانی دونیای کۆن بگەڕێت، دێت و شەڕ و شۆڕ و داگیرکەری و لەشکرکێشی سەردەمی ئیسلام بە بە توندوتیژی ڕاسیستە نوێکانی ئەوروپا دەپێوێت و دەڵێت کە ئەمانە، دوای ئەم هەموو پێشکەوتنە، ئاوەها توندڕەوبن دەبێت ئیسلامەکانی دورگەی عەرەب چۆن بووبن؟!

بەکورتی کاک بەختیار لەو بڕگەیەدا کۆمەڵێک هەڵەی زانستی سەرەتاییانە دەکات کە شوێنی سەرسوڕمانن:

١ ـ هیچ پێوەرێکی دیاریکراوی نەداوێنەتێ تا بزانین چۆن پێشکەوتن و دواکەوتن دەپێوێت، وەکو ئەوەی ئەم دوو وشەیە بۆ خۆیان هیچ کێشەیەکیان نەبێت و ئەوەی لە خەیاڵی کاک بەختیاردا پێشکەوتنە، ئیدی بۆ هەموو کەس و سەردەم و شوێن و

خوێندنەوەیەک دەستبدات. لەڕاستیدا ئەو بڕگەیەی ناو کتێبەکەی کاک بەختیار بەبێ دیاریکردنی مانای «پێشکەوتن و دواکەوتن» هیچ مانایەکی نییە. ئەو کەسانەشی کە دەیانەوێت لە بواری زانستیدا کاربکەن، دەبێت پێشوەخت مانای ئەو چەمکانە دیاریبکەن کە کاری پێدەکەن، بە تایبەت گەر هاتوو ئەو چەمکانە لە ڕەوتێکی ئاوا پڕ گرفتدا بەکارهێنران وەک مێژووی ئیسلام و کێشەکانی لە ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەردا. وەک دەبینین ئەوەی کاک بەختیار بیری لێنەکردبێتەوە ئەم پرسیار و ئەم سەرەتا میتۆدییانەیە کە لەڕێگایانەوە دەتوانین قسەی سەرجادە لە کاری زانستی جیابکەینەوە.

٢ ـ تێکەڵکردنی لەشکرکێشێکانی ئیسلام و توندڕەوی ڕاسیستییانە بەیەکدی هیچ مانایەکی نییە ئەوە نەبێت کە کاک بەختیار هەموو جۆرەکانی توندوتیژی ناو مێژوو بە ڕاسیزم تێگەیشتووە. واتە هێرشەکانی ئیسلام و مەغۆل و بێزەنتییەکان، هێرشی ڕاسیستی بوون، فارسەکان و عەرەبەکانی ئەندەلوس و ڕاسیست بوون. لەم گۆشەنیگایەوە مێژوو بریتییە لە زنجیرەیەک لە توندوتیژی و لەشکرکێشی و لەناوبردن و لەڕیشەهەڵکێشانی ڕاسیستانەی ڕەگەز و ئایین و نەتەوە و شار و دەسەڵاتەکان بووە. ئەمەش هەڵەیەکە بەر لە کاک بەختیار هیچ نووسەرێکی کورد و غەیرە کورد نەیانکردوە. جۆرەکانی توندوتیژی جیاوازن و هەر جۆرێک لە توندوتیژی دەبێت لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا بخوێنرێتەوە و تەماشابکرێت، توندوتیژی لەسەردەمی ئیمپراتۆرییەتەکاندا بە میکانیزمی ململانێکانی ناو ئیمپراتۆرییەتەکان و بەو سیستمە لە بەها و نۆرم و نرخی دینی دەپێورێت کە پاشخانی سیستمی توندوتیژی ئەو قۆناغەیە. توندوتیژی بەداوەت دەبێت لە سیاقی کۆمەڵگای دەوارنشینیدا تەماشابکرێت و ببەسترێتەوە بەو وێناکردنانەوە کە مرۆڤ لەو قۆناغەدا بۆ خۆی و نەیارەکانی هەیبووە. بەڵام لەهەر شوێنێک جەنگت بینی، ژێردەستیت بینی، توندوتیژیت بینی و ئەمەت گرێدایەوە بە ڕاسیزمەوە ئەمە بەڵگەیەکی گەورەیە کە نە لەسەردەمەکان تێگەیشتوویت و نە لە ڕاسیزم و نە لە جۆرە جیاوازەکانی توندوتیژی خۆشی. ڕاسیزم دیاردەیەکی دیاریکراوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو کولتووری خۆرئاوا و تا ئەندازەیەکی زۆر هاوشانی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمە و تەعبیر لە دیوێکی دیاریکراوی ناسیۆنالیزم دەکات. هاوشانە بەسەرهەڵدانی چەند زانستێکی دیاریکراو و لەسەرووی هەمووشیانەوە زانستی زمان و بایۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا. لێرەوە توندوتیژی ئایینی کە لەسەر باوەڕهێنان بە جێبەجێکردنی پەیامی هێزێکی غەیبی دروستبووە، چ

پەیوەندییەکی بە ڕاسیزمێکەوە هەیە کە سەدان ساڵ دواتر لە فۆرمی ئایدۆلۆژیا و زانستدا بەرجەستە دەبێت. هەموو لێکچواندنێک لە نێوان ئەم دووانەدا بۆ ئەوەیە لە بنەڕەتدا لەسەر ناوەرۆکی هیچ یەکێکیان قسەنەکەیت.

## 7 ـ ئیسلام لە تەختانیدا و ئیسلام لەناو شاخدا

لە لاپەڕەی ٢٠ و ٢١ دا کاک بەختیار باس لە مەسەلەیەک دەکات کە دەشێت بە ئایدیۆلۆژیترین بەشی کتێبەکەی ناونووسیکەین. ئەم بەشە پڕە لە حوکمی ناڕاست و بێبناغە و نەسەلمێندراو دەربارەی مێژووی پەیوەندییە ئایینیی و کولتوورییەکانی ئینسانی ئێمە بە ئایینی ئیسلامەوە. کاک بەختیار لەم بەشەدا چیرۆکی «سەرکەوتن»ی کورد بەسەر ئیسلامدا دەگێڕێتەوە و کۆمەڵێک دەرنجام وەردەگرێت کە مایەی سەرسوڕمانێکی بێسنوورە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم خاڵانە با لێگەڕێین کاک بەختیار خۆی بدوێ و دوای ئەوەش من سەرەنجەکانی خۆم لەسەر تێڕوانینەکانی بەڕێزی نیشانئەدەم. کاک بەختیار دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێ باری ڕابردووی کوردەواری هەڵبسەنگێن، چی دەبینین؟ هەڵبەتە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان کوردستان و شار و مەڵبەندە عەرەبنشین، یان باقی ئەقوامی کاربەدەستی ئیسلام، دەبینین. لەهەمو ڕویەکەوە: ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری و شارستانیەوە، کوردەواری دواخراوە. ئەوانیش پێشخراون. ئایا میلەتێک کە باری کۆمەڵایەتییەکەی ئاوا و دۆخی سیاسییەکی بەو شێوەیە بوبێ، جیاوازیەکی زەق لەنێوان خۆی و دەسەڵاتدارانیا کرابێ؛ بەزەبری لەشکرکێشیش وازی پێ لە ئاین و دەسەڵات و داب و نەریتی هێنرابێ، ئایا میللەتێکی ئاوا تەواو تەسلیم بوە و لەبەرامبەر ئەو چەمکانەدا کە نامۆبون بە ژیان، کولتور، ترادیسیۆن و ئەقڵیەتیا، هیچ جۆرە کاردانەوەیەکی نەبوە؟ هیچی خۆی نەپاراستوە، ساکاوە؟ یاخو نەخێر، لەهەموو بارێکەوە، هێندەی بۆی لوابێ و توانای هەبوبێ، بەشێک لە جیاوازیەکانی لەهەموو بەشێکی ژیان، پاراستووە؟ لەو باوەڕەدام لەبەرامبەر ئایینێکی وەکو ئیسلام و نەتەوەیەکی وەکو عەرەبدا، کە میللەت و شارستانیەتی گەورەیان لە مێژووی ڕۆژهەڵات و ئەفریقای عەرەبیدا، لەبۆتەی خۆیاندا، تواندۆتەوە، مانەوەی میللەتانی وەکو کورد، وەکو میللەتێکی جیاواز، خۆی لە خۆیدا گەورەترین بەڵگەی سەرکەوتنی پاراستنی جیاوازییەکی گەورەیە. ئەگەر ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش وردتربکەینەوە، دەردەکەوێ کە لە مەسەلە مەزهەبیەکانەوە بۆ

کۆمەڵایەتی، کولتور، کەلەپور، فۆلکلۆر، پێکهاتەی مرۆڤ، شارستانیەت...تاد هەر ڕویەکی ژیان بگرین، جیاوازی پارێزی بەرامبەر ئایینی سەراپیگیر ئیسلام دەبینین»

ئەم برگانە یەک مانایان هەیە ئەویش ئەوەیە کە ئیسلام نەیتوانیوە چۆک بە کورد دابدات و مانەوەی کورد وەک کورد بەڵگەی سەرکەوتنی گەورەی کوردە بەسەر ئیسلامدا. هاوکێشەکەی کاک مەلا بەختیار بەمجۆرەیە: ئەگەر ئیسلام سەربکەوتایە کورد نەدەما و مانەوەی کورد ڕەمزی سەرنەکەوتنی ئیسلامە. بەم پێوانە سەیرەی کاک بەختیار بێت مانەوەی ئێرانییەکان بە ئیرانی بەڵگەی سەرکەوتنی ئێرانییەکانە، مانەوەی ئەفغانییەکان بە ئەفغانی بەڵگەی سەرکەوتنی ئەفغانییەکانە، ماناوەی ئەندەنوسی بە ئەندەنووسی بەڵگەی سەکەوتنی ئەندەنوسیەکانە، مانەوەی ئازەری و ئوردوی و پشتوونی و کشمیری و دەیان ڕەگەزی ئەتنی لە هندستان وەک خۆیان مانای سەرکەوتیانە بەسەر ئیسلامدا. واتە لەم هاوکێشە کۆمیدییەدا هەموو ئەو میللەتانەی کە ئەمڕۆ ئیسلامن بەسەر ئیسلامدا سەرکەوتوون، چونکە دواجار ئیسلام ناسیۆنالیزمێکە و ئەوەندەی بۆیکرابێت تمیللەتانی تواندۆتەوە و لەناویبردون.

کاک مەلا بەختیار کە ئەو قسانە دەکات لە خۆی ناپرسێت ئایا ئیسلام مەسیحییەتی تواندۆتەوە کە دینێکی جیاوزە لە خۆی و هاوسێشی بووە، ئایا جولەکەکانی تواندۆتەوە کە لەیەک شاردا بەیەکەوە بوون؟ ئایا قیبتی و بەربەرییەکانی وڵاتانی سەروی ئەفریقای تواندۆتەوە؟ هەمووومان دەزانین ئیسلام هیچ یەکێک لەمانەی نەتواندۆتەوە. فشارو سنوور بۆدانان و باج و خەراج لێسەندن شتێکە و تواندنەوە شتێکی ترە، تواندنەوەی ئەتنیەت دیاردەی سەردەمی ناسیۆنالیزم و دروستکردنی نەتەوەیە، دەرنجامی هەوڵدانی دەوڵەتە بۆ دروستکردنی نەتەوەیەکی لێکچوو، وابەستەی هەوڵی بەرهەمهێنانی کولتوورێکی هاوبەش و خولقاندنی زمان و بەها و دیدی هاوبەشە. ئیسلام دەسکاری شوناسی ئەتنی ئەوانەی نەکردوە کە بوونەتە ئیسلام و ئەو ئایینەیان قبووڵکردووە. هۆکەشی ئەوەیە ئەوەی ئێمە ئەمڕۆکە پێیدەڵێین شوناسی نەتەوەیی و ئەو مانا ناسیۆنالیستیانەی ئەمڕۆکە بە شوناس دەبەخشرێن لە سەرەتاکانی ئیسلام و فتوحات و پەلامارەکانیدا بوونیان نەبووە. قسەکردن لەسەر توانەوەی نەتەوەیی، گۆڕینی شوناسی نەتەوەکان، بە عەرەبکردن و بەتورککردن و بە فارسکردن دیاردەی سەردەمی ناسیۆنالیزم و بەتایبەتی سەردەمی دەوڵەتی پۆستکۆلۆنیالین، نەوەک دیاردەی قۆناغی بەداوەت و شەڕی ئایینی ناو ئیمپراتۆریەتەکانی مێژووی کۆن.

بەهەرحاڵ لایەنە پێکەنیناوییەکەی ئەو بۆچوونەی گوایە کورد بەسەر ئیسلامدا سەرکەوتووە لەوەدایە کە کاک بەختیار بە دەیان شتی نزیک لە خۆی نابینێت کە پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن. با لە ناوەکەی خۆیەوە دەستپێبکەین، کاک «مەلا» بەختیار، کە بیست ساڵێک لەمەوبەر سەر بە بزاوتێکی مارکسی بوو لە کوردستاندا و وەک مارکسییەک خەباتی دەکرد، ناچاربوو لەقەبی «مەلا» بنێت بە ناوەکەیەوە بۆ ئەوەی دڵی خەڵکی ڕازیکات، لەژێر فشاری ئامادەگی سەختی ئیسلام لەنێو خەیاڵ و ووشیاری ئینسانی ئێمەدا، بەڕێزی ناچاربووە شوناسی سیاسی و ئایدۆلۆژی خۆی بەو لەقەبە ئیسلامییە داپۆشێت و واینیشاندات کە سەر بە خەڵک و ئەو جیهانە خەیاڵی و عەقڵییەیە کە خەڵک هەیانە. جگە لەمە کاک بەختیار لەواقیعێکدا ئیشدەکات ئیسلامی سیاسی یەکێکە لە کێبەرکێکارە گرنگەکان و لە ململانێی سیاسیدایە لەگەڵ هێزە عەلمانییەکاندا، کاک بەختیار لە حیزبێکدا کاردەکات لە هەموو مێژووی ئایدۆلۆژی خۆیدا نەیگوتوە ئێمە وەک نەتەوە ئیسلاممان بەزاندووە و سەرکەوتووین بەسەریدا، خودی حیزبەکەی کاک بەختیار کە دەسکاری تەواوی یاساکانی ئەحواڵی مەدەنی ناکات بەهانەکەی ئەوەیە لە قورئاندا دەقی ڕوون و ئاشکرا بەرامبەر هەندێک لەو مەسەلانە هەیە و ئەمان ناتوانن دەسکاری کەن. کاک بەختیار هەموو ئەم ڕاستییە سادانە و دەیەها ڕاستی تر، کە بەشێکن لە مێژووی تایبەتی و سیاسی خۆی و زۆرانی دی، ڕەتدەکاتەوە و باسی سەرکەوتنی کورد بەسەر ئیسلامدا دەکات. گەر لێشی بپرسین بە چ حیساب و پێوان و بەڵگەیەک کورد بەسەر ئیسلامدا سەرکەوتوە، ئەوکات چەند «بەڵگەیەک!!!» مان نیشانئەدات کە دیسانەوە مایەی سەرسوڕمانە.

یەکێک لە بەڵگەکانی کاک بەختیار بۆ سەرکەوتنی کورد بەسەر ئیسلامدا توانای کوردە لە پاراستنی جیاوازییەکانی خۆیدا لە پەیوەندیدا بەم ئایینەوە. کێشەی سەرەکی ئەم حوکمەی کاک بەختیار لەوەدایە پێمانناڵێت ئەم جیاوازییانە چین تاقسەیان لەسەر بکەین، ئایا بە ڕاست ئەم جیاوازیانە جیاوازیین لە عادات و کولتوری میللیدا کە هەموو میللەتە موسڵمان و غەیرە موسڵمانەکانی جیهان هەیانە؟ یان جیاوازیین لە داب و نەریتدا و بەم حیسابەبێت دەبێت داب و نەریتی ئێمە ئیسلامی نەبێت؟ ئایا قسە لە هەندێ دەستە و گروپی دینی تایبەتی دەکات لە کوردستاندا کە لە دەرەوەی ئیسلامدا ماونەتەوە و ئایینی خۆیان نەگۆڕیوە؟

سەبارەت بەوەی کە ئێمە جیاوازین لە ئیسلام، ئەمە قسەیەکی بێ بناغەیە و زۆریش دوورە لە پێدراوە سادەکانی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی هەریەکێک لە

ئێمەوە. ئێمە ئیسلام وەک ئایین و ئەحکامی ئایینی لە ناوەوە خواردووینی و ئەمڕۆ یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی ئێمە ئەوەیە لەو کۆنترۆڵە توند و کوشندەیەی ئیسلام کەمبکەینەوە، نەوەک خۆمان بخڵەتێنین و پێمانوابێت ئێمە ئیسلاممان بەزاندوە و جیاوازیی خۆمان پاراستووە. بەهاکانی ئیسلام لە زۆربەی ڕەفتارەکانماندایە، لە جل و بەرگمانەوە تاسەر ئەخلاقمان، لە ژووری خەوتنمانەوە تا شێوەی نانخواردن و خۆ گۆڕینمان، لە ڕەفتارماندا لە شوێنە گشتییەکاندا تا شێوەی قسەکردن و بەرزکردنەوە و نەکردنەوەی دەنگمان، لە جوڵەی لەشمانەوە بۆ جوڵەی چاومان. ئەو بەهایانەی پەیوەندی نێوان نێر و مێ، گەورە و بچوک، مناڵ و پێگەیشتو ڕێکدەخەن، بەهای ئیسلامن، جا ئیسلام لەناو چیدا نییە، لەناو سوێندخوردن و بەڵێندان و شەرمکردنماندایە، لەناو یاساکانی خۆشەویستی و ژنهێنان و مردندایە. بەکورتی ئەم ئایینە ئەو چوارچێوە کولتوورییە کە ئینسانی ئێمە لەناویدا لەدایکدەبێ و گەورەدەبێ و دەمرێت. ئیدی ئێمە چۆن بەسەریدا سەرکەوتوین و چۆن بەزاندومانە، ئەمەیان مەگەر تەنها کاک بەختیار بیزانێت. (بێگومان ئەم چوارچێوەیە لە سەد و پەنجا ساڵی ڕابووردودا گۆڕانی گرنگی بەسەرداهاتووە، بەڵام ئەم گۆڕانانە پەیوەندی بە سەرکەوتنی کوردەوە بەسەر ئیسلامدا نییە، بەڵکو وابەستەی ئامادەگی مۆدێرنەیە لە کوردستاندا).

ئەگەر مەبەستی کاک بەختیار لە پاراستنی جیاوازیمان لەگەڵ ئیسلامدا ئەم لایەنانەبێت، ئەوا ئەم بۆچوونە هەڵەیەکی گەورەیە. بەڵام کاک بەختیار هیچ مەودایەک لەبەردەمماندا ناهێڵێتەوە جگە لەم لایەنانە نەبێت. خوێندنەوەی ئەو ڕستانەی کاک بەختیار ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدات کە مەبەستی کاک بەختیار لە پاراستنی جیاوازییەکان ڕێک ئەو لایەنانەیە کە ئیسلام لەهەموو کونوقوژبنێکیدا ئامادەیە، با ڕستەکە جارێکی دیکە بخوێنینەوە. کاک بەختیار دەڵێت «لە مەسەلە مەزهەبیەکانەوە بۆ کۆمەلایەتی، کولتور، کەلەپور، فۆلکلۆر، پێکهاتەی مرۆڤ، شارستانییەت... تاد هەر ڕوویەکی ژیان بگرین، جیاوازی پارێزی بەرامبەر ئایینی سەراپاگیری ئیسلام دەبینین». ئەم قسەیە چی دەگەیەنێت؟ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت ئێمە کولتوورمان، دینمان، کەلەپورمان، فۆلکلۆرمان، شارستانیمان، پێکهاتەی مرۆڤمان هەمووی لە ئیسلام جیاوازە«. من دڵنیام کەس لە هیچ قوژبنێکی دنیادا شتی واناڵێت و لە هیچ قوژبنێکی سەر زەویدا ئەم جۆرە قسانە ناکرێن. خەڵک دەڵێن ئیسلام ئایینی زیاد لە ملیارێک مرۆڤە کەواتە کاریگەری لەسەر دونیا و دیاردە و کولتوورەکان هەیە و کەم تازۆر

کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر ئێمەش هەیە. کەچی کاک بەختیار کە لەناو ئیسلامدا نووقمە، کە دەبێت لەبەر ئیسلام ئاگای لەهەموو شتێکی خۆی بێت، لەقەبی (مەلا)ی ناوە بە ناوەکەیەوە، حیزبەکەی ناوێری لەبەر بەهێزی ئیسلام هەندێک ڕیفۆرمی تایبەتی بکات، کەچی باس لەوە دەکات ئێمە لە ڕووی مەزهەب و کولتوور و کەلەپور و پێکهاتەی مرۆڤەوە لە ئیسلام جیاوازین؟ ئەمە نوکتەیە یان باسی زانستی، واقیعبینییە یان بێئاگاییەکی کوشندە لە واقیع، خوێندنەوەی مێژووە یان گاڵتەکردنە بە فیکر؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە بۆ خوێنەر بەجێدێڵم.

جگە لەم مەسەلانە کاک بەختیار لەم پەرەگرافەدا گریمانێکی هەڵە دروستدەکات و دواتر دەیەوێت ئەو هەڵەیە بکات بە هەقیقەت. ئەو گریمانی ئەوە ئەکات کە کورد بەسەر ئیسلامدا سەرکەوتووە، خۆی پاراستوە، تەسلیمی نەبووە، کولتوورو مەزهەب و کەلەپوری خۆی جیا ڕاگرتوە. کە دەشچێتە سەر باسکردنی هۆکانی بەدیهێنانی ئەم ئەم موعجیزەیەی کە میللەتانی تر لە ئەندەنووسیاوە ت تا سەنگال و لە جیبۆتییەوە بۆ باکوری چین نەیانتوانیوە بیکەن، ئەم کۆمەڵە هۆیە دەستنیشاندەکات:

١. «هەڵکەوتەی سەرزەمینی» ( بڕوانە ل ٢١). واتە جوگرافیای کوردستان: بەپێی ئەم تێزەی کاک بەختیاربێت تا بەرەو ناوەوەی کوردستان بڕۆین، تابەرەو شوێنی عاسی و قایم و سەخت هەڵکشێین، ئیسلام لاوازتر دەبێت. تالەشوێنی تەختانیشدا بێن ئیسلام بەهێزترە. بە مانایەکی دیکە ئەوەی بۆتە هۆکاری سەرکەوتنی کورد بەسەر ئیسلامدا سەختی و عاسیبوونی جوگرافیای کوردستانە. ئەمەش تێزێکی هەڵەیە و لەبەردەم بچوکترین موحاکەمەی عەقڵی و تەنانەت جوگرافیشدا خۆی ناگرێت. کشمیر یەکێک لە سەخترین شوێنە جوگرافییەکانی جیهانە و ئیسلام لەوێدا بەشێوەیەکی ترسناک بەهێز و ئامادەیە. لە کوردستانیشدا گەر سەختی زەمین مەسەلەی بەرگری و نابەرگری لە ئیسلام ئاشکرابکات ئەوکات دەبوو شارەکانی کوردستان بە گشتی ئیسلامتر بوونایە لە گوندە قایمەکانی کوردستان. واتە سلێمانی و هەولێر زیاتر ئیسلام بن لە قۆپی قەرداغ و هەڵەبجە و بیارە، قەرە هەنجیر زیاتر ئیسلام بێت لە تەوێڵە. ئاشکرایە ئەم بۆچوونە چەند بۆچوونێکی هەڵەیە. بێگومان سەختی جوگرافی لە کاتی هەندێ شەڕ و پەلاماردا کوردیان پاراستووە، بەڵام چیا هەرگیز کوردی لە ئیسلام بوون نەپاراستوە. بە پێچەوانە تا جێگاکان کەم شارستانی تر و دوورە دەستتر و قایمتر بووبن، تا زیاتر ئینسانی ئێمە لەبەر ڕەحمەتی سروشتدا بووبێت، دین وەک سیستمێکی سادە و ئاسان بۆ لێکدانەوەی دونیا، بەربڵاوتر و بەهێزتر بووە.

بەڵام ئەوەی کە هەڵکەوتی زەمین کوردی لە ئیسلام پاراستبێ، ئەمە جگە لە هەڵەیەکی مێژوویی و فیکری گەورە زیاتر نییە.

٢- پاراوی زمانی کوردی. کاک بەختیار پێیوایە ئەوەی کوردی بەسەر ئیسلامدا سەرخستوە پاراوی زمانی کوردییە. بەڵام ئەم گریمانەی کاک بەختیار تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە. تۆ دەشێت، وەک کورد، زمانت پاراوبێت بەڵام تەواویش بووبیتە موسڵمان، دەشێت زمانیشت پاراونەبێت و پڕبێت لە ووشەی عەرەبی و ئیسلامی، وەک فارسی، کەچی حوکمڕانی بەشێکی جیهانی ئیسلام بگریتە دەست. ئەلبانییەکان بەدەگمەن وشەی عەرەبی لە زمانەکەیاندا هەیە کەچی لە میللەتە ئیسلامییە توندەکانن. خەڵکی هەورامان تابڵێی زمانەکەیان پاراوە، بەڵام تا ئەندازەیەک لە خەڵکی ناوچەکانی دیکەی کوردستان موسڵمانترن. مەسەلەی زمان و تێکەڵاوبونی بە زمانی دیکە چ پەیوەندییەکی بەم هاوکێشە سەیرەی کاک بەختیارەوە هەیە. بەم حیسابەبێت بۆ ئەوەی دینی و نادینی میللەتێک بپێوین دەبێت سەیری زمانەکەی بکەین ، ئەگەر زمانەکەی پاراوبوو ئەوا دینی نییە و زمانەکەی پاراو نەبوو دینییە. ئەمەش سەرسوڕهێنەرترین گریمانەیەکە من لە ژیانمدا بیستبێتم.

٣- زیندوویی داب و نەریتی کوردی. لای کاک بەختیار مادام دابونەرێتی کوردی زیندوە کەواتە کورد بەسەر ئیسلامدا سەرکەوتووە. لە ڕاستیدا هیچ میللەتێک لە جیهاندا نییە خۆی زیندووبێ و داب و نەریتەکەی مردوو، کە میللەت زیندوبوو داب و نەریتیشی زیندووە، هەموو کولتووری ئەنترۆپۆلۆژیا بگەڕێیت تووشی حاڵەتی وانابیت یەکێک بڵێت ئەم کولتوورە مردووە و میللەتەکەی زیندوو. کولتوور لەگەڵ میللەت و ئینساندایە و لەگەڵ ئەواندا دەگۆڕێت، کە کولتوورێک لاواز دەبێت واتە نەوەیەک و جۆرە دونیا بینییەک لاوازدەبێت و یەکێکی تر جێگای دەگرێتەوە. دواتر داب و نەرێتی ئێمە تا ڕادەیەکی زۆر داب و نەرێتێکی ئیسلامییە، ئێمە لەدەرەوەی ئیسلامدا چ داب و نەریەتێکمان هەیە؟ کاک بەختیار ئەم شتەمان بۆ پێناڵێت.

هەر لە ڕەوتی پەیوەندی کورددا بە ئیسلامەوە، کاک بەختیار، دوای ئەو پەرەگرافەی سەرەوە کە باس لە سەرکەوتنی کورد بەسەر ئیسلامدا دەکات پەرەگرافێکی دی دەهێنێتەوە کە سەرتاپا پێچەوانەی ئەو شتانەیە کە لە پەرەگرافی سەرەوەدا دەینوسێت. بەڕێزی لەو پەرەگرافەی سەرەوەدا دەنوسێت ئێمە داب و نەریەتمان پاراستووە و جیاوازین و بەسەر ئیسلامدا سەرکەوتووین، کەچی لێرەدا دەڵێت

دابونەریەتمان لە میللەتانی دراوسێمان دەچێت. با بزانین بەڕێزی چۆن ئەم مەسەلەیە باس دەکات: «داب و نەریتمان بە ڕێکەوت لە هەندێ ڕووەوە لە داب و نەریتی دەورووبەرمان ناچێ. کەلەپور و فۆلکلۆرمان لە ئاسمانەوە لایەنی هاوبەشی لەگەڵ دەوروبەردابۆ دانەباریوە.» بێگومان هەموو کەس دەزانێت ئێمە لە ناوچەیەکدا دەژین دراوسێکانمان هەموویان موسڵمانن، دەوروبەرمان ئیسلام ئایینی سەرەکییانە. مادامەکی ئێمە لە دەوروبەرمان دەچین کەواتە کەلەپوور و داب و نەریت و فۆلکلۆرمان لە هی ئیسلام ئەچێت و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئێمە نەمانتوانیوە خۆمان و ئەم شتانەمان لە ئیسلام بپارێزین. سەیرە کاک بەختیار بە درێژایی بڕگەی یەکەم باس لەوەداکات کە کورد جیاوازی خۆی لەگەڵ ئیسلامدا پاراستوە، کەچی چەند دێڕێک دوای ئەوە دێت و دەڵێت بە خۆڕا لە خەڵکی تر نەچووین و بەخۆڕا کەلەپور و فۆلکلۆرمان وەکو کەلەپورو فۆڵکلۆری خەڵک نییە. ئەم ناکۆکیە لەوە ئاشکراترە هەموو خوێنەرێک هەستی پێنەکات.

## 8 ـ کورد و سانسکریتی

کاک بەختیار هەر بۆئەوەی بڵێت ئیسلام دینێکی نامۆیە و زمانی عەرەبی، کە قورئانی پێنوسراوە، زمانی داگیرکەرانە و کورد تا توانیبێتی خۆی لێپاراستووە، هاتووە شتێکی دروستکردوە تا ئێستا هیچ نووسەرێکی کورد شتی واینەکردوە. بەڕێزی لە بەشی ١ ـ ٣ کتێبەکەیدا هاتووە پەیوەندییەکی پتەوی لەنێوان ووشیاری ئینسانی ئێمە و زمانی کوردی و سانسکریتیدا پێشنیارکردوە. لەم بەشەی کتێبەکەیدا کاک بەختیار دەخوازێت وەک زمانناسێک، زمانناسێکی بەراوردکار بدوێت. بەڕێزی دەخوازێت بڵێت بە پێی زانستەکان کورد سەر بە میللەتانی هیند و ئەوروپییە و ڕەچەڵەکی زمانی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ هیند و سانسکریتییەت، بەوەشدا ئێمە سەر بە ڕەچەڵەکێکی ترین جیا لە عەرەب، بۆیە ئەم ڕەگ و ڕیشە سانسکریتی و هیند و ئەوروپییە چۆتە خوێنمانەوە و هەموو کارەکتەری ئێمەی دیاریکردوە. ئەم مەسەلە عرقییە هێند قووڵ و جەوهەرییە ئێمە وەک عرقێکی هیندی سانسکریتی توانیومانە بەرامبەر بە ئیسلام و بە عەرەب پاکی خۆمان و کۆمەڵگا و زمانەکەمان بپارێزین.

سەرنجی یەکەمی من لەسەر ئەم بۆچوونەی کاک بەختیار ئەمەیە: کاک بەختیار وەک کەسێک کە باوەڕی بە دیالیکتیکە، یاخود وەک مارکسییەکی کۆن و سۆسیال

دیموکراتێکی تازە، چۆن پەنادەباتە بەر لێکدانەوەی عیرقییانەی مێژوو کە کەلەپورێکی فـاشـیـیـانـە و نـازیـیـانـەی درێـژ و پـڕمـەترسـی لـەدواوەیـە. کـەدەڵـێـین ئـێـمـە زمـانـە سـانسکریتییەکە دەرفـەتی ئـەوەی داوین کـە زمان و کـولـتورو کـەلەپـوور و کـاراکتـەری خۆمان بپارێزین، واتە خودی ئەم خۆپاراستنە ڕیشەکەی لە ناو کاراکتەری زمانەکەوە دێت، واتـە عرقی زمـانـەکـە هـێزمـان دەداتـێ بـۆ خـۆپـاراسـتن. ئـەگـەر ئـێـمـە هیندۆئـەورووپی نـەبووینـایـە و ڕیشـەمـان نـەچـوایـەتـەوە بـۆ هـیـندو زمـانـەکـەمـان لـە سـانـسـکـریتیـەوە نزیکنەبوایە، بەرەنگاری ئیسلاممان بۆ نەدەکرا. ئەمەش لێکدانەوەیەکی عیرقی مێژووە و هـەڵگری هـەموو مـەترسییەکانی فیکری فـاشیزم و نـازییـەتە کـە بـەهـەمـان لۆژیک مێژوو لێکدەدەنەوە. لـەمـەش بترازێت عیرقی هیندی یەکێکە لە موسڵمانترین عیرقەکانی جیهان، هەر لە هیندستان خۆیدا نزیکی ٢٠٠ ملیۆن ئیسلام هەیە.

کـاک مـەلا بـەخـتـیـار لـە نـاهـەق شـەڕێکی وەهـمی لـە نێـوان ئـیـسـلام و زمـانـدا دروستدەکات. ئەم جەنگە جگە لەجەنگێکی وەهمی ناو خەیاڵی کاک بەختیار خۆی لە هیچ شوێنێکی تری کوردستاندا بوونی نییە. ئیسلام شەڕیشی فرۆشتبێت شەڕی ئـایینی فرۆشـتووە نـەوەک شـەڕی زمـان. دەسـکـاری هـەنـدێک لـە بۆچـوون وێنـەکـانـی ئینسانی ئێمەی کردوە بۆ خودا و ئاسمان و ئینسان، نەک دەسکاری زمان. ئەمە ڕێک وەک ئەوە وایە بڵێین بۆیە ڕوسەکان ئەڵمان و فەرەنسایان شکاند چونکە زمانەکەیان سـلاڤی بـوو، بۆیـە ئیـسـرائیل عـەرەب دەشـکـێنێت چونکـە زمـانکـەیان عـیـبـریـیـە. ئـەم ڕاڤەکردنە فووکردنە بە دەماری عرقیدا، ئاماژەناردنە بەو ئاراستەیەدا کە ئێمەسەر بە ڕەگەزێکی زمـانـەوانی تـایبـەتین بۆیـە ئیـسـلاممـان شـکـاندووە. ئـەمـجـۆرە ڕاڤـەکـردنـە ڕاڤەکردنێکی خورافین. هێزی زمان پەیوەندی چییە بەوەی تۆ لە شەڕدا دژی ئایینێک سـەرکـەویت یان ژێرکـەویت. جا گـەر نهێنییـەکـە ئەوەیە ئـەی ئـەنـدەنووسی و مـالیزی و ئەلبانیی و تاجیکی و فلیپینی و بۆسنەییەکان چۆن توانیویانە زمانی خۆیان بپارێزن، خۆ ئەوانە ڕەگی زمانەکەیان لەناوسانسکریتییەتدا نییە.

دوای ئەوە هـێزی زمان و ڕۆچوونی بۆ ناو هۆش پـەیوەندی چییـە بە سـەرکـەوتن و بەزاندنەوە لە شـەڕدا. لە سۆمـاڵ کۆمـەڵێک خێڵ کـە هـەریـەکـەیان زمـانێک قسـەدەکـەن سوپای ئـەمریکی دەشکێنن. لە هیندستان میللەتێک کە بە پتر لە سێ هەزار زمان قسەدەکات سوپای ئینگلیز دەشکێنن کە خاوەنی شکسپیر و بەرناردشۆیە. سەرکەوتن و سەرنەکەوتنی میللەتان پەیوەندیان بە شتی دیکەوە هەیە کە زمان لێیانبەدەرە.

له ڕاستیدا نیشاندانی ئەوەی کە شەڕی نێوان کورد و ئیسلام شەڕی زمان بووە، گەورەترین سوود بە ئیسلام دەگەیێنێت، چونکە: لە بنەڕەتدا ئیسلام، نە لە کۆن و نە لە ئێستادا، ئەوەی بەلاوە گرنگ نییە تۆ بە چ زمانێک قسەدەکەیت. شەڕی نێوان ئیسلام و زمان شەڕێکی خورافییە و ئیسلام بەدەر لە زمان گەشەی کردووە و گەشەدەکات، ئەگەر ئیسلام بڵاوبوونەوەی خۆی بە زمانەوە گرێبدایە لەدوورگەی عەرەب نەدەچوو بەودیودا، بەڵام کە ئەمڕۆ هەزاران زمانی لە ئامێزگرتووە هۆکەی ئەوەیە کە زمان لە بنچینەوە تەوەرە زۆر لاوەکییەکەیە لە هاوکێشەکەدا.

لە مەسەلەی نزیکایەتی نێوان زمانی کوردی و سانسکریتیدا کاک بەختیار دەنوسێت: «بۆچی زمانی سانسکریتی بەو چەشنە ڕۆدەچێتە پێکهات و زمان و هۆشی کوردەوە، بەڵام زمانی عەرەبی کە زمانی قورئان و قورئانیش بە زمانی خواوەند پەرستی تاقانە دەسەبێت تا ئێستا کوردێک لەسەر پێکهاتی ڕۆحی و زمان و هۆشی ئینسانی ئێمە درابێت» بەحیسابی کاک بەختیار ئێمە لە سانسکریتەوە نزیکترین نەوەک لە عەرەبییەوە و سانسکریتی چۆتە پێکهاتی زمان و هۆش و خەیاڵمانەوە نەک عەرەبی. من گومانم لەوە نییە هەرکەسێک هەفتەیەک لە کوردستاندا ژیابێت دەزانێت ئەم قسەیە نوکتەیەکی بێتامە، کاک بەختیار لە هەموو لاپەڕەکانی کتێبەکەیدا نموونەیەکمان بۆ ناهێنێتەوە ئەم ڕایەی بسەلمێنێت، ناوی دوولێکۆڵەرەوە و دوو کتێبمان ناداتێ ئەم بۆچوونە بسەلمێن، ناوی زمانناسێکمان پێناڵێت ئەم بۆچوونەی بەشێوەیەکی زانستی سەلماندبێ، تا ئێمە بەم دۆعایە بڵێین ئامین. ئایا کاک بەختیار خۆی زمانی سانسکریتی دەزانێت، نەخێر کاک بەختیار چەند وشەی سانسکریتی دەزانێت، چەند شیعری سانسکریتی لەبەرە، چەند گۆرانی سانسکریتی بیستووە و چەند کتێبی بە سانسکریتی خوێندۆتەوە و چەند ڕستەی سانسکریتی دەزانێت بنووسێت. بۆ نووسینی کتێبەکەی سەرچاوەی عەرەبی بەکارهێناوە یان سانسکریتی؟ چەند کورد هەن هەر بتوانن ئەلف و بای سانسکریتی بزانن؟ ئاخر ئەگەر ئەمە شێواندنی حەقیقەت نییە چییە؟ ئەمە بەسوک وەرگرتنی فیکر و لێکۆڵینەوە و نووسین نییە چییە؟

دواهەمین خاڵێک لێرەدا شایانی ئەوەبێت چەند سەرنجێکی خێرای دەربارە دەربڕین ئەو قسانەی بەڕێزیەتی کە لەسەر سۆفیزم و شاعیرانی کورد دەیانکات. کاک

بەختیار دەنووسێت «مەلای جزیری، ئەحمەدی خانی، نالی، مەولەوی، بێسارانی، مەحوی.. تاد، سەرەڕای ئەوەی پیاوی ئایینی پایەبەرزیش بوون، بەڵام هیچیان بە ڕێکەوت نەچوونەتە ناو جیهانی سۆفیگەری، باشترین بەڵگەش ئەوەیە بەو گیانە بەرزەوە بە زمانی خۆیان هەست و بڕواو بیری خۆیان دەربڕیوە...»

جارێ نالی و بێسارانی سۆفی نین، هەرچی مەلابوو و شیعری نووسی سۆفی نییە. هەموو ئەو شاعیرانە لەناو کوردا ژیاون، لە گوندەکانی کوردستاندا مەلای ئایین بوون بە عەرەبی و فارسی و تورکی دەقە ئیسلامییە گرنگەکانیان خوێندۆتەوە، بەڵام کە ماناکانیان بۆ خەڵکی گوندەکان و شارەکان لێکداوەتەوە بە کوردی لێکیانداوەتەوە. ڕۆشنبیریی شەفەهی، کەشیعر بەشی هەرە گەورەی ئەو ڕۆشنبیرییەیە، سەرتاپا بەکوردی بووە. بەڵام کاک بەختیار دەیەوێت ئەمە بکات بە قەڵغانێک بۆ هەڵەکەی سەرەتای. ئەو پێی وایە مادام ئەمانە بە کوردی نووسیویانە کەواتە ناسیۆنالیست بوون و مادام ناسیۆنالیستیش بوون کەواتە دژی ئیسلام بوون. ئەم هەڵەیە لەوێوە سەرچاوەگرێت کاک بەختیار هەموو شتەکان بەپێی ئەو وێنەیە دەپێوێت کە ئێستا خۆی هەڵیگرتووە، واتە لای ئەو هەرکەس میللەتی خۆی خۆشویست کەواتە ئیسلام نییە و هەر کەس بە زمانی زگماکی خۆی نووسی، ئەوا لە دەسەڵاتی ئیسلامی هەڵهاتووە. بەم لۆژیکە بێت ئیقبالی لاهوری کە گەورەترین سۆفی ناو دونیای ئیسلامە، دژی ئیسلام بووە، سەعدی شیرازی و حافظ و شەمسی تەبرێزی یا جەلالەدینی ڕۆمی، کە گەورەترین سیماکانی مێژووی ئیسلامن، دژی ئیسلام بوون. لای ئێمەش ئەحمەدی خانی و نالی و مەحوی نەک ئیسلام نەبوون بەڵکو ئەوان دژ بە ئیسلام بوون و بەسەریدا سەرکەوتوون. لێرەدا ناچارم لە کاک بەختیار بپرسم: ئەی ئیبن عەرەبی و حەلاج و ئیبن فارض چی لێدەکەیت، کە بەعەرەبی شیعریان گوتوە و سۆفیش بوون؟ ئایا ئەمانیش موسڵمان نەبوون؟ ئایا سوفیزم ڕەهەندێکی ڕۆحی و گرنگی ئیسلام نییە؟ ئەو هاوکێشەیەی کاک بەختیار دروستیدەکات ناڕاستە، سوفیبوون یەکسان نییە بە ئیسلام نەبوون، کە بەزمانێکی دیکەش شیعرت نووسی و قسەتکرد مانای ئەوە نییە دژ بە ئیسلامی و ئیسلام نیت. هەموو ئەو سۆفی و ڕۆشنبیرە ئایینیانەی کاک بەختیار ناویاندەبات ئیسلام بوون و لەناو فەزا عەقڵی و خەیاڵی و مەعریفییەکای ئیسلامدا ژیاون. بۆیە ئەو پەرەگرافەی کاک بەختیارا جگە لە هەڵەیەکی مەعریفیگەورە شتێکی دیکە نییە.

## 9 ـ دەرەنجام

بە کورتی ئیسلام شەڕی زمانی نەکردووە، ئێمە بەسەر ئیسلامدا سەرنەکەوتووین،.ئیسلام یەکسان نییە بە ناسیۆنالیزمی عەرەبی، شەڕە ئایینییەکانی قۆناغی دەوارنشینی و ئیمپراتۆریەت شەڕی ڕەگەزپەرستی و نەتەوەیی نین. جگە لەمانەش ئیسلام دینی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستانە و شەڕی کۆمەڵگای ئێمە لە ئێستادا شەڕی بە دیموکراسیکردنی ئیسلام و کۆمەڵگا و سیاسەتە لەیەککاتدا، شەڕێکە دەبێت ئیسلام خۆشی تێیدا دیموکراتیزەکرێت و لە دینێکەوە ژیان ناشیرین و وێرانکات بکرێتە دینێک گوێ لە ژیان بگرێت. هەر لەم ڕەوتەشدا هەر قسەکردنێک لەسەر گەڕانەوە بۆ زەردەشتییەت و هەر ئایینێکی کۆن و نوێی تر و کردنی بە بنەمای شوناسی نەتەوەیی ئێمە، جگە لە گەڕانەوە بۆ کۆمەڵێک خورافەت و بەهەڵەدابردنی مرۆڤ و کۆمەڵگای کوردی شتێکی دیکە نییە. شوناسی نەتەوەیی ئێمە دەبێت لەسەر بنەمای دەسکەوتە گەورەکانی مۆدێرنە و لەپێش هەمووشیانەوە لەسەر بنەمای بەندەکانی مافی مرۆڤ بنیادنرێت، شوناسێک دان بە جیاوازیدا بنێت و مافی جیاوازبوون بپارێزێت.

لە زۆر ڕووەوە ئامادەگی ئیسلامی سیاسی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا ئامادەگییەکی نالەبارە، هەندێک باڵیان زۆر کۆنەپارێز و دۆگمایین، هەندێکی دیکەیان توندڕەو و خوێناویی و ئەوانیدیکەشیان ترساو لە هەموو ئەگەرێکی گۆڕان. ململانێی ئایدیۆلۆژی و فیکری و سیاسی لەبەرامبەر ئیسلامی سیاسیدا ئەرکێکی گرنگی هەموو عەلمانییەکی ڕاستگۆیە. بەڵام ئەم ململانێکردنە جیاوازە لە قسەوتن بە ئیسلام وەک ئاین و باوەڕی بەشێکی زۆری خەڵکی کوردستان.

### سەرچاوەکان

١ـ بول سالم، مفاهيم القومية و الحالة العربية. مجلة الابعاد، مجلة الدراسات اللبنانية و العربية، المركز اللبناني للدراسات، العدد السادس، ايار ١٩٩٥. محور العدد: الحركات القومية في العالم العربي.

٢ـ زين نورالدين زين، نشوء القومية العربية، مع دراسة تاريخية فى العلاقات العربية التركية. دار النهار للنشر، بيروت ١٩٨٦. چاپی چوارەم.

(بسام طيبى) ش هەمان دید بۆ ناسیۆنالیزمی عەرەبی دووبارە دەکاتەوە و دەنوسێت: چەمکەکانی «نەتەوە، ناسیۆنالیزم و دەوڵەتی نەتەوەیی کۆمەڵێک دیاردەن نامۆ بە مێژووی ئیسلام» هەروەها لەدرێژەی ئەو ڕایەدا دەڵێت کە ناسیۆنالیزم داهێنراوێکی ئەوروپییەوە دوای بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی ئەوروپا بەسەر جیهاندا دەچێتە جیهانی عەرەبەوە. بڕوانە:

Bassam Tibi, Arab Nationalism, A Critical Enquiry. Second Edition, The Macmillan Press New York 1990. p. 1.

٣ـ محمد عابد الجابرى، العقل السياسى العربى، محدداته و تجلياته. مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت ١٩٩٠. چاپی یەکەم.

4-Anderson, Benedict R. O'G, Imagined communities, Reflections on the Origin and Spread of Nationalism. Verso, USA 1991

5-Berger, Peter en Thomas Luckmann, The social construction of reality. Penguin, Harmondsworth 1966

6-Cashmore, Ellis & Jennings, James, Racism, Essential Readings. edt. SAGE London 2001.

7-Gellner, Ernest, Natie en Nationalisme. Wereldbibliotheek, Amsterdam 1994.

8-Hobsbawm, E.J. Nations and nationalism since 1780, programme, myth, reality, Cambridge university press, New York 1990.

9-Hobsbawm and Ranger, The invention of Tradition, Cambridge University Press, 1983.

## بەشی شەشەم

# باسکردنی فەلسەفە
# یان
# ئەتککردنی فەلسەفە

«ڕۆڵە لافی فەیلەسوفی لێنەدەی هەرگیز بە دەم»

■ قانیع

«فەیلەسوف دەبێت ئەو پرسیارانە بکات کە کەسانی دی نایانەوێت بیکەن»

گلوکسمان

«ئەگەر ئازادی بناغەی ووشیاری بێت، دەبێت خودی ووشیاری خۆی، وەک ووشیاربوون بە ئازادی لە ئارادابێت»

سارتەر

## 1 ـ سەرەتا

لەزۆر شوێنی کتێبەکەی کاک بەختیاردا باس لە گرنگی فەلسەفە و مێژووی فەلسەفە و هەمەلایەنی فەلسەفە کراوە، بەڕێزی واینیشانئەدات کە شارەزا و لێزانێکی تەواوی ئەم بەشە گرنگەی فیکری ئینسانییە و سودێکی تەواویشی لە فەلسەفی کۆن و نوێ وەرگرتوە، ئەوەندەش دڵنیایە کە لە مەسەلە فەلسەفییەکان دەکۆڵێتەوە و بیری فەیلەسوفە جیاجیاکان «شەن و کەو» دەکات، لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوویەتی کە باس لە فەلسەفە دەکات. ئەو فەلسەفانەش کە باسیاندەکات لە یۆنانی کۆنەوە دەەستپێدەکەن و بە فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاست و سەدەی ڕۆشنگەری و فەلسەفەکانی ڕۆژگاری مۆدێرنەدا تێدەپەڕێت تا دەگاتە فەلسەفەی پۆست مۆدێرن و دوای پۆست مۆدێرنیش. لەم گەشتەدا کاک بەختیار بە فەیلەسوفی یۆنانی دیموکراتیس دەستپێدەکات، باس لە ئەفلاتون و لۆتەر و نیتشە و مارکس دەکات و خۆی دەگەیەنێتە سەر بۆدلیار و گادامیر و هابرماز و فۆکۆ و لیوتار و چەندان فەیلەسوفی تریش. ئەم بەڕێزە ئەوەندە لە توانا و سەلیقە و پاشخانی فەلسەفیی خۆی دڵنیایە مافی ئەوە بە خۆی ئەدات حوکم بەسەر چەندان ڕێباز و قوتابخانە و دیدی فەلسەفیدا بدات، مایەپووچیی بەشێکی گرنگیان ڕاگەیەنێت و زۆربەشیان ڕەوانەی «مۆزەخانەی ڕۆشنبیری» بکات. ئەوەشی لە یادناچێت کە کورد نەسیحەت بکات چ فەلسەفەیەک بۆ خوێندنەوەی مێژوو و لێکدانەوەی واقیع و تازەکردنەوەی بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری هەڵبژێرێت و نەفرەت لە کام فەلسەفە و فەیلەسوف و میتۆدی فەلسەفییش بکات.

ئەم بەشەی کتێبەکەمان تەرخانە بۆ پێداچوونەوە بە بەشێک لەو هەڵە گەورە و شێواندنە بێوێنانەدا کە کاک بەختیار لەم گەشتە سادە و سەرپێییەیدا لەگەڵ فیکری فەلسەفیدا کردوونی.

## 2 ـ تەماحی فەلسەفی و واقیعی فەلسەفە

هەموو ئینسانێک ئازادە چ لافێکی فیکری و فەرهەنگی و فەلسەفی لێئەدات، ئازادە لەوەدا تەماحە خەیاڵی و عەقڵییەکانی چەند گەورەبن و چ وێنەیەکی لەسەر خۆی و تواناکانی خۆی هەبێت. بەڵام ئەم ئازادییە هەتا ئەو شوێنە بڕەدکات کە شتەکان لە

تەماحەوە دەکرێن بە دەق، لە خەیاڵ و وێناکردنەوە دەبن بە نووسین و لە قسەی زارەکیی و سەرپێییەوە دەگواسترێنەوە بۆناو لاپەڕی کتێب. لەدوای نووسین و گواستنەوەی تەماحەکانەوە بۆسەر کاغەز، مێژووییەکی دیکە لەدایکدەبێت کە مێژووی خوێندنەوە و خوێنەرە. لەم مێژووە تازەیەدا پێوەری زانستی و زانینی ڕاستەقینە و داوەری فیکری و پێداچوونەوەی مەعریفی سەروەرن، نەک خەیالات و تەماح و وێناکردنە تایبەتییەکانی ئەو نوسەرەی کە دەنووسێت. لەدوای نووسینەوە ئەوەی بەهاکان دەستنیشاندەکات، خوێنەرە، خوێنەری پشت ئەستوور بە ئەزموونی خوێندنەوەی بەردەوام، دەوڵەمەند بە فیکر، ئاگادار و شارەزا لەو بابەتانەدا کە باسکراون. لەدوای نووسینەوە خوێنەری لێزانە دەستنیشانی ئەوەدەکات ئەوەی نووسراوە مانادارە یان بێمانا، لانیکەمی کاری میتۆدی تێدایە یاخود تەواو بێمیتۆدە، نرخی زانستی هەیە یان لەڕووی زانستییەوە وێرانە، لە مەعریفە و فیکر ئەدوێت یان مانیڤێستێکی ساکاری تۆمەت و تۆمەتکارییە.

حیکایەتی کاک مەلا بەختیار لەگەڵ فەلسەفەدا حیکایەتی تەماحێکی گەورەی فەلسەفی و فیکرییە بەڵام لە سەرزەمینێکی بەتاڵدا، لە دۆخێکدا کە لانیکەمی زانیاری و توانا و ڕێزدانان بۆ فیکری فەلسەفی وونە، تەماحی فەلسەفی ئەم بەڕێزە، وەک لە لاپەڕەکانی داهاتوودا نیشانیئەدەین، تەماحێکە شانیدانەداوەتە سەر مەشقی فیکری و کاری میتۆدی و سەرچاوەی زانیاری ڕاستەقینە، بەڵکو تەماحێکە لەناو بێئاگاییەکی گەورە لە فیکری فەلسەفی و مێژووی فەلسەفە و کێشە فەلسەفییەکاندا دەژی. کە ئەمەش دەڵێم بەهیچ جۆرێک مەبەستم ئەوە نییە بانگێشەی ئەوەبکەم کە تەنها چەند کەسێکی دیاریکراو و بە ژمارە کەم دەتوانن لە فەلسەفە و فیکری فەلسەفی بگەن و بدوێن و بنووسن، بانگێشەی ئەوە بکەم فەلسەفە شتێکە تەنها نوخبەیەکی کەم لێیتێدەگات، بەپێچەوانەوە هەرکەسێک خوازیاری مەشقی فەلسەفی و ئەنجامدانی کاری فەلسەفیبێت، دەشێت ئەم کارە فێربێت و شتی جوان ئەنجامدات و ڕووبەرەکانی بیرکردنەوە و خەیاڵ و عەقڵ فراوان و والاتربکات. بەڵام بۆئەوەی ئەم کارە ئەنجامدەیت، پێویستە ئەو ڕاستییە سادەیەت لەبەرچاوبێت کە نووسین لەسەر فەلسەفە و فیکر و قوتابخانە فەلسەفییەکان پێویستی بە خەزێنەیەکی فیکری گەورە و مەشقێکی میتۆدی هەمەلایەن و شارەزاییەکی تەواو هەیە لە مێژووی فەلسەفە و ئەو قوتابخانە و فەیلەسوف و ڕێبازانەی قسەیان لەسەردەکەیت. ئەم شارەزابوونەش کەس

لە سکی دایکییەوە لەگەڵ خۆیدا نایهێنێت و مەوقیعی حیزبی و دەسەڵات و ساڵانێکی درێژی پێشمەرگایەتیش پێتنابەخشن، ئەم شارەزابوونە پێویستی بە هەوڵێکی بێبڕانەوە و بەردەوامی فێربوون هەیە، کە بەداخەوە کتێبەکەی کاک بەختیار شایەتیی ئەوە ئەدات کە بەڕێزی لانیکەمی ئەم شارەزابوونەی لا نییە و ئەوەی لەسەر فەلسەفە نووسیویەتی بە ڕێکەوت نەبێت ڕستەی ڕاستی تێدانییە.

لەکتێبی (دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا) کەم فەیلەسوف و ڕێبازی فەلسەفی هەن باسکرابن و نەشێوێندرابن، کەم بابەتی فەلسەفی هەیە بە هەڵە لێکنەدرابێتەوە و حوکمی ناڕاست و نابەجێی بەسەردانەسەپێندرابێت، کەم قوتابخانە هەیە لە دەستنیشانکردنی سادەترین زانیاری دەربارەی مێژووی دورستبوون و ناوەرۆکی کارە فەلسەفی و تێزە فیکرییەکانیاندا هەڵە نەکرابێت. ئەم کتێبەی کاک بەختیار ئەو ڕاستییەمان نیشاندەدات کە فەلسەفە و فیکری فەلسەفی لای بەڕێزی لە چ کارەساتێکدا دەژی. لە ڕاستیدا پەیوەندی ئەم کتێبەی کاک بەختیار بە فەلسەفەوە دەربڕی پەیوەندی نێوەندێکی ڕۆشنبیرییە بە فەلسەفەوە کە لەسەر غیابی فیکر و غیابی بەرپرسیاریەتی فیکری و سادەگۆیی و ئینشانووسییەکی ڕەها دەژی. با ئەم بۆچوونانە بە کۆنکرێتی و لەڕێی پیشاندانی نموونەوە بسەلمێنین.

## 3 ـ سەرەتاکانی فەلسەفە

وەک سەرەتا با لەو چەند دێڕە سەرەتاییەوە دەستپێبکەین کە کاک بەختیار لەسەر فەلسەفەی یۆنانی و سەرەتاکانی پەیدابوونی فەلسەفە لە یۆناندا نووسیویەتی. کاک بەختیار لە باسکردنی سەرەتاکانی فەلسەفەدا باز بەسەر فەلسەفەی چینی و میسری و هیندی کۆندا دەدات، کە چەندان سەدە بەر لە یۆنان کار و دید و تێڕوانینی فەلسەفی گرنگیان هەبووە و ڕاستەوخۆ پەیڕەوی ئەو دیدە سێنترالیستییە ئەوروپییە دەکات کە مێژووی فەلسەفە و سەرەتاکانی پەیدابوونی بە یۆنانەوە گرێدەدات. ئەگەر کاک بەختیار لە باسکردنی ئەو سەرەتا فەلسەفییە یۆنانییەدا هەندێک زانیاری ڕاستی نیشانبدایە و بیسەلماندایە کە ئاگاداری سەرەتاکانی فەلسەفەیە لە یۆناندا، ئەوکات دەشیا بردنەوەی ئەم سەرەتایە بۆ یۆنان بەهەند نەگرین و لەگەڵ بەڕێزیدا ئەم سەرەتایە قبووڵکەین، بەڵام کێشەکە لەوەدایە ئەو لە باسکردنی ئەو سەرەتا

فەلسەفییەدا هەڵەی وای کردوە کە سەرەتاییترین و سادەترین خوێنەری فیکری فەلسەفی، نایانکات.

کاک بەختیار دەنووسێت «ئەو بیرەی دیموکراتیس کردییە نەخشی مێژوو (هیچ شتێک جگە لە گەردیلەو بۆشایی) نیە. لەو ساوە هەتا ئێستا هیچ مەسەلەیەکی ژیان و گەردون نەماوە نەخرێتە ژێر میکرۆسکۆبی مەتریالیزمی فەلسەفەوە» (ل ١١). ئەم دوو دێڕەی کاک بەختیار سەبارەت بە سەرەتاکانی فەلسەفەی یۆنانی و فەلسەفە بەگشتی ئەم هەڵە گەورانەی تێدایە:

دانانی گەردیلەو بۆشایی بە بناغەی هەموو شتێک لە فەلسەفەی دیموکراتیسدا کەم و زۆر پەیوەندی بە مێژووەوە نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سروشت و دیدی دیموکراتیسەوە بۆ سروشت هەیە. دیموکراتیس ناڵێت گەردیلە و بۆشایی بنەما و نەخشی مێژوون، ئەو دەڵێت گەردیلە و بۆشایی بنەمای سروشتن. بۆیە ئەم بۆچوونەی دیموکراتیس ناچێتە خانەی لێکدانەوەی ئەو فەیلەسوفەوە بۆ مێژوو، بەڵکو دەربڕی دیدی ئەوە بۆ سروشت و پێکهاتەکانی ناو سروشت. هەمووشمان دەزانین سروشت و مێژوو دوو شتی لێکجیاوازن.

دوای ئەم چەند دێڕە کاک بەختیار ئا بەم شێوەیە باس لە فەلسەفە دەکات و دەنووسێت «لەوساوە (واتە لە سەردەمی دێمۆکراتیسەوە ـ مەریوان)، هەتا ئێستا هیچ مەسەلەیەکی ژیان و گەردون نەماوە نەخرێتە ژێر میکرۆسکۆبی مەتریالیزمی فەلسەفەوە. هیچ شتێکی قەدەغەکراو، دیتراو، نەدیتراو، سەلمێندراو، نەسەلمێندراو، لە هەستەوە بۆ کۆمەڵ، بۆ سروشت و ئەودیوی سروشتیش، هەموو شتێ کەوتۆتە ناو ڕووبەری فەلسەفەوە. فەلسەفە شۆڕبۆتەوە بنج و بناوانیان و لێکی داونەتەوە. دوای ئەوە فەلسەفە ئیدی دەکەوێتە سایەی قۆناغی سەدەکانی ناوەڕاست» (ل ١١ـ ١٢).

کۆتایی ئەم بڕگەیە کۆتایی قسەکانی کاک بەختیاریشە لەسەر «سەرەتاکانی فەلسەفە». وەک دەبینین کاک بەختیار هەموو سەرەتاکانی فەلسەفە، کە چەندان سەدە نووسین و سەدەها و هەزارەها لاپەڕەن، کورتدەکاتەوە بۆ ئەو چەند دێڕە و دوای ئەوەش ڕاستەوخۆ بازئەدات بۆ سەردەمی سەدەکانی ناوەڕاست. لەم سەرەتایەشدا کاک بەختیار لە بری ئەوەی باسی فەلسەفەبکات، باسی کێشە و بابەتەکانی بکات، چۆنێتی دیالۆگ و تەوەرەکانی فەلەسەفە جیابکاتەوە، باس لە بزاوتە جیاوازەکانی ناو فەلسەفەی یۆنانی بکات، باسی ئەوەبکات فەلسەفە چی لەسەر شتە «قەدەغەکراو، دیتراو، نەدیتراو، سەلمێندراو، نەسەلمێندراو»ەکان ووتوە، ئەو شتانە چین فەلسەفەی

یۆنانی لەسەر «هەست و کۆمەڵ» نووسیویانە، دیدی فەیلەسوفە یۆنانییەکان بۆ «ئەودیوی سروشت» چیبووە، بەچەند دێڕێک باس لەو هەزاران هەزار لاپەڕەیە بکات کە هەر لەسەرەتای فەلسەفەدا نووسراون. لەباتی هەموو ئەو شتانە ئەو برگە سەیرەی سەرەوەمان پێشکەشدەکات و وا دەزانێت باسی فەلسەفەی کردوە. ئاخر ئەو بڕگەیەی سەرەوە چ زانیارییەکی فەلسەفی دەربارەی فەلسەفەی یۆنانی تێدایە، ئەو بڕگەیە چی تێدایە جگە لە کۆمەڵێک ڕستەی گشتی و ئینشایی سادە کە هیچ پەیوەندییەکیان بە فەلسەفە و فیکری فەلسەفییەوە نییە. ئەو ڕستانە ئینشایەکی سادە و گشتی و نازانستتین، کاک بەختیار بەهۆیانەوە پێماندەڵێت فەلسەفە «هەموو!!!» مەسەلەکانی ژیان و گەردوونمان بۆدەخاتە ژێر میکرۆسکۆبی «مارتیالیزمی فەلسەفییەوە» . بەڵام ئەمە مەسەلانە چین؟ چیان لەسەر گوتراوە؟ ڕێبازە جیاوازەکانی قسەکردن لەسەر ئەو مەسەلانە کامانەن؟ میتۆدەکانیان چین؟ ئەوا بەڕێزی هیچمان پێناڵێت. ئەمە لەوە دەچێت سنوری زانیارییەکانت لەسەر بواری پزیشکی لەوە تێنەپەڕنەکات کە بڵێیت «پزیشکی نەخۆشی نەماوە نەیخاتە ژێر میکرۆسکۆبەوە» و پێشت وابێت بەم ڕستەیە ئیتر تۆ بوویت بە دکتۆر، یان پێتوابێت باسی مێژووی پزیشکی و ئیشکالییەتەکانی ناو ئەم مێژووەت کردبێ. بۆ ئەوەی بیسەلمێنیت تۆ زانیاری سەرەتاییت لە فەلسەفەدا هەیە، دەبێت لەو ڕستە سادە و گشتییانە دەرچیت و باسای خودی فەلسەفە بکەیت وەک بنەما و مێژوو و چەمک و تیورە و تێز و قوتابخانە و کۆی وردەکارییەکانی دیکەی ناو فیکری فەلسەفی و کێشەکانی. منداڵی سەرجادەش دەزانێت فەلسەفە باسی زۆرشت دەکات، بەڵام ئەوشتانە چین و چۆن باسکراون و کێ و کەی و لە ژێر چ هەلومەرجێکی فیکری و مەعریفی و کۆمەڵایەتی و مێژووییدا، چیان دەربارە ووتراوە و بە چ شێوەیەک باسکراون، ئەمانەن باسکردنی فەلسەفە و قسەکردن لەسەر مەسەلە فەلسەفییەکان.

جگە لە سروشتی ئینشائیانەی ئەو جۆرە باسکردنە، کە ئەگەر بچێتە خانەی باسکردنی هەر شتێکەوە ناچێتە خانەی باسکردنی فەلسەفەوە، لەو بڕگەیدا دوو هەڵەی ئێجگار گەورە هەیە کە یەکێک سەرەتاییترین زانیاری لەسەر فەلسەفە هەبێت تێیان ناکەوێت:

یەکەم: فەلسەفە بە تەنیا فەلسەفەی مەتریالیزمی نییە و هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە فەلسەفە زیاد لە لق و ئاراستەیەکی هەبووە. کە فەلسەفەش گشتگیریی و هەمەلایەنی وەرگرتووە لەبەرئەوە نییە مەتریالیزمە یان ئایدیالیزمە، بەڵکو

لەبەرئەوەیە خودی فەلسەفە زەمینەیەکی کراوەیە بۆ بۆچوون و دیدی جیاواز و هەمەلایەن، ڕووبەری فەلسەفەش لە بەرفراوانی لقەکان و قوتابخانەکان و میتۆدەکانییەوە هاتووە، نە لەبەرئەوەی ماتریالیستییە یان ئایدیالیستی. لێرەوە کاتێک کاک بەختیار دەنووسێت «هەتا ئێستا هیچ مەسەلەیەکی ژیان و گەردون نەماوە نەخرێتە ژێر میکرۆسکۆبی مەتریالیزمی فەلسەفەوە» ئەم ڕستەیە بە بەراورد بە ڕستەکانی تری کە بە ڕەهایی باس لە فەلسەفە دەکات، ئەوە دەردەخات کە کاک بەختیار جیاوازی لە نێوان «فەلسەفە» و «مەتریالیزمی فەلسەفە»دا بۆنەکراوە، واتە زمانە ئینشائییەکە تێکەڵوپێکەڵییەکی دروستکردوە بە جۆرێک جارێک دەڵێت «هەتا ئێستا هیچ مەسەلەیەکی ژیان و گەردون نەماوە نەخرێتە ژێر میکرۆسکۆبی مەتریالیزمی فەلسەفەوە» و جارێکی تریش دەڵێت «هەموو شتێ کەوتۆتە ناو ڕوبەری فەلسەفەوە. فەلسەفە شۆڕبۆتەوە بنج و بناوانیان و لێکی داونەتەوە». دیارە تێکەڵاوکردنەکە لەوە زەقترە مرۆڤ نەیبینێت. لەسەرێکەوە «مەتریالیزمی فەلسەفە» هەموو شتێکی لێکداوەتەوە، و لەسەرێکی دیشەوە «فەلسەفە» هەموو شتی لەئامێزگرتووە. خودی ئەم تێکەڵکردنە هێمای بێئاگاییەکی گەورەیە لە مێژووی فەلسەفە.

دووهەم: ئەو باسکردنەی کاک بەختیار لەو برگەیەدا بۆ فەلسەفە دەیکات باسکردنێکی هەڵەیە، کاک بەختیار کە دەڵێیت «هیچ مەسەلەیەکی ژیان و گەردون نەماوە نەخرێتە ژێر میکرۆسکۆبی مەتریالیزمی فەلسەفەوە». ئەم تێڕوانینە بۆ فەلسەفە لە تێنەگەیشتن و بەدحاڵیبوون لە فەلسەفە و کاری فەلسەفییەوە سەرچاوەی گرتووە. فەلسەفە باس لە «هەموو مەسەلەکانی ژیان و گەردون» ناکات، چونکە لە بنەڕەتدا شتێک نییە ناوی «هەموو مەسەلەکان» بێت. لە هەر قۆناغ و سەردەمێکدا کۆمەڵێک مەسەلەی فیکری و فەلسەفی هەبوون کە لە سەردەمەکانی تردا نەبوون، لە هەر قۆناغێکی مێژووی فەلسەفەشدا کۆمەڵێک سەنتەری دیاریکراو، کۆمەڵێک بابەتی تایبەت و کۆمەڵێک میتۆد هەبوون وابەستە بە سەردەم و بە ئاستی گەشەی زانستەوە لەوکاتەدا. سنووری فەلسەفەش وەک کایەیەکی فیکری سنوورێکی دیاریکراوە و هیچ وەخت فەیلەسوفان پێیان وانەبووە ئەوان باس لە «هەموو شتێک» دەکەن و شاعیران و سیاسیەکان و پیاوانی ئاین و پیاوانی زانست، زیادن. لێرەوە ئەو ڕستەیەی کە دەڵێت «هەموو شتێ کەوتۆتە ناو ڕوبەری فەلسەفەوە»، جگە لە هەڵەیەکی سەرەتایی زیاتر نییە. ئەوەی بواری کاری کیمیایە، نابێتە بواری فەلسەفە، ئەوەی بواری کاری

ماتماتیک و هاوکێشەکانێتی، ناکەوێتە ناو بوای فەلسەفەوە، کێشەکانی ناو کیمیا یان ناو بواری مێژوو یان بواری هەر کایەیەکی زانستی دیکە، کێشەی تایبەتی ناو ئەو کایانەن و ناکەونە ناو فەلسەفەوە.

پرسیاری فەلسەفی پرسیارێکی تایبەتە و مەرجی هەرە سەرەکی ئەم پرسیارەش ئەوەیە کە دەبێت پرسیارێکی ماقوڵبێت، ماقوڵیش بە شتێک دەگوترێت کە هۆکارێکی بەهێز لەئارادابێت بۆ بوونی. باوەڕی ماقوڵ ئەو باوەڕەیە کە دەشێت بەشێوەیەکی لۆژیکی بیسەلمێنین. لێرەوە هەرکەسێک بەلایەوە گرنگبێت ئەو شتەی کە باوەڕی پێیەتی ڕاستبێت، دەبێت بیر لە ماقوڵبوونی ئەو شتە بکاتەوە و لەڕووی لۆژیکییەوە بتوانێت بیسەلمێنێت. (Cahn, 2000: 3) جگە لە ماقوڵبوون، پرسیاری فەلسەفی پرسیارێکی گشتیشە، بەلام گشتیبوونی ئەم پرسیارە بەمانای ئەوە نییە کە باس لە «هەموو» شتێک بکات، بەڵکو بەمانای ئەوەی لە گشتیەتی شتەکان بپرسێت. با بە نموونەیەک ئەم مەسەلەیە ڕوونکەینەوە، بۆ نموونە ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە پرسیاری فەلسەفین و ئەوەشی کردوونی بە پرسیاری فەلسەفی مەرجی گشتێتی بوونیانە: ئایا دەشێت ئەو کاروکردەوانەی کە دەبنە هۆی زیادبوونی بەختەوەری ئینسان، هەمیشە وەک کاروکردەوەیەکی ڕاست ببینین؟ ئایا هەموو شێوەکانی مەعریفە پشتئەستوورن بە هەستەکانی ئینسان، یاخود شتی دیش هەن لە دەرەوەی هەستدا؟ ئایا چاکەکاری ئەوەیە کە بۆ هەریەکێک لە ئێمە چاکەکارییە، یاخود بۆ دەستەیەکی تایبەت؟ ئایا هەموو ئینسانێک هەڵگری ئیرادەیەکی ئازادە یان نا؟ ئایا هەموو هاولاتییەک بەرپرسیارە لەبەردەم دەوڵەت و کۆمەڵگادا؟ (هـ. س. پ. ل ٦). وەک دەبینین ئەم پرسیارانە پرسیاری گشتین، پرسیارن دەربارەی بەختەوەری، ڕاستی، چاکەکاری، ئیرادەی ئازاد و بەرپرسیاری. کە باس لە بەختەوەری دەکرێت باس لە بەختەوەری کەسێکی تایبەت و گروهێکی تایبەت ناکرێت، هەمان شت دەربارەی ڕاستی و چاکەکاری و ئیرادەی ئازاد و بەرپرسیاریەت. جیاوازی سەرەکی پرسیاری فەلسەفی لەگەڵ پرسیاری ناو کایە زانستییەکانی دیکەدا لێرەدایە. لەکاتێکدا کایە زانستییەکان پرسیاری سنووردار و چوارچێوەدار و تایبەت دەکەن، فەلسەفە ئەو پرسیارە گشتییانە دەکات. کەوابوو جیاوازی پرسیاری فەلسەفی لە پرسیاری زانستی لەم گشتیبوونەی پرسیاری فەلسەفیدایە بەرامبەر بە تایبەتیبوونی پرسیاری کایە مەعریفییەکانی دیکە. ئەمەش تەواو جیاوازە لەو قسەیەی کاک بەختیار کە دەڵێت

فەلسەفە باس لە هەمووشتێک دەگات. پرسیاری فەلسەفی پرسیاری گشتییە، گشتیبوونیش جیاوازە لە باسکردنی هەمووشتێک.

بەڵام مرۆڤ پرسیاری فەلسەفی بۆ دەکات؟ پرسیاری فەلسەفی چ دەسکەوتێکی عەقڵی دەبەخشێت و چ جۆرێک لە خەیاڵ و عەقڵیەت دروستدەکات؟ ئایا مرۆڤ پرسیاری فەلسەفی بۆیەدەکات بۆئەوەی وەڵامی هەمووشتێک بداتەوە یاخود بۆ مەبەستی دیکە دەیکات؟ بەشێوەیەکی گشتی ئینسان دەتوانێت سێ سوود و دەسکەوتی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی فەلسەفی و کردنی پرسیاری فەلسەفییدا بەدەستبهێنێت: (هـ. س. پ.، ل١١)

١- ڕوون و ئاشکارابوونی هەرچی زیاتری ئەو باوەڕانەی کە کەسێک هەڵگریانە و بەهێزکردنی توانای کردنی پرسیاری فەلسەفی لە ئینساندا.

٢- زیادبوونی دڵنیایی لەوەی کە ئەو بیروبۆچوون و باوەڕانەی کە ئینسان هەڵگریانە ماقوڵن و دەشێت لەڕووی هۆکارییی، سەبەبییەوە، پاسادانکرێن.

٣- زیادکردنی بڕی کۆگیری (توافق) و نەهێشتنی ناکۆکی لە بیروبۆچوونەکانماندا. بۆ نموونە کاتێک کەسێک باوەڕدارە و مۆراڵی ئاینی بنەمای حوکمدانییەتی لەسەر چاکە و خراپە، دەبێت لەناو کایە جیاجیاکانی دیکەشدا ئەم باوەڕە مۆراڵییە لە حوکمداندا ئامادەبێت. واتە ناکرێت تۆ لە شوێنێکدا پشتئەستوور بەو تێڕوانینە مۆراڵیەی کە هەتە داوەری بکەیت، بەڵام لە هەڵوێستێکی دیکەدا شتێکی تەواو جیاواز و ناکۆک بەو باوەڕە بڵێیت. بۆئەوەی ئەم مەسەلەیە زیاتر ڕوونکەینەوە هەر خودی کاک بەختیار خۆی نموونەیەکی باشە. کاک بەختیار لەسەرێکەوە دەڵێت باوەڕی بە دیالەکتیک هەیە و تا ئێستاش خەباتی بۆئەکات، بەڵام لەسەرێکی دیکەوە چەندان حوکم و بۆچوونی دیکە نیشانئەدات کە تەواو دژ بە دیدی دیالێکتیکین. یەکێک کە خەریکی فەلسەفەبێت و فەلسەفیانە بیربکاتەوە هەڵەی سەرەتاییانەی لەم بابەتە ناکات. فەلسەفە هەوڵی ئەوەدەدات مرۆڤ نەکەوێتە ناکۆکی وەهاوە، دڵنیای دەکات لەوەی کە بیروبۆچوونەکانی ماقوڵن، یارمەتیشی ئەدەن بۆئەوەی بیروبۆچوونەکانی بۆ خودی خۆی ڕوون و ئاشکرابن و بتوانێت لەڕووی لۆژیکییەوە پاسادانیاکات و کۆگیریشبن.

بە داخەوە کاک بەختیار سەرەتاکانی فەلسەفەی کورتکردۆتەوە بۆ چەند دێڕێک و لەو چەند دێڕەشدا باسی هەرچییەکی کردبێت باسی فەلسەفەی نەکردووە، سەرەڕای ئەمانە سێ هەڵەی ئیجگار گەورەشی لەو چەند دێڕە کەمەدا کردووە:

١ ـ فەلسەفەی سروشت و مێژووی لای دیموکراتیس تێکەڵاوکردووە.

٢ ـ ماتریالیزمی فەلسەفی و فەلسەفەی تێکەڵاوکردووە.

٣ ـ پێیوابووە فەلسەفە باس لە هەموو شتێک دەکات،

## 4 ـ یەکدی ناسینی فەلسەفی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا

ئەگەر ئەوەی لە سەرەوە نیشانماندا حاڵی سەرەتاکانی فەلسەفەبێت لەبەردەم قەڵەمەکەی کاک بەختیاردا، با سەرنجمان بگوێزینەوە بۆ تەماشاکردنی حاڵی فەلسەفە لە قۆناغەکانی دوای ئەم سەرەتایەدا. لە بەشی ١ ـ ٦ ی کتێبەکەیدا کاک بەختیار ناونیشانێکی قەبە بەناوی (ڕۆژهەڵات و فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا) دەنووسێت، کەچی شەش لاپەڕەی کتێبەکەی بۆ ئەم ناونیشانە قەبەیە تەرخانکردوە (لە ل ٣٥ بۆ ل ٤١). قسەکردن لەسەر بابەتێکی لەم چەشنە پێویستی بە سەدان لاپەڕە و خوێندنەوەی مێژووی زیاد لە هەزارساڵی فیکری فەلسەفی هەیە. خۆشئەوەیە کاک بەختیار لەسەرەتاوە ڕەخنەی کوردی بەوە تاوانبار دەکات کە کوورتنووس و کوورتنەفەسە کەچی خۆی سەرەتاکانی پەیدابوونی فەلسەفە کورتدەکاتەوە بۆ چەند دێڕێک و لەو چەند دێڕەشدا سێ هەڵەی کوشندە دەکات. دوای ئەوەش پەیوەندی فەلسەفی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە شەش لاپەڕەدا باسدەکات و لێرەشدا کۆمەڵێک هەڵەدەکات کە بەر لە بەڕێزی کەسیدی نەیکردوون. بەهەرحاڵ کێشەی من لەگەڵ کاک بەختیاردا کێشەی کوورتی و درێژی نییە، بەڵکو کێشەی زانین و نەزانینی سەرەتاییترین زانیاری پێویستە دەربارەی ئەو بابەتانەی بەڕێزی باسیاندەکات. لەم شەشە لاپەڕەیەدا کاک بەختیار ئەوەندە هەڵەیکردوە کە ڕاستکردنەوەی تەواوەتیان نووسینی کتێبێکی سەربەخۆی دەوێت، من لێرەدا بەخێرایی مشتێک لەو هەڵانە بۆ خوێنەر و کاک بەختیار ئاشکرادەکەم و هەوڵئەدەم بەپێی توانا هەڵەکانیش ڕاستکەمەوە:

کاک بەختیار دەنووسێت: «سەیر ئەوەیە، کاتێک لە ڕۆژهەڵاتدا، ئاشنایەتی فراوان لەگەڵ فەلسەفەدا پەیداکرا، فەلسەفەی کلاسیکی لە ڕۆژئاوا ئیدی ئاوا دەبوو، فەلسەفەی نوێ سەری هەڵدا». کاتێکیش باس لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی

«فەلسەفەی نوێ» لە ڕۆژئاوادا دەکات، دەڵێت «کە دەشگوترێت فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا، ڕێک لە زەمانی جەنگی دوەم بەدواوە باسدەکرێ».

بە مانایەکی دیکە، کاک بەختیار، دەیەوێت بڵێت: ڕۆژهەڵات لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە ئاشنایەتی فراوانی لەگەڵ لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا پەیداکردوە. ئەم ئاشنایەتییەش ئاشنایەتییە لەگەڵ فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوادا کە دوای جەنگی جیهانی دووهەم و دوای ئاوابوونی فەلسەفەی کلاسیکی هاتۆتە کایەوە. ئەم حوکمانەی کاک بەختیار چی دەگەیەنن؟:

١ـ فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا لە داوی جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەستپێدەکات.

٢ـ ڕۆژهەڵات فەلسەفەی کلاسیکی ڕۆژئاوای نەناسیوە، چونکە کاتێک ڕۆژهەڵات ئاشنایەتی فەلسەفی لەگەڵ ڕۆژئاوادا پەیدادەکات ئەم فەلسەفە کلاسیکییە ئاوابووە.

٣ـ ڕۆژهەڵات لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە فەلسەفەی ڕۆژئاوای ناسیوە.

ئاشکرایە ئەم باسکردنەی کاک بەختیار بۆ مێژووی فەلسەفەی ڕۆژئاوا و پەیوەندی ئەم فەلسەفەیە بە ڕۆژهەڵاتەوە لە قسەی خوێندەوارێک ناچێت لە هەموو ژیانیا کتێبێکی سادەی لەسەر مێژووی فەلسەفە خوێندبێتەوە، هەموو قوتابیەک تا سێی ناوەندی خوێندبێ دەزانێت ئاشنایەتی بەرفراوانی فەلسەفی لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا تەمەنی لە هەزار ساڵ زیاترە و چ لە دوور و چ لە نزیک پەیوەندی بە ڕۆژگاری دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە نییە. هەموو خوێندکارێکی پازدەساڵان ئەو ڕاستییە دەزانێت کە فەلسەفەی کلاسیکی ڕۆژئاوایی، واتە فەلسەفەی یۆنانی، لەلایەن فەیلەسوفە گەورەکانی ناو شارستانیەتی ئیسلامییەوە وەرگێڕدراون و خوێندراونەتەوە. لەزەمانی عەباسییەکاندا فەیلەسوف و خوێندەوارە گەورەکانی ئەو کاتە بەشی زۆری کتێبە فەلسەفییەکانی یۆنانی کۆنیان بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕاوە. بەر لە عەرەبیش زۆربەی زۆری ئەم کتێبانە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی سریانی. لە وەرگێڕە بەناوبانگەکانی فەلسەفەی یۆنانی بۆ عەرەبی باوک و کوڕێک لە مێژوودا ناویان دەرکردوە، باوکەکە ناوی (حنین بن اسحاق)ـەو لە سریانییەوە دەقە یۆنانییەکانی وەرگێڕاوە بۆ عەرەبی، کوڕەکەشی ناوی (اسحاق بن حنین)ـەو ڕاستەوخۆ لە یۆنانییەوە دەقەکانی کردوە بەعەرەبی، هەردوکیشیان لە سەردەمی عەباسییەکاندا ئەم کارەیان کردوە (ڕزا برنجکار، ١٩٩٩: ٨١). حنین بن اسحاق

سەرۆکی دەزگای «بیت الحکمە» بووە کە مەئمون لە بەغداد بۆ وەرگێڕان دروستی دەکات.

جگە لەمانە، فەیلەسوف و خوێندەوارە گەورەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەو سەردەمە، نەک تەنها کارە فەلسەفییەکانی یۆنانیان وەرگێڕاوە، بەڵکو لێکیشیانداوەتەوە و ڕاو بۆچوون و سەرنجیشیان لەسەر دەربڕیوە. ئیبن ڕوشد و فارابی و ئیبن سینا و چەندانی دیکە نموونەی ئەو فەیلەسوفانەن کە لە نزیکەوە شارەزاییەکی باشیان لە فەلسەفەی کلاسیکی یۆنانیدا هەبووە و هەوڵیانداوە ئەو فەلسەفەیە لە جیهانی ئیسلامدا بخەنەگەڕ. لێرەوە پەیوەندی و ئاشنایەتی تەواوی ڕۆژهەڵات لەگەڵ فەلسەفەی ڕۆژئاوادا ناگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووهەم، بەڵکو بۆ هەزار ساڵ بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم. ڕۆژهەڵاتناسی بەناوبانگ بیرنارد لویس لە ووتارێکدا (بارودۆخی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەبارەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەکرێن) دەڵێت ئەوروپییەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەچوون بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆئەوەی زمانی عەرەبی فێربن و بتوانن دەقە فەلسەفییە یۆنانییەکان بخوێننەوە (بیرنارد لویس، ١٩٩٤: ل ١٣١).

هەڵەی دووهەمی ئەو دوو دێڕەی کاک بەختیار لەوەدایە کە سەرەتاکانی پەیدابوونی فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا بۆ دوای جەنگی جیهانی دووهەم دەباتەوە، ئەوەتا بەڕێزی بە ئاشکرا دەنوسێت «کە دەشگوترێت فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا، ڕێک لە زەمانی جەنگی دوەم بەدواوە باسدەکرێ.» بە پێی ئەم قسانەی کاک بەختیار فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا فەلسەفەیەکە دوای جەنگی دووهەم دروستبووە. (کاک بەختیار مێژووی زۆربەی قوتابخانە فیکرییەکانی دیکەی جیهانی هاوچەرخیش هەر دەباتەوە بۆ دوای جەنگی جیهانی دووهەم. ئەم خاڵە دواتر دێینەوە سەری). باوەڕناکەم بەر لە کاک بەختیار کەس هەبێت کوفری مەعریفی لەم بابەتەی کردبێت. هەرکەسێک لە هەموو ژیانید ووتارێکی کورتی لەسەر مێژووی فەلسەفە خوێندبێتەوە، جا بە هەر زمانێک لە زمانەکانی سەر ئەم ئەستێرەیە نووسرابێت، دەزانێت فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەستپێناکات. فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا لە سەردەمانی ڕێنیسانسەوە دەستپێدەکات، دواتر بە سەردەمانی ڕۆشنگەریدا تێدەپەڕێت و ئینجا بۆ سەدەکانی دواتر تا بەجەنگی دووهەم و دوای جەنگی دووهەمیش دەگات. تا سەردەمانی جەنگی جیهانی دووهەم فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا زیاد لە پێنج سەدە مێژووی هەبووە و سەدان هەزار لاپەڕەی نووسراوی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشتوە.

کاک بەختیار ئەم پێنج سەدەیە و ئەو هەزاران هەزار لاپەڕەیە ئەپەڕێنێ و مێژوویەکی نوێ بۆ فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوایی دروستدەکات کە لەهیچ کتێبێکی دونیادا بوونی نییە.

٢ـ دوای ئەو چەند هەڵەیەی سەرەوە کاک بەختیار حوکمێکی دیکەی نەسەلمێندراو سەبارەت بە ئاشنابوونی کورد بە فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا، ئەدات و دەڵێت فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا لەڕێی «حیزبایەتییەوە هاتۆتە ناو میللەتی ئێمەوە، نەک لە ڕێی فێرگە زانستیە سەربەخۆکانی فەلسەفەوە» ل ٣٥ و ئەمەش بەپێی هەمان حیسابات دیسانەوە لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە ڕوویداوە. جارێ حیزبایەتی هەرچییەکی هێنابێتە کوردستانەوە فەلسەفەی نەهێناوە، حیزبایەتی کۆمەڵێک دروشم و دیدی ئایدیۆلۆژی و داواکاری سیاسی سادەی هێناوەتە کوردستانەوە، ئەمانەش بە هیچ مانایەک ناچنە خانەی فیکری فەلسەفیی و میتۆدی کارکردنی فەلسەفە و کردنی پرسیاری فەلسەفییەوە. کاک بەختیار فەلسەفە و دروشمی سیاسی، فەلسەفە و ئایدیۆلۆژیای ساکاری حیزبی، فەلسەفە و بەیاننامە حیزبییەکانی بەیەکدی یەکسانکردوە. ئەگەر کاک بەختیار ڕاستبکات فەلسەفەی لەڕێی حیزبایەتییەوە هاتبێتە ناو کوردستانەوە ئێمەوە ئەوکات دەبێت یەکەمین لقی فەلسەفە کە هاتبێت «فەلسەفەی سیاسی» بێت. بەڵام ئایا بەڕاست شتێک هەیە ناوی «فەلسەفەی سیاسی» بێت لە فیکری حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم و ئێستاشدا. لە کوردستانی ئێمەدا حیزبایەتی جگە لە «کولتوورێکی سیاسی» تایبەت کە پڕ کێشە و قەیرانی هەمەجۆرە، لە ڕووی فیکرییەوە شتێکی دیکەی نەخولقاندوە. یەکەمین پرسیارێک فەلسەفەی سیاسی بیکات ئەوەیە داخۆ مرۆڤ دەبێت چ جۆرە پەیوەندییەکی لەگەڵ کۆمەڵگادا هەبێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش ئەم فەلسەفەیە کۆمەڵێک چەمک و پێوانە ئەبەخشێت کە هەم پەیوەندییەکان و هەم دەزگا و دامەزراوە کۆمەلایەتییەکان ڕاڤەبکات و هەڵیشیان سەنگێنێت. بەمانایەکی دیکە بەشێکی گرنگی فەلسەفەی سیاسی بریتییە لە چۆنیەتی پیادەکردنی کۆنسێپتە ئەخلاقییەکان لە مەجالی گشتی کۆمەڵگادا و لەوێشەوە جیاکردنەوەی فۆرمە جیاوازەکانی حوکمەتکردن لەیەکدی. فەلسەفەی سیاسی باس لەمەسەلەی ئەوەدەکات چ جۆرێکی تایبەتی ژیانی کۆمەڵایەتی باشە، دەبێت چ ڕستێک لە بەها و دەزگای تایبەت ئینسانەکان بەیەکەوە گرێدەن؟ بۆئەوەی فەلسەفەی سیاسیمان هەبێت دەبێت

فەلسەفەی یاسا و فەلسەفەی ئابووری و فەلسەفەی ئەخلاقمان هەبێت، واتە فەلسەفە لە کایەی جیاجیادا ئامادەبێت و ئەم کایانەش لە پەیوەندییەکی گرنگ و فرەلایەنداین لەگەڵیەکدا، چونکە فەلسەفەی سیاسی لەسەر سنوورەکانی ئەم فەلسەفانەی دیکە کاردەکات.

«کولتوری سیاسی» یەکسان نییە بە فەلسەفەی سیاسی. کولتووری سیاسی بریتییە لە کۆمەڵێک بۆچوون و باوەڕی دیاریکراو سەبارەت بە بەها و نۆرم و چاوەڕوانی سیاسسی، سەبارەت بە ئامانج و ئومێد و ویستی سیاسی، ئەمانەش جیاوازن لە فەلسەفە و کاری فەلسەفی. خۆ گەر گریمانی ئەوەمانکرد کە دەشێت ئەم مەسەلانە هەم بە فەلسەفەی سیاسی هەم و بە فەلسەفە بە گشتی نزیکبن و هەندێکجاریش هەمانشت بن، ئەوا ئەزموونی حیزبایەتی لە کوردستاندا، بەدرێژایی مێژووی خۆی فەیلەسوفێکی سیاسی، یان تیوریستێکی فەلسەفی بەرهەمنەهێناوە، تا بەم دۆعایەی کاک بەختیار بڵێین ئامین. مێژووی حیزبایەتی لە کوردستاندا هەرچییەک بێت مێژووی ئاشناکردنی کورد نییە بە فەلسەفە و فیکری فەلسەفی. کاک بەختیار خۆی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا وەک سیاسییەک باس لە فەلسەفە دەکات چی بەخوێنەری کورد دەدات و ئەم خوێنەرە بە چ فەلسەفەیەک ئاشنادەکات، بەڕێزی لە کتێبەکەیدا جگە لە ڕستێک هەڵەی زۆر سەرەتایی دەربارەی سەرەتاکانی فەلسەفە و مێژووی دوای ئەم سەرەتایە و قوتابخانە فەلسەفییەکان هیچی دی بە خوێنەری کورد نەبەخشیوە، ئەمە لە کاتێکدا بەڕێزی یەکێکە لەو سیاسییە کەمانەی کورد کە وێراویەتی باسی فەلسەفە و فیکری فەلسەفی بکات.

لەوەدەچێت کاک بەختیار نەتوانێت جیاوازییەکی سەرەتایی لە نێوان دروشمی سیاسی، بەرنامەی حیزبی کاری فەلسەفییدا بکات، لە دیدی ئەم بەڕێزەدا پەیڕەو و پرۆگرام و بەیاننامە حیزبییەکان دەقی فەلسەفین. ئەمەش بۆ خۆی نوکتەیەکی فیکری و مەعریفی گەورەیە. لەمانەش خراپتر کاک بەختیار کە ئەم حوکمە دەربارەی ئاشنایەتی کورد و فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاوا دەدات، ئەزیەتی ئەوە ناکێشێت یەک نموونەمان پێشکەشکات کە قسەکانی بسەلمێنێت. بۆ نموونە پێمانبڵێت ئەمە فڵانە دەقی فەلسەفییە کە فڵانە حیزبی سیاسی لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە نووسیویەتی، ئەمە ناوی نووسەرەکەی و ئەمەش ئەو تایبەتمەندییانەیە کە ئەو دەقە سیاسییە حیزبییە دەکەنە دەقێکی فەلسەفی و جیای دەکەنەوە لەو دەقە ئەدەبی و سیاسییانەی لەو ڕۆژگارەدا نووسراون. دواتر بەڵگەکانی کاک بەختیار کامانەن کە

بیسەلمێنێت ئەم ئاشنایەتییە لەدوای جەنگەی دووهەمەوە دەستپێدەکات؟ ئایا ڕۆشنبیرانی کوردی بەر لە دروستکردنی حیزب بە فیکری فەلسەفی ئاشنا نەبوون؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کاری من نیین، بەڵام کردنیان گرنگییەکی تایبەتییان هەیە لە پەیوەندیدا بە حوکمەکانی کاک بەختیارەوە. بەڕێزی لەسەرتاپای کتێبەکەیدا ئەم جۆرە حوکمانە ئەدات و وا چاوەڕواندەکات خوێنەر هەموویانی وەک ڕاستییەکی ڕەها لێقبوولکات. باسی مێژوو دەکات و تاقە دۆکۆمێنت و دەق و ناوێکمان نیشاننادات بۆچوونەکانی بسەلمێنێت.

٣ـ جەنگی جیهانی دووهەم و ڕۆشنگەری

کاک بەختیار دەڵێت فەلسەفەی کلاسیک و فەلسەفەکانی سەردەمی ڕۆشنگەری سێ سەدە بەر لە جەنگی جیهانی یەکەم «هەموو دەسکەوتە عەقلانیەکانیان هێنابوە دی»، هەروەها «کۆتایی هاتنی بەربەریەت و سەدەکانی ناوەڕاست و دڕندەی مرۆڤ بەرامبەر مرۆڤ، بەشێوەیەکی گشتی لەناو ڕوناکبیران و ڕای گشپیدا، چەسپاندبوو» (ل ٣٥). مەگەر خودا خۆی بزانێت زاراوەی «هەموو دەسکەوتە عەقلانییەکان» یانی چی؟ باشە گەر ئەم فەلسەفانە سێ سەدە بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم «هەموو!!!»، تکایە سەرنج لە ووشەی «هەموو» بدەن، دەسکەوتە عەقلانیەکانیان هێنابێتەدی، ئیدی ئینسان لەدوای ئەوانەوە بۆ بیریکردۆتەوە و چ پێویستییەکی بە بیرکردنەوە هەبووە. بە حیسابی کاک مەلا بەختیار بێت هەموو ئەو فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییانەی لەم سێ سەدەیەی دواییدا بەرهەمهاتوون زیادن و لە بێئیشیدا و بۆ زەوق و کوشتنی کات نووسراون، ئەگەر «هەموو» دەسکەوتە عەقلانییەکان سێ سەدە لەمەوبەر هاتبنە دی ئیدی مرۆڤ بۆ لەم سێ سەدەیەی دوایدا خۆی سەرقاڵ کردوە و عەقڵی خۆی بەکارهێناوە. ئەم قسەیەی کاک بەختیار لە قسەی هەندێک لەو مەلا ئاینییانە دەچێت کە دەڵێن لە هەزار و چوارسەد ساڵ لەمەوبەرەوە هەموو شتێک لە قورئاندا گوتراوە.

دواتر یانی چی ئەم فەلسەفەیە کۆتایی بە بەربەریەت و دڕندەیی مرۆڤ بەرامبەر بە مرۆڤ هێناوە؟ سێ سەدە دوای ڕۆشنگەری ڕۆژئاوا لە دوو جەنگی جیهانیدا بەربەریەتێکی مۆدێرن بە مرۆڤایەتی نیشانئەدات کە بەربەریەتی سەدەکانی ناوەڕاست لە چاویدا یاری منالانە، بەربەریەتی مۆدێرن بەربەریەتێکە بە کەڵبەی ئەتۆمی و چەکی کۆکوژییەوە دەدوێت. لەدەرەوەی ڕۆژئاواشدا بەربەریەتی مۆدێرن چەندان میللەت و گروهی ئاینی و ئەتنی جینۆساید کردوە. بە چ مانایەک سێ سەدەیە فەلسەفەی

ڕۆشنگەری کۆتایی بە بەربەریەت هێناوە؟ ئاخر هەر لەناو ڕۆژئاوا خۆشیدا کۆیلەیەتی تەنها لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا بەپێی یاسا یاساغدەکرێت و تا شەستەکانی سەدەی بیستەمیش ڕەشەکان لە ئەمریکادا وەک مرۆڤی تەواوەتی مامەڵە نەدەکران، ئیدی چۆن و بە چ شێوەیەک بەربەریەت کۆتایی پێهات و چۆن ئەم فەلسەفانە کۆتایی دڕندایەتی مرۆڤیان بەرامبەر بە مرۆڤ چەسپاند.

کاک بەختیار پێی وایە پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەریش لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەستپێدەکات. ئەو دەنووسێت «لە جەنگی دوەم بە دواوە، لە زەمان و زەمینەیەکی دیکەی بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتیدا، کاردانەوەیەکی قوڵی بەرامبەر دڵنیابونی دەستکەوتە فەلسەفیەکانی سەدەکانی ڕۆشنگەری لەناو ئەندێشەمەند و ڕوناکبیراندا خولقاند و سەرلەنوێ، بەشێوە و ناوەرۆکێکی نوێ، تەواوی ئەو وەڵامانەی فەلسەفەکانی ڕۆشنگەری گەڵاڵەی زانستیانەیان کردبوون، تۆێژرانەوە و جۆرەها پرسیاری فەلسەفی پێشتر باسنەکراویش قوتکرانەوە» ل ٣٥. جارێ ئەم پەرەگرافە پڕیەتی لە تەعمیمی بێسەروبەر، کامانەن «ئەو وەڵامانەی فەلسەفەکانی ڕۆشنگەری گەڵاڵەی زانستیانەیان کردبوون»، «شێوە» و «ناوەرۆکە» نوێییەکان چین، تۆژینەوە نوێکان کامانەن، چیدەڵێن، پرسیارە فەلسەفییە نوێییەکان کامانەن کە «قوت» کراونەتەوە؟ کاک بەختیار بەلای هیچ یەکێک لەم سەرەتا سادانەی نووسینی زانستیدا ناچێت و بەئارەزووی خۆی شت دەڵێت و توانای وردکردنەوەی ئەو نووسینە ئینشاییە گشتییانەی نییە بۆ کۆمەڵێک نموونەی کۆنکریت.

کاک بەختیار، لە درێژەی قسەکانیدا لەسەر ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری، دەڵێت خەڵک بۆیە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە گوێیان لەو ڕەخنانە گرتووە کە لە ڕۆشنگەری دەگیران، چونکە کارەسات دروست بووبوو، جەنگ ڕوویدابوو و ماڵوێرانی پەیدابووبوو. بەڕێزی دەنووسێت: «بە حوکمی ئەوەی کارەساتەکانیش جیهانگیربوون و بەشەریەت دەیان ملیۆن قوربانی بەخشیبوو، شارستانیەتی نوێی سەرمایەداری دوچاری کاولکاری کرابوو، بۆیە، هەموو ئەو ڕەخنانەی لەو فەلسەفانەی دڵنیایی هەمیشەییان لەسەردەمی ڕۆشنگەریدا بەخشیبووە مرۆڤایەتی، لە ناوەندی ڕوناکبیران و کۆمەڵە پێشکەتووە جەنگ زەدەکاندا، گوێیان لێدەگیرا. کاریگەریان دەبوو. هەر پرسیارێکی نوێش لەو هەلومەرجەدا دەکرا، خەڵکی دەخستە سەر هەست و بەشێک لە خەڵکیشی دەخستە سەر ڕێبازی فەلسەفی نوێ. لەناو ئەو زەمانەیەدا و لەسەر ئەو زەمینە ئابوری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆژی و شەڕانگێزیەدا، فەلسەفە نوێکانی

ڕۆژئاوا، وەکو کاردانەوەی ڕاچڵەکینێکی ئەبستمۆلۆژی هاتنە ئارا» (ل ٣٥ـ٣٦).

دیسانەوە بڕگەیەکی درێژی گشتگیر، کە دەشێت دەیان پرسیاری ڕووبەڕووبکەینەوە کە نیشانیئەدەن ئەم قسانە جگە لە ئینشانووسییەکی سادە و پڕ هەڵە شتێکی دیکە نیین، بەڵام باواز لەم مەسەلەیە بهێنین و سەرنجی خوێنەر بۆ مەسەلەیەکی دی ڕاکێشین کە بەلامەوە گرنگە. کاک بەختیار لەو بڕگەیەدا دەیەوێت بڵێت ڕەخنە لە ڕۆشنگەری و گوێگرتن لەم ڕەخنانە لە هێزی ڕەخنەگرەکان و ئەو ئەرگومێنتە عەقڵی و فیکری و فەلسەفییانەوە نەهاتوە کە بەکاریانهێناوە، پەیوەستبوونی خەڵک بەم ڕەخنانەوە دەرەنجامی کارکردنی مەعریفی و میتۆدی و زانستی نووسەرەکان و فەیلەسوفەکان نەبوون، بەڵکو لەبەرئەوە بووە جەنگ و کارەسات وماڵوێرانی لە ئارادابووە. نازانم کاک بەختیار ئەم جورئەتە نامەعریفییە لە کوێوە دەهێنێت تا حوکمی وا بەسەر دەیان فەیلەسوفی گەورە و چەندان قوتابخانەی فیکری و چەندان ڕێبازی فەلسەفیدا بدات، کە هەمووان لەدوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە زۆر بە وردی کەوتبوونە خوێندنەوەی ڕووکارە جیاوازەکانی کۆمەڵگای دوای جەنگ و بەر لە جەنگ و کۆی ئەو کێشە تەکنیکی و کۆمەڵایەتی و فیکری و سیاسییانەی هەڵگریبوون. دەیانی وەک ئەدۆرنۆ، هۆرکهایمەر، فرۆم، ڤالتەر بنیامین، مارکوزە، لیڤیانس، هانا ئارنت، هایدگەر، سارتەر، هۆسرەل، پۆل ڕیکور، کارل پۆپەر، میرلۆپۆنتی و گادامێر و... هتد کە لەدوای جەنگەوە کەوتنە ڕەخنەکردنی ڕەهەندە جیاجیاکانی کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان، لە ڕەهەندی فیکرییەکانەوە بۆ ڕەهەندە ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسییەکان و کۆی ئەو مژدە و ئەگەر و خەیاڵ و چاوەڕوانییانەی ئەو کۆمەڵگایانەی لەماوەی بیست ساڵدا ڕووبەڕووی دوو جەنگی جیهانی گەورە کردبۆوە کە بە دەیان ملیۆن ئینسانیان تێدا کوژرا. بە قسەی کاک بەختیار بێت کاریگەری فیکری ئەم نووسەر و فەیلەسوفە گرنگانە لەوە نەهاتووە کە واقیعی خۆیان و ئەو جیهانەی تێیدا ژیاون باش ناسیوە و بە قووڵی ڕەخنەیان کردوە، بەڵکو لەوەوە هاتووە کە جەنگ لە ئارادابووە، کەوابوو ئەو هەموو عەقڵە گەورەیەی ئەو ڕۆژگارە قسەی بێمانا و بۆچوونی ناڕاست و ناماقوڵیان بەرهەمهێناوە، هەلومەرجی جەنگ وایکردوە خەڵک گوێیان لێگرێت، دەنا سەگیان پێوەدەنان و شاربەدەریان دەکردن. لەبەردەمی ئەم جورئەتە نا مەعریفییەی کاک بەختیاردا من جگە لە شەرمکردن هیچ شتێکی دیکە شکنابەم بە خوێنەری نیشاندەم.

## 5 ـ فەلسەفە وەک کاردانەوە

### 1.5 ـ قوتابخانەی فرانکفۆرت

کاک بەختیار دەنووسێت: «فەلسەفەی دوای جەنگی دوهەم وەک کاردانەوەی ڕاچڵەکینێکی ئەبستمۆلۆژی هاتنە ئارا. بەرەنجامەکەشی، لە ئەڵمانیادا فێرگەی فەلسەفەی فرانکفۆرت خولقا، لە فەرەنسادا بونیادگەری نەشونمای کرد، دوای ئەمەش، دوای بونیادگەری، پاشانیش لقوپۆپی فەلسەفەی دیکەیان لێکەوتەوە و گەیەندرایشە پۆست مۆدێرنیتەش» ل ٣٦. ئەم برگەیە یەکێکە لە شا برگە پڕ هەڵەکانی کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار، ئەم سێ دێڕە جگە لەوەی زۆر گشتین و باسی هیچ مەسەلەیەکی فیکری ناکەن و تەنها ناوی کۆمەڵێک قوتابخانەی فیکری ڕیزدەکەن و هەموویان وەک «کاردانەوە» بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا پێشنیاردەکەن، وەستاییەکی گەورەشی تێدایە لە شێواندنی مێژووی فیکر و ناوەرۆکی قوتابخانە فیکرییەکاندا.

با ئەو هەڵانە نیشانی کاک مەلا بەختیار و خوێنەران بدەین:

یەکەم: قوتابخانەی فرانکفۆرت دوای جەنگی جیهانی دووهەم دروستنەبووە و بەهیچ مانایەک کاردانەوە نییە بەڕووی ئەم جەنگەدا. مێژووی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٢٣ کاتێک جولەکەیەکی دەوڵەمەند و فیکردۆست پارەیەکی زۆری تەرخاندەکات بۆ دروستکردنی «پەیمانگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی» کە (کارل گروینبیرگە) و (هۆرکهایمەر) دروستیدەکەن و بە زانکۆی فرانکفۆرتەوە گرێیدەدەن. ئەمەش مانای ئەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرت شازدە ساڵ بەر لە بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووهەم و بیست و سێ ساڵ بەر لە کۆتاییهاتنی ئەو جەنگە دروستبووە.

ئەو جولەکە دەوڵەمەندە پیاوێک بووە زۆر لە نزیکەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی شۆڕشی سۆسیالیستی ئەڵمانی ساڵی ١٩١٨ و ١٩١٩ بووە، کۆتایی خوێنینی ئەم شۆڕشە، تێکشکانی پایە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی، کوشتنی سەرۆکەکانی، ڕۆزا لۆکسمبۆرگ و کارل لیبکنیخت، کاریگەرییەکی گەورە دەکەنە سەر ئەم پیاوە دەوڵەمەندە و وایلێدەکەن بڕێکی زۆری سامانەکەی بۆ یارمەتیدانی نووسەر و هونەرمەند و فەیلەسوفە چەپەکان تەرخانکات. بە پارەی ئەم پیاوە بەردی بناغەی قوتابخانەی فرانکفۆرت دادەنرێت. هەندێک لە گرنگترین نووسەرەکانی «پەیمانگای لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتیش»، کە هەمان نووسەرە گەورەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتن،

ڕاستەوخۆ بەشداری شۆڕشی سۆسیالیستی ئەڵمانی ساڵانی ١٩١٨ و ١٩١٩ بوون. بۆ نموونە، هۆرکهایمەر، لە ساڵی ١٩١٩ دا بەشدارییەکی ڕاستەوخۆ و چالاکی لە شۆڕشەکەدا کردوە، لەناو ڕووداوەکانیدا بووە و لە کەسە گرنگەکانی شۆڕشەکەوە نزیکبووە. بەڵام دوای تێکشکانی شۆڕشەکە و کوژاندنەوەی یەکجارەکی، دەسگیردەکرێت و لە بەندیخانە توندەکرێت. کە ئازادیش دەبێت دەچێت بۆ شاری فرانکفۆرت و لەوێ خۆی بە کاری فەلسەفییەوە خەریکدەکات. هۆرکهایمەر هەر لەو شارەدا خۆی بە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژییەوە سەرقاڵدەکات و لای (هۆسرەڵ) کۆمەڵێک وانە دەربارەی فەلسەفە و میتۆدی فینۆمینۆلۆژی وەردەگرێت و لەنزیکیشەوە دەکەوێتە خوێندنەوەی وجودیەتی هایدگەر (Delacampagne, 1999: 131- 133). هێربێرت مارکوزەیش کوڕی هەمان ڕۆژگارە و لە وێرانە سیاسی و فیکری و فەلسەفییەکانی شۆڕشی ١٩١٩ دێتە دەرێ، مارکۆزە یەکێک لە قسەکەر و بەشداربووە گرنگەکانی شۆڕشی ١٩١٩ بووە لە شاری بەرلین. کە شۆڕش تێکدەچێت، واز لە سیاسەت دەهێنێت و خۆی بە ئەدەب و لێکۆڵینەوەی ئەدەبییەوە سەرقاڵدەکات. لە ساڵی ١٩٢٢ دا دکتۆرا تەواودەکات و و چەند ساڵێک دوای ئەم مێژووە، واتە لە ساڵی ١٩٢٨، دەبێتە یاریدەدەری هایدگەر لە زانکۆی فاریبۆرگ و لە نزیکەوە بە فیکری ئەم ئەم فەیلەسوفە ئاشنادەبێت (ه.س. پ. ل ١٣٢). ئەگەر هایدگەر فەیلەسوفێکی ڕاسترەوبێت ئەوا مارکوزە یەکێک لە چەپترین قوتابی و خوێنەرەکانی ئەم فەیلەسوفە ڕاسترەوەیە. لەو سەردەمانەدا مارکوزە باوەڕێکی تەواوی بە تێکەڵکردن و موتربەکردنی مارکسیزم و وجودیەت هەبووە، بەم کارەشی سەرقاڵی دۆزینەوەی «ڕێگاچارەی سێهەم» بووە کە هەم جیاواز لەو ڕێگایەی هایدگەر پێیدادەڕوات و هەم جیاوازیش لەو ڕێگایەی کە مارکسیزم دۆزەرەوەی بووە. (ه. س. پ. ل ٢٠٦).

دوای هەڵەی دەستنیشانکردنی سەرەتاکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت ئێستا با پرسین ئایا ئەم فەیلەسوفانە، وەک کاک بەختیار دەڵێت، تووشی «ڕاچڵەکینێکی ئەبستمۆلۆژی» بووبوون، یاخود کارێکی ورد و زانستییانەیان لەسەر ئەو جیهانە دەکرد کە تێیدا ژیاون. فرانکفۆرتییەکان بە کۆمەڵێک بابەتی تایبەتەوە خەریکبوون کە کارەکتەری سەرەکی ئەم قوتابخانەیە دەستنیشاندەکات. کاتێک (کارل گۆرنیبێرگ) سەرۆکی پەیمانگاکە دەبێت کاری سەرەکی نووسەرانی پەیمانگەکە لێکۆڵینەوەی ئەم بابەتە فیکریانە دەبێت: (ه. س. پ. ل ١٣٢).

١ـ لێکۆڵینەوە لە مێژووی سۆسیالیزم.
٢ـ لە بزوتنەوە کرێکارییەکان، لە تیورەی ئابووری.
٣ـ چاپکردنی بەشێک لەو کارانەی مارکس کە تا ئەوکاتە بە چاپ نەگەیەندرابوون.

دوای ئەوەی (کارل گۆرنیبێرگ) لەساڵی ١٩٢٩ دا دەست لەکار دەکێشێتەوە، هۆرکهایمەر دەبێتە بەڕێوەبەری پەیمانگاکە، هۆرکهایمەر وادەکات هێربێرت مارکۆزە و ئێریک فرۆم و چەندانی دی لە فرانکفۆرتییەکان لە پەیمانگەکەدا دەست بەکار بکەن. بەڵام دوای ئەوەی نازییەکان دەسەڵاتدەگرنە دەست و دەکەونە ڕاوەدوکردن و قەلاچۆکردنی چەپ و جولەکە و هێزە دژەکانیان، ئیدی لە ١٣ـ٣ـ١٩٣٣ دا بە ناوی دژایەتیکردنی دەسەڵات و دەوڵەتەوە پەیمانگای فرانکفۆرتییەکان دادەخەن و هۆرکهایمەر بەرەو شاری جنێڤ ڕادەکات. بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی دووهەمیش بە پێنج ساڵ یەکێک لە فەیلەسوفە گەورەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بەشێوەیەکی تراژیدی دەمرێت، مەبەست لەو فەیلەسوفە ڤالتەر بنیامینە. ڤالتەر بنیامین بۆی ناکرێت بەتەواوی لەدەستی نازییەکان دەربازبێت، ئەو سەرەتا لە ئەڵمانیاوە بەرەو فەرەنسا ڕادەکات، ماوەیەک لە فەرەنسادا دەمێنێتەوە، بەڵام کاتێک لەشکری ئەڵمانی فەرەنسا داگیردەکات بنیامین جارێکی دی ناچاردەبێت هەڵێت و نەهێڵێت نازییەکان دەستگیریکەن، بۆ ئەم مەبەستەش سواری بەلەمێک دەبێت و بەرەو ئیسپانیا دەکەوێتە ڕێ، بەر لە دەربازبوون و ڕزگاربوونی پۆلیسەکانی فرانکۆ دەیگرن، شەو لە ئوتێلێکەدا دەیهێڵنەوە تا ڕۆژی دواتر تەسلیمی لەشکری ئەڵمانی بکەنەوە کە لە فەرەنسادا نیشتەجێبوو بۆئەوەی ئەوانیش بەگیراوی بینێرن بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی جولەکەکان. بۆئەوەی ئەم چارەنووسە ڕەشە تاقینەکاتەوە، بنیامین ئەو شەوە لە ئوتێلەکەدا خۆی دەکوژێت (هـ. س. پ. ل ١٣٤ ـ ١٣٥).

کەواتە ئەو فەلسەفە نوێیەی کاک بەختیار دەیخاتە دوای جەنگی دووهەمەوە و وەک کاردانەوە بەڕووی ئەو جەنگەدا پێشنیاری دەکات و دەڵێت فەیلەسوفەکانی تووشی ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژیبەوون، بەشێک لە نووسەرەکانی ١٦ ساڵ بەر لە جەنگ لە دەزگایەکی زانستیدا هێڵە گشتییەکانیان دەستنیشانکردوە. ئەو هۆرکهایمەرەی، کە پێی لۆژیکەکەی کاک مەلا بەختیار، نووسینەکانی «کاردانەوەن» بە ڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا، لەساڵی ١٩٢٢ دا، واتە ١٧ ساڵ بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم، دکتۆرای لەسەر فەلسەفەی کانت هێناوە و لە ساڵی (١٩٢٥)ـەوە، واتە ١٤ ساڵ بەر لە

جەنگ، مامۆستای زانکۆ بووە و وانەی لەسەر فەلسەفەی کانت و هیگل وتۆتەوە. (Jay, 1973: 22)

دوای ئەم هەڵەیەی کاک بەختیار لە دەستنیشانکردنی مێژووی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا، بەڕێزی کۆمەڵێک هەڵەی دیکە دەکات کە ڕاستەوخۆ وابەستەی ناوەرۆکی ئەو بابەت و کارە فەلسەفییانەن کە فرانکفۆرتییەکان کاریان لەسەرکردوە. کاک بەختیار لە درێژی ئەو دێڕانەی سەرەوەدا ئاوا دەربارەی نوسەرانی قوتابخانەی فرانکفۆرت دەنووسێت «پێیان وابوو دەتوانن فەلسەفەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵە پیشەسازییەکان و ڕزگارکردنی کۆمەڵ و مرۆڤ لە حوکمەکانی تەکنۆکراتی و فەلسەفە باوەکانی ڕۆژئاوا گەڵاڵە بکەن، دەبوو دواسنوری فەلسەفە بکێشرایە. کەچی نەک ئەمەیان پێ نەچووەسەر، بەڵکو لە گەرمەی ئەم باسانەدا، فاشیەت و نازیەت کوشندەترین جەزرەبە لە شارستانیەتی نوێ ئەدەن. تەنانەت ئەندێشەمەندەکانی فێرگەی فرانکفۆرت خۆیان پاشەکشەیان لە تێزەکانیان کرد و هەتا ڕادەیەکیش حوکمەکانی تەکنۆلۆژیا و ئابوری پیشەسازییان بە ناچاری سەلماند» ل ٣٧.

کاک بەختیار پێمان ناڵێت کام فەیلەسوفی قوتابخانەی فرانکفۆرت گوتوویەتی یان هێمای بەوە کردوە کە دەبێت «دوا سنوری فەلسەفە بکێشرێت» ، لە چ کتێبێکدا شتی وای ووتوە و ئەم تۆمەتە سەیرە چۆن دەسەلمێندرێت؟ لەمەش سەیرتر، کام یەکێک لە فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت وتوویەتی ئێمە دەتوانین «فەلسەفەیەکی نوێ بۆ کۆمەڵە پیشەسازییەکان و ڕزگارکردنی کۆمەڵ و مرۆڤ لە حوکمەکانی تەکنۆکراتی و فەلسەفە باوەکانی ڕۆژئاوا گەڵاڵە» بکەین؟ یانی چی و کێ و چۆن و کام فەیلەسوف پاشەکشەی لە کام تێز کردوە؟ کام فەیلەسوف لە فەیلەسوفەکان ووتویەتی من پاشەکشەم کردو «حوکمەکانی تەکنۆلۆژیا و ئابوری پیشەسازی «بە ناچاری دەسەلمێنم». دواجار سەلماندنی «حوکمەکانی تەکنۆلۆژیا و ئابوری پیشەسازی» یانی چی؟ ئەم قسانەی کاک بەختیار قسەی بێ بناغە و ئینشانوسی و حوکمی نەسەلمێندراو و بێئاگابوونێکی گەورەن لە چییەتی قوتابخانەی فرانکفۆرت و ئەو کارە گرنگانەی ئەم قوتابخانەیە ئەنجامیداوە. کاک بەختیار وەکچۆن لە دەستنیشانکردنی مێژووی سەرهەڵدانی ئەم قوتابخانەیەدا بەهەڵەدا چووە، ئاواش لە هۆکارەکانی سەرهەڵدان و ناوەرۆکی گوتارە فەلسەفییەکان و ڕۆحییەتە ڕەخنەییەکەی ئەم قوتابخانەیەدا بەهەڵەداچووە و لەخۆیەوە قسەدەکات.

ڕەگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت لە دەرەنجامەکانی جەنگی جیهانی دووهەمدا نییە، وەک کاک بەختیار بەهەڵە دەیڵێت، بەڵکو لەو جێگۆڕکێ و گۆڕانە گەورە گەورانەدایە کە لە فیکری مارکسیزمی دوای جەنگی جیهانی یەکەمدا دێنەکایەوە (Jay, 1973: 19). لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە چەقی قورسایی فیکری مارکسیزم لە ئەورووپای ڕۆژئاواوە بۆ ئەورووپای ڕۆژهەڵات دەگواسترێتەوە، گرنگترین ڕوداوێکیش ئەم گواستنەوەیە مەیسەر دەکات بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرە لە ڕوسیادا. ئەو گۆڕانکارییە گەورانەی ئەم شۆڕشە دەیانهێنێتە پێشەوە، قەیرانێکی بەرفراوان لەنێوان مارکسیەکانی ئەورووپای ڕۆژئاوادا دروستدەکات. دوای بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەر مارکسییە ئەورووپییەکان بەگشتی و مارکسییەکانی ئەڵمان بەتایبەتی دەکەونە بەردەمی سێ هەڵوێستی لێکجیاوازەوە: (هـ. س. پ. ل ١٩).

هەڵوێستی یەکەمیان بریتییە لەو هەڵوێستەی کە دەبوایە هەڵبژێریت لەنێوان چوونەپاڵ و نەچوونەپاڵی ئەو حکومەتە سۆسیالیستە میانڕەوەی دوای جەنگی یەکەم لە ئەڵمانیادا هاتبووە سەرحوکم. ئەوانەی دەچوونە پاڵ ئەم حکومەتە دەبوایە وازبێنن لە بیرکۆکەی شۆڕشی ڕیشەیی و گشتگیر و ڕادیکاڵی سۆسیالیستی، چونکە ئەو حکومەتە حکومەتێکی پەرلەمانی سۆسیال دیموکرات بوو، نەک حکومەتێکی مارکسی کە باوەڕی بە شۆڕشی جیهانی و ڕیشەیی هەبێت.

هەڵوێستی دووهەمی مارکسییەکان هەڵوێستی داشکان و خۆدانەپاڵی هێڵی سیاسی سۆڤیەت بوو، ئەمەش مانای دژایەتیکردنی بۆرجوازی وڵاتانی خۆیان و نەچوونە پاڵی ئەو حکومەتانەی لەڕێگای هەڵبژاردنی پەرلەمانییەوە دروستدەبوون. هەڵبژاردنی ئەم گروهە هەڵبژاردنی ستراتیژیەتی سۆڤێتی بوو، وەک دەگوترێت سەماکردن بوو بە ئاوازی کرملین لە بەرلین و میونیخدا.

هەڵوێستی سێهەم بریتیبوو لە ڕەتکردنەوەی هەڵوێستی یەکەم و هەڵوێستی دووهەم، واتە نە خۆدانەنەپاڵی سۆڤیەت و نەخۆدانەپاڵی حوکومەتی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی، لەباتی ئەمانە گەڕانەوە بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی و هەمەلایەنی بنەما و چەمک و گوتراوە هەرە گرنگەکانی مارکسیزم خۆی، بەتایبەتی گەڕانەوە بۆ ئەو تێکستە فەلسەفییانەی مارکس کە تا ئەوکاتە لە تاریکیدا هێڵرابوونەوە. ئەم هەڵوێستی سێهەمە هەڵوێستی فەیلەسوف و نووسەرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بوو.

وەک دەبینین ڕەگەکانی قوتابخانەی فرانکفورت لەنێو ئەوقەیرانە ڕۆشنبیری و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەدایە کە مارکسیزم و چەپی ئەڵمانی لە دوای بەرپابوون و سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و تێکشکانی شۆڕشی ئەڵمانی ساڵی ١٩١٨وە دەکەونە ناوی، نەک کاردانەوە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا. ئەوەی لەم قەیرانەدا هەڵوێستی فرانکفۆرتییەکان لە مارکسییەکانی دیکە جیادەکاتەوە سەربەخۆبوونی فیکری و سیاسی و میتۆدی ئەوان بوو، ئەمان سەر بە هیچ کەمپێ لەو دوو کەمپە سەرەکییە نەبوون کە لە جیهانی سۆسیالیستی و مارکسیدا هاتنەکایەوە، مەبەستم کەمپی بەلشەفیکە ڕووسەکان و کەمپی سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوایە. ئەم سەربەخۆبوونەش یارمەتییەکی گەورەی دان لە ڕووی تیورییەوە داهێنەر و لەڕووی پراکتیکەوە ئازاد و لەڕووی خەیاڵی مەعریفییەوە کراوەبن. نەبوونی ئەم سەربەخۆییە زیانی فیکری گەورەی بە چەند نووسەرێکی گەورە گەیاند کە سەر بە دوو کەمپەکەی تر بوون. لەم ڕووەوە دۆخی فەیلەسوفی هەنگاری جۆرج لۆکاش، کە سەر بە خەتی مۆسکۆ بوو، ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدات چۆن ئەو ئیلتیزامە حیزبییەی ئەم فەیلەسوفەی بە هێڵی ڕەسمی مۆسکۆوە گرێدەدا، ناچاریدەکات لەو بۆچوونە گرنگانە پەشیمانبێتەوە کە لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە کتێبی (مێژوو و وشیاری چینایەتیدا) دەیاننووسێت (هـ. س. پ. ل ٢٠). ئەم کتێبە یەکێکە لە کتێبە گرنگەکانی سەدەی بیستەمی فیکری تیوری مارکسیزم، بەڵام هێڵی ڕەسمی ئایدیۆلۆژی سۆڤێتی ئەم فەیلەسوفە گەورەیان ناچارکرد حاشا لە بۆچوونەکانی ناو ئەو کتێبە بکات و بە لادەر لە فیکری مارکسیزم ناونووسیانکات.

یەکێکی دیکە لە دەسکەوتەکانی سەربەخۆبوونی فیکری فرانکفۆرتییەکان بریتییە لە نزیکبوونەوەی تەواویان لە قوتابخانە فیکری و میتۆدییەکانی دیکە، بەتایبەتی نزیکبوونەوەیان لە (قوتابخانەی شیکردنەوەی دەرونی). فرانکفۆرتییەکان یەکەمین کەس بوون لەناو زانکۆکانەوە ئیعتیرافیان بە قوتابخانەی «شیکردنەوەی دەروونی» کردو و وەک بەشێک لە زانست قبوڵیانکرد. بەر لەم دانپیانانەی فرانکفۆرتییەکان «قوتابخانەی شیکردنەوەی دەرونی» وەک قوتابخانەیەکی زانستی نەدەناسرا و هیچ زانکۆیەک وەک بەشێک لە زانست نەیدەناسی. هۆرکهایمەر بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە پەیوەندی بە ئێریک فرۆمەوە دەکات، ئێریک فروم لەوکاتەدا سەرۆکی ناوەندێکی تایبەتی شیکردنەوە دەروونی دەبێت، هۆرکهایمەر ئەم ناوەندە دەبەستێتەوە بە پەیمانگاکەی خۆیەوە (Delacampagne, 1999: 131). بەمەش

فرانکفۆرتییەکان یەکێک لە گرنگترین دیالۆگە فیکری و فەلسەفییەکانی سەدەی بسیتەم، کە دیالۆگی نێوان فرۆید و مارکسە، دەستپێدەکەن و تیورەی غەریزە و چەپاندن لای فرۆید ڕاستەوخۆ بە تیورەی ململانێی چینایەتیی مارکسەوە، دەبەستنەوە.

نووسەرەکانی قوتابخانەی فرانکفورت کۆمەڵێک ڕۆشنبیری چەپ بوون کە ژمارەیەک تێکستی ڕەخنەییان سەبارەت بە کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان و کولتوور و سیستمی سەرمایەداری نووسی. لەم نووسینانەشدا دەیانویست ئەو ڕووکارە فیکری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و مەعریفییانە نیشانبدەن کە هۆکاری بەهێزبوونی ڕۆژانەی فاشیزم و نازیزم بوون، دەیانویست لە پێکهاتی ئەو جیهانە نوێییە بگەن کە هەڵگری ئەگەری شەڕی گەردوونی گەورە و بەرهەمهێنی نازیزم و تۆتالیتاریزم بوو. نازیزم و فاشیزم بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم دروستبووبوون و لە کۆتایی بیستەکان و سەرەتای سییەکاندا ئاشکرابوو دەتوانن دەسەڵات بگرنە دەست. خوێنەری ئازیز، وەک دەبینێت ئەم پاشخانە سیاسی و فیکری و سیاسییەی قوتابخانەی فرانکفۆرت لەکوێ و ئەو قسە سەیرانەی کاک بەختیار لەبارەیەوە دەینووسێت لە کوێ. بەڵام با بەردەوامبین و ڕووکارە گرنگەکانی دیکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت بە خوێنەری کورد بناسێنین.

فرانکفۆرتییەکان باوەڕیان وابوو کە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەلسەفی دەتوانێت ڕۆڵێکی تایبەت لە باشترکردنی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئەو جیهانەدا ببینێت کە تێیدا دەژیان. ئەمان باوەڕیان وابوو کە فیکری ڕەخنەیی پێویستی بە تازەبوونەوە هەیە چونکە ئەو جیهانە نوێیەی ئەوان ڕووبەڕووی دەبوونەوە جیهانی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەمی ڕۆژگاری مارکس و ئەنگلسی هاوڕێی نەبوو. ئەم جیهانە جیهانێکی تازەبوو و هەڵگری پرسیار و کێشە و گرفت و مژدە و هەڕەشەی نوێ بوو. لێرەوە فرانکفۆرتییەکان بەو باوەڕە گەیشتبوون کە ڕەخنەی مارکس لە سیستمی سەرمایەداری سەدەی نۆزدەهەم بەکەڵکی ڕۆژگاری ئەوان نایەت و ناتوانێت بەشێکی گرنگی نهێنییەکانی ئەو جیهانە ئاشکراکات کە ئەوانی تێکەوتبوون و ڕەهەندە نوێکانی بخوێنێتەوە و ڕەخنەیان کات.

فرانکفۆرتییەکان لە چەندان سەرەوە نوێگەر بوون، ئەوان لەچەندان بواردا نوێکردنەوەی تیوریان هێنایە کایەوە و چەندان لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتییان دەستپێکرد کە بەر لەوان لەئارادانەبووە. نووسەرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت نە بەتەمای

داخستنی فەلسەفە بوون، نە کەسیشیان وتوویەتی دەبێت دوا سنووری فەلسەفە بکێشرێت، نە کەسیشیان نیازی وابووە فەلسەفەیەکی نوێ بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە حوکمەکانی تەکنۆکراتی گەڵاڵەبکات، وەک کاک بەختیار لەخۆیەو و بێ هیچ سەرچاوەیەکی زانستی دەیڵێت، بەڵکو دەیانویست فیکری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی لە تاک میتۆدی و مارکسیزم لە دۆگمی ئابووری و فیکر لە بێلایەنی ڕزگارکەن، دەیانویست دەسکەوتی کایە جیاجیاکانی فیکر بەیەکدی تێکەڵکەن و ڕێبازە جیاجیاکان لەیەکدی نزیککەنەوە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی ڕەهەندە نوێکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری و ئەو کێشانەی ە ئەم سیستمە لەنیوەی یەکەمی سەدەی بیستدا بەرهەمیهێنابوو.

لەو ڕووەوە فرانکفۆرتییەکان خوازیاری جێبەجێکردنی ئەم کارە فیکرییە گرنگانەی خوارەوە بوون، نەک ئەو قسانەی کاک مەلا بەختیار لە خۆیەوە دەیانکات: (Abercrombie, 1994: 173)

١ ـ ڕەخنەگرتن لە دیدی ئابوریگەرایی مارکسیزمی تەقلیدی و قبووڵنەکردنی فاکتەری ئابووری وەک گرنگترین و زۆرجار تاقە فاکتەری لێکدانەوەی دیاردەکان و کردنی بە ژێرخانی لێکدانەوەی ئەو جیهانە نوێییەی لە دوای سەدەی نۆزدەهەمەوە هاتۆتە کایەوە. فرانکفۆرتییەکان لەباتی گرنگیدان بە ئابووری گرنگیان بە کولتوور ئەدا و لەم ڕووەوە کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی زۆر گرنگیان لەسەر مۆسیقا و ئەدەب ئیستاتیکا بڵاوکردەوە.

٢ ـ ڕەخنە لە کۆمەڵگای سەرمایەداری و شیکردنەوەی میکانیزمە تازەکانی کە لە قۆناغێکی گەشەکردودا دەژیا و لەزۆر ڕووەوە جیاواز بوو لە سەرمایەداری قۆناغی مارکس.

٣ ـ بەرهەمهێنانی مەنهەجیەتێکی دەوڵەمەندتر و کراوەتر بەسەر دەسکەوتە میتۆدییەکانی فیکری فەلسەفی و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەردەمانی خۆیاندا، لەپێش هەمووشیانەوە کرانەوە بەڕووی فرۆیدیزم و میتۆدی شیکردنەوەی دەروونیدا. یەکێک لەدەسکەوتە هەرە گرنگەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کۆکردنەوەی تیورەی مارکسە دەربارەی کۆمەڵگا لەگەڵ تیورەی فرۆیددا دەربارەی مرۆڤ.

٤ـ هێرشکردنە سەر عەقڵانیەتی ئامێری کە بنچینە و بناغەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە.

ئەم خاڵانەی سەرەوە گرنگترین ئەو کارە فیکرییانەن کە فرانکفۆرتییەکان زۆر

شێلگیرانە پێیانەوە سەرقاڵبوون و بەشی هەرەزۆری توانا فیکری و فەلسەفی و زانستییەکانی خۆیان و سەردەمەکەیان بۆ تەرخانکردبوو. وەک ئاشکرایە ئەم کارانە نەک داخستنی فەلسەفە و دانانی دوا سنوور بۆ فیکری فەلسەفی نەبووە و نییە، بەڵکو کردنەوەی سنوورەکانی فەلسەفەیە بەڕووی دەسکەوتە میتۆدی و تیوری و چەمکییەکانی ناو کایە زانستییەکانی دەرەوەی فەلسەفەدا و بنیادنانی میتۆدێکی فرەڕەهەند و ئاڵۆز و داڕێژراوە،

بەبۆچوونی زۆر نووسەر و لێکۆڵەرەوەی دیکەش یەکێک لە گرنگترین کارەکتەرەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت بریتییە لە بەکارهێنانی «چەند میتۆدی» و «فرە زانستی» ، نەک کێشانی دوا سنووری فەلسەفە وەک کاک بەختیار لەخۆیەوە دەیڵێت. مەبەست لە «چەند میتۆدی» و «فرە زانستی»ش ئەوەیە کە فەیلەسوفانی ئەم قوتابخانەیە لە نووسین و لێکۆڵینەوەکانیاندا پەنایاندەبردە بەر زیاد لە میتۆدێک و زیاد لە دەسکەوتی ناو زانستێک لە زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

خاڵێکی گرنگی دیکەی فرانکفۆرتییەکان مەسەلەی ڕەتکردنەوەی بێلایەنی ئەکادیمی بوو، بەباوەڕی ئەوان زانستە «تەقلیدییە بێلایەنەکان» کۆمەڵگا وەک چۆنە دەپارێزن و یارمەتی گۆڕانی نادەن، بە باوەڕی ئەمان کۆمەڵگا بۆئەوەی بەرەو گۆڕان هەنگاوبنێت زانست و میتۆدی ڕەخنەیی پێویستە، نەک بێلایەن. ئەم دیدە بۆ چییەتی زانست و ئەرکەکانی وای لە فرانکفۆرتییەکان کرد لە ڕووی تیورییەوە بیر لە «تیورەیەکی ڕەخنەیی» بکەنەوە کە لە بێلایەنییەکی ئەکادیمی بێڕۆحەوە دەستپێنەکات، بەڵکو لە هەوڵدان بۆ ڕەخنەکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕانی هەلومەرجی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەوە دەستپێبکات. بەمانایەکی دیکە فرانکفۆرتییەکان باوەڕیان بە نووسینی زانستیی و ئەکادیمی بێلایەن نەبوو، بەڵکو باوەڕیان بە نووسینێک بوو کە لایەنداربێ و هەڵگری پەیامی گۆڕانبێت. ئەمەبوو وای لە فرانکفۆرتییەکان کرد بیر لە بەرهەمهێنانی تیورەیەکی ڕەخنەگر بکەنەوە کە لە لێکدانەوەیەکی چەپانەی ڕۆشنگەرییەوە ئاڵابێت، بەتایبەتی لە بیرۆکەکانی ئازادی و یەکسانی و هاریکارییەوە. (Brandsma, 1996: 71)

لە مێژووی فەلسەفەدا فرانکفۆرتییەکان تاقە قوتابخانەیەک نەبوون ئەم هەڵوێستە کراوەیەیان بەرامبەر بە زانست و فیکر و میتۆد هەبووبێت، بەپێچەوانەوە ئەوان بەم هەڵوێستەیان درێژەیان بەو کەلەپورە فەلسەفییەی مارکسیزم ئەدا کە دەڵێت کاری فەیلەسوفان لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی جیهان نییە، بەڵکو گۆڕینێی. ئەمەش نەک

«ڕاچڵەکان» و «کاردانەوەی ئەبستمۆلۆژی» دوای جەنگی جیهانی دووهەم نییە، بەڵکو بەردەوامی و درێژەدانە بە کەلەپورێکی فەلسەفی ڕەخنەیی کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە لەناو فیکری فەلسفی ڕۆژئاوادا ئامادەبووە، لەپێش هەمووانیشەوە لای مارکس و فیکری دیالێکتیکی کە کاک بەختیار پێیوایە تا ئێستاش باوەڕی پێیەتی.

هەر ئەم ڕەوتە ڕەخنەییەیە وادەکات فەیلەسوفەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرت کۆمەڵێک بابەت بهێننە پێشەوە کە تا سەردەمی ئەوان لە فیکری فەلسەفی و زانستیدا ئامادەنەبوون، بەم مانایەش فرانکفۆرتییەکان تا ڕادەیەکی زۆر بەشێکی گرنگی فیکری فەلسەفی و زانستی و میتۆدی سەدەی بیستەمیان ڕادیکاڵانە تازەکردۆتەوە، نەک بڕیاری داخستنی دواهەمین سنوورەکانی فەلسەفەیان دابێت. (دێڤید هێڵد) لە کتێبی (سەرەتایەک بۆ تیورەی ڕەخنەیی)دا کە بەیارمەتی هابرماز و ئەنتۆنی گیدنز لە ساڵی ١٩٨٠ دا بە زمانی ئینگلیزی لەسەر قوتابخانەی فرانکفۆرت نووسیویەتی، باس لەوە دەکات کە فرانکفۆرتییەکان لە کایەی ئابووری سیاسی، فەلسەفە، کۆمەڵناسی، سایکۆلۆژیا، ئەدەب، مۆسیقا و چەند کایەیەکی فیکریی دیکەدا دەستبەکاربوون. (Held, 1980: 34) بە باوەڕی ئەم نووسەرە چالاکترین ساڵەکانی کارکردنی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش دەکەوێتە نێوان ساڵانی ١٩٣٠ تا ١٩٤٤، واتە ساڵانی بەر لە جەنگ و کاتی جەنگ، نەک دوای جەنگ وەک کاک مەلابەختیار دەڵێت. لەو ڕۆژگارەدا فرانکفۆرتییەکان گرنگییەکی گەورە بەوەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەی لای خوارەوە ئەدەن: (هـ. س. پ. ل ٣٥)

١- بۆچی بزوتنەوەی کرێکاری لە ئەوروپادا نەبۆتە بزوتنەوەیەکی یەکگرتوو سەرتاسەری، چین ئەو هۆکارانەی بەر بەم مەسەلەیە دەگرن؟

٢- سەرمایەداری کەوتۆتە ناو ڕستێک قەیرانی مەترسیدارەوە، چۆن دەتوانین بەشێوەیەکی باشتر لەم قەیرانانە تێبگەین؟ پەیوەندی نێوان مەسەلە ئابوورییەکان و مەسەلە سیاسییەکان چۆنە؟ ئایا ئەم پەیوەندییە لە دۆخی گۆڕاندایە یاخود هیچ گۆڕانێک ڕووینەداوە؟

٣- دەسەڵاتگەرایی، ئەوتۆریتاریزم، و گەشەکردنی بیرۆکراسییەت بەشێکی گەورەی جیهانی هاوچەرخن، چۆن ئەم دیاردانە بەوشێوەیە گەشەیانکرد و بڵاوبوونەوە؟

٤- نازییەت و فاشییەت لە لە خوارو و ناوەڕاستی ئەوروپادا باڵادەستن، ئەمە چۆن ڕوویدا و بۆ ڕویدا؟ چۆن ئەم دوو بزوتنەوەیە ئەو دانەپاڵە جەماوەرییە بەرفراوانەیان بەدەستهێنا؟

٥- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەبەردەمی گۆڕانی ڕادیکاڵدان، بۆ نموونە گۆڕانی پەیوەندییەکانی ناو خێزان، داخۆ ئەم گۆڕانانە بە چ ئاراستەیەکدا دەڕۆن؟ ئایا ئەم گۆڕانانە بە چ جۆرێک کاریگەرییان لەسەر گەشەکردنی تاکەکەس دەبێت؟

٦- کایەی کولتوور بۆتە سەرزەمینی دەستێوەردانێکی ئادیۆلۆژیانە و بۆ خزمەتکردنی مەبەستی تایبەت بەکاردێت، ئایا شێوازێکی نوێی ئایدیۆلۆژی دروستبووە؟ ئەگەر ئەمە وایە ئەم مەسەلەیە چۆن کاریگەری لە ژیانی ڕۆژانەکردوە؟

٧- لەژێر ڕۆشنایی ئەو چارەنووسەدا کە مارکسیزم لە ڕوسیا و ئەوروپای ڕۆژئاوادا پێیگەیشت، ئایا دەشێت مارکسیزم شتێکبێت زیاتر لە ئەرتۆدۆکسیەتی دەوڵەتی؟ ئایا هێزێکی کۆمەڵایەتی لە ئارادانەبووە کە بتوانێت گۆڕانکاری پێشکەوتنخوازانە بخاتەوە؟ ئایا چ ئەگەرێک لەبەردەم کار و پراکتیکی سۆسیالیستانەی کاریگەردا ئامادەیە؟

وەک ئاشکرایە ئەم پرسیارانە پرسیارن دەربارەی کۆمەڵێک پێدراوی سیاسی، کولتووری، کۆمەڵایەتی، فەلسەفی ئەو ڕۆژگارەی فرانکفۆرتییەکانی تێداژیاون. وابەستەی ئەو دۆخ و واقیعە نوێییە کە تێیدا ئیفلیجی بزوتنەوەی کرێکاری، بەهێزبوون و هاتنەکایەی نازیزم، لەدایکبوونی کولتووری نوێی جەماوەری، بەهێزبوونی دەسەڵاتگەرایی، گەشەی سەرەتانیانەی بیرۆکراسییەت، هاتنەکایەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی نوێ، گۆڕانی بونیادی خێزان و ئەو چارەنووسەی کە مارکسیزمی تێدەکەوێت، ئاکارە سەرەکییەکانیەتی. ئەمانەش کۆمەڵێک مەسەلەن تەواو جیاواز لەو ڕستە سادە و ئینشاییانەی کاک بەختیار ناوی «ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژی» و کاردانەوەی لێدەنێت بە ڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا.

بێگومان قوتابخانەی فرانکفۆرت لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژووی دروستبوونیدا گۆڕانی گەورە گەورەی بەسەرداهاتووە، قۆناغی بەر لە جەنگ، جیاوازە لە قۆناغی دوای جەنگ و قۆناغی بەر لە کۆچکردن بۆ ئەمریکا جیاوازە لە قۆناغی کۆچکردن بۆ ئەمریکا. بەڵام بەداخەوە، من لێرەدا مەودای نیشاندانی ئەو جیاوازییانەم بە خوێنەری کورد نییە. ئەوەی شوێنی سەرنجی منە، نیشاندانی ناڕاستی ئەو زانیارییانەیە کە کاک بەختیار دەربارەی سەرەتاییترین مەسەلەکانی ئەم قوتابخانەیە بە خوێنەری کوردی نیشانداوە.

بە کورتی ڕەگەکانی بیرکردنەوە و تێڕوانین و دیدی فرانکفۆرتییەکان بۆ مەسەلەی فیکر و زانست و فەلسەفە لە شوێنێکی دیکەوەدێن تەواو جیاواز لەوەی کاک بەختیار

دەیداتە پاڵیان. لەهەمانکاتدا ئەم فەیلەسوفانە داهێنەری گەورەبوون و ڕۆڵێکی هێجگار گرنگیان بینیوە لە تازەکردنەوەی بیری فەلسەفی و زانستی و سیاسی سەدەی بیستەمدا، کەچی بەڕێزی بە نووکی قەڵەمێک دەیانکاتە کارادانەوە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا و وایان نیشانئەدات وەک ئەوەی تووشی ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژی هاتبن و ویستبێتیان دواسنووری فەلسەفە بکێشن. لەبەردەم ئەم حوکمانەی کاک بەختیاردا خوێنەر جگە لە سەرسوڕمان چیدی بۆ دەمێنێتەوە؟

## 2.5 ـ بونیادگەری

بونیادگەری یەکێک لەو قوتابخانە فیکرییانەیە کە کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا هێرشی دەکاتە سەر و هەوڵئەدات بێبایەخ و مایەپووچیکات. بەڕێزی لە باسکردنی ئەم قوتابخانە فیکرییەشدا نموونەیەک، گوتراوێک، باسێکی نەهێناوە کە باس لە چۆنیەتی پەیدابوون و گەشەکردن و لاوازبوونی ئەم قوتابخانەیە بکات. باسی ئەوەی نەکردوە لە چیدا دەسکەوتی گرنگ و لەچیدا نوێکار و لەچیدا گرفتی میتۆدیان هەبووە، تێزە فیکرییەکانیان کامانەن، پێشخانی میتۆدی و فەلسەفییان لەکوێوە هاتوە، بەڕێزی تەنها ئەو هەستە لای خوێنەر دروستدەکات کە میتۆدی بونیادگەری میتۆدێکی خراپە و نوێنەرەکانیان، لە ئاستی دنیادا، ویستویانە سەر لە مرۆڤایەتی تێکدەن و بە لاڕێیدابەن، لە ئاستی کوردستانیشدا ویستویانە زەرەر بە ڕۆشنبیری و نووسینی کوردی بگەیەنن و لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا کێشەی نەبووە. لە ئێستاشدا بایەخی نەماوە و چۆتە مۆزەخانەی ڕۆشنبیرییەوە.

کاک بەختیار سەرچاوەی بونیادگەریشی بردۆتەوە بۆ «کاردانەوە» بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا و ئەمیشی بە هەمان لۆژیکی بێبایەخکردنی قوتابخانەی فرانکفۆرت، بێبایەخ کردوە. بەڵام وەکچۆن بەڕێزی لە دەستنیشنکردنی سەرچاوەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتدا دووچاری هەڵەی گەورە گەورە بووە، ئاواش لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی فیکری بونیادگەریدا بەهەڵەداچووە. با جارێکی دیکە ئەو چەند دێڕەی کاک بەختیار نیشانی خوێنەر بدەینەوە کە تێدا باسی هەلومەرجی هاتنە کایەی بونیادگەری دەکات، «فەلسەفەی دوای جەنگی دوهەم وەک کاردانەوەی ڕاچڵەکینێکی ئەبستمۆلۆژی هاتنە ئارا. بەرەنجامەکەشی، لە ئەڵمانیادا فێرگەی فەلسەفەی فرانکفۆرت خولقا، لە فەرەنسادا بونیادگەری نەشونمای کرد، دوای ئەمەش، دوای بونیادگەری، پاشانیش لقوپۆپی فەلسەفەی دیکەیان لێکەوتەوە و

گەیەندرایشە پۆست مۆدێرنیتەش» (ل ٣٦).

لە ڕاستیدا بونیادگەری نە کاردانەوەیە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا و نە ڕێبازێکی بێنرخ و بێبایەخە و نە ویستوشیەتی فیکر و واقیع لێکدابڕێت، بەڵکو یەکێک لە بزوتنەوە فیکری و میتۆدییە گرنگەکانی ناو فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکانی سەدەی بیستەمە.

ڕەنگە لە نێوان ڕێبازە فەلسەفییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهەمدابوونگەرایی، وجودییەت، لای سارتەر تاقە ڕێبازێک بێت بشێت، بەشێوەیەک لە شێوەکان، وەک «کاردانەوە» بەڕووی هەلومەرجی جەنگی جیهانی دووهەمدا وێنایبکەین، ئەگەرچی مێژووی بوونگەراییش مێژووییەکە درێژتر لەوەی کە بە جەنگی جیهانی دووهەمەوە گرێیبدەین. تا ئەو شوێنەی بکرێت هەندێک بۆچوونی بوونگەرایی بە بیرۆکەی پوچگەرایی و بێئومێدییەوە گرێدەین، دەشێت بڵێین کاردانەوەیە بەڕووی هەلومەرجێکدا کە هۆکاری مەرگی نزیکەی سەد ملیۆن مرۆڤ بوو. بەڵام نە بوونگەرایی سارتەر و نەهی فەیلەسوفەکانی دیکەی لەبابەتی کارل یاسبەرز و جان ڤال و هایدگەر و زۆرانی دیش، ناکرێت بۆ ئەم خاڵە کورتکەینەوە. کاک بەختیار گەر بیگوتایە بوونگەرایی سارتەر، کەم تا زۆر، کاردانەوەیە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا، دەمانگوت ئەلحوکمولیلا.

لە ڕاستیدا بەبێ قسەکردن لەسەر سارتەر و بوونگەرایی سارتەر زەحمەتە بتوانین لە ماناکانی بونیادگەری وەک میتۆد و وەک قوتابخانەیەکی فیکری بگەین، بونیادگەری لەزۆر ڕووەوە بەگژاچوونەوەیەکی هەمەلایەنە بەڕووی ئەو بۆچوون و تێڕوانین و وێناکردنانەدا کە بوونگەرایی سارتەر بۆ توانا و ویست و خواستەکانی ئینسان هەیەتی. لە زۆر ڕووەوە دەیەی دوای جەنگی جیهانی دووهەم دەیەیەکی سارتەرییە و کەم ڕۆشنبیر و فەیلەسوف هەن دوای جەنگ لەژێر کاریگەری سارتەردا نەبووبن (Ritzer, 2000:454). لەم ڕووەوە هەنگاوەکانی یەکەمی بونیادگەری لە فەرەنسادا کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆیە بە ڕووی بوونگەرایی سارتەردا (هـ. س. پ.، ل ٤٥٤). سارتەر یەکێکە لەو فەیلەسوفە گەورانەی کە چەمکەکانی «تاکەکەس»، «دڵەڕاوکە»، «ویست»، «توانا»، «دوودڵی» و «ئازادی تاکەکەس» ڕۆڵێکی گرنگ لە ناوەرۆکی فەلسەفەکەیدا دەگێڕن و ئینسان سەنتەری بیرکردنەوە و بۆچوونەکانێتی. لەم ڕەوتەدا گرنگترین تێزەیەک سارتەر بە درێژایی ژیانی بەگری لێکردبێت ئەوەیە کە

ئینسان بوونەوەرێکی ئازادە و خۆی دەستنیشانی چارەنووسی خۆی دەکات، خۆی بوونی خۆی دروستدەکات و خۆی هێڵە درشت و وردەکانی شوناسی خۆی دەکێشێت. ئینسان لەدیدی سارتەردا بوونەوەرێکی ئازاد و ئیرادەگەرە، خۆی بکەری ژیانی خۆیەتی، نەک هێز و شت و توانایەک لەدەرەوەی خۆیدا.

ئەم مەسەلەیەش لە بیری سارتەردا لەڕێگای پەیوەندی نێوان «بوون» و «چییەتییەوە» «الوجود و الماهیة» دەردەکەوێت. سارتەر پێیوایە بوونی مرۆڤ دەکەوێتە پێش چییەتی مرۆڤەوە، مرۆڤ هیچ چییەتییەک، هیچ ماهییەتێکی، پێشینی نییە لەدەرەوەی ئەو شتانەدا دروستبووبێت کە خۆی لەناو بووندا هەڵیاندەبژێرێت، مرۆڤ خۆی ماهیەتی خۆی دروستدەکات و ئەم ماهییەتە پێشوەخت و بەر لە هەڵبژاردنەکانی ئەو دروستنەبووە و لەدەرەوەڕا بەسەریدا نەسەپێنراوە. ئینسان لەناو بووندا ئامادەیە و لە ڕێگای پراکتیککردنی ئازادانەی خۆیەوە چییەتی خۆی هەڵدەبژێرێت. لای سارتەر ژیان و چارەنووسی ئینسان وابەستەی کۆی ئەو هەڵبژاردن و بڕیارە تاکەکەسییانەن کە خۆی دەیاندات. ئەم پەیوەندییە تایبەتەی نێوان بوون و ماهییەت لە فیکری سارتەردا وادەکات بیرۆکەی ئازادی ئەو ڕۆڵە گرنگ و سەرەکییە ببینێت کە فیکری سارتەر پێدەبەخشێت. مادامەکی مرۆڤ خۆی بوونی خۆی دەستنیشاندەکات و خۆی شوناسی خۆی دروستدەکات، کەواتە مەحکومە بەوەی بەردەوام بڕیابدات و ئازادانە مانا و پێناس و بۆچوونەکانی خۆی هەڵبژێرێت، هەر ئەمەشە وادەکات سارتەر لەو باوەڕەدابێت کە مرۆڤ مەحکومە بەوەی ئازادبێت، ئازادی ئەو چوارچێوەیەبێت کە نەکرێت لێیدەرباز‌بین و بەردەوام جەوهەری بوونی هەر مرۆڤێک بێت. لای سارتەر ئازادیی نە بەری پێدەگیرێت و نە دەشکرێت لە مرۆڤ بسەندرێتەوە، ئازادیی ڕەهایە و وابەستەی توانای هەڵبژاردنی بەردەوام و بێکۆتایی مرۆڤە بێگوێدانە جەبری ئەو هەلومەرجەی لەناویاندا دەژی و ئامادەیە. مادامەکی بوون پێش ماهییەتە، کەواتە ئازادی پێش هەر شتێکی پێشوەخت پێدراوە. ئەمەیە وادەکات سارتەر لەدەرەوەی ئیرادەی ئازادی ئینساندا هیچ بونیاد و جەبر و یاسایەک نەبینێت کە بتوانێت ڕێ لە ئینسان بگرێت و نەهێڵێت بڕیار لەسەر شتەکان بدات و لەوپەڕی بەرپرسیارییەتدا هەڵیاننەبژێرێت. سارتەر تا ئەو شوێنە دەڕوات کە بڵێت تەنانەت کۆیلەش ئازادە لەوەدا داخۆ بە کۆیلەیی بمێنێتەوە یاخود دژ بە کۆیلەبوون بجەنگێ، بەڵام کە دووهەمیانی هەڵبژارد دەبێت ئامادەبێت ژیانی خۆی ڕووبەڕووی مەترسی مەرگ بکاتەوە. (Delacampagne, 1999: 194-195)

لە کۆتاییەکانی ژیانیدا و بە نزیکبوونەوەی زیاتری لە مارکسیزم، سارتەر، کەمەکێک لەم دیدە ئیرادەگەرییە پەرگیرە پاشگەزدەبێتەوە. لەم قۆناغەدا ئەو گرنگی و قورساییەی بە ئیرادە و ئازادیی بێسنووری تاکەکەسی ئەدا، کەمدەکاتەوە و هەوڵئەدات گرنگی بە ڕێگرە کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و سیاسییەکانیش بدات. سارتەر لەم قۆناغەدا باس لە کاریگەری ئەو بونیادە چەپێنەر و جەبرییانە دەکات کە لەدەرەوەڕا بەر بە هەڵبژاردن و ویستی تاکەکان دەگرن و سنوورێک بۆ ئازادی و توانا و چالاکییەکانی دادەنێن. (Ritzer, 2000:454) بەڵام لە هەموو دۆخێکدا بیری سارتەر بیرێکە گرنگی زیاتر بە چەمکەکانی تاکەکەس، ئازادی، ئیرادەی تاکەکەس و هەڵبژاردنی ئازاد دەدات و کەمتر سەرقاڵی بونیادە دەرکییەکان و ڕێگرە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکانە. سارتەر تا مرد ئەو باوەڕەی نەگۆڕی کە بوونی ئینسانییانەی ئینسان وابەستەی کار و کردەوە و هەڵبژاردنەکانی تاکەکەس خۆیەتی، نەک خۆدۆزینەوەی لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگی دیاریکراودا کە مرۆڤ وەک پێدراوێکی پێشین دەکەوێتە ناویەوە و سنووری ئازادی و توانا و ئارەزوو و هەڵبژاردنەکانی دیاریدەکات. لای سارتەر مرۆڤ بریتییە لە کۆی ئەو شتانەی کە دەیانکات، زۆر دژی ئەو بیرۆکەیە بوو کە گوایە کۆمەڵێک بونیادی بابەتی لەدەرەوەڕا دەستنیشانی هەڵسوکەوتەکانی ئینسان دەکەن هەروەها هەر ئەو بونیادانەش دەستنیشانی ئەوەئەکەن ئینسان چی بێت. (هـ. س. پ.، ٤٥٤)

هەم ئازادبوونی تاکەکەس و هەم کەمبایەخکردنی ڕۆڵی بونیادە دەرەکییەکانە وادەکەن بیرۆکەی بەرپرسیارێتی لە فیکری سارتەردا بایەخێکی گەورەی هەبێت و لەزۆر ڕووەوە بەهەمانئەندازەی بیرۆکەی ئازادی گرنگبێت. مادام مرۆڤ ئازادە کەواتە بەرپرسیارە. بەرپرسیارە بەرامبەر بەو بڕیارانەی دەیاندا و بەرامبەر بەو شتانەی هەڵیاندەبژێرێت و بەرامبەر بەو شتانەی دەیانکات. لە دیدی سارتەردا مرۆڤ بوونەوەرێکە دەتوانێت ئەو شتانە نەکات کە دەیانکات، شتی دیکە هەڵبژێرێت جیا لەوەی کە هەڵیبژاردون، بڕیارێکبدات جیا لەوەی کە داویەتی. لای سارتەر سنوری هەڵبژاردن سنوورێکی کراوەیە، مادامەکی کراوەشە کەواتە بەقەد کراوەیی ئەم سنوورانە بەرپرسیارە بەرامبەر بە بڕیار و کردەوە و هەڵوێستانەی هەڵیاندەبژێرێت. بەشێوەیەکی گشتی بوونگەرایی سارتەر دژ بە وێناکردنی ڕۆڵی جەبرئامێز و پێشینی ڕێگر و هێز و بونیادە دەرەکییەکانە لە دەستنیشانکردنی کار و کردەوە و هەڵبژاردنەکانی مرۆڤدا. لە تێڕوانینیشیدا بۆ مارکسیزم سارتەر ڕای وابوو کە لە

فیکری مارکسدا ڕەهەندێکی هیومانیستیانە هەیە کە لە مارکسیزمی دوای مارکسدا نامێنێت، سارتەر خۆی بە نوێنەری ئەم هیومانیزمە زانیوە. (هـ. س. پ.، ل ٤٥٤)

ڕێک دژ بەم دیدە سارتەرییە بۆ ئازادی و توانای بێسنووری مرۆڤ بۆ هەڵبژاردن و بڕیاردان، ڕێک دژ بەو تێڕوانینە هیومانیستی و تاکگەرا و ئیرادەخوازەیە، بونیادگەری دێتەکایەوە. تەواو بەپێچەوانەی بیری بوونگەراییەوە، بونیادگەری پێ لەسەر هێز و توانا و جەبری دەرەکی بونیادەکان دادەگرێت و باس لەو ڕێگرانە دەکات کە سنووری ئازادی و هەڵبژاردن و بڕیاردان دەستنیشاندەکەن. لە دیدی بونیادگەریدا مرۆڤ چ لە هەڵبژاردن و ئیرادەیدا، چ لە توانای ئازادبوونیدا و چ لە بڕیاردانیدا ئەو ئەگەرە کراوانەی لەبەردەمدا نییە کە بوونگەرایی و فەلسەفە خودگەراکانی دیکە باسیدەکەن. بونیادگەری باس لە بوونی کۆمەڵێک جەبر و یاسا و سنووری بونیادیانە دەکات کە دەستنیشانی ئەوەدەکەن ئازادی مرۆڤ تا کوێ بڕبکات و تا چەند توانای هەڵبژاردن و ئەگەری بڕیاردانی سەربەخۆی هەبێت. بونیادگەرەکان لە گرنگیدانەوە بە بیرۆکەی «خود»، «تاکەکەسی ئازاد» و «ئیرادەی تاکەکەسەوە» دەگوازنەوە بۆ قسەکردن لەسەر بونیاد و جەبر و فشار و ڕێگر و کۆی ئەو سنوورانەی دیکە کە کۆمەڵگا و سیستمی ئەخلاق و سیاسەت و دەوڵەت و شتەکانی دیکە دەیخەنە بەردەمی مرۆڤ. بەم گواستنەوەیەش دەسکارییەکی ڕادیکاڵی چۆنیەتی وێناکردنەکانی ئینسان و توانا تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکانی دەکەن. بونیادگەرەکان مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تەواو ئازاد نابینن، بەڵکو وەک دانیشتوو و نیشتەجێی ناو جەبری دەرەکی و ناوەکی بونیادە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی دەیبینن. لەم دیدەدا بونیادە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابوری و ئەخلاقی و سایکۆلۆژییەکان ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە دەستنیشانکردنی هەڵسوکەوت و ویست و بەخشینی ماهیەتێکی دیاریکراودا بە ئینسان. بونیادگەری پێماندەڵێت مرۆڤ لە بۆشاییدا ناژی، هەر لە ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە دەکەوێتە ناو جیهانێکەوە کە لەدەرەوەی خواست و ویستی ئەودا پڕە لە دەزگا و بەهای کۆمەڵایەتی و یاسای ئەخلاقی و هەلومەرجی ئابووری و کێشمەکێشی سیاسی، کە بەسەریەکەوە هێزێکی گەورەی فشارهێنان دروستدەکەن و مرۆڤ بەزۆر هەڵبژاردن و دانەپاڵ و بڕیاری تایبەت «ناچار» دەکەن. ئەمەش لە ڕەوتی پەیوەندی نێوان بوون و ماهیەتدا، ڕێک ئەو بۆچوونە سارتەرییە پێچەوانە دەکاتەوە کە باسمانکرد و لە سنوورە نزیکدەبێتەوە کە بڵێت ماهییەت دەکەوێتە پێش بوونەوە. هەر لەساتەوەختی لەدایکبوونەوە مرۆڤ دەکەوێتە ناو جیهانێکەوە کە بەر لە هاتنی ئەو

هەڵگری کۆمەڵێک کارەکتەری تایبەتە کە ماهیەتێکی دیاریکراو بەسەر ئەو تازە لە دایکبووەدا دەسەپێنێت. بە کورتی ئەگەر بیری فەلسەفی خودگەرایی، تاکەکەس و توانا و ئیرادەی ئازادی کردبێتە سێنتەری وێناکردنی جیهان و کۆمەڵگا و مێژوو و ئینسان، ئەوا بونیادگەری لە «سیستم» و «کۆمەڵگا» و «بونیاد»ـەکانەوە دەستپێدەکات. فەلسەفەی خود، لە تەماشاکردن و لێکدانەوەیدا بۆ پەیوەندی نێوان تاکەس و کۆمەڵگا لە ئازادی و توانای تاکەکەسەوە دەستپێدەکات، هەرچی بونیادگەرییە لە قورسایی کۆمەڵگا و جەبری بونیادە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئەخلاقییەکانەوە دەستپێدەکات. ئەگەرچی بونیادگەرەکان لەناو خۆیاندا یەکنین لەسەر ماناکانی بونیاد و لێکدانەوەی بونیادگەرانە، بەڵام زۆربەیان لەسەر ئەم چەند خاڵە گشتییەی لای خوارەوە کۆکن: (Swingewood, 1984: 276-277)

١ـ لەلێکدانەوەی کۆمەڵگا و کولتوور و دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا بونیادگەرەکان لە بیرۆکەی «گشت» یان «سەرجەم» ەوە (Wholes) دەستپێدەکەن. «سەرجەم» لە دیدی بونیادەگەریدا بریتی نییە لە کۆی بەشە بچووکەکانی ناوی، بەڵکو گشتێکە کە کارەکتەرێکی سەربەخۆ و جیاوازی هەیە لە کارەکتەری هەریەکێک لەو بەشە بچووکانەی دروستیدەکەن. بونیادگەری کۆمەڵگا وەک سەرجەمێک دەبینێت، وەک گشتێک، کە جیاوازە لە بەشەکانی ناوی، هەر گشت و سەرجەمێکیش یاسا و جەبر و میکانیزمی تایبەتی کارکردنی خۆی هەیە.

٢ـ بیرۆکەی گواستنەوە، (Transformation) یەکێکە لە بیرۆکە گرنگەکانی دیدی بونیادگەریی. ئەم بیرۆکەیە ئەوە نیشانئەدات کە بونیادەکان جێگیر و نەگۆڕ و هەمیشەیی نین، بەڵکو هەڵگری توانای گۆڕان و تازەبوونەوە و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی خۆیانن. بونیادەکان دینامیکین، یاسای ناوەکی خۆیان هەیە و ئەم یاسایانەش حوکمی گۆڕان و تازەبوونەوەی ئەو بونیادانە دەکەن. هەموو ئەو ڕەگەزە تازانەش کە دێنە ناو بونیادەکانەوە دەکەونە ناو فەزا و یاسای ئەو بونیادانەوە و بەپێی یاساکانی ئەو بونیادانە کاردەکەن.

٣ـ بیرۆکەی خود ـ ڕێکخەری (self-regulation) یەکێک لە بیرۆکە گرنگەکانی بونیادگەری بیرۆکەی خود ـ ڕێکخەرییە، بەپێی ئەم بیرۆکەیە بونیادەکەن خودموختارن و خۆیان لەناوەوەی خۆیاندا و بەپێی یاسا و نۆرم و جەبرەکانی خۆیان، خۆیان ڕێکدەخەنەوە.

وەک لەو سێ خاڵەی سەرەوەدا ئاشکرایە، گرنگترین جیاوازیی نێوان میتۆدی بونیادگەرانە و میتۆدەکانی دیکە لەوەدایە کە سەرنجی لێکدانەوەی بونیادگەرانە لە «ئازادی» تاکەکەسەوە گواستراوەتەوە بۆ «گشتێتی» کۆمەڵگا، لە «توانای» هەڵبژاردنەوە بۆ «یاسا» و لە ئیرادەوە بۆ «جەبری» جۆراوجۆر. لەناو بونیادەکانیشدا ئەوەی گرنگە بزانرێت دۆزینەوەی یاسا و نۆرم و میکانیزمەکانی خود ـ ڕێکخەرییەیە کە لەناوەوەڕا ژیان و بەردەوامی بونیادەکان دەپارێزن و ڕێ بە گۆڕانی ڕیشەیی دەگرن.

ئەوەی زۆر گرنگە لێرەدا هێمای پێبکەین ئەو ڕاستییەیە کە لە دیدی بونیادگەریدا شتە بینراو تێبینیکراوەکان لە خودی خۆیاندا بایەخێکی ئەوتۆیان نییە، بەڵکو ئەوەی بایخەداریان دەکات، یاساکانی ئەو بونیادەیە کە لەناویدا نیشتەجێن. دیتن و تێبینکردنی دەرەکی شتەکان گرنگ نییە، بەستنەوەیان بەو بونیادانەوە کە لە پشتی ئەم دەرکەوتانەوە ئامادەن، گرنگە. (Swingewood, 1984: 277)

بەشێوەیەکی گشتی ئەمە گرنگترین خاڵە گشتییەکانی میتۆد و فیکری بونیادگەرییە. کاک بەختیار نە ئاگای لەم شتانەیە و نەدەشیەوێت فێریانبێت. بەڕێزی پێشوەخت بڕیاری داوە کە ئەم میتۆدە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنەیە و هیچ بایەخێکی فیکری و میتۆدی نییە و لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستاندا کێشەی نەبووە.

## 3.5 ـ سەرچاوەکانی بونیادگەری

کاتی ئەوە هاتووە بچینە سەر سەرچاوەکانی فیکری بونیادگەری و لە خۆمان بپرسین داخۆ کاک مەلا بەختیار ڕاستدەکات کە دەڵێت بونیادگەری کاردانەوەیە بەرووی جەنگی جیهانی دووهەمدا و بەشێکە لە «ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژی» دوای جەنگ؟ یان ئەمەش هەڵەیەکی دیکەیە لە هەڵە زۆر و گەورەکانی ئەم بەڕێزە؟

دژایەتیکردنی بونیادگەری بۆ فەلسەفەی خود و تێپەڕاندنی پێدراوە سەرەتاییەکانی فەلسەفەی بوونگەرایی، مانای ئەوە نییە ڕەگەکانی قوتابخانەی بونیادگەری تەنها لەناو ئەم کێشمەکێشە فەلسەفیەدایە. بەپێچەوانەوە ڕەگەکانی بونیادگەری لەناو زیاد لە کایەیەکی مەعریفیدایە، کە هەرەگرنگەکەیان زانستی زمانە، بەتایبەتی کارە زمانەوانییەکانی زمانناسی سویسری فێرناند دۆ سۆسێر کە لەساڵی ١٩١٣ دا مردوە

کە دەکاتە ٢٦ ساڵ بەر لە بەرپابوونی جەنگی جیهانی دووهەم (هـ. س. پ.، ل ٤٥٥).

بونیادگەرەکان بۆچوونەکانی دۆ سۆسێریان سەبارەت بە بونیادی زمان و چۆنیەتی ئیشکردنی ئەم بونیادانە، گواستەوە بۆ ناو کایە مەعریفییەکانی دیکە. ئەم گواستنەوەیەش یەکێک لە گرنگترین ئەو زانستانەی داهێنا کە میتۆدی بونیادگەرانە بە داهێنەری دەزانرێت، مەبەستم زانستی ئاماژەناسیی، سیمۆتیکە (هـ. س. پ.، ل ٤٥٥). لەم ڕووەوە ڕۆلان بارت ڕۆڵێکی هێجگار گرنگی بینیوە لە گواستنەوەی بۆچوونەکانی دۆ سۆسێرەوە لەسەر بونیادەکانی زمان، بۆناو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی. بەم مانایە بونیادگەری بەرهەمێکی ڕاستەوخۆی ئەو گرنگیدانە گەورەیەی بیری فەلسەفی سەدەی بیستەمە بە زمان و فەلسەفەی زمان لەدوای مەرگی فێرناندێر دێ سۆسێرەوە. وەک دەبینین پەیدابوونی بونیادگەری لەم ئاستەدا نە هیچ پەیوەندییەکی بە جەنگی جیهانی دووهەمەوە هەیە و نە بە بەرپابوونی کارەساتی «جیهانگیر» و «کاولکاری» و «جەنگ زەدە»ییەوە هەیە. میتۆدێکی بێنرخیش نییە وەک کاک بەختیار دەخوازێت لە خوێنەری کوردی بگەیەنێت، بەڵکو سەرچاوەی لەدایکبوونی زانستی ئاماژەناسییە.

ڕەگێکی دیکەی بیری بونیادگەری لەناو کۆی ئەو بۆچوونە تازانەدایە کە «فۆرمالیستە ڕوسەکان» سەبارەت بە زمان و ڕەخنەی ئەدەبی پێشنیاریانکرد. «فۆرمالیستە ڕوسەکان» کۆمەڵێک لێکۆڵەرەوە و زانا و لێزانی بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و فیلۆلۆژیا و مێژووی کولتووری بوون، ئەم گروپە لەنێوان ساڵانی ١٩١٦ تا ١٩٣٠ سەرقاڵی ئەوەبوون ڕەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی نوێ داڕێژنەوە و «زانستی ئەدەب» پەرەپێبدەن و بنەما میتۆدی و فیکری و فەلسەفییەکانی ئەم زانستە گەڵاڵەبکەن. لای فۆرمالیستە ڕوسەکان ئەدەب بریتیە لە شێوازێکی تایبەتی زمان، زمانێک کە لە ئاستی «بەکارهێنانی پراکتیکی» ڕۆژانەوە بۆ ئاستی «بەکارهێنانی شیعری» گواستراوەتەوە. «بەکارهێنانی شیعری» زمانیش بریتییە لە بەکارهێنانی زمان بۆ وەگەڕخستن و بەرهەمهێنانی کۆمەڵێک ئەزموونی تایبەت لەدەرەوەی ئامانجە ڕۆژانەیی و پراکتیکییەکانی زمان خۆیدا، کردنەوەی زمانە بەڕووی ئەگەری دیکەی مانا و ئەزموونی ئیستاتیکی و ئەدەبی نوێدا. کاری ڕەخنە لای فۆرمالیستە ڕووسەکان بریتیبوو لە دۆزینەوەی یاسا ئەدەبییەکان، ئەو یاسایانەی کە لە جەوهەردا زمانی شیعری بەرێوەدەبەن و زمانی تێکستی ئەدەبی لە شێوازەکانی دیکەی بەکارهێنانی زمان جیادەکەنەوە. (Swingewood, 1984: 280-281)

بەلشەفیکەکان لە کۆتایی بیستەکاندا ئەم قوتابخانە ئەدەبییە گرنگەیان، بەناوی ئەوەی گوایە بزوتنەوەیەکی بۆرجوازیانەیە، یاساغکرد و لە ڕوسیادا کۆتاییان پێهێنا. نووسەرە گرنگەکانی ئەم قوتابخانەیە، بەتایبەتی (ڕۆمان جاکۆبسن، ڤیکتۆر شکلۆڤسکی، یوری تینیانۆڤ، میخائیل باختین و ڤلادیمێر پرۆپ) ناچارکران، یان ئەوەتە وازبێنن و بێدەنگبن، یان ئەوەتە ڕوسیا بەجێبهێڵن و سەرهەڵگرن بۆ یەکێک لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوا. زۆربەی نووسەرانی ئەم قوتابخانەیە لە ڕوسیا مانەوە و بێدەنگبوون، بەڵام جاکۆبسن چوو بۆ چیکۆسلۆڤاکیا و دایە پاڵ ئەو قوتابخانەیەی کە بە (هەڵقەی زمانناسی پراگ) ناوبانگی دەرکردوە. لە سییەکاندا ئەم قوتابخانەیە لەڕێی جاکۆبسنەوە بۆچوونی فۆرمالیستە رووسەکانی لە پراگ پەرەپێدا و لەهەمانکاتدا ئەم بۆچوونانەی بە بە پرنسیپە زانستییەکانی زانستی سیمیۆلۆژیا تێکەڵکرد، نوێنەرانی ئەم قوتابخانەیە لەو ڕۆژگارەدا کاریان لە زانستی سیمیۆلۆژیادا دەکرد و خەریکی گەڵاڵەکردنی میتۆد و ڕێساو و پرنسیپەکانی ئەم زانستە بوون. بەم کارەشیان لێکدانەوەیەکی بونیادگەرانەی ئیستاتیکا و کولتوور و زمانیان دەستپێکرد. (هـ. س. پ.، ل ٢٨٠-٢٨١)

لێرەشدا ئەو ڕاستییە ئاشکرادەبێت کە ڕەگێکی دیکەی قوتابخانەی بونیادگەری بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم دەستپێدەکات و چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندی بەم جەنگەوە نییە و بەهیچ شێوەیەکیش کاردانەوە نییە بەڕووی جەنگدا.

لە ئاستی ئەنترۆپۆلۆژیدا لیڤی ستراوس بە پاڵەوانی یەکەمی بونیادگەری دادەنرێت. شتراوس لە کارە ئەنترۆپۆلۆژییەکانیدا میتۆدی کارکردنی سۆسێری لەناو زماندا گواستەوە بۆ کارکردن لەناو کایەی ئەنترۆپۆلۆژیادا. جگە لە سۆسێر، لیڤی شتراوس سودێکی گەورەشی لە بۆچوونەکانی ڤلادیمێر پرۆپ، کە سەر بە (فۆرمالیستە رووسەکان) بوو، دەربارەی بونیادی ئەفسانە و حیکایەتە فۆلکلۆرییەکان، وەرگرتوە. شتراوس بۆچوونەکانی ئەم دووانەی بۆ ناو لێکۆڵینەوە و ڕاڤەکردنی ئەفسانە و خوێندنەوەی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا سەرەتاییەکان گواستەوە. شتراوس لەم گواستنەوەیەدا بۆ یەکەمینجار لە کایەی ئەنترۆپۆلۆژیدا پەیوەندییەکانی خزمخواهی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا وەک جۆرێک لە سیستمی زمان مامەڵە کرد. شتراوس، بۆ نموونە، باوەڕی وایە کە ئاڵوگۆڕکردنی ژن لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا، ئەوەی لای ئێمە لە کوردستان وەک ژن بە ژن ناوی دەرکردوە، دەشێت وەک ئاڵوگۆڕی ووشە لە قسەکردنی ڕۆژانەدا ببینین. ئەو لۆژیکەی کە زمان ووشەکانی پێ ئاڵوگۆڕدەکات

هەمان ئەو لۆژیکە کۆمەڵایەتییەیە کە پەیوەندییەکانی ئاڵۆگۆڕی ئافرەتی پێبەڕێوە دەچێت، لەهەردوو دۆخەکەدا مەسەلە مەسەلەی بەرقەرارکردن و دروستکردنی جۆرێکی تایبەتی پەیوەندیکردنە لە نێوان دوو لایەندا. (هـ. س. پ.، ل ٤٥٦). شتراوس بە پراکتیکردنی ئەم میتۆدە لێکچوونێکی گەورەی لەنێوان سیستمەکانی زمان و سیستمەکانی پەیوەندی خزمخواهیدا دۆزیەوە کە نەوەیەک لە ئەنترۆپۆلۆژەکان پەیڕەویان لێکردوە. وەک دەبینین لێرەشدا بونیادگەری دیسانەوە پەیوەندی بە جەنگی جیهانی دووهەمەوە نییە، بەڵکو دەرنجامی گواستنەوەی دەسکەوتە زانستییەکانی ناو کایەیەکی مەعریفییە بۆ ناو کایەیەکی دیکە.

سەرچاوەیەکی دیکەی بونیادگەری لەناو ئەو ڕێبازە فیکریەدایە کە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بە «مارکسیزمی بونیادگەرایی» ناونووسدەکرێت (هـ. س. پ. ل ٤٥٦). گرنگترین و ناسراوترینی ئەو مارکسییانەش کە بەم ئاراستەیە و بەپێی پێدراوە میتۆدییەکانی بیری بونیادگەری کاریانکردووە بریتین لە ئەلتۆسێر و پۆلانتزاس و مۆریس گۆدۆلێ. ئەلتۆسێر فەیلەسوفێکی سیاسی و تیوریستی حیزبی کۆمۆنیستی فەرەنسی و مامۆستای میشێل فۆکۆ بووە، بۆلانتزسیش فەیلەسوفێکی سیاسی بوو چەندان کتێبی گرنگی لەسەر تیورەی دەوڵەت و تیورەی چینە کۆمەڵایەتییەکان نوویسوە، مۆریس گۆدۆلێش یەکێکە لە بەناوبنگترین ئەنترۆپۆلۆژە مارکسییەکان لە جیهاندا. بە باوەڕی گۆدۆلێە ڕیشەی بونیادگەری دەگەڕێتەوە بۆ فیکری مارکس و لەم بارەیەوە دەڵێت: «کاتێک مارکس ئەوەمان نیشانئەدات کە نابێت بونیادەکان بە پەیوەندییە بینراو و هەستپێکراوەکان تێکەڵکرێن و لەهەمانکاتدا خۆشی لۆژیکی بونیادە نەبینراوەکان نیشانئەدات، بەمە سەرەتای کەلەپووری بونیادگەری دەستپێدەکات» (هـ. س. پ. ل ٤٥٦). بە مانایەکی دیکە بونیادگەری لە مارکس و فیکری مارکسەوە دەستپێدەکات، مارکس ڕای وابووە کە لە لێکۆڵینەوەی دیاردەکاندا نابێت تەنها سەیری دەرکەوتە دەرەکییەکانی دیاردەکان بکەین، بەڵکو دەبێت لۆژیکە نەبینراوەکانیان ببینین و بخوێنینەوە. گۆدۆلێە دەڵێت ئەوەی مارکسیزم و بونیادگەری بەیەکەوە گرێدەدات ئەو ڕاستییەیە کە هەردوکیان لەو باوەڕەدان کە لەپشتی ئەزموون و شتە دیارەکانی ژیانی ڕۆژانەوە کۆمەڵێک بونیادی نەبینراو ئامادەن. (هـ. س. پ). گۆدۆلێە بیری مارکس و بیری لیڤی شتراوس لە یەکدی نزیکدەکاتەوە و دەنوسێت: «هەم بۆ مارکس و هەم بۆ لیڤی شتراوس بونیاد شتێکی واقیعی بینراو و هەستپێکراو نییە، بەڵکو ئاستێکی تایبەتی واقیعە کە لەپشتی پەیوەندییە بینراوەکانی نێوان

ئینسانەکانەوە ئامادەیە. ئیشکردنی ئەم بونیادەش دەستنیشانی لۆژیکی ناوەکی سیستەمەکە دەکات» (هـ. س. پ. ل ٤٥٧). گۆدۆلیە لەم لێکچووان و نزیکایەتییە فیکرییەدا هەنگاوێک زیاتر دەچێتە پێشەوە و دەڵێت: «ئەوەی دیار و بەرچاوە واقیعێکە کە واقیعێکی دیکەی قووڵتر دەشارێتەوە کە نەبینراوە، کاری سەرەکی لێکۆڵینەوەی زانستیش دۆزینەوەی ئەو واقیعە نەبینراوەیە» (هـ. س. پ.). وەک دەبینین گۆدۆلیە خزمایەتیکی گەورە لە نێوان مارکسیزم و بونیادگەریدا دەبینێت و ڕەگەکانی ئەم قوتابخانە فیکرییە دەباتەوە سەر مارکس خۆی.

لوسیان گۆڵدمانیش نموونەیەکی دیکەی ئەو بونیادگەرانەیە کە لە مارکسیزمەوە نزیکبوون و لەژێر کاریگەری گەورەی میخائیل باختیندا بووە، باختینیش، وەک وتمان، سەر بە قوتابخانەی (فۆرمالیستە ڕووسەکانە). گۆڵدمان ئەو ئاراستەیە لە بونیادگەریدا بەهێزدەکات کە بە «بونیادگەری پێکهێنەرانە» ناودەبرێت. ”Genetic Structuralism” (هـ. س. پ ل ٥٨٢). ئەم ئاراستە گۆڵدمانییەیە کە من وەک نووسەرێکی کورد لە کۆتایی سالانی هەشتادا چەند هەوڵێکی سەرەتاییم بۆ پراکتیککردن و گواستنەوەی بۆ ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دا، چەند هەوڵێک کاک بەختیار لە باتی ئەوەی وەک هەوڵ و کۆششێک بۆ تازەکردنەوەی ڕەخنەی کوردی ببینێت، بە زمانی بوون یان نەبوونی کێشە لە گەڵ داگیرکەراندا لێیەدوێت.

بە کورتی کاک بەختیار ئەم هەموو گۆڕانکارییە فیکرییە گەورانە و ئەم هەموو ڕیشە فیکری و فەلسەفییانە نابینێت کە لە پشتی هاتنەکایەی بونیادگەرییەوەن، لەژێر بەهانەی ئەوەشدا کە گوایە بونیادگەری کاردانەوەیە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا بێبایەخ و کەمنرخی دەکات و لەپاڵ ئەوەشدا کە گوایە لەگەڵ داگیرکەراندا کێشەی نەبووە نیشانەی پرسیار لەسەر پاکی ئەو چەند نوسەرە کوردە دادەنێت کە بە پێدراوە میتۆدییەکانی ئەم قوتابخانە فیکرییە چەند نووسینێکیان بلاوکردۆتەوە. لەمەش سەیرتر بەڕێزی کاری ئەم هەموو فەیەلسوف و زانا کۆمەلایەتییە گرنگ و گەورانە بەم چەند دێڕە سادەیە کورتدەکاتەوە کە مایەی گریان و پێکەنینە لەیەککاتدا: کاک بە ختیار دەڵێت بونیادگەرەکان «دوو دەهە خۆیان هیلاک کرد بەڵکو دونیای بونیادەکانی وشە، ڕستەو دەق، لە نوسەر و سەرچاوەی داهێنەر و هەلومەرج دابڕن. دەقی ناو دەقەکان بە دابڕاوی لە واقعیش و دەوروبەر بونیاد بنێنەوە. بەلام ئەم کارە نەچووە سەر و سەری نەگرت. وشە و ڕستەو دەق، ناکرێ دور لە ژانەکانی کۆمەڵ و کاریگەرییەکانی ژیان و دیاردە و دەرکەوتەکان، بڕسکێن» (مەلا بەختیار، ٢٠٠٠: ل

١٥٧ـ ١٥٨). ئەمە هەموو تێگەیشتنی کاک بەختیارە بۆ ئەم قوتابخانە فیکرییە گرنگە. هەموو پێناس و ناساندنێکیەتی بە خوێنەری کورد. با واز لەو مەسەلانە بهێنین و لە بەڕێزی بپرسین «دەقی ناو دەقەکان» چییە؟ بێگومان دەستەواژەی «دەقی ناو دەقەکان» جگە لە ئینشانووسیەکی نازانستی و ڕیزکردنی ووشە لەپێناوی ڕیزکردندا، شتێکی دیکە نییە و کەس نییە لە دنیادا بەمجۆرە باس لە بونیادگەری بکات. دواتر کاک بەختیار باسی بونیادی ووشە دەکات، ئەوی کەمەکێک لە بونیادگەری شارەزابێت و سادەترین زانیاری لەسەر ئەم قوتابخانە فیکرییە هەبێت دەزانێت ووشە بونیادی نییە، بونیاد کاتێک دروستدەبێت کە ووشەکان بەیەکەوە لەناو پێکهاتێکدا گەورەتر لە خودی ووشەدا کۆببنەوە. بونیاد مانای دروستبوونی پەیوەندی لەنێوان چەند شتێکدا و بوونیان بە سیستم، ووشە بەتەنها بونیادی نییە، کۆمەڵێک ووشە بەسەریەکەوە کەدەبنە دەق ئینجا بونیاد پەیدادەکەن. زۆر سەیرە کاک بەختیار مانا سادەکانی ئەو چەمکانە نازانێت کە بەکاریاندەهێنێت کەچی قسەیان پێدەڵێت و حوکمیان بەسەردا ئەدات، بەڕێزی گەر بیزانیایە بونیاد هەمیشە زیاد لە ڕەگەزێکی تێدایە کە پەیوەندییەکی تایبەتیان لەنێواندا دروستدەبێت، هەرگیز باسی لە بونیادی ووشە نەدەکرد بەتایبەتی لەو ڕەوتەی سەرەوەدا کە باس لە پەیوەندی نێوان دەق و دەرەوەی دەق دەکات.

لەم هەڵە سەرەتایی و سادانەش بترازێت بەڕێزی نموونەیەک ناهێنێتەوە کە قسەکانی بسەلمێنێت. بۆ نموونە کام یەکێک لەو بونیادگەرانەی باسمانکردن سەرچاوەی داهێنانیان لە دەوروبەر دابڕیوە؟ ئەم ژانی کۆمەڵ و شۆڕشگێڕییە ناوەختە لە کوێوە هاتە ناو موناقەشەی میتۆدێکەوە کە ڕەگەکانی دەچێتەوە ناو فیکری مارکس؟ کێ لە بونیادگەرەکان ویستویەتی «دەقی ناو دەقەکان بە دابڕاوی لە واقعیش و دەوروبەر بونیاد بنێنەوە» ؟ دوایی دەقی ناو دەق چۆن بونیاد ئەنرێتەوە؟ بونیادنانەوەی دەق چییە و کام بونیادگەر لەهەموو ژیانیدا کارێکی وای ئەنجامداوە و دەقێ کێ و کام نووسەر و فەیلەسوفی بونیادناوەتەوە؟

ئەم قسانەی کاک بەختیار لەسەر بونیادگەری دەیانکات دوو کارەکتەریان هەیە:

١ـ بەڕێزی نازنێت باسی چی و کێ و چ بابەتێک دەکات و لە مانا سادەکانی ئەو چەمکانە نەگەیشتوە کە دەربارەیان ئەدوێت.

٢ـ ئەم قسانە دووبارەکردنەوەیەکی بێللەزەتی هەندێک ووتارۆچکەی بێفیکر و بێقووڵایی ناو ڕۆشنبیری کوردین کە لە کۆتایی هەشتاکانەوە ئامادەن و هەموو

ڕەخنەکانیان لە بونیادگەری لەوە تێپەڕینەکردوە گوایە دەق لە دەوروبەر دادەبڕێ و بەرێزیشی ووشەیەکی بۆ ئەم سادەنووسییە زیادنەکردوە.

بە کورتی: بونیادگەری، گەر کاردانەوەش بێت، کاردانەوە نییە بە ڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا، وەک کاک بەختیار پێشنیاری دەکات، بەڵکو کاردانەوەیە بەڕووی فەلسەفەی خود و هیومانیزمی بوونگەرانەدا، ڕەگەکانیشی لەناو فەلسەفە تازەکانی زماندایە و چ لە نزیک چ لە دوور پەیوەندییان بە جەنگی جیهانی دووهەمەوە نییە. هەندێک ڕیشەکانی ئەم قوتابخانە فیکرییە دەبەنەوە بۆ مارکس و هەندێک بۆ فرۆید و زۆریش بۆ زماناسی گەورە فێرناند دۆ سۆسێر کە ٢٦ ساڵ بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم مردوە.

## 4.5 ـ بونیادگەری و داگیرکەران

وەک دوا خاڵ دێمە سەر پەیوەندی نێوان میتۆدی بونیادگەری و داگیرکەرانی کوردستان. کاک بەختیار بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند خەڵکانی بێخەم و بێکێشە و نامەسئولن، لە پاڵ زۆر تۆمەتی دیکەدا کە لە پێشەکی ئەم کتێبەدا هێمامان پێکردن، دەڵێت میتۆدەکەیان لەگەڵ داگیرکەراندا کێشەی نەبووە. بەڵام داخۆ چ پەیوەندییەک لەنێوان داگیرکەران و میتۆدێکدا هەیە کە لەسەردەمانی بەعسدا تەنها شەش تا حەوت وتاری پێنوسراوە و وتارەکانیش سنووری ڕەخنەی ئەدەبی و کولتوورییان تێنەپەڕاندوە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە با سەرنجێک لە هەلومەرجی کارکردنی میتۆدی بونیادگەری لە ڕۆژئاوا بدەین و دواتر بگەڕێینەوە بۆ تەماشاکردنی ئەو هەلومەرجە تایبەتەی ئەم میتۆدە لە کوردستاندا کاری تێداکردوە.

ئەگەر فیکری بونیادگەری لە ڕۆژئاوادا ڕاستەوخۆ لە ڕەوتی بەگژاچوونەوەی فەلسەفەی خود و هیومانیزمی بوونگەرادا ئامادەبوويێت، داخۆ ئەرکی ئەم قوتابخانەیە لە ڕۆشنبیری کوردیدا چیبووە، چی دروستیکردوە، بەگژ چیدا چۆتەوە و لەبەرچی؟ ئایا چ پەیوەندییەک لەنێوان ئەم میتۆدە و داگیکرکەرانی کوردستاندا هەیە؟ ئایا بەستنەوەی ئەم میتۆدە بە داگیرکەرانی کوردستانەوە کارێکی فیکری و زانستییە، یاخود غەڵبەغەڵبێکی سیاسی بێمانا؟

بێگومان زۆر خوێنەر دەزانن کە کارکردن بە میتۆدی بونیادگەری لە ڕۆشنبیری کوردیدا بە کۆمەڵێک هەوڵی من دەستیپێکرد. لە ساڵی ١٩٨٧ دا و بۆ یەکەمجار من

ئەم میتۆدەم بۆ خوێندەوەی کۆمەڵێک دەقی ئەدەبی کوردی بەکارهێنا و بۆیەکەمینجار ئەم میتۆدە لەڕێی ئەو چەند هەوڵەوە وەک ڕێبازێکی ڕەخنەیی تازە هاتە ناو ڕۆشنبیریی کوردییەوە. ئەو چەند نووسینەش دەشێت لەژێر ناونیشانی ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی کولتووریدا کۆیانکەینەوە. هاوکات بەم هەوڵە سەرەتاییانەی من کاک بەختیار عەلیش کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی پێشکەشکرد کە سەر بە هەمان میتۆد بوون، بەڵام کارەکانی کاک بەختیار زیاتر لە دوای ڕاپەڕینەوە پەرەیانسەند. بەهەرحاڵ ئەوەی لێرەدا گرنگە لێیبدوێین وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە: ئەو کێشە فیکری و تیۆرییانە چی بوون کە بونیادگەری لەم هەوڵانەدا ڕووبەڕوویان بووەوە؟

بونیادگەری لای ئێمە هەرچییەک بووبێت بەگژاچوونەوەی فەلسەفەی خود و بیرۆکەی تاکەسی سارتەری و مەسەلەی هەڵبژاردن و ئیرادەی ئازاد نەبووە، چونکە ئێمە لە واقیعێکی فیکری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا دەژیاین، لە زرۆ ڕووەوە تا ئێستاش تیادەژین، ئەوەی بایەخی نەبووبێت تاکەکەسە. فیکرێک کە لە تاکەکەس و ئیرادەی تاکەکەسەوە دەستپێبکات، نە لەڕۆشنبیری ئێمەدا و نە لەڕۆشنبیری دراوسێکانماندا نە هەبووە و نەهەشە. لێرەوە بونیادگەری لای ئێمە نەیدەتوانی دژ بە شتێک بێت کە هەر لە بنەڕەتەوە لە دایکنەبووە، واتە بونیادگەری نەیدەتوانی دژ بە فەلسەفەی تاکەکەس و بوونگەرایی بێت کە هەردوکیان تاکەکەسی ئازاد بابەتی سەرەکی کارکردنیانە، چونکە ئەم دووانە لای ئێمە بوونیان نەبووە، یان زۆر بوونێکی پەراوێزیان هەبووە؟ بۆیە کێشەکانی بونیادگەری لە ڕۆشنبیری ئێمەدا دووبارەکردنەوەی ئەو کێشانە نەبووە کە لە ڕۆژئاوادا ڕووبەڕوویان بۆتەوە و بەهیچجۆرێک پەیوەندی بەو ڕەوتە تایبەتەی ڕۆژئاواوە نییە.

ئەی باشە گەر بونیادگەری هەڵگری ئەم کێشە فیکرییە نەبووبێت، هەڵگری چ کێشەیەکی دیکە بووە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە من لێرەدا لەسەر ئەرکە مەعریفییە قووڵەکانی بونیادگەری ناوەستم، ئەو ئەرکانەی کە هەوڵی خوێندنەوەی ئەو لۆژیکە نادیارانەیان ئەدا کە لەپشتی کارکردنی کایە جیاجیاکانی ناو ڕۆشنبیری ئێمەوە لە ئارادبوو، لۆژیکێک من لەیەکێک لە ووتارە سەرەتاییەکانماندا بە لۆژیکی «زەینیەتی نامەنهەجی» و «بونیادی زەینی خورافی» ناوم بردوە و هەندێک لە میکانیزمە نادیارەکانیم نیشانداوە. هەر خوێنەرێک کەمەکێک بە ویژدانەوە تەماشای ئەو هەوڵانە بکات دەزانێت چ بەر لە دەرچوونی گۆڤاری ئازادی و چ لەو هەوڵانەدا کە لە گۆڤاری ئازادیدا دراون، چەندان نووسین و لێکۆڵینەوەی گرنگ نووسراون کە بە

قووڵی لەم مەسەلە فیكرییە تازانە دواون. ئەوەی من لێرەدا دەمەوێت لێیبدوێم ئەو ڕووبەڕووبوونەوە مەعریفییەیە كە بونیادگەری لە ڕۆشنبیری و كۆمەڵگای ئێمەدا دووچاری بووبوو، ئایا ڕەخنەی بونیادگەری ڕووی لە چی و كێ و چ مەسەلەیەک بوو؟

بەبۆچوونی من بونیادگەری لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ڕووی بە ڕووی مژدە ئایدیۆلۆژییەكانی ماركسیزمدا تەقییەوە كە مژدەی یۆتۆپی بە مێژوویەک دەدا توانای پیادەكردنی ئەو مژدانەی نەبوو. ئەم ماركسیزمە لە واقیعێكدا كە توانای گۆڕانی زۆر لاوازبوو، كە نووقمبوو لەناو میكانیزمەكانی دیسپلین وكۆنترۆڵدا، كە ڕۆژانە تۆتالیتاریزمی تێدا بەهێزدەبوو و ترس ڕوخساری دادەپۆشی، باسی بنیادنانی بەهەشت و یەكسانی و گۆڕانی ڕیشەیی و نەمانی چەوساندنەوەی یەكجاری دەكرد. لە كاتێكدا بونیادگەری لەڕۆژئاوادا ڕووی بە ڕووی فەلسەفەی خودا تەقییەوە، لای ئێمە ڕووی بە ڕووی ماركسیزمێكی گەشبینی بێفیكر و لێوانلێو لە مژدەی ئایدیۆلۆژیدا تەقییەوە. هەرئەمەشە وادەكات هەندێک لە ماركسییە ڕۆژئاواییەكان، بۆ نموونە ئالتۆسێر و گۆدێلە و گۆڵدمان، بتوانن بەم میتۆدە كاربكەن و بنەماكانی بۆ بیری ماركس خۆی بگەڕێننەوە، بەڵام لای ئێمە نەدەكرا ماركسیزم و بونیادگەری لەیەک مارەبكەین.

ماركسیزم لای ئێمە فیكرێک بوو لە باتی ئیشكردن لەسەر واقیع و مێژوو و كۆمەڵگا، لەسەر چاوەڕوانییە سایكۆلۆژی و پێدراوە ئەفسانەیی و میكانیزمە خەیاڵییەكانی ئینسانی ئێمە ئیشیدەكرد، لەباتی ئەوەی زانستێكبێت بۆ ناسینی واقیع، كۆمەڵێک میتۆدی سایكۆلۆژی بوو بە مەبەستی ئارامكردنەوە و دروستكردنی هیوا و بەخشینی ئومێد كاریدەكرد. ئەم ئیشكردنە سایكۆلۆژییانەی ماركسیزم لەم واقیعەدا شێوەی بەخشینی كۆمەڵێک مژدەی خۆشی گرتبووەخۆی. ماركسیزم توانی ڕۆژگارێكی درێژ درێژە بەم گەمە سایكۆلۆژییەی خۆیبدات و وەک هێزێكی سیاسی و ئایدیۆلۆژیایەكی مژدەبەخش چەندان توێژ و گروهی نائومێدی كۆمەڵگای ئێمە لەدەوری مژدەكانی كۆكاتەوە، بەڵام لە ناوەڕاستی هەشتاكانەوە، لانیكەم بۆ كەسێكی وەک من، ئەو ڕاستییە ئاشكرابوو كە واقیعی ئێمە توانای پیادەكردنی ئەو مژدانەی نییە كە ماركسیزم بە كۆمەڵگا و مرۆڤی ئێمەی ئەدات.

ئەو مژدانە، لەگەڵ پاكی و جوانی و ڕۆمانسیبوونیاندا، ڕوویان بە كۆمەڵێک ڕێگر و گرفت و جەبری بونیادیانەی سیاسی و كۆمەلایەتی و كولتووریدا دەتەقییەوە كە

نەیدەهێشت پیادەکرێن. ئەم پیادەنەبوونەشی تادەهات زیاتر واقیعی تاریکتر و ئەو هێزانەشی نائومێدتر دەکرد کە نەیاندەتوانی پردێک لەنێوان مژدەکان و واقیعدا بدۆزنەوە و لانیکەمی ئەم مژدانە لە ئاسمانی تیور و ئایدیۆلۆژیاوە بۆ سەرزەمینی ژیانی ڕۆژانە دابەزێنن. ئەو پرسیارانەی لەو ڕۆژگارەدا لای من وردە وردە لە دروستبووندا بوون بریتیبوون لە: بۆچی واقیعی ئێمە توانای گۆڕانی ڕاستەقینەی کەمە؟ هۆی چییە ئەو خەونانەی ئەم واقیعە دەیانبنیێت نایەنەدی؟ مژدە و جەبرەکان بۆ بەم ئاراستەیە لێکدوورن؟ هۆی چییە دوای ئەو مێژووە درێژەی قوربانیدان بە دەرەنجامێکی ڕازیکەر نەگەیشتوین و لەباتی سیستمێک لانیکەمی ئازادی و بەختەوەری تێدابێت، بەعسیزم و سیستمە تۆتالیتێرەکەی بالادەستە؟ واتە ئەو پرسیارەی لەو ڕۆژگارەدا من لەخۆمم دەکرد و بەدوای وەلامدانەوەیدا دەگەڕام پرسیاربوو دەربارەی ئەو بەربەستانەی کە نەیاندەهێشت وناهێڵن پرۆژە کۆمەلایەتی و سیاسیی و فەرهەنگییەکان لە دنیای ئێمەدا بە ئەنجامێکی دڵخۆشکەربگەن و ببنە هۆی زیادبوونی بڕی بەختەوەری و ئازادی ئینسانی ئێمە لە جیهاندا. لەو ڕۆژگارەدا ئەم پرسیارانە لە دیدی منەوە بەهیچ مانایەک پرسیاری مارکسییانە نەبوون، بەڵکو کۆمەڵێک پرسیار بوون لەودیوی مارکسیزمەوە، پرسیار نەبوون لە مژدە و ئومێدەوە بۆ گۆڕان دەستپێبکەن، بەڵکو لە تێکشکان و نەگۆڕان و بوونبەستی مێژووییەوە دەستیانپێدەکرد، شتێک نەبوون لە هیواو ئامانج و خەونەوە ئالابن، بەڵکو لە هەستکردنێکی قورس بە نەبوونی توانا بۆ گۆڕانەوە لەدایکبووبوون.

بە نیسبەت ئەو نەوەیەوە کەم یەکێکم لە ئەندامەکانی، پرسیاری سەرەکی مارکسیزم ئەوەبوو چۆن دنیا بگۆڕین؟ کتێبی (چی بکەین؟)ی لینین، کە ئینجیلی زۆربەی مارکسییەکانی نەوەی من بوو، کتێبێک بوو کاریگەرییەکی لە ڕادەبەدەری لەسەر تێگەیشتنی ئەم نەوەیە بۆ مارکسیزم بەجێهێشت. ئەو ڕستەیەی مارکس کە دەڵێت جاران کاری فەیلەسوفان بریتیبوو لە ڕاڤەکردنی جیهان، بەلام ئەمڕۆ بریتییە لە گۆڕینی، لەسەر زاری هەریەکێکمان بوو، مارکسیزم و ئیرادەگەرێتی دوو شتبوون، یەک ئەویدی تەواودەکرد.

تەواو بە پێچەوانەی ئەو پرسیارە لینینیەوە، ئەو پرسیارەی لە نیوەی دووهەمی هەشتاکاندا وردە وردە لای من دروستدەبوو، بریتیبوو لەوەی بۆچی دنیای ئێمە ناگۆڕێت؟ ئەو بەربەستانە چین لێناگەڕێن ئەم دنیایە ببێتە دنیایەکی نوێ؟ بۆ تێپەڕینی مێژوو هاوشانە بە زیادبوونی بڕی توندوتیژی و فراوانبوونی تۆڕەکانی دیسپلین؟

لەگەڕان بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارە نوێیانەدا بوو من بەو دەرەنجامە گەیشتم کە لەباتی تیورەیەک بۆ گۆڕان پێویستمان بە تیورەیەکە بۆ تێگەیشتن لە نەگۆڕان، لەباتی ئەوەی سەرخۆشی کۆمەڵێک مژدە بین بۆ گەیشتن بە جیهانێکی دیکە، پێویستمان بە فیکرێکە ئەو جیهانەمان بۆلێکداتەوە کە بستێ زەوی بەهیچ مژدەیەک نابەخشێت، فیکرێک پێمانبڵێت ئەو ڕێگرە بونیادیانە چین کە ناهێڵن گۆڕانی ڕاستەقینە دروستبێت، فیکرێک لەودیوی ئومێد و لەودیوی مژدەوە کار بۆ تێگەیشتنی جیهان بکات. ئەمەش وایکرد لەباتی گەڕانەوە بۆ ماتریالیزمی دیالەکتیک، کە بە بۆچوونی من جۆرێکی تایبەتی سۆسیۆلۆژیای ئومێدە، بەدوای میتۆدی دیکەدا بگەڕێم کە بەهۆیەوە بتوانم لە نهێنی نەگۆڕان و چەقبەستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دنیای کۆن لەئێستادا و بەردەوامی تەقلیدیەت لە ناو تازەگەریدا بگەم. من وام هەستدەکرد لەباتی سۆسیۆلۆژیایەک بۆ ئومێد، پێویستمان بە سۆسیۆلۆژیایەکە بۆ نائومێدی، لە فیکرێکەوە ئومێدەوارمان کات دەبێ بگوێزینەوە بۆ فیکرێک ڕیشەکانی نەگۆڕان و وەستان و نائومێدیمان بۆ بدۆزێتەوە. لەو ڕۆژانەدا من تەواو باوەڕم وابوو لەباتی مژدەبەخشین پێویستمان بە ناسینێکی ورد و قووڵی ئەو جەبر و زەبر و هێزی جێگیربوون و نەگۆڕانەیە کە لە بونیادی کۆمەڵایەتی و عەقڵی و ڕۆشنبیریی ئێمەدا پەنهانە و تائەوکاتەش بێباسکردن و خوێندنەوە و ڕاڤەکردن مابوونەوە. تەواو بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونەی مارکسەوە کە دەڵێت دەبێت جیهان بگۆڕین نەک ڕاڤەیکەین، من پێموابوو بۆئەوەی بتوانین بگیۆڕین دەبێت پێشتر ڕاڤەیکەین. ئەم گۆڕانەبوو وای لەمن کرد هەستبکەم لەباتی ماتریالیزمی دیالەکتیک و فەلسەفەیەک بۆ گۆڕان پێویستمان بە فەلسەفەیەکە بۆ تێگەیشتن لە پراکتیک، بۆ تێگەیشتن لە ڕوودان و ڕوونەدانی ڕووداوەکان، دیتن و ناسینی هەموو ئەو جەبرە بونیادیانەی لێناگەڕێن مژدەکانی مارکسیزم و چاوەڕوانییەکانی ئێمە لەو مژدانە پیادەبن. هەموو ئەم مەسەلانە بەسەریەکەوە وای لەمن کرد بەدوای میتۆدێکدا بگەڕێم بتوانێت یارمەتیدەربێت بۆ لێکدانەوە و تێگەیشتنی ئەو بونیادە ئاڵۆزانەی لەپشت کار و کردەوەی بکەرە کۆمەڵایەتیەکانەوە ئامادەن و ناهێڵن و لێناگەڕێن گۆڕانە قووڵ و ڕیشەییەکان لەدایکبن. ئەم هەلومەرجە تایبەتیە لە کۆتایی هەشتاکاندا وایکرد بونیادگەری لەدایکبێت و وەک میتۆدێک بۆ تەماشاکردن و خوێندنەوە و ڕاڤەکردن بێتە ناو ڕۆشنبیریی ئێمەوە، یەکەمین نووسینی منیش بەم میتۆدە باس لە تێکشکانی خەونی ئەو پاڵەوانانە دەکات کە لە چیرۆکەکانی (شێرزاد حەسەن)دا دەیانەوێت دنیا

بگۆڕن و بۆیان ناگۆڕێت، خەونی گەورە گەورە دەبین و بەڵام تێکدەشکێن، شۆڕشگێڕن کەچی چارەنووسیان گریانە لەبەردەم وێرانەکانی ئەو جیهانەدا کە نائومێدیان دەکات. بەکورتی لە نیوەی دووهەمی هەشتاکاندا بونیادگەری لە واقیعی ئێمەدا تیورەیەک نەبوو لە دیدێکی ئەبستراکتەوە بۆ مێژوو و مژدەی مێژووییەوە دەستپێبکات، وەک مارکسیزم، بەڵکو لە پراکتیکی ئینسانەکانەوە لەناو جیهاندا و لە ناسینی ئەو بەربەستە بونیادیانەوە دەستبەکاربێت کە ڕێیان لە گۆڕان و ژێروژووربوونە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان دەگرت و تائێستاش بەشێوەیەک لەشێوەکان ڕێدەگرن. بەهۆی ئەم وەرچەرخانەوە ئیدی زەحمەتبوو مارکسیزم و بونیادگەری بەیەکەوە کۆببنەوە. ناسین و خوێندنەوەی جەبری بونیادەکان و تێگەیشتن لە توانای دژایەتیکردنی ئەم بونیادانە بۆگۆڕان، هەنگاوی یەکەمی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە بوو کە دەیپرسی دنیای ئێمە بۆ ناگۆڕێت. ئەم هانگاوەش تەواو ناکۆکبوو بەو مژدە ئایدیۆلۆژیانەی مارکسیزم گوێی هەموومانی پێپڕکردبوو. ئەم هەلومەرجە مێژوویی و فیکری و ئایدیۆلۆژییە بوو منی لە نیوەی دووهەمی هەشتاکاندا بەرەو بوونیادگەری برد، بەرەو قوتابخانەیەکی فیکری کە عەودالی دۆزینەوەی بەربەستە بوونیادەکانی ناو جیهانی ئێمە بوو.

جگە لەو کێشە میتۆدی و ئایدیۆلۆژییانە عێراقی هەشتاکان خۆشی سەرچاوەیەکی دیکەی گوێگرتن بوو لە تێزەکانی بونیادگەری و شێوازی کارکردنی میتۆدییانەی بونیادگەری. عێراقی هەشتاکان سەربازگەیەکی گەورە بوو، مۆدێلی بەعس بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا، مۆدێلی داڕشتنەوەی کۆمەڵگا بوو لەسەر وێنەی سەربازگەیەکی گەورە، لۆژیک و فانتازیای سەربازگە ئەم کۆمەڵگایەی بەڕێوەدەبرد. کارەسات لەوەدابوو بەعس هێز و توانای تەواوی پیادەکردنی ئەم مۆدێلەی هەبوو، هەموو بەرگرییەکیش لە بەرامبەریدا لە دەریایەک خوێن و چەندان گۆڕستان شەهید و ژمارەیەکی زۆری قوربانیدا نووقمدەبوو. لەو سەربازگە گەورەیەدا کە ناوی کۆمەڵگای عێراقی بوو هەموومان بوونەوەرێکی بینراوبووین و دەوڵەت لەهەموو کۆڵان و شەقام و سوچێکدا چەندان دەزگای دیسپلینکردن و چاودێری و سزادانی هەبوو. لەپاڵ ترسدا پرۆسەی بە شانۆییککردنی مەرگ و گواستنەوەی جیهانی ناو زیندانە تاریکەکان بۆسەر شەقامەکان، لەئارادابوو. بەعس لە خەیاڵی هەریەکێکماندا هەر خانویەکی چۆڵ و هەر ژێرزەمینێکی تاریکی گۆڕیبووە سەر زیندانێکی واقیعی یان خەیاڵی، چەندان جۆر تاوانی تازەی داهێنابوو، سیستمێک لە ڕەمز و سومبولی خوڵقاندبوو کە

توونددوتیژی و مەرگییان لێدەباری، دەسکارییەکی تەواوی پێکهات و بونیادی خێزانی کردبوو، جیهانە پۆلیسی و ئایدیۆلۆژییەکەی خۆی لەناو دەزگا ئیستیخباراتییەکانیەوە بۆناو خێزان و یەکە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە گواستبۆوە. بەعس سیستمێک بوو لەناو شتە بچووکەکانی ژیانی ڕۆژانەشدا ئامادەبوو، لەناو شێوازی جل و بەرگی منالان و لاواندا، لەناو یاریگە و گۆرانی و شاییەکاندا، هەم لە تەعزییەکان و هەم لە ئاهەنگەکاندا. تەواو وەک سەربازگە، لەهەموو شوێنێکدا هەستت بە فەزای دیسپلین و کۆنترۆڵ و چاودێری دەکرد. کوردستان وێران و بزوتنەوەی سیاسی کوردی وەک گشتێک لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا پەناهەندە بوو. ئەزموونی ژیان لەناو سیستمێکی تۆتالیتاریانەی لەو بابەتەدا سەرچاوەیەکی گرنگی کردنی ئەو جۆرە پرسیارە تازانەبوو کە لەسەرەوە هێمام پێکردن. بونیادگەری لەم ئاستەدا دەرەنجامی گۆڕانی ئەو هەلومەرجە ڕۆحی و سایکۆلۆژی و مەعنەوییانە بوو کە ژیانی ئێمەی گەمارۆ دابوو، دەرنجامی ئاوابوونی کۆمەڵێک مژدەی ئایدیۆلۆژی و لاوازبوونی لۆژیکی سیستمێکی فیکریبوو کە ڕۆژگارێکی درێژ خەیاڵی مەعریفی ئێمەی دەجولاند و ناوەرۆکێکی تایبەتی پێدەبەخشی.

وەک دەبینین ئەو میتۆدەی لە ڕۆژئاوادا لەگەڵ فەلسەفەی خودا بەشەڕ هاتووە، لای ئێمە، لە سەرێکەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک مژدەی ئایدیۆلۆژی و لەگەڵ واقیعێکدا، کە پڕیبوو لە بونیادی نەخوێندراوەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری، لە کێشەدابوو، لەسەرێکی دیکەوە، دەبوایە بەرگری لە تاکەکەس و خۆشکردنی زەمینەیەکی فیکری بۆ لەدایکبوونی تاکەکەس، بکات. ڕەنگە گەورەترین ناکۆکییەک میتۆدی بونیادگەری لە واقیعی ڕۆشنبیری ئێمەدا تێیکەوتبێت کۆکردنەوەی ئەم دوو ئەرکە بەیەک ناکۆکەبێت، لەسەرێکەوە هەوڵی دروستکردن و دۆزینەوەی ئەو بونیادانە بدات کە لە پشتی بەش و پارچە جیاوازەکانی ناو ڕۆشنبیریی و کۆمەڵگای ئێمەوە لەئارادابوو، لەسەرێکی دیکەوە لە هەوڵی بنیادنانی فیکرێکدا بێت کە بەرگری لە تاکەکەس و ئیرادە و مافی هەڵبژاردنی سەربەست بکات. بە مانایەکی دیکە بونیادگەری لای ئێمە دەبوایە بوونگەراییەکی تایبەت بە خۆی بخولقێنێت کە بەرگری لە تاکەکەس بکات، وەکچۆن لەهەمانکاتدا ئەو بونیادانەش بدۆزێتەوە کە لەدەرەوەی پێدراوەکانی فیکری بوونگەراییدا دەستبەکارن. لەسەرێکەوە دژ بە فیکری بوونگەرابێت و لەسەرێکی دیکەوە بەرگری لە تاکەکەس بکات. ئەم ناکۆکییە گرنگترین کاراکتەری ئیشکردنی ئەم میتۆدەیە لەواقیعی ڕۆشنبیری و فیکری ئێمەدا.

کاک بەختیار کە توانای بینینی ئەم هەلومەرجە فیکری و کۆمەڵایەتی و کولتوورییە تایبتەی نییە کە ئەم میتۆدە کاریتێداکردوە و لەو پاشخانە فیکری و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە تێناگات کە لە کوردستاندا لە پشتی کاکردن ئەم میتۆدەوە ئامادەبوو، ڕاستەوخۆ پەلاماری ئاسانترین و بەناوبانگترین و هەرزانترین تۆمەتی ناو واقیعی سیاسی و ڕۆشنبیری ئێمە ئەدات و دەڵێت ئەم میتۆدە لە ئەوروپاوە هاتووە و لاسایکردنەوەی فیکرێکە لە ئەوروپا مردوە و لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستانیشدا کێشەی نەبووە. کاک بەختیار لێرەدا جارێکی دی داگیرکەران دەکاتەوە بەو عەلاگەیەی هەموو بێتواناییەکانی خۆی بۆ دەرککردن بەو زەمینە فیکری و کولتووری سیاسییەی ئەم میتۆدەی تێدا لەدایکبووە، پێداهەڵدەواسێت. بەستنەوەی بونیادگەری بە داگیرکەرانەوە دەلالەت لە بێئاگاییەکەی گەورە دەکات لەو هەلومەرجە مەعریفی و فیکری و واقیعییانەی لەپشتی لەدایکبوون و ئیشکردنی ئەم میتۆدەوەیە لە کوردستاندا، ئاگادارنەبوونە لەو جیهانە مەعریفی و خەیاڵی و سایکۆلۆژییەی نەوەی نوێی ڕۆشنبیرانی کورد لە هەشتاکاندا دەکەونە ناویەوە، مامەڵە کردنی ئەو جیهانە تازەیە بە پێدراوە فیکرییە دۆگمایی و دروشمئامێزەکانی مارکسیزمێکی کەمخوێن و بێفیکر و بێخەیاڵ.

لێرەوە، لە زۆر ڕووەوە لەدایکبوونی بونیادگەری لە کوردستاندا لەسەر مەرگی ئەو مژدە ئایدیۆلۆژیانە کاریکردوە کە کاک بەختیار وەک سیاسی و سەرکردەیەک بە خەڵکی داوە و ڕۆژگارێکی درێژ سەرقاڵی پیادەکردنیان بووە لە کوردستاندا. ڕەنگە دژایەتیکردنی ئەم بەرێزە بۆ ئەم میتۆدە لەم ڕاستییەوە سەرچاوەیگرتبێت، ئەگەرچی کۆی ئەو قسانەی ئەم بەرێزە لەسەر ئەم میتۆدە دەیانکات جگە لە چەند ڕستەیەکی سادە و سواوە و بێفیکر تێپەڕناکات کە بەر لە بەرێزی زۆر نیمچە خوێندەواری دیکە لە ڕۆشنبیری کوردیدا کردوویانە و ئەویش ووشەیەکی بۆ زیادنەکردوە.

### 5.5 ـ فیکری «دوای ـ بونیادگەری» و مۆزەخانەکەی کاک مەلا بەختیار

ستیوارت سیم، (Stuart Sim) لە کتێبی (فەرهەنگی ڕەخنەیی بیری پۆست مۆدێرن) دا دەنووسێت: «دوای ـ بونیادگەری تێرمێکە هێما بۆ کۆمەڵێک کاردانەوەی بەرفراوان بەڕووی تێزەکانی بونیادگەریدا دەکات، کە لە فیکری فەرەنسی نیوەی دووهەمی سەدەی بیستەمدا باڵادەستبوو. کاردانەوەی فەلسەفی وەک ئەوەی جاک دێریدا کە بە، شیتاڵگەرایی، تەفکیکیەت ناسراوە، کاردانەوەی جۆرە جیاوازەکانی

ئارکیۆلۆژیا و جینالۆژیای مێژووی کولتوور لای فۆکۆ، «فیمێنیزمی جیاوازیخواز» لای تیۆریستی وەک لوسی ئیریگارای». ستیوارت سیم، (Stuart Sim) لە درێژەی قسەکانیدا دەنوسێت: «کارێکی زەحمەتە بتوانین بەشێوەیەکی ورد دەستنیشانی سەرەتای مێژوویی بزوتنەوەیەکی وەک ئەم بزوتنەوەیە بکەین، بەڵام بێگومان فیکری دوای بونیادگەری بەشێکی گرنگ و کاریگەری ئەو جیهانە کولتوورییەیە کە لە شەستەکانەوە ئامادەیە. لە ئێستاشدا دەکرێت فیکری دوای بونیادگەری وەک بەشێک لە کاردانەوەیەکی گەورەتر و گشتیتر ببینین بەڕووی ئایدیۆلۆژییا و سیستەمە سیاسیە گشتگیر و تۆتالیتێرەکاندا، کاردانەوەیەک کە ناوی دەنێین پۆست مۆدێرنیزم». (Sim, 1998: ix)

لەم پێناسە سەرەتاییەی فیکری دوای بونیادگەرییەوە چی دەبینین:

١ـ فیکرێکە لە پەیوەندییەکی ڕەخنەییدا بە بونیادگەرییەوە.

٢ـ فیکرێکی بەرفراوان و هەمە ڕەنگە و زیاد لە میتۆد و کایە و جیهانبینیەکی فەلسەفی دەگرێتەوە، بۆ نموونە شیتاڵگەرایی دێریدا، ئارکیۆلۆژیا و جینالۆژیای فۆکۆ، ڕەخنەی فێمینیستی لای ئیریگارای.

٣ـ زەحمەتە سەرەتاکانی ئەم فیکرە بەشێوەیەکی ورد دەستنیشانکەین.

٤ـ کارەکتەری ئەم فیکرە بریتییە لە ڕەخنە لە ئایدیۆلۆژیای دەسەڵاتگەر و سیستەمە سیاسیە گشتگیر و تۆتالیتێرەکان.

٥ـ ئەم فیکرە بەشێکە لە بزاوتێکی گەورەتر کە ناوی بزاوتی پۆست مۆدێرنیزمە.

ئەم دەستنیشانکردنە سەرەتاییە دەمانخاتە سەر هێڵێکی ڕاست بۆ تێگەیشتن لەم بزاوتە ئاڵۆز و فرە دەنگ و فرەلایەنە. با لە خاڵی یەکەمەوە دەستپێبکەین کە باس لەو پەیوەندییە ڕەخنەییە دەکات کە فیکری دوای ـ بونیادگەری بە بونیادگەرییەوە گرێدەدات. ئەمە مەسەلەیە چۆنە؟

ئەگەر بونیادگەری لەدوای گشت، یان سەرجەم، و خۆڕێکخستنەوەی ناوەکی و جەبر و یاسا گشتگیرەکانی ناو بونیادەکان گەڕابێت، ئەوا فیکری دوای ـ بونیادگەری لە شتانێک دەگەڕێت لەدەرەوەی ئەو پێدراوانەدا. ئەم فیکرە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت بزانێت بونیاد و گوتار و مانا و وێنە و پێناسەکان چۆن دروستدەبن، نەک چۆن کاردەکەن، ئەو پێشینانە چین کە دەیانخولقێنن، نەک ئەو میکانیزمانە بدۆزنەوە کە کاریان پێدەکەن؟ فیکری دوای بونیادگەری بەم مانایە بەدوای ساتەوەختی بەر لە دروستبوونی بونیادەکاندا دەگەڕێت و هەوڵئەدات بزانێت چۆن و بە چ شێوەیەک

گوتارەکان دروستدەبن، مانا چۆن دروستدەبێ، شوناسەکان لە چ جۆرە پەیوەندیەکدا دروستدەبن؟ لەم پرۆسەیەدا فیکری دوای بونیادگەری هەوڵی شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکان و ماناکان و پێناسەکان ئەدات، دەخوازێت وردیانکاتەوە بۆ کەرەستە خاوە سەرەتاییەکانیان و ئەو پەیوەندییانەی هێز و دەسەڵات بدۆزێتەوە کە مانا و پێناس و تێڕوانینەکانیان بە ئاراستەیەکی تایبەتدا بردوە و دەبات. هەر ئەمەشە وداەکات زۆرجار فیکری دوای بونیادگەری بەفیکری، شیتاڵگەری، تەفکیکی ناوببرێت (Brouns, 1995: 67-69). بە مانایەکی دیکە فیکری دوای بونیادگەری فیکرێکە هەوڵئەدات بونیادەکان بۆ ئەو کۆمەڵە پەیوەندییەی کە دروستیکردون شیتەڵکاتەوە و ئەو ستراتیژانەی هێز و دەسەڵات بدۆزێتەوە کە بونیادەکانی ڕاگرتووە و پەیوەندییەکانی پێکەوە کۆکردۆتەوە و چوارچێوەیەکی گشتی و بونیادی پێبەخشیون.

بە هەمانشێوەی بونیادگەری، فیکری دوای ـ بونیادگەریش شانیداداوەتە سەر دەسکەوتە گرنگەکانی فەلسەفە تازەکانی زمان، بەڵام جیاوازی گەورەیان لەوەدایە کە فیکری دوای بونیادگەری بەدوای گشتێتی و سەرجەم و بونیاد و میکانیزمەکانی خورێکخستنەوەدا ناگەڕێت، بەڵکو بەدوای چۆنیەتی دروستبوونی ماناکاندا دەگەڕێت، لەوە ڕادەمێێت پێناس و ناونانی شتەکان چۆن دێنەکایەوە و چ جۆرە پەیوەندییەکی هێز و دەسەڵات لەناو پرۆسەی دروستبوونی مانا و پێناس و ناونانەکاند ئامادەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلانە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ هەندێک لە بۆچوونەکانی سۆسێر.

بەباوەڕی سۆسێر هیچ جۆرە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ناوی شتەکان و جەوهەری شتەکاندا نییە. بۆ نموونە کە دەڵێین درەخت، ئەمە مانای ئەوە نییە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەنێوان ووشەی درەخت و خودی درەخت خۆیدا هەیە. دەکرا درەخت ناوێکی دیکەی پێبدرایە و ئێستا لە باتی ووشەی درەخت شتێکی دیکەمان بۆ بەکاربهێنایە و ناوێکی دیکەی هەبووایە. کەواتە لەنێوان خودی درەخت و ووشەی درەختدا پەیوەندییەکی لۆژیکی و پێویست و ڕاستەوخۆ لە ئارادا نییە، بەڵکو پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆ و هەڕەمەکی هەیە و ڕێکەوتەوایکردوە بە درەخت درەخت بڵێین و شتێکی دیکەی پێنەڵێین. خاڵێکی گرنگی فەلسەفەی زمان لای سۆسێر ئەوەیە کە مانای ووشەکان لەناو خودی ووشەکاندا نیین، بەڵکو لەو پەیوەندییەدان کە ووشەکان لەگەڵ یەکدیدا دروستیدەکەن. بۆ نموونە مانای ووشەی «ڕەش» یان «ڕەشیەتی» لەناو خودی ووشەی ڕەش یان ڕەشیەتیدا نییە، بەڵکو لەو پەیوەندییەدایە

کە ئەم ووشـەیە لەگەڵ ووشـەی «سـپی» یان «سـپـیـەتیدا» دروسـتـیدەکات. ڕەش لەم دیدەدا ئەو کـەسـە یان ئـەو شتەیە کە سپی نییە، سـپیش ئـەو شتە یان ئـەو کەسـەیە کە ڕەش نییە. کە گوێمان لە وشەی «پیاو» یان پیاوەتی دەبێت، ئەم ووشەیە خۆی بە تەنیا مـانـای نیـیـە، بـەڵکو لەو پـەیوەنـدیـیـەدا مـانـا پـەیدادەکـات کـە بە ووشـەی «ژن» یـان «ژنیەتییەوە»ـەوە گرێیدەدات. (هـ. س. پ. ل ٦٨). پیاو ئەو کەسەیە کە ژن نییە، یان ژن بریتییە لەو کەسەی کە پیاو نییە، لەپشتی هـەردوو ماناکانی ژن و پیاویشـەوە دنیایەک پـەیوەندی دەسـەڵات و هـێز و مـانـا هـەیە کـە جۆری پـەیوەنـدیـیـەکـان دەسـتـنیـشـانی پێکهاتـەکەیـان دەکات. لێرەوە بۆئەوەی لە مـانـاکـانی پیـاو و پیـاوەتی لە کولـتوور یان کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا تێبگەین، دەبێت لە پەیوەندیدا بـە ماناکانی ژن و ژنیەتییەوە تەماشایانبکەین.

فـیکری دوای بـونیـادگـەری فیـکرێکە لەم پـەیـوەنـدییـانـە دەڕوانێت کـە مـانـاکـان و پێنـاسـەکـان و چەمکـەکان بـەیەکدیـەوە دەبەسـتێـتـەوە و نـاوەڕۆکێکی دیـاریـکراویـان پێدەبەخشێت. بۆ نموونە کاتێک کۆمـەڵگایەک دەڵێت (پیاوەتـی بریتـییە لە پـاراسـتنی شـەرەفی خۆت و خـێزانەکەت) لـەپشـتی ئەم پێناسـەیەوە وێناکردنێکی تایبـەتی پیـاو و پیـاوەتـی و خـێزان و شـەرەف هـەیە، لەهەمـانکاتیـشدا کۆمـەڵێک وەڵامی تایبـەتیش لە ئارادایە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی: پیاو چییە، پیاوەتی چییە، شەرەف چییە و خـێزان چییـە؟ فـیکری دوای بـونیـادگـەری هـەڵگری مـیتـۆدی شـیـتـەڵکردنەوەی ئـەو پـەیوەندییـانـەیە کە لـەنێوان ئـەو چـەمکانـەدا دروسـتـبوون، ئـەم فـیکرە، بۆ نمـوونـە، دەخوازێت ئەو پێناسـەیەی سـەرەوە کە دەڵێت پیاوەتی بریتییە لە پاراسـتنی شـەرەفی خۆت و خـێزانت، ببـەستێتەوە بەو ستراتیـژانەی دەسـەڵاتەوە کە لەو ساتەدا ئـامادەن و ئەو پێنـاسـە تایبەتـە بە پیـاوەتی ئەدەن و بـەهێزیدەکەن و دەیپارێزن. لـەدیدی فیـکری دوای ـ بونیـادگەرییەوە ئـەم پێناسـەیە پێناسـی گروهـێک پیاو یـان هێزی دیاریکراوی کۆمەڵگای ئێمەیە کە بەلایانەوە خێزان بازنەی شـەرەفە و لەم بازنەیەشدا ئافرەت چەقی قـورسـایی ئـەو شـەرەفـەیە. بـەدانانی ئافرەتیش بە سـێنتـەری ئەو مـەسـەلـەیە پیـاوەتی ڕاستەوخۆ کۆمـەڵێک مـانای وەرگرتـوە کە لەپەیوەنـدییەکی ڕاستەوخـۆدایە بە بیـرۆکەی جنس و خێزان و ژنەوە، لەم پەیوەندییەشدا پیاو دەستنیشانی ئەوەدەکات مانا و شێوە و ناوەڕۆکی جنس و خێزان و ژنبوون چیبێ و چ فۆرمێ وەرگرێت. بە مانایەکی دیکە لە پشـتی ڕسـتـەی (پـیـاوەتـی بـریـتـیـیـە لـە پـاراسـتـنـی شـەرەفـی خـۆت و خـێـزانـت)ـەوە، پەیـوەنـدییـەکی نـایەکسـانی دەسـەڵات لە نێوان پیاو و ژندا ئـامادەیە کە وێناکردنێکی

تایبەتی یاسا و نۆرم و بەهاکانی پیاوەتی سەروەرکردوە. لەم دۆخەدا فیکری دوای بونیادگەری پێماندەڵێت ئەو مانایانەی لەم پێناسەیەدا بە پیاوەتی بەخشراون لەسەر بێدەنگکردن و شاردانەوە و چەپاندنی کۆمەڵێک مانای دیکەی پیاوەتی بیناکراون کە هەڵگری ستراتیژی دیکەی دەسەڵات و ڕێکخستنێکی دیکەی پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێن. بۆ نموونە ئەگەر کۆمەڵگایەک گوتی (پیاوەتی ئەوەیە مرۆڤ درۆ نەکات و لەگەڵ خۆی و دەوروبەریدا ڕاستگۆبێت)، واتە ماناکانی پیاوەتیمان لە شەرەف و خێزان و ئافرەت بەدوور گرت و بەستمانەوە بە مەسەلەی درۆ و ڕاستگۆییەوە، ئەوکات وێنە و تێڕوانین و دیدێکی دیکە بۆ پیاوەتی دروستدەبێت کە نەکەونە ناو ماناکانی خێزان و شەرەف و جنسەوە. کە پیاوەتیش نەچووەوە ناو ئەم مانایانە، ئەوکات سەرزەمینێکی دیکە بۆ پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت دروستدەبێت جیاوازە لەوەی لە پێناسەکەی سەرەوەدا ئامادەیە. بەڵام بۆئەوەی پێناسەی دووهەم، واتە پێناسەی ئەوەی کە پیاوەتی بە درۆ و ڕاستگۆییەوە گرێدرابێت نەک بە جنس و خێزانەوە، ببێتە پێناسەی باڵادەست، دەبێت هاوکێشەکانی دەسەڵات لەنێوان پیاو و ژندا گۆڕانی ڕیشەییان بەسەرداببێت و پیاوەتی سەرلەنوێ پێناسەبکرێتەوە و بەدووربگیرێت لەو مانا و پێناسە باڵادەستانەی بە شەرەف و ئافرەت و جنس و خێزانەوە گرێیئەدات.

بەم شێوەیە فیکری دوای بونیادگەری پێماندەڵێت هەر پێناسێک لە پێناسەکان و هەر مانایەک لە ماناکان لەسەر بێدەنگکردنی کۆمەڵێ پێناس و مانای دیکە دروستبووە، لەپشتی ئەم بێدەنگکردنانەشەوە ستراتیژیەتی تایبەتی دەسەڵات ئامادەیە کە ئەو شێوە پێناس و مانایانە سەروەر دەکەن و ئەوانی دیکەیان بێدەنگ. فیکری دوای بونیادگەری دێت بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی ئەو مانایانەی بەر لەهاتنی ئێمە دروستکراون و ئەو پەیوەندییە نایەکسانانەی دەسەڵات نیشانئەدات کە لەناو خودی ئەو پێناس و وێنانەدا ئامادەن. (هـ. س. پ ٦٨ـ ٦٩). فیکری میشێل فۆکۆ و جاک دێریدا نموونەیەکی زیندووی ئەم شێوازە نوێیەی فیکری فەلسەفین کە ئەمڕۆ یەکێک لە شێوازە نوێکانی کار و بیرکردنەوەی فەلسەفیین و بە سەدان مامۆستای فەلسەفە و فێمینیست و بە هەزاران قوتابی خەریکی خوێندنەوە و فێربوونی پێدراوە فیکری و فەلسەفییەکانی ئەم قوتابخانەیەن و لەڕێگەیەوە بە کۆی ئەو پێناسە و مانا و ستراتیژانەی دەسەڵاتدا دەچنەوە کە لەناو کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکاندا باڵادەستن و هەوڵئەدەن ئەو میکانیزمە نا دیموکراسی و نایەکسانانەی دەسەڵات ئاشکراکەن کە لە پشتی زۆر دیاردەوە ئامادەن.

ئێمە ووتمان بونیادگەری لە ڕەخنەگرتنێکی توند و هەمەلایەنەوە لە فەلسەفەی بوونگەرایی و ئەو کەلەپوورە فەلسەفییەوە لەدایکبوو کە تێیدا تاکەکەسی ئازاد و بڕیارەکانی بەسەرچاوەی ڕەوشت و کردار و مەسەلەیە سیاسی و کۆمەلایەتییەکان دەزانێت. دژ بەم بۆچوونە تاککەراییە و پشتئەستوور بە دەسکەوتەکانی زمانناسی هاوچەرخ و چەند ڕەهەندێکی تایبەتی فیکری مارکس و فۆرمالیستە ڕوسەکان، بونیادگەرەکان باس لەوە دەکەن کە بونیادەکان لە تاکەکەس گرنگترن و ئەوانن ئیرادەی تاکەکەس دەستنیشاندەکەن و بەڕێوەی دەبەن. بونیادگەرەکان قسەیان لە بوونی لۆژیکێکی ناوەکی یەکگرتوو دەکرد کە شتەکان دەجولێنێ و بەڕێوەیاندەبات و سەرلەنوێ ڕێکیاندەخاتەوە، نەک جولە و ویستی ئازادی تاکەکەسەکان. ئەوان دەلێن وەکچۆن زمان هەلگری لۆژیکێکی تایبەتە و لەڕێگای ڕێزمانەوە تەعبیر لەخۆی دەکات و هەرکەسێک زمان بەکاربهێنێت ناتوانێت لە یاساکانی ڕێزمان لابدات و بەکەیفی خۆی قسەبکات، ئاواش ئینسان ناتوانێت لە یاسا و ڕێزمانی بونیادە سیاسی و کولتووری و سایکۆلۆژی و ئابوورییەکانی ناو کۆمەلگا لابدات.

فیکری دوای بونیادگەری دێت بۆ ئەوەی ڕەخنەیەکی توند لەم دیدە بونیادگەرییە گشتگیرە بگرێت. دێت بۆئەوەی پێمانبلێت بوونیادەکان لۆژیکێکی یەکگرتوویان نییە، گشتگیر نین، لەناوەوەڕا پڕن لە جیاوزی و هەلگری چەندان ناکۆکیشن. بۆ نموونە لەناو کۆمەلگایەکی دیاریکراودا کە جیاوازییەکی گەورە لەنێوان ئافرەت و پیاودا هەبێت، ناکرێت قسە لەبوونی بونیادێکی فیکری یەکگرتوو بکەین کە هەردووکیان پێکەوە کۆکاتەوە، قسە لە یەک دید و یەک شێوازی بیرکردنەوە و یەک جینهانبینی بکەین. یان لە ولاتێکی وەک عێراقدا ناتوانین قسە لە بونیادی کولتوور یان بونیادی ڕۆشنبیریی عێراقی بکەین، چونکە هیچ بونیادێکیان ناتوانێت دیدی کورد و دیدی دەولەتی فاشی بەعس بەیەکەوە کۆکاتەوە. مەسەلەی گریمانکردنی بوونی یەک بونیادی فیکری لە دۆخێکی لەو بابەتانەدا مەسەلەیەکە دەخوازێت ئەو پەیوەندییە ناهاوسەنگانەی ژن و پیاو، کورد و دەولەتی عێراقی بەیەکەوە گرێدەدەن بشارێتەوە. بە مانایەکی دیکە یەکبوونی بونیادەکان دەخوازن جیاوازییە ناهاوسەنگ و نا دیموکراسییەکان بشارنەوە و پەردەپۆشیانکەن. فیکری دوای ـ بونیاد گەری دێت بۆ نیشاندانی ئەو جیاوازییانە و بەخشینی دەنگ بە شتە بێدەنگکراوەکان.

دێریدا ڕای وایە کە ناکۆکی و جیاوازیی ناو بونیادەکان هەمیشە بونیادەکان بەرەو هەلوەشاندنەوە دەبەن. لەم ڕووەوە دوژمنی سەرەکی دێریدا ئەو شتەیە کە پێیدەلێت

(لۆگۆ سێنتریزم)، واتە بە ناوەندیکردنێکی بێقەید و شەرت و ڕەهای عەقڵ. بەڵام بەگژاچوونەوەی سێنترالیزمی عەقڵ مانای بانگێشەکردن بۆ بێعەقڵی و تەلاقدانی عەقڵ و باوەڕبوون بە خورافەت و ناعەقلانیەت نییە، وەک کاک بەختیار تێیگەیشتوە. لۆگۆسێنتریزم گوتراوێکی فەلسەفییە و لای دیریدا مانای ئەو سیستەمە موتڵەق و گەردونییەی بیرکردنەوەیە کە دەخوازێت پێشوەخت و بەشێوەیەکی ئامادەکراو ڕایگەیەنێت هەقیقەت چییە، باشە چییە و جوانی چییە (هـ. س. پ. ل ٤٥٨). بە مانایەکی دیکە لۆگۆسێنتریزم بریتییە لەو شێوازە تایبەتەی بیرکردنەوە کە پێماندەڵێت عەقڵ لە توانایدایە سیستەمێک دروستکات کە بۆ هەموو دنیا بشێت و تێڕوانینەکانی بۆ جوانی و باشە و خراپە لەهەموو سوچ و قوژبنێکی دنیادا بخوات، چ بۆ نێر و چ بۆ مێ، چ بۆئەوانەی دەسەڵات و مافی قسەکردنیان لێسەندونەتەوە و چ بۆئەوانەی بەردەوام دەدوێن. دێریدا بەم موتڵەقگەراییە ڕازی نییە و لە پشتی ئەم دیدەوە بۆ عەقڵ، کۆلۆنیالیزمێکی مەعریفی و پرۆژەیەکی تۆتالیتێری دەبینێت و پێیوایە ئەم دیدە ڕەهایە گەورەترین مەترسییەکە ڕووبەڕووی فیکر ببێتەوە. لێرەوە دێریدا کاری سەرەکی خۆی دەکاتە هەڵوەشاندنەوە و شیتاڵکاری لۆژیکی ئەم (سێنترالیزمە عەقڵییە) و ڕزگارکردنی جیاوازیی لەدەستی ئەم ڕۆحە گشتگیر و تۆتالیتێرە.(هـ. س. پ. ل ٤٥٨). (خۆشئەوەیە کاک بەختیار بەردەوام باس لە خۆماڵیبوون دەکات و نووسەرەکانی ڕەهەند بەوە تاوانباردەکات کە فیکری ئەورووپی کۆپیدەکەن، کەچی دێریدا کە بەرگرییەکی گەورە لە فیکری جیاوازی دەکات و پێیوایە نابێت تۆتالیتاریزمی عەقڵی لەبیرکردنەوەدا ئامادەبێت، ڕەوانەی مۆزەخانە دەکات).

بە کورتی، لەکاتێکدا بونیادگەرەکان لەناو زماندا لۆژیکێکی یەگرتوو و هارمۆنیان دەبینی، دێریدا ڕای وایە کە زمان پڕیەتی لە فەوزا و لادان و جیاوازی (هـ. س. پ. ل ٤٥٧). هەر ئەم پێداگرتنە گرنگ و بەردەوامەی فیکری دوای بونیادگەرییە لەسەر جیاوازی وایکردوە ئەم فیکرە لەیەک کاتدا هەم بە فیکری جیاوازی و هەم بە فیکری لێکترازانسازی (تەفکیک) بناسرێت.

کاک مەلا بەختیار، کە بێئاگایە لەم شتە سادانە و کە ئەرکی ئەوەی نەگرتۆتە ئەستۆ بە چەند دێڕێک شتێکمان لەسەر فیکری دوای بونیاد گەری پێبڵێت و سەرەتاییترین چەمکەکانیمان بۆلێکبداتەوە، کەچی بێ سڵەمینەوە و لەخۆیەوە دەنوسێت «بونیادگەری، دوای بونیادگەری، پۆست مۆدێرنێتە، هێرمۆنتیک... وەکو سوریالیزم و دادایزمی دوای جەنگی یەکەم، کە چوونە مۆزەخانەی ڕوناکبیریەوە، ئەمانیش چوونە

مۆزەخانەی فەلسەفیەوە، ئەمجارەش، ڕۆژئاوا، توانی ببێتە زایگای فەلسەفەی نوێ و فەلسەفە نوێکانیش ببنە هۆکاری لەدایبونی فەلسەفەی دیکە» (ل ٣٦).

ئاخر کاک بەختیاری بەڕێز چۆن بونیادگەری چۆتە مۆزەخانەی ڕۆشنبیرییەوە، لەکاتێکدا ڕۆژانە دەیان کتێب دەردەچێت کە بۆ خوێندنەوەی جیهان و کۆمەڵگا و دیاردەکان بەشێک لە پێدراوە میتۆدییەکانی ئەو قوتابخانەیە بەکاردەهێنن، باشە وا دامانا فیکری بونیادگەری هەڵە و ناڕاستە، ئێ خۆ فیکری دوای بونیادگەری فیکرێکە دژ بە بونیادگەری و ڕەخنەیەکی هێجگار سەختە لە تێز و بۆچوونەکانی بونیادگەری، باشە ئەمەیان چۆن برا بۆ مۆزەخانە و کێ بردی و کام قوتابخانەی فەلسەفی جێیگرتۆتەوە؟ ئەگەر بونیاد گەری هەڵەبێت، دوای بونیادگەریش ڕەخنەبێت لەو هەڵانە، بە چ لۆژیکێک هەردووکیان بنێرین بۆ مۆزەخانە؟ هەڵە و ناتەواوییەکانی فیکری دوای بونیادگەری لەکوێدان و چین وا لە کاک مەلا بەختیار دەکەن دەستی دەیان فەیلەسوفی ئەم قوتابخانە فیکرییە بگرێ و بیانبات بۆ مۆزەخانە؟ چۆن ئەم فیکرە چوو بۆ مۆزەخانە لە کاتێکدا نوێنەرانی ئەم فیکرە لەو پەڕی چالاکی فیکریدان و زۆربەیان مامۆستان لە زانکۆ هەرە گرنگەکانی ڕۆژئاوادا و ڕۆژانە بە سەدان قوتابی لە پۆلەکانی خوێندندا فێری بیرکردنەوەی فەلسەفی دەکەن. لە هەمووی سەیرتر ریزکردنی فەلسەفەی هێرمۆنتیکییە لەپاڵ ئەو دوو قوتابخانە فیکرییەی دیکەدا، هێرمۆنۆتیک چ پەیوەندییەکی بە بونیادگەری و دوای بونیادگەرییەوە هەیە؟ چۆن هیرمۆنۆتیک چوو بۆ مۆزەخانە لە کاتێکدا بەشێکی گرنگی فەیلەسوفە گەورەکانی ئەمڕۆی ڕۆژئاوا، کە هەموویان ماون، سەر بە فیکر و میتۆدی هێرمۆنۆتیکن؟ چۆن پۆست مۆدێرنە چووەتە مۆزەخانەوە لە کاتێکدا هیچ زانکۆیەکی ڕۆژئاواوایی نییە لە بەشەکانی سۆسیۆلۆژیا، ئەنترۆپۆلۆژیا، زانستی سیاسەت، لێکۆڵینەوەی کولتووری، زانستی ئەدەب، فەلسەفە، زانستی کارگێڕی و کۆمیۆنیکاسیۆندا، فیکری پۆست مۆدێرن بەشێکی گرنگی میتۆدی خوێندن و فێربوون نەبێت. دواجار کاک بەختیار چۆن پێمان دەسەلمێنیت کە سوریالیەت چۆتە مۆزەخانەی مێژووەوە لە کاتێکدا ڕۆژانە لە دەیان گالێری شارە گەورەکانی ئەوروپا و ئەمریکادا کارە گرنگەکانی سوریالیەت نمایش دەکرێت، ڕۆژانە چەندان ڕۆمان و دیوانی شیعری دەردەچێت کە بە پڕن لە سوودوەرگرتن لە تێزەکانی دادائیەت و سوریالیەت. بۆچی ئەمڕۆ ئەفلاتون و سۆفیستەکانی یۆنانی کۆن مردون تا ئەو فەلسەفانە بمرن کە خاوەنەکانیان هێشتا ماون و وەک پرۆفیسۆری زانکۆ وانە دەڵێنەوە و کتێب دەنووسن. کاک بەختیار لەیەک

دێڕدا چوار قوتابخانەی فەلسەفی گەورە و چەندان میتۆدی جیاوازی فیکری فەلسەفی ڕەوانەی مۆزەخانە کردوە بەبێئەوەی ناوی فەیلەسوفێکی سەر بەو ڕێبازانەمان بۆ دەستنیشانکات و بڵێت ئەمرۆکە کەس باس لە فیکری ئەم فەیلەسوفە ناکات. بەبێئەوەی نموونەیەکمان نیشاندات و بڵێت بڕوانە هیرمۆنۆتیک، کە تێزەکانی ئەمە و ئەمەن و ئامرازەکانی شیکردنەوە و ڕاڤەکردن و تێگەیشتنیشی ئەمانەن، ئەمرۆکە لە هیچ شوێنێکی دنیادا بەکارناهێرێت و کەس گادامیر و پۆل ڕیکور و مارتا نوسباوم ناخوێنێتەوە. تەماشاکەن فیکری پۆست مۆدێرن مرد، چونکە نە فۆکۆ دەخوێندرێتەوە، نە لیوتار، نە زیگمۆند باومان و نە ریچارد ڕۆتی و نە زۆرانی دی. کاک بەختیار هیچ یەکێک لەم سەرەتایترین ئەرکانە جێبەجێناکات، کەچی ئەو جورئەتەی هەیە ئەم هەموو ڕێبازە فەلسەفیانە، کە ڕۆژانە هەزاران لاپەڕە دەخەنە بازاڕی فیکری فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و زانستی و ئەدەبییەوە، ڕەوانەی مۆزەخانەکات.

با سەرنجێکی دیکەی ئەو پەرەگرافەی سەرەوەی کاک بەختیار بدەینەوە و لەو گشتگیرییە سادەیەی تریش ڕامێنین کە بەڕێزی وەک خوی هەمیشەیی نایکات بە فیکر و هیچی دەربارە ناڵێت و وەک حوکم دەیهێڵێتەوە. کاک بەختیار دەنوسێت: «بونیادگەری، دوای بونیادگەری، پۆست مۆدێرنێتە، هێرمۆنتیک... وەکو سوریالیزم و دادایزمی دوای جەنگی یەکەم، کە چوونە مۆزەخانەی ڕوناکبیریەوە، ئەمانیش چوونە مۆزەخانەی فەلسەفیەوە، ئەمجارەش، ڕۆژئاوا، توانی ببێتە زایگای فەلسەفەی نوێ و فەلسەفە نوێکانیش ببنە هۆکاری لەدایبونی فەلسەفەی دیکە».

کاک بەختیار لەم سەری کتێبەکەیەوە بۆئەوسەری کتێبەکەی پێمان ناڵێت کامەیە ئەو «فەلسەفە نوێیانە» ی لە هەشتاکاندا ڕۆژئاوا بەرهەمیهێناون و بۆتە «زایگایان» ، ئەم فەلسەفە نوێیانەش چۆن و بەچ شێوەیەک بوونەتە هۆکاری «لەدایکبوونی» فەلسەفەی «دیکە» و ئەم فەلسەفەی «دیکە»یە، کە تازە لەدایکبووە و هەڵمی لێهەڵدەستێ، کامەیە و فەیلەسوفەکانی کێن و ئیشکالییەتە فیکرییەکانیان کامانەن و دەزگا چەمکییەکانیان چییە و ئەو پێکهاتە میتۆدییەی کە پێییانە کامەیە و ئەو پرسیارە تازانەی کە دەیانکەن چین؟ ئاخر تۆ یان وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە ئەدەیتەوە و بەمەش مافی ئەوەت هەیە بڵێی باسی فەلسەفە دەکەم، یاخود قڕوقەپ دەکەیت و کارە ڕۆژانەییەکانی خۆت لە ڕێکخراوە دیموکراتییەکان لە سلێمانی جێبەجێدەکەیت. کاک بەختیار سەرجەمی ئەو پرسیارە سادانە فەرامۆشدەکات و

وەڵامی هەرە ئاسانەکەیان ناداتەوە، کەچی چوار قوتابخانەی فەلسەفی لە دێڕێکدا دەنێرێت بۆ مۆزەخانە. تۆ کە گوتت فەلسەفەی تازە لەدایکبووە و لەمانیشەوە فەلسەفەی دیکە کەوتۆتەوە، دەبێت لانیکەم ناوی چەند فەیلەسوفێکی تازە و چەند بۆچوون و تێڕوانینێکی تازەمان بدەیتێ بۆئەوەی باوەڕت پێبکەین، دەبێت ناوی دوو کتێبی نوێ و دوو کێشەی فەلسەفی تازە و دوو پرسیاری نوێمان پێبڵێیت کە نووسراون و کراون و وەڵامدراونەتەوە بۆئەوەی بڵێین ئەم بەڕێزە دەزانێت باسی چی و کێ و کام مەسەلە دەکات. بێگومان هەموو منداڵێکی قۆناغی ناوەندی دەتوانێت بڵێت لە ڕۆژئاوا فەلسەفەی تازە لەدایکبووە، بڵێت لەم فەلسەفە تازانەشەوە فەلسەفەی دیکە کەوتونەتەوە، بەڵام ئەم قسانە هیچ مانا و بەهایەکیان نییە تا ورد نەکرێنەوە بۆ زانیاری ورد و تێکست و خوێندنەوەی ڕاستەقینە. نایشارمەوە و بە ڕاشکاوی دەڵێم فڕێدانی ئەم هەموو قوتابخانە فیکری و فەلسەفی و هونەری و ئەدەبیە بۆ ناو مۆزەخانەی مێژوو تەنها لە جورئەتی کەسێکدایە کە سوکایەتی بە فیکر بکات، دەنا کێ هەیە لە هەموو دونیادا گوتبێتی هێرمۆنێتیک مردوە و براوە بۆ مۆزەخانە.

سەیر لەوەدایە کاک بەختیار هێرمۆنتیکیش بە بەرهەمی دوای جەنگی دووهەم و بە کاردانەوە بەڕووی ئەو جەنگەدا دەزانێت، لە کاتێکدا ئەم ڕێبازە فەلسەفییە یەکێک لە کۆنترین ڕێبازە فەلسەفییەکانە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەو خوێندنەوە سەرەتاییانەی بۆ دۆزینەوەی مانای تێکستەکانی ناو ئینجیل دەکران، واتە هێرمۆنۆتیک نزیکەی ٢٠٠٠ ساڵ مێژووی هەیە و لە سەدەی نۆزدەهەمیشەوە یەکێک لە گرنترین ڕێبازە فەلسەفییەکانە و لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمیشدا لەهەمووکات زیاتر برەوی هەیە و فەیلەسوفی گەورە و گرنگی لە جۆری گادامیر، چارلس تایلەر، نوسباوم و ڕیکور پەیڕەوی دەکەن. لەبەردەم ئەم جۆرە هەڵانەدا مرۆڤ هەست بە شەرمکردن دەکات.

## 6.5 ـ پۆزەتیڤیزم و هابەرماس

کاک بەختیار دوای فڕێدانی بەشێکی گەورەی فیکری دوای جەنگی جیهانی دووهەم بۆ ناو مۆزەخانەی مێژوو، دوای ئەوەی بەهیچ جۆرێک دەستنیشانی ئەوە ناکات ئەو فیکر و فەلسەفە نوێیانە کامانەن کە ڕۆژئاوا بەرهەمی هێناون، ڕاستەوخۆ دێت و ئامۆژگاری کورد دەکات کە «دەبێ ڕابردوو لەگەڵ هەموو ئەوانەی ئەقڵانی و پەیڕەوکەری فەلسەفەی دانراوون (الفلسفە الوضعیة) پشکنینەوە و مێژوو زانستیانە

شەنوکەو بکەین» (ل ٤١). ئالێرەدا کاک بەختیار ئەو فەلسەفەیە ئاشکرا دەکات کە کورد دەبێت پێوەی خەریکبێت و ڕابردوو و مێژووی خۆی پێبپشکنێ و بخوێنێتەوە. ئەو فەلسەفەیە فەلسەفەی پۆزەتیڤیزمە، کە بە عەرەبی پێدەوترێت الفلسفة الوضعية. کاک بەختیار کە ئەم نەسیحەتە گەورەیەی کورد دەکات ئەو چاوەڕوانییە لای خوێنەری کتێبەکەی دروستدەکات کە لانیکەم باسی هێڵە گشتییەکانی ئەم فەلسەفەیەی بۆبکات و فەیلەسوفەکانی بناسێنێت و نیشانیدات بۆچی کورد ئەم فەلسەفەیە هەڵبژێرێت و گرنگی ئەم فەلسەفەیە لەچیدایە و باس لەچی دەکات و میتۆدی کارکردنی چییە. بەڵام کاک بەختیار، وەک کاری هەمیشەی، لێرەشدا قڕوقەپ دەکات و لەم پەڕی کتێبەکەیەوە بۆ ئەوپەڕی کتێبەکەی پێمان ناڵێت پۆزەتیڤیزم چییە، بۆ باشە، جیاوازی لەگەڵ ڕێباز و قوتابخانەکانی دیکەدا چییە، بۆ لەئێستادا بەکەڵکی ئێمە دێت، کێن ئەو فەیلەسوفانەی کە دەبێت بۆیان بگەڕێینەوە، کامانەن ئەو ڕێبازە تایبەتانەی ناو پۆزەتیڤیزم کە بەکەڵکی ئێمە دێن، کام ڕێبازیان بەکەڵکی ئێمە نایەت، لەبەرچی، ئێمە مێژووی خۆمان چۆن و بە چ شێوەیەک لەڕێگای پۆزەتیڤیزمە بخوێنینەوە، کاک بەختیار چۆن ئەم پۆزەتیڤیزمە لەگەڵ ڕابردوو و ئێستای خۆیدا وەک کەسێک کە باوەڕی بە دیالێکتیک هەیە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە؟ بەداخەوە کاک بەختیار وەڵامی هیچ یەکێک لەم پرسیارە گرنگانە ناداتەوە کە ئامۆژگاریکردنی میللەتێک بۆ وەرگرتنی فەلسەفەیەک پێویستی پێیەتی، بەڕێزی تەنها ئەوەی لەسەرە کورد و خوێندەوارەکانی کورد ئامۆژگاری بکات ببن بە پۆزەتیڤیست و لەدیدی پۆزەتیڤیزمەوە «مێژوو شەنوکەو» کەن.

بێگومان کاک بەختیار نازنێت پۆزەتیڤیزم چییە، چونکە گەر بیزانییە چییە و شوێنی کارکردنی، بابەتەکانی، میتۆد و پرسیارەکانی کامانەن داوای شتی وای نەک لە هەموو کورد بەڵکو لە هیچ کەسێکی دیش نەدەکرد. ئەو ئەرکانەی کاک بەختیار دەیانخاتە سەر شانی پۆزەتیڤیزم هەڵەن و هەڵەی هێجگار گەورەش، ئەم هەڵانە لە ئاستە بازارییەکەیدا وەک ئەوە وایە کلاشینکۆفێک بدەیتە جوتیارێک و پێیبڵێیت برۆ جووتی پێبکە. وەکچۆن کلاشینکۆف ناتوانێت جووتبکات ئاواش فەلسەفەی پۆزەتیڤیزم کاری «شەنوکەوکردنی» مێژوو و پشکنینی ڕابووردو نییە. بابەتی ئیشکردنی فەلسەفەی پۆزەتیڤزم، نە ڕابووردوە و نە مێژووە ، وەک کاک بەختیار بەهەڵە لێی حاڵی بووە، بەڵکو شیکردنەوەی شێوازە جیاوازەکانی فیکر و زانستە. پۆزەتیڤیزم بە پلەی

یەکەم فەلسەفەی زانستە، ئەو شێوەیەشە لە فەلسەفەی زانست کە جەغد لەوەدەکات کە زانست دەتوانێت تەنها ئەو شتانە لێکبداتەوە کە قابیلی تێبینیکردنن و ڕاستەوخۆ هەستەکانی ئینسان هەستیان پێدەکەن. شتێ کە قابیلی تێبینیکردن نەبێت زانست ناتوانێت لێیبکۆڵێتەوە. (Abercrombie, 1994: 322) بە مانایەکی دیکە پۆزەتیڤیزم ئەو فەلسەفەیەیە کە لە تەماشاکردنی دنیادا تەنها لەو دیاردانە دەڕوانێت کە قابیلی تێبینیکردنن، ئەو شتانەش کە تێبینی ناکرێن ناچێت بەلایاندا. بۆ نموونە ئەگەر مێژوونوسێکی پۆزەتیڤیست تەماشای مێژووی ئێمە بکات، تاقە شتێک ئەنجامیدات تەماشاکردنی ئەو دۆکۆمێنت و نووسراوانەیە کە قابیلی دۆزینەوە و تێبینکردنن، ئەمەش مانای گەڕانەوە بۆ ئەو دۆکۆمێنت و بەڵگانەی کاک بەختیار بەهی دەرباری سوڵتان و خەلیفەکانی ئیسلامیان دەزانێت. لەمەش بترازێت ئەم مێژوونووسە پۆزەتیڤیستە، کە تەماشای ئەو دۆکۆمێنتانە دەکات، کاری ئەو تەنها وەسفکردنێکی دەرەکی ئەو شتانەیە کە لە دۆکۆمێنتەکاندا هەڵگیراون و قابیلی تێبینیکردنن. لە دەرەوەی ئەم ئەرکانەدا ئەم مێژوونووسە توخنی هیچ مەسەلەیەکی دیکە ناکەوێت، ئیدی ئەم مێژوونووسە چۆن ڕابردوو شەن و کەو کات، چۆن نهێنی تر بدۆزێتەوە کە تا ئێستا نەدۆزراونەتەوە، چۆن ئەمشتانە بەهۆی میتۆدی پۆزەتیزمەوە بکات، ئەوایان مەگەر هەر خودا و کاک مەلا بەختیار بیزانن.

لە پاڵ بانگێشەکردن بۆ پۆزەتیڤیزمدا کاک بەختیار بانگێشەی ئەوەش دەکات کە هێشتا باوەڕی بە فیکری دیالێکتیک هەیە وخەباتی بۆ دەکات، هەروەها فیکری فەیلەسوفی ئەڵمانیش، یورگن هابرماز، کەسەر بە نەوەی دووهەمی قوتابخانەی فرانکفۆرتە، وەک فیکرێکی عەقلانی و پارێزەری مۆدێرنە دەبینێت. کاک بەختیار کە ئەم شتانە بەدوای یەکدا ڕیزدەکات و پۆزەتیڤیزم و دیالێکتیک و فیکری هابرماز بەم سادەییە لە سەبەتەیەکا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە ئاگای لەوە نییە کە دنیایەک ناکۆکی فیکری و فەلسەفی و میتۆدی لەنێوان ئەم لایەنە جیاجیایانەدا هەیە و ناکرێت ئەمشتانە بەیەکەوە کۆکرێنەوە. کە ووتت دەبێت پۆزەتیڤیزم بکەینە فەلسەفەی خۆمان ناتوانیت بەرگری لە دیالێکتیک بکەیت، چونکە پرنسیپەکانی دیالێکتیک و پرنسیپەکانی پۆزەتیڤیزم بەیەکەوە کۆناکرێنەوە، لەنێوان فیکری هابرماز و و پۆزەتیڤیزمیشدا ناکۆکی و دوژمنایەتییەکی گەورە هەیە. چۆن؟

وەک لە لاپەڕەکانی پێشوتردا نیشانماندا یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دروستبوونی قوتابخانەی فرانکفۆرت دژایەتیکردنی تێڕوانینەکانی پۆزەتیڤیزمە سەبارەت بە ماهییەت و ئەرک و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زانست. فرانکفۆرتییەکان لەسەر ئەو باوەڕەبوون کە دەبێت جۆرێکی دیکە لە پراکتیک و مامەڵەی زانسی بێتەکایەوە. ئەمان بە گەڕانەوە بۆ مارکس ئەو کەلەپورە زانستییە دروستدەکەن کە تەواو پێچەوانەی پۆزەتیڤیزمە، بە گوێگرتن لەو گوتەیەی مارکس کە دەڵێت کاری فەیلەسوفان تەنها وەسفکردنی جیهان نییە، بەڵکە گۆڕینێتی، فرانکفۆرتییەکان ئەو کەلەپورە پۆزەتیڤیستیە ڕەتدەکەنەوە کە دەڵێت کاری زانست تەنها وەسفکردنێکی بێلایەنی دیاردە بینراوەکانە. لەکاتێکدا پۆزەتیڤیزم داوای بێلایەنی زانستی دەکات، فرانکفۆرتییەکان داوای ڕۆحیەتێکی زانستی ڕەخنەیی دەکەن کە ڕووی لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیبێت، ئەگەر پۆزەتیڤیزم کورتکردنەوە و سنووردارکردنی زانستبێت بۆ وەسفکردنێکی دەرکی دیاردەکان لە مەودای تواناکانی هەستدا بۆ بینین و تێبینیکردن، ئەوا زانست لای فرانکفۆرتییەکان هێزە نەدیتراوەکانی ئەودیوی دیاردەکان دەخوێنێتەوە و لە هەستەکانەوە دەگوازێتەوە بۆ ئەو ستراکتور و پەیوەندییە نادیارانەی کە لەناوەوەڕا شتە هەستپێکراوەکان ڕێکدەخەن.

پۆزەتیڤیستەکان باوەڕیان وایە کە زانستە ئینسانییەکان دەشێت وەک زانستە سروشتییەکانیان لێبێت، وەک ئەوان دەرەنجامی سەد دەر سەد ڕاست بدەن بە دەستەوە. لە مێژووی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و مێژووی ئەو بەشەی فەلسەفەدا کە پێدەگوترێت ئەبستمۆلۆژیا هەر زوو ئەم بۆچوون و چاوەڕوانییە پۆزەتیڤیستییە بەدرۆ خرایەوە. پۆزەتیڤیستەکان پێ لەسەر ئەوە دادەگرن کە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەکان نابێت تەماشای ویست و ئارەزوو و مەبەست و ئیرادەی ئینسانەکان بکەین، چونکە ئەمانە شتی ناوەکین و قابیلی بینین و پێوان نین، بەڵکو دەبێت تەماشای ئەو شتانە بکەین کە قابیلی پێوانن (Abercrombie, 1994: 348) لەم ڕووەوە فیکری دیالەکتیکی، کە کاک بەختیار هێشتا خۆی بە پەیڕەوکەر و خەباتکەری دەزانێت، تا سەر ئێسقان فیکرێکە دژ بە پۆزەتڤیزم. مارکس دەڵێت بۆ تێگەیشتنی سیستمی سەرمایەداری تەنها ئەوە بەس نییە تەماشای دیاردەکان بکەین و لەدەرەوەڕا سەرنجیان بدەین، ئێمە ناتوانین لەڕێی هەستەکان و تێبینیکردنەوە لە سەرمایە و میکانیزمەکانی کارکردنی سەرمایەداری بگەین، بۆ تێگەیشتن لە سەرمایەداری دەبێت

تەماشای ئەو میكانیزمە نادیارانە بكەین كە لەپشتی دیاردە دیارەكانەوە ئامادەن، تەماشای ئەو جیهانە نادیارە بكەین كە لەپشتی جیهانی بەرچاو و دیتراوی سەرمایەوە پەنهانە. بەبۆچوونی ماركس بۆ تێگەیشتن لە سەرمایەداری دەبێت لە شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وردببینەوە كە چەندان میكانیزمی نەبینراو و تێبینی نەكراوی تێدایە. ئەم كارەش بە پۆزەتیڤیزم ناكرێت چونكە، بە باوەڕی ماركس، پۆزەتیڤیزم تەنها دیوی دەرەوەی ژیانی كۆمەڵایەتی دەبینێت (هـ. س. پ. ل ٣٤٨).

ئەگەر كاك بەختیار هێشتا باوەڕی بە دیالێكتیكە و هێشتاش خەبات بۆ دیالێكتیك دەكات، ئیدی چۆن هەموو كورد بانگ دەكات بۆ ئامێزكردنەوە بۆ پۆزەتیڤیزم، ئەگەر باوەڕیشی بە پۆزەتیڤیزمە بە چ مانایەک هەواداریی دیالێكتیكە و تائێستاش خەباتی بۆدەكات. من لەوە دڵنیام كاك بەختیار نایەوێت سەر لە كەس تێكبدات و شوناسی جیاواز و دژ بەیەک هەڵگرێت، بەڵام لەهەمانكاتدا تەواو باوەڕم وایە كە بەڕێزی نازانێت باسی چی دەكات و لە چ مەسەلە و بابەتێک ئەدوێت، ئەم بەڕێزە ئەگەر تەنها پێناسە سادەكانی ئەو بابەتانەی بزانیایە كە قسەیان لەسەر دەكات نەدەكەوتە هەڵە و ناكۆكی لەم بابەتەوە، ئاخر ناكرێت تۆ لەسەرێكەوە پۆزەتیڤیست بیت و لەسەرێكی دیكەوە پەیڕەوی لە دیالێكتیک بكەیت. لە نێوان پۆزەتیڤیزم و دیالێكتیكدا ناكۆكی گەورە و وێناكردنی تەواو جیاواز بۆ كار و ئەرک و ڕۆڵی زانست هەیە.

وەک ووتمان پۆزەتیڤیزم تەنها دیوی دەرەوە و بەرچاوی دیاردەكان دەبینێت و شۆڕنابێتەوە بۆ ئاستی لێكدانەوەی ناوەكی و دۆزینەوەی ئەو میكانیزم و هێزانەی لەناوەوەڕا دیاردەكان بەرهەمدەهێنن و ئاراستەیاندەكەن و بڵاویاندەكەنەوە، پۆزەتیڤیزم پرسیاری (بۆچی؟) ناكات. بۆ نموونە گەر زانایەكی سیاسی بخوازێت لەدیدی پۆزەتیڤیزمەوە لێكۆڵینەوەیەک لەسەر هەڵبژاردنی پەرلەمانی كوردی ساڵی ١٩٩١ بكات، خۆی بە ژمارەی كەسەكان و دابەشبوونی دەنگەكان و ژمارەی ناوچەكانەوە خەریک دەكات، هەموو ئەو شتانە تەماشادەكات كە قابیلی پێوانن، بۆ نموونە، پێمان دەڵێت چەند سێنتەری هەڵبژاردن لە ناوچە جیاوازەكانی كوردستاندا هەبووە، لە چ كاتژمێرێكدا سەنتەرەكان كراونەتەوە، كەی داخراون، یەكێتی چەند دەنگ و پارتی چەند دەنگ و هێزەكانی دی چەند دەنگیان هێنا. ئەم زانا پۆزەتیڤیستە دەتوانێت نیشانماندات زۆربەی دەنگەكانی یەكێتی لە سلێمانی و دەوروبەری بووە و ئەوانی پارتی لە هەولێر و دهۆک، دەكرێت بڵێت كێ چاودێری هەڵبژاردنەكانی كردوە و ئەو

چاودێرانە لەچەند وڵاتەوە هاتبوون، کام حیزب کەمترین دەنگی هێنا و کێ زۆرترین. لێکدانەوەی پۆزەتیڤیزمی لە تێبینکردن و نووسینەوەی ئەم پێدراوانە و پێدراوی دیکەی لەم بابەتەدا کۆتاییان پێدێت، هەموو ئەم پێدراوانە قابیلی پێوان و تێبینکردنن، بەڵام پرسیاری ئەوەی بۆچی خەڵک دەنگ بە پارتی یان یەکێتی ئەدەن؟ بۆ پارتی لە دهۆک و یەکێتی لە سلێمانی، دەنگ زیاتر دەهێنن؟ بۆ ئیسلامییەکان بوون بەهێزی سێهەم؟ بۆ کۆمۆنیستەکان دوای ئەو مێژووە درێژە دەنگی کەمیان هێنا؟ پۆزەتیڤیزم وەڵامی ئەم پرسیارانە و چەندان پرسیاری دیکەی لەم بابەتە نەداتەوە. بە هەمانشێوە گەر بمانەوێت وەک پۆزەتیڤیستێک تەماشای مێژووی خۆمان بکەین ئەوکات بۆئەوەی کارەکەمان زانستی بێت ناتوانین جگە لە وەسفی ئەو دیاردانەی کە دەکرێت ببینرێن و بپێورێن زیاتر بڕۆین، ناتوانین پرسیاری ئەوە بکەین ئێمە بۆ دەوڵەتمان نییە؟ بۆچی شۆڕشەکانی ئێمە سەرناکەون؟ بۆچی مێژووی ئێمە پڕە لە خوێن و کەوتن و هەستانەوە؟ ئەمانە پرسیاری پۆزەتیڤیستی نین و پۆزەتیڤسەکان خۆیان تەنها لەو بەشەی «زانستدا» دەبیننەوە کە شتەکان دەپێوێت و نیشانیان ئەدات.

خۆش لەوەدایە کاک بەختیار کە هابرماز بە پاڵەوانی مۆدێرنە و فەیلەسوفی ڕاستەقینە، بە بەرگریکەری ژمارە یەکی مۆدێرنە و نوێنەری فیکری عەقڵانی دەزانێت و بەناوی ئەوەوە هێرش دەکاتە سەر هەموو فیکری پۆست مۆدێرن و پێیوایە لە لیوتار و فۆکۆی «بردۆتەوە!!!» ، ئاگای لەوە نییە کە یەکێکە لە ڕەخنەگرە هەرە گەورەکانی پۆزەتیڤیزم. هابرماز چەندان جار دژ بە پۆزەتیڤیزم نووسیویەتی، ئەم فەیلەسوفە کتێبێکی گەورەی بەناونیشانی (مەعریفە و سود و قازانجی ئینسانی) دژ بە قوتابخانەی پۆزەتیڤیزم نووسیوە (Habermas, 1972) . بەباوەڕی هابرماز پۆزەتیڤیزم و دیدی پۆزەتیڤیستی لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا نموونەی عەقڵانیەتێکی تەکنیکییە و بەشێکە لەو پێویستیانەی بەهۆیەوە کۆمەڵگا کۆنترۆڵ دەکرێت (Abercrombie 1994: 322). بەشێکی گەورەی کاری هابرماز و ئالتۆسێر و بریتیبووە لە پاککردنەوەی مارکسیزم لە پۆزەتڤیزم (هـ. س. پ. ل ٣٥٤). عەقڵانییەتی هابرمازی و عەقڵانییەتی پۆزەتیڤیزمیش تا سەرئێسقان دژ بەیەکن، هابرماز ڕای وایە کە سەرچاوەی مەعریفە لە تێبینیکردندا نییە، وەک پۆزەتیڤیستەکان دەڵێن، بەڵکو لە هەلومەرجێکی کراوە و ئازاد و نەپچڕاوی دیالۆگدایە. لەکاتێکدا سەرچاوەی زانست و کاری زانستی لای پۆزەتیڤیستەکان لە تێبینکردندایە، لای هابرماز ئەم سەرچاوانە

لەناو ئەو هەلومەرجە تایبەتەی پەیوەندیکردندایە کە تێیدا مرۆڤەکان لە ئاڵۆگۆڕێکی بەردەوام و ئازاد و دیموکراسییانەی ئەرگومێنت و بۆچوونەکاندان. هابرماز پێ لەسەر ڕەهەندە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکانی زانست دادەگرێت و بەرهەمهێنانی زانست لەدەرەوەی ئەم ڕەهەندانەدا نابینێت، لەکاتێکدا پۆزەتیڤیستەکان باس لە بێلایەنبوونی زانست دەکەن و پێیانوایە پەیوەندی بە سیاسەت و کولتوور و کۆمەڵگاوە نییە. لەکاتێکدا لای پۆزەتیڤیستەکان زانست بێلایەنە و کاری بەسەر سیاسەتەوە نییە و بابەتییە، بەباوەڕی هابرماز زانستی بێلایەن و ناسیاسی و بابەتی بوونی نییە، هەمیشە هەقیقەت مەسەلەیەکە وابەستەی کێشەی سیاسی و ئازادی پەیوەندیکردن و ئاڵوگۆڕی بیروباوەڕە (هـ. س. پ. ل ١٩٢). وەک دەبینین میتۆدی هابرماز و میتۆدی پۆزەتیڤیزم تاسەر ئێسقان بەیەکدی ناتەبان، کەچی کاک بەختیار هەردوکیان لە خەیاڵی خۆیدا بە تەواوکەری یەکدی و بە تاقە فەلسەفەیەکی عەقڵانی دەزانێت.

(ڕۆسڵ کێت) لە کتێبێکی بەناوبانگدا دەربارەی هابرماز دەنووسێت: «چەمکی تیورەی کۆمەڵایەتی ڕەخنەیی لای هابرماز لە سیاقی ڕەخنەیەکی گشتگیر و هەمەلایەنی پۆزەتیڤیزمدا لەدایکدەبێت»(Keat, 1981:4)

ئاشکرایە کاک بەختیار لە ئامۆژگاریکردنی کورد و ڕۆشنبیرەکانی کوردا کەوتۆتە ناو ناکۆکییەکەوە خوداش ناتوانێت دەریبهێنێتەوە، ئەو لەسەرێکەوە هابرمازییە و لەسەرێکی دیکەوە پۆزەتیڤیستییە، لەسەرێکەوە باوەڕی بە دیالێکتیکە و لەسەرێکی دیکەوە بانگێشەی پۆزەتیڤیزم دەکات. ئەمەش ڕێک وەک ئەوە وایە تۆ لەیەککاتدا هەم پارتی بی و هەم یەکێتی، هەم عەلمانی بیت و هەم ئیسلامی و هەم عەرەب و هەم کورد. ئەم جۆرە هەڵانە لە بێئاگایی و نەزانین و بەزۆر سواری ملی بابەتبوونەوە سەرچاوەدەگرێت.

من لەسەرەتای ئەم بەشەدا لەوە دوام کە یەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی فەلسەفە بریتییە لە دروستکردنی یەکدیگیری، تەوافوق، لە بیروبۆچووندا و نەهێشتنی دروستبوونی ناکۆکییە لەنێوان بۆچوونەکاندا. فەلسەفە ئەو توانا عەقڵییە بە ئینسان دەبەخشێت کە بۆچوونی ناکۆک و دژبەیەکی نەبێت، کە بەشتێکت ووت ڕەش دواتر پێی نەڵێیت سپی، کە گوتت من باوەڕم بە ئاین و میتافیزیک نییە، دواتر بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هەژاری بەو سەرەتا ئاینییە دەستپێنەکەیت کە دەڵێ «خودا ماڵ و ملک دابەشدەکات»، کە ووتت باوەڕت بە دیالێکتیک و هابرمازە دواتر کەس ئامۆژگاری

نەکەیت ببێت بە پۆزەتیڤیست. لەنێوان ئەو شتانەدا ناکۆکی هەیە، ناکۆکی گەورەی ئەوتۆ کە یەکێکیان ئەویدیکەیان ڕەتدەکاتەوە. هەرکەسێک ئەم ناکۆکیانە پێکەوە کۆکاتەوە مانای ئەوەیە کە یەکدیگیری لە بیرکردنەوەیدا نییە، مانای شتەکان و ماناکان و ئاراستە دەلالییەکانیان نازانێت، کە ئەمانەشت نەبوو باسی هەرچییەکت کردبێت باسی فەلسەفەت نەکردوە، جا بە کتێب نووسیبێت یان بە ووتار، هەزار لاپەڕەت نووسیبێت یان چەند پەرەگرافێک. ئەوەی سەیرە و مایەی پرسیارە ئەوە ڕاستییە کە کاک مەلا بەختیار لانیکەمی یەکدیگیری لە بۆچوون و حوکمەکانیدا نییە، نازنێت پۆزەتیڤیزم چییە، نازانێت هابرماز چی ووتوە، نازانێت قوتابخانەی فرانکفۆرت کەی دروستبووە و بۆ دروستبووە، نازانێت ڕەگەکانی فیکری بونیادگەری و دوای بونیادگەری لەکوێدان، کەچی پێیوایە باسی فەلسەفەی کردوە و لەسەر بەرگی کتێبەکەشی ئەم مەسەلەیەی نووسیوە، مافی ئەوەشی بەخۆی داوە دەیان فەیلەسوفی گرنگ و چەندان قوتابخانە و میتۆدی فەلسەفی و هونەری ڕەوانەی مۆزەخانەکات.

### 7.5 ـ ئەفلاتون و دەسەڵات

کاک بەختیار لە قسەکردنیدا لەسەر تێڕوانینی ئەفلاتون بۆ دەسەڵات هەڵەیەک دەکات لە قەبارەی ئەو هەڵانەی سەرەوەدایە و لێرەشدا بەڕێزی لە دوو ڕستە و نیودا دەربارەی تێڕوانینی ئەم فەیلەسوفە شتێک دەنوسێت کە بەهیچجۆرێک پەیوەندی بە دیدی ئەفلاتونەوە بۆ دەسەڵات نییە. کاک بەختیار دەنوسێت: «ڕەگی مشت و مڕ لەسەر دەسەڵات، لە دونیای فکر و فەلسەفەدا، لەوکاتەوە چەکەرەی کردووە کە لە پێش زاینەوە ئیفلاتون پێی وایە (دەسەڵات هەقە) و لەمەشەوە (فەلسەفەی هەق) فۆرمیلابوو». (بڕوانە ل ٢١٨)

یەکەم پرسیار لێرەدا لە کاک بەختیاری بکەین سەرچاوەی ئەو قسانەیە کە بەناوی ئەفلاتوونەوە دەیانکات، ئایا لەکوێ و کام کتێب و نووسراودا بەڕێزی خوێندنویەتییەوە کە (دەسەڵات هەقە) و لەمەشەوە (فەلسەفەی هەق) داکەوتوە؟ دواتر فەلسەفەی هەق چییە و بەڕێزی بۆ بەچەند دێڕێک شتێکمان دەربارەی پێناڵێت تا بزانین باسی چیدەکات، ئاخر بەڕێزی کە هاتووە نەفەس بۆ ڕەخنەی کوردی درێژکات، نەدەبوا ئەم مەسەلە سەرەتاییانە فەرامۆشکات. ئایا ئەوەندە بەسە بڵێی ئەفلاتوون دەسەڵاتی یەکسانکردوە بە هەق و لەمیشەوە فەلسەفەی هەق داکەوتووە، ئیدی بێدەنگبیت و وابزانیت باسی فەلسەفە و فیکری فەلسەفیت کردوە و نەفەست بۆ ڕەخنەی کوردی

زیادکردوە. بەهەرحاڵ کاک بەختیار لە هیچ شوێنێکی کتێبەکەیدا خۆی بە پەیڕەویکردنی سادەترین مەرجەکانی نووسینی فیکری و زانستییەوە خەیکنەکردوە، بۆیە لێرەشدا هەمان مەسەلەی پشتگوێخستوە. من لێرەدا واز لەم ڕەهەندە سەیرەی کتێبەکەی کاک بەختیار دەهێنم و دەمەوێت بپرسم ئایا بەڕێزی ڕاستدەکات کە دەڵێت ئەفلاتون دەسەڵاتی بەهەق یەکسانکردوە؟ یان ئەمە قسەی کاک بەختیارە یان هی ئەفلاتون، ئایا بەڕاستی دەسەڵات لای ئەفلاتون یەکسانە بە هەق؟ با هەوڵدەین زۆر بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە.

یەکێک لە گرنگترین کارە فەلسەفییەکانی ئەفلاتون کتێبی پۆلیتیکایە، کە هەندێکجار وەک سیاسەت و هەندێکجار وەک دەوڵەت و هەندێکجاریش وەک کۆمار، وەرگێڕدراوە. ئەم کتێبە هەم بۆ عەرەبی و هەم بۆ فارسی وەرگێڕراون و کاک بەختیار دەیتوانی بیخوێنێتەوە و بزانێت ئەفلاتون چی لەسەر دەسەڵات نووسیوە. مەسەلەی سەرەکی لەم کتێبەی ئەفلاتووندا مەسەلەی مافپەروەری یان هەقخوازییە. ئەفلاتون لەم کتێبەدا بەدوای ئایدیالترین شێوازی دەوڵەتدا دەگەڕێت، کە تیایدا هەقخوازی سروشتی سەرەکی ئەو دەسەڵاتەیە کە لەسەر حوکمە. لای ئەفلاتوون مافپەروەری، یان هەقخوازی، سیفەتی دەسەڵات خۆی نییە، بەڵکو سیفەتی ئەو مۆدێلە ئایدیالییەی دەوڵەتە کە ئەفلاتون پێشنیاری دەکات.

ئەفلاتون دوو ئاستی هەقخوازی لە یەکدی جیادەکاتەوە: (Peperstraten, 1991: 21)

یەکەمیان ئاستی دەوڵەتە، واتە ئاستی دەسەڵشتی سیاسی، ئەگەرچی دەوڵەت لە ئەزمونی یۆنانیدا تەنها لە سیاسەتدا نیشتەجێ نییە.

دووهەمییان ئاستی تاکەکەسە. ئەفلاتون ڕای وایە کە هەقخوازی زیاتر لە ئاستی دەوڵەتدا دەردەکەوێت تا لە ئاستی تاکەکەسدا.

بەباوەڕی ئەفلاتون دەوڵەت پێویستیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی گرنگە. ئەوەی وادەکات دەوڵەت پێویست بێت ئەو ڕاستییەیە کە خەڵک لە بیرکردنەوە و مەرام و تواناکانیاندا جیاوازن و گەر بەیەکەوە کاریانکرد ئەوکات دەتوانن پێویستییە سەرەکیەکانی ژیانیان ئاسانتر و بە زەحمەتێکی کەمتر فەراهەمبکەن. کۆمەڵگاش کاتێک پێشدەکەوێت کە کارەکان دابەشکرێن و هەرکەسە و بەو کارەوە سەرقاڵبێت کە باش دەیزانێت و توانای بەسەریدا دەشکێت. لێرەوە ئەفلاتون دابەشکردنی کار دەکاتە بناغەی مێژوویی دەوڵەت (هـ. س. پ. ل ٢١). بەڵام ئەم دابەشکردنەی کار

دابەشکردنێکە کە لەسەر ڕیزکردنێکی هیرارکی بەها و نرخی کارەکان دروستبووە و هەریەکێکیشیان مەبەست و پێداویستییەکی تایبەتی پڕدەکاتەوە. بەباوەڕی ئەفلاتون دەوڵەتی نموونەیی سێ هێزی تایبەتی کارکردنی پێویستە، یەکەمیان کارگەران، دووهەمیان پاسەوانن و سێهەمیشیان دەسەڵاتدارانن.

ئەم توێژە جیاجیایانە هەریەکێکیان خاوەنی سیفەتی جیاوازە و هەریەکێکیان جۆرێکی تایبەتی خوێندن و سیستمی پەروەردەیی و ئەخلاقۆیان پێویستە.

پاسەوانان دەبێت هەم سیفەتی ئازایەتی و هەم سیفەتی دڵنەرمییان تێدابێت. بۆیە هەم پێویستیان بە پەروەردەکردنێکی جەستەیی و هەم بە پەروەردەکردنێکی ڕۆحی هەیە. بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەی پەروەردەکردنیان پێویستە تێکەڵێکبێت لە مەشقی جەستەیی و هونەری مۆسیقا و ئەدەب. دەبێت لە هەڵبژاردنی جۆری مۆسیقاکەدا وریای تەواو بەکاربهێنرێت و نابێت موسیقایەکی هەڵەیان بۆ هەڵبژێردرێت. پاسەوانەکان دەبێت بە کۆمەڵ بژین و ژیانی تایبتیان نەبێت، لە هەمووشی گرنگتر نابێت خاوەنی مڵکیەت و شتومەک و پارە بن، ئەمانە لە خانوی سادەدا دەژین و خواردن و خواردنەوەیان بە کۆمەڵە و مەسروفیان لەلایەن دەوڵەتەوە دەکرێت. بەلای ئەفلاتونەوە ئەم شتانە بۆ پاسەوانان زۆر گرنگن، چونکە ئەوان گەر پارە و شتومەک و مڵکی تایبەتی خۆیان هەبوو ئەوکات لە باتی بەرگریکردن لە دەوڵەت خەریکی زیادکردنی سامان و مڵک و ماڵ دەبن، ئەمەش مەترسی گەورەی بۆ سەر مانەوەی دەسەڵات و قازانجی گشتی دەبێت. ئافرەتانیش دەتوانن ببن بە پاسەوان، بەڵام نابێت نە پیاوان و نە ئافرەتانی پاسەوان ژیانی خێزانییان هەبێت، واتە نابێت پیاوێک تەنها لەگەڵ ئافرەتێکی تایبەتدا، یان ئافرەتێک لەگەڵ پیاوێکی تایبەتدابێت، بۆیە ئەو منداڵانەی لەپاسەوانەکان دەکەونەوە کەس نازانێت دایک و باوکیان کێییە. ئەفلاتون باس لەوەدەکات کە دەبێت ئاهەنگی تایبەت بگێڕدرێت بۆ جوانترین و باشترین پیاو و ئافرەتی پاسەوان بۆ ئەوەی یەکترببین و منداڵی وەک خۆیان دروستکەن.

لە باشترین پاسەوانەکان، گروهی دووهەم، واتە حوکمدارانی ئایندە هەڵدەبژێردرێت، بەڵام ئەم هەڵبژێردراوانە دەبێت خولی درێژی فێربوونی دیکە ببینن. ئەم فێربوونەش بە مەبەستی زیادکردنی توانا تیوری و پراکتیکیەکانی ئەو کەسە هەڵبژێردراوانەیە. ئەمانە تەنها کاتێک تەمەنیان لە پەنجا ساڵ تێدەپەڕێ و وانەکان بەتەواوی و بەباشی تێگەیشتوون و دەرچوون، ئەوکات دەتوانن شوێنە گرنگ و بەرزەکانی دەوڵەت بگرنە دەستیان. ئەو زانیارییە تیورییەی کە دەبێت بیزانن جگە لە

مۆسیقا و مەشق دەبێت ماتماتیکیشی بچێتە پاڵ. ماتماتیک بەلای ئەفلاتونەوە گرنگە چونکە توانای بیرکردنەوەی تەجریدی بە خاوەنەکەی دەبەخشێت. بیرکردنەوەی تەجریدیش پێویستە بۆ ئەوەی حوکمداران بزانن واقیعی ڕاستەقینە کامەیە و بتوانن پێکهاتەکەی دەستنیشانکەن.

گروهی سێهەم، واتە کارگەران، ئەو گروهەیە کە کاردەکات. ئەم گروهە هەم پاسەوانان و هەم حوکمداران بەخێودەکات، ئەمانەی دواییان کارناکەن، ئەوان ئەرکی بەرگریکردن لە دەوڵەت، پاراستنی ئاسایش و ئایندە و چۆنایەتی دەسەڵات دەگرنە ئەستۆ. گروهی کارگەران گروهی جوتیاران و پیشەوەران و بازرگانانن. ئەمانە دەتوانن هەم خاوەنی موڵکیەتی تایبەت و هەم خاوەنی خێزان بن.

بەباوەڕی ئەفلاتون ئەم سێ گروهە کۆمەڵایەتییە دەبێت لە یەک داببڕێن و تێکەڵ نەبن. یاسای سەرەکی ئەم دەوڵەتە ئایدیاڵیە ئەوەیە کە هەر کەسێک دەبێت خۆی بەیەک شتەوە خەریکبکات، نابێت کەس بە زیاد لەشتێکەوە خەریکبێت، چونکە ئەوکات لەهیچ یەکێکیاندا باش نابێت.

بەباوەڕی ئەفلاتون دەوڵەتێکی لەم بابەتە چوار سیفەتی دەبێت: حیکمەت، ئازایەتی، خودکۆنترۆڵی و عەدالەت یان هەقخوازی. حیکمەت سیفەتی سیاسییەکان و سەرکردەکانن، ئازایەتی سیفەتی پاسەوانان، خودکۆنترۆڵی هی هەرسێ گروپەکە و هەقانیەتیش بریتییە لە ئاکارێکی گشتی و گشتگیر کە لەو دۆخە ئایدیالییە تایبەتەدا وەک سیفەتی هەموو کۆمەڵگا دەردەکەوێت. کەوابوو عەدالەت، یان هەقانیەت، بریتییە لە هەلومەرجی ڕاستەقینەی ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵگا بەوەی کە هەریەکێک لەو سێ گروپە کارەکانی خۆی بەباشی بکات و لەلایەن حیکمەتی سەرکردەکانەوە بەڕێوەببرێن. وەک ئاشکرایە ئەو شێوە دەسەڵاتەی ئەفلاتون باسیدەکات و بەدەسەڵاتێکی هەقخواز ناویدەبات، سیفەتی دەسەڵات نییە بەشێوەیەکی ڕەها، وەک کاک بەختیار تێیگەیشتوە، سیفەتی هەموو سیستمەکانی دەسەڵاتیش نییە، بۆ نموونە سیفەتی دەسەڵاتی دیموکراسی نییە، بەڵکو هەقخوازی لای ئەفلاتون تەنها ئاکاری دەسەڵاتێکە کۆمەڵێک حەکیم یان فەیلەسوف بەڕێوەیبەرن. (هـ. س. پ. ل ٢٢)

ئەمەی تا ئێستا باسمانکرد بریتیە لە هەقخوازی لەئاستی دەوڵەت و کۆمەڵگادا ئەی داخۆ عەدالەت لە ئاستی تاکەکەسدا مانای چی؟

ئەفلاتون عەدالەت لەم ئاستەدا دەبەستێتەوە بە پێکهاتەی ڕۆحی یان سایکۆلۆژی ئینسان خۆیەوە. ئەفلاتون بەرامبەر بەو سێ گروهەی کە پێشتر لەیەکدیان

جیادەکاتەوە سێ توانای ڕۆحیش لە ئینساندا لەیەکدی جیادەکاتەوە. نزمترین توانایان بریتییە لە نەوسنی، نەوسنیش زۆر شت دەگرێتەوە، بۆ نموونە هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی خۆشترین خواردن و خۆشترین خواردنەوە و باشترین سێکس، یان هەرشتێکی دیکەی لەم بابەتە، دەچێتە قاڵبی نەوسنییەوە.

سیفەتی دوهەمیان بریتییە لە بوونی وزە. ئەم وزەیە دەتوانێت هەم توانای تووندوتیژبوون بەرامبەر دنیای دەرەوە و هەم بەرامبەر دنیای ناوەوە کۆنترۆڵکات، بۆ نموونە ئەم وزەیە لە مرۆڤدا دەتوانێت نەوسنی ئینسان کۆنترۆڵکات و بیچەپێنێت. ئەم وزەیە وزەی کۆنترۆڵکردنی نەوس و تەماح و توانای وێرانکردنی دنیای ناوە و دەرەوەی ئینسانە.

لەبەرئەوەی ئەم دوو سیفەتەی سەرەوە دەشێت لەگەڵیەکدا لە ململانێدابن و دژ بەیەکدی کاربکەن بۆیە پێویستە ڕۆحی ئینسان تەسلیمی ئم دوانە نەکرێت و لەڕێگای عەقڵ یان عەقڵانیەتەوە سەرکردایەتی بکرێت.

وەکچۆن لە دەوڵەتدا حیکمەت لەسەروی هەموو شتێکەوەیە، لەناو ئینسانیشدا عەقڵ لەسەروی هەردوو سیفەتەکەی دیکەوەیە، لە دەوڵەتدا دەبێت حیکمەتی فەیلەسوفان لەسەر حوکمبێت و سەرکردایەتی کۆمەڵگا و دەوڵەت بکات، لەناو تاکەکەسیشدا دەبێت عەقڵ سەرکردایەتی نەوس و سەرکردایەتی وزەی کۆنترۆڵکردن بکات. بەرامبەر بە سیفەتی ئازایەتی لە ئاستی دەوڵەتدا سیفەتی وزەداری لای ئینسان هەیە. خودکۆنترۆڵیش هەوڵی دروستکردنی هارمۆنیەت ئەدات لەنێوان ئەو بەشە جیاجیایانەدا (هـ. س. پ. ل ٢٣).

مرۆڤ یان تاکەکەس کاتێک دەتوانێت مافپەروەر یان هەقخوازبێت کە عەقڵ بتوانێت لەناو ڕۆحیدا سەرکردایەتی دوو لایەنەکەی دیکەی سایکۆلۆژیای ئینسان بکات و هارمۆنیەتیان لەناودا دروستکات (هـ. س. پ. ل ٢٣). بەم مانایە تاکەکەس کاتێک دەبێتە مرۆڤێکی هەقخواز کە وەک دەوڵەت و هەمان میکانیزمی گەیشتن بە هەقخوازی پیادەکات. واتە کاتێک کە هەریەکێک لە عەقڵ و نەوس و وزە ئیشەکانی خۆیان بە باشی جێبەجێبکەن.

بێگومان کاری عەقڵ ئەوە نییە کە نەوس و وزە بێدەنگکات و خۆی لەباتی ئەوان بدوێت، بەپێچەوانەوە هەقخوازی بریتییە لەوەی کە هەم نەفس بەشی خۆی و هەم وزە بەشی خۆی و هەم عەقڵ بەشی خۆی تێربن، کاری عەقڵ دۆزینەوەی باشترین پەیوەدنییە لەنێوان ئەم سێ لایەنەدا و دروستکردنی هارمۆنیەتە لە نێوانیاندا. ناتوانین

قسە لە مافپەروەری یان هەقخوازی بکەین ئەگەر لە نێوان ئەم سێ لایەنەدا ناکۆکی و ململانێ هەبێت. (هـ. س. پ. ل ٢٣).

لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا داخۆ ئەم نەخشەیەی ئەفلاتون قابیلی پیادەکردنە، داخۆ دەشێت کۆمەڵگا و دەوڵەتی ئایدیالی بەرهەمبهێنرێتن؟ ئەفلاتون بە بەڵی وەڵام ئەداتەوە، بەڵام ئەم «بەڵێ» یە بە مەرجێکی هێجگار گرنگ و سەرەکییەوە دەبەستێتەوە کە بریتییە لەوەی کەسی پادشا دەبێت فەیلەسوف بێت، یان ڕاستر بدوێین، لە باتی پادشایان فەیلەسوفان حوکمبکەن. بەمانایەکی دیکە بۆ ئەوەی قسە لە دەسەڵاتێکی هەقخوازبکەین و خودی دەسەڵاتیش بە هەق یەکسانبکەین، دەبێت دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی مەعریفی، لە یەک کەسدا کۆببێتەوە، دەبێتە ئەوەی حوکمدەکات فەیلەسوف بێت، تەنها و تەنها لەم دۆخە تایبەتەدا ئەفلاتون دەسەڵات بە هەق یەکساندەکات.

وەک ئاشکرایە مەسەلەی هەقانیەت لای ئەفلاتون زۆر لەو دوو ووشە سادەیەی کاک بەختیار ئاڵۆزترە کە دەڵێت (دەسەڵات هەقە). نەک هەر ئاڵۆزترە، بەڵکو ئەفلاتون هەرگیز ناڵێت دەسەڵات یانی هەق، چونکە ئەفلاتون هەقانیەتی دەسەڵات بەو مەرجانەوە دەبەستێتەوە کە لەسەرەوە هەم بۆ دەوڵەت و هەم بۆ تاکەکەسی دەستنیشاندەکات. ئەمە جگە لەوەی کە ئەفلاتون چەندەها شێوەی دیکەی دەسەڵات ڕەفزدەکات و بە ناڕاست و ناهەقانیان لە قەڵەمئەدات. من لێرەدا ئەو چوار شێوەیەی دەسەڵت نیشانئەدەم کە ئەفلاتون زۆر بە خراپی باسیکردون و بە ناهەقی زانیون: (هـ. س. پ. ل ٢٤)

یەکەم: دەسەڵاتی تیمۆکراسی، ئەمەش ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە کە لەسەر ترس و هێزی ترساندن بنیاددەنرێت. لەلای ئەفلاتون ئەم شێوە دەسەڵاتە کاتێک دروستدەبێت کە گروهی پاسەوانان حوکمبکەن.

دووهەم: دەسەڵاتی ئۆلیگارشی، ئەمایەن دەسەڵات و ڕژێمی دەوڵەمەندەکانە، لێرەدا هەم تاکەکەس و هەم کۆمەڵگا ناچاردەکرێن زیاتر ڕێزی سەروەت و سامان بگرن تا حیکمەت و چاکەکاری. بەباوەڕی ئەفلاتون ئەوەی لێرەدا حوکمدەکات نەوسە، ئەم نەوسە زیرەکی و تواناکانی ئینسان بەکاردەهێنێت بۆ زیادکردنی پارە و پول و سەروەت و سامان.

سێهەم: دەسەڵاتی دیموکراسی، بەبۆچوونی ئەفلاتون ئەم جۆرە دەسەڵاتە لەسەر دوو پرنسیپ کاردەکات یەکەمیان، یەکسانییە، دووهەمیان ئازادی. ئازادی ئەوەی تۆ ئەو

شتە بکەیت کە خۆت حەزت لێیە بیکەیت، نەک ئەو شتەی کە تۆ لە هەموو شتێکی دیکە باشتر دەیزانیت. بەباوەڕی ئەفلاتون ئەم شێوەیە لە ئازادی خراپترین شێوەی ئازادیە، چونکە لەباتی دروستبوونی نیزام و هارمۆنیەت دەبێتە هۆکاری هاتنەکایەی هەلومەرجێکی ئەنارشیستانە و دواهەمین چارەنووی ئەم ئەنارشیزمەش بریتییە لە دیکتاتۆریەت و فەوزا.

چوارەم: دەسەڵاتی ستەمگەری یان ستەمگەری، ئەمەیان ئەو شێوەیەی دەسەڵاتە کە بەتەواوی دژەدیوی دەسەڵاتی فەیلەسوفانە. لێرەدا کەسی ستەمگەر بەناوی خەڵک و قازانجی خەڵکەوە ئەدوێت کەچی دواجار دەردەکەوێت کە ئەم قسانە هەمووی درۆ و فیشاڵە و زۆر لە ڕاستییەوە دوورن. بە باوەڕی ئەفلاتون دەسەڵاتی ستەمگەر بۆ ئەوی بتوانێت خۆی بپارێزێت هەمیشە پێویستی بە بەرپاکردنی شەڕ و داتاشینی دوژمنی ڕاستەقینە و وەهمی هەیە. دەسەڵاتی ستەمگەر بەردەوام هەوڵئەدات خەڵک بەدەیان کێشەی لابەلاو بێماناوە سەرقاڵکات تا بەلارێیاندابەرێت و نەهێڵێت دژ بە دەسەڵاتی ئەو خەریکبن، هەرکەسێکیش ڕەخنەی هەبێت لەناو ئەبرێت.

وەک دەبینین ئەفلاتون تەنها لە کتێبەکەی کاک مەلا بەختیاردا دەسەڵات بە هەق یەکساندەکات، دەنا لە هیچ کتێبێکی دونیادا، لە زەمانی ئەفلاتونەوە تا ئەمڕۆ، قسەی لەم بابەتە نەکراوە و کەس بەو گشتگیری و ڕەهاییە نەیگوتوە دەسەڵات لای ئەم فەیلەسوفە یەکسانە بە هەق. لەبەردەم ئەم کارەساتە مەعریفی و فیکرییەی کاک مەلا بەختیاردا من هیچ ناڵێم با خوێنەر خۆی حوکمبدات.

### 6 ـ دەرەنجام

بە کورتی، کاک بەختیار لەکتێبەکەیدا نە دەزانێت ئەو بابەت و قوتابخانە و فەیلەسوفانەی باسیان دەکات چین و کێن و چییان ووتوە، نە هەوڵیشیداوە سەرەتاییترین پرنسیپەکانی نووسینی زانستی پەیڕەوبکات. ئەو چەند لاپەڕە کەمەی بۆ باسکردنی مێژووی فەلسەفە و قوتابخانە فیکرییەکانی تەرخانکردووە، لێوان لێون لە هەڵەی گەورە گەورە و حوکمی ناڕاست و بۆچوونی ناکۆک بەیەک. بەمەش کارێکی کردوە تا ئێستا کەس لە ڕۆشنبیری کوردیدا نەیکردوە، تا ئەم ساتەی ئێستامان کەسێک نەبووە لە ڕۆشنبیری ئێمەداشارەزایی لە فەلسەفەدا لە سنووری بیستنی،

تەنها بسیتنی، ناوی قوتابخانە فەلسەفییەکان تێنەپەڕیبێت، کەچی بێت ڕەخنەیان لێبگرێت و هەڵەیان بۆ ڕاستبکاتەوە و بیانئێرێت بۆ مۆزەخانەی ڕۆشنبیری. گومانم لەوە نییە ئەم کتێبەی کاک بەختیار ڕۆژگارێکی درێژ لە ڕۆشنبیری کوردیدا وەک نموونەی سووکایەتیکردن بە فیکر و فەلسەفە و میتۆد باسدەکرێت و دەبێتە یەکێک لەو کتێبە هەرە بەرچاوانەی حیکایەتە ناشیرینەکانی ناو ڕۆشنبیری کوردی بە نەوەکانی دوای ئێمە نیشانئەدات.

## سەرچاوەکان


١- بیرنارد لویس و اخرون، الاستشراق بین دعاته و معارضیه، ترجمة هاشم سالح. دار الساقی. بیروات ١٩٩٤. چاپی یەکەم.

٢- رزا برنجکار، اشنایی با علوم اسلامی، کلام، فلسفه، عرفان. سازمام متالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاه (سمت) و موسسه فرهنگی تەها. چاپ اول، تهران - قم. پایز ١٩٩٩.

3-Abercrombie, Nicholas, Stephen Hill and Bryan S. Turner. Dictionary of Sociology, Penguin Books, Third edition England 1994.

4-Brandsma, Bart & Kuik,en Ben (erd.) Denkers van deze tijd, Kok Agora/ Pleckmans 1996 kampen.

5- Brouns, Margo, ea, Vrouwenstudies in de jaren negentig, Coutinho, Bussum 1995.

6-Cahn. M, Steven, Exploring Philosophy, An introductory Anthology, Oxford University press, New York 2000.

Ambo/Baarn, Belgié 1977.

7-Delacampagne, Christian, A History of Philosophy in the Twentieth Century, Johns Hopkins USA, 1999.
8-Habermas, J., Knowledge and Human Interestes (trans. J.J. Shapiro), Heinemann, London, 1972.
9-Held, David, Introduction to Critical Theory, Horkheimer to Habermas. Hutchinson, London, 1980.
10- Keat, Russell, The Politics of Social Theory, Habermas, Freud and the Critique of Positivism, The University of Chicago Press, England,1981.
11-Jay, Martin, De Dialektische verbeelding, een geschiedenis van de Frankfurter Schule en het Institut für Sozialforschung 1923-1950,
12-Ritzer, Georg, Modern Sociological Theory, McGraw-Hill Higher Education, USA 2000.
13-Sim, Stuart (red), Dictionary of: Postmodern Thought, Icon Books, Cambridge 1998.
14-Swingewood A,llan,, A Short History of Sociological Thought, Macmillan Publishers LTD 1984, London.
15-Van peperstraten, Frans, Samenleving ter discussie, een inleiding in de sociale filosofie, Coutinho, Bussum 1991.

## بەشی چوارەم

# مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە

## چۆن فەلسەفە بێنرخ دەکرێت

«بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ بەرجەستەبوونی دەسەڵاتی جیاوازی و فرەڕەنگییە»

لیوتار

"ئەگەر بۆیەک بابەت تەنها یەک هەقیقەت هەبوایە، ئەوکات بۆ هەمان بابەت ئەو هەموو تابلۆ جیاوازانە نەدەکێشران"

بیکاسۆ

## 1 ـ سەرەتا

بەشێکی زۆری کتێبەکەی کاک بەختیار تەرخانە بۆ قسەوتن بە فەلسەفە و فیکری پۆست مۆدێرن و تاوانبارکردنی دید و میتۆد و فەیلەسوفەکانی ئەم قوتابخانەیە. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش بەرێزی نەهاتووە بە فیکری ئەو فەیلەسوفانەدا بچێتەوە کە بەریز دەیاننێرێت بۆ مۆزەخانەی رۆشنبیری، نەهاتووە کار و دەق و تیورەکانیان گفتوگۆبکات، ئاماژە بە کارەکانیان بکات و لاوازی فیکری و میتۆدی و فەلسەفی ئەو کارانە نیشاندات، ئەوەی بەرێزی کردویەتی پیادەکردنی سادەترین لۆژیکی دابەشکردن و پۆلینکردنی دیاردەکانە بۆ باش و خراپ، ڕاست و هەڵە، سوودمەند و بێسوود. بۆ پیادەکردنی ئەم دووالیزمە ئاینییە بەرێزی ناکۆکییەکی گەورەی لە نێوان فەلسەفەکانی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا دروستکردوە، هەموو دەستکەوتە گەورەکانی مێژووی مرۆڤایەتی داوەتە پاڵ یەکەمیان و دووهەمیانی کردۆتە پرۆژەی بەگژاچوونەوەی هەموو ئەو دەسکەوتانە، یەکەمیانی کردوە بە نوێنەری باشە و دووهەمیان بە نوێنەری خراپە، یەکەمیان بە درێژایی خەت ڕاست و دووهەمیان لەهەموو فۆرمەکانیدا هەڵە. لێرەوە پۆست مۆدێرنە زۆر بە ئاسانی بۆتە «ڕەتکەرەوەی!!!» مۆدێرنە. بێگومان هەموو خوێنەرێکی سادەی فیکری زانستی و فەلسەفی دەزانێت ئەم لۆژیکی دابەشکردنە، لۆژیکی قسەکردن نییە لەسەر فیکر و قوتابخانە زانستی و فەلسەفییەکان، بەڵکو لۆژیکی شەڕی ناوخۆی کوردستانە کە لەسەر «ڕەتکردنەوە»یەکی ڕەها دروستبووە، لەسەر دابەشکردنی جیهان بە ڕەهایی بۆ باش و خراپ، نیشتیمانپەروەر و خائین، دڵسۆز و نادڵسۆز.

کاک بەختیار لە باسکردنی فەلسەفەی پۆست مۆدێرندا قسە لە میتۆد و دید و پێوانی فیکری پۆست مۆدێرن دەکات و هەریەکێکیشیان یەکساندەکات بە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە و دەسەڵات و دیموکراسییەت و ژیانی حیزبایەتی و چەپ و سەرجەمی فەلسەفەکان دیکە. بۆئەوەی نیشانیدەین کە کاک بەختیار لەسەرجەمی قسەکانیدا لەسەر فیکری پۆست مۆدێرن بە هەڵەداچووە و بە ئارەزووی خۆی حوکمی داوە، ئەم بەشەی کتێبەکەمان تەرخاندەکەین بۆ خوێندنەوەیەکی گشتی ئەو مەسەلە فەلسەفییە ئاڵۆزانەی فیکری پۆست مۆدێرن لەگەڵ خۆیدا هێناونی. هەرلێرەشدا ئەوە بە بیری خوێنەر دەهێنینەوە کە هێرشی کاک بەختیار بۆ سەر فیکری پۆست مۆدێرن لە بنەماوە بۆ شکاندنی پەیامەفیکرییەکەی گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانیەتی،

بەرێزی بێهیچ سەلماندنێک ئەم گۆڤارە بە پۆست مۆدێرن تاوانباردەکات و فیکری پۆست مۆدێرنیش بە دژایەتیکردنی هەموو باشە و جوانیەک یەکساندەکات.

## 2 ـ فیکری پۆست مۆدێرن و گۆڤاری ڕەهەند

ئەوانەی لە ڕۆژئاوا لێزان و شارەزای مێژووی فەلسەفەن و وەک مامۆستای زانکۆ هەموو ژیانی فیکری خۆیان بۆ لێکۆڵینەوەی گۆڕانە گەورەکانی ناو فیکری فەلسەفی تەرخانکردوە، دەڵێن ناتوانین فیکری پۆست مۆدێرن لەژێر یەک ناونیشاندا کۆکەینەوە، ناکرێت بڵێین ئەم فیکرە بریتییە لەم بۆچوونە و لەو بۆچوونە بەتەنها، ناکرێت کورتیکەینەوە بۆ چەند کلێشە و قاڵبێکی فیکری دیاریکراو. هۆکەشی ئەوەیە فیکری پۆست مۆدێرن فیکرێکی هێجگار هەمەڕەنگە و جیاوازییەکی گەورە لە نێوان بیری ئەو نووسەر و فەیلەسوف و زانایانەدا هەن کە لەژێر ناونیشانی پۆست مۆدێرندا کۆدەکرێنەوە. (Ritzer, 2000: 964) کەم کتێبی ئەکادیمی و زانستی هەیە لەسەر فیکری پۆست مۆدێرن نووسرابێ و ئەم بۆچوونەی دەربارەی ئاڵۆزی و هەمەڕەنگی فیکری ئەم قوتابخانە فەلسەفییەی تێدا دووبارە نەبووبێتەوە، کە چی کاک بەختیار، کە نە پرۆفیسۆری مێژووی فەلسەفەیە و زانیاریشی لەسەر فەلسەفە، وەک لە لاپەڕەکانی پێشوودا نیشانماندا، لە نزمترین ئاستدایە، زۆر بە ئاسانی و بێ هیچ دو ودڵی و گومان و بەرپرسیاریەتێکی مەعریفی پێماندەڵێت پۆست مۆدێرنە چییە و باوەڕەکانیان کامەیە و سەرچاوەکانی لە کوێدان و لەهەمووشی کاریکاتێریتر جاڕی مردنی ڕادەدات و فەیلەسوفە گەورەکانی بۆ مۆزەخانە دەنێرێت.

کاک بەختیار ڕای وایە گۆڤاری ڕەهەند پۆست مۆدێرنەی بە نوقتە و فاریزەوە گواستۆتەوە، ئەم گواستنەوەیەش تەنها بەوەوە نەوەستاوە نووسەرانی ئەم گۆڤارە سودیان لەهەندێک بۆچوونی پۆست مۆدێرن و چەند چەمکێکی ئەم فیکرە لای ئەم یان ئەو فەیلەسوف وەرگرتبێت، نەخێر ئەم گۆڤارە و نووسەرەکانی فیکری پۆست مۆدێرنیان «کوتومت» گواستۆتەوە و بەشێوەیەکی هەمەلایەن فۆتۆکۆپیانکردوە و خوازیاری ئەوەشن بەزۆری زۆرداری بەسەر کورد و واقیعی کوردستاندا بیسەپێنن، بەم کارەشیان گەورەترین مەترسی بۆسەر دەسەڵاتی کوردی و خوێنەری کورد و ئایندەی نەتەوەی کورد دروستکەن. وەک لەپێشەکی ئەم کتێبەدا نیشانماندا، کاک

بەختیار کە بڕیاری پۆست مۆدێرن بوونی گۆڤاری ڕەهەند دەدات، نەگەڕاوەتەوە بۆ نوسینی نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە تا نیشانیبدات فلانە چەمک و فلانە بۆچوون و فلانە دیدی فەلسەفی ئەم نووسەر یان ئەو نووسەری ئەم گۆڤارە سەر بە فیکری پۆست مۆدێرنن، نەخێر ئەو تەماشایەکی سەرپێی ئەو «هەڵوێستانە» ی کردوە کە گۆڤاری ڕەهەند لەم چەند ساڵەی دواییدا لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان نووسیویەتی و ڕەخنەکانی ناو ئەو هەڵوێستانەی یەکسانکردوە بە ڕەخنەی پۆست مۆدێرن. من لێرەدا لەسەر ئەو «هەڵوێستانە» نادوێم کە لە پێشەکی هەر ژمارەیەکی ڕەهەندا نووسراون، کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردی ئەم مەسەلەیەی لە کتێبەکەی خۆیدا جێبەجێکردوە و خۆشحاڵانە ئەم ئەرکەی لە کۆڵی من کردۆتەوە. بەڵام زۆر بە کورتی دەڵێم ئەو هەڵوێستانە دەربڕینی سەرنجی گۆڤارەکەیە لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان لەوانەش: شەڕی ناوخۆ، بەهێزکردنی ڕۆحەیتی میلیشیای حیزبی، بەشبەشکردنی کوردستان، تێکدانی پەرلەمانی هەڵبژێردراو، مۆنۆپۆڵکردنی ئابووری، بەحیزبیکردنی کۆمەڵگا، نەهێشتنی هیچ حەرامێکی سیاسی و نەتەوەیی، بەزاندنی هەموو ئەو سنوورانەی کە هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ خۆی دادەنێت، زاڵکردنی ڕۆحییەتی حیزبی و ناوچەیی بەسەر ڕۆحییەتی هاوولاتیبووندا، بەستەنەوەی سەکۆ جیاوازەکانی میدیا و ژیانی ڕۆژنامەگەری بە پروپاگەندەکردن بۆ حیزب و سیاسەتەکانی حیزبەوە و چەندان دیاردەی دیکەی لەم بابەتە. ئەو هەڵوێستانە سەرنجی گۆڤاری ڕەهەندە لەسەر مێژووی دە ساڵی ئازادی لە کوردستاندا کە پڕە لە ناشیرنی و پیلان و خوێن، پڕە لە ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی، لاوازکردنی ڕۆح و ئینتیمای نەتەوەیی، بێهێز و لاوازکردنی هەر هێز و توانا و دەسەلاتێک لەدەرەوەی حیزبدا، دە ساڵ کە دروستکردنی کۆمەڵێک شەقام و چاککردنەوەی کۆمەڵێک قوتابخانە و بنیادنانی چەند باخچەیەک لەچاو گەورەیی ئەو کێشانەدا کە حیزبە کوردییەکان بۆ کۆمەڵگای کوردیان دروستکراوە بایەخێکی ئەوتۆی نامێنێت. دوای دە ساڵ ئازادی هێشتا یەکێتی لە ناوچەکانی پارتیدا و پارتیش لە ناوچەکانی یەکێتیدا یاساغە، هێشتا لانیکەمی ئیجماعی سیاسی و نەتەوەیی ئامادەنییە، هێشتا هەنگاوێک بۆ دروستکردنی دەسەلاتێک یەک سانتیمەتر لەو دیو سنوورەکانی حیزبەوە لەئارادا نییە، دەستورێک نییە چوارچێوەیەک دروستکات بۆ شوناسی نەتەوەیی و تاکەکەسیمان، لەهیچ شوێنێکی کوردستاندا شتێک نییە ناوی حوکمی ڕاستەقینەی یاسابێت، شتێک نییە ناوی پرۆژەی دابەشکردنێکی عەدالەتخوازانەی دەسەلات و سامان و ڕێز بێت، شتێک نییە ناوی

کۆمەڵێک مژدەبێت بە جیهانێک جیا لەو جیهانەی هێزە سیاسییەکان لەهەموو ڕوویەکەوە مۆنۆپۆڵیانکردوە. ئەگەر ئایدیۆلۆژیستەکانی حیزب ئەم ڕەخنانە بە پۆست مۆدێرن بوون دەزانن، بە باوەڕنەبوون بە دەسەڵاتی کوردی و دیموکراسییەت و ڕەتکردنەوەی هەردووکیان، بابیزانن و گەردنیان ئازابێت، بەڵام ئەم ئایدیۆلۆژیستانە ناتوانن ئەو ڕاستییە بشارنەوە کە ئەم ڕەخنانە ڕاستەوخۆ گرێدراوی ئەم مێژووە ناشیرینەن کە تێیدا «پێشمەرگەکانی دوێنی» بوونە «سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆ» ، هەموو ئەو ڕەخنانەی گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە لەم دە ساڵەی دواییدا لە دەسەڵاتی کوردیان گرتووە، بەشێکن لە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی لەو مێژووەی دە ساڵە بە لۆژیکی بەر لە دروستبوونی نەتەوە ڕووداوەکانی ئاراستەدەکرێت و کۆمەڵگای ئێمە لە شەڕێکەوە بۆ شەڕێک و لە نائومێدییەکەوە بۆ نائومێدییەک ڕاپێچدەکات، ئەم ڕەخنانە بەرهەمی تووڕەبوونە لە واقیعێک لەناوەوەڕا خەون و ئامانج و مژدەکانی وێرانبووە، هەوڵدانی دروستکردنی ووشیارییەکی ڕەخنەییە کە بتوانێت خەون بە بنیادنانی جیهانێکی جوانترەوە ببینێت لەوەی ئێستا لەئارادایە، نەک گواستنەوەی حوکمی ئەم یان ئەو فەیلەسوفی مۆدێرن یان پۆست مۆدێرنی فەرەنسی یان نافەرەنسی.

بەڵام با واز لەم مەسەلانە بهێنین و سەرنجبدەینە ئەو قسانەی کاک بەختیار دەربارەی فیکری پۆست مۆدێرن دەیانکات، بزانین ئەم بەڕێزە چۆن لە فیکری پۆست مۆدێرن گەیشتوە، چۆن باس لە فەیلەسوفەکانی دەکات، چی دەربارەی هەندێک لە تێزەکانیان دەڵێت، ئەم ڕێبازە فەلسەفییە چییە، کە بە حیسابی کاک بەختیار گۆڤاری ڕەهەند، لە نەگبەتی کورد و بەدبەختی خەڵکی کوردستاندا و بەئامانجی تێکدان و نابوتکردنی دەسەڵاتی کوردی، گواستویەتییەوە؟ ئەم فیکرە چییە نائومێدی دەچێنێت، واقیع نابوتدەکات و دژ بە دەسەڵاتی کوردە؟ ( لێرەدا هەقمانە بپرسین ئایا نائومێدی لە کوردستاندا نووسەرکانی گۆڤاری ڕەهەند و ووتارەکانی ئەم گۆڤارە دەیچێنن، یان ئەم نائومێدییە مناڵی ئەو جیهانە نابوتەیە کە سیاسییەکانی کورد لەم دەساڵەدا بۆ خەڵکی کوردستانیان دروستکردوە؟ ئایا نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند شەڕی ناوخۆیان ئەنجامداوە، ئەوان دەستیان بەسەر ئابووری کوردستاندا گرتوە، ئەوان زیندان و لەشکر و دەسەڵاتیان بەدەستە، ئەوان بوونەتە سەرمایەدارە گەورەکانی کوردستان؟ ئەوان زەوی بەسەر خۆیان و خزم و کەسوکاریاندا دابەشدەکەن، ئەوان خەڵک دادەمەزرێنن و خەڵک وەردەگرن و خەڵک دەردەکەن، ئەوانن چۆنیان بوێت ئاوا

بۆرسی خوێندنی باڵا دابەشدەکەن، ..هتد ؟ ئەگەر نا ئومێدی لە کوردستاندا هەبێت، کە بێگومان هەیە و زۆر زۆریشە، ئەوە بەرهەمی حوکمکردنی دە ساڵی سیاسییەکانی کورد و چۆنیەتی مامەڵەی ئەوانە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا، نەک بەرهەمی ئەو ووتارانەی نووسەرەکانی ڕەهەند دەینوسن).

بۆئەوەی کاک بەختیار بەندە، وەک یەکێک لە نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند، بەوە تاوانبار نەکات گوایە قسەی بۆ هەڵدەبەستم و زمانم زبرە و ڕێز لە کەس ناگرم، وا لێرەدا تێگەیشتنی بەڕێزی بۆ فیکری پۆست مۆدێرن دەخەمە ڕوو، دوای ئەوە ئەم تێگەیشتنە بە ڕاو بۆچوون و دەرنجامی لێکۆڵینەوەی ئەوانەی لەم بوارەدا شارەزان و شوێنی باوەڕی مەعریفین و بەشێکی زۆریان فەیلەسوف و ڕۆشنبیر و مامۆستای زانکۆکانی خۆرئاوا پێکدێن، بەراورد دەکەم، تا خوێنەری کورد ڕاستی مەسەلەکانی بۆ دەرکەوێت و بزانێت چ توانایەکی مەعریفی لاواز لەپشتی قسەکانی کاک بەختیارەوەیە و چۆن بەڕێزی لەزۆربەی هەرەزۆری حوکمەکانیدا بەهەڵداچووە.

## 3 ـ پۆست مۆدێرنە بە ئەتککراوی

کاک بەختیار سەبارەت بە پۆست مۆدێرن بوونی گۆڤاری ڕەهەند دەنووسێت: «بە هەمان **میتۆدی** پۆست مۆدێرنە ژیانی حیزبایەتی دەبینین. بەهەمان **پێوانی** پۆست مۆدێرنە قۆناغی مۆدێرنە دەبینین. لەهەما ن **دیدی** پۆست مۆدێرنەوە دەسەلات دەبینین. بەهەمان **مێتۆدی** پۆست مۆدێرنە مێژوو دەخوێنینەوە.لەهەمان **دیدی** پۆست مۆدێرنەوە سەیری دیموکراسی و کۆمەڵ دەکەن. لەهەمان **دیدی** پۆست مۆدێرنەوە سەیری چەپ دەکەن، لەهەمان **دیدی** پۆست مۆدێرنەوە سەیری سەرجەم فەلسەفەکان دەکەن» (ڕەشکردنەوەی ووشەکان هی منن، مەریوان)

کەواتە فیکری پۆست مۆدێرن لای کاک بەختیار فیکرێکە هەڵگری «میتۆد» و «پێوان» و «دید»ێکی تایبەتە و گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی ئەم گۆڤارە، کۆی ئەو «میتۆد» و «دید» و «پێوان»ـە پۆست مۆدێرنانەیان «کوتومت» گواستۆتەوە و بەسەر «ژیانی حیزبایەتی»، «قۆناغی مۆدێرنە»، «دەسەلات»، «مێژوو»، «دیموکراسی»، «کۆمەڵ»، «چەپ» و «سەرجەم فەلسەفەکان»دا پیادەیانکردوە و پیادەیدەکەن. جارێ جێبەجێکردنی ئەم هەموو ئەرکانە، واتە پیادەکردنی میتۆد و دید و پێوانی پۆست

مۆدێرن بەسەر ژیانی حیزبایەتی و قۆناغی مۆدێرنە و دەسەڵات و مێژوو و دیموکراسییەت و کۆمەڵ و چەپ و سەرجەم فەلسەفەکاندا، نەک بە تەنها گۆڤارێک و چەند نووسەرێک ئەنجامنادرێت، بەڵکو زیاد لە نەوەیەک و چەندەها گۆڤار و دەیان نووسەر و چەندان زانکۆی پێویستە بۆئەوەی جێبەجێکرێن. هەر پیادەکردنی دید و پێوان و میتۆدی پۆست مۆدێرن بەسەر«سەرجەمی فەلسەفەکاندا» پێویستی بە چەندان جار ژیان و چەندان جار زیندووبووبونەوە هەیە بۆ ئەنجامدانی، تکایە خوێنەری بەڕێز سەرنج لە دەستەواژەی «سەرجەم فەلسەفەکان» بدە کە هەموو فیکری فەلسەفی دەگرێتەوە لە ڕۆژی یەکەمییەوە تا سەدەی بیست و یەکەم، ئەمەش ڕێک هەزاران هەزار لاپەڕە و دەیەها قوتابخانەی فیکری و مێژووی زیاد لە ٢٠٠٠ ساڵ فیکری فەلسەفی دەگرێتەوە.

کەسێک ئەو چەند دێڕەی کاک بەختیار بخوێنێتەوە، وادەزانێت بەڕێزی لە کتێبەکەیدا سەرەتا لێکۆڵینەوەیەکی فەلسەفی و زانستی و مێژوویی لەسەر پێناسەکردن و ناسین و ڕاڤەکردنی «میتۆد» و «پێوان» و «دیدی» پۆست مۆدێرن کردوە، نیشانیداوە ڕەگەزەکانی ئەم «میتۆدە» کامانەن، سیستمی ڕاڤەکردن و لێکدانەوەکانی چین، «پێوانەکان»ی کامانەن و لە کوێوە هاتوون، یەکەکانی «دید» و جیهانبینی پۆست مۆدێرن چین و وێناکردن و دەزگا چەمکی و مەعریفییەکانی کامانەن. ئینجا دوای ئەنجامدانی ئەم کارە هاتووە نووسینی نووسەرەکانی ڕەهەندی یەکە یەکە خوێندۆتەوە، نیشانیداوە لە کوێدا «میتۆد» و «دید» و «پێوان»ی پۆست مۆدێرنیان کوتومت گواستۆتەوە و دوای ئەوانە ڕەخنەی کردون و حوکمی بەسەردا داون. ئاخر، کاتێ یەکێک باس لە میتۆد و پێوان و دیدی پۆست مۆدێرن، یان هی هەر فەلسەفەیەکی دیکە بکات، دەبێت نیشانیبدات ئەو میتۆدە چییە، دیدەکان کامانەن و پێوانەکان چین. بە تایبەتی ئەگەر هاتوو ئەو میتۆد و دید و پێوانانە قسە لەسەر زۆربەی هەرەزۆری شتەکان بکەن: وەک «کۆمەڵ»، «مێژوو»، «سەرجەمی فەلسەفەکان«، «قۆناغی مۆدێرنە«، «دیموکراسییەت»، «چەپ»، «ژیانی حیزبایەتی». کاک مەلا بەختیار وەک کاری هەمیشەیی ئەم کارانەی پشتگوێخستوە و بە سانتیمەتر لە هیچ یەکێکیان نزیک نەکەوتۆتەوە، لەباتی ئەمە، دیسانەوە، ئاسانترین کارێکی ئەنجامداوە کە نووسەرێک لە هەموو دنیادا بشێت ئەنجامیدات. بەڕێزی «میتۆد» و«پێوان» و «دید»ی پۆست مۆدێرنی بە یەکشت یەکسانکردوە: «ڕەتکردنەوە». لێرەوە میتۆد و دید و پێوانی پۆست مۆدێرن یەکسانە بە ڕەتکردنەوەی مێژوو، ڕەتکردنەوەی فەلسەفە، ڕەتکردنەوەی

مۆدێرنە، ڕەتکردنەوەی حیزب، ڕەتکردنەوەی چەپ، ڕەتکردنەوەی دیموکراسیەت، ڕەتکردنەوەی کۆمەڵگا ... هتد. بەم حیسابە «میتۆد»ی پۆست مۆدێرن بریتییە نییە لە کۆمەڵێک چەمک و پێدراوی فیکری و پێوەری مەعریفی، «پێوانەکانی» بریتی نین لە بوونی کۆمەڵێک ئامرازی فیکری بۆ بەراورد و ئەنجامگیری، «دید» بریتی نییە لە جیهانبینییەک کە لەدەیان تێز و تیورە و گوتراوی فیکری و فەلسەفیدا جێگیربێت، کە بۆ ناسینی هەریەکێکیان پێوستت بە خوێندنەوەیەکی وردی فیکری ئەو فەیلەسوفانە هەیە کە سەر بە فیکری پۆست مۆدێرنن. نەخێر لای کاک بەختیار هەم میتۆد و هەم پێوان و هەم دیدی پۆست مۆدێرن یەک شتن، هەموویان بریتین لە «ڕەتکردنەوە»، ڕەتکردنەوەی هەموو شتێکیش کە بە خەیاڵی بەرێزیدا دێت و بە دڵیدا ختورە دەکات. لەڕاستیدا ئەم جۆرە مامەڵەکردنە لەگەڵ میتۆد و دید و پێوانی فەلسەفیدا مایەی گریان و پێکەنینە، مایەی گریانە چونکە کارەساتە لە سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا میللەتێک هەبێت خاوەنی ڕۆشنبیرییەک کە جێ بەم جۆرە مامەڵەکردنەی فیکر و میتۆد و فەلسەفەبدات و جورئەتی بڵاوکردنەوی شتی لەم بابەتە مەیسەربکات، مایەی پێکەنینیشە چونکە ئەم ڕۆشنبیرییە شەڕێکی دۆنکیشۆتیانە لەنێوان فەلسەفەی پۆست مۆدێرن و ئەو «سوارچاکانەدا» پێشنیاردەکات کە بەگژیدا دەچنەوە و بەم کارەش کوردستان و دەسەڵاتی کوردی و نەوەی نوێ لە کاریگەرییە خراپەکانی فیکری پۆست مۆدێرن ڕزگاردەکەن.

لە هەموو فیکری مرۆڤایەتیدا میتۆدێک نییە بە زمانی ڕەتکردنەوە و ڕەتنەکردنەوە بدوێت، هیچ میتۆدێک لە هیچ کایەیەکی فیکریدا نادۆزینەوە پەیوەندی بە ڕەتکردنەوە و ڕەتنەکردنەوەوە هەبێت، یان بەم زمانە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و هەموو پێدراوەکانی بۆ تاقە ووشەیەک کورتکرێتەوە کە هەموو مێژووی مرۆڤایەتی لە بە بوارە جیاوازەکاندا ڕەتکاتەوە. میتۆد بریتییە لەو نەخشە فیکرییانەی بەهۆیانەوە لە دیاردەکان ڕادەمێنین، بریتییە لە دەستنیشانکردنی چوارچێوەیەک بۆ تەماشاکردن و بەرهەمهێنانی زانیاری و مانا، بریتییە لە بوونی کۆمەڵێک چەمک بۆ شیکردنەوەی دنیا، ئامادەگی دەزگایەکی فیکرییە بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و تاوتوێکردنی دیاردەکان. هیچ میتۆدێک نییە لە جیهاندا یەکسانکرێت بە ڕەتکردنەوە یان نەکردنەوە، شتی وا تەنها لە خەیاڵی کاک مەلا بەختیاردا بوونی هەیە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم قسانە بە سەرنجێک لە میتۆدی مارکسی بدەین کە کاک بەختیار تا دوێنێ باوەڕی پێبووە و ئەمڕۆش خەبات بۆ لایەنە دیالێکتیکییەکەی دەکات:

یەکەمین وانەی میتۆدی بیری مارکسیزم لەوێوە دەستپێدەکات کە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەک لە دیاردەکان دەبێت تەماشای پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە بکەین کە ئەو دیاردەیەی تێدا ئامادەیە. ئەمەش مانای ئەوەی بۆئەوەی لە مەسەلەیەک لە مەسەلەکان بگەین، دەبێت ڕاستەوخۆ تەماشای ئەو هەلومەرجە ئابووری و کۆمەڵایەتییە بکەین کە تێیدا لەدایکدەبێت، ئەم مەسەلەیە لەوێدا نیشتەجێکەین، لە گەمەکەرە سەرەکییەکانی ناو ئەو ساتەوەختە و لە ململانێ واقیعی و ڕەمزیی و ستراتیژەکانیان ڕامێنین. بۆ ئەنجامدانی ئەم کارەش مارکسیزم دەزگایەکی چەمکی دیاریکراومان پێدەبەخشێت کە بەشێوەیەکی گشتی لەم چەمکانە پێکدێن: «ژێرخانی کۆمەڵگا»، کە ئەمیش پێکهاتووە لە «هێزەکانی بەرهەمهێنان» و «پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان»، لەنێوان ئەم دوونەشدا ناکۆکی تایبەت هەیە، «سەرخانی کۆمەڵگا» کە کۆی ئەو دەزگا و دامەزراو و بیر و بۆچوون و ئایدیۆلۆژیانە دەگرێتەوە کە لەسەرەوەڕا شەرعیەت بە پەیوەندییەکانی ژێرخان ئەدات، «چین یان چینەکان» کە هەریەکێکیان هەڵوێست و شوێنوجێیەکی دیاریکراویان لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیدا هەیە، «زێدەبایی» کە بنەمای سیستمی سەرمایەداری و چەوساندنەوەی چینایەتییە، «ووشیاری خۆبەخۆ» کە وشیارییەکی سروشتییە و ڕەنگدانەوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەو هەلومەرجەیە کە چین و توێژەکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە، «ووشیاری سیاسی» کە لە ڕەوتی خۆڕێکخستن و ململانێی چینایەتیدا دروستدەبێت، «ناکۆکی» کە بنەمای دیالێکتیکە، «ململانێ» کە مۆتۆڕی مێژووە، «حەتمیەت» کە ئاراستەیەکی دیاریکراوی جوڵەی مێژووییە، و چەند چەمکێکی دیکە کە بەسەر یەکەوە هێڵەگشتییەکانی میتۆدی مارکسییانە دەستنیشاندەکەن و ئاراستەیەک بۆ تەماشاکردنی جیهان و بۆ لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ناوی پێشنیاردەکەن. واتە میتۆدی مارکسی بریتییە لەکۆی ئەو گوتەزا و چەمکانەی کە بەهۆیانەوە کەسێک دەتوانێت لە جیهان و دیاردەکان ڕامێنێت و شێوازێکی تایبەتی تەماشاکردن و لێکۆڵینەوە و ئەنجامگیری وەدەستبێنێت.

بوونگەرایی، وجودییەت، وەک فەلسەفە بۆ تێگەیشتنی جیهان و دیاردەکان کۆمەڵێک چەمک و پێدراو جیاوازی هەیە لەوەی مارکسیزم هەیەتی، بۆ تێگەیشتنێکی وجودییانە لە جیهان دەبێت لەو چەمک و پێدراوانەوە دەستپێبکەین کە ئەم فەلسەفەیە دەیخاتە بەر دەستمان کە گرنگترینیان بریتین لە چەمکەکانی «تاکەکەس»، «بڕیار»، «هەڵبژاردن»، «دڵەڕاوکێ»، «بەرپرسیاریەت»، «ئازادی»، «بوون»، «ماهییەت»، «بوون ـ

لە ـ جیهاندا»، «خود» و «ئەویدی»، و چەندانی دی کە بەسەریەکەوە بەرهەمهێنەری میتۆدی بونگەراین بۆ تەماشاکردنی جیهان. ئەم گوتەزایانە ئەو دەزگا چەمکییە دروستدەکەن کە بوونگەرایی لەڕێگایەوە تەماشای دنیا و مرۆڤ و شتەکان دەکات.

میتۆدی بونیادگەری بە کۆمەڵێک چەمک کاردەکات کە لە چەمکەکانی مارکسیزم و لەوانەی بوونگەرایی جیاوازە، چەمکەکانی «بویناد»، «پەیوەندی»، «میکانیزمی ناوەکی»، «هاوکاتی»، «سەرجەم»، «بونیادی سادە»، «بونیادی قوڵ»، «خود ـ ڕێکخستن» و چەندانی دی لە چەمکە گرنگەکانی میتۆدی بونیادگەرین. بەهۆی ئەم چەمکانەوە ئەم میتۆدە بە شێوەیەکی جیاواز لە میتۆدەکانی دیکە لە جیهان و مرۆڤ و کۆمەڵگا و مێژوو و زانست و کۆی دیاردەکانی تر ڕادەمێنێت.

هەریەکێک لەو میتۆدانە وێنەیەک بۆ جیهان و کۆمەڵگا و مرۆڤ پێشنیاردەکەن و هەریەکێکیان وێنەیەکیش بۆ ئێستا و ئایندە و ڕابووردو دەنەخشێنن. ئەو وێنانەش لەڕێگای بەکارهێنانێکی یەکدیگیر و بێناکۆکی ئەو چەمک و گوتراوانەوە دروستدەبن کە هەر میتۆدێک لەو میتۆدانە بە مرۆڤی دەبەخشن. کاتێک ویستمان قسە لە میتۆدی مارکسی یان وجودی یان بونیادگەری بکەین، ناچارین قسە لەو پێدراوە میتۆدی و دەزگا چەمکی و وێنانەنە بکەین کە لەسەرەوە باسمانکردن. میتۆدی پۆست مۆدێرنیش، ئەگەر شتێک هەبێت ناوی میتۆدی پۆست مۆدێرن بێت، دەبێت بە هەمانشێوە هەڵگری کۆمەڵێک چەمک و ئامراز و دەزگای فیکری بێت کە بەهۆیانەوە فەیلەسوف و لێکۆڵەرەوەی پۆست مۆدێرن وێنەیەک بۆ جیهان و کۆمەڵگا و ئینسان پێشنیاردەکەن. کە باست لە میتۆدی پۆست مۆدێرن کرد دەبێت پێمانبڵێیت ئەو شتانە چین کە ئەم فەلسەفەیە خۆی پێوە خەریکدەکەن، ئەو چەمک و گوتراو و وێنانە کامانەن کە بەکاریاندەهێنێت، کە ئەمانەشت نەکرد و بە یەکسانکردنیان بە ووشەی «ڕەتکردنەوە» خۆت لە هەموو بەرپرسیاریەتێکی فیکری دوورخستەوە، ئەوکات دەبێت لەوە دڵنیابیت هەرچیەکت کردبێ کاری فیکریت نەکردوە، شتێکت نەکردوە بەهیچ مانایەک بچێتە قاڵبی کاری فیکری و فەلسەفی و زانستییەوە.

لە پەیوەندیدا بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە ناتوانین قسە لە بوونی یەک «میتۆد» و یەک «دید» و یەک «پێوان» بکەین کە هەموو فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان بەکاریبێنن. لە سەرەتای ئەم بەشەی کتێبەکەماندا ئەو ڕاستییەمان نیشاندا کە ناکرێت میتۆد و دید و پێوانی پۆست مۆدێرن بۆ یەک میتۆد و پێوان و دید کوورتکەینەوە. هەر فەیلەسوفێک لە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان میتۆدی تایبەتی تەماشاکردنی جیهان

و بەرهەمهێنانی مەعریفە و ئەنجامگیری هەیە. بۆ ئەوەی نیشانیدەین ئەم میتۆدە چییە و ڕەگەزەکانی کامانەن، دەبێت بچینەوە سەر فیکری فەیلەسوفەکە خۆی. من چونکە لەناو فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکاندا فۆکۆ لەهەمووان باشتر دەناسم، دەتوانم کەمەکێک لەسەر میتۆدی کارکردنی ئەم فەیلەسوفە بدوێم. هەموو خوێنەرێکی سادەی فۆکۆ ئەو ڕاستییە دەزانێت کە میتۆدی ئەم فەیلەسوفە بە میتۆدی ئارکیۆلۆژیا و جینالۆژیا ناسراوە. کاک بەختیاریش لە کتێبەکەیدا ناوی ئەم دوو میتۆدە دەبات، بەڵام ناتوانێت پێمانبڵێت چین و چۆن کاردەکەن و بە چ شێوەیەک ئەنجامگیری ئەنجامئەدەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلانە با سەرەتا لە میتۆدی ئارکیۆلۆژیاوە دەستپێبکەین. لای فۆکۆ ئارکیۆلۆژیا میتۆدێکە پەیوەندییەکی پتەوی بە دیدی (کانت)ـەوە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە هەیە، لای کانت هەموو بەرهەمهێنانێکی مەعریفی لە نێو کۆمەڵێک مەرج و پێشینە و پێدراوی گشتیدا بەرهەمدێت کە لە جەوهەردا کۆمەڵێک پەیوەندین لەنێوان عەقڵ و مەعریفەدا دروستدەبن و ئاراستەیەکی تایبەت بە بەرهەمهێنانی مەعریفی دەبەخشن. ئارکیۆلۆژیا لای فۆکۆ میتۆدێکە بۆ خوێندنەوەی مێژووی مەعریفە، لەم خوێندنەوەیدا ئارکیۆلۆژیا تەماشای ئەو شێوازە باڵادەستانەی مەعریفە ناکات کە مێژووی تەقلیدی مەعریفە باسیاندەکات، ئارکیۆلۆژیا بەدوای ئەو شێوازە مەعریفیەدا ئەگەڕێت کە بێدەنگکراوە و مێژووی ڕەسمی فیکر بێنرخی کردوە و ئەو مافەی لێسەندۆتەوە کە خۆی وەک هەقیقەتێکی مەعریفی نمایشبکات، ئارکیۆلۆژیا میتۆدێکە بەدوای مێژووی مەعریفەی مەنفیدا دەگەڕێت، مەعریفەیەک کە گوتاری عەقلانیەتی باڵادەست قبووڵینەکردوە و شوناسی مەعریفەبوونی لێسەندۆتەوە.(Muilwijk,1991: 17) ئەمەش، وەک فۆکۆ لە پێشەکی کتێبی (ووشەکان و شتەکان)دا دەچێت، گەڕانە بەدوای «نەست، یان «نائاگایی مەعریفەدا» (هـ. س. پ.، ل ١٧). بە مانایەکی دیکە ئارکیۆلۆژیا ئەو میتۆدەیە کە بەدوای دۆزینەوەی «نەستی مەعریفیدا» دەگەڕێت، تەماشای ئەو جۆرە تایبەتانەی مەعریفە دەکات کە چەپێنراون و هەوڵئەدات میکانزمەکانی ئەم چەپاندنە بخوێنێتەوە. بە باوەڕی فۆکۆ ئەم نەستە هەمیشە لایەنە نێگەتیڤەکەی زانستە، واتە ئەو بەشەیە لە فیکر و مەعریفە و هەقیقەت کە زانستی ڕەسمی دانیپێدانانێ و وەک زانست و مەعریفە و هەقیقەت نایسەلمێنێت. ئارکیۆلۆژیا بە دۆزینەوە و ئاشکراکردنی ئەم نەستە مەعریفییە هەلی تێگەیشتنی باشتر لەو مەعریفە باڵادەستانە ئەڕەخسێنێت کە مێژووی ڕەسمی فیکر سەروەری کردون. لە کتێبی (مێژووی دێوانەیی)دا، کە لە

بەشی داهاتووی ئەم کتێبەدا بەدرێژی باسیدەکەین، ئارکیۆلۆژیای دێوانەیی ئەو دەروازەیەیە کە بەهۆیەوە مرۆڤ دەتوانێت باشتر لە عەقڵی مۆدێرن و ستراتیژیەتەکانی کارکردنی ئەم عەقڵە بگات. بە کورتی میتۆدی ئارکیۆلۆژی هەوڵی دۆزینەوەی بونیادە قووڵەکانی فیکر و مەعریفە و زانست ئەدات، عەوداڵی ئەوەیە بزانێت لەناو چ سیاسەتێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی هەقیقەتدا ئەم مەعریفەیە بەرهەمهاتوە، چی سەروەر کراوە و چی بێدەنگ، بەچی شوناسی زانست دراوە و بەچی نەدراوە.

هەرچی جینالۆجیایە میتۆدێکە بەدوای دەرکەوتەکانی دەسەڵاتدا دەگەڕێ لەناو مەعریفەدا، بەدوای ئەو پەیوەندییانەدا کە مەعریفە و دەسەڵات بەیەکەوە گرێدەدەن، ئەمەش بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی ئەو پەیوەندییانە و گواستنەوەیان بۆ سەرزەمینێکی کراوەتر. لەکاتێکدا ئارکیۆلۆژیا خەریکی هەڵکۆڵینی مێژووی فیکرە بە ئامانجی نیشاندانی ئەو بەشانە لە فیکر و هەقیقەت کە بێدەنگکراون، جینالۆجیا ئەم هەقیقەتە بێدەنگکراوەنە دەهێنێتە ناو گەمەی دەسەڵاتەکانەوە، ئەو پەیوەندیانە نیشانئەدات کە مەعریفە و دەسەڵات بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. لەم ڕووەوە جینالۆجیا لە یەککاتدا هەم «تەکتیکێکە بۆ بەرگری، هەم شێوەیەکیشە لە بەرگری» (هـ. س. پ.، ل ٤٤). جینالۆجیا ئەو میتۆدەیە کە ئارکیۆلۆژیا کامڵدەکات. ئەگەر ئارکیۆلۆژیا بەدوای هەلومەرجی پێشین و پێدراوی بەرهەمهێنانی مەعریفەدا بگەڕێت، جینالۆجیا پەیوەندی نێوان مەعریفە و دەسەڵات نیشانئەدات. یەکەمیان مەعریفە بێدەنگکراو و چەپێنراوەکان نیشانئەدات، دووهەمیان پێماندەڵێت لەناو کام ستراتیژیەتی دەسەڵاتدا بێدەنگکراون و چەپێنراون.

ئەو چەمکانەش کە لەم دوو میتۆدەدا بەکاردەهێنرێن بریتین لە «پەیوەندییەکانی هێز»، «دەسەڵات»، «مەعریفە»، «هەڵاوردن»، «گوتار»، «ئەپستیم»، «دابڕان»، «نمایشکردن»، «خود و ئەویدی»، «ئیرادەی مەعریفە»، «ئیرادەی دەسەڵات»، «سیاسەتی هەقیقەت» و چەندان چەمکی دیکە.

هەرکەسێک بخوازێت باس لە میتۆد و دید و پێوانەکانی فیکری فۆکۆ بکات دەبێت باس لەم شتانە بکات. بە هەمان شێوە کە باس لە میتۆد و دید و پێوانەکانی فیکری دێریدا دەکەیت دەبێت باس لە کۆمەڵێک شتی دیکەبکەیت کە دێریدا بەکاریهێناون و بەهۆیانەوە خودی مێژووی فەلسەفە و جیهان و دیاردەکانی لێکداوەتەوە. کاک بەختیار گەر بیزنانیایە میتۆد و دید و پێوانەی فیکری چین، یەکسانی نەدەکردن بە

ڕەتکردنەوە، بەڵکو وردی دەکردنەوە بۆ ئەو کۆمەڵە چەمک و گوتراو و وێناکردنانەی بەهۆیانەوە میتۆدێک لە میتۆدەکان دەزگایەکی فیکری پێکدێنێت و بەهۆیانەوە تەماشای دنیا و فیکر و دیاردەکان دەکات.

کاتێکیش باس لە «پێوان» و «دید» ی فەلسەفەیەک دەکەین دەبێت دیسانەوە ئەم دووانەش وردکەینەوە بۆ پێکهاتە بچوکەکانیان، کە باس لە دیدی مارکسی بۆ دنیا دەکەین، دەبێت بگەڕێیتەوە بۆ ئەو وێنانەی مارکسیزم بۆ جیهان و کۆمەڵگا و مەعریفە و ئێستا و ئایندە و ڕابوردووی هەیە. بۆ نموونە، وێنەی مێژوو لە دیدی مارکسیزمدا وێنەی زەمەنێکی دوورودرێژی ململانێی نەبڕاوەی چینەکانە لەگەڵ یەکدا، جیهان، بە تایبەتی جیهانی ئێستا، جوگرافیایەکی بەفراوانە کە لە هەموو کونوقوژبنێکیدا سەرمایەداری ئامادەیە. دیدی مارکسیزم بۆ مەعریفە بەستنەوەی هەموو شێوە جیاوازەکانی زانیارییە، چ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕستەوخۆ، بە چینەکانەوە. ئایندە لە دیدی مارکسیزمدا وێنەی بەهەشتێکی سەرزەمینی پڕ هارمۆنییەت و بێناکۆکییە، کۆمەڵگا جەنگەڵی ململانێی نێوان دارا و نەدارە. مرۆڤ لە دیدی مارکسدا گوتراوێکی ئەبستراکتی بێمانایە، لای ئەم فەیلەسوفە مرۆڤ هەمیشە لە پەیوەندیدا بە چینێکەوە پێناسەدەکرێت و هەمیشە درێژکراوەیەکی جەستەیی و تاکەکەسی چینەکانە.

بەمجۆرە کە باس لە دیدی پۆست مۆدێرنیش دەکەین دەبێ بڵێین، بۆ نموونە، دیدی لیوتار یان فۆکۆ یان دیریدا یان هەر فەیلەسوفێکی دیکە، سەبارەت بەو شتانەی لەسەرەوە باسمانکرد چیین؟ ئەمانە چ وێنەیەکی جیهانیان لایە؟ چ تێڕوانینێکیان بۆ مەعریفە هەیە؟ کۆمەڵگا چۆن دەبینن؟ چ وێنەیەکیان بۆ مێژوو و ڕابووردو هەیە؟ ئینسان چۆن وێنادەکەن؟ کە تۆ ئەمانەت دەستنیشاننەکرد و ئاوڕت لێنەدانەوە، ئەوکات هەزار لاپەڕەشت لەسەر دیدی پۆست مۆدێرن ڕەشکردبێتەوە، بزانە بە سانتیمەتر لێی نزیک نەکەوتویتەوە و هیچت نەکردوە و هیچت نەووتوە. تێگەیشتن لە فەلسەفەیەک لە فەلسەفەکان وابەستەی ئەوەیە تۆ چەند ئەو دەزگا چەمکی و وێنە و تێڕوانینانە دەناسیت کە ئەو فەلسەفەیە بەهۆیانەوە دنیا دەخوێنێتەوە و دیاردەکان ڕاڤەدەکات و لە خودی مەعریفە خۆی ڕادەمێنێت، تۆ چەند توانای گرێدانەوەی چەمکەکانی ئەو فەلسەفەیەت هەیە بە واقیع و ئیشکالییەتەکانی ناو واقیعەوە. کە تۆ ئەمانەت نەکرد و دید و پێوان و میتۆدی یەکێک لە ئاڵۆزترین فەلسەفەکانی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیستویەکەمت بە ووشەی

ڕەتكردنەوە یەكسانكرد، ئەوكات نەک لەگەڵ فیكر و فەلسەفەدا مامەڵەت نەكردوە، بەڵكو حوكمێكت داوە بە فەرسەخ لە سادەترین كاری توژینەوە و توێكاری فیكری و فەلسەفییەوە بەدوورە.

قسەكردن لەسەر میتۆد و دید و پێوانی فەلسەفی قسەی ڕۆژانە نین تا مرۆڤ لە خۆیەوە و چۆنی بە خەیاڵدا هات بیانكات، میتۆد و دید و پێوانی فەلسەفی پێدراوی فیكرین و بارگاویكراون بە دەیان مانای تایبەت. كاتێک چەمكی «ژێرخانی كۆمەڵ» بەكاردەهێنین، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین ئەمە بەشێک نییە لە قسەی ڕۆژانە و چۆنمان هات بەدەمدا وا بەكاریبێنین، دەبێت لەو ڕاستییە ئاگاداربین ئەم چەمكە بەشێكە لە سیستمێكی بیركردنەوەی دیاریكراو و یەكێكە لە گوتراوە فیكرییە گرنگەكانی فەلسەفەیەكی تایبەت كە لەڕێی ئەم گوتراوەوە وێنەیەكی دیاریكراو بۆ كۆمەڵگا پێشنیاردەكات. كاتێک دەمانەوێت لەسەر دیدی ماركس بۆ كۆمەڵگا قسەبكەین دەبێت بەدرێژی ئەم چەمكە و چەندان چەمكی دیكەش لێكدەینەوە و باسیبكەین، نیشانیدەین لەناو خۆیدا چ مانا و وێنە و ڕەگەزێكی هەڵگرتووە و ئەم شتانەش بە سەرجەمی مانا و ڕەگەز و چەمكەكانی دیكەی ماركسیزمەوە گرێدەینەوە. بە هەمانشێوە كاتێک باس لە دیدی پۆست مۆدێرن دەكەین دەبێت هەمان كار ئەنجامدەین، تۆ ناتوانیت باسی دیدی پۆست مۆدێرن بكەیت و بە ئارەزوی خۆت دادگای بكەیت و بینێریت بۆ مۆزەخانەی ڕۆشنبیری، لە كاتێكدا ئەوەی كردوتە و نەتكردوە یەكسانكردنێكی كۆمیدیانەی ئەم دیدەیە بە ڕەتكردنەوەی هەموو شتێک. ئەم جۆرە قسەكردنە لەسەر میتۆد و پێوان و دیدی فەلسەفی قسەی سەرجادەن و لە ڕووی فیكرییەوە زۆر بێمانان، دەشێت لە پیاسەكردن و دانیشتنی سەرمێز و ئێوارەی ماڵە هاوڕێدا شتی وا بگوترێت، بەڵام هەرگیز لە كتێبی فەلسەفی و نووسینی فیكری و زانستیدا شوێنیان نابێتەوە.

بۆئەوەی قسە لە دیدی پۆست مۆدێرن لەسەر حیزب و حیزبایەتی بكەین، دەبێت، بۆ نموونە، تەماشای دیدی فۆكۆ یان دێریدا یان ڕیچارد ڕۆرتی یان زیگمۆند باومان یان لیوتار بۆ سیاسەت بكەین و بزانین ئەو چەمک و گوتراو و دەزگا فیكرییانە چین كە ئەم فەیلەسوفانە بۆ ناساندنی سیاسەت بەكاریادەهێنن. (من لە لاپەڕەكانی داهاتوودا بەشێوەیەكی خێرا بەشێكی ئەم كارە ئانجامئەدەم و هەوڵئەدەم، دیدی لیوتار و ڕیچارد ڕۆرتی، بۆ سیاسەت ئاشكراكەم، كە بەپێچەوانەی قسەكانی كاک بەختیارەوە نەک

ڕەتکردنەوەی دیموکراسییەت نین، بەڵکو بەرگرییەکی سەرسەختن لە دیموکراسییەت و سیستمی دیموکراسییانە. دواتر چی حیزبایەتی لە فەرەنسادا بە حیزبایەتی لە کوردستاندا دەبەستێتەوە، لە فەرەنسا حیزب لەڕووی ماڵییەوە بە ڕادەیەکی زۆر چاوی لە دەستی دەوڵەتە و دەوڵەت یارمەتیدەری ماڵی حیزبە، لای ئێمە ئەم مەسەلەیە نەک بەپێچەوانەوەیە، واتە دەوڵەت چاوی لە دەستی حیزبە، بەڵکو زۆربەی کۆمەڵگا لەبەردەم ڕەحمەتی حیزبدایە. لەمەشبترازێت کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن و لەکوێدا دوو ڕستەی لەسەر حیزب و حیزبایەتی نووسیوە تا ئێمە باس لە ڕەفزکردنی فیکری پۆست مۆدێرن بۆ حیزبایەتی بکەین. کاک بەختیار وەکچۆن بەچاوی ئێستاوە تەماشای مێژوو دەکات و ئیسلامی ئەمڕۆ بە ئیسلامی ١٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر یەکسان دەکات، لێرەشدا بەچاوی کوردستان و حیزبایەتیکردن لە کوردستاندا تەماشای کاری سیاسی لەهەموو جیهاندا دەکات. ئەم دوو هەڵەیە لەڕووی ئەپستمۆلۆژیەوە یەک ڕەگیان هەیە و سەرچاوەکەیان لەوەدایە کە تۆ جیاوازی لەنێوان زەمەنە جیاوازەکان و شوێنە جیاوازەکاندا نەکەیت. وەک پێشتریش ووتمان فەلسەفە قسە لەسەر گشتێتی دیاردەکان دەکات نەک لەسەر بەشە بچووکەکان، بۆیە کاتێک فەلسەفە لەسەر سیاسەت دەدوێت باس لە حیزب و ژیانی حیزبایەتی ناکات بەڵکو قسە لە فەلسەفەی سیاسی دەکات. ئەو بەشەی فیکریش کە لەسەر مەسەلەی حیزب و حیزبایەتی ئەدوێت فەلسەفەی سیاسی نییە بەڵکو زانستی سیاسەتە، بەشێکی زۆر بچووکی زانستی سیاسەتیشە. هۆی ئەم بچووکییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە حیزبایەتی لە ئەوروپادا دیاردەیەکی بچووکە و بەشێکی هێجگار کەمی کاری سیاسی لەڕێی حیزبایەتییەوە جێبەجێدەکرێت، سیاسەتکردن لە ئەوروپادا کارێکە دەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەنی، میدیا، ڕای گشتی، گروهی فشار و ئۆرگانی نادەوڵەتی و چەندان لایەنی دیکە پێیهەڵدەستن، بوونی سیستمێکی بەهێزی دادگای سەربەخۆش وایکردوە ئەوەی هەستدەکات مافی خوارەوە پەناپێدەبات و مافی خۆی وەردەگرێتەوە. هەر بۆئەوەی کاک بەختیار لە لاوازی و بچوکی و پەراوێزبوونی دیاردەی حیزبایەتی لە ئەوروپدا ئاگادارکەینەوە ئەم کۆمەڵە ژمارەیەی دەخەینە بەردەست کە شایەتێکی ئاشکرای بچووکی ئەم دیاردەیەیە: لە بریتانیا تەنها لە ١.٦٪ خەڵک ئەندامی حیزبن، لە هۆڵەندا ٢.٢٪، لە دانیمارک ١.٥٪، لە بەلجیکا ٦.٣٪ و گەورەترین ژمارە لە سویدە کە تەنها ١٤.٥٪. (Joyce, 1999: 136) وەک دەبینین دیاردەی حیزبایەتی لە ئەوروپادا دیاردەیەکی لاوەکییە و ئەم لاوکیبوونەشی پەیوەندی نییە بە بوون و نەبوونی

فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەوە، بەڵکو وابەستەی دابەشکردن و بڵاوبوونەوەی کاری سیاسییە بەسەر دەزگا و دامەزراو و هێز و گروهی کۆمەڵایەتی جیاجیادا و کۆنەبوونەوەیەتی لە دەستی حیزبێک یان چەند حیزبێکدا.

بە قسەی کاک مەلا بەختیار فیکری پۆست مۆدێرن فیکرێکە هەموو دەسکەوتێک کە مرۆڤ لە مێژووی درێژی خۆیدا پێیگەیشتووە بەرهەمیهێناوە، ڕەتدەکاتەوە. لەم ڕەوتەدا کاک بە بەختیار دەنوسێت: پۆست مۆدێرنە «هەموو پێشینە و پێشەکیەکی فەلسەفە و فکر و ئەقڵانیەت، تەنانەت مەسەلە میللیەکان و دەسەڵاتی میللیش بە سیستمی دیموکراسیشەوە، ڕەتدەکاتەوە» (ل ٧٢). ئەم قسەیەی کاک بەختیار دەلیلی ئەوەیە بەڕێزی یەک لاپەڕەی لە فیکری فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن نەخوێندۆتەوە و ناشزانێت ئەرک و پەیامی فەلسەفە و فەیلەسوف لە کۆمەڵگادا چییە. ئاخر کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن «هەموو» پێشینە و پێشەکییەکی فەلسەفە و فکر و ئەقڵانیەتی ڕەتکردۆتەوە؟ چ فەیلەسوفێک هەیە لە دنیادا، چ مۆدێرن و چ پۆست مۆدێرن، ئەوەندە گەمژە بێت ووتبێتی من «هەموو»، تکایە سەرنج لە ووشەی هەموو بدەن، «پێشینە و پێشەکیەکی فەلسەفە و فیکر و ئەقڵانیەت» ڕەتدەکەمەوە؟ کاک بە ختیار بۆ ناوی فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرنمان ناداتێ و بڵێ تەماشاکەن ئەم فەیلەسوفە «هەموو» فەلسەفە و فیکر و ئەقڵانیەتی بەر لە خۆی ڕەتکردۆتەوە.

من لێرەدا و وەک وەڵامێک بۆ ئەم حوکمە هێجگار ناڕاست و هێجگار نابەرپرسیارەی کاک بەختیار باس لە چەند فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرن دەکەم و نیشانیئەدەم کە ئەمانە هەریەکەیان لەلایەن چەند فەیلەسوفێکی کۆن و نوێوە کاریان تێکراوە و «پێشینە» و «پێشەکی» چەندان فەیلەسوف و قوتابخانەی فەلسەفی کۆن و نوێ لە فیکری ئەم فەیەلسوفانەدا ئامادەیە. لە ڕاستیدا ئەم حوکمە کاریکاتێریەی کاک بەختیار لە دۆخی هیچ فەیلەسوفێکی کۆن و نوێی سەر ئەم ئەستێرەیەدا ڕاست نییە و لە مێژووی فیکردا فەیلەسوفێک نادۆزینەوە «هەموو» پێشینە و پێشەکی فیکر و فەلسەفە و ئەقڵانیەتی ڕەتکردبێتەوە. لە فیکردا ڕەتکردنەوەی سەرتاسەری و هەمەلایەن بوونی نییە، فیکر هەمیشە لە دیالۆگیدا لەگەڵ فیکری بەر لە خۆی و سەردەمی خۆیدا لەدایکدەبێت، لە هەموو مێژووی فەلسەفەدا فەیلەسوفێک نادۆزینەوە لە دیالۆگدا نەبێت لەگەڵ کۆمەڵێک فەیلەسوفی بەر لە خۆی و سەردەمی خۆیدا. وەک

ووتمان ئەو جۆرە ڕەتکردنەوە گشتی و سەرتاسەرییەی کاک بەختیار باسیدەکات لۆژیکی فیکر و فەلسەفە و ئەقڵ نییە، ئەمە لۆژیکی حیزبایەتی و عەقڵیی کادێرە حیزبییەکانی پەروەردەی شەڕی ناوخۆی کوردستانە. لەنێوان لۆژیکی ڕەتکردنەوەی ڕادیکاڵ و سەرتاسەری شەڕی ناوخۆی کوردستان و لۆژیکی کراوە و دیالۆگئامێزی فیکری فەلسەفیدا ئاسمانێک جیاوازی هەیە. با ئەم بۆچوونە بە هێنانەوەی کۆمەڵێک نموونە بسەلمێنین و لە لیوتارەوە دەستپێبکەین.

بەشێکی گرنگی فیکری لیوتار، چ لە بواری قسەکردنیدا لەسەر ئیستاتیکا و چ لە بواری مۆراڵدا، لە گەڕانەوەیەکی بەردەوامدایە بۆ فیکری ئیمانوێل کانت. بۆ ڕەخنەگرتن لە فیکری بونیادگەری سود لە فیکری میرلۆ پۆنتی وەردەگرێت، بۆ گەڵاڵەکردنی تیورەیەکی ئیستاتی بەردەوام قسە لە شیعرەکانی مالارمێ و تابلۆکانی سیزان و پۆل کلی دەکات. لیوتار کاریگەری گەورەی مارکس و نیتشە و هایدگەر و فیتگنشتاین و لێڤیناسیشی لەسەربووە. (Doorman, 2000: 201-213) بەشێکی گرنگی فیکری فۆکۆ گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی یۆنانی کۆن بە تایبەتی لە بواری تێڕوانینی فۆکۆدا بۆ فەلسەفەی ئەخلاق، لە تێڕوانینیدا بۆ ڕۆشنگەری و ڕۆشنگەربوون گەڕانەوەیە بۆ فەلسەفەی کانت، لە تێڕوانینیدا بۆ مەسەلەی هەقیقەت و دەسەڵات گەڕانەوەیە بۆ نیتشە. (لە بەشی پێنجەمی ئەم کتێبەدا بە درێژی لەسەر ئەم مەسەلانە ئەدوێین). فیکری جاک دیریدا لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەمدا لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدایە بە فیکری یۆنانی بەر لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەرەوە، بە تایبەتی فیکری سۆفیستەکان، ئەدەبی یۆنانی و ئەفسانەکانی ئەو ڕۆژگارە بەشێکی گرنگی هەندێک لە لێکدانەوەکانی دێریدان، فیکری هایدگەر و هۆسرەڵ، دۆسۆسێر و لیڤیناس کاریگەری گەورەیان لەسەر دێریدا هەبووە، سەرەڕای ئەمانەش فیکری ئەو فەیلەسوفانەی کە لەنێوان ئەدەب و فەلسەفەدا دەنووسن بۆ دێریدا زۆر کاریگەربوون، لە پێش هەمووانەوە کیرکجارد، نیتشە، کامۆ، پۆڵ ڤالێری، سارتەر (هـ. س. پ.، ل ٢٤٨ـ٢٥١). فیکری ریچارد ڕۆرتی لەژێر کاریگەری فەلسەفەی کانت و جۆن دێوی و پراگماتیزمی سەدەی نۆزدە و دێریدا و هایدگەر و زۆرانی دیکەدایە (هـ.س. پ.، ل ٢٧٣ـ٢٧٥)، فیکری باومان گەڕانەوەیەکی بەردەوامە بۆ فەلسەفەی مارکس، لیڤیانس و ماکس ڤیبەر و فرۆید.

ئیدی ئەم فەیلەسوفانە، کە هەموویان وەک فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن ناسراون، چۆن و لەکوێوە و بە چ مانایەک «هەموو پێشینە و پێشەکیەکی فەلسەفە و فکر و

ئەقلانیەت» ڕەتدەکەنەوە. کە فۆکۆ بۆ یۆنان دەگەڕێتەوە ئەمە گەڕانەوە نییە بۆ پێشینەیەکی فەلسەفی کە ٢٠٠٠ ساڵ مێژووی هەیە، کە دیریدا بۆ سۆفیستەکان دەگەڕێتەوە، ئەمە دیالۆگ نییە لەگەڵ کۆمەڵێک فەیلەسوفدا کە لە یۆناندا ژیاون؟ کە ڕۆرتی بۆ فەلسەفەی پراگماتیزمی سەدەی نۆزدەهەم دەگەڕێتەوە ئەمە ڕەتکردنەوەی پێشینەی فەلسەفییە یان گەڕانەوەیە بۆ ئەو پێشینەیە؟ لە ڕاستیدا خوێنەرێک کەمەکێک شارەزای فەلسەفە بێت تێناگات کاک بەختیار بە چ لۆژیکێک ئەم قسانە دەکات، ئەم حوکمانە لەکوێوە دەهێنێ و چۆن جورئەتی هەڵەکردنی لەم بابەتەی هەیە؟ من گومانم لەوە نییە کە کاک بەختیار ئەم قسانەی لە گیرفانی خۆیەوە دەرهێناوە، گومانم لەوە نییە لە هەموو ژیانیدا کتێبێکی دێریدای هەڵنەداوەتەوە، بە ڕێکەوتیش کتێبێکی فۆکۆی نەخوێندۆتەوە. ئاخر بەڕێزی گەر هەریەکێک لەم کارانەی بکردایە هەڵەی لەو باباتەی نەدەکرد. چونکە لە هەر کتێبێک لە کتێبەکانی ئەم فەیلەسوفانەدا ناوی چەندان فەیلەسوفی هاوچەرخ و چەندان فەیلەسوفی کۆن ئامادەیە و فیکری خۆشیان لە دیالۆگێکی بەردەوامدایە لەگەڵ بەشێکی گرنگی پێشینەی فەلسەفە و مێژووی فەلسەفەدا. هەرکەسێک لە ژیانیدا کتێبێکی سادەی فەلسەفی خوێندبێتەوە قسەی وا ناکات، چونکە لە مێژووی فەلسەفەدا هیچ فەیلەسوفێک نادۆزینەوە هەموو پێشیەنە و پێشەکی فەلسەفەی بەر لە خۆی ڕەتکاتەوە.

خاڵێکی دیکەی حوکمەکەی کاک بە ختیار لەو ئیقتیباسەی سەرەوەدا ئەوەیە گوایە فیکری پۆست مۆدێرن «دەسەڵاتی میللی» و «دیموکراسیەت» ڕەتدەکاتەوە. وەڵامی ئەم هەڵەیەی کاک بەختیار هەڵدەگرین بۆ لاپەڕەکانی دیکە. با لە ئێستادا گوێ بۆ چەند حوکمێکی دیکەی کاک بەختیار بگرین کە بەهەمان ئەندازەی حوکمەکانی دیکەی هەڵەن، بەڕێزی دەنوسێت: «پۆست مۆدێرنە بەرنامەی ئابوری و پلانی چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان پێ نییە. ئەو بۆ جیهانێک دەگەڕێت تێیدا ئاراستەی گشتی و بەرنامەی ستراتیژی نەبێ کاری ئۆفیسکاری و یەکەیەکی لێکدابڕاوی ئابووری زاڵبێ. دەسەلات لە چاودێریکردنیشدا ڕۆڵی نەبێت» (ل ٩٤).

جارێ بەرنامەی ئابووری فەیلەسوف ناینووسێت، بەڵکو ئابووریناس دەینوسێت. هیچ فەیلەسوفێکی هاوچەرخ، پۆست مۆدێرن و دژ بە پۆست مۆدێرن، پلانی ئابوری نەنووسیوە و نانووسێت، ئەوەی ئەم کارە دەکات ئەو ئابووریناسانەن کە لەم بوارەدا خوێندویانە و شارەزان، ئەمە جگە لەوەی کە میکانیزمەکانی بازاڕ تا ڕادەیەکی دیاریکراو خۆیان دەستنیشانی چۆنیەتی کارکردنی ئابووری دەکەن. ئەوە تەنها لە

دیدی تۆتالیتێریزمدایە کە سیاسییەکی نەخوێندەواری وەک سەدام حوسەین باس لەهەموو شتێک دەکات و ئەو مافە بەخۆی ئەدات لەسەر ئابووری و بەرنامەی ئابووریش بدوێت. لەمانەش بترازێت لە کوێ و کام شوێنی جیهاندا خەڵکان چوون بۆلای فەیلەسوفەکان و دوای نووسینی بەرنامەی ئابووری و چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانیان کردبێت. کە وڵاتان تووشی قەیرانی ئابوری دەبن دەچن بۆ لای (بانکی جیهانی) و (سندوقی دراوی نێودەوڵەتی) و (بانکی ئەوروپی) و شوێنی ئابووری دی، تا ئێستا نەبیستراوە نوێنەری هیچ نەتەوە و کۆمەڵگا و قەومێک بۆ چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکانیان چووبن بۆلای فەیلەسوفێک و داوای نووسینی بەرنامەی ئابووریان لێکردبێت.

هەر لەو ئیقتیباسەی سەرەوەدا کاک مەلا بەختیار باس لە «ئاراستەی گشتی» و «بەرنامەی ستراتیژی» بۆ جیهان دەکات و دەڵێت پۆست مۆدێرنەکان بۆ جیهانێک دەگەڕێن تێیدا «ئاراستەی گشتی» و «بەرنامەی ستراتیژی» تێدا نەبێ و «کاری ئۆفیسکاری» و «یەکەیەکی لێکدابڕاوی ئابووری» زاڵبێت. جارێ بەرێزی پێمانناڵێت ئەم حوکمانەی لەکوێوە هێناوە و سەرچاوەکانیان لە کوێدان، بەڵام با واز لەم مەسەلەیە بهێنین و لە مەسەلەیەکی گرنگتر بپێچینەوە: داخۆ ئەو «ئاراستە گشتیی» و «بەرنامە ستراتیژییە» چییە کە کاک بەختیار بۆ جیهانی هەیە و فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان نیانە؟ کێ ئەم ئاراستە گشتییە دەستنیشاندەکات، ئەو بەرنامە ستراتیژیەی هەموو جیهان بەرێوە دەبات چییە و کێ نووسیویەتی و لە کوێوەهاتووە؟ کاک بەختیار بۆ ناوێکمان ناداتێ و بڵێ ئەها ئەم فەیلەسوفە، کە پۆست مۆدێرن نییە، بەرنامەیەکی ستراتیژی بۆ جیهان نووسیوە و ئاراستەی گشتیشی دەستنیشانکردوە؟ ئەوەی لەم بۆچوونەدا مایەی گریانە ئەو بەدحاڵیبوونەیە کە پێیوایە جیهان بە ئەمر و خەیاڵ و داواکاری فەیلەسوفێک، یان چەند فەیلەسوفێک، دەجوڵێت و بەڕێوە دەچێت و ئەوان دەستنیشانی بەرنامەی ستراتیژی و ئاراستەی گشتی مێژوو دەکەن. ئەمە چ کاڵفامییەکە چاوەڕوانی ئەوەبین کۆمەڵێک فەیلەسوف ئاراستەی مێژوو دەستنیشانکەن و بەرنامەی ستراتیژی بۆ جیهان بنووسن و بە زیاد لە شەش ملیار مرۆڤ، لە هەزاران کۆمەڵگا و کولتوور و نیشتیمانی جیاجیادا، بڵێن چیبکەن و چینەکەن. ئەمە ئەگەر حیکایەتە کۆن و پەڕپوت و هەرە سادەکەی مارکسیزمی دۆگمایی و سادەگۆی لای خۆمان نییە، کە بمانویستایە و نەمانویستایە هەموومانی بەپێی «ئاراستەیەکی گشتی» و «بەرنامەیەکی ستراتیژی» بۆبەهەشتی سۆسیالیزم دەبرد، چییە؟ ئەمە ئەگەر

یەکێک لەو حیکایەتە ئایدیۆلۆژییە بێمانا و ترسناک و تۆتالیتاریانە نییە  کە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان بنەما تیورییەکانیان وێرانکردوە، چییە؟ کاک بەختیار بۆ پێمان نالێت کێن ئەوانەی بەرنامەی ستراتیژیان بۆ جیهان پێیە و ئاراستە گشتییەکانیشیان دەستنیشانکردوە، تا بزانین باسی چی و کێ و کام فەیلەسوف دەکات، ئەگەر خۆشی بەرنامەیەکی ستراتیژی لەو بابەتەی پێیە بۆ ئاشکرای ناکات؟ ئەم داواکارییەی کاک بەختیار داواکارییەکی تۆتالیتێرە و ڕێک فیکری ستالینیەتی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەممان بیردەخاتەوە. ئاخر تەنها ستالینییەکان باسیان لە ئاراستەی گشتی و بەرنامەی ستراتیژی بۆ جیهان دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە کاتێک بەڕێزی دەڵێت فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان پلانی چارەسەرکردنی قەیرانەکانیان پێ نییە، بۆ پێمان ناڵێت مەبەستی کام قەیرانە و لە کوێ و لە چ سات و کاتێکی مێژوویدا؟ مەبەستی قەیرانەکانی ناو فیکرە یان قەیرانەکانی ناو سیاسیەت، لە قەیرانی کۆمەڵایەتی ئەدوێت یان ئابووری، باس لە قەیرانی مۆراڵ ئەکات یان کولتوور؟ بێگومان بۆ هەر قەیرانێک لە قەیرانانە کەسان و لێزان و پسپۆری جیاواز هەن، بۆ هەندێکیان فەیلەسوف و بۆ هەندێکیان ئابووریناس و بۆ ئەوانیدیان سیاسەتناس بۆ یەکێکی تریان ئەخلاقناس پێویستن، هەندێکجار سایکۆلۆژیست و هەندێکجار پیداگۆگ و جارێکی دی کۆمەڵناس پێویستن. قسەکردن لە قەیران بەگشتی و بەبێ دەستنیشانکردن و وردکردنەوەی بۆ وردەکارییەکانی، قسەکردنێکی بێمانایە. لەمەش بترازێت فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان تا ڕادەیەکی زۆر لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ و ڕادیکاڵدان لەگەڵ ئەو کێشانەدا کە لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا ئامادەن. فۆکۆ و نووسینەکانی فۆکۆ بوونە هۆی گۆڕین و ڕیفۆرمکردنی هەلومەرجی ناوەکی زیندانەکانی فەرەنسا بەرە و باشی، دێریدا سەرۆکی پەرلەمانی نووسەرانی جیهانە و لەگەڵ سەلمانی ڕوشدی و زۆرانی دیکەدا لە زۆر شاری وڵاتە ئەوروپییەکاندا شوێنی تایبەتیان بۆ ئەو نووسەر و ڕۆشنبیرە هەڵاتوانە مەیسەرکردوە کە لە وڵاتی خۆیاندا فشاریان بۆ دەهێنرێ و ناچار بە هەڵاتن دەکرێن. زیگمۆند باومان بەردەوام لەسەر کێشە و قەیرانەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و فراوانبوونی سنوورەکانی ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی دەنووسێت. لیوتار ڕەخنەی گەورەی بەرامبەر بە دەرەنجامە خراپەکانی بەجیهانیبوون نووسیوە. خۆش ئەوەیە کاک بەختیار لە ساتێکدا ئەم قسانە دەکات کە سیاسییەکانی کورد بەرنامەیان بۆ دوو هەفتەی دیکەی کۆمەڵگای کوردی پێنییە و کوردستانی عێراقیان لەسەر مۆدێلی میرنشینی حیزبی بۆ

سێ بەشی دژ بەیەک دابەشکردەوە و تا بینەقاقا کۆمەڵگای کوردیان لە قەیرانی سیاسی گەورە گەورەوە ئالاندوە، کەچی دێت و باس لە بەرنامەی ستراتیژی بۆ جیهان دەکات. تۆ کە توانای ئەوەت نەبێت لانیکەمی ئیجماعی سیاسی لە سێ شاردا دروستکەیت و چەترێکی سیاسی هاوبەشیان بۆ هەڵدەی، بە چ مافێک داوای بەرنامە و ستراتیژییەت و ئاراستەی گشتی بۆ هەموو جیهان دەکەیت؟ ئەمە گەر دیماگۆگییەت و سەفسەتەیەکی سیاسی بێلەزەت نەبێت، چییە؟

سەبارەت بەوەی گوایە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان دەسەڵات و «دەسەڵاتی میللی» ڕەتدەکەنەوە من لە فەسڵی داهاتوودا بەدرێژی لەم مەسەلەیە ئەدوێم، لێرەدا تەنها ئەوە دەڵێم کە هەریەکێک لە دانیشتوانی سەر ئەم ئەستێرەیە، هەر مرۆڤێک تۆزقاڵێک هەست و ویژدان و ووشیاری هەبێت، شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە و لەگەڵ شێوەیەکی دیکەی دسەڵاتدایە. کاک بەختیار خۆی دەسەڵاتی بەعس ڕەتدەکاتەوە و ئەو دەسەڵاتەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا ئامادەیە قبووڵدەکات. بۆیە بەڕێزی کە باسی ڕەتکردنەوەی فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان بۆ دەسەڵات دەکات پرسیاری سەرەکی ئەوەیە، باسی کام فەیلەسوف دەکات و ئەو فەیلەسوفەش چ جۆرە دەسەڵاتێک ڕەتدەکاتەوە؟ بێگومان هەریەکێک لە ئێمە شێوەیەک یان چەند شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات ڕەتدەکەینەوە. شێوازی دەسەڵاتی دیکتاتۆری، نادیموکراسی، دیماگۆگی، مۆنۆپۆڵخواز، ڕاسیستی، ناسیۆنالیستی توندڕە، شەڕانگێز، مەرگدۆست، ئاینی، تۆتالیتێری، شەخسی، دابەشنەکراو، بنەماڵەیی، ناوچەگەر، هەموویان قابیلی ڕەتکردنەوەن. دەسەڵاتێک لەسەر زەلیلکردن و بچووککردنەوە و بێبایەخکردنی ئینسان و ژیان و کۆمەڵگا کاربکات، نەک شایەنی ڕەتکردنەوەیە بەڵکو پێویستە ڕەتکرێتەوە. بەڵام دەسەڵاتێکی مافپەروەر، یەکسانخواز، دابەشکراو، یاسایی، دیموکراس، دەستوری، قابیلی گۆڕان، قبووڵکەری جیاوازی، ژیان دۆست، نەتەوەیی، کراوە دەسەڵاتێکە بەرگری لێدەکرێت. دواتر کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن ووتویەتی من دەسەڵاتی میللی ڕەتدەکەمەوە، لە کام کتێب و بڵاوکراوە و نووسیندا شتی وای نووسیوە؟ کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن ووتویەتی من دژ بە دیموکراسییەتم و لە چ شوێنێکا شتی وای ووتوە و نووسیوە؟ من تێناگەم کاک مەلا بەختیار بە چ مافێک خۆی بە دیموکرات دەزانێت و جاک دێریداو لیوتار و فۆکۆ بە نا دیموکرات، بە چ مانایەک ئەم بەڕێزە خۆی لەم فەیلەسوفانە بە دیموکراستر دەزانێت. ئاخر تۆ کە

حوکمی لەم بابەتەت دا ئەوکات ناچاری بە نموونە بیسەلمێنیت و ڕاستەوخۆ بۆ فیکر و ڕەوشت و هەڵوێستی ئەو فەیلەسوفانە بگەڕێیتەوە کە شتی وایانکردوە یان گوتوە یان نووسیوە. کە ئەمانەشت نەکرد ئەوکات جگە لە ڕیزکردنی تۆمەتی ناماقوڵ و حوکمی نەسەلمێندراو و قسەی سەر جادە، شتێکی دیکەت نەکردوە.

هەر لەو ئیقتیباسەی سەرەوەدا کاک بەختیار کەوتۆتە ناو ناکۆکییەکی سەرسوڕهێنەرەوە، خودی ئەو ئیقتیباسە ئەو ڕایەی کاک بەختیار بە درۆدەخاتەوە کە دەڵێت فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان دەسەڵات ڕەتدەکەنەوە. بەڕێزی دەنووسێت پۆست مۆدێرنە بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێت کە «کاری ئۆفیسکاری و یەکەیەکی لێکدابڕاوی ئابووری زاڵبێ». کاری ئۆفیسکاری مانای سیستمی بیرۆکراسیەتە، بەپێی ئەم بۆچوونە بێت فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان بەدوای جیهانێکدا دەگەڕێن سیستمی بیرۆکراسییەت، ئۆفیسکاری، تێدازاڵبێت، ئەمەش بۆخۆی قبووڵکردنی شێوازی بیرۆکراسییانەی دەسەڵاتە. کەوابوو فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان سەر بە دەسەڵاتی بیرۆکراسین و ئەم دەسەڵاتەیان قبووڵە و بەدوای چەسپاندن و باڵادەستبوونیدا دەگەڕێن. جگە لەمە ئەم فەیلەسوفانە لە دیدی کاک بەختیاردا بەدوای زاڵکردنی «یەکەی ئابوری لێکدابڕاودا» دەگەڕێن و دەیانەوێت ئەم یەکە دابڕاوانە زاڵبکەن. من نازانم «یەکەی ئابوری لێکدبڕاو» یانی چی و کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن بەدوای زاڵکردنی ئەم یەکە ئابوورییە دابڕاوانەدا گەڕاوە، بەڵام ئەم حوکمە بۆخۆی مانای ئەوەیە کە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان دەسەڵات بە موتڵەقی ڕەتناکەنەوە، لانیکەم دەسەڵاتی بیرۆکراسی و یەکەی ئابووری دابڕاو، ڕەتناکەنەوە. لە ڕووی مەعریفیەوە، گوناهی گەورەی کاک بەختیار لەوەدایە پێماننالێت کام فەیلەسوفی پۆست مۆدێرن هەواداری بیرۆکراسییەت و یەکەی ئابووری دابڕاوە. لە کام کتێب و نووسین و بڵاوکراوەدا شتی وای ووتوە. بەڕێزی لەخۆیەوە حوکمئەدات و ئێمەش دەبێت حوکمەکەی وەک فیکر و فەلسەفە و هەقیقەت وەرگرین، کە وەریشمان نەگرت ئیدی پۆست مۆدێرنین و باوەڕمان نە بە کورد و نە بە کوردستان و نە بە دەسەڵاتی کوردی هەیە و شوێنی مەترسین بۆ خوێنەری نوێی کوردی و ڕێز بۆ خەباتی کەس دانانێین و دەمانەوێت دەسەڵاتی کوردی نابوتکەین. هەموو خوێنەرێکی سادە دەزانێت ئەم قسانەی کاک بەختیار قسەی بێبناغە و هەڵەن، پەیوەندیان بەهەر شتێکەوە هەبێت، پەیوەندیان بە فیکر و فەلسەفەی پۆست مۆدێرنەوە نییە. ئاخر چۆن دەکرێت فەلسەفەیەک بە موتڵەقی دەسەڵات ڕەتکاتەوە، وەک بەڕێزی دەڵێت، کەچی هەوداری

دەسەڵاتی بیرۆکراسییانە بێت. تەحەدای کاک بەختیار دەکەم لە هەموو فیکری پۆست مۆدێرندا یەک دێڕی فەیەلسوفێکی پۆست مۆدێرنمان نیشاندات کە تێیدا نووسیبێت هەوداری دەسەڵاتی بیرۆکراسیە و بەدوای یەکەی ئابووری لێکدابڕاودا دەگەڕێت. دوایی فەیلەسوف بۆ بەدوای یەکەی ئابووری لێکدابڕاودا دەگەڕێت، چ پەیوەندیەک لەنێوان فەلسەفە و یەکەی ئابووری لێکدابڕاودا هەیە؟ کاک بەختیار وێنەی ئابووری کوردستان، کە ئابوورییەکە تا سەر ئێسقان پارتی و یەکێتی لێکیاندابڕیوە و مۆنۆپۆڵیناکردوە، بۆ ناو فیکری پۆست مۆدێرن دەگوازێتەوە و دەڵێت ئەم فەیلەسوفانە خەریکی دابڕانی یەکەی ئابووری بچووکن. هەموومان دەزانین ئەوەی یەکەی ئابوری لێکدبڕاو دروستدەکات و بەدوایدا دەگەڕێت سیاسییەکانی کوردن، نەک فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان. لە ساتێکدا هەموو ئەوروپا دەبێت بەیەک و بەسەریەکەوە یەکێک لە یەکە ئابوورییە هەرە گەورەکانی جیهان پێکدەهێنێت و فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان لە نزیکەوە ئاگاداری ئەم مەسەلەیەن، ئیدی چۆن خەریکی دروستکردنی یەکەی ئابووری لێکدابڕاون؟

سەبارەت بەوەش کە گوایە فەیلەسوفەکانی فیکری پۆست مۆدێرن هەواداری دەسەڵاتی بیرۆکراسین، من لێرەدا تەنها هێما بە بۆچوونەکانی زیگموند باومان و لیوتار دەکەم کە ئەم حوکمە سەر لەبەر بە درۆ دەخەنەوە. ئەم دوو فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنە ڕاستەوخۆ تۆتالیتاریزم و کارەساتی هۆڵۆکۆست بە سیستمی بیرۆکراسییەوە گرێدەدەن، فۆکۆش هەتا مرد دژ بە دەسەڵاتی بیرۆکراسییانە نووسی و دژ بەو ڕۆحییەتی هەیمەنەیە کاریکرد کە ئەم دەسەڵاتە دەیخاتەوە. (لە لاپەڕەکانی داهاتوودا ئەم مەسەلانە زیاتر ئاشکرادەبن).

کاک مەلا بەختیار لە شوێنێکی دیکەی کتێبەکەیدا فیکری پۆست مۆدێرن یەکسان دەکات بە «باوەڕنەمان بە سیستم و دەسەڵات، یان باوەڕ بەوەی کە ئەم دووانە باویان نەماوە.( ل ١٤٧). ئەمەش دیسانەوە قسەیەکی نابەجێیە و لە هەموو دنیادا فەیلەسوفێک نییە، چ مۆدێرن و چ پۆست مۆدێرن، ئەوەندە گەمژەبێت پێیوابێت دەسەڵات و سیستم باویان نەماوە. جیهانێک لە هەموو کونوقوژبنێکیدا پڕبێت لە ململانێ لەسەر دەسەڵات، پڕبێت لە هەوڵی بەردەوام بۆ دامەزراندنی سیستمی سیاسی و ئابووری و کولتووری جیاواز، پڕبێت لە ململانێی نەتەوەیی و چینایەتی و دەستەیی و تاکەکەسی، چۆن لەلایەن فەیلەسوفانەوە بەو شێوەیە کاریکاتۆرییە وێنادەکرێت. هیچ فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرن نییە ووتبێتی دەسەڵات باوی نەماوە،

ئەمە بوختانێکە و کاک بەختیار بۆ فیکری پۆست مۆدێرنی دەکات. بەڕێزی گەر ڕاستدەکات با بفەرموێت و نموونەیەکمان نیشانبدات کە تێیدا یەکێک لەم فەیەلسوفانە ووتبێتی دەسەڵات و سیستم باویان نەماوە. لەڕاستیدا ئەم مەسەلەیە تەواو پێچەوانەکەی ڕاستە، بەشێکی زۆری فەیلەسوف و نووسەرە پۆست مۆدێرنەکان ڕایان وایە مرۆڤایەتی بە قۆناغ و ئاستێکی گەشەکردنی دەسەڵات گەیشتووە کە دەشێت جیهان بە ئاسانی وێرانکرێت، دەشێت سیستمی دیموکراسی لە بناغەوە هەڵوەشێنرێتەوە، دەشێت دەیان کێشەی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی و سیاسی بێتەکایەوە کە جیهان وەک گشتێک ڕووبەڕووی مەترسی بکاتەوە. فۆکۆ ئەوەندە لە ئامادەگی و گرنگی دەسەڵات بە ئاگایە باس لە دابەزینی دەسەڵات بۆناو مەعریفە و شوناس و خودبوونی ئینسان دەکات، باومان دەڵێت لە قۆناغێکداین دەسەڵات لە ئاستێکدایە بەئاسانی دەتونێت جینۆساید پیادەبکات، لیوتار دەڵێت دەبێ نەهێلین دەسەڵاتی ئامێزانکردن و تواندنەوە، جیاوازییەکان بکوژن و بسڕنەوە. من لە بەشی داهاتوودا بە درێژی باس لە تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ دەکەم و نیشانیئەدەم ئەم فەیەلسوفە پۆست مۆدێرنە نەک ناڵێت دەسەڵات باوی نەماوە، بەڵکو پێیوایە شتێکی پۆزەتیڤ و بەرهەمهێنیشە.

هەرچی مەسەلەی سیستمیشە کاک بەختیار پێمان ناڵێت باس لە کام سیستم دەکات، چ سیستمێک باوی نەماوە، لەکوێ و چۆن؟ ئایا ئەم فەیلەسوفانە باوەڕیان بە سیستمی سەرمایەداری، سۆسیالیستی، تۆتالیتاری، دیموکراسی نییە، یاخود هەر لە بنەڕەتەوە باوەڕیان بە چەمکی سیستم نییە؟ باسی سیستمی فیکر دەکات یان سیستمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان؟ بەڕێزی تەنانەت ئەم شتە هەرە سەرەتایی و هەرە سادانەی نووسین دەستنیشان ناکات. سەیرە یەکێک لە گرنگترین چەمکەکانی فیکری بونیادگەری چەمکی سیستمە و بینینی دنیایە وەک سیستمێکی گشتی، کەچی کاک بەختیار قبوڵی نییە و ڕەوانەی مۆزەخانەی دەکات، بەڵام لەملاوە داوای فیکرێک دەکات باوەڕی بە سیستم بێت. من تێناگەم کاک بەختیار کە عاشقی سیستمە و پۆست مۆدێرنەش بە دوژمنی سیستم دەزانێت، ئیدی بۆ بونیادگەری قبووڵ نییە کە زۆر باوەڕی بە سیستمە و پێشیوایە هەمیشە دەمێنێتەوە و بەردەوام «باوی» دەبێت. کاک بەختیار لێرەدا یەخەی فیکری پۆست مۆدێرن دەگرێ و دەڵێت بۆ باس لە سیستم ناکەیت و باوەڕت بە سیستم نییە و دەڵێیت سیستم باوی نەماوە، کەچی لەو لاوە بونیادگەری ڕەفزدەکات کە دەڵێت سیستم هەمووشتێکە. ناکۆکی لەمە سەیرتر

نەبووە و نییە. تۆ یان ئەوەتە سیستەمت قبووڵە و دەڵێیت باوی هەیە و کۆتایی پێنەهاتوە، بەمەش دەدەیتە پاڵ بونیادگەری، یان ئەوەتە باوەڕت بە سیستم نییە و فیکری پۆست مۆدێرنت قبووڵە. ناکرێت تۆ لەسەرێکەوە بەدوای سیستمدا بگەڕێیت و لە سەرێکی دیکەوە ئەو فیکرەی لەسەر بیرۆکەی سیستم کاردەکات ڕەوانەی مۆزەخانە کەیت، یەخەی ئەو فیکرەش بگریت بۆ سیستم کە بەحیسابی خۆت باوەڕی بە سیستم نییە. ئەم ناکۆکییە ئەوەندە گەورەیە پێویست ناکات هیچی دی لەسەر بڵێین.

کاک مەلا بەختیار دوای ئەم هەموو هەڵە و ناحاڵیبوون و حوکمە سەیرانە دەربارەی فیکری پۆست مۆدێرن دێتە سەر ڕەهەند و نووسەرەکانی و بە زمانێکی حیزبی و ئایدیۆلۆژی و سیاسی، کە چەندان ساڵە باڵە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی سیاسی کوردی یەکدی پێ تاوانباردەکەن، ڕەهەند بە گواستنەوەی فیکری پۆست مۆدێرن «تاوانبار!!!!» دەکات و دەنوسێت: «پۆست مۆدێرنێتە لە ئەوروپا گەیشتۆتە بن بەست بۆیە لە کوردستانیش «سەرناکەوێت» (ل ١٥٥). جارێ قسەکردن لەسەر ئەوەی گوایە دیدێکی فەلسەفی بە «بونبەست» گەیشتبێت، لە بەدحاڵیبوون و تێنەگەیشتن لە چییەتی فیکری فەلسەفییەوە هاتووە. ئەفلاتون کە زیاد لە ٢٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر فەلسەفەی بەرهەمهێناوە تا ئێستاش دەخوێندرێتە و بەهەندێک لە چەمک و دید و تێڕوانینەکانی کاردەکرێت، فیکری ئەرستۆ و دیکارت و کانت و هیگل و مارکس و نیتشە و چەندانی دیکە تا ئێستاش سەرچاوەی لێکدانەوە و خوێندنەوە و بەکارهێنانی نوێن. لە فیکردا شتێک نییە ناوی بە بونبەست گەیشتنبێت، دەقی فەلسەفی دەقێکی کراوەیە بەڕووی خوێندنەوەی جیاواز و هەمەچەشندا، فۆکۆ فیکری یۆنانی کۆن دەخوێنێتەوە بۆ ئەوەی بە تیورەیەکی ئەخلاقی نوێ بگات، لە ئێستادا قوتابخانەی «گرامشیەتی نوێ» لە فیکری سیاسیدا، مارکس بە شێوەیەکی نوێ بۆ قسەکردن لەسەر جیهانگیری دەخوێنێتەوە، فۆکۆیاما لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا هیگڵ سەرلەنوێ بۆ بەرگریکردن لە لیبرالیزم دەخوێنێتەوە لەکاتێکدا هیگل بەوە بەناوبانگە کە دژ بە لیبرالییەتە، هێربێرت مارکوزە فرۆیدی سەرلەنوێ خوێندەوە بۆ قسەکردن لەسەر تێکەڵبوونی ڕەهەندی سیاسەت و ڕەهەندی سایکۆلۆژی ئینسانی هاوچەرخ بەیەکدی، مارتا نوسباوم دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ بۆ دۆزینەوەی مۆراڵێکی گەردوونی نوێ. بەکورتی فیکر و فەلسەفە بە بونبەست ناگەن، ئەوەی بە بونبەست دەگات مژدەی ئایدیۆلۆژی و پرۆژەی سیاسی پێشنیارکراو و نەخشەی دۆگمایی مێژووییە،

بەبوونبەست گەیشتن مەسەلەیەکە ڕووبەڕووی بەڵێن و بەرنامەی حیزبی و سیاسی دیاریکراو دەبێتەوە کە لەگەڵ پێدراوە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و ئەخلاقییەکاندا نەگونجێت، نەک دیدێکی فەلسەفی بۆ جیهان. فیکری پۆست مۆدێرنیش فەلسەفەیە، نەک بەرنامە و پەیڕەو و پرۆگرامی حیزبی. کاک بەختیار خۆی دەڵێت ئەم فەلسەفەیە باوەڕیان بە حیزبایەتی نییە، باشە گەر ئەمانە باوەڕیان بە حیزبایەتی نییە و بەرنامەی حیزبیان پێنییە، چۆن و بە چ شێوەیەک بە بونبەست گەیشتوون؟ بە بونبەست گەیشتن لێرەدا یانی چی؟ ئایا مانای ئەوەی کە نووسینی ئەم فەیلەسوفانە چیدی ناخوێندرێنەوە و کار بە میتۆدی بەرهەمهێنانی فیکری و مەعریفیان ناکرێت؟ مانای ئەوەی فیکری ئەم فەیلەسوفانە بەشێک نییە لە فیکری فەلسەفی هاوچەرخی ناو زانکۆ و ناوەندە فیکرییەکانی ڕۆژئاوا؟ ئایا میتۆدی تەفکیکی و ئارکیۆلۆژی و جینالۆژی بە بوونبەست گەیشتوون، چونکە بەکارناهێنرێن، یان پێدراوە میتۆدییەکانیان ناڕاستن؟ ئەگەر مەبەست لە بە بونبەست گەیشتن ئەم مەسەلە تایبەتانە بێت، ئەوا حوکمەکەی کاک بەختیار هێجگار هەڵەیە و لە بێئاگاییەکی گەورەوە لەوەی ئەمڕۆ لە زانکۆ و ناوەندە فیکریی و فەلسەفییەکانی ڕۆژئاوادا ئامادەیە، سەرچاوەی گرتووە. وەک ووتم بەشێکی زۆری فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان ماون و لە لووتکەی نووسین و بەرهەمهێنانی فیکریدان و تائێستاش بەردەوام کتێبیان لەسەر دەنووسرێت و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی فیکریان دەستنیشاندەکرێ و خۆشیان بەشدارن لە دەیان دیالۆگی فەلسەفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری گرنگدا. لەمەش بترازێت ئایا فیکری ئەفلاتون و ئەرستۆ و کانت بە بونبەست گەیشتوون تا فیکری فۆکۆ و باومان و لیوتار بە بونبەستبگەن؟ ئایا میتۆد بە بونبەست دەگات یان بەردەوام قابیلی دەسکاریکردن و گەشەپێدان و تازەکردنەوەیە؟

لە ڕاستیدا سەرچاوەی قسەکردن لەوەی فەلسەفەیەک لە فەلسەفەکان بە بونبەست گەیشتوە لەوێوە هاتووە کە تۆ نەزانیت فەلسەفە چییە و جیاوازی نێوان پرسیارەکانی فەلسەفە و پرسیارەکانی سیاسەت نەکەیت. ئەمڕۆ لە زۆر ناوەندی فیکریدا دەگوترێت مارکسیزم لە قەیراندایە، یاخود بە بونبەست گەیشتوە، مەبەست لەمە ئەوە نییە کە مارکسیزم وەک میتۆد و فەلسەفە کۆتایپێهاتوە، ئەوەندەی مەبەست لەوەیە کە وەهمەکانی مارکسیزم و چاوەڕوانییە سیاسییەکانی و مژدە ئایدیۆلۆژییەکانی لە قەیراندان. دەنا لە ئێستادا بە دەیان فەیلەسوف و نووسەر و زانای کۆمەڵایەتی هەن بۆ تێگەیشتنی جیهان لە دیدی مارکسەوە دەستپێدەکەن و ئەم دیدە لە بەردەمی

هەلومەرجی سەرەتاکانی سەدەی بیست و یەکەمدا تازەدەکەنەوە. باشە گەر پۆست مۆدێرنیزم باوەڕی بە سیاسەت و دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا نییە و هەموویان ڕەتدەکاتەوە ئیدی ئەم بە بونبەستگەیشتنە یانی چی؟ ئایا ڕووکارە ئایدیۆلۆژی و سیاسییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن کامانەن کە بۆ ئەوروپییەکان دەرکەوتوە ڕاست نین و وازیان لێهێناون؟ ئایا فیکری پۆست مۆدێرن چ مژدەیەکی داوە و مژدەکانی نەهاتبێتە دی و بەم بۆنەیەوە بە بونبەست گەیشتبێت؟ بەداخەوە کاک بەختیار ماناکانی «بونبەست»مان بۆ شیناکاتەوە تا بزانین باسی چیدەکات و مەبەستی چییە و دەیەوێت چی بڵێت، بەڕێزی بەو زمانی تۆمەتکارییەی دەیان ساڵە لە کوردستاندا ئامادەیە و باڵە جیاوازەکانی ناو بزوتنەوەی سیاسی کوردی یەکدی پێتاوانبار دەکەن، ئەوە دووبارە دەکاتەوە کە فیکری پۆست مۆدێرن لە ئەوروپا بە بونبەست گەیشتوە بۆیە لە کوردستاندا سەرناکەوێت.

بە کورتی، کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا وێنەیەکی بۆ فیکری پۆست مۆدێرن و لەوێشەوە بۆ نووسەرەکانی گۆڤاری ڕەهەند دروستکردوە وەک ئەوەی سوێندیان خواردبێت هەرچییەک مرۆڤایەتی بەدرێژایی مێژوو کردویەتی و بەرهەمی هێناوە، ڕەتکەنەوە و چی دەسکەوتی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی هەیە لەناوبەرن، ئەمانە بەڵایەکن خودا بۆ مرۆڤایەتی ناردوون، گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانیشی لە هەوڵی تێکشکاندی کورد و لەناوبردنی دەسەڵاتی کوردی و وێرانکردنی ئایندەی ئەم میللەتەدان. بێگومان هەر خوێنەرێک ڕۆژێک لە ڕۆژان لاپەڕەیەکی لە فیکری فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان خوێندبێتەوە تێدەگات ئەم خورافەتە تەنها لە خەیاڵی کاک مەلا بەختیاردا ئامادەیە، دەنا لەهەموو جیهاندا کەسێکی دی نادۆزینەوە فیکری پۆست مۆدێرنی بەم شێوەیە ئەتککردبێت. ئەوەشی ژمارەکانی گۆڤاری ڕەهەندی خوێندبێتەوە تێدەگات ئەم گۆڤارە هەڵگری پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی و سیاسی نییە تا بە بونبەست بگات، ئەوەی تا ئێستا وەک ئەرکێکی مێژوویی پیادەی کردوە، لەپاڵ هەوڵدانێکی بەردەوامدا بۆ دەوڵەمەندکردنی ڕۆشنبیری کوردی لەڕێی تازەکردنەوەی تێز و تیورە و میتۆد و شێوازی نووسینەوە، بریتییە لە ڕەخنەکردنی دەرکەوتە دزێوەکانی کاری سیاسی و فیکری و ڕۆشنبیریی لە کوردستاندا. ئەم گۆڤارە خوازیاری لە دایکبوونی کولتوورێکی سیاسی نوێیە کە تێیدا بیرۆکەی هاووڵاتی، دادپەروەری، دیموکراسییەت، یەکێتی نەتەوەیی، پاراستنی جیاوازی و ژیاندۆستی ڕەگەزە سەرەکییەکانی بێت.

## 4 ـ فیکری پۆست مۆدێرن چییە و چیدەڵێت؟

وەک ووتم زەحمەتە فیکری پۆست مۆدێرن بۆ چەند سەرەتاگە و حوکمێکی فەلسەفی و فیکری گشتگیر کورتکەینەوە و ناوەرۆکە فەلسەفی و کولتووری و سیاسییەکەی بەچەند دێڕێک نیشاندەین، هەموو هەوڵێک بەم ئاراستەیەدا بازدانە بەسەر ئەو جیاوازییە گرنگانەدا کە لەنێوان فەیلەسوفانی فیکری پۆست مۆدێرندا لەئارادایە. بۆ خۆلادان لەم کێشەیە و بۆ نەکەوتنە ناو گەمەیەکی گشتگیر و سادەوە، هەوڵئەدەم لەم بەشەدا چەند ڕەهەندێکی جیاوازی فیکری پۆست مۆدێرن، لای چەند فەیلەسوفێک لە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان، بە خوێنەران بناسێنم، لەهەمانکاتدا هیوادارم خوێنەران خۆیان بچنەوە سەر سەرچاوە ڕەسەنەکانی ئەم فیکرە و خۆیان بەراوردێک لەنێوان ئەوەی ئەم فەیلەسوفانە دەیڵێن و ئەوەی کاک بەختیار بەزۆر پێیوتوون، بکەن. پێشئەوەی بێمەسەر باسی فیکری پۆست مۆدێرن وای بەباش دەزانم سەرنجێکی خێرا لە تێڕوانینەکانی کاک بەختیار بۆ مۆدێرنە بدەین، چونکە زۆربەی حوکمەکانی کاک بەختیار لەسەر فیکری پۆست مۆدێرن و پێشنیارکردنی شەڕێکی ناوخۆیی گەورە لەنێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا، پابەندی ئەو تێگەیشتنە سادانەیەیە کە بەڕێزی بۆ مۆدێرنەی هەیە. کاک بەختیار بەهەمان ئەو لۆژیکە سادەیەی کە جیهان بەشێوەیەکی گشتی بۆ باش و خراپ، ڕاست و هەڵە، حەڵاڵ و حەرام، دابەشدەکات، ئاوا پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دابەشدەکات، لەم لۆژیکە سادەیەدا، کە ڕەگە قووڵەکانی لەناو دابەشکردنەکانی ئایندایە، پۆست مۆدێرنە دزێوی و خراپەی ڕەهایە، مۆدێرنەش باشە و چاکەی ڕەها، یەکەمیان دوژمن و دوهەمیان دۆست، یەکەمیان حەرام و دووهەمیان حەڵاڵ. ئەم لۆژیکە، وەک پێشتریش هێمامان پێکرد، لۆژیکی فیکر و مەعریفە نییە. چونکە لۆژیکی فیکر و مەعریفە هەمیشە لۆژیکێکی پلوراڵە، بەڵکو لۆژیکی کادرە حیزبییە تەسکبینەکانی ناو ئەزموونی خوێناوی کوردستانە و بەسەر مێژووی فیکر و فەلسەفەدا پیادەکراوە.

کاک بەختیار مۆدێرنە و مێژووی مۆدێرنە بۆ دەسکەوتە گەورەکانی ئەم سێ سەدەیەی دوایی مرۆڤایەتی کورتدەکاتەوە، بەلایەوە مۆدێرنە یەکسانە بە دەسکەوتی عەقڵی و سیاسی و فیکری و تەکنۆلۆژی، بە کۆمەڵێک چاکەکاری ڕەها بێ کێشە و گرفت و هەڕەشە و زیان. بەڕێزی دەنوسێت: «مۆدێرنێتە یەکێکە لە قۆناغە هەرە

پرشنگدارەکانی بەشەریەت. لە قۆناغی مۆدێرنێتەدا دەسکەوتە مەزنەکانی ئەقڵ، فکر، فەلسەفە، هونەر، ئەدەب، پێشکەوتن، مەدەنیەت، دەوڵەت، سیاسەت، هێنراونەتە دی. زاڵبونی ئاین پاشەکشەی پێکراوە، ئەقڵی مرۆڤ ئازاد بووە و عەلمانییەت چەسپێندراوە». (ل ٢٢٩)

با واز لەوە بێنین کە کاک بەختیار وەک خوی هەمیشەی پێمان ناڵێت دەسکەوتە مەزنەکانی ئەقڵ و فکر و فەلسەفە و هونەر و ئەدەب چین، پێشکەوتن، مەدەنیەت، دەوڵەت، سیاسەت، لەم قۆناغەدا، چیبوون و چییان بەرهەمهێناوە، بەرێزی ئەم مەسەلانە بەهیچجۆرێک وردناکاتەوە بۆ کۆمەڵێک نموونە و باس و ئەرگومێنت و ئاماژەی زانستییانە، بۆ نموونە، پێماننالێت ئایا مێژووی دەوڵەت لە قۆناغی مۆدێرنەدا چ مێژوویەکە، ئایا مەدەنیەتی مۆدێرنە لە کوێوە هاتووە، سیاسەتی مۆدێرن چ سیاسەتێکە، ئایا بەڕاستی عەقڵی مرۆڤ ئازاد بووە، ئایا ڕاستە ئاین پاشەکشەی پێکراوە، بە چ مانایەک عەلمانیەت چەسپاوە؟. کاک بەختیار تاقەتی ئەم سەریەشە فیکرییەی نییە کە مەرجی سەرەکی هەموو قسەکردنێکی سەرەتاییانەیە لەسەر مۆدێرنە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەو ڕاستییە بسەلمێنین کە ئەم تێڕوانینە گشتی و زۆر سادەیەی کاک بەختیار بۆ مۆدێرنە هەڵگری برێک لە ڕاستییە، مێژووی ئەم سێ سەدەیەی دوایی، کە یەکسانە بە مێژووی مۆدێرنە، مێژووی باڵادەستبوونی مرۆڤە بەسەر سروشتدا، مێژووی دامەزراندنی کۆمەڵێک دەزگای سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری نوێیە کە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان لە کۆمەڵگاکانی بەر لە مۆدێرنە جیادەکەنەوە. مێژووی بەخشینی کۆمەڵێک ئەرکی نوێیەیە بە ئاین و سەندنەوەی کۆمەڵێک ئەرکی دییە لێی، مێژووی پێشکەوتنی زانست و تەکنیکە بە ڕادەیەک، وەک هایدگەر دەڵێت، بوونی کردۆتە بوونێکی تەکنیکی. بەڵام ئەمە هەموو حیکایەتەکانی مۆدێرنە نییە. لە کتێبی (مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا) فەیلەسوف و کۆمەڵناسی ئینگلیزی بەناوبانگ (گیرارد دێلانتی) مۆدێرنە بە هاتنەکایەی دوو شێوە گۆڕانکاری ڕادیکاڵ و گەورەوە گرێدەدات: (Delanty, 2000: viiii)

١ ـ گۆڕانی یەکەم گۆڕانی کولتووری و هاتنەکایەی جیهانبینی کۆمەڵگاکانە: ئەم گۆڕانەش گۆڕانە لە مۆدێلە باو و باڵادەستەکانی مەعریفە و بەرهەمهێنانی مەعریفەدا، گۆڕانە لە چۆنیەتی تەماشاکردنی ئەو قۆناغەدا بۆ خۆی، گۆڕانە لەو مۆدێلانەدا کە کۆمەڵگا لە ڕێگایانەوە خۆی ڕاڤەئەکات. گۆڕانە لە وێنانەدا کە ئینسان سەبارەت بە

کۆمەڵگا و جیهان و سروشت هەیەتی. بە کورتی مۆدێرنە، لەم ئاستەدا، بریتییە لە گۆڕانی ئەو مۆدێلانەی مەعریفە کە لە ڕێگایانەوە کۆمەڵگایەک خۆی جیهان و سروشت ڕاڤەدەکات، هەروەها گۆڕانە لە خودبینی ئینساندا بۆ خۆی.

٢ ـ گۆڕانی دووهەم گۆڕانە لە بونیادی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵگادا. لە ئاستی ئابووریدا مۆدێرنە بریتییە لە هاتنەکایەی سیستمێکی ئابوری نوێ کە لە فۆرمی سەرمایەداریدا بەرجەستەیە، لە ئاستی سیاسیدا مانای لەدایکبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی و پەیمانی کۆمەڵایەتی و دیموکراسیەتە، لە ئاستی کۆمەڵایەتیدا مانای لەدایکبوونی کۆمەڵێک هێزی کۆمەڵایەتی نوێیە کە داوای ڕێکخستنەوەی نوێی سیستمی سەرمایەداری دەکەن.

دەشێت ئەو بۆچوونەی کاک بەختیار تا ئەو شوێنە هەڵگری بڕێک لە ڕاستیبێت کە دەڵێت مۆدێرنە قۆناغێکە تێیدا کۆمەڵێک دەسکەوتی گەورە و گرنگ هاتوونەتە دی، بەڵام ماناکانی مۆدێرنە و چییەتی ئەم پرۆژەیە لەم دەسکەوتانەدا کۆتاییان پێنایەت. ئەگەر ئەو شتانەی باسکران ڕوخسارە ڕووناکەکانی مۆدێرنە بن، ئەوا مۆدێرنە ڕوخسارێکی دیکەی هەیە کە هێجگار تاریکە، (گیرارد دیلانتی) لەدرێژەی قسەکردنیدا لەسەر مۆدێرنە پێ لەسەر مەسەلەی کاراکتەری «دوو ڕوخساریی» مۆدێرنە دادەگرێت و دەڵێت مۆدێرنە دوو ڕەخساری هەیە:

یەکەمیان: ئەو ڕوخسارەیە کە ململانێی نێوان دیموکراسیەت و سەرمایەداری بە پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرقەراری دیموکراسیەت و ڕامکردنی سیستمی سەرمایەداری کۆتایی پێدێت. بە مانایەکی دیکە مۆدێرنە، کە لەڕووی ئابوورییەوە سەرمایەداری بنەماکەیەتی، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئۆتۆماتیکی دیموکراسییەت دروستناکات، بەپێچەوانەوە بەرقەراربوونی دیموکراسییەت وابەستەی ڕامکردنی سەرمایەداری و سەرخستنی پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنییە. سەرکەوتنی ئەم پرۆژەیەش تەعبیرە لە ڕوخسارە ڕووناکەکەی مۆدێرنە.

دووهەمیان: ڕوخساری دووهەمی مۆدێرنە ئەو ڕوخسارەیە کە تێیدا دەوڵەت هەم دیموکراسییەت و هەم سەرمایەداری سەرکوتدەکات و وەک دواهەمین دەرەنجام تۆتالیتاریزم دێتەکایەوە، (Delanty, 2000: xi) بە مانایەکی دیکە، یەکێک لە ئەگەرەکانی مۆدێرنە بریتییە لە هێرشی دەوڵەت، وەک دەزگایەکی مۆدێرن، بۆسەر بنەماکانی دیموکراسییەت و ئەو پرنسیپانەش کە ئابووری سەرمایەداری بەڕێوە

دەبات. ئەزموونی ستالینی و نازییانە دوو نموونەی هێرشی دەوڵەتی مۆدێرنن بۆسەر ئابووری سەرمایەداری ودیموکراسییەت و کۆمەڵگای مەدەنی.

لەم ڕووەوە مێژووی مۆدێرنە مێژووی بەرهەمهێنانی بەردەوامی دیموکراسییەت، سەرخستنی پرۆژەی کۆمەڵگای مەدەنی، بەرقەراربوونی پەیمانی کۆمەڵایەتی و چەسپاندنی ئابوورییەکی سەرمایەداری هیومان نییە، بەڵکو لەهەمانکاتدا مێژووی دروستکردنی کۆمەڵێک دەوڵەت و کۆمەڵگا و ئایدیۆلۆژیاشە کە هەم کۆمەڵگای مەدەنی و هەم عەقڵانیەتی کراوە و هەم پەیمانی کۆمەڵایەتی گۆڕەوشار دەکات. بەم مانایە مێژووی مۆدێرنە مێژووی بارینی شەکر نییە بە ڕەهایی بەسەر مرۆڤایەتیدا، وەک کاک بەختیار تێیگەیشتوە، بەڵکو لەچەند ڕوویەکەوە مێژووی بارینی بەڵای گەورەگەورەیە. لەڕاستیدا مێژووی مۆدێرنە تاڕادەیەکی زۆر مێژووی ململانێی بەردەوامی ئەم دوو ڕوخسار و مەیلە جیاوازەی مۆدێرنەیە لەگەڵ یەکدا، مێژووی ململانێی ڕووە ڕووناکەکانێتی لەگەڵ ڕووە تاریکەکانیدا، ئەم دووانەش هەردووکیان بەشێکی دانەبڕاوی مۆدێرنە و دوو ئەگەری ناوەکی زیندووی ئەم پرۆژەیەن. بە مانایەکی دیکە ناتوانین مۆدێرنە کوورتکەینەوە بۆ ئەو «هەمیشە بەهارەی» کاک بەختیار باسیدەکات، بۆ دەسکەوتەکانی عەقڵ و دیموکراسییەت و عەلمانییەت و کۆی شتەکانی دیکەی ناو کتێبەکەی کاک بەختیار بە تەنها. ئەو کێشانەی ڕەهەندە تاریکەکەی مۆدێرنە لەم دوو سەدەیەی دوایدا بۆ مرۆڤایەتیان دروستکردوە لە دەسکەوتەکانی مۆدێرنە بچووکتر نین، ڕاسیزم، ئیمپریالیزم، کۆلۆنیالیزم، ناسیۆنالیزمی توندڕەو، فاشیزم، نازیزم، بیرۆکراسییەتی خنکێنەر، بە ئامرازبوونی عەقڵ، بەربەرییەتی سەرمایەداری، کێشە کوشندەکانی ژینگە و پڕکردنی گۆی زەوی لە چەکی کوشندە، هەموویان بەرهەمی مۆدێرنەن و ڕەوتێکی تایبەتی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن دروستیکردون، وەکچۆن بەدیوی ئەودیویشدا دیموکرایسەت، مافەکانی مرۆڤ، ڕۆحیەتی یەکسانیخواز، بەرهەمهێنانی جیاوازی، تاکەکەسی ئازاد، هیومانیزم، کۆمەڵگای مەدەنی، حوکمی یاسا، لێکجیاکردنەوەی دەسەڵات، پەیمانی کۆمەڵایەتی، کۆسمۆپۆلیتیزم و لیبرالیزم و سۆسیالیزم هتد... هەموویان بەرهەمی مۆدێرنەن. کێشەی کاک بەختیار لەوەدایە تەنها ڕوخسارە جوانەکەی مۆدێرنە دەبینی و ئەو تاریکستان و بەربەریەتە مۆدێرنە نابینێت کە لەسەردەستی هێزگەلێکیی وەک نازییەت و فاشییەت و بەعسدا ژیانی ملیۆنان ئینسان وێراندەکات. سەرەڕای ئەمە مێژووی مۆدێرنە کۆمەڵێک کێشەی گەردوونی لە شێوەی کونبوونی ئۆزۆن، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی، نەمانی

دارستان، بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی و کیمیاوی و هتد... هێناوەتە کایەوە، کە ژیانی مرۆڤایەتی وەک گشتێک خستۆتە مەترسییەوە. بەر لە مۆدێرنە، هەرگیز لە مێژووی مرۆڤایەتیدا، ساتەوەختێک نادۆزینەوە تێیدا جیهان ئەوەندە لەناو مەترسیدا نووقم بووبێت، لە مەترسی سروشتییەوە بۆ مەترسی ئینسانی، لە ئەگەری ڕەشەکوژی جینۆسایدیەوە بۆ توانای وێرانکردنی هەموو زەوی لەچەند چرکەیەکدا. مۆدێرنە هەم پەرلەمان و هەم کلاشیکۆف دروستدەکات، ئەوەی گرنگە ئاگادارییبین ئەوەیە بۆ ڕێگرتن لە هاتنەکایەی بەربەریەت کۆی ئەو دەزگا و دامەزراو و فەلسەفە مۆدێرنانەمان پێویستە کە لەڕێیانەوە دەتوانین کۆنترۆڵی بەکارهێنانی کلاشینکۆف بکەین، کە زیندان و ئامرازی ئەشکەنجەی نوێ بەرهەمدێنێت، لەگەڵیدا ڕیزێک یاساش پێشنیاردەکات کە چاودێری چۆنیەتی کارکردنی ئەو دەزگایە بکات، کارەساتی گەورە ئەوەیە تۆ کلاشینکۆف و زیندان و ئامرازی ئەشکەنجەت هەبێت، بەڵام ئەو فەلسەفە سیاسی و ئەخلاقی و ئینسانییەی مۆدێرنەت نەبێت کە چاودێری ئەو کەرەستانە دەکەن و ناهێڵن لەڕێیانەوە سوکایەتی بە مرۆڤ بکرێت. مۆدێرنە و مۆدێرنبوون بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی گەرانتی ئەم چاودێرییە ناکەن، ئەوەی ئەم چاودێرییە دەخولقێنێت ئەو ووشیارییە ڕەخنەییەیە کە ڕۆژانە چاودێری دەسەڵات و شێوازەکانی کارکردن و بڵاوبوونەوە و دابەشبوونی دەکات.

بە کورتی مۆدێرنە بەتەنها باشە و دەسکەوت و جوانی نییە، وەک کاک بەختیار لێیتێگەیشتوە، بەڵکو ئەگەر و توانا و پرۆژەی مێژوویی ترسناکیشە. لەم ڕەوتەدا وشیاری پۆست مۆدێرن ئەو وشیارییەیە کە بەردەوام لەم ئەگەرە ترسناکانە وریاماندەکاتەوە و مەترسییەکانمان نیشانئەدات و کارەساتەکانی ناو مێژووی مۆدێرنمان وەبیردەهێنێتەوە. ئەم ووشیارییە ئەو شێوەیەیە لە ووشیاری کە تێیدا مۆدێرنە لەوە تێدەگات کە لە پاڵ ئامێزکردنەوەیدا بۆ ئەگەرە جوان و ئینسانی و دیموکراسییەکان، هەڵگری ئەگەری وێرانکاریشە، چۆن بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ بەرهەمدەهێنێت ئاواش تێزە ترسناکەکانی ڕاسیزمیش.، چۆن پرنسیپی مافی چارەی خۆنۆسینی پێیە ئاوا کۆلۆنیالیزمیش. کێشەی کاک کاک بەختیار لەوەدایە توانای بینینی ئەو دیوە تاریکەی مۆدێرنەی نییە. بەڕێزی ئەوەی بیرچۆتەوە کە سیستمی باڵادەستی ناو مۆدێرنە لەم سێ سەدەیەی دواییدا سیستمی سەرمایەدارەییە و مێژووی سەرمایەداریش لە چەند ڕەهەندێکیدا مێژوویەکی نائینسانی و توندوتیژ و

خوێناوییە. وەک کۆنە مارکسییەک، کاک بەختیار، دەبوایە ئەو ڕاستییە سادەیە بزانێت کە مێژووی سەرمایەداری مێژووی کردنی زەوی بە بەهەشت نییە، بەڵکو، لەپاڵ کۆمەڵێک دەسکەوتی گرنگدا، مێژووی کۆمەڵێک تاوان و ئازار و ئەشکەنجەی بێئەندازەشە. ئەم بەرێزە لە دژایەتیکردنی گۆڤاری ڕەهەند و دژایەتیکردنی ئەوەی ناوی ناوە «پۆست مۆدێرنێتە» بە دۆخێک گەیشتوە تەنانەت ئەلف و بای ئەو شتانەی لەیادچۆتەوە کە دوێنێ فێریان بوو بوو. ئاخر مۆدێرنە و سەرمایەداری چۆن لەیەکدی جیادەبنەوە و چۆن مێژووی یەکێکیان بەبێ ئەویدیکەیان بوونی هەیە.

بەکورتی مۆدێرنە قۆناغێکە چەند جوانی تێدایە ئەوەندەش ناشیرینی، مێژوویەکی بەرهەمهێناوە پڕیەتی لە دەسکەوت و تێکشکان، لە باشە و خراپە، ڕووکاری جوان و ڕووکاری دزێو، چۆن دیموکراسیەتی تێدایە، ئاواش کۆلۆنیالیزم، چۆن ئاشتی و خەونی (کانت)یانەی ئاشتی گەردوونی تێدایە، ئاواش جەنگ و خەونی داگیرکردنێکی ئیمپراتۆریانەی هەموو جیهان، چەند مافپەروەری تێدایە ئەوەندەش بێمافی، چەند توانای ئازادبوونی هەڵگرتوە ئەوەندەش توانای دیسپلین و کۆنترۆڵکردن، چەند هاریکاری تێدایە ئەوەندەش خۆپەرستی و ئەنانیەت، چەند هەڵگری عەقڵانیەتە ئەوەندەش هەڵگری ناعەقڵانییەت، هەم ڕاسیزمی پێیە و هەم بەیانامەی مافەکانی مرۆڤیش. ئەم مێژووە مێژوویەکە، وەک مارکس دەڵێت، بەردەوام لەبەردەمی ئەگەری سۆسیالیزم و ئەگەری بەربەریەتدایە. ئەم کارەکتەرە دوو ڕوخسارییەی مۆدێرنەیە وایکردوە هەر لە سەرەتاوە چەندان ڕەخنەگری گەورە و مەزن دروستبێن کە ڕوخسارە تاریکەکەی مۆدێرنە دەستنیشانکەن و ڕەخنەی قووڵ و زانستی و هەمەلایەنیشی لێبگرن. ڕۆسۆ، کانت، مارکس، نیتشە، دورکهایم، ماکس ڤێبەر، کیرکجارد، فرۆید، هایدگەر، سارتەر، لیڤیناس، هابەرماس و فرانکفۆرتییەکانی تر و زۆرانی دیکە نموونەی ئەو ڕەخنەگرە گەورانەن کە بەردەوام دیوە تاریکەکەی مۆدێرنەیان بینیوە و مەترسییەکانیان ئاشکراکردوە. لەم ڕووەوە ڕەخنەی فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکانی وەک فۆکۆ و باومان و لیوتار و ئەوانیدیش هەڵقەیەکن لەم زنجیرە درێژەی ڕەخنەکردنی مۆدێرنە، نەک ڕەتکردنەوە و نابوتکردنی وەک کاک بەختیار حاڵیبووە.

کێشەی کاک بەختیار ئەوەیە وا دەزانێت هەر کە ووتت مۆدێرن یانی باشە و کە ووتیشت پۆست مۆدێرن یانی خراپە. لە قووڵاییدا ئەم لۆژیکە هەمان ئەو لۆژیکە سادەیەیە کە ئاین بۆ پۆلینکردنی جیهان بەکاریدەبات، لۆژیکی ئاینی هەمیشە جیهان بۆ دوو دژ دابەشدەکات، باوەڕداران بەرامبەر بە بێباوەڕان، تاریکی جاهیلیەت

بەرامبەر بە ڕووناکی ئاین، بەهەشت بەرامبەر بە جەهەنەم. لەسەر هەمان شێواز کاک بەختیار مێژوو بۆ دوو دژ دابەشدەکات: مۆدێرنە بەرامبەر بە پۆست مۆدێرنە، یەکەمیان وەک ڕوناکی تەواوەتی و دووهەمیان وەک تاریکییەکی تەمام عەیار نیشانئەدات، ئاشکراشە ئەم لۆژیکە سەرەتایترین و خراپترین و پڕ مەترسیترین شێوازی تەماشاکردنی جیهان و ئینسان و کۆمەڵگا و فیکرە. ئەم لۆژیکە هەمان لۆژیکی ئیسلامییە توندڕەوەکانە کە جیهان بۆ ئیسلام و دەرەوەی ئیسلام دابەشدەکەن و کاک بەختیار بە حیسابی خۆی ڕەخنەیاندەکات و ململانێی ئایدیۆلۆژی و فیکریان لەگەڵدا دەکات، لۆژیکی شەڕی ناوخۆشە کە تێیدا هەر هێزێک لە هێزەکان خۆی بە باش و ئەویدیان بە خراپەی ڕەها ناونووسدەکات.

## 5 ـ سەرەتاکانی فیکری پۆست مۆدێرن

یەکەمین بەکارهێنانی دەستەواژەی «پۆست مۆدێرنیزم» دەگڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٣٤، ئەو بوارەش کە ئەم دەستەواژەیەی تێدا بەکارهاتوە بواری ئەدەبە (Doorman, 2000: 201). قوتابخانەی پۆست مۆدێرنیزمیش لە ئەدەبدا قوتابخانەیەکی تایبەتە، هەڵگری کۆمەڵێک کارەکتەر و دید و وێناکردنی تایبەتە بۆ ئەدەب کە باسکردنیان دەکەوێتە دەرەوەی مەبەستی ئەم نووسینەی ئێمەوە. ئەو خاڵەی بەلای منەوە لەم دەستنیشانکردنەدا گرنگە مەسەلەی سەرەتاکانی پەیدابوونی «پۆست مۆدێرنیزم»ـە، بەپێی ئەم دەستنیشانکردنە سەرەتای ئەم قوتابخانەیە بۆ بەر لە جەنگی جیهانی دووهەم دەگەڕێتەوە و ڕاستەوخۆ لە بواری ئەدەبەوە هاتۆتە ناو مێژووی فیکریی و فەلسەفی سەدەی بیستەمەوە. پۆست مۆدێرنیزم لە بواری فەلسەفەدا لەفەیلەسوفی فەرەنسی فرانسوا لیوتارەوە دەستپێدەکات. زۆرن ئەوانەی لیوتار بە باوکی پۆست مۆدێرنیزم ناودەبەن و کتێبە بەناوبانگەکەی (هەلومەرجی پۆست مۆدێرن، ڕاپۆرتێک سەبارەت بە مەعریفە)، کە لە ساڵی ١٩٧٩ دا نووسیویەتی، بە مانیفێستی فەلسەفی فیکری پۆست مۆدێرن ناودەبەن .(Lyotard, 1984)

لەو کتێبەی لیوتاردا بۆ یەکەمینجار دەستەواژەی پۆست مۆدێرنیزم لە بواری زانست و فەلسەفەدا بەکاردێت و فیکری پۆست مۆدێرن لە سەرزەمینی ئەدەب و هونەر و بیناسازی و چەند سەرنجێکی مێژووییەوە بۆ سەرزەمینی فەلسەفە و تیوری مەعریفە

دەگوازێتەوە. (Wilterdink, 2000:19) لەم ڕووەوە گرنگی لیوتار لەوەدایە کە ماناکانی فیکری پۆست مۆدێرنی لە ئاستی ئەدەب و هونەر و بیناسازییەوە بۆ سەرزەمینی فیکری فەلسەفی و مەعریفی گواستۆتەوە، بەم کارەشی، لە دیدی زۆربەی مێژوونووسانی فەلسەفەدا، خۆی وەک داهێنەری فیکری فەلسەفی پۆست مۆدێرن ناساندوە.

لای لیوتار دەستەواژەی «پۆست مۆدێرنە» هێما بۆ جۆرێکی تایبەت لە فیکر ناکات، بەڵکو هێمایە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراو، دەربڕی ئەم یان ئەو تێز و تیورە و بۆچوون نییە، بەڵکو بەرجەستەکردنی ئاستێکی تایبەتی گەشەکردنی زانستی و فیکری و هونەرییە، بە کورتی دەستەواژەی «پۆست مۆدێرنە» بانگێشەکردن بۆ ئادیۆلۆژیایەکی تایبەت نییە، بەڵکو هەلومەرجێکی گشتی مەعریفی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابورییە. ئەم قۆناغە مێژووییییە لەزۆر ڕووەوە لە قۆناغی مۆدێرنە جیاوازە، ئەو جیاوازیەی لیوتار لە کتێبەکانیدا سەرقاڵی نیشاندان و دۆزینەوەیانە جیاوازییە مەعریفیی و فەلسەفییەکانی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەیە. بەلای لیوتارەوە کاراکتەری مەعریفی قۆناغی پۆست مۆدێرنە بەوە لە کارەکتەری مەعریفەی قۆناغی مۆدێرنە جیادەکرێتەوە کە لە یەکەمیاندا «حیکایەتی گەورە» بەرهەمهاتوە و لە دووهەمیاندا ئەو حیکایەتە گەورانە «دەمرن». لێرەوە و لەدیدی لیوتاردا گرنگترین کارەکتەری مەعریفی قۆنای پۆست مۆدێرنە «مەرگی حیکایەتە گەورەکان»ـە، مەرگی ئەو حیکایەتانەی کە ڕووخساری مەعریفی مۆدێرنە دەستنیشاندەکەن و شوناسێکی تایبەتیشی پێدەبەخشن. بەڵام ئایا «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» یانی چی؟ ئایا «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» بەوشێوەیەی لیوتار پێشنیار و باسیدەکات بە کوێ و بەچیمان دەگەیەنێت و دەرنجامە سیاسییەکانی کامانەن؟

بەر لە هەموو شتێک «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» مانای مەرگ یان کۆتایی شێوازێکی تایبەتی مەعریفە و شێوازێکی تایبەتی تێڕوانینە بۆ مەعریفە، لیوتار لەپشتی ئەم دەستەواژەیەوە بانگێشەی کۆتایی باوەڕکردن بەو شێوازە لە فیکر و مەعریفە ڕادەگەیەنێت کە خۆی بە هەڵگری هەموو ڕاستییەکان دەزانێت، کۆتایی فیکرێک کە مژدەی ڕەهای هەڵگرتوە و لێکدانەوەی ڕەهای بۆ هەموو دیاردە و دەرکەوتێک پێیە. بەم مانایە «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» مانای گەڕاندنەوەی

ڕێژەگەرایی و فرەدەنگی و جیاوازییە بۆناو شێوە جیاوازەکانی مەعریفە و دیدی مەعریفی خۆی، سەندەوەی ڕەهابوونە لە فیکر و مەعریفە و هەقیقەت. بەڵام کۆتایی مەعریفە و دید و هەقیقەتی ڕەها مانای کۆتایی مۆدێرنە نییە، بەپێچەوانەوە مەرگی حیکایەتە گەورەکان دەرەنجامی گەشەکردنێکی ڕیشەیی و هەمەلایەنی مۆدێرنە و بەرهەمەکانی مۆدێرنە خۆیەتی. لیوتار پێیوایە مۆدێرنە بەڕادەیەک گەشەیکردوە جیهانی تەواو ئاڵۆز کردوە و ژمارەیەکی زۆری فۆرمی جیاواز و هەمەجۆری بەرهەمهێناوە، ئەم ئاڵۆزبوون و لەدیکبوونە گەورەیەی جیاوازی و فرەدەنگییە وادەکات ڕەهایی لە حوکمە مەعریفی و زانستی و فیکرییەکان بسێنێتەوە، ئەم گۆڕانانەیە فیکر و مەعریفەیان ناچارکردوە بەشوێن و جێ و تواناکانی خۆیاندا بچنەوە و ڕەهەندە ڕەهاکانی خۆیان ڕەخنەکەن و ببنە فیکر و مەعریفەی ڕێژەیی و ناڕەها، چیدی لافی گەردونیبوون و ڕەهاییبوونێکی بێمەرج لێنەدەن و لە ڕەوتە کۆنکریت و لۆکاڵ و ئاڵۆزەکاندا نیشتەجێبن. لەم دیدەدا بۆمەعریفە، هەموو هەقیقەتێک ڕێژەییە و لە پەیوەندییەکی بەردەوامدایە بە کۆمەڵێک هەقیقەتی دیکەوە کە لەخۆی ناچن و لەخۆی جیاوازن و شتێیکی دیکە دەربارەی جیهان و مەعریفە و کۆمەڵگا دەڵێن. سەندنەوەی ڕەهاییبوون لە هەقیقەت و مەعریفە و بەخشینی ڕۆحیەتی ڕێژەگەرایی پێیان یەکێکە، لە مانا هەرە گرنگەکانی دەستەواژەی «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» ,Doorman) (201 :2000. بەڵام مەرگی حیکایەتە گەورەکان بە تەنها ئەمە نییە و تەنها لە ئاستی مەعریفە و بەرهەمهێنانی هەقیقەتدا نیشتەجێ نییە.

مەبەستێکی دیکەی لیوتار لە دەستەواژەی «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» کۆتاییهاتنی ئەو جۆرە بۆچوونە ئایدیۆلۆژیانەشە کە پێیانوایە دەتوانن هەمووشتێکی ناو بوون و مێژوو و کۆمەڵگا ڕاڤەکەن و بۆ هەرکێشەیەک چارەسەرێکی پێشوەخت ئامادەکراویشیان پێیە. «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» کۆتایی ئەو جۆرەیە لە فیکری گشتگیر کە پێیوایە وەڵامی بۆ هەموو پرسیارێک پێییە و دەتوانێت هەموو گومان و نادڵنیاییەک بۆ دڵنیایی وەرگێڕێت، فیکرێک کە هەمیشە و لەهەمووکات و سات و زەمینێکدا هەڵگری ڕاستی ڕەهایە و لەهەموو ڕەوت و سەردەم و ڕۆژگارێکدا لەسەر هەقە. لەڕووی کۆنکریتییەوە بیرۆکەی «مەرگی حیکایەتە گەورەکان» مانای هاتنەکایەی هەلومەرجێکی نوێ کە تێیدا دوو تەرزی فیکری تایبەت کزدەبن و بنەما زانستی و لۆژیکییەکانی خۆیان لەدەستدەدەن و چیدی ناتوانن وەڵامی کێشە گرنگەکانی

جیهانی ئاڵۆز و فرە ڕەهەندی قۆناغی پۆست مۆدێرن بدەنەوە: یەکەمیان فیکری ئایینیە، کە فیکرێکی گشتگیرە و خۆی وا نمایشدەکات وەک ئەوەی وەڵامی سەرجەمی پرسیارەکانی ئینسانی لە بێشکەوە بۆ قەبر پێبێت. دووهەمیان فیکری مارکسییە، کە ئەویش بەهەمانشێوەی فیکری ئاینی پێیوایە توانای لێکدانەوەی هەموو کێشەیەکی هەیە و چارەسەریشی بۆ هەموو گرفت و کێشە و ناڕەحەتییەکان پێیە. لەم ئاستەدا مەبەستی لیوتار لە مەرگی حیکایەتە گەورەکان مەرگی مەسیحیەت و مەرگی مارکسیزمە، بە تایبەتی مەرگی مارکسیزم و کۆی ئەو مژدە و پێدراوە فیکری و ئایدیۆلۆژییانەی کە ئەم فیکرە لە هەوڵدانیدا بۆ تێگەیشتن لە جیهان و کۆمەڵگا و ئینسان پێشنیاریان دەکات. لیوتار مارکسیزم بە یەکێک لە حیکایەتە گەورەکانی ڕۆشنگەری دەزانێت، حیکایەتێک دەربارەی ڕزگاربوونی هەمیشەیی و پێشکەوتنی بەردەوامی مرۆڤایەتی. (de Costa, 1989: 30). بێگومان لیوتار کە باس لە مەرگی مارکسیزم دەکات، باس لە مەرگی، ئەو تەماحە ئایدیۆلۆژییە گشتگیرە دەکات کە مارکسیزم هەڵگریەتی، باس لەو بونیادە لۆژیکییە تۆتالیتێرە دەکات کە هەموو جیاوازییەکان بە یەک هۆکار و یەک لۆژیک و یەک دیدەوە دەبەستێتەوە. لە لاپەڕەکانی داهاتوودا و لە باسی کێشەی نێوان لیوتار و هابەرماسدا بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێمەوە و تیشکی زیاتری دەخەمەسەر.

بە باوەڕی لیوتار حیکایەتە گەورەکانی مۆدێرنە، کە مارکسیزم یەکێک لە نموونەکانیەتی، چەند هێزی ئازادبوونیان پێیە ئەوەندەش هێزی هەیمەنە و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنیش، چەند مژدەی ڕزگارییەکی یەکجارەکی ئەدەن و چەند باس لە پێشکەوتنی بەردەوام دەکەن، ئەوەندەش هەڵگری ئەگەری وەرگەڕان وقلّپبوونەوەیان بۆ بنیادنانی جیهانێکی ستالینی دیسپلینکراو و وێرانەیەکی جەنگی و ژینگەیی گەورەیان لەئامێزدایە. لە مانەش بترازێت بەوەی مارکسیزم باوەڕی وایە کە توانای لێکدانەوەی هەموو شتە گەورە و بچوکەکانی کۆمەڵگا و مرۆڤ و ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و سایکۆلۆژی هەیە و بۆ هەر کێشەیەک چارەسەرێکی هەڵگرتووە، بۆتە هەڵگری تەماحێکی فیکری و فەلسەفی و میتۆدی ئەفسانەیی، بەتایبەتی لە جیهانێکدا ئاڵۆز، زۆر ئاڵۆزتر لەو جیهانەی مارکسی تێدا ژیاوە. لای لیوتار مەرگی ئەم ئایدیۆلۆژیا گەورانە، مەرگی ئایدیۆلۆژیای ئاینی و مارکسی، هاوشانە بە هاتنەکایە و لەدایکبوونی ئەوەی لە فیکری فەلسەفیدا بە «فیکری جیاوازی» ناسراوە، فیکرێک کە کارەکتەرە سەرەکییەکەی بریتییە لە

بەخشینی دەنگ بە جیاوازییەکان و کردنی خودی جیاوازی خۆی بە بنەمای فیکر و دەسەڵات و زانست. بەڵام داخۆ مەبەست لە جیاوازی و فەلسەفەی جیاوازی چییە؟ گرنگییەکانی فەلسەفەی جیاوازی بۆ سیستەمی دیموکراسی چین، ئایا کاک بەختیار ڕاستدەکات فیکری جیاوازی، کە یەکسانە بە فیکری پۆست مۆدێرن، ڕەتکردنەوەی سیاسەت و سیستەمی دیموکراسییە یان قووڵکردنەوەی ئەم سیستەمە و ئەو سیاسەتانەیە؟ با لە لیوتار خۆیەوە دەستپێبکەین.

## 6 ـ ئایا هابەرماس لە لیوتاری بڕۆدتەوە؟

### 6 - 1 ـ جیاوازی و فەلسەفەی جیاوازی

لە سەرەتای ژیانیدا، وەک زۆر ڕۆشنبیری چەپ، لیوتاریش مارکسی بوو، مارکسییەکی مولتەزیمیش، بەڵام لە ساڵی ١٩٦٦ دا واز لە سیاسەت دەهێنێت، لە زانکۆ دەبێت بە مامۆستای فەلسەفە و خۆی بە ئیستاتیکا، واتە فەلسەفەی جوانی و هونەرەوە، خەریکدەکات. هەر ئەم فەلسەفەی هونەرەشە بەرەو تێگەیشتنێکی قووڵی بیرۆکەی «جیاوازی» دەبات. (van Peperstraten,1990: 25) بۆ تێگەیشتنیش لە چەمکی «جیاوازی» لای لیوتار هەوڵئەدەم لەو ناکۆکییەوە دەستپێبکەم کە لە نێوان لیوتار و هابەرماسدایە لەسەر چۆنیەتی تێگەیشتنیان بۆ چەمکی جیاوازی. ئەم ناکۆکییەی نێوان لیوتار و هابەرماس لە هەشتاکاندا مایەی دروستبوونی یەکێک لە موناقەشە فەلسەفییە گرنگەکانی ناو فیکری فەلسەفەییە. هابەرماس لە ساڵی ١٩٨٠ دا و لە شاری فرانکفۆت خەڵاتی ئەدۆرنۆ وەردەگرێت، بەم بۆنەیەوە ووتاری (مۆدێرنە: پرۆژەیەکی تەواونەکراو)، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین ووتارە فەلسەفییەکانی هابەرماس، لەو ڕۆژەدا پێشکەشدەکات. لەو وتارەدا هابەرماس بەرگرییەکی سەرسەخت لە مۆدێرنە دەکات و پێ لەسەر تەوانەبوون و پێویستی و گرنگی تەواوکردنی مۆدێرنە دادەگرێت، لەهەمانکاتدا هێرشێکی توند دەباتە سەر فیکری پۆست مۆدێرن و کارەکتەری ناعەقڵانیبوون دەداتە پاڵ فەیلەسوفەکانی ئەم فیکرە (هـ. س. پ. ل ٢٦). لەو کۆڕەدا هابەرماس باس لەوە دەکات کە پرۆژەی بنیادنانی کۆمەڵگای مۆدێرن و پاراستنی ئەم کۆمەڵگایە پرۆژەیەکە تەواو نەبووە و دەبێت بەردەوامبێت و تازەکرێتەوە و تەواوکرێت. لەدیدی هابەرماسدا پرۆژەی مۆدێرنە

و پرۆژەی ڕۆشنگەریی یەک شتن، ئەم دوو پرۆژەیەش لە زۆر ڕووەوە بریتیین لە بەرهەمهێنان و دروستکردنی کۆمەڵێک کایەی کولتووری جیاجیا کە بۆ پایەداربوونی جیهانی مۆدێرن پێویستن و دەبێت هەم بپارێزرێن و هەم گەشەکردنیان بەردەوامبێت. مەبەستی هابەرماس لەو کایە کولتووریانەش کە مۆدێرنە، یان ڕۆشنگەری، هەڵگریانە چوار کایەیە: کایەی زانست، کایەی ماف، کایەی ئەخلاق و کایەی هونەر. خاڵی هەرە سەرەکی وتارەکەی هابەرماس بریتییە لە داواکردنی پاراستن و تازەکردنەوەی ئەم کایانە و بەرەوپێشەوەبردن و گەشەپێدانیان.

هابەرماس ئەرکی پاراستن و تازەکردنەوەی ئەو کایانە بە خەبیر، یان لێزانەکان، دەسپێرێت، ئەو داوای ئەوەدەکات کە پێویستە هەم کایەکان و هەم دەرەنجامەکانیان لەلایەن لێزانە تایبەتەکانەوە تازەکرێنەوە و لەناوەوەڕا بەسەر کێشە و نارەحەتییەکانی خۆیاندا زاڵ بکرێن. هەنگاوی دوای جێبەجێکردنی ئەم کارە ئەوەیە کە لێزانەکان، واتە خەبیرەکان، ئەو دەرەنجامانەی لەناو هەریەکێک لەو چوار کایە تایبەتەدا دەیاندۆزنەوە، بۆناو کۆمەڵگا و ئەو پەیوەندییانە بگوێزنەوە کە ئینسانەکان بەیەکدیەوە گرێدەدەن. هابەرماس ئەو سەرزەمینەی کە ئیسانەکان لە ژیانی ڕۆژانەدا بەیەکەوە گرێدەدات ناودەنێت «ژیانگە» و دەزگا ڕەسمییە دەوڵەت و دەزگا ئابوورییەکانیش ناودەنێت «سیستم». هابەرماس پێیوایە لێزانەکان دەبێت دەرنجامە زانستیی و کولتوورییەکانیان بۆ ناو ئەو جۆرە تایبەتەی پەیوەندیکردن بگوێزنەوە کە لە ناو «ژیانگەدا» ئامادەیە. چەمکی «سیستم» و چەمکی «ژیانگە» دوو چەمکی گرنگی فیکری فەلسەفی هابەرماسن، کاری ئەم دوو چەمکە ئەوەیە دەزگا ڕەسمییە ئابورییەکان، واتە سیستم، لەو بەشەی کۆمەڵگا جیاکاتەوە کە تێیدا ئینسانەکان خۆبەخۆ و ئازادانە و لەدەرەوەی یاسا و نۆرم و ئەخلاقیاتی ڕەسمی سیستمدا لەگەڵ یەکدا مامەڵە دەکەن. لۆژیکی «سیستم» لۆژیکی ئابووری و دەسکەوت و زیادکردنی بێقەیدوشەرتی قازانجە، بەڵام لۆژیکی «ژیانگە» لۆژیکی پەیوەندی خۆبەخۆ و کراوە و ئازادی نێوان ئینسان و گروهەکانە (مەریوان ٢٠٠٠: ٢٧ ـ ٣١). بەکورتی هابەرماس دەڵێت دەبێت لێزان و ڕۆشنبیر و فەیلەسوفانی ناو کایەکانی ئەخلاق و یاسا و ماف و هونەر هەوڵدەن دەرەنجامی کارە زانستییەکانیان بۆ ناو کۆمەڵگا بگوێزنەوە و بە ئینسانەکانی ببەخشن بۆئەوەی بتوانن لەڕێگەی ئەو دەسکەوتانەوە ووبەڕووی فشار و یاسا و داواکارییەکانی سیستم ببنەوە و ڕووبەری پەیوەندی خۆبەخۆ و ئازادی نێوان ئینسان

و گروپەکان لە «ژیانگە»دا زیادبکەن. ئەم پرۆژەیەی هابەرماس ناوێکی دیکەیە بۆ پرۆژەی بەهێزکردنی«کۆمەڵگای مەدەنی» و کرانەوەی زیاتری «مەجالی گشتی».

بەم مانایە پاراستنی مۆدێرنە و تەواوکردنی پرۆژەکەی لای هابەرماس مانای تازەکردنەوەی بەردەوامی کایەکانی زانست و ئەخلاق و هونەر و ماف و پاراستنی بەردەوامی هەریەکێکیان. ئەم کارەش لەلایەن ئەوانەوە جێبەجێدەکرێت کە لەم کایانەدا دەسبەکار و شارەزا و لێزانن. ئەم لێزانانە دوای کارکردنیان لەناو کایەکاندا و دوای گەیشتنیان بەکۆمەڵێک دەرەنجامی زانستی ئیدی دەبێت ئەم دەسکەوتانە بۆ ناو کۆمەڵگا بیگوێزنەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە هابەرماس لە پشتی ئەو چوار کایەی سەرەوە کە باسمانکردن، واتە لە پشتی کایەی زانست و ماف و ئەخلاق و هونەرەوە، لۆژیکێکی گشتی دەبینێت کە ئەم کایانە بەیەکەوە گرێدەدات و لەدەوری خاڵێکی سێنتراڵ کۆیاندەکاتەوە، هابەرماس ڕای وایە کە هەرچوار کایەکە لەسەر پایەیەکی گەورە ڕاوەستاون کە لۆژیکێکی گشتی ئەو پایەی ڕاگرتووە، ئەم لۆژیکە گشتییە لۆژیکی مۆدێرنەیە. پاراستنی ئەم لۆژیکە گشتییەیە هابەرماس داوای دەکات و بە ئەرکی تەواوکردنی مۆدێرنەی لە قەڵەم ئەدات. لای هابەرماس خودی ئەم لۆژیکە یەکگرتووە هەمان لۆژیکی مۆدێرنە و ڕۆشنگەریشە، ئەو بونیادە گشتییەی کە کایەکان بەیەکەوە گرێدەدات بونیادی مۆدێرنە خۆیەتی و ئەو لۆژیکەشی کە کۆیاندەکاتەوە و بەڕێوەیاندەبات لۆژیکی مۆدێرنەیە. بەم مانایە هابەرماس لۆژیکی مۆدێرنە وەک لۆژیکێکی گشتگیر دەبینێت کە لە پشتی کایە جیاجیاکانەوە ئامادەیە. لەم ووتارەدا هابەرماس هێرشێکی گەورە دەکاتە سەر فیکری پۆست مۆدێرن و فەیلەسوفانی فەرەنسی وەک لیوتار و فۆکۆ و دێریدا و بە کۆنەپارێز لە قەڵەم دەدات .(van Peperstraten, 1990: 26)

دوای بڵاوبوونەوەی ووتارەکەی هابەرماس لیوتار بە نووسینێکی درێژ وەڵامی ئەداتەوە و لەسەر هەمان نەزمی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت ووتارەکەی ناودەنێ: «وەڵامی پرسیاری: پۆست مۆدێرنە چییە؟». (کانت ووتارێکی بە ناوبانگی هەیە بەناوی: «وەڵامی پرسیاری: ڕۆشنگەری چییە؟»). لەم وەڵامەدا لیوتار زیاتر لەڕێگای کایەی هونەر و مێژووی هونەرەوە قسەکانی دەستپێدەکات و لەڕێگای شیکردنەوەی پێکهاتی ئەم کایەیەوە ڕەخنە لە بۆچوونەکانی هابەرماس دەگرێت. لەم وتارەدا لیوتار بەرگرییەکی گەورە لە فیکری جیاوازیی و بوونی جیاوازی و لۆژیکی

جیاوازی دەکات. ئەوەی ئەمڕۆش لە ئەدەبیاتی فەلسەفیدا پێیدەگوترێت «فەلسەفەی جیاوازی»، ڕەگەکانی لەناو ئەم ووتارەی لیوتاردایە.

لیوتار لەم ووتارەدا باس لە داهێنانی کامێرا و کاریگەری داهێنانی کامێرا لەسەر گۆڕینی مانا و ئەرک و شێوەکانی هونەر دەکات. بەباوەڕی لیوتار لەدوای داهێنانی کامێراوە هونەر تووشی قەیران و گۆڕانکارییەکی گەورە دەبێت. ئاشکرایە کامێرا توانایەکی بێئەندازەی وێنەکێشان و ڕەنگگرتنەوەی واقیعی هەیە، کامێرا دەتوانێت وێنەی شتەکان وەک چۆنن بگرێت و واقیع وەک چۆنە وا نیشانیداتەوە. ئەم توانای وێنەگرتنەوە و ڕەنگدانەوەیە بەڕادەیەکە هونەر چیدی ئەرکێکی ئەوتۆی بۆ نامێنێتەوە گەر هاتوو ڕۆڵی خۆی لە سنووری ڕەنگدانەوە و وێنەگرتنەوەی واقیعدا نیشتەجێکرد. ئەگەر ئەرکی هونەر بریتیبێت لە نیشاندان و ڕەنگدانەوە و وێنەگرتنەوەی واقیع، ئەوا لە دوای داهێنانی کامێراوە چیدی پێویستمان بە هونەر نامێنێت، کامێرا، لە باتی هونەر، ئەم ئەرکەمان باشتر و وردتر بۆ جێبەجێدەکات. لێرەوە هونەر بۆئەوەی بمێنێتەوە دەبێت بەدوای شێواز و پێناس و ئەرکی نوێ و جیاوازدا بگەڕێت، دەبێت هەم فۆرمی جیاواز بگرێتە خۆی و هەم کۆمەڵێک ڕۆڵی دیکە بدۆزێتەوە کە وابەستەی ڕەنگدانەوە و وێنەگرتنەوەی واقیع نەبن. لێرەوە هونەری تازە، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە، لەگەڕانێکی بەردەومدایە بەدوای شێوە و ئەرک و ڕۆڵی نوێ و جیاوازدا. هونەرەکانی تەکعیبیەت، ئەزمونگەری، سوریالیزم، دادئیەت و قوتابخانەکانی دیکە لەم گەڕانە نوێییەدا دێنەکایەوە (لە بیرمان نەچێت کاک بەختیار هەندێک لەم قوتابخانە هونەرییە گرنگانە دەنێرت بۆ مۆزەخانەی مێژوو و نوێنەرەکانیشیان دەکاتە کەسانی دژ بە دیموکراسییەت). بەبۆچوونی لیوتار ئەم گۆڕانە وادەکات هونەر لە«ڕەنگگرەوەی واقیعەوە» ببێتە «ئەزمونێکی تایبەت»، لە «وێنەگرتنەوە»ی واقیعەوە ببێتە «پێکۆڵکەر - تەحەداکەر»ی واقیع. بەم گۆڕانەش لە مانا و ئەرکی هونەردا ئیدی کایەی هونەر پڕدەبێت لە فۆرمی جیاواز و ئەزمونی جیاواز و تەحەدای جیاواز. لیوتار پێیوایە لێرە بەدوا گەشەی هونەر دەبێتە گەشەیەکی بەردەوامی بیرۆکەی جیاوازیی و جیاوازبوون، هەر هونەرمەندێک هەوڵی دروستکردنی ئەزموون و فۆرم و پێناسی تایبەت و جیاوازی خۆی ئەدات، قوتابخانەی جیاواز، تەکنیکی جیاواز، بابەتی جیاواز و گۆشەنیگای جیاواز دەبنە گرنگترین کارەکتەرێک کە هونەری هاوچەرخ لە هونەری بەر لە لەدایکبوونی کامێرا جیادەکەنەوە. ئەم جیاوازییانەش بە ئەندازەیەک زۆر و گەورەن ناکرێت هەموویان لەناو یەک بونیاد و یەک لۆژیکدا کۆکەینەوە.

لیوتار پێیوایە ئەم زیادبوونەوەی جیاوازی و ئەم فرە ڕەنگی و فرە دەنگی و فرە شێوەییە تەنها لەناو کایەی هونەردا دروستنابێت، بەڵکو لەناو ئەو کایانەی دیکەشدا ئامادەیە کە هابەرماس باسیاندەکات. جیاوازی بۆتە کارەکتەری سەرەکی جیهان و فیکر و داهێنانی ئەمڕۆ و لەهەموو کون و قوژبنێکیدا ئامادەیە، هەم لە کایەی زانستدا تێز و تیورە و مانا و لێکدانەوە و گۆشەنیگا و میتۆدی جیاواز هاتوونەتەکایەوە، هەم لە کایەی ئەخلاق و هەم لە کایەی مافیشدا. بە مانایەکی دیکە ئەو کایانەی هابەرماس باسیاندەکات و داوای پاراستن و گەشەپێدانیان دەکات، لەناو خۆیاندا و لە پەیوەندیاندا بەیەکەوە بە ئەندازەیەکی گەورە پڕبوون لە فۆرم و تەکنیک و پێناس و ئەرک و میتۆدی جیاواز، بە ئەندازەیەک جیاوازی بۆتە کارەکتەری سەرەکی هەریەکێک لەو کایانەی هابەرماس باسیاندەکات، ناکرێت هەموویان لەناو یەک لۆژیکی گشتیدا کۆکەینەوە. لێرەدا لیوتار پرسیارێکی هێجگار گرنگ لە هابەرماس دەکات و بەم پرسیارەش هەم بەرگرییەکی گەورە لە «فیکری جیاوازی» دەکات و هەم ڕەخنەیەکی توندیش لە هابەرماس دەگرێت، لیوتار دەپرسێت: چۆن دەکرێت دەرەنجامە جیاوازەکانی ناو ئەو هەموو کایە جیاجیایانە وەک گشتێکی یەکگرتوو بۆ ناو ژیانی ئینسانەکان بگەڕێنینەوە؟». (van Peperstraten, 1990: 26) چۆن دەکرێت میتۆدە جیاوازەکان، فۆرمە جیاوازەکان، ئەزمونە جیاوازەکان، شوناسە جیاوازەکان لە ناو گشتێکی یەکگرتوودا کۆکەینەوە و بەهەموویان یەک لۆژیک ببەخشین؟

بە بۆچوونی لیوتار هەر کایەیەک لەو کایانەی هابەرماس باسیاندەکات دەیەها شێوازی تایبەتی جیاوازیان بەرهەمهێناوە و هەریەکێکیشان لەناو خۆیدا بە چەندان وەڵام و هەقیقەتی جیاواز و دژ بەیەک گەیشتوون. بۆ نموونە لە کایەی ئەخلاقدا بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی چی ئەخلاقییە و چی نا ئەخلاقی؟ دەیان و سەدان وەڵامی جیاواز و هەمەجۆر ئامادەیە کە ناکرێت بۆ تاقە وەڵامێک کوورتکرێنەوە. لە کایەی هونەردا بە دەیان و سەدان مانا و شێواز و پێناس و ئەزموونی جیاوازمان هەیە کە ناکرێت بۆ یەک مانا و یەک پێناس و یەکئەزموون کوورتکرێنەوە. لەناو کایەی زانستدا بۆ تێگەیشتن لە دیاردەیەک لە دیاردەکان زیاد لە وەڵامێکمان هەیە کە ناتوانین بۆ یەک وەڵام کورتیکەینەوە. لێرەوە لیوتار دەپرسێت: چۆن دەکرێت ئەم هەموو جیاوازییانە لەناو پرنسیپ یان بونیادێکی گشتیدا کۆکەینەوە؟ ئایا ئەو گشتیبوونە نابێتە هۆی سڕینەوە و کوشتن و بێدەنگکردنی خودی جیاوازییەکان خۆیان؟ ئایا

نابێتە هۆکاری گەقیقەتی ئەزموونێک لە ئەزموونەکان بەسەر کۆی هەقیقەتەکانی دیکەدا؟

لەمانەش گرنگتر، لیوتار باوەڕی وایە، لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئەو زەمینەیەی جیاوازییەکان بەرهەمدەهێنێت چیدی زەمینەیەکی یەکگرتوو و وێکچوو نییە، بەڵکو زەمینەیەکە لێوانلێوە لە جیاوازی گەورە گەورە. بۆ نموونە گەر لە کایەی زانستە سروشتییەکان ڕامێنین، دەشێت خەبیر و لێزانێکمان لە بواری فیزیادا هەبێت دەربارەی پیسبوونی ژینگە و بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەوی و کونبوونی چینی ئۆزۆن، کۆمەڵێک لێکدانەوە و سەرنج و وەڵامی هەبێت تەواو جیاواز و ناکۆک بە لێکدانەوە و سەرنج و وەڵامی خەبیرێکی دیکە لەسەر هەمان ئەو کێشانە. لێرەوە، تەنانەت لەناو کایەی فیزیادا ئێمە لەبەردەم وەڵام و دید و دەرەنجامی جیاوازداین. لە ئاستی کۆمەڵناسی و فەلسەفە و زانستەکانی دیکەشدا هەمان مەسەلە لەئارادایە، کەوابوو چۆن ئەتوانین ئەو جیاوازییانە لەناو گشتێکدا کۆکەینەوە؟ گەر لەناو کایەیەک لە کایەکاندا ئێمە لەبەردەم دەسپێک و وەڵام و دید و میتۆد و بۆچوونی جیاوازدابین، داخۆ لە نێوان کایەیەک و کایەیەکی دیکەدا، کە بە دەسپێک و لۆژیک و پێدراوی جیاواز لەیەک کاردەکەن، شتەکان چییان لێدێت؟ چۆن هەقیقەتە جیاوازەکانی ناو فیزیا لەگەڵ هەقیقەتە جیاوازەکانی ناو ئەدەب و هونەردا پێکەوە و لەناو گشتێکدا کۆکەینەوە؟ بە باوەڕی لیوتار لەسەرێکەوە کایەکان ئاڵۆز و سەربەخۆ و پڕ لە جیاوازین و لە سەرێکی دیکەشەوە، کۆمەڵگا بەشێوەیەکی بێوێنە فرەدەنگ و فرەڕەنگ و فرەجۆر بووە کە ناتوانین هەموو هێز و گروپ و لایەنەکان بە یەک دەرەنجامی گشتگیر ڕازیکەین. لێرەوە لیوتار هەوڵی هابەرماس بۆ کۆکردنەوەی هەموو جیاوازییەکان لەناو گشتێکدا نەک وەک هەوڵێکی مەحاڵ دەبینێت، بەڵکو وەک هەوڵێکی پڕ مەترسیش وێنایدەکات. لەبەرچی؟

بەباوەڕی لیوتار لە پشتی داوای هابەرماسەوە بۆ گشتگیری و یەکبوونی بونیادی لۆژیکی جیاوازییەکان، داواکاریەک هەیە کە هی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەمی ڕۆشنگەرییە، نەک هی ئێستا، داواکاری ڕۆژگارێکە کە تێیدا نە جیهان بەم ڕادەیەی ئێستا ئاڵۆز و فرەڕەهەند و فرەڕەنگ و فرەدەنگ بووە، نە کایەکانیش بەم ئەندازەیەی ئێستا زۆربوون و بەم ئەندازەیەش لەناو خۆیاندا دید و میتۆد و پرسیار و وەڵامی جیاوازییان بەرهەمهێناوە. لێرەوە داواکاری هابەرماس بۆ گشتگیری و یەکبوون،

داوایەکە لە وێنە سادەکانی سەدەی هەڤدەهەمەوە سەرچاوەیگرتووە، نەک داوایەک لە واقیع و دنیای ئاڵۆزی سەدەی بیستەوە هەڵقوڵابێت. لە دیدی لیوتاردا لە پشتی ئەم داوایەوە بۆ یەکبوون، ئارەزووی سیستەم و ئارەزووی بوونی یەک ـ شوناسی هەیە، هەموو ئەم ئارەزووانەش کۆمەڵێک شتن وابەستەی کۆمەڵگای سادە و ساکاری سەردەمانی رۆشنگەریین و بە پێدراوەکانی دنیای ئاڵۆزی ئەمرۆکە ناکۆکن. بەباوەڕی لیوتار دۆگماییبوونی هابەرماس لەوەدایە کە ئەم لایەنە گرنگەی گەشەکردنی مۆدێرنە لەیاد دەکات و ئەوەی لەیادکردوە کە سێ سەدەیە مۆدێرنە بەشێوەیەکی بەردەوام جیاوازی بەرهەمدەهێنێت و سێ سەدەیە جیهان ئاڵۆز و ئاڵۆزتر دەکات، بەرادەیەک چیدی ناتوانین هەموو ئەو جیاوازیانە لەناو یەک ستراکتور و یەک پرنسیپ و یەک تیورەدا کۆکەینەوە. بەبۆچوونی لیوتار کێشەی گەورەی هابەرماس لەم خاڵەدایە، لە گەرانیدایە بەدوای ئەو پرنیسیپە گشتییەدا کە هەموو جیاوازییەکان بەیەکەوە کۆکاتەوە، هەموو بونیادەکان لە بونیادێکدا کۆکاتەوە و هەموو جیاوازییەکان بۆ پرنسیپ و لۆژیکێک بگەرێنێتەوە، ئەمەش لە جیهانێکی ئاڵۆزی وەک جیهانی ئەمۆدا تەنها لەرێگای تۆتالیتاریزمەوە دەشێت بەئەنجام بگەیەنرێت. لیوتار پێیوایە هابەرماس لەژێر چەتری «گشتێتی عەقڵ» و«هارمۆنیەت»دا ئەو هەموو جیاوازییانە دەکوژێت کە مۆدێرنە سێ سەدەیە بەرهەمیاندەهێنێت و لە ئێستادا بە ئاستێکی گەیاندوە کە مەحاڵە بکرێت لەناو یەک لۆژیک و یەک ستراکتور و یەک پرنسیپدا کۆکرێنەوە.

وەک دەبینین کێشەی سەرەکی نێوان هابەرماس و لیوتار لە چۆنیەتی دیتن و وێناکردنی جیهانی ئەمرۆوە سەرچاوە دەگرێت، هابەرماس پێیوایە لە پشتی هەموو جیاوازییەکانی جیهانەوە لۆژیکێکی گشتگیر هەیە کە شتەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە و ستراکتورێکی یەکگرتوویان ئەداتێ. کەچی لیوتار رێک دژ بەم گشتگیریبوون و یەکگرتنە دەنگ هەڵدەبرێ و مێژووی خوێناوی سەدەی بیستەم وەک نموونە بۆ ئەم شێوازە گشتگیرەی رێکخستنی کۆمەڵگا و سیاسەت و فیکر و ئەخلاق دەهێنێتەوە. بەباوەڕی لیوتار مێژووی سەدەی بیستەم مێژووی باجدانێکی خوێناویە بۆ سەپاندنی ئەم یەکێتی و گشتگیری و هارمۆنییەتەی هابەرماس باسیدەکات، ستالینییەت و نازییەت دوو مۆدێلن سەرقاڵی دۆزینەوە و سەپاندنی لۆژیکێکی یەکگرتوو و گشتگیربوون کە هەموو جیاوازییەکان بسڕێتەوە، هەم ستالینییەت و هەم نازییەت هەڵگری خەونی هارمۆنییەتی رەها و نەهێشتنی جیاوازی و کۆکردنەوەی

هەمووشتەکانن لەناو یەک پرنسیپ و لۆژیکی سەرەکی و سەرتاسەریدا. بە باوەڕی لیوتار لۆژیک و ستراکتوری گشتگیر لۆژیک و ستراکتوریکی ترسناکە، لۆژیکێکە نازیەت و فاشیەت و ستالینیەت دەخاتەوە. بەباوەڕی لیوتار لۆژیکی گشتگیر لۆژیکی «حیکایەتە گەورەکانە»، لۆژیکی ئەو حیکایەتانەی کە میتۆد و خەون و خەیاڵی گشتگیریان هەیە، پۆست مۆدێرنە هەلومەرجی کۆتاییهاتنی ئەم حیکایەتە گەورانەیە و فیکری پۆست مۆدێرنیش فیکرێکە تا سەر ئێسقان دژ بەم تۆتالیتاریەتە فیکری و مەعریفی و زانستی و ئایدیۆلۆژییە. هەر لەم ڕەوتە تایبەتەدا لیوتار داوای ئەوە دەکات کە بەردەوام«لەجەنگدابین لەگەڵ هەموو گشتگیرییەکدا و تابشتوانین جیاوازیەکان تیژکەینەوە». (van Peperstraten, 1990: 28) بەباوەڕی لیوتار هەڵەی هەرەسەرەکی هابەرماس لەوەدایە کە بەدوای ئەو لۆژیکە گشتگیردا دەگەڕێت کە شتەکان بەیەکەوە گرێدات، لۆژیکێک وەک ژێرخانی هەموو ئەو لۆژیکە جیاوازانە کاربکات کە لە کایە جیاواز و ئەزموونە جیاواز و شوناسە جیاوازەکاندا ئامادەن، دواهەمین دەرەنجامی ئەم لۆژیکە گشتگیرەش لە فۆرمی تۆتالیتاریزمدا دەبینێت.

وەک دەبینین کێشەی نێوان هابەرماس و لیوتار کێشەیەکی فیکری و فەلسەفی و مەعریفی قووڵە و لە وێناکردنی جیاوازی جیهان و کۆمەڵگا و زانستەوە سەرچاوەدەگرێت. لەکاتێکدا هابەرماس داکۆکی لە گشتگیری دەکات و بە بنەمای هەموو کایەکانی دەزانێت، لیوتار بەرگری لەجیاوازی و لۆژیکی جیاوازبوون دەگرێت. (خۆش ئەوەیە کاک بەختیار ئەم بەرگرییە فەلسەفییە لە جیاوازی و فیکری جیاوازی، کە لەسەرەوە هێڵە گشتییەکانیمان نیشاندا، بە فیکری پۆست مۆدێرنەوە نابەستێتەوە، بەڕێزی دەنوسێت «پۆست مۆدێرنە داهێنەری فەلسەفەی جیاوازی نین» (ل ٣١٣). بەڕێزی توانای ئەوەی نییە جیاوازی لەنێوان ڕێبازێکی فەلسەفی هاوچەرخ و نوێدا بکات، کە بە «فەلسەفەی جیاوازی» ناسراوە، لەگەڵ ئەو پرنسیپە سیاسی و ئیداری و دەزگاییانەدا کە سیستمی دیموکراسییان لەسەر بیناکراوە. لێرەشدا تیورە جیاوازەکانی دیموکراسییەت کە ڕەگەکانیان بۆ یۆنانی کۆن دەگەڕێتەوە بە ڕێبازێکی فەلسەفی تێکەڵدەکات کە لە هەفتاکانی سەدەی بیستەمدا لەدایکبووە. جیاوازی نێوان فەلسەفەی جیاوازی و فەلسەفەکانی دیکە لەوەدایە کە فەلسەفەکانی دی لە هەوڵی ئەوەدان واقیع لەڕێگای یەک پرنسیپی سەرکییەوە تێبگەن، ئەم پرنسیپە هەندێکجار خودایە، هەندێکجار، سروشتە، هەندێکجار عەقڵە، هەندێکجار ئابوورییە هتد... بەڵام فەلسەفەی جیاوازی لە یەک پرنسیپەوە دەستپێناکات و قورسایی خۆی دەخاتە سەر

جیاوازییەکان بەبێئەوەی خودی جیاوازی خۆی کورتبکاتەوە بۆ پرنسیپێک لەپاڵ پرنسیپەکانی دیکەدا، فەلسەفەی جیاوازی لە بێکۆتایی و فرەیی جیاوازییەکانەوە دەستپێدەکات و بەم دەستپێکردنەشی کۆتایی بە فیکری دوالیستی دەهێنێت کە جیهان لەسەر بنەمای باش- خراپ، ئاسایی - نائاسایی، ڕاست - هەڵە دابەشدەکات).

بێگومان ئەو دیالۆگە فیکرییەی سەرەوە لە نێوان لیوتار و هابەرماسدا وێنەیەکمان پێدەبەخشێت کە تێیدا ئەم دوو فەیلەسوفە تەواو دژ بەیەک و لەڕووی فیکرییەوە ناکۆکن. لێرەدا دیدی «مۆدێرن» ی هابەرماس و دیدی «پۆست مۆدێرن» ی لیوتار لەپەیوەندییەکی دوژمنانەدان لەگەڵ یەکدا، هەریەکێکیشاین ئەویدیکەیان بە تۆمەتی لە جۆری «ناعەقڵانیەت» و «تۆتالیتاریزم» و «کۆنەپارێزی» تاوانباردەکات. خۆشبەختانە ئەم وێنەیە بۆ پەیوەندی نێوان فیکری هابەرماس و فیکری لیوتار تاقە وێنەیەک نییە کە فیکری فەلسەفی بیست ساڵی ڕابووردو بۆی بەجێهێشتبێن. زۆرن ئەوانەی لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفە گەورەیەی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا چەندان پردی پەیوەندی و خزمایەتی فیکری و هاوڕێیی فەلسەفی دەبینن، ئەو ناکۆکییە توندەی لەو دوو ووتارەی سەرەوەدا لەنێوان هابەرماس و لیوتاردا ئامادەیە لە گشتێتی فیکری هەردوکیاندا لاوازدەبێت و وێکچوونەکانیان زیاددەکات. بۆ نیشاندانی ئەم ڕاستییە با گوێ لە فەیلەسوفێکی «هابەرماس ناس» و«لیوتار ناس» بگرین و بزانین چۆن و لەکوێدا فیکری ئەم دوو فەیلەسوفە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و کامانەن ئەو هاوبەشە گرنگانەی لە ئاستی فەلسەفی و سیاسیدا ئەم دوو فیکرە بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. فەیلەسوفی هۆڵەندی (هاری کونەمان) یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی حیکایەتی پەیوەندی قووڵ و نزیکایەتی فیکرینێوان هابەرماس و لیوتارمان بۆ دەگێڕێتەوە. بەباوەڕی هاری کونەمان یەێک لە ڕەهەندە گرنگەکانی فیکری هابەرماس زۆر نزیکە لە فیکری فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکانەوە و لەم ڕووەوە هابەرماس لە هەندێک بۆچوونیدا تەواو لەگەڵ پۆست مۆدێرنەکاندا هاودیدە. کونەمان ئەم دیدە ڕوونتردەکاتەوە و ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە لە نێوان هابەرماس و لیوتاردا هاوپەیمانی و بەرەیەکی نادیار و شاراوە ئامادەیە. (Kunneman,1995: 250 -51-52)

ئەو ڕەهەندە فیکرییەی کە هابەرماس و لیوتار لەیەکدی نزیکدەکاتەوە هەمان ئەو کێشە فەلسەفییەیە کە لەسەرەوە وەک خاڵی لێکدابڕانی ئەم دووفەیلەسوفە هێمامانپێکرد، مەبەست لەو کێشەیەش تێڕوانینی هەردووکیانە بۆ مەسەلەی جیاوازی.

بەباوەڕی کونەمان لەنێوان تێڕوانینی هابەرماس و تێڕوانینی لیوتاردا بۆ مەسەلەی جیاوازی هاوبەشییەکی گەورە لەئارادایە، بەڵام چۆن؟

بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە کونەمان دەگەڕێتەوە بۆ «تیورەی پەیوەندی» لای هابەرماس کە گرنگترین بابەتێکە ئەم فەیلەسوفەیە ژیانی فیکری خۆی بۆ تەرخانکردبێت و هەزاران لاپەڕەی لەبارەوە نووسیبێت. هابەرماس کێشەی پەیوەندیکردن لەنێوان ئینسان و ئینساندا و لەنێوان سیستم و ژیانگەدا دەکاتە ئەو دەروازەیەی لەڕێییەوە قسە لە سەر پێکهاتی کۆمەڵگای هاوچەرخ و کێشە و گرفت و ئەگەرەکانی، بکات. لای هابەرماس ئایدیالیترین و باشترین هەلومەرجی پەیوەندیکردن لەنێوان ئینسان و ئینساندا ئەو هەلومەرجەیە کە پەیوەندییەکان لەوپەڕی کرانەوەدان و لە فۆرمی دیالۆگی ئازادا بەرجەستەدەبن. لەم مۆدێلەدا دوو قسەکەرەکە هەلومەرجێک دروستدەکەن کە هەریەکێکیان تێیدا بۆچوونەکانی خۆی وەک بۆچوونی ڕێژەیی پێشنیاردەکات و ئامادەیە هەقیقەتی ناو بۆچوونەکانی ئەوی دی ببینێت. هیچ یەکێک لە لایەنەکان هەقیقەتەکانی خۆی وەک هەقیقەتێکی ڕەها و داخراو قوفڵدراو بەڕووی هەر ئەگەرییێکی گۆڕاندا پێشنیارناکات، بەڵکو وەک هەقیقەتی کاتی و کراوە و دیالۆگیی، هەقیقەتێک کە قابیلی گۆڕان ودەسکاریکردن و پێداچوونەوەیە، پێشکەشدەکات. بەکوورتی«هەلومەرجی نموونەیی» پەیوەندیکردن لای هابەرماس هەلومەرجی دیالۆگێکی کراوەیە لەسەر بنەمای گۆڕینەوەی ئەرگومێنت و ئامادەبوونی هەموو لایەنەکانی گفتوگۆکە بۆ پیاچوونەوە و سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ئەو تێڕوانین و بۆچوون و هەقیقەتانەی لەکاتی ڕاگۆڕینەوەکاندا بەرگریان لێدەکات. لەم دۆخە نموونەییەدا هیچ یەکێک لە دیالۆگکەرەکان بۆچوونەکانی خۆی وەک ئەمر، وەک یاسایەکی ڕەتنەکراوە، وەک هەقیقەتێکی ڕەها بەسەر ئەویدکەدا ناسەپێنێت، بەڵکو تەنها وەک ئەگەرێک لە ئەگەرەکانی هەقیقەت دەیخاتە ڕوو (هـ. س. پ. ل ٢٥٠). بەڵام ئەمە مانای چی و ئەم پەیوەندییە دیالۆگی و کراوەیە چ پەیوەندییەکی بە فیکری جیاوازییەوەو هەیە؟

بە مانایەک لە ماناکان «هەلومەرجی نموونەیی پەیوەندیکردن» لای هابەرماس هەلومەرجێکە کەس تێیدا هەموو هەقیقەتەکانی پێنییە و هەرکەسەو هەڵگری دیدێکی ڕێژەیی و کراوە و دانەخراوە بەڕووی هەقیقەتەکانی ئەویدیدا. هابەرماس ئەم دۆخە بە دۆخێکی سەد دەر سەد عەقلانی دەزانێت و پێیوایە هەریەکێک لە قسەکەرەکان ئازادی

تەواوی لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی بە بەڵێ یان نەخێر لەگەڵ پرسیار و وەڵام و هەقیقەتەکانی ئەویدیدا بجولێتەوە. ئەوەشی لەم دۆخەدا ئاڵوگۆڕدەکرێت پێناسە و پێشنیار و ماناکانن لەگەڵ یەکدا، نەک هەقیقەت و لۆژیکێکی گشتی کە پێشوەخت هەموو ماناکانی دەستنیشانکردبێت و قابیلی ئاڵوگۆڕ و دەسکاریکردن و گۆڕان نەبێت. بە مانایەکی دیکە لە دۆخێکی لەو بابەتەدا هەریەکێک لە قسەکەرەکان بە هەموو جیاوازییەکانیەوە ئامادەیە و ئەوەی ئاڵۆگۆڕیدەکات مانا و ئەرگومێنت و دیدی جیاوازی خۆیەتی لەگەڵ ئەویدیدا. بە باوەڕی کونەمان ئەم دیدەی هابەرماس بۆ دیالۆگ و ئاڵوگۆڕی پێناس و هەقیقەتەکان ڕێک یەکانگیرە لەگەڵ دیدی پۆست مۆدێرنەکاندا بۆ جیاوازی و مافی جیاوازبوون (هـ. س. پ. ل ٢٥١). لای پۆست مۆدێرنەکانیش جیاوازی بیرۆکەیەکە ناکرێت نوێنەرایەتی بکرێت بەڵکو دەچێتە پەیوەندییەوە لەگەڵ جیاوازییەکانی دیکەدا.

سەرەڕای ئەم وێکچوونە فەلسەفییە، هاری کونەمان باوەڕی وایە کە هابەرماس و لیوتار لە ڕووی سیاسیشەوە هاو سەنگەرن. هابەرماس باس لە دەستدرێژی و کۆلۆنیالیزەکردنی «سیستم» دەکات بۆ ژیانی ڕۆژانە و «ژیانگە»، واتە باس لە هێرشی لۆژیکی بیرۆکراسی و هێرشی بەهاکانیقازانج و دەسکەوتی ئابووری کورتخایەن دەکات بۆناو پەیوەندییە ئینسانییەکان، لیوتاریش بەهەمانشێوە باس لە داگیرکردنی ژیانی ڕۆژانە دەکات لەڕێگای جەبری لۆژیکی داخراوی سیستەمەوە. لە هەردوو دۆخەکەشدا ئەم دوو فەیلەسوفە قسە لە لۆژیکی زیادکردنی قازانج و زیادکردنی بەرهەم و گەشەپێدانی بەردەوامی تەکنیک دەکەن، بەبێگوێدانە دەرەنجامە گەردونی و ژینگەیی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم مەسەلانە. لە بەرامبەر ئەم هێرشەی لۆژیکی ئابوری قازانج و بەرهەمی بێئەندازە و کورتکردنەوەی جیهان بۆ بازاڕێکی گەورە، هابەرماس و لیوتار پێ لەسەر بەرگری دادەگرن. هەردووکیان باوەڕیان بە دانانی سنورێک هەیە بۆ ئەم ئەقڵانیەتە ئابووریە بێئامانە کە جیهان بەرەو خەرەندی کێشە و کارەساتی گەورە گەورە پەلکێشدەکات. بەڵام لە چۆنیەتی پیادەکردنی بەرگەریدا و لە دەستنیشانکردنی ئەو شێوەیەی کە دەبێت بەرگری بیگرێتە خۆی لێک جیادەبنەوە. لیوتار زیاتر پێ لەسەر بەرگرییەکی فەلسەفی و فیکری و هونەری و ئەدەبی دادەگرێت و کەمتر لە ئاستی پراکتیکی نزیکدەبێتەوە، لە کاتێکدا هابەرماس باس لە بەرگریەکی دەزگایی دەکات لە فۆرمی بەرگریکردن لە «مەجالی گشتی» کۆمەڵگادا (هـ. س. پ. ل ٢٥٦). بە کورتی هاری کونەمان، وێکچوونێکی فەلسەفی و سیاسی لەنێوان فیکری

هابەرماس و لیوتاردا دەبینێت. لە ئاستی فەلسەفیدا بیرۆکەی جیاوازی و ڕێژەگەرایی کۆیاندەکاتەوە و لە ئاستی سیاسیدا پێویستی بەرگری لەبەرامبەر لۆژیکی گشتگیری سیستم و دەستدرێژییەکانیدا بۆسەر ژیانی ڕۆژانە و کۆی ئەو کێشانەی بۆ کۆمەڵگا و جیهان وەک گشتێک دروستیدەکەن.

لەسەر هەمان هێڵی تێڕامان و بیرکردنەوە فەیەلسوفی ئەمریکی، ڕیچارد ڕۆرتی، نزیکییەکی گەورە لە نێوان فیکری لیوتار و فیکری هابەرماسدا دەبینێت. بە بۆچوونی ڕۆرتی دیدی هابەرماس و دیدی فیکری پۆست مۆدێرن بۆ هەقیقەت تا ڕادەیەکی زۆر لێکدەچن و هەردووکیان یەک تێڕوانین و تێگەیشتنیان بۆ چەمکی هەقیقەت هەیە. هابەرماس هەقیقەت بە شتێکی پێدراو و بابەتی دانانێت، واتە هەقیقەت شتێک نییە لەناو واقیعدا بوونێکی بابەتی و پەنهانی هەبێت و ئینسان دوای گەڕان بەدوایدا بدۆزیتەوە، بەپێچەوانەوە هەقیقەت لە دیدی هابەرماسدا دەرنجامی دیالۆگێکی ئازادە و لە خودی ئەو دیالۆگەوە لەدایکدەبێت. (Rorty, 1997: 74) بە مانایەکی دیکە هەقیقەت لای هابەرماس شتێک نییە بچین بیدۆزینەوە، بەڵکو شتێکە بەرهەمیدەهێنین، لەشوێنێکدا نییە ئێمە خۆڵ و گەرد و تۆزی ڕۆژگار و نەزانینی لەسەر لادەین و نیشانیدەین، بەڵکو دەرەنجامی ئەو پەیوەندی و دیالۆگانەیە کە بەیەکدیمانەوە دەبەستنەوە. هەقیقەت لە دیالۆگدا لەسەر ماناکان و پێناسەکان و پێدراوەکان بەرهەمدەهێنرێت و هەمیشە بەرەنجامی کارلێک و کارلێکی پێچەوانە و ئاڵوگۆڕی ئەرگومێنتەکانە. لای هابەرماس«بابەتیبوون» تەعبیر نییە لە شتێک، لە ڕاستییەک، کە لە پێکهاتەی ناوەکی واقیعدا ئامادەبێت،» پێدراوێکی پێشین نییە لە واقیعدا دواتر بدۆزرێتەوە، بابەتیبوون دەرەنجامی کارلێکردنی تاک و گروهەکان لەیەکتری (هـ. س. پ. ل ٤٧). ئەمەش ڕێک ئەو دیدەیە کە زۆر لە پۆست مۆدێرنەکان بۆ هەقیقەتیان هەیە، واتە هەقیقەت وەک شتێک لەسەی ڕێککەوین و لەگەڵ یەکدا بەشیکەین، نەک شتێک لە واقیعدا بەشێوەیەکی بابەتی و لەدەرەوەی پەیوەندیی نێوان ئینسان و گروهەکاندا بوونی هەبێت.

وەک دەبینین لە ئاستە قووڵەکاندا خزمایەتییەکی گەورە لە نێوان فیکری هابەرماس و فیکری لیوتاردا هەیە و دیدی ئەم دوو فەیلەسوفە بۆ جیاوازی و هەقیقەت و پەیوەندی تاڕادەیەکی زۆر لێکدەچن. لە خوێندنەوەکانی هاری کونەمان و ڕیچارد ڕۆرتیدا ،«مۆدێرنە» ی هابەرماس و«پۆست مۆدێرنە» ی لیوتار، لە چەند ئاستێکدا، نەک دژ بەیەکنین، بەڵکو لێکنزیکن و هەڵگری وێناکردنی هاوبەشن بۆ هەقیقەت و

بابەتیبوون و بەرگری و یەک بۆچوونیشایان هەیە دەربارەی پەیوەندی نێوان سیستم و ژیانی ڕۆژانەی ئینسان و گروهەکان. ئەمە ڕای دوو فەیلەسوفی هابەرماس ناس و لیوتار ناسن، بەڵام کاک بەختیار کە نە هابەرماس دەناسێ و نە لیوتاریش، لەنێوان ئەم دوو فەیلەسوفەدا شەڕێکی ناوخۆیی گەورە بەرپادەکات و ئەنجامەکەشی بەمشێوەیە دەستنیشاندەکات:«بەتایبەتی لەدوای هەرەسی ئۆروپای ڕۆژهەڵات، ئیدی خیتابی فەلسەفەی کاردانەوە پاشەکشەی پێکرا، سەرلەنوێ خیتابی ئەقڵانی ڕۆشنگەری هاودەم ژیایەوە و دەرکەوت (هابەرماس) ڕاستی کردوە، نەک (فۆکۆ) و (بودریار) و (لیوتار)» (ل ٤٠).

پێشئەوەی بێمە سەر دەرەنجامە سیاسییەکانی ئەم شێوە تێڕوانینە تایبەتە بۆ مەسەلەی هەقیقەت و جیاوازی، دەخوازم سەرنجێکی خێرا لەو مانایانە بدەم کە چەمکی جیاوازی لای فەیلەسوفی فەرەنسی بۆدلیار هەیەتی، چونکە ئەم کارە هەم ماناکانی ئەم چەمکە ئاشکراتر دەکات، هەم وەڵامی ئەو هەڵەیەی کاک بەختیاریش ئەداتەوە کە دەڵێت«فیکری جیاوازی» لە فیکری پۆست مۆدێرنەوە دەستپێناکات. سەرەڕای ئەمەش دەمەوێت جارێکی دی سەرنجی خوێنەر بۆ ئەو لایەنە کاریکاتێرییەی بۆچوونەکانی کاک بەختیار ڕاکێشمەوە کە تێیدا بۆدلیار لەگەڵ لیوتار و فۆکۆ و دێریدا ڕەوانەی مۆزەخانە دەکات، بەبێئەوەی کەمترین زانیاری لەسەر هەریەکێکیان هەبێت.

## 6 - 2 ـ بۆدلیار و بیرۆکەی جیاوازی

بابەتی هەرە سەرەکی لە فەلسەفەی بۆدلیاردا بیرکردنەوەیە لەو شتەی پێیدەگوترێت (ماس میدیا)، واتە میدیای جەماوەری هاوچەرخ. مەبەست لە میدیای جەماوەریش، ئەو سەدەها کەناڵە تەلەفیزۆنی و هەزارەها ڕۆژنامە و سەدەها گۆڤار و ژمارە بێشوماری فلیم و ڤیدیۆ و دێ ڤێ دێ و شێوەکانی دیکەی تەکنۆلۆژیای پەیوەندی هاوچەرخە کە لە سیس ساڵی ڕابووردودا دەسکارتییەکی گەورەی چەمکەکانی واقیع و هەقیقەت و خەیاڵ و عەقڵیانکردوە. ئەم فەیلەسوفە، کە کاک بەختیار دەینێرت بۆ مۆزەخانە، لە کتێبەکانیدا باس لە کاریگەرییەکانی میدیای جەماوەری لەسەر خەیاڵ و عەقڵ و ڕەوشت و هەڵسوکەوتی ئینسانی هاوچەرخ دەکات، لە کۆتایی شەستەکانەوە مامۆستای فەلسەفە و ئەدەب و سۆسیۆلۆژیایە لە زانکۆکانی فەرەنسادا و تا ئێستا دەیان کتێبی جۆربەجۆری نووسیوە. لە پاڵ گرنگیداندا بە میدیای جەماوەری، بۆدلیار، گرنگییەکی گەورەش بە بابەتەکانی ئەدەب و فەلسەفەی زمان و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی

و مێژووی کولتوور ئەدا و لەم بوارانەشدا وەک یەکێک لە فەیلەسوفە گرنگەکان ناسراوە. ئەو فەیلەسوف و«پێشینە فیکرییانەی» کاریگەری گەورەیان لەسەر فیکری ئەم فەیلەسوفە جێهێشتوە بریتین لە مارکس، نیتشە، دۆسۆسێر، فرۆید، هیربێرت مارکۆز و لیوتار و چەندانی دیکەن. (van Gils, 1986: 13) (لەیادمان نەچێت کاک بەختیار دەڵێت فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان هەموو پێشینەیەکی فەلسەفەی ڕەتتدکەنەوە). ئەم فەیلەسوفە کە ئەمڕۆ بەیەکێک لە ڕەخنەگرە گەورەکانی جیهانگیری و کۆمەڵگای هاوچەرخ و بە ئەمریکاییبوونی جیهان دادەنرێت، لەسەر دەستی کاک مەلا بەختیاردا لە سلێمانییەوە ڕەوانەی مۆزەخانەی فیکر دەکرێت.

بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی جیاوازی لای بودلیار و ئاشکراکردنی ماناکانی لە فەلسەفەی جیاوازیدا با سەرنج بدەینە ئەو پەیوەندییەی بۆدلیار لە نێوان فیکری «دیالەکتیک» و فیکری «جیاوازی»دا پێشنیاریدەکات. ئەم بابەتە یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی فیکری ئەم فەیلەسوفە و بەشێکی گرنگی فەلسەفەی بۆدلیار لەسەر تێگەیشتن و دەستنیشانکردنی ئەم پەیوەندییە دامەزراوە.

بۆ کەسێک کەمەکێک زانیاری لەسەر فیکری جیاوازی و فیکری دیالێکتیکی هەبێت ئەو ڕاستییە دەزانێت کە«فەلسەفەی جیاوازی» دژ بە «فەلسەفەی شوناس»ـە. فەلسەفەی جیاوازی پێ لەسەر فرەشوناسی دادەگرێت، پێیوایە هەر بوونەوەر و کۆمەڵگا و کولتوورێک زیاد لە شوناسێکیان هەیە و ئەم شوناسانەش ناکرێت بۆ تاقە شوناسێک کورتکرێنەوە، لەکاتێکدا «فەلسەفەی شوناس» پێ لەسەر بوونی یەک شوناسی سەرەکی دادەگرێت کە بە کولتوور و کۆمەڵگا و مرۆڤ دەبەخشرێت. لە کاتێکدا فەلسەفەی جیاوازی جەغد لەوەدەکات کە شوناس شتێکی پێدراو و نەگۆڕ و هەتاهەتایی نییە و جەوهەرێک نییە هەمیشە دووبارەببێتەوە، فەلسەفەی شوناس پێ لەسەر بوونی جەوهەرێکی هەمیشەیی و نەگۆڕ و دووبارەوەبوو دادەگرێت کە دەربڕی هەقیقەتێکی ڕەهایە و لەدۆخی دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامدایە. فەلسەفەی جیاوازی پرۆژەیەکی کراوەیە بەڕووی فرەچەشنی و فرە دەنگی و فرەڕەنگیدا، فەلسەفەی شوناس بازنەیەکی داخراوە بەڕووی شوناسێکی گەورە و گشتی و داخراودا.

لە فیکری فەلسەفیدا بیرۆکەی تاک شوناسی لە هیگڵەوە دادەکەوێت، یان وردتر بدوێین، هیگڵ گرنگترین فەیلەسوفی فەلسەفەی تاک شوناسییە. بەباوەڕی هیگڵ مێژوو یەک لۆژیکی هەیە، کولتوور یەک جوڵەی گەردونی لەناوەوەڕا بەڕێوەی دەبات و کۆمەڵگاش بە هەمانشێوە لۆژیکێکی دیالێکتیکی گشتگیر یاساکانی

دەستنیشاندەکات. لە هەموو ئەم دۆخانەشدا قسە لە یەک هێزی گشتی دەکرێت کە لە ساتە مێژووییە جیاجیاکاندا فۆرمی جیاواز دەگرێتە خۆی، هیگڵ ئەم هێزە ناو دەنێت«رۆحی رەها»، ئەم رۆحە جەوهەرەکەی نەگۆڕە و بەردەوام یەک شوناسە، بەڵام دەرکەوتەکانی لە مێژوودا جیاوازە.

بۆدلیار تا سەر ئێسقان بەم دیدە هیگڵییە ناکۆکە و بەسەرچاوەی تۆتالیتاریزمیشی دادەنێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەسەلەیە چەمکی «ناکۆکی» لە فیکری دیالێکتیکیدا بە چەمکی «جیاوازی» لە فەلسەفەی جیاوازیدا بەراورد دەکات. بەلای بودلیارەوە جیاوازی سەرەکی لە نێوان چەمکی «جیاوازی» و چەمکی «ناکۆکی دیالێکتیکیدا» لەوەدایە کە ناکۆکی دیالێکتیکی هەمیشە لەناو«گشتێکی» نوێدا کۆتایی پێدێت، بەڵام «جیاوازی» ناتوانێت لەناو گشت، یان گشتێتییەکی نوێدا لەناوببرێ و کۆتایی پێبێت. بودلیار ڕای وایە «جیاوازی» تەنها لەناو سیستمێکدا دەتوانێت بژی کە «لۆژیکێکی پلورالی» هەبێت، نەک لۆژیکێکی دیالێکتیکی. لۆژیکی پلورالیش مانای لوژیکێک کە جیاوازییەکان لە گشتێکی دروستکراو و پێشنیارکراو و سەپێنراودا کۆنەکاتەوە، بەڵکو لێگەڕێت ئازادانە لەپاڵ یەک و بە تەنیشت یەکەوە و بەیەکەوە ئامادەبن و لەناونەبرێن. لای بۆدلیار ژێرخانی جیاوازی «گشت» یان «سەرجەم» نییە، بەڵکو «پلورالیزمە» کە چەندان جیاوازی لەپاڵ یەک و لە دیالۆگ و پەیوەندیدا بەیەکەوە کۆدەکاتەوە. پلورالیزم وەک ژێرخان جیاوازە لە ناکۆکی دیالێکتیکی وەک ژێرخان، لە یەکەمیاندا جیاوازییەکان بە زیندوویی دەمێننەوە، لە دووهەمیاندا لەناو گشتێکی گەورەتر و«پێشکەوتوتر»دا لەناودەبرێن. بە باوەڕی بودلیار دیالەکتیک لە دوا وێستگەدا ناکۆکییەکان لەناو پێکهاتێکی نوێی وێکچوو و گشتگیردا کۆدەکاتەوە و یەک لۆژیکیان بەسەردا دەسەپێنێت، بەڵام پلورالیزم و لۆژیکی «جیاوازی» بۆ ماناوە و کارکردنیان پێویستییەکی بەردەوامیان بە لۆژیکێکە لەودیوی گشتگیرییەوە بژی، پلورالیزم بەبێ بوونی سەرزەمینێکی فرەلۆژیکی و پلورال ناتوانێت بژی و بمێننەوە، جیاوازیش هەروەها. لە دیالێکتیکدا دواجار«یەک لۆژیکی» سەردەکەوێ و باڵادەستدەبێت، بەڵام لە جیاوازیدا پلورالیەتی لۆژیکی بە بەردەوامی دەمێنێتەوە.

لای هیگڵ ناکۆکییەکان و جیاوازییەکان لەنا و فیکر یان ڕۆحدا کۆتاییانپێدێت، لای مارکس لەناو پێکهاتێکی نوێی کۆمەڵایەتیدا، بەڵام لای فەلسەفەی جیاوازی ناکۆکییەکان و جیاوازییەکان لەناوناچن و کۆتاییان پێنایەت، بەڵکو بەدوای بنیادنانی دنیایەکدا دەگەڕێن کە لۆژیکی پاراستنی جیاوازی و پێکەوەژیانی جیاوازی لەناویدا

ئامادەبێت. ناکۆکی، لای هیگڵ ساتێکە دواتر دیالەکتیک بەرە و نەمانی دەبات و لەناو پێکهاتێکی بالآتردا دەیتوێنێتەوە، بەڵام جیاوازی لای بودلیار پێدراوێکی ئەنتۆلۆژییە و بەهیچجۆرێک لانابرێ و کۆتاییپێنایەت و لەناو هیچ پێکهاتی گەورەتر یان باشتر لە خۆیدا، ناتوێتەوە. بە باوەڕی بودلیار ڕووەکارە سیاسییەکەی تواندنەوە و لابردنی جیاوازییەکان نازیزم و ستالینزیم دروستدەکات، نزیکتر لە دنیای خوێنەری کورد دەکرێ بڵێین بەعسیزم دروستدەکات، بەڵام پاراستنی لۆژیکی پلورالیزم بەبێ دیموکراسیەت مەحاڵە. (تکایە خوێنەری بەڕێز ئەوەت لەیادنەچێت کە کاک مەلا بەختیار ئەم فەیلەسوفەی کردوە بە دوژمنی دیموکراسییەت، لەکاتێکدا ئەم تێڕوانینە نیشانیئەدات چ بەرگرییەکی ڕادیکاڵ لە دیموکراسییەت دەکات).

لای هیگڵ ڕۆحی ڕەها بوونێکی ڕەهای هەیە و ئەم ڕەهاییەش بە بەردەوامی دەمێنێتەوە، ئەوەی دەگۆڕێت فۆرمەکانی تەعبیرکردنی ئەم ڕۆحە ڕەهایەیە لە خۆی. بە مانایەکی دیکە ڕۆح جەوهەرێکی نەگۆڕی هەیە کە لەهەموو ساتەکاندا بە نەگۆڕی دەمێنێتەوە، ساتەکانی جیاوازبوون لای هیگڵ کاتی کورتخایەنن و تەعبیر لە گەشەی جەوهەرێکی نەگۆڕ دەکەن کە لە جوڵەیەکی بەردەوامدایە. لای هیگڵ جیاوازی بیرۆکەیەکی ئەنتۆلۆژی نییە، شتێک نییە بوونی تایبەت و سەربەخۆی هەبێت، خۆی لەسەر پێی خۆی و بەسەربەخۆیی وەستابێت، جیاوازی هەمیشە دەرکەوت و تەعبیرە لە شتێکی دیکە کە ڕەهایە. بەڵام لە فەلسەفەی بودلیاردا جیاوازی خۆی شتێکی سەربەخۆیە، خۆی بوونێکە کورت ناکرێتەوە بۆ تەعبیرکردن لە شتێک لەدەرەوەی خۆیدا. بۆیە ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی کە دەشێت شوێن بۆ جیاوازی بکاتەوە سیستەمێک نییە ڕەحم بە جیاوازیبکات یان سیستەمێک بێت بیرۆکەیەکی تۆتالیتێر و گشتگیر بیبات بەڕێوە و لەم پرۆسەی بەڕێوەبردنەدا فۆرمی جیاواز بگرێتەخۆی. نا ئەو سیستەمەی جیاوازی لە ئامێزدەگرێت سیستەمێکە تێیدا جیاوازی بۆتە پرنسیپێکی ژێرخانی و بناغەیی، بۆتە یاسای سەرەکی سیستەمەکە نەک بیرۆکەیەک کە تەعبیر لە جەوهەرێک بکات جیاواز لە خودی جیاوازی خۆی.

تێڕوانینی بۆدلیار بۆ جیاوازی تا ڕادەیەکی زۆر لە تێڕوانینی دێریدا ئەچێت بۆ جیاوازی. بیرۆکەی جیاوازی لای دێریداش لەزۆر ڕووەوە ئەو ڕۆڵە دەبینێت کە بیرۆکەی ژێرخان لای مارکس دەیبینێت. لای دیریدا جیاوازی بریتییە لەو سەرزەمینە گشتییەی شوێن بۆ هەموو شتەکانی دیکە دەکاتەوە، جیاوازی پێدراوێکی لاوەکی نییە، بەڵکو چوارچێوەی شتەکانە (هـ. س. پ. ل ٢٤ـ ٢٥). ئەوەی بەلای دێریداوە گرنگە

ئەوەیە کە ئەو چوارچێوەیە خۆی شوناسێکی دیاریکراوی نییە، چونکە کە شوناسێکمان پێبەخشی ئیدی ناتوانین شوێنی ئەو شتانەی تێدابکەینەوە کە لەگەڵ ئەو شوناسەدا یەکناگرنەوە، سەرەڕای ئەمە جیاوازی وەک چوارچێوە، یان وەک ژێرخان، خۆی نە شوناسە و نەهیچ شوناسێکیش دەسەپێنێت، بەهیچ مانایەکیش شوناسێک نییە لەسەروی هەموو شوناسە جیاوازەکانی دیکەوە (هـ. س. پ.، ل٢٥). جیاوازی ئەو هێزەیە کە هێزەکانی دیکە شوناسی خۆیانی لەسەر بنیاددەنێن، وزەیەکە کە ڕۆح بە بەری هەموو شتەکاندا دەکات و بە هەریەکێکیان پانتایی تایبەت و پێویست بۆ تەعبیر و قسەکردن و خۆڕێکخستنی سەربەخۆ دەبەخشێت (هـ. س. پ.). جیاوازی ئەو بەم مانایەیە جیاوازی لە «فەلسەفەی جیاوازیدا» پرنسیپێکی ئەنتۆلۆژییە.

ئەگەر هیگڵییەت، بەو مانایەی لێرەدا باسکرا، بەرەو تۆتالیتارییەت، مارکسیزم لە واقیعدا بەرەو ستالینییەت گەشەیانکردبێت، ئەوا جیاوازی و فیکری جیاوازی بە ئاراستەی کرانەوە و ڕادیکاڵکردنی فەلسەفە و سیستم و مۆدێلە جیاوازەکانی دیموکراسییەت کاردەکات. بەم مانایەش فەلسەفەی جیاوازی، کە بناغەی دید و بۆچوونی زۆرێک لە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکانە، نەک دژ بە دیموکراسییەت نییە، وەک کاک بەختیار لە ژوری ڕێکخراوە دیموکراتییەکانەوە ڕایدەگەیەنێت، بەڵکو بنەمایەکی گرنگی پاراستنی عەقڵییەت و لۆژیکی دیموکراسییانەیە.

با ئەم بۆچوونە زیاتر وردتر بکەینەوە و جارێکی دی بۆ چەند تێڕوانینێکی لیوتار بگەڕێینەوە.

## 7 ـ ئایا پۆست مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی سیاسەت و دەسەڵات و دیموکراسییەتە؟

### 1.7 ـ لیوتار و سیاسەت

پرسیاری سەرەکی لە فەلسەفەی لیوتاردا پرسیاری عەدالەتە، پرسیاری چۆنیەتی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی مافپەروەرە کە تێیدا مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی تایبەت و بێوێنە و دەگمەن بژی. لەم ڕووەوە لیوتار لە پێشەکی کتێبی (هەلومەرجی پۆست مۆدێرنەدا) دەنووسێت : ئایا دەکرێت کۆمەڵگایەکی مافپەروەر بنیادبنرێت لە پەیوەندیدا بە چالاکی

زانستییەوە، کە چالاکییەکی فرەئاراستە و پلوراڵە (van Peperstraten, 1990: 26). واتە چۆن بتوانین باس لە عەدالەت بکەین و کۆمەڵگایەکی مافپەروەر دروستبکەین لە کاتێکدا دەزانین کە جیهانی ئێمە جیهانێکە تەنانەت لە ئاستی زانستیشدا پڕە لە جیاوازی، چۆن دەتوانین کۆمەڵگایەکی مافپەروەر بنیادبنێین لەناو ئەو هەموو جیاوازییانەدا کە جیهانی هاوچەرخ کەوتۆتە ناوییەوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت تەماشای بۆچوونی لیوتار بکەین بۆ سیاسەت و کاری سیاسی، چونکە ئەوەی عەدالەت بنیادەکات و دەیپارێزێت سیستمێکی سیاسی کراوەیە (هـ. س. پ.، ل ٢٦ـ ٢٧ ). (تکایە خوێنەری بەڕێز ئەوەت لە یادنەچێت کە کاک بەختیار بە ئارەزووی خۆی و چۆنی بە عەقڵدا هاتووە دەربارەی ئەم فەیلەسوفە گرنگە ووتویەتی، گوایە باوەڕی بە سیاسەت و دەسەلات و دەوڵەت نییە و هەرچی شتێکیش کەمەکێک سودی بۆ مرۆڤایەتی هەبێت، ڕەتدەکاتەوە).

بەر لە هەمووشتێک سیاسەت لای لیوتار بابەت نییە، بەڵکو گەمەیە، گەمەی نێوان جیاوازییەکانە، گەمەی نێوان ئامانجە جیاوازەکان و ویستە جیاوازەکان و داخوازییە جیاوازەکانە. بە گواستنەوە لە «بابەت»ـەوە بۆ «گەمە»، لیوتار سیفەتێکی دینامیکی بە کاری سیاسی ئەدات و وەک چالاکییەکی پڕ گۆڕان و جوڵە و جیاوازی دەیبینێت. بە باوەڕی لیوتار سیاسی عەقڵانی ئەو سیاسییەیە کە چاوەکانی کراوەیە بۆ دیتنی هەموو جیاوازییەکان و لە هەوڵی پێشنیارکردنی چوارچێوەیەکدایە کە تێیدا ئەو جیاوازییانە بتوانن لەپاڵ یەکدا و لەپەیوەندییاندا بەیەکەوە ئامادەبن و بدوێن و بژین. لیوتار ئەم دیدە ڕادیکالتر دەکاتەوە دەڵێت ناکرێت سیاسەت بەهیچجۆرێک لە چەمکی جیاوازی جیاکرێتەوە، سیاسەت بە جەوهەر جیاوازگەرە و بریتییە لەدۆخی کۆبوونەوەی کۆمەڵێک جیاوازی لەپاڵ یەکدا. (هـ. س. پ.، ل ٣١).

بێگومان لیوتار ئەو ڕاستییە باش دەزانێت کە ئەم پێناسەیە بۆ سیاسەت و یەکسانکردنی بە چالاکییەک کە هەوڵی ڕێکخستنی جیاوازییەکان ئەدات، ئەوە ناگەیەنێت کە یەکێک لە پێناسەکانی جیاوازی، واتە پێناسێکی دیاریکراو لە پێناسەکان و زمانێکی تایبەتی قسەکردن لەسەر جیاوازی، لەوانی دیکە بەهێزتر نابێ و هەیمەنە بەدەستناهێنێت. لیوتار دەزانێت کە هەمیشە تێڕوانینێکی تایبەت بۆ جیاوازی و زمانێکی تایبەتی قسەکردن لەسەر جیاوازی و وێناکردنێک لە وێناکردنەکانی جیاوازی، بەسەر پێناسە و وێناکردن و زمانەکانی دیکەدا

بالادەستدەبێت و هەیمەنە پەیدادەکات، بەمەش سنوورێک بۆ جیاوازییەکان و پەیوەندییەکانیان دەکێشێت. ئەو خاڵە گرنگەی لیوتار بەرگری لێدەکات و بەم بەرگرییەش ڕۆحێکی دیموکراسی گەورە بە بۆچوونە سیاسییەکانی خۆی ئەدات ئەوەیە، ئەم هەیمەنەیە مانای کۆتایی جیاوازییەکان نییە، مانای ئەوە نییە جیاوازی نەماوە و شتەکان بە یەکجاری و بۆ هەتاهەتایە چارەسەرکراون. دروستبوونی هەیمەنە مانای هاتنەکایەی بارودۆخێک کە تێیدا پێناسێک لە پێناسەکان ئەوانیدیکە بۆ ماوەیەکی تایبەت بێدەنگ، لاواز یان نەبیستراو دەکات (هـ. س. پ. ل ٣١). گرنگ ئەوەیە بەردەوام بەرگری لە جیاوازی و مافی جیاوازبوون بکرێت و شێوازێکی دیکەی ڕێکخستنی جیاوازییەکان بەیەکدییەوە پێشنیارکرێت کە کراوەتر و دیموکراسیتر بێت. لەم ڕووەوە لیوتار ئەرکی پاراستن و بەرگریکردن لە جیاوازی بە ڕۆشنبیران دەبەخشێت و دەڵێت ڕۆشنبیران دەبێت بەردەوام هەوڵدەن دژ بە مەیلە تۆتالیتاری و گشتگیرییەکان کاربکەن و ئاگایان لەخۆیان بێت ئەم مەیلانە داگیریاننەکات. کاری ڕۆشنبیر بریتییە لە بەرگریکردن لە جیاوازی تا هەمووان مافی قسەکردن و گفتوگۆیان هەبێت. (هـ. س. پ.، ل ٣٨)

وەک دەبینین سیاسەت یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی فیکری لیوتار، ئەم فەیلەسوفە ئەوەندە لە ئاستی فەلسەفیدا بە سیاسەتەوە سەرقاڵە زۆر کەس کارەکانی بە تەواوکەری پرۆژە ڕەخنەیەیەکەی فەیلەسوفی ڕۆشنگەری ئیمانوێل کانت دەدەنە قەڵەم، بەتایبەتی بە درێژکراوەی پرۆژە گرنگەکەی کانت سەبارەت بە ڕەخنە لە عەقڵی سیاسی (هـ. س. پ. ل ٣٢). ئەوەی لیوتار لەسەر کۆمەڵگا هاوچەرخەکانی دەڵێت، بە تایبەتی لەسەر کۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشکەوتووەکان، تەواو بە پێچەوانەی تۆمەتەکانی کاک بەختیارەوە، کۆمەڵێک بۆچوونە کە مەوداکانی دیموکراسییەت و بەشداری خەڵک لەکاری سیاسیدا چالاکتردەکاتەوە. لیوتار دەڵێت کێشەی سەرەکی کۆمەڵگا سەرمایەدارییە هاوچەرخەکان لەوەدایە کە لۆژیکی ئابووریی لەم کۆمەڵگایانەدا خەریکە لۆژیکەکانی دیکە بێدەنگدەکات، یان تەواو لاوزیان دەکات، لەم کۆمەڵگایانەدا سەرمایە بۆتە حیکایەتی بالادەست و بەم بالادەستییەشی حیکایەتەکانی دیکەی کوشتووە. (هـ. س. پ. ل٣٦). لیوتار بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بالادەستییە تاک ڕەهەندەی لۆژیکی هەڵپەی ئابووری سەرمایەدارییانە و زاڵبوونی بەسەر لۆژیکە کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و هونەرییەکانی دیکەدا باس لە پەیوەندی نێوان

سەرمایە و ژینگە دەکات. بە باوەڕی لیوتار هەوڵی بەردەوامی سەرمایە بۆ کەڵەکەبوون و خۆ چەندجارەکردن و زیادبوون خەریکە ژینگە وێراندەکات و مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی کێشەی گەورە و کوشندە دەکاتەوە، لۆژیکی زیادکردنی سەرمایە بۆتە هۆی برسیبوونی بەشێکی گەورەی جیهانیش. کێشەکەش لەوەدایە ئەو دەنگانەی لە ئاستی جیهاندا دەخوازن ژینگە بپارێزن، ئەو دەنگانەی داوای سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی سەروەت و سامانی کۆمەڵایەتی دەکەن، لەبەردەم دەنگی سەرمایە و لۆژیکی سەرمایەدا لاوازن، دەنگی سەرمایە باڵادەستی بەسەر دەنگەکانی دیکەدا پەیداکردوە (هـ. س. پ.)

لەم ڕووەوە ڕەخنەی لیوتار لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکان و لە چۆنیەتی ئیشکردنی لۆژیکی ئابووری تیایاندا تاڕادەیەکی زۆر لە ڕەخنەی مارکس دەچێت لە کۆمەڵگای سەرمایەداری سەردەمانی خۆی. بەڵام ئەوەی لیوتار لەم ڕەخنەیەدا لە مارکس جیادەکاتەوە دووبارەنەکردنەوەی دۆگماکانی مارکسە سەبارەت بە «کۆمەڵگای کۆمۆنیستی» و «دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا» و«کۆتایی دەوڵەت» و شتی دیکەی لەم بابەتە. لیوتار باوەڕی بە سۆسیالیزم نییە، بەڵام تاسەر ئێسقان دژ بە بەربەرییەتە (هـ. س. پ.). ئەم ڕستەیە هێمایە بەو ڕستە بەناوبانگەی مارکس کە دەڵێت مرۆڤایەتی دەبێت لە نێوان بەربەریەت و سۆسیالیزمدا یەکێکیان هەڵبژێریت. بەپێچەوانەی مارکسەوە، لیوتار، سۆسیالیزم وەک ئەلتەرناتیڤی بەربەرییەت نابینێت، چونکە لیوتار باوەڕی وایە کە مێژووی سۆسیالیزم لەسەدەی بیستەمدا مێژووی بەرهەمهێنانی شێوازێکی تایبەتی بەربەرییەتی بێئەندازەیە. لەباتی سۆسیالیزم لیوتار بەدوای سیستمێکی پلورالدا دەگەڕێت کە لەسەر بناغەی جیاوازی و لۆژیکی جیاوازی بنیادنرابێت و توانای قبوڵکردنی دید و بۆچوون و وێناکردنە جیاوازەکانی هەبێت. بەم مانایە ڕەخنەی لیوتار لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لەزۆر ڕووەوە لەو ڕەخنەیە دەچێت کە مارکس لە سەدەی ڕابووردودا لە ڕۆژگاری خۆی گرتووە. مارکس چەند دژ بە لۆژیکی سەدەی نۆزدەهەمی سەرمایەداری لە جەنگدا بووە، لیوتاریش بە هەمانئەندازە لەگەڵ لۆژیکی سەدەی بیستەمی هەمان سەرمایەداریدا لە جەنگدایە. لێرەوە فیکری پۆست مۆدێرن لای لیوتار لەڕووی سیاسییەوە نەک دژ بە دیموکراسیەت نییە، بەڵکو ڕەخنەیەکی دیموکراسییانەی قووڵە لە هەلومەرجی ئەمڕۆکەی کارکردنی سیاسەت و ئیشکردنی دەزگا سیاسییە باڵادەستەکانی ناو کۆمەڵگای سەرمایەداری. لەم ڕەوتەدا فەیلەسوفی هۆڵەندی، هاری کونەمان، دەڵێت پۆست مۆدێرنە بریتییە لە

ڕادیکالیزەکردنی دیموکراسییەت. (Kunneman, 1995: 247) (تکایە خوێنەری ئازیز ئەم دەرەنجامە سادانەی فیکری لیوتار بەراورد کە بەو تۆمەتە بێمانا و نامەسئولانەی کاک بەختیار بۆ فیکری ئەم فەیلەسوفەی داتاشیوە).

بەرگریکردنی لیوتار لە جیاوازی داکۆکیکردنێکی سەرسەختە لە سیستم و بەها دیموکراسییەکان لە بەرامبەر کۆی ئەو مەیلە تۆتالیتاری و نازییانەی دەوڵەتی مۆدێرن هەڵگریانە. کە دەگوترێت دەوڵەتی مۆدێرن هەڵگری مەیلی تۆتالیتاری و نازییانەیە، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەم دەوڵەتە بە حەتمی دەبێتە دەوڵەتێکی تۆتالیتاری و نازییانە، یەکسانکردنی ڕەهای دەوڵەتی مۆدێرن بە تۆتالیتارییەت هەڵەیەکی گەورەیە، بەڵام بێئاگابوون لە ئەگەری وەرگەڕانی دەوڵەتی مۆدێرن بۆ دەوڵەتێکی تۆتالیتاریی کوێربوونێکی مەعریفی و ئەخلاقی و سیاسییە. مەبەستی لیوتار لە بوونی مەیلی تۆتالیتارییانە لای دەوڵەتی مۆدێرن ئەوەیە کە ئەم دەوڵەتە هەڵگری ئەگەری بوون بە دەوڵەتێکی تۆتالیتارییە، لە هەناوی هەموو دەوڵەتێکی مۆدێرندا مەیلێکی تایبەتی گشتگیری و پەڕینەوە بۆ تۆتالیتارییەت ئامادەیە، بۆ ڕێگرتن لە تەرجەمەکردنی ئەم مەیلە بۆ واقیع دەبێت بەردەوام بەرگری لە جیاوازی و مافی جیاوازبوون و دابەشکردنی دەسەڵات و چاودێری چۆنیەتی پیادەکردنی دەسەڵات بکرێت. نازییەت فۆرمی هەرە پەڕگیری کوشتن و بێبایەخکردنی جیاوازییەکانە، لەپشتی سیستمی نازییەتەوە خەونێک ئامادەیە کە خەونی نەمانی جیاوازییە لە کۆمەڵگادا، خەونی دروستکردنی کۆمەڵگایەک کە هەموو ئەندامەکانی لەیەکبچن، هەموویان لە جەستەی سەرۆک و حیزب و ئایدیۆلۆژیای حیزبدا تەماهیبکەن. نازییەت سەپاندنی هەندەسەیەکی کۆمەڵایەتی بێجیاوازییە بەسەر کۆمەڵگایەکی پڕ لە جیاوازیدا. لەو شوێنەدا کە جیاوازی نەفیدەکرێت ئەگەری سەرەکی ئەگەری جەنگە. لەم ڕووبەرە تایبەتەدا دەربارەی لیوتار و فیکری لیوتار دەگوترێت: «فەلسەفە کۆمەڵایەتییەکەی لیوتار لەهەوڵی ئەوەدایە جیاوازی خۆی بدوێت. ئەمەش بە کۆنکریتی مانای بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی لە مافی ئازادی ڕا دەربڕین و قسەکردن و ئەو سیستمەی تواناکانی دیالۆگ دەپارێزێت». (van Peperstraten, 38) لیوتار خۆشی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنێت و بەیاننامەی مافەکانی مرۆڤ ناو دەنێت «دەسەڵاتی جیاوازی و فرەڕەنگی». (هـ. س. پ.)

وەک دەبینین، لیوتار، فەیلەسوفی جیاوازییە، نەک فەیلەسوفێک دژ بە دیموکراسییەت و دەوڵەت و نەتەوە و کۆی ئەو تۆمەتە بێمانا و بێبناغانەی کاک بەختیار دەیانداتە پاڵی. بێگومان کەم فەیلەسوفی ڕاستەقینە و گرنگ هەیە ڕەخنەی تایبەتی لە سیستمی دیموکراسی ئەمڕۆکەی ڕۆژئاوا نەبێت، بەڵام ڕەخنەگرتن لە دیموکراسییەت و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کەموکورییەکانی ئەم سیستمە شتێکە و مەسەلەی ڕەتکردنەوە و باوەڕنەمان بە دیموکراسییەت شتێکی دیکەیە.

لەڕاستیدا برێکی گەورەی دیدی پۆست مۆدێرن بۆ جیهان و سیاسەت و دەوڵەت دیدی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری چەپە کە لەدەرەوەی دۆگم و ئەفسانەکانی مارکسیزمدا بەدوای مانای نوێدا دەگەڕێن. زۆربەی هەرەزۆری فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان بە ئەسڵ مارکسی بوون، بەڵام لەسەرێکەوە، ئەو قەیرانە گەورەیەی مارکسیزم لە هەفتاکاندا دووچاریدەبێت و لەسەرێکی دیکەشەوە، ئەو گۆڕانە گەوەرە گەورانەی بەسەر بنەما کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا دێت، وادەکات ژمارەیەکی زۆری ئەو فەیلەسوف و زانا کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرە گرنگانە باوەڕیان بە مارکسیزم نەمێنێت. باوەڕنەمان بە مارکسیزم لای ئەم نەوەیە لە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان هاوڕێیە بە هاتنە کایەی کۆمەڵێک گومانی گەورە دەربارەی ئەو لێکدانەوانەی مارکسیزم بۆ مێژوو و کۆمەڵگا و مژدە و ئەگەرەکانی گۆڕانی هەیە. کە باوەڕ بە مارکسیزم لەق بوو، دنیایەک هاتەکایەوە کە تێیدا وەڵام و چارەسەری ئامادە و گشتگیری تیا نەمابوو. ئەوەی لە دوای کەوتنی مارکسیزمەوە بەشێکی زۆری فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان بەرگری لێدەکەن، مەسەلەی نەتوانینی وەڵامدانەوەی هەموو پرسیارەکانە لەناو تێزێکی فەلسەفی دیاریکراودا. کۆتایی گشتگیری فیکری و گشتگیری ئایدیۆلۆژی و فەلسەفییە، لەم کەشە فەلسەفی و مەعریفییەدایە لیوتار و ئەوانیدیکە تێزەکانی پۆست مۆدێرنە بەرهەمدەهێنن. (هـ. س. پ.، ل ١٣)

خوێنەر وەک دەبینێت ئەم دیدە لیوتارییە بۆ سیاسەت دیدێکە تا سەر ئێسقان دیموکراسی و دژ بە تۆتالیتارییەت و هەیمەنەی یەک تێزی و یەک تیۆرەیی و یەک بۆچوونی و یەک ستراکتوری. ئەم دیدە نەک دژایەتیکردنی دیموکراسییەت ناکات، بەڵکو بەگژاچوونەوەی هەموو دیدێکە بیەوێت دیموکراسییەت پەکبخات، نەک

ڕەتکردنەوەی دەسەڵات نییە، بەڵکو هەڵگری پرۆژەی دابەشکردنی دەسەڵاتە بەسەر دەنگە جیاوازەکان و هەقیقەتە جیاوازەکاندا، نەک مێژوو ڕەتناکاتەوە بەڵکو بەرگری لەهەموو ئەو شێوازە مێژووییە جیاجیانە دەکات کە مێژوویەکی تۆتالیتێر دەیەوێت بێدەنگیانکات و مافی قسەکردنیان لێبسێنێتەوە، نەک پێشینە فەلسەفییەکان ڕەتناکاتەوە، بەڵکو بەردوامی ئەو هێڵە فەلسەفییەیە کە لە کانتەوە دەستپێدەکات.

ئێستا ئیتر دوای نیشاندانی ئەم هەموو نموونانە گەر کاک بەختیار هێشتا هەر سوورە لەسەر تۆمەتەکانی خۆی دەربارەی لیوتار و بۆدلیار و فۆکۆ و ئەوانیدی، با بفەرموێت و لەگەڵماندا سەرنج بداتە دیدی یەکێکی دی لە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان دەربارەی سیاسەت و مۆدێلە سیاسییەکان، تا لەوە دڵنیابێت کە هەرچییەکی لە بارەی ئەم ئاراستە فەلسەفییەوە ووتوە هەڵە و تۆمەت و بوختانە. مەبەستم لەو فەیلەسوفەش کە دەخوازم چەند سەرنجێک لەهەندێک لە تێڕوانینەکانی بدەین، (ریچارد ڕۆرتی)یە، کە ئەمرۆکە یەکێکە لە فەیلەسوفە گرنگەکانی ئەمریکا و لە جیهاندا وەک فەیلەسوفێکی پۆست مۆدێرن ناوبانگی دەرکردوە.

## 2.7 ـ ریچارد ڕۆرتی و سیاسەتی پۆست مۆدێرن

لەووتارێکدا بەناوی«ئایا پۆست مۆدێرنیزم بۆ سیاسەت باشە؟» ریچارد ڕۆرتی بەدرێژی باس لە پەیوەندی نێوان فیکری پۆست مۆدێرن و سیاسەت دەکات. ئەو پرسیارەی ڕۆرتی لەو ووتارەدا دەخوازێت وەڵامی بداتەوە ئەمەیە: ئایا پۆست مۆدێرنیزم بە کەڵکی سیاسەت دێت یان نا؟ خوێندنەوەیەکی گشتی ئەم ووتارەی ڕۆرتی ئەوەمان نیشانئەدات کە ئەم فەیلەسوفە ئەو پرسیارە بە بەڵێ وەڵامئەداتەوە. بۆ گەڵاڵەکردنی ئەم وەڵامەش ڕۆرتی لەو ووتارەدا دوو پرۆژە لەیەکدی جیادەکاتەوە: یەکەمیان پرۆژە سیاسییەکەی ڕۆشنگەرییە، دووهەمیان پرۆژە فەلسەفییەکەی ڕۆشنگەرییە. بەباوەڕی ڕۆرتی ئەم دوو پرۆژەیە لەیەکدی جیاوازن. یەکەمیان، واتە پرۆژە سیاسییەکەی ڕۆشنگەریی، هەوڵی بنیادنانی بەهەشت ئەدات لەسەر زەوی، یاخود هەوڵی هەرچی زیاتر گەورەکردنی ئازادی و هەرچی کەمکتردنەوەی بێنرخکردنی ئینسان ئەدات. لە کاتێکدا دووهەمیان، واتە پرۆژە فەلسەفییەکەی ڕۆشنگەریی، دەخوازێت چەمکی عەقڵ و چەمکی سروشت شوێن بە چەمکی خوداوەند چۆڵبکەن. (Rorty 1997: 9) لێرەوە ڕۆرتی ڕەخنەی فیکری پۆست مۆدێرن لە

پرۆژەی دووهـەمیـان، واتە لـە دڵنیایی حیکایەتە فـەلسـەفییـە گـەورەکانـی ڕۆشنگـەریی، دادەبڕێت لە ڕەخـنە لـە پرۆژەی یەکـەمیـان، واتـە ڕەخنە لـەو دەزگـا و دامـەزراو و پرۆژە سیاسییەی ڕۆشنگەری پێشنیـاریکردوە کـە کەم تا زۆر لە مێژووی ئەم سێ سـەدەیەی دوایدا پیادەکراوە.

بە بـاوەڕی ڕۆرتـی پرۆژەی یـەکەم، پـرۆژە سیـاسییـەکەی ڕۆشنگـەری، لە ئێستـاشـدا پـرۆژەیەکـی زینـدوە و ئینسـان تا ئـەم ڕۆکـەش لە هـەوڵێکی سـیاسـی بـەردەوامـدایە بـۆ کردنی زەوی بە بەهەشت، یان لانیکەم بۆ کـەمکردنەوەی بڕی ئەو ئازار و بەدڕەوشتی و خـراپـەکـارییـانـەی کـە دەشـێت دەرهـەق بە ئینسـان ئـەنجـامـبـدرێت. بـەڵام پـرۆژەی دووهـەمیان، پرۆژە فـەلسـەفییـەکەی ڕۆشنگەری، لە قـەیراندایە و خـودی ئەم قـەیرانەش پەیوەندی نییـە بە توانـا و چۆنیـەتی کارکردنی پرۆژە سیاسییـەکەی ڕۆشنگەرییـەوە. لێرەوە ڕەخنە لـە پرۆژە فـەلسـەفی وعەقـڵانییـەکەی ڕۆشنگـەری مـانای ئەوە نییـە پرۆژە سـیاسـییـەکـەی بەکـەڵک نـایەت و کـۆتـایـی پێـهـاتووە یـان تـووشـی ئیـفلیـجی بـووە، بەپێچـەوانەوە پرۆژە سیاسییـەکەی ڕۆشنگەری تـا ئەم ئەمڕۆ باشـترین و چالاکـترین پرۆژەیـەکی سـیاسـییـە مرۆڤـایـەتی بـیریلێکردبێتەوە و دایـهێنـابێت، ئەگـەرچی تێزە فـەلسـەفییـەکانی ڕۆشـنگـەری قـۆنـاغـەکانی پیـربوونـی خـۆی دەژی (هـ. س. پ ل٣٥).

ڕۆرتی لە درێژی ئەم بۆچوونەدا دەنوسێت: «ئەوەی ئەمڕۆ لە قەیراندایە فۆرم و خـەونە سیاسیەکانی ڕۆشنگەری نییە، بەڵکو پرۆژە فەلسەفییەکەیەتی». (هـ. س. پ. ل ٣٥)

بەڵام داخۆ دەرکـەوتـەکانی ئـەم قـەیرانـە فـەلسـەفییـەی ڕۆشنگـەری لـەچیدایـە؟ بە چ مـانایەک پرۆژە فـەلسـەفییەکەی ڕۆشنگەری لەقـەیراندایە؟ لـە وەڵامی ئەم پـرسیـارانـەدا ڕۆرتی بـاس لـەوە دەکـات کـە لـەڕووی فەلسـەفییـەوە فـەیلەسـوفـانی ڕۆشـنگـەری لەسـەر ڕێگای ڕاسـتبـوون، ئەوان هـەڵگری دیدێکی ڕەخـنەیی ڕاسـتەقیـنە بوون، بەڵام کێشـەکە لەوەدایە ڕۆشنگەرەکان تا دوا قۆناغی ئەم ڕێگا ڕەخنەییە نەڕۆشتن. بەڵام مەبەست لەم نەڕۆیشـتنە چییـە؟ ڕۆرتی لە وەڵامدا دەڵێت ڕۆشـنگـەرەکان لە ڕەخـنـەیاندا لەو جیـهانـەی تێیـدا دەژیـان خـودایان وەک مـوتڵـەقێک لابرد، بەڵام لـە شـوێنی خـودای لابـراودا دوو مـوتڵـەقی دیکـەیان دروسـتکرد: یـەکـەمیـان مـوتڵـەقی عـەقڵ و دووهـەمیـان مـوتڵـەقی سـروشـتە. بـە مـانایـەکی دیکـە ڕۆشنگـەرەکان لە ڕەوتـە فـەلسـەفییـە ڕەخنـەییـەکـەیانـدا موتڵەقێکیان کوشت، بەڵام لەباتی کۆتایهێنان بە فیکر و فەلسـەفەی موتڵەقگەرایی دوو مـوتڵـەقی دیکـەیان دروسـتکرد. خـوداوەنـدیان کـەنارگـیرکرد و عـەقڵ و سـروشـتیـان

لەهەمان شوێنی خوداوەند نیشتەجێکرد. بەمەش هەمان بونیادی فەلسەفی موتڵەقگەراییان درێژەپێدا و لە قسەکردنی موتڵەقەوە لەسەر ئاسمان گواستیانەوە بۆ قسەکردنی موتڵەق لەسەر زەوی. بە باوەڕی ڕۆرتی ئەوەی ئەمڕۆ پۆست مۆدێرنەکان خەریکی جێبەجێکردنین هەمان ئەو شتەیە کە کاتی خۆی ڕۆشنگەرەکان بەرامبەر بە خوداوەند جێبەجێیان کرد: لەناوبردنی دید و وێناکردنی موتڵەقگەرایی بەڵام لە پەیوەندیدا بەو دوو موتڵەقەوە کە ماونەتەوە، ئەمەش مانای ڕەخنەکردنی سروشت لەلایەکەوە و ڕەخنەکردنی ئینسان وەک هەڵگری مەعریفە و عەقڵ و هەقیقەت لەلایەکی دیکەوە. ڕۆرتی دەڵێت ئەوەی من و کەسانی وەک من خەریکی جێبەجێکردنین بریتییە لە بەرزکردنەوەی هەمان ئەو ڕەخنانەی ڕۆشنگەرەکان لە خودایان دەگرت، بەڵام ئەمجارە بەڕووی چەمکی عەقڵ و چەمکی سروشت و چەمکی هەقیقەتدا. (هـ. س. پ. ل ٣٥)

بە باوەڕی ڕۆرتی بنەما فەلسەفییەکانی ڕۆشنگەری کەتێیدا سروشت و عەقڵ بە موتڵەقکراون، تا ڕادیەکی زۆر وەک بنەمای «بان ـ ئینسانی» و «بان ـ مێژوویی» خۆیان نیشانئەدەن، وەک شتی دەرەوەی مێژوو و دەرەوەی ئینسان و دەرەوەی کۆمەڵگا. ڕەخنەکردنی ئەم بنەما بان ـ ئینسانی و بان ـ مێژووییانەش ڕێک وەک ڕەخنەی ڕۆشنگەرەکانە لە فیکری بەر لە خۆیان و لە بیرۆکەی خوداوەند کە بوونێکی بان ـ ئینسانی و بان ـ مێژوویی پێبەخشرابوو. بەم مانایە ڕەخنەگرتنی پۆست مۆدێرنەکان لە پرۆژە فەلسەفییەکەی ڕۆشنگەری بەهەمان ئەو ڕۆحییەتەی ڕۆشنگەری ئەنجامئەدرێت کە ڕەخنەی لە ساتەوەختی بەر لە خۆی و لە خوداوەند و گوتراوە جێگیرەکانی دیکە گرتووە. بەم مانایەش ستراتیژییەتە فەلسەفییەکەی فیکری پۆست مۆدێرن هەمان ستراتیژی فەلسەفی ڕۆشنگەرانە، بەڵام بابەتی ڕەخنەکردنەکانیان جیاوازن. ڕۆشنگەرەکان ڕەخنەیان لە موتڵەقبوونی فیکری ئایینی ئەنجامدا، پۆست مۆدێرنەکان ڕەخنە لە بە موتڵەقکردنی سروشت و بە موتڵەقکردنی ئینسان دەگرن. کەواتە فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان ئەو ڕەوتە فەلسەفییە تەواو دەکەن کە ڕۆشنگەرەکان دەستیانپێکرد. بەڵام ئەم ڕەخنە فەلسەفییە بەهیچجۆرێک مانای ئەوە نییە کە پرۆژە سیاسیەکەی ڕۆشنگەری وەستاوە، بە باوەڕی ڕۆرتی کاتێک دەتوانین باس لە وازهێنان لە پرۆژە سیاسیەکەی ڕۆشنگەری بکەین گەر هاتوو پرۆژە و مۆدێلێکی باشترمان هەبێت، بەڵام ئەمە واقیعی حاڵ نییە و پرۆژەی لە پرۆژەی سیاسی ڕۆشنگەری باشترمان لەبەردەستدا نییە. (هـ. س. پ.، ل ٣٦)

بەدیوی ئەودیویشدا قبووڵکردن و پاراستن و گەشەدان بە پرۆژە سیاسییەکەی ڕۆشنگەری مانای ئەوە نییە کە بنەما فەلسەفییەکانی قابیلی ڕەخنەکردن نین، بەباوەڕی ڕۆرتی مەرجنییە پرۆژە فەلسەفییەکان و پرۆژە سیاسییەکان پێکەوە گرێدراوبن و نەکرێت لێکیان جیاکەینەوە. بەر لە هەموو شتێک پرۆژە سیاسییەکان هەمیشە پرۆژەی درێژخایەنن، بەڵام پرۆژە فەلسەفییەکان پرۆژەی کورتخایەنترن، پێویستی خولقاندنی دوونیایەکی بێ توندوتیژی و ستەم و ئینساندۆست قووڵتر و درێژخایەنترە لە هەر پرۆژەیەکی فەلسەفی. (هـ. س. پ ل٣٨) بنیادنانی دنیایەک مرۆڤ تێیدا ناشیرینی و بێڕێزی و خراپەکاری بەرامبەر نەکرێت کاتێکی زۆر زیاتری دەوێت تا ئەوەی لە قوتابخانەیەکی فەلسەفییەوە بۆ قوتابخانەیەکی فەلسەفی دیکە بگوازینەوە، لەمەش گرنگتر گۆڕانی فەلسەفە و قوتابخانە فەلسەفییەکان مانای گۆڕانی سیاسەت و دەزگا و سیستەمە سیاسییەکان ناگەیەنێت، مەرجنییە فەلسەفەی نوێ هەمیشە مانای سیاسەتی نوێ بێت. کە فۆکۆ دەڵێت ئەبستیم و ژێرخانی مەعریفە لەپڕ و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەگۆڕێت، ئەمە مانای ئەوە نییە دەبێت ڕاستەوخۆ شێوەیەکی دیکەی سیاسەت لە دایکببێت. (هـ. س. پ. ل ٣٨) لەم چەند سەدەیەی دواییدا هەر لەناو سیستمی لیبرالیزم و دەزگاکانی لیبرالیزمدا چەندان گۆڕانکاری فەلسەفی گەورە گەورە دروستبوون، بەبێئەوەی ئەم گۆڕانە فەلسەفییانە مانای ڕەتکردنەوە و لابردنی ئەوسیستم و دەزگایانەبێت کە سیستمی لیبرالیزم دروستیکردون، یاخود مانای داهێنان و دروستکردنی دەزگای دیکەبێت. ڕۆرتی پێیوایە کاتێک کە دەڵێین سیستمی سۆسیال دیموکراسی، یان سیستمی دیموکراسی، لە سیستمی فاشیزم یان نازیزم باشترە لەبەر ئەوە نییە ئەوانەی یەکەمیان عەقڵانیتر یان سروشتیترن، نا، مەسەلەکە ئەوەیە ئەوانەی یەکەمین توندوتیژی و دڵڕەقییان کەمترە (هـ. س. پ ل٤٤). لێرەوە ئەو سیستەمەی کە سووکایەتی بە ئینسان ناکات و ڕێز بۆ ژیان دادەنێت، لە سیستەمەکانی دیکە باشترە، بەم مانایەشە کە سیستمی لیبرالی لە سیستەمە سیاسییەکانی دیکە باشترە. (هـ. س. پ.، ل ٤٤)

وەک ئاشکرایە ڕۆرتی لە نێوان پرۆژەی ڕۆشنگەری و فیکری پۆست مۆدێرندا بەردەوامی دەبینێت نەک دابڕان، هاوئاهەنگی پێشنیاردەکات نەک دژایەتی، ئەوەشی ئەم بەردەوامییە مەیسەر دەکات ئەویە هەردوو پرۆژەکە لەسەر بنەماکانی عەقڵانییەت

دامەزراون. لە دیدی ئەم فەیلەسوفەدا عەقڵانییەت مانای ئەوە نییە ئینسان تەسلیمی یاسایەک بێت لەدەرەوەی ئینسان خۆیدا، بۆ نموونە تەسلیمی ئەو یاسایانەی کە هەندێک فەلسەفە بە«یاسا بابەتییەکانی مێژوو» یان «یاساکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی» ناویدەبەن. عەقڵانیبوون مانای ئەوەی توانای دیالۆگمان تێدابێت لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ جیهانی دەوروبەرماندا، عەقڵ لەم بۆچوونەدا ئامرازێک نییە بۆ کەشفکردنی واقیع و دۆزینەوەی یاسا بابەتییە گریمانکراوەکان، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەنجامدانی دیالۆگ و گەیشتن بە بریاری کۆیی لەسەر بنەمای ڕێککەوتن. دەسەڵاتی عەقڵ لای ڕۆشنگەرێک لەوێوە هاتووە کە گوایە عەقڵ دەتوانێت واقیعمان بۆ کەشفبکات، بەڵام دەسەڵاتی عەقڵ لای ڕۆرتی لەوەدایە کە وادەکات گوێمان لەویدیبێت و بەهێمنی لەگەڵیدا لەسەر ماناکانی واقیع و جیهان و شتەکان ڕێبکەوین. ئێمە پێوستمانە و ناچارین لەسەر ماناکانی واقیع ڕێکەوین چونکە واقیع هەرگیز یەک مانای نییە و جیهان هەرگیز بۆ یەک پێناس و ڕوانینەکان بۆ یەک ڕوانین کووڕتناکرێتەوە. (تکایە خوێنەری بەڕێز ئەم بۆچوونانەی ڕۆرتی سەبارەت بە عەقلانیەت بە بۆچوونەکانی هابەرماس دەربارەی هەمان بابەت بەراوردکە کە لەلاپەڕەکانی پێشتردا باسمانکرد و سەرنجبدە چەند لەیەکدی نزیکن، کەچی کاک بەختیار کردونی بە دوژمنی یەکتری).

ڕۆرتی ئەڵێت ئێمە بە جیاکردنەوەی پرۆژە فەلسەفی و پرۆژەی سیاسییەکەی ڕۆشنگەری لە یەکدی دەکەوینە بەردەم دۆخێکی نوێوە، دۆخێک لەباتی ئەوەی تێیدا یەک حیکایەتمان هەبێت دەربارەی ئازادی و پێشکەوتنی ئینسانی، دوو حیکایەتمان دەبێت (هـ. س. پ ل ٣٨) حیکایەتی یەکەمیان حیکایەتێکی سیاسییە، حیکایەتی ئەو پێشکەوتنەیە کە ئێمەی گەیاندۆتە ئەو ئاستەی لەمڕۆدا کۆمەڵگایەکی ماقوڵ دروستکەین کە تێیدا دەزگاکان بێحورمەتی بەرامبەر بە ئینسان نەکەن. بەڵام لەپاڵ ئەم حیکایەتە سیاسییەدا پێویستمان بە حیکایەتێکی فەلسەفیش هەیە سەبارەت بە ئازادی، حیکایەتێک سەبارەت بە پێشکەوتن و گەشەکردن ڕووە و بەرهەمهێنانی جیهانبینییەکی ڕازیکەر و ئیلهامبەخش. (هـ. س. پ ل ٣٨) ئەم دوو حیکایەتەش لەیەکجیاوازن.

حیکایەتی ئەوەی خەڵک چۆن ژیانی خۆیان لە شێوازە جیاوازەکانی بێحورمەتیکردن بەرامبەر بە ئینسان پاککردۆتەوە، جیاوازە لە حیکایەتی ئەوەی

فەیلەسوفان چۆن کولتووری مەزنیان لە ژێردەستی ئەو بیروبۆچوونانە دەرهێنا کە سەر بە کولتوور و ڕۆژگارە سەرەتاییەکان بوون. بە مانایەکی دیکە خەباتی سیاسی بۆ باشترکردن و جوانترکردنی هەلومەرجی ژیانی ئینسان جیاوازە لەو خەباتە فەلسەفییەی بەهۆیەوە کولتوورێکی نوێ بەرهەمهاتووە. بۆیە تەواوکردنی ئەم دوو حیکایەتەش مەرج نییە شانبەشانی یەکبن و بەهەمان خێرایی بڕۆن و وەک یەک هەنگاو بنێن (هـ. س. پ.، ل ٣٩).

بەکورتی، لە دیدی ئەم فەیلەسوفەدا ڕەخنەی فیکری پۆست مۆدێرن لە حیکایەتە فەلسەفییەکانی ڕۆشنگەری هەرگیز بەو مانایە نییە کە بیری پۆست مۆدێرن دژ بە سیستمی سیاسی دیموکراسییە، سیستمێک چەند سەدەیە مرۆڤایەتی خشت لەسەر خشت و قوربانی دوای قوربانی بینای دەکات. بەڵام زیندوویی پرۆژە سیاسییەکەی ڕۆشنگەری مانای زیندویی پرۆژە فەلسەفییەکەی نییە. لەمەش بترازێت زیندوویی پرۆژە سیاسییەکەی ڕۆشنگەری لەمڕۆدا مانای ئەوە نییە ئیدی هەرگیز هەلی گەڕاندنەوەی مۆتەکەی سیاسی و گەڕاندنەوەی شێوازە بێحورمەتەکانی دەسەڵات لەئارادا نییە.

بە باوەڕی ڕۆرتی پرۆژەی سیاسی ڕۆشنگەری لەمڕۆدا، دوای کەوتنی نازیزم و مارکسیزم کە هەردووکیان دوو «خەون»ی گەورەی گۆڕانی خێرا و سەرتاسەری جیهان بوون، ڕێگای زیاتر لەبەردەمدا بۆخۆشبووە بۆ پیادەکردنی ئەو دیدە سیاسیە لیبراڵە کە داوای ئەوە دەکات گۆڕانەکان لەسەرخۆ و قۆناغ بە قۆناغ و هەنگاو دوای هەنگاو پیادەبکرێن و بەڕێوەببرێن. ئەم پرۆژە لیبراڵەش پرۆژەیەکە دژ بە دیکتاتۆرییەت و دەسەڵاتگەرایی. بەڵام ئەگەری گەڕاندنەوەی شێوازی نادیموکراسییانەی دەسەڵات ئەگەرێکی ئامادەیە، تەنها ڕەخنەکردنی عەقڵ و سروشت و هەقیقەتیش بەس نین بۆئەوەی ڕێ بەگەڕانەوەی فۆرمە ترسناکەکانی دەسەڵات بگیرێت، ڕەخنەگرتن لەم چەمکانە مانای ئەوەنییە پرۆژەی دژ بە دەسەڵاتگەرایی و دیکاتۆرییەت و تۆتالیتاریزم دەوەستێت. ڕۆرتی دەڵێت ئەم دوو پرۆژەیە لە یەکدی جیاوازن. لێرەوە ڕەخنەی فەلسەفی لە ڕۆشنگەری دەبێت هاوشانبێت بە ڕەخنە لەو مەیلانەی دەسەڵات کە روویان لە دەسەڵاتگەراییە. (هـ. س. پ. ل ٣٦)

ئەگەر ئەمە بۆچوونی گرنگترین فەیلەسوفی پۆست مۆدێرنی ئەمریکیبێت بەرامبەر بە دیموکراسییەت و سیاسەت و ڕۆشنگەری، ئیدی خوێنەر سەری لەوە سوڕدەمێنێت

کاک بەختیار ئەو هەموو تۆمەت و بوختان و سەفسەتە فیکری و سیاسی و نامەعریفییانەی لەکوێوە هێناوە و داویەتییە پاڵ فیکر و فەیلەسوفانی پۆست مۆدێرن و چۆن جورئەتی کردوە لە بابەتێک بدوێت کە سەرەتای سەرەتاکانی نازانێت.

## 3.7 ـ زیگمۆند باومان و سیاسەت

لە پەیوەندیدا بە سیاسەتەوە فەیلەسوفێکی دیکەی فیکری پۆست مۆدێرن، زیگمۆند باومان، بەم شێوەیە باس لە سیاسەت و کاری سیاسی دەکات. بەبۆچوونی باومان سیاسەت لە قۆناغی مۆدێرنەدا هەمیشە بەناوی بابەت یان مەسەلەیەکی «سەرەکییەوە» قسەیکردوە، ئەم مەسەلە سەرەکییەش هەمیشە مەسەلەیەک بووە کۆمەڵگای دابەشکردوە بۆ دوو بەرەی دژ بەیەک: ئەوەی لەگەڵ ئەو مەسەلەیەدایە و ئەوەی دژ بەو مەسەلەیەیە. (Beiharz, 2000: 26) بەبۆچوونی باومان ئەمڕۆ ئیدی ئەو ململانێ دوولایەنە گەورەیە بوونی نەماوە، ئەمڕۆ لەباتی ململانێی دوولایەنەی گەورە ململانێی جیاواز و هەمە چەشن لە ئارادایە (هـ. س. پ. ل ٢٦). ئەمەش وادەکات سیاسەت ببێتە چالاکییەکی کۆمەڵایەتی کە بەسەر کۆی بەشە و ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و خودی کۆمەڵگادا بڵاوبێتەوە. لەم ڕووەوە هەیە بۆ ژینگە شەڕ دەکات، هەیە بۆ مەسەلەی بەرگری لە ئافرەتانی کرێکارە کۆچکردوەکان خەباتدەکات، سێهەم سەرقاڵی چاککردنی هەلومەرجی منداڵانە، چوارەم بەرگری لە بێکاران و پیران دەکات، پێنجەم خەریکی کارکردنە بۆ ناچارکردنی دەوڵەت بۆ ئەوەی سەرۆکی شارەوانییەکان بە هەڵبژاردن دەستنیشانکرێن، شەشەم هەوڵی ئەوە ئەدات کەرتی گشتی ئابووری نەفرۆشرێت، حەوتەم خەبات بۆ چاککردنی هەلومەرجی خوێندن دەکات، هەشتەم داوای ڕیفراندۆمی بەردەوام دەکات، نۆیەم بەرگری لە پەناهەندە دەکات، دەیەم داوای باشبوونی هەلومەرجی زیندانیان دەکات، یازدەهەم داوای دیموکراسیکردنی هەلومەرجی خوێندن دەکات ... هتد. بەم مانایە سیاسەت چیدی بەناوی پرۆلیتاریا دژ بە بۆرژوازی، کۆمۆنیزم دژ بە سەرمایەداری کارناکات، سیاسەت لەم دیدەدا وردەکرێتەوە بۆ کۆی ئەو کێشە و گرفتە لۆکاڵی و گرنگانەی لە هەناوی هەر کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا ئامادەیە. من لەو بەشەدا کە باس لە دەسەڵات و دەسەڵاتی لۆکاڵی لای میشێل فۆکۆ دەکەم بۆ ئەم بابەتە دەگەڕێمەوە و ئەم دیدە لە پەیوەندیدا بە چۆنیەتی جێبەجێکردنی کاری سیاسییەوە لە کوردستاندا لێکدەدەمەوە.

## 8 ـ ئایا پۆست مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنەیە؟

### 1.8 ـ لیوتار و پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە

ئێمە ووتمان لیوتار باوەڕی وایە مۆدێرنە بەشێوەیەک دنیای ئاڵۆزکردوە چیدی ناکرێت تاقە ستراکتورێک هەموو شتەکان بەیەکەوە گرێبدات، تاقە تیورەیەک هەموو ڕەهەندە جیاجیاکانی جیهان ڕاڤەبکات و تاقە لۆژیکێکیش هەموو کایەکان بەڕێوە ببات. دنیا لە دیدی لیوتاردا دنیایەکی ئاڵۆزە و ئەم ئاڵۆزیەشە وادەکات «حیکایەتە گەورەکان»ی مۆدێرنە، کە حیکایەتی بوونی دنیایەکە بە یەک لۆژیک و یەک ستراکتوور و یەک ئاراستە و یەک سیستەمەوە، پەکیان بکەوێت. لەڕاستیدا هەر خودی ئەم ئاڵۆزییەیە وادەکات لیوتار سەردەمانی مۆدێرنە و سەردەمانی پۆست مۆدێرنە لەیەکدی جیابکاتەوە، لەم جیاکاریەشدا لیوتار پۆست مۆدێرنە وەک مۆدێرنەیەکی ئاڵۆز دەبینێت، مۆدێرنەیەک کە سێ سەدە گەشەکردن و گۆڕان و ئاڵۆزی لەدوای خۆیەوە بەجێهێشتوە. بەڵام ئایا ئەم جیاکردنەوەیە چ مانایەکی هەیە، چ پەیوەندییەک لە نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە پێشنیاردەکات، ئایا ئەم مەسەلەیە، وەک کاک بەختیار دەڵێت، مەسەلەی ڕەتکردنەوەی مۆدێرنەیە یان ئەمە بەسەهوداچوونێکی گەورەیە و بەرهەمی ئەو سیستەمە سادەیەی پۆلێنکردنە لای کاک بەختیار کە بستێک ئەمدیوی سیستمی پۆلینکردنی ئایینی نەهاتووە؟

تەواو بەپێچەوانەی تێگەیشتنی کاک مەلا بەختیارەوە، لیوتار پێیوایە پۆست مۆدێرنە، قۆناغی دوای مۆدێرنە یان کۆتایی مۆدێرنە یان ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە نییە، بەڵکو سەردەمی هاتنەکایە و پەیدابوونی پەیوەندییەکی نوێیە بە مۆدێرنە خۆیەوە (de Costa, 1989: 30). قۆناغی پۆست مۆدێرنە ئەو قۆناغە نییە کە دوای مۆدێرنە دێت بۆ ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە، پاشگری پۆست، کە بەمانای دواتر دێت، پاشگرێک نییە، لە ئاستە فەلسەفییەکەیدا، باس لە بەدواییەکداهاتنێکی زەمەنی بکات، بەڵکو پاشگرێکە هێما بۆ پەیوەندییەکی دیاریکراو دەکات لەنێوان دوو قۆناغی تایبەتی بیرکردنەوە و وێناکردن و ڕاڤەکردنی جیهان و مەعریفەدا. هەلومەرجی پۆست مۆدێرن هەلومەرجێک نییە لەدەرەوەی مۆدێرنە خۆیدا، بەڵکو ئەو هەلومەرجەیە کە تێیدا مۆدێرنە پەیوەندییەکی نوێ لەگەڵ خۆیدا پەیدادەکات، پەیوەندییەک کە ئاڵۆزییەکانی جیهان و فیکر و مەعریفەی لەبەرچاوە و لەدەرەوەی وەهم و حیکایەتە گەورە و مژدە ئایدیۆلۆژیی و خەونە گشتیگرەکانی مۆدێرنەدا دەدوێت. پۆست مۆدێرنە، لەدیدی

لیوتاردا، خودی مۆدێرنەیە، بەڵام مۆدێرنەیەکە بەشێوەیەکی جیاواز لە خۆی دەڕوانێت، بەشێوەیەکی دیکە وێنای فیکر و مژدە و حیکایەتەکانی خۆی دەکات. ئەم مۆدێرنە تازەیە، کە لیوتار ناوی پۆست مۆدێرنەی لێدەنێت، ئەو مۆدێرنەیە نییە کە تێیدا حیکایەتێک لە حیکایەتە گەورەکان لەباتی هەمووان و بۆ هەمووان و بەناوی هەمووانەوە بدوێت، حیکایەتێک ئەو مافە بەخۆیبدات هەموو جیهان و ڕابووردو و ئێستا و ئایندەمان بۆلێکبداتەوە، بە هەمووان هەمان لۆژیک و هەمان مژدە و هەمان چاوەڕوانیبدات. بەپێچەوانەوە ئەم مۆدێرنە تازەیە، مۆدێرنەیەکە مەودای قسەکردن بە هەموو ئەو شتانە ئەبەخشێت کە تێگەیشتنی بەر لە پۆست مۆدێرنی مۆدێرنە بێدەنگی کردبوون و کردبوونی بەژێر جەبر و کێش و قورسایی ستراکتورەکانییەوە. لەم ڕووەوە لیوتار دەڵێت: «پۆست مۆدێرنە بریتیی نییە لە مۆدێرنەیەک لە دواهەمین قۆناغەکانی ژیانیدا، بەڵکو بریتییە لە مۆدێرنەیەک لە بێشکەدایە و هەرگیز لەو بێشکەیەش نایەتەدەرەوە.» (Lyotard, 1987: 25) مەبەستی لیوتار لە دەستەواژەی «مۆدێرنەیەک لەبێشکەدا»، ئەو شێوازەی مۆدێرنەیە کە قورسایی حیکایەتە گەورەکان ستراکتورەکانی فیکر و لۆژیک و مێژووی پیرنەکردوە، هەمووییان لە قۆناغی تەماشاکردنێکی نوێ و پڕ جوڵەدان بۆ جیهان و کۆمەڵگا و مرۆڤ و فیکر و هونەر.«مۆدێرنە لە بێشکەدا» مۆدێرنەیە کە بەچاوی منداڵییەوە لە جیهان ڕادەمێنێ و ئەو ڕۆحی پرسیار و گومان و بێباوەڕییە دەپارێزێت کە بەر لە دروستبوونی ستراکتور و جەبری حیکایەتە گەورەکان لە هەناوی مۆدێرنە خۆیدا ئامادەیە. لیوتار ئەم دیدە بۆ پۆست مۆدێرنە و بۆ پەیوەندی مۆدێرنەوە بە پۆست مۆدێرنە لەهەمان تێکستدا ڕادیکاڵتر دەکاتەوە دەنوسێت:«شتێک کاتێک دەتوانێت مۆدێرن بێت، کە پێشوەخت پۆست مۆدێرن بووێت». (Lyotard, 1987: 25) ئەمەش مانای ئەوەی مۆدێرن بوونی ڕاستەقینە مانای ڕووتبوونەوەیە لە تەماحە تۆتالیتاری و گشتگیرەکان، داماڵینی بەربەریەتی تەکنیکی و سیاسی و ئابوورییە لە جیهان کە دەشێت مۆدێرنە هەم خۆی و هەم هەموو جیهانی پێوێرانکات. بە پۆستمۆدێرنکردنی مۆدێرنە مانای ئەوە نییە، ئێمە لە قۆناغی پیشەسازییەوە بۆ قوناغی دوای پیشەسازی، یان وەک کاک بەختیار دەڵێت لەم«دیوی شاخەکەوە» بۆ«ئەویدیوی شاخەکە» پەڕیووینەتەوە. بەپێچەوانەوە بە پۆست مۆدێرنکردنی مۆدێرنە مانای بەرهەمهێنانی مۆدێرنەیەک ووشیار بە خۆی، ووشیار بە ئەگەرە جوان و دزێوەکانی، بەوەی کە دەشێت ببێتە هێزێکی وێرانکەر و بەوەش کە دەشێت هێزێکبێت هەموو شتێک کە قابیلی

جوانکردبێت، جوانکات. پۆست مۆدێرن بوون بەم مانایە سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی مۆدێرنەیە، سەر لەنوێ پیاچوونەوەی گریمانە و لۆژیک و پێدراوەکانی مۆدێرنەیە، بارگاویکردنی مۆدێرنەیە بە ووشیاریەکی نوێ کە بەرهەمی دوای مەرگی حیکایەتە گەورەکانە، دروستکردنی ووشیارییەکی ئاڵۆزە کە لەتوانایدایە جیهان لە ئاڵۆزی و پێکداچوون و جیاوازبوونیدا ببینێت، لەوە تێبگات کە هیچ تێز و تیورەیەکی مۆدێرن و هیچ یەکێک لە حیکایەتە ئایدیۆلۆژیە گەورەکانی مۆدێرنە ناتوانێت هەموو نهێنیەکانیمان پێبڵێت. پۆست مۆدێرنە بریتییە لە پاککردنەوەی مۆدێرنە لە گوناهەکانی، مۆدێرنەی ڕاستەقینەش مۆدێرنەیەکە داماڵراو لە گوناه و ئەگەری گونهاکردن.

بۆ کەسێک ئامادەبێت لانیکەمی شتەکان تێبگات، دەزانێت ئەم بۆچوونەی لیوتار یانی چی، دەبینێت لیوتار چۆن مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە بە توندی بەیەکدییەوە گرێدەدات. بەڵام سەرباقی ئەم ڕاستییانە، کاک بەختیار سەبارەت بەوەی کە لیوتار دەڵێت پۆستمۆدێرنە خودی مۆدێرنەیە لە سەرەتاکانیدا، یان مۆدێرنەیە لە بێشکەدا، دەنوسێت: «ئەم گوتەیە قوڵتر ڕەتکردنەوەی مۆدێرنێتەیە نەک سەلماندنی». (ل ٣٣١) هەر لێرەدا کاک بەختیار نەسیحەتی لیوتار دەکات و پێیدەڵێت: «پێویستە زۆر قوڵ بڕوانێتە چەمکی پۆست مۆدێرنێتە». (ل ٣٣١) بەڕاستی سەیرە، لیوتار خۆی بە باوکی فەلسەفەی «پۆست مۆدێرنێتە» دانراوە، خۆی داهێنەری ئەم چەمکەیە لە فەلسەفەدا، چەندان کتێبی لەسەر ڕوونکردنەوەی ماناکانی ئەم چەمکە نووسیوە، کەچی کاک بەختیار، کە زانیاری فەلسەفی لەنزمترین ئاستدایە، نەسیحەتی ئەم فەیلەسوفە دەکات و پێیدەڵێت دەبێت «قووڵ» بڕوانێتە ماناکانی چەمکی «پۆست مۆدێرنێتە» کە خۆی لە فەلسەفەدا داهێنەریێتی. باواز لەم هەڵوێستە عەجایبە بهێنین و تەماشاکەین کاک بەختیار چۆن و بە چ شێوەیەک دەیسەلمێنێت ئەم دیدەی لیوتار ڕەتکردنەوەی «قوڵتر»ی مۆدێرنەیە و چۆن دەیسەلمێنێت ئەم فەیلەسوفە قووڵ لەم چەمکە ڕانەماوە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بەڕێزی بەم ڕستە ئینشاییە دەستپێدەکات کە خاڵییە لەهەر مانا و لێکدانەوە و ڕاڤەکردن و ئەرگومێنتێک، کاک بەختیار دەنوسێت: لیوتار «گومان دەخاتە ناو خودی مۆدێرنێتە و لە ناو ژانی گومانەکەوە، چەکەرە بە فەلسەفەکەی خۆی دەکا». (ل ٣٣١) جارێ یەکێک لە کارەکتەرە هەرە سەرەکییەکانی مۆدێرنە گومانکردنە، ئەقڵی مۆدێرن ئەقڵێکی گومانکەرە و گومانەکانیشی لە چەندان ئاستی جیاجیادا بەرجەستەدەبێت، ئیدی چۆن لیوتار گومان دەخاتە ناو خودی «مۆدێرنیتەوە» کە خۆی

لە بنەڕەتدا یەکێک لە کاراکتەرە گرنگەکانی مۆدێرنەیە. سەبارەت بەو پەیوەندییەی مۆدێرنە بە گومانەوە دەبەستێتەوە ، (دیلانتی) دەنووسێت «مۆدێرنە بریتییە لە پرۆژەیەک تێیدا گومانی گەورە گەورە هاتەکایەوە، گومان دەربارەی مەودا و ڕەهەندە هەرەگرنگەکانی ئەزموون و خیبرەی ئینسانی لە بوارەکانی: مەعریفە و دەسەڵات و تێگەیشتندا بۆ خود». (Delanty, 2000: 1)

وەک دەبینین مۆدێرنە بەناوەرۆک بریتییە لە لەدایکبوونی وشیارییەکی گومانکەر لە مەعریفە، لە دەسەڵات و لە تێگیشتنی ئینسان بۆ خودی خۆی، سیفەتی هەرەسەرکی ئەم گومانکارییەش لە ڕەخنەییبوونی ئەم ووشیارییەدا بەرجەستەیە. لەم ڕووەوە بۆچوونەکانی کانت دەربارەی ڕۆشنگەری و ڕۆشنگەربوون شتی زۆرمان پێدەڵێن و ئەوەمان نیشانئەدەن کە ڕەخنەگەربوونی ووشیاری مۆدێرن سیفەتی هەرە سەرەکی ڕۆشنگەرییە.

کانت ڕۆشنگەری وەک شێوازێکی تایبەتی تێگەیشتن و ڕۆشنگەری وەک قۆناغێکی دیاریکراو لەیەکدی جیادەکاتەوە. کانت دەڵێ ئێمە لە سەردەمێکی ڕۆشنگەردا ناژین، بەڵکو لە قۆناغی ڕۆشنگەریدا دەژین. ئەو ڕۆژگارەی ئێمە تێیدا دەژین ڕۆژگارێکی ڕۆشنگەر نییە و دیدی ڕۆشنگەری دیدی بالادەست نییە، بەلام ڕۆشنگەری وەک قوتابخانەیەکی فیکری، وەک هەوڵ و کۆششی کۆمەڵێک فەیلەسوف و زانا ئامادەیە (هـ. س. پ.، ل ١١). کانت لە ساڵی ١٧٨٤ دا باس لەوە دەکات کە مرۆڤ هێشتا زۆری ماوە بتوانێت عەقڵی خۆی بەشێوەیەکی هەمەلایەن و ڕاستەقینە لە مەسەلە ئاینییەکاندا بەکاربهێنێت، بەبێئەوەی پێویستی بە چاوساغیی یەکێکی دیکەبێت. بەلای کانتەوە ڕۆشنگەری شێوەیەکی دیاریکراوی بیرکردنەوەیە و ئەم شێوە بیرکردنەوەیەش بە ڕۆحی مۆدێرنە یەکسان دەکات. (هـ. س. پ ل١١) ئەم ڕۆحەش لە دووشتدا بەرجەستەیە یەکەمیان توانای بەکارهێنانی سەربەخۆی عەقڵە بەبێ گەڕاندنەوە بۆ ئەو چاو ساغانەی بەناوی هەقیقەتەوە ئەدوێن. دووهەمیان بوونی جورئەت و ئازایەتییە بۆ بەکارهێنانی عەقڵ بە سەربەخۆیی. لێرەوە دروشمی سەرەکی ڕۆشنگەری بریتییە لە «چاوقایم بەو بوێرە عەقڵی خۆت بەسەربەخۆیی بەکاربهێنە». (هـ. س. پ.) کانت لەساڵی ١٧٨١دا داوای دروستکردنی دادگایەک دەکات کە بە دادگای ڕەخنەگرتن ناویدەبات، کانت دەنوسێت:«سەردەمی ئێمە، بەشێوەیەکی تایبەت،

سەردەمی ڕەخنەگرتنە، هەمووشتێک دەبێت قابیلی ڕەخنەلێگرتن بێت». (هـ. س. پ. ل١٢) دیلانتی دەربارەی ئەم بۆچوونەی کانت سەبارەت بە ڕەخنە دەنووسێت: «کانت یەکەمین فەیلەسوفی گەورەیە کە فیکرەی ڕەخنە دادەڕێژێت. ڕەخنە لای ئەو دانانە بەو ڕاستییەدا کە تواناکانی مەعریفە سنووردارن، نەک قیژەقیژکردن دەربارەی ئەوەی گوایە مەعریفە سنووری نییە و ڕەهایە» (هـ. س. پ.). کانت زۆر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە عەقڵ سنوورێکی دیاریکراوی هەیە و مەترسی گەورەش لەوەدایە لافی زانینی هەموو شتێک لێبدات (هـ. س. پ ل١٢). بەم مانایە یەکێک لە سیفەتە هەرە گرنگەکانی ووشیاری مۆدێرن گومانکردنە لە تواناکانی عەقڵ لە گەیشتن بە هەموو هەقیقەتەکان و گەیشتن بەوەش کە دەشێت بە هەقیقەتی موتڵەق ناوببرێت. ئەم گومانکردنەیە کانت دەیکاتە بناغەی ڕەخنە و پرۆژەی ڕەخنەگرتن کە یەکێکە لە کۆڵەکە هەرە سەرەکیەکانی ڕۆشنگەری و لەوێشەوە مۆدێرنە. (هـ. س. پ.، ل ١٢)

وەک دەبینین ووشایاری مۆدێرن و پرۆژەی مۆدێرنە خۆیان لێوان لێوان لە گومان، گومانکردن یەکێکە لە سیفەتە هەرە سەرەکییەکانی مۆدێرنە و مۆدێرن بوون. بۆیە ئەو قسانەی کاک بەختیار کە دەڵێت، گوایە لیوتار گومانی خستۆتە ناو مۆدێرنێتەوە و بەم کارەشی«چەکەرەی !!!» پۆست مۆدێرنەی لە ناو «ژانی گومانەکانەوە!!!!» دەرهێناوە، جگە لە ئینشانووسیەکی بێناوەرۆک و بەدحاڵیبوونێکی ترسناک بەرامبەر بە مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە شتێکی دیکە نین. یەکێک نەزانێت ووشیاری مۆدێرن و پرۆژەی مۆدێرنە ووشیاری و پرۆژەیەکی گومانکەرن و پێیوابێت لیوتار هاتووە و ئەم گومانەی خستۆتە ناو ئەم پرۆژەیەوە پێویستی بەوەیە وانەی سەرەتایی لە فەلسەفە و فیکری فەلسەفیدا وەربگرێت، نەک نەسیحەتی لیوتار بکات و پێیبڵێت دەبێت «زۆر قووڵ» بڕوانێتە چەمکی «پۆست مۆدێرنێتە».

وەک ووتمان لیوتار زۆر بە ئاشکرایی جەغد لەوەدەکات شتێک کاتێک دەبێتە مۆدێرن کە پێشوەخت پۆست مۆدێرن بێت و بەم بۆچوونەش مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە بە شێوەیەکی ئۆرگانی و پتەو و هەمەلایەن بەیەکەوە گرێدەدات، کەچی کاک بەختیار دەڵێت نەخێر، ئیلا و بیلا، پۆست مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنەیە و لیوتار درۆدەکات. لە لاپەڕەکانی پێشودا ناڕاستی ئەم دیدەی کاک بەختیارمان نیشاندا، با ئێستا سەرنجبدەینە ئەو وێکچوونەی بەڕێزی لەنێوان پەیوەندی سەرمایەداری و

سۆسیالیزمەوە لای مارکس و پەیوەندی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەوە لای لیوتار، دروستیدەکات. کاک بەختیار ڕای وایە پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە لای لیوتار وەک پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم وایە لە فیکری مارکسدا، مادامەکی سۆسیالیزم لەسەر ڕەتکردنەوەی سەرمایەداری دروستدەبێت کەواتە پۆست مۆدێرنەش لەسەر ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە دروستدەبێت. (بڕوانە ل ٣٣٢)

ئەم لێکچوواندنە کە کاک بەختیار لە نێوان پەیوەندی نێوان سەرمایەداری و سۆسیالیزم و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا دروستیدەکات، سەرلەبەر هەڵەیە و ئەو ڕاستییەمان نیشانئەدات کە بەڕێزی نازنێت باسی چی و چ مەسەلەیەک دەکات. ئەو بۆچوونەی لیوتار کە دەڵێت شتێک بۆ ئەوەی مۆدێرنبێت دەبێت پێشوەخت پۆست مۆدێرن بێت، بەئاشکرا نیشانمانئەدات کە پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە مەسەلەیەکی زەمەنی نییە، واتە پەیوەندی نێوان دوو قۆناغی زەمەنی نییە کە هاتنەکایەی یەکێکیان مانای کۆتاییهاتنی ئەویدیکەیان بێت، گەر ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی زەمەنی بوایە نەدەکرا بڵێین شتێک کاتێک مۆدێرنە کە پێشتر پۆست مۆدێرن بێت. چونکە لێرەدا پۆست مۆدێرن بوون دەکەوێتە پێش مۆدێرن بوونەوە. ئەمەش هەموو مناڵێک جەدوەلی زەربی لەبەربێت و کەمترین حیساباتی لۆژیکی ئەنجامدات، دەزانێت ڕاستنییە.

جگە لەمەش چەمکەکانی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە زۆر بەرفراوانترن لە چەمکەکانی سەرمایەداری و سۆسیالیزم. سەرمایەداری و سۆسیالیزم پێکهاتی ئابووری و کۆمەڵایەتین، مۆدێلی تایبەتی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و ئابووری و سیاسەتن، بەڵام مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە پێکهاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی تایبەت و مۆدێلی سیاسی تایبەت نین، بەڵکو ئەو چوارچێوە مێژووییە بەرفراوانانەن کە دەشێت زیاد لە پێکهاتێکی ئابووری و زیاد لە پێکهاتێکی کۆمەڵایەتی و زیاد لە مۆدێلێکی سیاسییان تێدا ئامادەبێت. مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە هەلومەرجی مێژوویی بەرفراوانن، قۆناغی گەورەن، سەردەمانی تایبەتن کە چەندەها شتی ناکۆک و دژ بەیەکیان تێدایە. هەم سۆسیالیزم و هەم سەرمایەداری، وەک دوو پێکهاتی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەیەک ناکۆک و وەک دوو مۆدێلی جیاوازی ڕێکخستن و کاری سیاسی، نیشتەجێی ناو قۆناغی مۆدێرنە خۆین، بەشێکن لە ئەگەرەکانی ناو مۆدێرنە و لە فۆرمی جیاوازی

دەوڵەت و سیاسەت و کولتووردا دەردەکەون. بەهەمان مانا هەم سەرمایەداری و هەم سۆسیالیزمیش بەشێکن لە ئەگەرەکانی ناو سەردەمی پۆست مۆدێرنە، ئەمڕۆ ژمارەی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی لە ئەورووپای قۆناغی پۆست مۆدێرندا باوەڕیان بە سۆسیالیزم هەیە کەمتر نین لە ژمارەی ئەو هێزانەی لە سەردەمانی مارکسدا باوەڕیان پێبووە، بەڵام باوەڕێک بە شێوە و ناوەڕۆکێکی تەواو جیاوازەوە لەوەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئارادابووە.

لە فیکری مارکسدا سەرمایەداری و سۆسیالیزم شێوازی جیاوازی ڕێکخستنی کۆمەڵگا و ئابووری و سیاسەت و کولتوورن، دژ بەیەکن و ئەمیان ئەویدییان نەفیدەکات، بەڵام هەردووکیان بەشێکن لە پرۆژەی مۆدێرنە و لەناو پرۆژەی مۆدێرنەدا ئامادەن، هەم سەرمایەداری و هەم سۆسیالیزم بەشێکن لەو ئەگەرە مێژووییانەی مۆدێرنە لە هەناوی خۆیدا هەڵیگرتوون. بە هەمان شێوەش هەم سەرمایەداری و هەم سۆسیالیزم بەشێکن لە ئەگەرەکانی ناو سەردەمانی پۆست مۆدێرنە، بەم مانایە سۆسیالیزم و سەرمایەداری دوو ڕوخسارن لە ڕوخسارە جیاوازەکانی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە پێکەوە. ئەمڕۆ ڕۆژئاوای پۆست مۆدێرن ڕۆژئاوایەکی سەرمایەدارییانەیە، وەکچۆن ڕۆژئاوای مۆدێرنیش ڕۆژئاوایەکی سەرمایەداری بوو، سۆسیالیزمیش چەند ئەگەرێک لە ئەگەرەکانی ناو ڕۆژئاوای مۆدێرن بووە، ئەمڕۆ بەهەمانئەندازە ئەگەرێکە لە ئەگەرەکانی ناو ڕۆژئاوای پۆست مۆدێرنیشە. بە کورتی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە، پێکهاتی ئابووری کۆمەڵایەتی دژ بەیەک نین، بەڵکو چوارچێوەی مێژووین، جیاوازی نێوان چوارچێوەی مۆدێرنە و چوارچێوەی پۆست مۆدێرنە لەوەدا نییە کە یەکەمیان دووهەمیان نەفیدەکات، بەپێچەوانەوە ئەم جیاوازییە لە بڕی ئاڵۆزی و بڕی ئەو جیاوازییانەدایە کە هەریەکێکیان بەرهەمی دەهێنێت. قۆناغی پۆست مۆدێرنە هەمان قۆناغی مۆدێرنەیە، بەڵام بە ئاڵۆزییەکی زۆرتر و هەمەلایەنتر و بەرفراوانترەوە.

ئەگەر کاراکتەری بەشێکی زۆری کۆمەڵگا ڕۆژئاواییەکان لەمڕۆدا، واتە لە سەردەمانی پۆست مۆدێرندا، گواستنەوەبێت لە قۆناغی پیشەسازییەوە بۆ قۆناغی دوای پیشەسازی، ئەوا ئەم گواستنەوەیە بەهیچ مانایەک ئەوە ناگەیەنێت کە قۆناغی دوای پیشەسازی، قۆناغی پیشەسازی ڕەتکردبێتەوە، وەکچۆن سۆسیالیزم سەرمایەداری ڕەتدەکاتەوە. قۆناغی دوای پیشەسازی مانای ئەوە نییە پیشەسازی

کۆتاییپێهاتووە و باوی نەماوە و کاک بەختیار دەتوانێت ڕەوانەی «مۆزەخانەی بەرهەمهێنانیان» بکات. هەموو منداڵێک دەزانێت ئەمڕۆ ڕۆژئاوا بەرهەمهێنی هەرە گەورەی بەرهەمە پیشەسازییەکانی جیهانە، لە کاتێکدا کۆمەڵگاکانیان لە قۆناغی دوای پیشەسازیدا دەژین. هەمووان دەزانین بەشێکی زۆری کۆی ئەو ئامێرانەی ئەمڕۆکە لە جیهاندا بەرهەمدەهێنرێن ڕۆژئاوا بەرهەمیان دەهێنێ و ڕۆژئاوا بازرگانیان پێوەدەکات و ڕۆژئاوا دەیانفرۆشێت. ئەوە بەدحاڵیبوونە پێمانوابێت قۆناغی دوای پیشەسازی مانای ڕەتکردنەوەی قۆناغی پیشەسازییە، وەکچۆن سۆسیالیزم ڕەتکردنەوەی سەرمایەدارییە. بەپێچەوانە قۆناغی دوای پیشەسازی، کە هەمان قۆناغی پۆست مۆدێرنەیە، قوناغی لەدایکبوونی چەندان شێوازی نوێی پیشەسازییە، هاتنەکایەی کۆمەڵێک پیشەسازی جیاوازە کە لە قۆناغی پیشەسازیدا بوونیان نەبووە، قۆناغێکە تێیدا خودی زانیاری و تەکنیک و خزمەتگوزاری تەکنیکی گۆڕاون بۆ شێوەی گرنگ و نوێی پیشەسازی، هەموو تەکنۆلۆژیای پەیوەندی نوێ لە ئینتەرنێتەوە بۆ ساتالایت و تەلەفۆنی دەستی و دەیان و سەدان ئامێری نوێ بەرهەمی قۆناغی دوای پیشەسازین. بە کورتی وەکچۆن قۆناغی دوای پیشەسازی ڕەتکردنەوەی قۆناغی پیشەسازی نییە، بەهەمانشێوە قۆناغی پۆست مۆدێرنە مانای کۆتایی و ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە نییە. ئەم هەڵەیەی کاک بەختیار لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە بەڕێزی گرنگترین دوو چەمکێک کە بڕبڕەپشتی کتێبەکەین بە هەڵە بەکاردەهێنێ و نازانێت هەڵگری چ مانا و دەلالەت و هێمایەکی فیکری و فەلسەفی و میتۆدین.

## 2.8 ـ زیگمۆند باومان و پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە

ئەگەر کاک مەلا بەختیار باوەڕ بە لیوتار ناکات و ئەو بۆچوونە لیوتارییە ڕەتدەکاتەوە کە دەڵێت پۆست مۆدێرنە بریتییە لە خودی مۆدێرنە بەڵام لە بێشکەدا، با سەرنجمان بگوازینەوە بۆ لای بۆچوونەکانی زیگمۆند باومان. باومان فەیلەسوف و کۆمەڵناسێکی پۆڵەندییە و زۆربەی هەرە زۆری ژیانی وەک جولەکەیەکی ڕاکردوو لە ئینگلتەرەدا بردۆتە سەر، خاوەنی ڕستێک کتێبی گرنگە کە لەم دەساڵەی دواییدا کردویانە بە یەکێک لە بیریارە هەرە گەورەکانی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکەم. هەندێک کەس بە «پێغەمبەری پۆست مۆدێرنە»ی ناودەبەن. (Smith, 1999)

باومان دەربارەی پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دەڵێت، پۆست مۆدێرنە

دەشێت وا ببینرێت وەک ئەوەی مۆدێرنەبێت لە قۆناغی هەرە کامڵبوونی خۆیدا، لە قۆناغێکدا هەست بە سروشت و کارەکتەری خۆییکات و بەرپرسیارییەکانی خۆی بەرامبەر بەو دەرەنجامانەی دەیانخاتەوە، بناسێت. پۆست مۆدێرنە، مۆدێرنەیە لە ساتەوەختی ناسینەوە و دانپیانانیدا بەو دەرەنجام و کارلێکردنانەنەی بە درێژایی مێژووی خۆی بەرهەمی هێناون. پۆست مۆدێرنە، مۆدێرنەیە لە ساتەوەختی تەماشاکردنێکی ڕەخنەییانەدا لە خۆی، پۆست مۆدێرنە، مۆدێرنەیە دوای ڕزگاربوونی لە وەهمەکانی. (Bauman, 1993: 32)

لە کتێبی (مۆدێرنە و ئاڵۆزییەکانیدا)، کە لە ساڵی ١٩٩١ دا بڵاوبۆتەوە، باومان هەمان بۆچوون سەبارەت بە پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دووبارە دەکاتەوە و دەنوسێت«هیچ شتێک بە تەواوی لە مێژوودا بەسەرناچێت، هیچ پرۆژەیەک بەتەواوی جێبەجێناکرێ و کۆتایی پێنایەت. (...) مۆدێرنە تا ئێستاش لەگەڵمانە». (Bauman, 1991: 270) مەبەستی باومان لە دەستەواژەی «مۆدێرنە تا ئێستاش لەگەڵمانە» ئەوەیە کە هێشتا هەم مژدەکانی مۆدێرنە و هەم مەترسییەکانی مۆدێرنەمان لەگەڵدایە، بەم مانایەش هەم دیموکراسییەت و هەم فاشیزم هاوڕێمانن. ئەوەی لە ئێستادا گۆڕاوە ئەوەیە کە مۆدێرنە لەوە ئاگادارە کە لە هەناوی خۆیدا کێشوەرێک تاریکی هەیە و ڕێگرتن بە بڵاوبوونەوەی ئەم تاریکییە بەبێ ڕەخنەکردنی بەردەوامی خودی مۆدێرنە مەحاڵە. بەم مانایە پۆست مۆدێرنە ئەو پەیوەندییە ڕەخنەییەیە کە مۆدێرنە بەخۆیەوە گرێدەدات.

لە ڕاستیدا یەکێک کە ئەم بۆچونانەی باومان سەبارەت بە مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە دەخوێنێتەوە وادەزانێت زانیویەتی دەشێت کەسێکی وەک کاک بەختیار پەیدابێت و مەبەستەکانی بە خراپ لێکدەداتەوە و بە شتی بێناوەرۆک و بێمانا تاوانباریکات. بۆئەوەی کاک بەختیار دڵنیاترکەین کە پۆست مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە و کۆی تۆمەتەکانی دیکەی بەرێزی نییە، با دواسەرنج لەم بۆچوونەی باومان بدەین کە دەڵێت «پۆست مۆدێرنە مانای مۆدێرنە نییە بە نەخۆشکەوتوویی، یان مۆدێرنەبێت لە قۆناغی قەیراندا، پۆست مۆدێرنە قۆناغی دەرکردنی عەقڵە بە سنووورداری تواناکانی خۆی، قۆناغی دەرکردنی مرۆڤە بە وەهمەکانی ڕۆژگاری مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە هەمان مۆدێرنەیە بەڵام بەبێ وەهمەکانی مۆدێرنە». (Bauman, 1993: 32)

## 9 ـ ئایا ڕەخنەی پۆست مۆدێرنە لە مۆدێرنە ڕەتکردنەوەی دەسکەوتەکانی مۆدێرنەیە؟

### دۆخی زیگمۆند باومان

ڕەنگە بەناوبانگترین کتێبی زیگمۆن باومان کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنە) بێت. ئەم کتێبە لە ساڵی ١٩٨٩ دا خەڵاتی باشترین کتێبی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی ئەوروپای پێدراوە. باومان لەم کتێبەدا خوێندنەوەیەکی هێجگار قووڵ و هەمەلایەن بۆ کارەساتی هۆڵۆکۆست دەکات، (هۆڵۆکۆست کارەساتی بەکۆمەڵکوشتنی زیاد لە شەش ملیۆن جولەکەیە لە ئەڵمانیای نازیدا).

زۆربەی ئەو کتێبانەی لەسەر هۆڵۆکۆست نوسراون ئەم کارەساتەیان وەک دیاردەیەکی تایبەت بە جولەکە بینیوە و ڕاستەوخۆ گرێییانداوە بە مێژوو و کولتووری ئەڵمانیاوە. بەپێچەوانەی ئەم دیدەوە باڵادەستەوە، باومان، لە کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنەدا) باس لە تایبەتمەندێتی ڕووداوی هۆلۆکۆست ناکات و وەک شتێکی شاز یان ڕێکەوت یان بەدبەختیی تایبەتی کۆمەڵێک مرۆڤ، یان شتێک وابەستە بە مێژوو و کولتووری ئەڵمانیاوە، نایبینێت. بەپێچەوانەوە ئەو هۆڵۆکۆست، لەوێشەوە ئەگەری جینۆساید، وەک ئەگەرێک لە ئەگەرە ئامادە و زیندووەکانی ناو مۆدێرنە و کۆمەڵگا و مۆراڵ و بونیادی بیرۆکراتیانەی جیهانیی مۆدێرن دەبینێت. لە دیدی باوماندا هۆڵۆکۆست ڕووداوێک نییە تەنها یەخەی کولتوور و کۆمەڵگای ئەڵمانی بگرێت، وابەستەی تابەتمەندێتی کاراکتەر و مێژووی تایبەتی ئەڵمانیا بێت، هۆڵۆکۆست ڕووداوێکە یەخەی هەموو مرۆڤایەتی و هەموو جیهانی مۆدێرن دەگرێت و ئەو پرسیارانەش کە دەیانخاتەوە پرسیاری گەردونین. بەم مانایە هۆڵۆکۆست بەشێکە لە پێکهاتی مۆدێرنە و ڕاستەوخۆ گرێدراوە بەتواناکانی مۆدێرنەوە. لە دیدی باوماندا هۆڵۆکۆست حیکایەتێکمان دەربارەی پرۆسەی مۆدێرنیزەکردن، شارستانیەت، زانست و هەندەسەی کۆمەڵایەتی پێدەڵێت، حیکایەتێک دەربارەی خۆمان و دەربارەی ئەو جیهانە مۆدێرنەی تێیدادەژین. (Beilharz, 2000: 90)

تێزەی سەرەکی باومان لە کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنەدا) ئەمەیە: «هۆڵۆکۆست لەڕووی کاراکتەرەوە دیاردەیەکی مۆدێرنە و ناتوانین لەدەرەوەی ڕەوتی مەیلە کولتووری و دەسکەوتە تەکنۆلۆژییەکانی مۆدێرنەدا لێیتێبگەین». (Bauman, 1989a:xiii)

جیهانی مۆدێرن چەند توانای بەرهەمهێنانی شارستانییەتی هەیە، ئەوەندەش توانای بەرهەمهێنانی بەربەرییەتی هەیە، چەند توانای بەهێزکردنی ئینساندۆستی و ژیاندۆستی تێدایە، ئەوەندەش ئەگەری مەرگچێنی و کوشتنی بەکۆمەڵ و وێرانکردنی دەستەجەمعی هەڵگرتووە. بەڵام ئەم ڕاستییانە ئەوە ناگەیەنن کە مۆدێرنە ماشێنێکە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی جینۆساید و کوشتاری دەستەجەمعی و خراپەکاری بەرهەمدەهێنێت. بەپێچەوانەوە ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنە کاتێک دەتوانن باڵادەستدەبن کە «ئیرادەیەکی سیاسی» ئامادەبێت بخوازێت ئەو ڕووە تاریکانە بخاتەگەڕ، ئیرادەیەک ئەگەرە خراپەکان، لە ئەگەرەوە بکاتە ڕووداو، لە بوونێکی ناوەکی و پەنهانەوە، بکاتە بوونێکی دەرەکی و بەرچاو وپیادەکراو. لێرەوە بۆ ئەنجامدانی هۆڵۆکۆست، لە پاڵ بوونی مەیلە کولتووری و ئەگەرە ئەخلاقی و توانا تەکنۆلۆژیەکەی مۆدێرنەدا، ئیرادەی سیاسی نازییەتیش پێویست بوو، بەڵام ئەم ئیرادەیە خۆشی ئیرادەیەکی مۆدێرنە و هەڵگری خەونی بنیادنانی کۆمەڵگایەکی ساغ و وێکچوو و بێهەڵەیە کە بەبێ خەیاڵ و تواناکانی مۆدێرنە مەحاڵبوو لە دایکبێت. ئەوەی باومان لەم کتێبەدا دەخوازێت ئاشکرایکات ئەو ڕاستییەیە کە گوناهەکانی جیهانی هاوچەرخ گوناهێک نین لە ڕابووردووەوە هاتبن، توندوتیژی و دڵڕەقی و ئەخلاقیاتی ڕابووردو لەم گوناهانە بەرپرسیار نین، بەپێچەوانەوە ئەم گوناهانە لە توندوتیژی و بەربەریەتێکی نوێوە سەرچاوەیانگرتووە کە توندوتیژی و بەربەریەتی مۆدێرنە. بەم مانایە ئەوەی جیهانی هاوچەرخ دەکاتە جیهانێکی گوناهبار ڕابووردو نییە، بەڵکو ڕووە تاریکەکانی مۆدێرنە خۆیەتی. باومان باوەڕی وایە مۆدێرنە لەکوێبێت لەوێدا ئەگەری توندوتیژی و بەربەریەتی مۆدێرن ئامادەیە، لەکوێ تەکنۆلۆژیای زەبروزەنگ ئامادەبێت، چەک هەبێت، ئۆرگانەکانی کۆنترۆڵکردن و دیسپلینکردن هەبن، بیرۆکراسییەت هەبێت، لەوێدا ئەگەری جینۆساید ئامادەیە. (تکایە خوێنەری بەڕێز سەرنجی تەواوەتی لە ووشەی «ئەگەر» بدە، لێرەدا باس لە ئەگەری ئامادەبوون دەکرێت نەک حەتمییەت. هەندێک لایەنی ئیسلامی هەن ئەم ڕەخنانە لە مۆدێرنە بەشێوەیەکی دیماگۆگی بەکاردەهێنن بۆئەوەی بڵێن ئیسلام ئەلتەرناتیڤی مۆدێرنەیە، لەکاتێکدا تاقە ئەلتارناتیڤێکی مۆدێرنە خودی مۆدێرنە خۆیەتی) ئەم دیدە بۆ مۆدێرنە، واتە نمایشکردنی ئەگەر ترسناکەکانی مۆدێرنە و ڕەخنەکردنی، بەهیچشێوەیەک ئەو مانایە نابەخشێت کە مۆدێرنە بە شێوەیەکی حەتمی جینۆساید بەرهەمدێنێت، هەقیقەتی مۆدێرنە، ئەگەر بشێت بە زمانی هەقیقەت بدوێین، جینۆساید نییە، جینۆساید تەنها

ئەگەرێکە لە ئەگەرەکانی ناو مۆدێرنە و جیهانی مۆدێرن، ئەوەشی ڕێ لە بەرپابوونی جینۆسایدا دەگرێت دیسانەوە ئەو بەشەی مۆدێرنەیە کە پێ لەسەرمەسەلەی دیموکراسییەت و جیاوازی و دابەشکردنی دەسەلات و مافی مرۆڤ و پلورالیزم دادەگرێت، نەک ئیسلام یان مەسیحییەت یان هەر ئاینێکی دی کە هەڵگری دەیان ڕەهەندی نادیموکراسی و نایەکسان و توندوتیژن. بە کورتی مۆدێرنە یەکسان نییە بە جینۆساید، بەڵام دەشێت دروستیکات، یەکسان نییە بە دیموکراسیەت بە تەنیا، بەڵکو هەڵگری ئەگەری فاشیەتیشە، تەنها مژدەی بەهەشتێک نییە کار بۆ بنیادنانی سەرزەمینیانەی بکەین، بەڵکو هەڕەشەی جەهەنەمێکە دەبێت نەهێڵین دروستببێت. باومان ئەم دیدە گشتگیرتر دەکات و دەڵێت، «شارستانیەت، هەموو شارستانیەتێک چەند توانای بنیادنانی هەیە ئەوەندەش توانای وێرانکردن، مۆدێرنە لەم یاسایە بەدەر نییە». (Beilharz, 2000: 91)

ئەرکی سەرەکی کتێبی (هۆلۆکۆست و مۆدێرنە) بریتییە لە نیشاندانی میکانیزمە وێرانکەرەکانی مۆدێرنە، نیشاندانی رووکارە جیاوازەکانی ئەو جیهانەی کوشتنی دەستەجەمعی تێدا دەبێتە ڕووداوێکی پلانرێژەکراو و سیستماتیزەکراو و جێبەجێکراو. باومان دەنوسێت: «هۆلۆکۆست لە کۆمەڵگای مۆدێرن و عەقڵانی ئێمەدا لەدایکدەبێ و پیادەدەکرێت، لە قۆناغێکی بەرزی شارستانییەتدا و لە سەردەمی دەسکەوتە کولتوورییە ئینسانییە گەورەکاندا. لەبەرئەمە کێشەی هۆلۆکۆست کێشەی ئەم کۆمەڵگا مۆدێرن و شارستانیەت و کولتوورە مۆدێرنەیە». (Bauman, 1989 a:x) لەدیدی باوماندا جینۆساید بریتیی نییە لە دڕندەیی و توندوتیژی و بەربەریەتێکی نا عەقڵانی، یان تەعبیربێت لە هەرەسی شارستانییەت لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا، یاخود هەڵەیەکی تایبەت بێت قابیلی دووبارەبوونەوە نەبێت. بە پێچەوانە جینۆساید، هۆلۆکۆستیش وەک نموونەیەکی ئاشکرای جینۆساید، لەناو دڵی شارستانییەت و لەناو یەکێک لە پێشکەوتوترین و فەلسەفەییترین کۆمەڵگا و میللەتەکانی سەر ئەم ئەستێرەیەدا ڕوویداوە، کە کۆمەڵگا و میللەتی ئەڵمانییە. کوشتنە کۆییەکانی جیهانی هاوچەرخ، بە هۆلۆکۆستەوە، بە تازەترین و پێشکەوتوترین مێتۆدی نوێی شارستانیانە پیادەکراون. ئەو خەیاڵەی لەپشتی پیادەکردنی کوشتنەکانەوە ئامادەیە، ئەو ئامراز و توانایانەی کەبۆ پیادەکردنیان دەخرێنەکار و ئەو کەسانەشی کەپێیهەڵدەستن و ئەو تێز و تیورە کۆمەڵایەتی و سیاسیی و یاساییانەش کە شەرعیەتی پێدەبەخشن، هەر هەموویان بەشێکی گرنگی جیهان و فیکر و تەکنۆلۆژیای مۆدێرنن.

کتێبی (مۆدێرنه‌ و هۆڵۆکۆستدا) قورئانی ئه‌م جۆره‌ لێکدانه‌وه‌ و خوێندنه‌وه‌ تایبه‌ت و گرنگه‌ی مۆدێرنه‌یه‌.

به‌ باوه‌ڕی باومان یه‌کێک له‌ کێشه‌ گه‌وره‌کانی مۆدێرنه‌ له‌وه‌دایه‌ که‌ هه‌میشه‌ خۆی وه‌ک قۆناغێکی بێگوناه نیشانئه‌دات، خۆی وه‌ک قۆناغی پێشکه‌وتنی ئه‌خلاق و پێشکه‌وتنی کۆمه‌لایه‌تی و پێشکه‌وتنی سیاسی و کولتووری و ته‌کنیکی وێناده‌کات، له‌کاتێکدا مۆدێرنه‌ له‌زۆر ڕووه‌وه‌ ئه‌خلاق و به‌رپرسیاریه‌تی له‌ ئینسان سه‌ندۆته‌وه‌ و داویه‌ته‌ ده‌ستی کۆمه‌ڵێک ده‌زگای مۆدێرن. له‌ناو ئه‌م ده‌زگایانه‌شدا بڕیاره‌کان له‌ژێر سایه‌ی یاساکانی به‌ڕێوه‌بردنی بیرۆکراتیانه‌دا ده‌رده‌کرێن، نه‌ک له‌ سایه‌ی حوکم و نرخاندنی ئه‌خلاقیدا. پرنسیپی سه‌ره‌کی ناو فه‌لسه‌فه‌ی ئیداری مۆدێرن ئه‌خلاق نییه‌، به‌ڵکو کارامه‌یی و چالاکی و خێرایی ڕاپه‌ڕاندنی کاره‌کانه‌. ئه‌م یاسایه‌ واده‌کات«ئه‌خلاقیاتی بیرۆکراسیه‌ت» له‌زۆر ڕووه‌وه‌ بچێته‌ شوێنی «ئه‌خلاقیاتی کۆمه‌لایه‌تی» و ئه‌و ئه‌رکانه‌ی که‌ ئینسان پێیانهه‌ڵده‌ستێت سیفه‌تێکی ئۆتۆماتیکی بگرنه‌ خۆیان و له‌ شێوه‌ی پیاده‌کردنی«واجب» دا ده‌رکه‌ون. (تکایه‌ خوێنه‌ری به‌ڕێز ئه‌مدیده‌ی باومان به‌راورد بکه‌ به‌و بۆچوونه‌ی هابه‌رماس که‌ ده‌ڵێت به‌ها و ئه‌خلاقیاتی سیستم ژیانی ڕۆژانه‌ی ئینسانه‌کانی کۆلۆنیالیزه‌کردوه‌، ئه‌و نزیکییه‌ ببینه‌ که‌ فیکری باومان به‌ فیکری هابه‌رماسه‌وه‌ گرێده‌دات).

بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی ئه‌م تێزه‌ گرنگه‌ی باومان و نزیککردنه‌وه‌ی له‌ خه‌یاڵی ئینسانی کورد با نموونه‌یه‌ک له‌ مێژووی هاوچه‌رخی عێراق بهێنینه‌وه‌. کاتێک له‌ عێراقدا کورد ئه‌نفال ده‌کرا، شار و گوند و شارۆچکه‌کان وێرانده‌کران، گاز له‌ ئاسمانه‌وه‌ ده‌هات و له‌ ژێرخانه‌ تاریکه‌کاندا پیاو و ژن و مناڵی ده‌کوشت، ئه‌وانه‌ی به‌م کارانه‌ هه‌ڵده‌ستان خه‌ڵکانی ساده‌ی کۆمه‌ڵگای عێراقی و به‌شێک له‌ خه‌ڵکی کوردستان خۆیان بوون، ئه‌وانه‌ی ئه‌م تاوانانه‌یان جێبه‌جێده‌کرد خۆیان له‌ ڕووی ئه‌خلاقییه‌وه‌ به‌ تاوانبار نه‌ده‌زانی، خۆیان به‌ خاوه‌نی بڕیاری ئه‌نفالکردن نه‌ده‌زانی، به‌وه‌ پاساوی کاره‌که‌یان ئه‌دایه‌وه‌ گوایه‌ ئه‌وان ته‌نها ئه‌مر یان واجبێک پیاده‌ده‌که‌ن که‌ له‌ سه‌رووی خۆیان و له‌ ناو ده‌زگا بیرۆکراتیه‌کانه‌وه‌ هاتووه‌. ئه‌م ئینسانانه‌، که‌ ده‌شێت له‌ ژیانی ڕۆژانه‌یاندا که‌سانی ئاسایی و به‌ڕه‌حم و عاشقیش بن، له‌کاتی وێرانکردنی کوردستان و گواستنه‌وه‌ی به‌زۆری سه‌دان هه‌زار خه‌ڵک و ڕوخانی هه‌زاران گوندا، هه‌ڵگری هێزێکی ئه‌خلاقی ناوه‌کی نه‌بوون ڕێ له‌وه‌بگرێت ئه‌م کاره‌ ئه‌نجامنه‌ده‌ن، ئه‌وه‌ی له‌ ساته‌وه‌ختی پیاده‌کردنی ئه‌نفالدا ئاماده‌یه‌ «ئه‌خلاقیاتی بیرۆکراتییانه‌یه‌» و ئه‌وه‌ی غائیبی ژماره‌

یەکە «ئەخلاقیاتی ئینسانی و کۆمەڵایەتییە». لە دیدی ئەنفالکەرەکاندا بیرۆکراتییەت و سیستمی بیرۆکراسی بەرپرسیارن، ئەوان دەستنیشانیان کردوە چی بکرێ و چۆن بکرێ و بە چ ئەندازەیەک کارەکان ئەنجامدرێن. لەم نەخشەی وێرانکردنەدا هەرکەسە و بەوردی سنووری بەرپرسیاریەت و سەلاحیاتی خۆی زانیوە و لەو سنوورەدا ئەو بەشەی ئەنفالی پیادەکردوە کە بۆی دەستنیشانکراوە. گەر سەرنجێکی وردتر لەچۆنیەتی پیادەکردنی پەلامارەکانی ئەنافال بدەین، دەبینین ئەم پرۆسەی جینۆسایدە لە ژمارەیەکی هێجگار گەورەی بریاری سەرەکی و لاوەکی پێکهاتووە، هەر بەشێک لەو بڕیارانە هێز و لایەن و دەزگایەک لە دەزگا بیرۆکراسییەکان دەریانکردوە و پیادەیانکردوە. دەرکردنی ئەمری ڕوخاندی گوندەکانی کوردستان بڕیارێکە سەرکردە سیاسییەکانی بەعس دەریدەکەن، بەڵام جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە پێویستی بەدەرکردنی دەیان بڕیاری بچووکی دیکە و لەشکرێک بیرۆکرات و توانایەکی تەکنیکی گەورە و ڕێکخستنی چەندان دەزگا و دامەزراوی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی هەیە. ئەنفال بەم مانایە بریتییە لە ڕستێک بڕیاری زۆر کە لە سات وکات و زەمان و زەمینی جیاوازدا دەرکراون: بۆ نموونە ڕوخاندنی گوندێک دوای دەرکردنی بڕیاری ڕوخانەکەی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی بەعسەوە، پێویستی بە دەرکردنی کۆمەڵێک بڕیاری دیکە هەبووە جیاواز لەو بڕیارە سیاسییە، بۆنموونە ئامادەکردنی لەشکر و ئامادەکردنی شۆفڵ و ئامادەکردن و ناردنی شۆفێر و ناردنی هێزی پاراستن و ئامادەکردن و لێخوڕینی دەیان ئیڤا و زیل و ماشێنی سەربازی دیکە بۆ گواستنەوەی ئەو کەسانەی کە ڕادەگوێزرێن، دەرکردنی فەرمانی بنیادنانی چەندان ئۆردوگا و شوێنی تایبەت بۆ کۆکردنەوەی بەزۆری ڕاگوێزراوەکان و پاسەوانکردنیان ... هتد. ئەمانە و دەیان و سەدان بڕیاری دیکە کە جێبەجێکردنیان بە مرۆڤە سادەکانی ناو کۆمەڵگای عێراقی بەخشراوە، هەموویان لە ڕەوتی پیادەکردنێکی بیرۆکراسییانەی بڕیارەکاندا جێبەجێکراون. لەم پرۆسە فراوانەدا ئێمە لەبەردەم یەک بڕیاردا نین، بەڵکو لەبەردەم ڕستێکی درێژی بڕیاردانی بیرۆکراتیدایین، هەر بەشێکیش لەم بڕیارانە لە شوێنێکی جیاواز و لەلایەن کەسانی جیاوازە دراون و خەڵکانی جیاواز ئامادەکراون بۆ پیادەکردنیان، هەرکەسێکیش بەپێی یاساکانی بیرۆکراتییەت بەرپرسیارییەت و سەلاحیەتی خۆی زانیوە و ئەو ئەرکەی ڕاپەڕاندوە کە پێیسپێردراوە.

کارەکتەری بیرۆکراتییانەی ئەم بڕیارانە وادەکات، بۆ نموونە، ئەو کەسانەی بڕیاری ناردنی شۆڤڵەکان ئەدەن و ئەو کەسانەی کە شۆڤڵەکان بۆ ناو گوندەکان دەگوزێننەوە

و ئەوەی کە لێیدەخورێت بۆ ڕوخنادنی ئەو شوێنەی پێیسپێردراوە، لەڕووی ئەخلاقییەوە خۆیان بە بەرپرسیار نەزانن. ئەمان تەنها کۆمەڵێک ئەمری بیرۆکراتی جێبەجێدەکەن و خۆیان لە بەرامبەر ئەنجامدانی ئەو کارانەدا بە بەرپرسیار نازانن. لەم پرۆسەیەدا، لەسەرێکەوە، ڕووداوی وێرانکردنە وردکراوەتەوە بۆ سەدان بڕیاری جیاجیای لاوەکی کە ناهێڵێت کۆی کارەساتەکە وەک گشتێک ببینرێت، لەسەرێکی دیکەشەوە، ئەوانەی بە پیادەکردنی ئەم بڕیارە ڕۆژانەییانەوە خەریکن پێیانوایە تەنها ئەمر و واجبێک پیادەدەکەن کە لەسەرەوەی خۆیانەوە هاتووە و ئەوان بەهیچ مانایەک لێیبەرپرسیار نین. زیگمۆند باومان پێیوایە یەکێک لە مەترسییەکانی مۆدێرنە بریتییە لەم بە بیرۆکراتیزەکردنەی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی کە وادەکات کەسانێکی زۆری ناو دەزگا جیاجیاکانی جیهانی مۆدێرن یاساکانی بیرۆکراسیەت بیانباتبەڕێوە، نەک ئەو هەستە ئەخلاقییە تاکەکەسیەی کەدەشێت هەستی بەرپرسیاربوون لای ئینسان دروستبکات و ڕێگربێت لە پیادەکردنی خراپەکاری. بەبۆچوونی باومان ئەم مەسەلەیە مەسەلەیکی سادە نییە، چونەک سەندنەوەی ئەخلاق لە ئیسان و بەخشینی بە دەزگاکان یەکێکە لە میکانیزمە گرنگەکانی مۆدێرنە، ئەو لە کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنەدا) بەدرێژی باس لە تیورەی بیرۆکراسیەت لای ماکس ڤێبەر دەکات و لە پەیوەندی نێوان ئەم تیورە و عەقلانیەت ئەدوێت. (بە داخەوە من لێرەدا مەودای ئەوەم نییە کۆی ئەم شتانە بە خوێنەری کورد نیشاندەم، بۆ ئەم مەبەستە خوێنەر دەبێت بۆ خودی کتێبەکە خۆی بگەڕێتەوە).

لە هەمان ڕەوتی قسەکردنیدا لەسەر ئەخلاق، باومان، قسە لە بۆچوونەکانی دوو بیریاری گەورەی مۆدێرنە دەکات کە بەستنەوەی ئەخلاق بە دەزگاکانەوە بەیەکێک لە ئەرکە گرنگەکانی مۆدێرنە ئەزانن، ئەو دوو بیریارەش بریتین لە دۆرکهایم و فرۆید. لای دۆرکهایم ئینسان لە جەوهەریدا بوونەوەرێکی بێمۆراڵە و ئەوەی دەبێت ئەم بوونەوەرە بکاتە کەسێکی مۆراڵی دەزگاکانی مۆدێرنەن. لای فرۆیدیش مەسەلەی کردنی ئینسان بە بوونەوەرێکی مۆراڵی ئەرکێکە کولتوور پێیهەڵدەستێت، کولتوور ئینسان لە بونەوەرێکی بێمۆراڵەوە دەکاتە بوونەوەرێکی مۆراڵی و ئەو ئاژەڵەی لەناو پێکهاتی ڕۆحی و سایکۆلۆژی هەرکەسێکدایە دەگۆڕێتە سەر بوونەوەرێکی شارستانی. (Bauman, 1989: 18-19) باومان دەڵێت لەکاتێکدا دۆرکهایم و فرۆید تەنها ڕووە پۆزەتیڤەکانی ئەم پرۆسەییان بینیوە، لەوە ئاگادارنەبوون کە بەخشینی مۆراڵ بە دەزگاکان و سەندنەوەی بەرپرسیارێتی لە ئینسان خۆی، دەشێت کارەساتی گەورە

بخاتەوە. وەک دەبینین ڕەخنەی باومان بەهیچ مانایەک ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە نییە، وەک کاک بەختیار حاڵیبووە، بەڵکو ئاشکراکردنی ئەو مەترسیانەیە کە بەستنەوەی ئەخلاق و بیرۆکراتییەت بەیەکەوە دروستیدەکەن.

ئەم ڕەخنەیەی باومان یەکێکە لەو ڕەخنە ئەخلاقییە گرنگانەی کە فیکری پۆست مۆدێرن لە مۆدێرنەی دەگرێت، ئەگەر ئەخلاقناسی مۆدێرن لەچەند ڕوویەکەوە مرۆڤ و ئەخلاق بداتە دەستی دەزگاکان، فیکری پۆست مۆدێرن هەوڵی گەڕاندنەوەی بەرپرسیاریەت ئەدات بۆ خودی ئینسانەکان خۆیان. کردنەوەی ئینسان خۆی بە سەرچاوەی ئەخلاق و بڕیاردان و ڕانەکردنی لە بەرپرسیاریەت لەژێر ناونیشانی ئەوەی گوایە بڕیارەکان لەسەروی ئەوەوە هاتوون و ئەو تەنها ڕۆڵی پیادەکەرێکی بێگوناهی بینیوە، یەکێکە لە پایە ئەخلاقییەکانی فەلسەفەی ئەخلاقی پۆست مۆدێرن لای باومان.

خاڵێکی دیکە کە باومان لە کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنەدا) جەغدی لێدەکات، گەڕانی بەردەوامی مۆدێرنەیە بەدوای«یەکێتی» و«یەکبوون» و«سیستم» دا، ئەمەش وادەکات مۆدێرنە هەمیشە هەڵگری ئەگەر و ڕەگەزێکی فاشییانە بێت کە دژ بەو شتانەیە کە نایانەوێت یەکبگرن و بەرگری لە جیاوازبوونی خۆیان دەکەن و نایانەوێت ببنە بەشێک لەسیستم.

لای باومان مۆدێرنە پرۆژەیەکی ئاڵۆزە، کۆمەڵگای پیشەسازی، کە منداڵی ڕاستەوخۆی مۆدێرنەیە، لەڕووی مێژووییەوە دوو شێوازی تایبەتی ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگای بەرهەمهێناوە، یەکەمیان کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوایە بە بازاڕی ئازاد و سیستمی پەرلەمان و میدیای سەربەخۆوە، دووهەمیان کۆمەڵگا سۆسیالیستییەکانی بلۆکی ڕۆژهەڵاتە کە تێیدا دەوڵەت لەسەرەوەڕا بڕیار بۆ هەمووان و لەباتی هەمووان ئەدات. ئەم دوو سیستمەش هەم ڕووی گەش و ئینسانیان هەبووە، هەم ڕووی تاریک، لەناوی سیستمی سەرمایەداری ئەورووپیدا هەم دەوڵەتی خەمخۆر و هەم سیستمی فاشیزم و نازیزم لەدایکدەبێت، لەناو سیستمی کۆمەڵگا ڕۆژهەڵاتییەکانیشدا هەم هەندێک دەسکەوتی کۆمەڵایەتی و هەم ستالینیزم. باومان، ستالینیزم و فاشیزم و دیموکراسییەت لە مۆدێرنە جیاناکاتەوە، پێیوایە هەرسێکیان بەرهەمی جیاوازی ئەم پرۆژە مێژووییە گرنگەن. ئەم دیدە لە کتێبی (هۆڵۆکۆست و مۆدێرنەدا) وا لە باومان دەکات کە فاشیزم وەک لادانێک لە سەرمایەداری نەبینێت، بەڵکو وەک یەکێک لە ئەگەرە لۆژیکییەکانی سیستمی سەرمایەداری بناسێت. فاشیزم و ستالینیزمیش دوو فۆرمن لەو فۆرمە

سیاسییانەی کۆمەڵگای پیشەسازی و لەوێشەوە مۆدێرنە دەتوانێت بەرهەمیانبهێنێت.
(Bauman 1989)

لێرەوە ناکرێت مێژووی مۆدێرنە تەنها بۆ مێژووی دیموکراسییەت و لیبرالیزم و مافەکانی مرۆڤ کوورتکەینەوە. بەباوەڕی باومان هەڵەیەکی گەورەیە مۆدێرنە تەنها بۆ یەک لایەن لە لایەنەکانی کوورتکرێتەوە و ئەو دنیایەی لەمرۆدا پرێتی لە ناعەدالەتی و نایەکسانی و هەژاری و کوشتن و شەڕ و ئەگەری جینۆسایدی لە ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی مۆدێرنە و لە مێژووی مۆدێرنە جیاکەینەوە.

بێگومان ئەم ڕەخنانە لە مۆدێرنە مانای ئەوە نییە مۆدێرنە تەواو بووە، باوی نەماوە، ڕەتکراوەتەوە، وەک کاک بەختیار بە هەڵە حاڵیبووە، باومان دەڵێت: ئێمە بێ مۆدێرنە هەڵناکەین و «مۆدێرنە هێشتا لەگەڵمانە». وەک لە برگەی پێشتریشدا نیشانیشماندا، پۆست مۆدێرنە، لای باومان، ڕەتکردنەوەی مۆدێرنە نییە، بەڵکو خودی مۆدێرنەیە لە پەیوەندییەکی ڕەخنەییدا بەخۆیەوە. بەم مانایە ڕەخنەی باومان لەمۆدێرنە بەدیوێکیدا ڕەخنەیە لە مەیلە تۆتالیتێرە کولتووریی و سیاسی و ڕەمزیەکانی مۆدێرنە، بەدیوەکەی دیدا ڕەخنەیە لەو هاوکێشانەی مۆدێرنە مەعریفە و دەسەڵات و هەقیقەت و ئەخلاق و گوتارەکانی تێدەخات.

هەموو خوێنەرێکی سادەی مێژووی فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی مۆدێرنە ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت کە ئەم مێژووە تا ڕادەیەکی زۆر مێژووی ڕەخنەکردنی مۆدێرنە خۆیەتی، پایە هەرە سەرەکییەکانی ووشیاری مۆدێرن و کۆمەڵگای مۆدێرن لەناو ڕەخنە و دیدی ڕەخنەییدا ئامادەن.

بەرامبەر بەو ڕەهەندە تایبەتانەی مۆدێرنە کە لەسەرەوە باسمانکردن، پۆست مۆدێرنە لەو خاڵەوە دەستپێدەکات کە شتەکان هەردەم سادە و ساکار و ناسراو نین، زۆر شت هەن فرە لایەن و ئاڵۆز و نەناسراون و بەردەوام بەو شێوەیەش دەمێننەوە. پۆست مۆدێرنە دەسەڵاتی عەقڵی قبووڵە، بەڵام ئەو توانا بێسنورەی پێنادات کە فیکری مۆدێرن پێیئەدات، سەرەڕای ئەمە فیکری پۆست مۆدێرن عەقڵ وەک ئامرازێکی بێلایەن نابینێت کە کاری دۆزینەوەی ڕاستییە بابەتییەکانبێت، بەڵکو وەک دەزگایەک دەیبینێت نووقم لەناو پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵاتدا. (ئێمە لە لاپەڕەکانی پێشودا باسمان لە دیدی هابەرماس و لیوتار بۆ ئەم مەسەلەیە کرد و لێرەدا پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکات). لێرەوە پۆست مۆدێرنە قۆناغێکە تا ڕادەیەکی زۆر هەندێک لە دڵنیاییە

سادەکانی مۆدێرنە دەخاتە ژێر پرسیارەوە و لە شوێنیدا جۆرێک لە نادڵنیایی و گومان دروستدەکات کە سنوورەکانی بوون و پرسیارکردن و جیاوازبوون گەورەتر دەکات. ئەم گومانانە فڕێدان و بێبایەخکردنی عەقڵ نییە، بەڵکو جۆرێکە لە دانان بەو ڕاستیەدا کە تواناکانی عەقڵ توانای ڕەها نیین، داننانە بەوەدا کە عەقڵ سنووری تایبەتی خۆی هەیە و حوکمەکانیشی گشتگیر نین، داننان بەم ڕاستیانەدا گەڕانەوەی مافی ئاڵۆزبوونە بۆ دنیا و بۆ کۆمەڵگا و بۆکۆی دیاردەکان، بەبێ ئەوەی ئەم ئاڵۆزبوونە، ئەم تەسلیمنەبوونە بە پێناسە سادەکان، هۆکاری لەناوبردن و سڕینەوە و بێدەنگکردنی ئەو ئاڵۆزیانەبن. لەم ڕووەوە باومان قۆناغی پسۆت مۆدێرنە وەک«قۆناغی لێبوردن» دەبینێت، قۆناغی قبووڵکردنی ئەو جیاوازییانەی کە ناچنە ناو نەخشە سادەکانی عەقڵ و پێناسە باوەکانی کۆمەڵگا و داواکارییەکانی کولتووری ئەخلاقی بالادەستەوە. هەرئەمەشە وا لە باومان دەکات قۆناغی پۆست مۆدێرنە وەک قۆناغی بایەخدانێکی گەورە بە مۆراڵ ببینێت و هەندێکجار ئەم قۆناغە وەک قۆناغی گەڕاندنەوە و سەرلەنوێ ژیانەوەی مۆراڵ پێناسکات. (Beilharz, 2000: 19)

بەم مانایە پۆست مۆدێرنە مانای گەڕانەوەی دنیا بۆ ناو ئاڵۆزی و فەوزای ڕێژەیی شتەکان و تیژبوونەوەی جیاوازییەکان، کە ناکرێت کورتکرێنەوە بۆ یەک پرنسیپ و لە ناو یەک تیورە و یەک دیدی عەقلانیدا بەندکرێن. فیکری پۆست مۆدێرن، لەم دیدە باومانیەدا، فیکرێکە گومانکار بەرامبەر بە توانای گەیشتن بە هەقیقەتی ڕەها و ناسینی ڕەهاو و دروستکردنی نیزام و نەزم و هارمۆنییەتی ڕەها. پۆست مۆدێرنە ئەو هەلومەرجە تایبەتەیە کە تێیدا عەقڵ و عەقلانییەت دان بە ئاڵۆزی دنیادا دەنێن و دان بەوەدا دەنێن کە ڕووداوەکان هەمیشە لۆژیکێکی حەتمی قابیلی ناسین لە پشتیانەوە نییە، پۆست مۆدێرنە ئەو قۆناغەیە ئینسان تێیدا دەبێت بەردەوام و سەرلەنوێ لەسەر ڕاستییەکان و ماناکان و پێناسەکان دیالۆگ بکات، سەرلەنوێ لەگەڵ ئەوانیدیکەدا لەسەر ماناکانیان ڕێککەوێت و ئامادەبێت ڕێژەییبوونی بۆچوون و وێناکردنەکانی ببینێت. هەلومەرجی پۆست مۆدێرن هەلومەرجی قسەکردنی هەمووانە بۆ هەمووان، هەلومەرجی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوە و ڕێککەوتنی بەردەوامە لەسەر ماناکان و ڕاستیەکان. (هـ. س. پ.، ل ٢٠)

لە کۆتاییشدا مۆدێرنە هەرچییەکی لێبکرێت وهەرچۆنێک باسبکرێت ناتوانرێت ڕەتبکرێتەوە، مۆدێرنە چوارچێوەی ژیانی زۆربەی زۆری کۆمەڵگاکانی سەر ئەم ئەستێرەیەیە، بەچ مانایەک مرۆڤ دەتوانێت چوارچێوەکانی ژیانی خۆی ڕەتکاتەوە. لە

ڕاستیدا لە هەموودنیادا هیچ فەیلەسوف و سیاسی و هێزێک نییە تەماحی ئەوەی هەبێت مۆدێرنە ڕەتکاتەوە، مەگەر هەندێک ئوسولی ئاینی نەبێت کە بەدوای وەهمی گەڕاندنەوەی جیهان کەوتون بۆ ناو دەقە ئاینییە پیرۆزەکان.

## 10 ـ ئایا پۆست مۆدێرنە ڕەنگدانەوەیە بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا؟

### سەرچاوە مێژووییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن

وەک لەسەرەتای ئەم بەشەدا نیشانماندا، کاک بەختیار فیکری پۆست مۆدێرن بە جەنگی جیهانی دووهەمەوە دەبەستێتەوە و سەرچاوەکەی بۆ کاردانەوە بەڕووی ئەو جەنگەدا دەگەڕێنێتەوە. با جارێکی دیکە ئەو چەند دێڕە نیشاندەینەوە کە بەڕێزی لەم ڕووەوە نووسیویەتی: «فەلسەفەی دوای جەنگی دوهەم وەک کاردانەوەی ڕاچڵەکینێکی ئەبستمۆلۆژی هاتنە ئارا. بەرەنجامەکەشی، لە ئەڵمانیادا فێرگەی فەلسەفەی فرانکفۆرت خولقا، لە فەرەنسادا بونیادگەری نەشونمای کرد، دوای ئەمەش، دوای بونیادگەری، پاشانیش لقوپۆپی فەلسەفەی دیکەیان لێکەوتەوە و گەیەندرایشە پۆست مۆدێرنیتەش». (ل ٣٦) ئەم چەند دێڕەی کاک بەختیار دەربارەی سەرچاوەکانی فیکری پۆست مۆدێرن ئاشکران و هیچ ئاڵۆزییەکیان تێدا نییە. بەڕێزی پێیوایە لە ئەنجامی کاردانەوەدا بەڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا لە فەرەنسا بونیادگەری و دوای بونیادگەری و هەندێک «لق و پۆپی» تر و پۆست مۆدێرنە پەیدابووە. بەواتایەکی دیکە پۆست مۆدێرنە درێژکراوەی هەمان ئەو کاردانەوەیە بە ڕووی جەنگی جیهانی دووهەمدا کە لە فەرەنسا و دەرەوەی فەرەنسادا هەموو شتێکی هێناوەتە کایەوە، قوتابخانەی فرانکفۆرت، بونیادگەری، دوای بونیادگەری و فیکری پۆست مۆدێرنیش. سەرەتاییترین سەرنجێک لەسەر ئەم بۆچوونەی کاک بەختیار نیشانیدەین، پێداگرتنە لەسەر هەڵە و ناڕاستی ئەم قسانە. لە ڕاستیدا ئەم دەستنیشانکردنەی کاک بەختیار بۆ سەرچاوەکانی فیکری پۆست مۆدێرن لەزۆر سەرەوە هەڵەیە، بەڵام پێش ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵانە سەرەتا با سەرنج لەو «کوورتنەفەسیە» سەرسوڕهێنە بدەین کە لەم چەند دێڕەدا ئامادەیە. کاک بەختیار کەڕەخنەی کوردی بە «کورتنەفەسی» تاوانبار دەکات و کتێبەکەی خۆی وەک هەوڵدانێک بۆ چارەسەرکردنی ئەو «کەموکوڕییە!!!» پێشنیاردەکات، سڵ لەوە ناکاتەوە لە دوو تا سێ دێڕدا سەرچاوەی

چوار قوتابخانەی فەلسەفی ئاڵۆز و هەمەلایەن دەستنیشانکات. هەموو خوێنەرێکی سادە دەزانێت دەستنیشانکردنی سەرچاوە جیاوازەکانی هەریەکێک لەو قوتابخانە فیکرییانە پێویستیان بە چەندان لێکۆڵینەوەی زانستی گرنگ هەیە، ڕیزکردنیان بەو شێوە کاریکاتێرییە لە دوو ڕستە و نیودا، مایەی پێکەنینە.

لە لاپەڕەکانی پێشوودا بەشێک لەهەڵەکانی ئەم قسانەی سەرەوەی کاک مەلا بەختیارمان ڕاستکردەوە و خوێنەرمان لەوە ئاگاداركردەوە کە ئەم حوکمانە نە لە ڕووی مێژوویییەوە ڕاستن، نە لە ڕووی ناوەرۆکی فیکری و فەلسەفییەوە هیچمان دەربارەی ئەو قوتابخانە فیکرییانە پێدەڵێن. لەم بەشەدا هەوڵئەدەم خوێنەر لەو ڕاستییانە ئاگادار کەمەوە کە فیکری پۆست مۆدێرن سەرچاوەی دیکەی هەیە و بە هیچ مانایەک نە پەیوەندی بە«ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژیە» هەیە و نە بە جەنگی جیهانی دووهەمەوە. بۆ ئەم مەبەستەش پەنا دەبەمە بەر سەرچاوەیەکی گرنگی دەستنیشانکردنی ڕەگوڕیشەکانی فیکری پۆست مۆدێرن کە نووسینی پرۆفیسۆرێکی سۆسیۆلۆژیای کولتوورە. بە باوەڕی ئەم سۆسیۆلۆژە فیکری پۆست مۆدێرن لە چوار سەرچاوەی جیاوازەوە هاتووە کە هەریەکێکیان ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی فیکری پۆست مۆدێرن دەستنیشاندەکەن. (Wilterdink, 2000: 11-17) سەرچاوەکان بریتین لە:

١- کایەی هونەر: سەرچاوەی یەکەمی فیکری پۆست مۆدێرن کایەی هونەرە، بە پلەی یەکەمیش هونەری بیناسازی و تەشکیلی و مۆسیاقا و ئەدەب. لە سەرەتای سییەکانەوە لە ڕۆژئاوادا بەرهەمێکی زۆر لەبوارەکانی ئەدەب و موسیقا و هونەری شێوەکاری و بیناسازیدا بەرهەمهاتوون کە هەڵگری کارەکتەری پۆست مۆدێرنن. ئەمانەش لەزۆر ڕووەوە جیاوازن لە هونەر و مۆسیقا و ئەدەب و بیناسازی مۆدێرن. من لێرەدا لەسەر ئەم سەرچاوە گرنگەی فیکری پۆست مۆدێرن ناوەستم، چونکە بەرهەمە کولتووریی و هونەری و ئەدەبییەکانی پۆست مۆدێرنە تا ڕادەیەکی زۆر بە خوێنەری کورد نا ئاشنان و کاک بەختیاریش، وەک هەر خوێنەرێکی ئاسایی کورد، چ لە دوور چ لە نزیک ئاگاداری ئەم ڕەهەندە هونەرییەی پۆست مۆدێرنە نییە و لە کتێبەکەشیدا بەتەواوی فەرامۆشی کردوە و هیچ گرنگییەکی پێنەداوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە جەغدی لێبکەین ئەوەیە کە کایەی هونەر لە ڕۆژگاری بەر لە جەنگی جیهانی دووهەمەوە بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی فیکری پۆست مۆدێرن دادەنرێت.

٢ـ کایەی فەلسەفە: سەرچاوەی دووهەمی فیکری پۆست مۆدێرن ئەو تێز و تیور و شێوازە فەلسەفییە تایبەتەیە کە لە فەیلەسوفی فەرەنسی فرانسوا لیوتارەوە دەستپێدەکات و دواتر بۆ ناو فیکری زۆر نووسەر و فەیلەسوف و زانای دیکە دەپەڕێتەوە. ئەم سەرچاوەیەیان دەشێت وەک دەرەنجامی تیوریزەکردنی ئەو بەرهەمە کولتوورییانە ببینین کە لە خاڵی یەکەمدا هێمامان پێکردن. ئەو کۆمەڵە بەرهەمە هونەری و ئەدەبی و موسیقی و بیناسازییە نوێییەی لە خاڵی یەکەمدا باسمانکردن، لەسەردەستی لیوتاردا تیوریزە دەکرێن و بنەمایەکی فەلسەفییان بۆ دروستدەکرێت. بەمەش پۆست مۆدێرنیزم لە کایەی هونەرەوە بۆ کایەی فەلسەفە دەگواسترێتەوە. بە کورتی تێڕوانینی پۆست مۆدێرن سەرەتا وەک بەرهەمی هونەری و ئەدەبی و مۆسیقی و بیناسازی لەدایکدەبێت، دواتر لە ئاستی فەلسەفی و فیکریدا تیوریزەدەکرێ، لەم تیوریزەکردنە تایبەتەدایە یەکەمین دەقە فەلسەفییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن لە دایکدەبن و دواتر بەناو کایەی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا بڵاودەبێتەوە. لەم ڕووەوە لیوتار بە کۆڵەکەیەک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئەم تیوریزەکردنە دەژمێردرێت.

٣ـ بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان: سەرچاوەی سێهەمی هاتنەکایەی فیکری پۆست مۆدێرن بریتییە لە دروستبوونی ئەو بزوتنەوە کۆمەڵایەتییانەی لە زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتیەکاندا ناوی «بزوتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێکان»یان لێنراوە. ئەم بزوتنەوانەش بریتین لە کۆمەڵێک بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتی جیاجیا کە تێیدا گروهە هەرە لاواز و بێدەنگ و کپکراوەکانی ناو کۆمەڵگا بەدوای هێز و دەنگ و شوناسی تایبەتی خۆیاندا دەگەڕێن. بەم گەڕانەش خوازیاری ئەوەن کار لە پێکهاتی کۆمەڵگا و ئەو شێوازە باڵادەستانەی دەسەڵات بکەن کە ئەوانی پەراوێز و بێدەنگ و بێشوناسکردوە. ئامانجی سەرەکی ئەم بزوتنەوە نوێیانەیە کردنەوەی کۆمەڵگا و دەسەڵاتە بە ڕووی جیاوازی و فرەدەنگی و فرەڕەنگیدا. جێبەجێکردنی ئەم کارەش لەڕێی بەرگریکردنێکی سەرسەخت و هێنانەپێشەوەی شوناسی تایبەتی خۆیان و ئەو گروهانەوە ئەنجامئەدەن کە چەپێنراو و بێدەنگکراو و یاساغکراون. بەشێوەیەکی گشتی ئەم بزوتنەوانە بزوتنەوەی هێزە لاواز و پەراوێزکراوەکانی ناو کۆمەڵگان، بزوتنەوەی ئافرەتان، ئەتنیە بچووک و بێدەنگکراوەکان، کولتوورە لەیادکراوەکان، بزوتنەوەی کەمە نەتەوایەتییەکان، بزوتنەوەی دواکردنی مافی شێوەژیانی سێکسی جیاواز لەوەی لە کۆمەڵگادا دانپێدانراوە، بزوتنەوەی پاراستنی ژینگە، بەرگری لە ئاژەڵ و دژ وەستانەوەی چەکی

کۆکوژ و جیهانگیری و بزوتنەوەی لەم بابەتە. ستراتیژی سەرەکی ئەم هێزانە بەرگرییە لە مافی جیاوازبوون، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەمانە لەکاتێکدا بەرگری لە شوناسی تایبەتی خۆیان دەکەن لەهەمانکاتدا بەرگرییش لەمافی هەر هێزێکی دیکەش دەکەن کە خوازیاری نیشاندان و ڕێکخستن و پاراستنی شوناسی تایبەتی خۆیانن و داوای پانتایی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ڕەمزی خۆیان دەکەن.

ئەوانەی بەرگری لە ژینگە دەکەن دوای شێوازێکی نوێی عەقڵانییەت و ڕێکخستنی بەرهەمهێنانی ئابووری و ئیستیهلاک دەکەن، ئەوانەی بەرگری لە ئەتنیە کۆچکرد و کولتووره جیاوازەکان دەکەن داوای پێناسێکی نوێی کۆمەڵگا و نەتەوە و شوناسی نەتەوەیی دەکەن، ئەوانەی بەرگری لە مافی ژیانێکی جنسی تایبەت دەکەن داوای سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی پەیوەندی جنسی نێوان نێر و مێ و نێر و نێر دەکەنەوە. بەشێکی گرنگی ئەم بزوتنەوانە سودێکی گەورەیان لە تێزەکانی پۆست مۆدێرنە دەربارەی جیاوازی و فرە دەنگی و فرە هەقیقەتی و فرە مانایی وەرگرتوە و لەڕووی سیاسیەوە بەکاریانهێناوە بۆ بەرگریکردن لە شوناسی تایبەتی خۆیان.

ئەم بزوتنەوانە بە بەرگریکردنی بەردوامیان لە شوناسی تایبەت و جیاواز، لە شێوەژیان و دیدی تایبەت، لە هێزە پەراوێز و بێدەنگ و لاوازەکان، نەک دژ بە دیموکراسیەت نین، بەڵکو ماناکان و میکانیزمەکان و شێوازەکانی ڕێکخستنی ژیانی دیموکراسیان قووڵتر و قووڵترکردۆتەوە. ئەم بزوتنەوانە دژ بەو شێوە دەسەڵاتە باڵادەست و پاوانکارانەن کە لەسەر بناغەی دید و وێناکردنی یەک شوناسی و یەک مانایی و یەک پێناسی و یەک کولتووری، بەگژ جیاوازی و مافی جیاوازبووندا دەچنەوە.

جیاوازی سەرەکی ئەم بزوتنەوانە لەگەڵ بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانی سەدەی ڕابووردودا لەوەدایە ئەمان شوناسی نەتەوەیی تەرجەمە دەکەن بۆ چەندەها شوناسی لۆکاڵی بچووک و بەرگری لە مافی جیاوازبوونی ئەم بوونە لۆکاڵییانە دەکەن. لە پرۆسەی دابەشکردنی شوناسی نەتەوەییدا بۆ چەندەها شوناسی دەستەیی و لۆکاڵی هەمەڕەنگ، ئەم هێزانە خوازیاری ئەوەن کۆی دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییەکان دیموکراسیتر کەن والایانکەن بۆ قبووڵکردنی جیاوازییەکان.

٤ـ ئاڵۆزبوونی گەورەی کایە مەعریفییەکان: سەرچاوەی چوارەمی فیکری پۆست مۆدێرن بریتییە لەو ئاڵۆزبوون و گەشەکردنە هەمەلایەنەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان و

کایە جیاجیاکانی فیکری فەلسەفی و زانستی بە خۆیانەوە بینیوە. لە جیهانی مەعریفی ئەمڕۆدا، لەنێو زانستە جیاجیاکاندا، لەناو هەر کایەیەک لە کایەکاندا، ئەوەندە میتۆد و تێز و تیورەی جیاواز و زۆرجار دژ بەیەک دروستبوون، کە ناکرێت هەموویان بۆ یەک گشتی وێکچوو کۆکرێنەوە، ئەم دۆخە هەلومەرجێکی هێناوەتەکایەوە کە تێیدا، بۆ نموونە، بۆ لێکدانەوەی تاقە دیاردەیەک لەناو تاقە زانستێکدا چەندان تێز و تیورە و دیدی مەنهەجی جیاواز و ناکۆک ئامادەبێت. ئەمەش وایکردوە نەکرێت تەنانەت لە ناو یەک زانست لە زانستەکاندا باس لە بوونی یەک مانا و یەک میتۆد و یەک هەقیقەت بکرێت، ئەوە لەنێوان زانستە جیاوازەکاندا و لە بەراوردکردنیاندا بەیەکدی پانتایی ئەم جیاوازییانە ئەوەندە گەورەیە کە مەحاڵە هەموویان لەژێر یەک چەتری فیکری و میتۆدی و مەعریفیدا کۆکرێنەوە. ئەم ئاڵۆزبوونە هەم زانستەکانی لەناو خۆیاندا و هەم لە بەراوردکردنیاندا بەیەکدی پڕکردوە لە دید و بۆچوون و بەرەنجامی جیاواز کە هیچ مەودایەک بۆ یەک مانایی نەهێشتۆتەوە. سەرەڕای ئەم ئاڵۆزبوونە، کێبەرکێی نێوان زانستە جیاجیاکان لەسەر پاوانکردنی هەقیقەت و میتۆد و لێکدانەوە و ڕاڤەکردن، وایکردوە هەر زانستە و گۆرانی تایبەتی خۆی بڵێ و هەریەکێکیان باس لە هەقیقەتە تایبەتەکانی خۆی بکات. فیکری پۆست مۆدێرن، بەوەی پێ لەسەر ڕێژەیی بوونی زانست و هەقیقەت و ماناکان دادەگرێت، لە پەیوەندییەکی پتەودایە بە پەیدابوونی ئەم هەموو ئاڵۆزی و جیاوازیانەوە لە نێو کایە جیاجیاکانی زانستە ئینسانی و کۆمەڵایەتییەکاندا.

وەک دەبینین فیکری پۆست مۆدێرن کۆمەڵێک سەرچاوەی تایبەتی هەیە و ئەم سەرچاوانەش هیچ پەیوەندییەکیان نە بەجەنگی جیهانی دووهەمەوە هەیە، نە بەو «لق» و «پۆپ»انەوە کە کاک مەلا بەختیار باسیاندەکات. جگە لەمانە بنکە کۆمەڵایەتی و سۆسیۆلۆژییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن بریتیین لەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە نوێیانەی کە خوازیاری کرانەوەی زیاتری سیستمی دیموکراسی و دەسەڵات و ستراکتورەکانی بەرهەمهێنانی شوناسن، ئەم بزوتنەوانەش بزوتنەوەی دیموکراسین و لە خەمی بەرفراوانکردنی ماناکان و مەوداکان و ڕەمزەکانی دیموکراسیەتدان. کەچی کاک بەختیار هەم بزوتنەوەکان و هەم ئامانجە دیموکراسییەکانیان و هەم ئەو بنەما فەلسەفییانەی کە ژێرخانی فیکری ئەم بزوتنەوانەن، مەبەستم فیکری پۆست مۆدێرنە، دەکاتە کۆمەڵێک مۆتەکە و هێزی نادیموکراس و ڕەوانەی مۆزەخانەیان دەکات،

بەرامبەر بەم بێدەربەستییە فیکرییە سەرسوڕهێنەی کاک بەختیار من هیچ ناڵێم، با خوێنەر خۆی حوکمی خۆی بدات.

## 11 ـ ئایا پۆست مۆدێرنە دژ بە کورد و جیهانی سێهەمە؟

لە سەرێک لە سەرەکانەوە، قۆناغی پۆست مۆدێرنە قۆناغی داننانی ڕۆژئاوایە بە جیاوازەکانی دەرەوەی خۆیدا، قۆناغی دیتن و قبووڵکردن و بەرجەستەبوونی ئەو جیاوازییانەیە کە بەشە جیاوازەکانی جیهان و کولتوور و کۆمەڵگاکان لەیەکدیجیادەکاتەوە. بەبۆچوونی زۆر فەیلەسوف، چ مۆدێرن و چ پۆست مۆدێرن، پرۆژەی مۆدێرنە، لەچەند ڕووەیەکەوە، پرۆژەیەکی یەک ئاراستە و یەک دیدە، کە لە فۆرمی دیدێکی ئەوروپیگەرایی (ئیرۆ سێنتەریستیدا) بەرجەستەیە. مەبەست لە ئیرۆسێنتریزم ئەو شێوازە تایبەتەی بیرکردنەوەیە کە تەنها لە دیدی ئینسانی ئەوروپییەوە، تەنها لە چۆنیەتی گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوونی مێژووی ئەوروپاوە و تەنها لەڕێگای وێناکردنەکانی ئینسانی ئەوروپییەوە لە جیهان و کۆمەڵگا و مێژوو و کولتوورەکانی دەرەوەی ئەوروپا ڕامێنیت. بەم مانایە پرۆژەی مۆدێرنە، لە چەند سەرێکەوە، پرۆژەیەکی ئێرۆسێنتریستە، ئەو وێنانەی بۆ «ئەوانیدی» دروستدەکات ئەو وێنانەن کە وەک دیوی نێگەتیڤی وێنەکانی خۆی نیشانیئەدات، بۆ نموونە، مادامەکی مێژووی مۆدێرنی ڕۆژئاوا خۆی وەک مێژوویەکی عەقڵانی وێنادەکات، ئەو وێنانەی کە بۆ مێژووی گەلانی دەرەوەی خۆی دروستدەکات بەپێویست وێنەی مێژوویەکی ناعەقڵانین. ( تکایە خوێنەری بەڕێز بۆ تێگەیشتنی تەواو لەم تێزە فیکرییە گرنگە بگەڕێرەوە بۆ کتێبە زۆر گرنگەکەی ئیدوارد سەعید بەتایبەتی هەردوو کتێبی : ئۆریانتالیزم، کولتوور و ئیمپریالیزم).

هەرچی قۆناغی پۆست مۆدێرنەیە قۆناغی بە قسەهاتنی دنیاکانی دیکەیە، قۆناغی بەدەستهێنانی مافی قسەکردنە لەلایەن گروە و کەسان و گەلانی نا ئەوروپی و نا ڕۆژئاواییەوە، سەردەمی بەشبەشکردنی هەقیقەت و بە قسەهاتنی هەقیقەتەکانی دەرەوەی ڕۆژئاوایە. بەحوکمی ئەوەی قۆناغی پۆست مۆدێرن قۆناغی جیاوازیی هەمەڕەنگە، بەحوکمی ئەوەش کە فیکری پۆست مۆدێرن فیکری ڕێزنانە لە جیاوازی، بۆیە هەموو دەنگێکی جیاواز مافی قسەکردنی هەیە، لێرەوە دنیای دەرەوەی ڕۆژئاوا، دنیای بە پەراوێزکراو، دنیای گەلانی بێدەنگکراو مافی ئەوەیان هەیە بدوێن و پێ

لەسەر شوناس و کولتوور و کۆی جیاوازیەکانی تری خۆیان داگرن. (Featherstone, 1995: 117) (بەداخەوە ئەم بە قسەهاتنەی گەلانی دەرەوەی ڕۆژئاوا تا ئەم ساتەی ئێستامان شێوەی بە قسەهاتنێکی ئایینیانەی گرتۆتەخۆی کە ئوسوڵییەتی ئیسلامی لە فۆرمی ئەزموونی ئێرانی و ئەفگانی و سودانیدا دیارترین نموونەکانیەتی).

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەم گۆڕانە گرنگە، واتە ناچاربوونی ڕۆژئاوا بۆ گوێگرتن، کۆچە. کۆچی هەموو ئەو شتانەی کە قابیلی کۆچکردنن، کۆچی مرۆڤ و کولتوور و سەرمایە و وێنە و سومبول. لەم دە ساڵەی دواییدا یەکێک لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە کۆمەڵێک فەیلەسوف و کۆمەڵناس و تیوریست، بۆ ناسین و خوێندنەوە و تێگەیشتنی دنیای پۆست مۆدێرن، پێوەیخەریکن، خوێندنەوەی ڕووکارە جیاوازەکانی کۆچە. بوونی ملیۆنان مرۆڤی سەر بە نیشتیمان و کولتوور و جوگرافیای جیاواز لەناو ئەوروپا و ئەمریکادا، بوونی دەیەها و سەدەها ڕۆشنبیری دنیای سێ لە ڕۆژئاوادا، بوونی هەزاران سێنتەری کولتووری و هونەری جۆراوجۆر، دۆخێکیان هێناوەتە کایەوە کە چیدی ئەوروپیەکان تاقە قسەکەری سەر ئەم ئەستێرەیە نەبن. لەم ڕووەوە ڕۆشنبیرانی هیندی و پاکستانی و کاریبی و فەلەستینی و ڕۆژهەلاتی دوور و خواروی ئەفریقا ڕۆڵێکی هێجگار گەورەیان بینیوە لە بەخشینی دەنگ بە جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوا. ڕۆشنبیرانی لە بابەتی، ئێدوارد سەعید، گەیاتری سپیڤاک، هۆمی بەهابەها، ئیعجاز ئەحمەد، محەمەد ئارکون، تەلال ئەسەد و نەزیە ئەیوبی و چەندانی دی، لە هەشتاکانەوە، کاریگەرییەکی لەڕادەبەدەر و گەورەیان لەسەر فیکری زانستی و فەلسەفی لە ئەوروپادا هەبووە و هەیە. لەم ڕووەوە (ئەنتۆنی کینگ) دەڵێت ئامادەگی ئەم نووسەرە کۆچکردوانە و ئەم دەنگە جیاوازانەی دنیای دەرەوە لەناو ئەوروپادا ووشیاریەکی نوێیان هێنایەکایەوە کە دواجار لەژێر چەتری پۆست مۆدێرنەدا کۆکراونەتەوە. (هـ. س. پ.، ل ١١٧)

بە مانایەکی دی، فیکری پۆست مۆدێرن ئەو فیکرەیە کە بەپێی پرنسیپە مەعریفی و بنەما تیوری و دیدە سیاسی و وێناکردنە کولتوورییەکانی، جیهانی دەرەوەی ڕۆژئاوا ئاسانتر لەهەمووکات ماف و توانا و ئەگەری قسەکردن پەیدادەکات تا لە گۆشەنیگای خۆیەوە لەجیهان ڕامێنێت. لەم سەکۆ تایبەتەوە، کە بێگومان تاقە سەکۆ نییە بۆ خوێندنەوەی فیکری پۆست مدۆێرن، فیکری پۆست مۆدێرن فیکرێک نییە ڕۆژئاوا دروستیکردبێت، بەڵکو فیکرێکە لەزۆر ڕووەوە دەرەنجامی ئامادەگی بەشێکی گەورەی

ڕۆشنبیرانی دەرەوەی ڕۆژئاوایە لەناو ڕۆژئاوادا، لە خۆڕانییە ئیدوارد سەعید و ئیهاب حەسەن وەک دوو بیریاری گەورەی فیکری پۆست مۆدێرن ناسراون.

لە پەیوەندیدا بە کوردەوە من لێرەدا بە شەرمەوە سەرنجی خوێنەران بۆ ئەو ڕاستییە سادەیە ڕادەکێشم کە من وەک نووسەرێکی کورد، لە پێنج ساڵی ڕابووردودا، واتە لەو کاتەوە کە توانای نووسینم بە زمانی هۆڵەندی پەیداکردوە، دەیەها ووتارم لەسەر مەسەلەی کورد و مەسەلەی ئافرەتان و مەسەلەی ئابووری و کێشەی مین و ژیانی پەناهەندە و چەندان بابەتی دیکە بە زمانی هۆڵەندی نووسیوە، بەم کارەشم بوومەتە یەکێک لەو کەسانەی لە هۆڵەندا وەک کوردێک دەتوانم لەسەر ئەم کێشانە قسە بکەم. ئەمە جگە لەوەی لەچەندان دیالۆگی سیاسی و فیکری و کولتووریدا لەسەر مەسەلەی بیانی و کۆمەڵگای فرە کولتووری و ئاین، بەشداربووم و چەندان ووتاری جیاجیام نووسیوە. بێگومان ئەم مافی قسەکردن و بەدەنگهاتنە بە تەنها وابەستەی کۆمەڵێک لە پرنسیپە گرنگەکانی فیکری پۆست مۆدێرن نییە، بەڵام ناشکرێت لەو جیهان و فیکرەش دابڕێت کە ناوی جیهان و فیکری پۆست مۆدێرنە.

بەکورتی قۆناغی پۆست مۆدێرنە و ئەو فەزا ڕۆشنبیریی و فیکرییەی خوڵقاندویەتی، هەلی ئەوەی خستۆتە بەردەمی ڕۆشنبیرانی جیهانی سێ کە بتوانن لەناو ڕۆژئاوا خۆیدا بێنە قسە و باس لەکێشەکانی جیهانی خۆیان بکەن. لەم ڕووەوە تائێستا پۆست مۆدێرنە تاقە قۆناغێکە تێیدا «ئەوانیدی» لەناو ڕۆژئاوادا و بەرامبەر بە ڕۆژئاوا توانای قسەکردنیان پەیداکردبێ و بەرگریش لەکۆمەڵێک هەقیقەت بکەن کە لەزۆر ڕووەوە لە هەقیقەتەکانی ناو ڕۆژئاوا یەکناگرنەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت ئەم دۆخە بێگرفت و کێشە و پەراوێزکردن نییە.

## 12 ـ دەرنجام

بە زۆرمانا قۆناغی پۆست مۆدێرنە قۆناغی ئاوابوونی قەناعەت و دڵنیاییە کۆنەکانە، قۆناغی لە دایکبوونی فیکرێکە کە تێیدا حیکایەتە گەورەکانی ئاین بە حیکایەتە ئایدیۆلۆژییە گەورەکانی مۆدێرنە مایەپووچ بوون، تێیدا عەقڵ سنوورەکانی خۆی دەناسێت و لەو ڕاستییانەش ئاگادارە کە دەشێت زیانبەخشانە دەستبەکاربێت. لە هەلومەرجی پۆست مۆدێرندا نە ئاین، نە زانست، نە هیچ فەلسەفەیەک، ناتوانێت وەڵامی هەموو پرسیارەکانی ئینسان بداتەوە و چارسەریش بۆ هەموو کێشەکان

بدۆزێتەوە. جیهان ئاڵۆز بووە و ئەم ئاڵۆزیی و فرە ڕەهەندیەش لە فیکردا ڕەنگیداوەتەوە و ئەو وێناکردنە تایبەتانەی دروستکردوە کە پێیاندەگوترێت وێناکردنی پۆست مۆدێرن.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەم کەنیسە و مزگەوت و زیناگۆگ، هەم تاقیگا و ناوەندە زانستیەکان کێشەی گەورەیان بۆ مرۆڤایەتی دروستکردوە، یەکەمیان مژدەی بەهەشتێکی ئاسمانی و دووهەمیان مژدەی بەهەشتێکی سەرزەمینی ئەدات. بەڵام هەردووکیان لە قۆناغ و سەردەمی جیاوازدا زیاد لە جەهەنەمێکی سەرزەمینیان دروستکردوە. ئایینەکان جەهەنەمی تەکفیر و سەربڕین و ئەتککردنی ژیان و تاقیگەکان جەهەنەمی بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کیمایاوی و ڕاکێتی بایۆلۆژییان دروستکردوە. (بێگومان ئەم قسانە مانای ئەوە نییە کە زانست و ئاین خزمەتی گەورەیان بەمرۆڤایەتی نەگەیاندووە، مەبەستی من هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ووشیارییەکی ڕەخنەیی لە پەیوەندییدا بە زانست و ئاین و بەرهەمەکانیانەوە). لەم ڕووەوە ڕۆژگاری پۆست مۆدێرن ئەو ڕۆژگارەیە کە تێیدا ئینسان لەوە ئاگادارە کە هەمیشە لەبەردەم ئەگەری کەوتنە ناو جەهەنەمی ئایین و جەهەنەمی تەکنیکدایە، گەر ووشیارانە لە پەیوەندییەکی ڕەخنەیی ڕۆژانەدا نەبێت بە رووکارە دزێوەکانی کۆمەڵگای نوێوە، بنیادنانی جەهەنەم یەکێکە لە ئەگەرە گەورەکانی ژیانی خۆی و ئەو جیهانەی تێیدا دەژی.

ئینسانی قۆناغی پۆست مۆدێرن ئینسانێکە چیدی باوەڕی بە مژدە ساکارەکان، بە بەڵێنە ئایدیۆلۆژییە گەورەکان و بە بەهەشتە ئەفسانەییەکانی ئایین و ئایدیۆلۆژیا نەماوە، سەدەی بیستەم شایەتی مەرگی زیاد لە سەد ملیۆن مرۆڤە، ئەم مەرگەش دەرەنجامی شەڕ و پێکدادانی ئەفسانەی ناو ئایدیۆلۆژیا گشتگیرەکان و تەکنۆلۆژیای کوشتنی بە کۆمەڵە. لێرەوەیە ئینسانی قۆناغی پۆست مۆدێرن بۆتە بوونەوەرێکی پڕ گومان و ئاگادر لەو ڕاستییە کە دەشێت لە پێشیەوە جەهەنەمێک دەرگاکانی بکاتەوە و جیهان وەک گشتێک بۆهەتا هەتایە قووتبدات. مەترسییەکانی قۆناغی پۆست مۆدێرنە مەترسی گەردوونین و نابەسترێنەوە بە سنووری دەوڵەت و نەتەوەیەکی دیاریکراوەوە، شێوەکانی ئەم جەهەنەمە ئایندەییەش دەشێت فۆرمی پیسبوونی ژینگە، فۆرمی بەرپابوونی جەنگی ئەتۆمی، فۆرمی بنکۆڵکردنی تواناکانی زەوی لە بەخێوکردنی ئینساندا، فۆرمی بڵاوکردنەوەی گازی ژەهرین لەناو میترۆ و نەفەقە قووڵەکانی ناو پێشکەوتوترین کۆمەڵگاکانی دنیادا، فۆرمی پەیدابوونی سیاسییەک کە خۆی هاووڵاتی

وڵاتێکی ئەوروپی بێت، ماڵ و منداڵ و دۆست و هاورێکانی لەدەرەوەی ئەو شوێنەدا بژین کە حوکمی تێدادەکات و بەناوی خودا و ئیسلام و باوەڕەوە شەڕی خوێنینی تێدا بەرپادەکات. فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە، بە تایبەتی لای لیوتار و باومان، ئاگاداربوونەوەیە لەم ئەگەرە تراژیدیەی ژیان و لە نەبوونی دڵنیاییەکی هەمیشەیی و کرنەکەوتن بەسەر قەناعەتە کۆن و پوکاوەکاندا. بەڵام هەموو ئەمانە نە بەڕاکردن بۆ دنیایەکی خەیاڵی و خۆشاردنەوە لەنێو لاپەڕەی کتێب و تیورە فەلسەفییەکاندا، بەڵکو بە قبووڵکردنی ئەم مەسەلانە وەک بەشێک لە ژیانی هاوچەرخ و بەرەنگاربوونەوەیان لە کات و ساتی گونجاودا. لەم ڕووەوە ژیان و کارەکانی فۆکۆ باشترین نموونەی فەیلەسوفێکن کە ڕۆژانە لە شەڕی بەردەوامدا بووە لەگەڵ ڕووکارە ناشیرینەکانی ئەم جیهانە تازەیەدا.

لە کۆتاییدا دەپرسین ئایا ئەم دیدە فەلسەفییە بۆ کۆمەڵگا و جیهان و دیاردەکان بەکەڵکی کورد دێت، یان وەک کاک بەختیار دەڵێت ئەم فەلسەفەیە بە ئێمە نامۆیە و ئێمە زۆرمان ماوە بگەینە «ئەودیوی شاخەکە». من لە وتارێکدا کە لە ژمارە یەکی گۆڤاری (ڕەهەند) ی لەساڵی ١٩٩٦ بڵاومکردۆتەوە یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی ناوخۆم بەوە لێکداوەتەوە کە هیچ هێزێک لە کوردستاندا ئامادە نییە جیاوازی هێزەکەی دیکە بسەلمێنێت. خودی شەڕیشم وەک هەڵنەکردنی دوو جیاوازی بەیەکەوە پێناسکردوە. لەو وتارەدا باسم لە ئامادەنەبوونی ترسناکی فەلسەفە و عەقڵانییەتی کولتووری جیاوازی و ڕیزنان لە جیاوازی کردوە و وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بەرپابوونی شەڕە وەرزییەکانی کوردستانم ناساندوە. لە ڕاستیدا نەک تەنها شەڕەکانمان لە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆدان بە قبووڵنەکردنی جیاوازییەوە، بەڵکو بێتوانایيمان لەپیادەکردنی کۆمەڵێک ڕیفۆرمی کولتووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیشدا وابەستەی نەبوونی دیدێکی جیاوازیخوازە. کە ئێمە ناتوانین دەست بۆ کۆمەڵێک بەندی یاسای ئەحواڵی مەدەنی ببەین، ئەمە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە لەبەردەم هێزی دەقێکی ئاینیداین کە ناچارمان دەکات لەیەکبچین و یەک باوەڕمان هەبێت و یەک حوکم بەسەر هەموماندا بسەپێندرێت. جیاکردنەوەی ئاین لە دەوڵەت لەوێوە هاتووە کە دەوڵەت ناتوانێت خۆی وەک «هاوبەشێکی گشتی» نیشاندات بەسەر هەموو جیاوازییە ئاینی و کولتووری و سیاسییەکانەوە، دەوڵەت ناتوانێت ناوبژیوانێکی بێلایەنبێت لەنێوان گەمەکەرە کۆمەڵایەتی و سیاسی وکولتووری و ئاینییە

جیاوازەکاندا، گەرهاتوو ماڵئاوایی لەو دیدە گشتگیرانە نەکرد کە هەمووان ناچاردەکات وەک یەک بیربکەینەوە و وەک یەک باوەڕمان هەبێت و ڕوومان لە هەمان ئاسمانبێت. فەلسەفەی جیاوازی و دیدی پۆست مۆدێرن بۆ هەقیقەت دەشێت لەم ڕووەوە یاریدەدەرێکی هێجگار گرنگبێت بۆ گەشەدان بە فیکر و فەلسەفەی جیاوازی.

هەر لێرەدا حەزدەکەم کاک مەلا بەختیار لەو ڕاستییە سادەیە ئاگادارکەمەوە کە بە داخەوە لە هەموو کوردستاندا یەک نووسەرمان نییە لەدیدی پۆست مۆدێرنەوە لەجیهان و کۆمەڵگا و دیاردەکانی ناو کۆمەڵگای کوردی بڕوانێت. کەسێکمان نییە تا ئێستا هەوڵێکی ڕاستەقینەی دابێت بنەما و گوتراو و گریمانەکانی ئەم فەلسەفەیەی بە خوێنەری کورد ناساندبێت، تا ئێستا دوو ووتاری فەیلەسوفە پۆست مۆدێرنەکان نەکراون بە کوردی، دوو بابەتی تێروتەسەل و مەنەهەجی لەسەر فیکری پۆست مۆدێرن نەنوسراون، مەبەستم نووسینی ڕاستەقینەیە نەک ڕیزکردنی موستەلەحات و گوتەزای ڕاڤەنەکراو و ناوی فەیلەسوفەکان بەدوای یەکدا. ئەمە لەکاتێکدا نەتەوەکانی دراوسێمان بەشێکی گرنگی فیکر و بۆچوون و نووسینی فەیەلسوفە پۆست مۆدێرنەکانیان وەرگێڕاوەتە سەر زمانی نەتەوەیی خۆیان. فیکری پۆست مۆدێرن لە ناوکایەی ڕۆشنبیری عەرەبی و فارسیدا تا ڕادەیەکی دیاریکراو ئامادەیە. کەسیش نەهاتوە بەو نووسەرانە بڵێت ئێوە شوێنی مەترسین بۆ نەتەوەی فارس و نەتەوەی عەرەب، نیشتیمانی خۆتان فرۆشتوە و دەتانەوێت دەسەڵاتی عەرەبی و فارسی نابوتکەن.

ئەگەر کاک بەختیار گۆڤاری ڕەهەندی بەباشی خوێندبایەوە لەو ڕاستییە سادەیە تێدەگەشت کە تەنها چەند نووسینێکی کەمی من نەبێت، هیچ نووسینێکی دیکە لەم گۆڤارەدا، لە بیرۆکەی جیاوازییەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەکان ڕانەماوە. جگە لە چەند نووسینێکی کەمی من، هیچ نووسەرێکی دیکە لە ڕەهەندا بەکێشەی هەقیقەت و جیاوازییەوە سەرقاڵنەبووە. کە ئەمش دەڵێم ئەمە مانای ئەوە نییە من نووسەرێکی گرنگ و پۆست مۆدێرنم، بە پێچەوانەوە من یەکێکم لەو نووسەرانەی کە نامەوێت لەناو هیچ نەخشە و قوتابخانە و ئاراستەیەکی فیکریدا نیشتەجێبم، بەردەوام لە خەمی تازکردنەوەی ئەو میتۆدە فیکرییەدام کە کاری پێدەکەم، بۆئەم مەبەستەش بێ ناونیشان و دروشم و کوورتکردنەوەی فیکر بۆ چەند ئەتەکێتێکی سادە دەخوێنمەوە و لەکوێشدا هەستمکرد بۆچوونێک، چەمکێک، تێز و تیورەیەک بەکەڵکم دێت و یارمەتیم ئەدات بۆ خوێندنەوەی ڕەهەندێک لە ڕەهەندەکانی

مێژوو و کۆمەڵگا و کولتووری کوردی، بێئەوەی تەماشای ئەوەبکەم ناوی ئەو قوتابخانە و فەیلەسوفانە چیین کە بەکاریدەهێنن، وەریدەگرم و هەوڵئەدەم کاری فیکری خۆمی پێبکەم. ئەمەش نەک ناچێتە خانەی فیکری پۆست مۆدێرنەوە، بەڵکو دەچێتە خانەی خەمخۆری و بە جدی وەرگرتنی فیکر و ڕۆشنبیربوون و نووسینەوە، دەچێتە خانەی دورکەوتنەوە لە ئینشانووسی و حوکمدانی بێجێ و گشتگیری ناڕاست، هەوڵدانێکە بۆ گەڕاندنەوەی ڕێز و حورمەت و بەها بۆ نووسین، لە ناوەندێکدا ئینشانووسی و بێمیتۆدی و بێفیکری پروکاندوویەتی.

دواجار ڕۆشنبیری کوردی، کە بێمیتۆدی و بێفیکری ئینشانوسی کوشتویەتی، چ زیانێکی لێدەکەوێت بە میتۆدە جیاوازەکانی فیکری پۆست مۆدێرن کاربکات، ڕۆشنبیری ئێمە کە نووقمە لە نامەنهەجییەت و سادەگۆیی و ڕێزدانەنان بۆ نووسین، کتێبەکەی کاک بەختیار خۆی نموونەیەکی بەرچاوی ئەم شتانەیە، چۆن دەکرێت بکرێتە ڕۆشنبیرییەکی شێلگیر و مانادار گەر دەوڵەمەند نەکرێت بە کۆی شێوازە میتۆدییە جیاجیاکنی فیکری زانستی و فەلسەفی و کۆمەڵایەتی.

بێگومان پۆست مۆدێرن بوون هەرچییەک بێت، خیانەت و ناپاکی و دژایەتیکردنی کورد و ئەزموونی کوردی و خوێنەرانی کورد نییە، نەک پرۆژەی لەناوبردنی کورد و کوردستان و تێکدانی عەقڵ و خەیاڵی نەوەی نوێی کوردی نییە، وەک کاک بەختیار بە مەبەستەوە دەیەوێت لە خوێنەرانی بگەیەنێت، بەڵکو، ئەگەر لە ڕۆشنبیری ئێمەدا ئامادەبوایە، ئەوکات هەڵوێستێکی فیکری شێلگیر و ڕاستەقینە و نوێ دەبوو بۆ خوێندنەوەیەکی دروستی کۆمەڵێک دیاردەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فیکری و کولتووریی کۆمەڵگای کوردی. هەنگاوی پۆست مۆدێرنانە، گەر هەبوایە، دەشێت هەنگاوی ڕاستەقینە بوایە بۆ دەوڵەمەندکردنی توانا تیوری و میتۆدی و فیکرییەکانی ڕۆشنبیری کوردی و دەوڵەمەندکرنی خەیاڵی ئەو نەوەیەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا تا سەر ئێسقان بێزارە لە سادەگۆیی و ئیشانووسی.

دواهەمین خاڵێک لێرەدا بمەوێت بیڵێم ئەوەیە من لەم بەشەدا لەسەر لایەنە لاواز و سادە و گشتگیرییەکانی فیکری پۆست مۆدێرن نەدوام، لەو کێشە میتۆدی و فیکری و فەلسەفییانە نەدوام کە فیکری پۆست مۆدێرن لەگەڵخۆیدا دەیهێنێت، ئەو ڕەخنانەم بەسەرنەکردەوە کە لە فیکری پۆست مۆدێرن دەگیرێن، هۆکەشی ئەوەیە قسەکانی کاک بەختیار لەسەر فیکری پۆست مۆدێرن ئەوەندە هەڵە و نازانستی و سادەگۆن، من لێرەدا تەنها بە فریای ڕاستکردنەوەیان کەوتم. دەنا فیکری پۆست مۆدێرن، وەک هەر

فیکرێکی دیکە، لەزۆر ڕووەوە قابیلی ڕەخنە و خوێندەوەی ڕەخنەییە. ئەم ئەرکە هەڵدەگرین بۆ کات و ساتی دیکە، یاخود هیواداری لە نەوەی نوێی نووسەرانی کوردا کەسانێک پەیدابن ئەم کارە جێبەجێکەن و ڕۆشنبیری ئێمە بە کۆمەڵێک دیدی ڕەخنەیی نوێ دەوڵەمەندبکەن.

## سەرچاوەکان


1- Buman, Z. Modernity and the Holocaust, Oxford, Polity 1989.

2- Bauman, Z. Modernity and Ambivalece, Oxford, Polity 1991.

3. Bauman, Z. Postmodern Ethics, Oxford, Polity 1993.

4-Beiharz, Peter, The Bauman reader, (Ed), Blackwell Publishers UK, 2000

5-De Costa, Denise, sprekende stiltes, een postmoderene lezing van het vrouweljke schrift van Irigaray-Kristeva- Lyotard, Kok 1 3 -

6- Delanty, Gerard, Modernity and postmodernity, SAGE, London, 2000. AgoraKampen 1989.

7- Doorman, Maarten & Pott, Heleen, Filosofen van deze tijd, Bert Bakker, Amsterdam, 2000.

8-Featherstone, Mike, Scott, Lash, and Robertson, Roland, Global Modernities, Sage, Londen 1995.

9-Joyce, Peter, An Introduction to Politics, Hodder & Stoughton, England 1999.

10-Kunneman, H. Brons, R., Lyotard lezen, Ethiek, onmenselijkheid en sensibiliteit, Boom, Amserdam, 1995.

11- Lyotard, Jean Francois, Het postmodernisme uitgelegd aan onze kinderen, Kampen, Kok Agora, 1987.

12-Lyotard, J,-F., The postmodern condition, Minneapolis, Minnesota University Press, 1984.
13- Muilwijk, Rita, Michel Foucault, Waarom is de waarheid zo weinig waar? Dater, Bergen op Zoom,1991.
14-Nash, Kate, (edt), Reading in Contemporary Political Sociology,
Blackwell, USA, 2000.
15-Rorty, Richard, Truth, politics and 'post-modernism', Spinoza Lectures, Van Gorcum, 1997
16- Smith, Dennis, Zygmunt Bauman, prophet of Postmodernity, Polity Uk, 1999.
17-van Peperstraten, Frans, Esthetiek, politiek en pluralisme, het postmoderne denken van J.F. Lyotard By, (red) van Ludwig Heyde, Henk Visser Tilburg universiteit press 1990
18-van Gils, Wouter, Realiteit en Illusie als Schijnvertoning Over het werk van Jean Baudrillard, Sun Nijmegen 1986
19- Wilterdink, Nico, In deze verwarrende tijd, een terugblik en vooruitblik op de postmoderniteit, Vossiuspers, AUP, Amsterdam.

٢٠- مەریوان وریا قانیع: ئەخلاقناسی لە دنیای پۆست مۆدێرندا. گۆڤاری ڕەهەند، ژمارە ٨ ستۆكهۆڵم، سوید ١٩٩٩.

بەشی سێیەم

# ترازیدیای میشێل فۆکۆ
# لە
# کتێبەکەی کاک مەلا بەختیاردا

«ئەگەر ئێمە بەردەوام بە هەمان زمان لەگەڵ یەکدا قسە بکەین، ئەوکات هەمان مێژوو دووبارە ئەکەینەوە»

ئیریگارای

«مەبەستی من ئەوە نەبووە باس لە مەسەلەی هەقیقەت بکەم، من ویستمە باس لەو کەسە بکەم کە پێمان دەڵێت هەقیقەت چییە. کێییە ئەو کەسەی کە پێیوایە دەتوانێت هەقیقەت بگێڕێتەوە (...) و لە چ پەیوەندییەکدایە بە دەسەڵاتەوە.»

میشێل فۆکۆ

«ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوە نییە بە خەڵک بڵێت دەبێت چیبکەن. بە چ مافێک ڕۆشنبیر بۆی هەیە ئەم کارە بکات؟.... ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوە نییە ئیرادەی سیاسی کەسانی دی دەستنیشانکات؛ ئەرکی ڕۆشنبیر ئەوەیە لە میانەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە کە لە کایەی کارکردنیدا ئەنجامیان ئەدات، جار دوای جار پرسیار ڕووبەڕووی ئەو شتانەبکاتەوە کە وەک بەڵگەنەویستیان لێهاتووە، عادەتە فیکری و عەقڵییەکانی خەڵک ئەو شێوازانەی بەهۆیانەوە بیر لە شتەکان دەکەنەوە و کارەکانیان پێئەنجامئەدەن، بخاتە ژێرپرسیارەوە، گومان بخاتە ناو ئەو شتانەوە کە ئاسایی و ناسراو و قبووڵکراون، سەرلەنوێ یاساکان و دەزگاکان بخاتە ژێر لێپرسینەوە و تاقیکردنەوەوە، لەسەرە ئەساسی ئەم سەرلەنوێ پێداچوونەوانەش، کە ڕۆڵی ئەو وەک ڕۆشنبیرێک بەرجەستەئەکەن، بەشداربێت لە دروستکردنی ئیرادەیەکی سیاسیدا کە تیایدا ڕۆڵی خۆی وەک هاوڵاتییەک جێبەجێدەکات»

میشێل فۆکۆ

## 1- سەرەتا

ئەم بەشە تەرخانە بۆ لێدوان لەو چارەنووسە تراژیدییەی کاک مەلا بەختیار بە فیکرو میتۆد و ژیان و فەلسەفەی میشیل فۆکۆ، فەیلەسوفی فەرەنسی، ئەدات. لەبەر دوو هۆش قسە لە چارەنووسی فۆکۆ لە کتێبەکەی کاک مەلا بەختیاردا دەکەم:

یەکەمیان: بە بەراوردکردنی بە فەیلەسوفەکانی دیکە کاک مەلا بەختیار زۆرترین لاپەڕەی کتێبەکەی بۆ ئەم فەیلەسوفە تەرخانکردوە و واینیشانئەدات کە گرنگییەکی تایبەتی پێدابێت.

دووهەمیان: کاک مەلا بەختیار وا لەخوێنەر دەگەیەنێت گوایە فیکری فۆکۆی خوێندۆتەوە و «مشتومال» و«شەن وکەوی» کردوە. ئەم مەسەلەیەش بەشێوەیەک دێنێتەپێشەوە کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردی بەوە تاوانبار دەکات بەوەی گوایە فیکری

فۆکۆی شێواندوە و بەڕێزی ئەو شێواندنە چاکدەکاتەوە. هەروەها کاک مەلا بەختیار، لە پەیوەندیدا بە فیکری ئەم فەیلەسوفەوە، لەیادی ناچێت چ کاک ڕێبین و چ من لەوە ئاگادارکاتەوە کە «مەسەلە فەلسەفییەکان ئاوا ناخوێندرێنەوە» وەک من و کاک ڕێبین خوێندومانەتەوە، بۆیە ئەو دەستدەبات هەم کاک ڕێبین و هەم من و هەم خوێنەریش فێردەکات چۆن ئەم فەیلەسوفە بخوێنینەوە و هەڵە و شێواندنە گریمانکراوەکانمان لە پەیوەندی بە فیکری ئەم فەیلەسوفەوە، چاکدەکاتەوە. بەڵام با بزانین ئەم قسانەی کاک بەختیار چەند ڕاستن و ئەم بەڕێزە چ شارەزاییەکی لە فیکری ئەم فەیلەسوفەدا هەیە؟

## 2 ـ فۆکۆ کێیە؟

سەرەتاییترین پرسیارێک لێیەوە دەستپێبکەین ئەوەیە داخۆ کاک مەلا بەختیار میشیل فۆکۆی چۆن بە خوێنەری کورد ناساندوە و بە چ شێوەیەک بیرو بۆچوون و میتۆدی کاکردنی ئەم فەیلەسوفەی «مشتو ماڵ» کردوە؟ با لێگەڕێین کاک بەختیار خۆی بدوێت: بەڕێزی لەلاپەڕە ٣٧٣ ی کتێبەکەیدا دەربارەی میشێل فۆکۆ دەنوسێت «لە فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە. لە زانکۆی (سۆربۆن) فەلسەفەی خوێندوە و دوای (٢٢) ساڵ، لیسانسی وەرگرتوە. لەو ماوەیەدا کۆمۆنیزم فەلسەفەی کاریگەر و پێشەنگی ڕادیکاڵەکان بووە، فۆکۆ چۆتە ریزی حیزبی کۆمۆنیستەوە و ساڵی (١٩٥١) وازیهێناوە. هەر ئەوکاتە خویداوەتە مەسەلە سایکۆلۆژییەکان و لیسانسیشی تێدا هێناوە. پاش ئەمە دیبلۆمی لەسەر ژیانناسی دەروونی وەرگرتوە. دوای گەڕان بە وڵاتان و گوتنەوەی وانە، لە زانکۆی هامبۆرگدا بە تێزێکی نوێ دەربارەی (شێتی) دکتۆراشی وەرگرت». (مەلا بەختیار، ل ٣٧٣).

هەرکەسێک ئەم دێڕانە بخوێنێتەوە و شارەزایەکی سەرەتایی لە ژیان و کارەکانی فۆکۆدا نەبێت وادەزانێت کاک مەلا بەختیار ڕاستدەکات و ئەو زانیارییە سەرەتاییانەی لە پەرەگرافەدا بە خوێنەری دەبەخشێت سەرلەبەریان ڕاستن. ئاخر یەکێک لە مەرجەکانی نووسەرێک کە ڕێزی خوێنەرەکانی بگرێت ئەوەیە زانیاری هەڵەی نەداتی. بەڵام بۆ یەکێک تۆزقاڵێک خۆی ماندووکات و هەوڵێکی سەرەتایی بدات بۆ گەڕانەوە بۆ ژیان و کارەکانی میشێل فۆکۆ، ڕاستەوخۆ بۆی ئاشکرادەبێت کە بەشی هەرەزۆری ئەو زانیاریانەی کاک مەلا بەختیار لەو دێڕانەدا ڕیزیکردون هەڵەن، هەڵەی زۆر زەقیشن. با ئەو هەڵانە نیشانی کاک مەلا بەختیار و خوێنەران بدەین:

ا- فۆکۆ لە زانکۆی سۆربۆن بەتەنها فەلسەفەی نەخوێندوە بەڵکو مێژوو، سایکۆلۆژیا و سایکۆپاتۆلۆجییشی خوێندوە. یەکەم کتێبی فۆکۆ کە لە ساڵی ١٩٥٤ دەینوسێت لەسەر سایکۆپاتۆلۆجییە. (Weiland 1999: 315)

ب - فۆکۆ لە ساڵی ١٩٥١ دا وازی لە پارتی کۆمۆنیست نەهێناوە بەڵکو لەساڵی ١٩٥٣ دا وزیهێناوە.

ج - فۆکۆ لەو کاتەدا، واتە لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥١ دا، خوی نەداوەتە مەسەلە سایکۆلۆجییەکان و لیسانسی وەرنەگرتوە، بەڵکو قوتابی دکتۆرابووە لە بواری سایکۆلۆژیدا.

د - فۆکۆ بە تەنها یەک بڕوانامەی دکتۆرای نەنووسیوە بەڵکو دووانی نووسیوە. لەو ڕۆژگارەدا هەموو قوتابییەکی دکتۆرا دەبوایە بۆ وەرگرتنی بڕوانامەی دکتۆرا دوو نامەی دوکتۆرا بنووسێت، یەکێکیان نامەی سەرەکی دکتۆرایە و ئەویدیکەیان نامەییەکی لاوەکییە. فۆکۆ بڕوانامە سەرەکییەکەی دەربارەی مێژووی دێوانەیی و لاوەکییەکەی لەسەر ئەنترۆپۆلۆژیای کانت، نووسیوە. (Didier Eribon 1989: 132)

ز - فۆکۆ لە زانکۆی هامبۆرگ دکتۆرای وەرنەگرتوە بەڵکو لە زانکۆی سۆربۆن وەریگرتوە.

ر- لەو ڕۆژگارەدا کۆمۆنیزم بەتەنها فەلسەفەی کاریگەر و پێشەنگی ڕادیکالان نەبووە، بەڵکو لەپاڵ کۆمۆنیزمدا فینۆمینۆلۆژیا و وجودییەت و شیکردنەوەی دەروونی و هیگڵیەت زۆر گرنگبوون و بەهەمان ئەندازەی کۆمۆنیزم لە ناوەندە فەلسەفییەکاندا ئامادەبوون.

وەک دەبینی تاقە ڕاستییە لەو پەرەگرافەی کاک بەختیاردا ئامادەبێت ئەوەیە کە دەڵێت میشێل فۆکۆ لە فەرەنسا هاتۆتە دنیاوە، ئەم زانیارییەش ئەوەندە گشتی و لاوەکییە پێویست بەوە ناکات بە خوێنەری بڵێیت. سەیر لەوەدایە کاک مەلا بەختیار ئەو سەرچاوەیەمان پێناڵێت کە ئەو زانیارییانەی لێوە وەرگرتوە تا بمانگواتایە ئەو هەلانە هی کاک مەلا بەختیار نین و هی نووسەری ئەو سەرچاوە باسنەکراوەیە. بە دەستنیشاننەکردنی سەرچاوەکە کاک مەلا بەختیار دووجار خۆی تاوانبار دەکات، جارێکیان بەوەی زانیاری هەڵەمان پێدەدات، جاری دووهەمیان بەوەی دەستنیشانی سەرچاوەی زانیارییەکانی ناکات.

با منیش وەک کاک بەختیار نەکبەم و بۆ سەلماندنی ئەو خاڵانەی سەرەوە بەڵگە و سەرچاوە نیشاندەم. سەرچاوەی بەڵگەکانیشم کتێبەکەی (Didier Eribon) سەبارەت بە ژیان و کارەکانی میشیل فۆکۆ کە بەیەکێک لەو کتێبە گرنگانە دادەنرێت کە لەسەر ژیان و کارەکانی فۆکۆ نووسراون. (Didier Eribon 1989)

## 1.2 ـ فۆکۆ و کۆمۆنیزم

پەیوەندی نێوان فۆکۆ و پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی پەیوەندییەکی کورتە، بەڵام وەک کاک مەلا بەختیار بەهەڵە باسیدەکات لە ساڵی ١٩٥١ کۆتایی پێنەهاتوە. فۆکۆ لە ساڵی ١٩٥٠ دا و لەژێر کاریگەری ئالتۆسێردا دەبێتە ئەندام لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسیدا، ئالتۆسێر جگە لەوەی کە مامۆستای فۆکۆ بووە لەهەمانکاتدا هاوڕێیەکی نزیکیشی بووە. کاتێک فۆکۆ لە ساڵی ١٩٥٣ واز لە پاری کۆمۆنیست دەهێنێت و پەیوەندی خۆی بە مارکسیزمەوە دەپچڕێنێت پەیوەندی هاوڕێیەتی لەگەڵ ئالتۆسێردا هەر بەردەوام دەبێت. (Didier Eribon 1989: 75)

با گوێ لە فۆکۆ خۆی بگرین بزانین چۆن چیرۆکی وازهێنانی خۆیمان لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی بۆ دەگێڕێتەوە، فۆکۆ دەڵێت:«کە من وازم لە پارتی کۆمۆنیستی فەرەنسی هێنا دوای ڕووداوە بەناوبانگەکەی پیلانی دکتۆرەکان بوو دژ بە ستالین کە لە زستانی ساڵی ١٩٥٢ دا ڕوویدا. وازهێنانم پەیوەندی بەوەوە هەبوو کە بەردەوام هەستی ناڕەزاییم هەبوو. ماوەیەکی کورت بەر لە مەرگی ستالین دەنگوباس بڵاوبووەوە گوایە کۆمەڵێک دکتۆر پیلانی کوشتنی ستالینیان داڕشتوە. ئاندرێ ڤورمسەر (سەرپەرشتکاری شانە حیزبیەکەی فۆکۆ لە زانکۆ) کۆبونەوەیەکی بۆ ئەندامانی شانەکەمان دروستکرد بۆ ئەوەی مەسەلەی پیلانەکەمان بەتەواوی بۆ ڕوونبکاتەوە. ئەگەرچی ئێمە باوەڕمان بە پاساوەکانی ئەو نەبوو، بەڵام هەوڵی تەواوماندا قەناعەت بە خۆمان بهێنین کە مەسەلەکە بەوشێوەیە بووە کە پێمان دەگوترێت. ئەم گوێڕایەڵییە کوێرانەیە سەر بەو جۆرە پەیوەندییەیە کە من ئێستا بە پەیوەندییەکی مەترسیداری ناونووسدەکەم، بەڵام من خۆم لەوکاتەدا پەیڕەویم دەکرد. ئەو گوێڕایەڵییە کوێرانەیە ئوسلوبی من بوو بۆ مانەوەم لەناو حیزبدا. (...) بەڵام چەند مانگێک دوای مەرگی ستالین هەواڵ بڵاوبووەوە کە پیلانی دکتۆرەکان جگە لە درۆیەکی هەڵبەستراو شتێکی دیکە نەبووە. ئێمە نامەیەکمان بۆ سەرۆکی شانەکەمان نووسی بۆ ئەو مەسەلەکەمان بۆ ڕوونبکاتەوە، بەڵام هەرگیز وەڵاممان وەرنەگرتەوە. (...) ئیدی من لەدوای ئەم

بێدەنگییەوە خۆم لە حیزب دوورخستەوە» (هـ. س. پ.، ل ٧٥). مادەمەکی ستالین لە ٥ مارتی ساڵی ١٩٥٣ دا مردوە کەواتە فۆکۆ دوای ئەو مێژووە بە ماوەیەک وازیهێناوە. بەباوەڕی نووسەری ژیاننامەکە دەشێت فۆکۆ لە هاوین یان زستانی ساڵی ١٩٥٣ دا و دوای مردنی ستالین وازیهێنابێت (هـ. س. پ.).

خوێنەر وەک دەبینێت کاک مەلا بەختیار لە گواستنەوەی ئەم زانیارییە سادەیەدا بەهەڵەدا چووە و مێژوویەکی دەستنیشانکردوە کە پەیوەندی بەوازهێنانی فۆکۆ لە حیزبی کۆمۆنیستەوە نییە، ئەمە جگە لەوەی دەستنیشانی ئەو سەرچاوەیەی نەکردوە کە ئەو مێژووە ناڕاستەی لێوە گواستۆتەوە. ئەمەش بۆخۆی ساکارترین و سەرەتاییترین پرنسیپی نووسینی زانستییە.

## 2.2 ـ فۆکۆ و سۆربۆن

فۆکۆ لە سۆربۆن بەتەنها فەلسەفەی نەخوێندوە بەڵکو فەلسەفە و سایکۆلۆژیا و مێژوو و ئەو شتانەی دیکەشی خوێندوە کە لەسەرەوە هێمام پێکردن. بەهەرحاڵ مادامەکی کاک مەلا بەختیار لەو پەرەگرافەدا دەڵێت سایکۆلۆژیاشی خوێندوە و لیسانس و دیبلۆمی تێدا هێناوە دەشێت چاو لەم هەڵەیەی بپۆشین، بەڵام کێشەکە بەم چاوپۆشینە کۆتاییناییەت چونکە کاک مەلا بەختیار هەر لەو پەرەگرافەدا و لە پەیوەندیدا بە مەسەلەی سایکۆلۆژیاوە دیسانەوە چەند زانیارییەکی هەڵەی بە خوێنەر داوە. فۆکۆ لە ساڵی ١٩٥١ دا قوتابی دکتۆرایە نەک لیسانس خوێن (هـ. س. پ.، ل ٥٥). دکتۆراکەشی واچاوەڕواندەکرا لەسەر سایکۆلۆژیا بنووسێت نەک فەلسەفە، ئەو بابەتەشی لەو کاتەدا پێوەی خەریکدەبێت بریتییە لە «چەمکی کولتوور لە سایکۆلۆژیای هاوچەرخدا» (هـ. س. پ.، ل ٥٦). ماوەی ساڵێک بەم تێزەوە خەریکدەبێت و دواتر وازیلێدەهێنێت. بەکورتی فۆکۆ لەساڵی ١٩٥١ دا، واتە لە «هەر ئەوکاتە» کەی کاک مەلا بەختیاردا، نەک لیسانسی نەهێناوە، بەڵکو قوتابی دکتۆرابووە و خەریکی کارکردن بووە لەسەر «چەمکی کولتوور لە سایکۆلۆژیای هاوچەرخدا».

## 3.2 ـ فۆکۆ و زانکۆی هامبۆرگ

کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی هامبۆرگ وەرگرتوە. ئەم قسەیەی کاک مەلا بەختیار هەڵەیەکی ئەوەندە گەورەیە ڕێک وەک ئەوە وایە من بە کاک مەلا بەختیار بڵێم تۆ ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

نییت، بەڵکو هی پارتیی یان حیزبی سۆسیالیست یان زەحمەتکێشانیت. لە ڕاستیدا فۆکۆ لە ڕۆژی شەممە، ڕێکەوتی ٢٠ مانگی پێنجی ساڵی ١٩٦١ لە هۆڵی «لویس لیارد «لە زانکۆی سۆربۆن کاتژمێری سەعات یەک و نیوی دوانیوەڕۆ دەستدەکات بە بەرگریکردن لە هەردوو بڕوانامەی دکتۆراکەی. یەکەمین جار بەرگری لەو بڕوانامە بچوکە دەکات کە لەسەر کانت نووسیویەتی و دوای ئەوەش بەرگری لە «مێژووی دێوانەیی «دەکات (هـ. س. پ.، ل ١٣٠). کەدێتە سەر بەرگری لە مێژووی دێوانەیی یەکەمین ڕستەی بەرگرییەکەی بەمشێوەیە دەستپێدەکات: «بۆئەوەی لەسەردێوانەیی قسەبکرێت ئینسان پێویستی بە تواناو بەهرەی شاعیران هەیە» (هـ. س. پ.، ل ١٣٠-١٣١). لەوکاتەدائەو پرۆفیسۆرەی کە سەرپەرشتی نامەی دکتۆراکەی فۆکۆی کردوە قسەکان بە فۆکۆ دەبڕێت و دەڵێت: «بەڵام تۆ ئەو بەهرە و توانایەت تێدایە» (هـ. س. پ.، ل ١٣١). وەک ئاشکرایە کاک مەلا بەختیار لێرەدا فۆکۆی بە قودرەتی قادر کردوە بە دەرچووی زانکۆی هامبۆرگ لە ئەڵمانیا، کاک بەختیار نەک تەنها لەناوی زانکۆکەدا هەڵەیکردوە بەڵکو لەناوی وڵاتەکەشدا.

د ـ لەو ڕۆژگارەدا کۆمۆنیزم بەتەنها پێشڕەوی ڕادیکاڵەکان نەبووە، بەڵکو کۆمەڵێک فەلسەفە و بیروبۆچوونی دیکە لە ئارادابوون کە من لەلاپەڕەکانی دیکەدا و لەباسکردنی سەرچاوەکانی فیکری میشێل فۆکۆدا نیشانی خوێنەری ئەدەم.

وەک دەبینین کێشەی کاک مەلا بەختیار بەتەنها لەوەدا نییە، وەک دواتر نیشانی ئەدەین، کە ڕووە فیکری و فەلسەفییەکانی بیری فۆکۆی شێواندوە و ڕاستەوخۆ بەپێچەوانەی مەبەستەکانی فۆکۆوە دواوە، ئەو تەنانەت لەو زانیارییە سادانەشدا هەڵەیکردوە کە کەسێک کەمەکێک ڕێزی خوێنەر و ڕێزی نووسین بگرێت نایانکات. بەڵام با واز لەم لایەنە بهێنین و تەماشای هەڵە گەورەکانی کاک مەلا بەختیارکەین کە بەناوی ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییەوە دایڕشتن و وەک ڕاستی و ململانێی ئایدیۆلۆژی بەخوێنەری کوردیشی فرۆشتوون.

## 3 ـ فۆکۆ و کاریگەرییەکانی ئەوانیدی لەسەری

بێگومان ڕاوبۆچوونی جیاواز هەن سەبارەت بەوەی کێ کاریگەری گەورەی لەسەر فۆکۆ هەبووە و لەکوێوە هێڵە گشتییەکانی بیری ئەم فەیلەسوفە سەرچاوەیان گرتوە. لەسەر ئەم بابەتە بە سەدان ووتار و دەیەها کتێب و چەندەها لێکۆڵینەوە بە زمانە

جیاجیاکانی دنیا نووسراون. بەڵام کاک مەلا بەختیار نەک بۆ هیچ یەکێک لەم سەرچاوانە ناگەڕێتەوە بەڵکو بە ئارەزووی خۆی و بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی و مەنهەجی لە سێ نیو دێڕدا باسی ئەوەمان بۆ دەکات کێ کاریگەری لەسەر ئەم فەیلەسوفە فەرەنسییە هەبووە. بەڵگەنەویستە یەکێک لەو کارە فیکرییە زەحمەتانەی لێکۆڵەرەوەیەک خۆی لەقەرەبدات مەسەلەی دەستنیشانکردنی کاریگەرییە فیکرییەکانی چەند نووسەر و فەیلەسوفێکە لەسەر چەند نووسەر و فەیلەسوفێکی دیکە. لە دۆخێکی وادا لێکۆڵەرەوە دەبێت لە دوو ڕووەوە شارەزاییەکی تەواوی هەبێت. لەسەرێکەوە شارەزاییەکی تەواوی لە فیکری هەموو ئەوانەدا هەبێت کە گوایە کاریگەریان لەسەر فلان یان فیسار فەیلەسوف هەیە یان هەبووە، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێت شارەزاییەکی تەواوی لە فیکری ئەو فەیلەسوف یان نووسەرەدا هەبێت کە گوایە کاریگەریی ئەوانیدیکەی لەسەرە. تەنها لەدۆخێکی لەم بابەتەدا و بە پەیڕەویکردنی ئەو دوو مەرجە، نووسەرێک دەتوانێت خوێنەر لە کاریگەرییەکانی کەسانێکی دیاریکراو لەسەر فیکری کەسێکی دیکە دەستنیشانکات. بۆ ئەمەش پێویستی بە میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی مێژوویی و میتۆدی خوێندنەوەی تێکست و کاریگەریی تێکستەکان لەسەریەکدی، هەیە. خۆ گەر لێکۆڵەرەوە ئەو دوو مەرجەی سەرەوەی تێدا نەبوو و ئەم شێوە لێکۆڵینەوەیە بواری کارکردنی ئەو نەبوون، ئەوا لانیکەم دەبێت بگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەی کەسانێکی دیکە کە لەو بوارەدا لێزان و لەم ڕووەوە ناسراون. لە مێژووی فیکری بەشەریشدا کەم نین ئەوانەی بەم جۆرە لێکۆڵینەوانەوە خەریکن و ساڵانێکی درێژی تەمەنی خۆیان بۆ ناسینی فەیلەسوفێک لە فەیلەسوفەکان یان قوتابخانەیەک لە قوتابخانە فیکرییەکان تەرخاندەکەن. کاک مەلا بەختیار بەبێئەوەی هیچ یەکێک لەو مەرجانەی سەرەوەی تێدابێت و بەبێئەوەی لانیکەمی بیرکردنەوەی لەو میتۆدانەی باسمکردن بە خەیاڵدا تێپەڕیبێ و بەبێئەوەی دەستنیشانی تاقە سەرچاوەیەکی کردبێت زۆر بە ئاسانی لە لاپەڕە ٣٧٣ کێبەکەیدا دەربارەی ئەوانەی کاریگەریان لەسەر فۆکۆ و فیکری فۆکۆ هەبووە دەنووسێت:

مارکس لەڕووی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەوە.

فرۆید لەبارەی هەوەس و مەعریفەوە.

کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات.

پێش هەموو شتێک من لێرەدا خوێنەر لەوە ئاگادار دەکەمەوە کە ئەم کاریگەرییانەی کاک مەلا بەختیار لەم سێ نیودێڕەدا باسیاندەکات هەرسێکیان هەڵەن، لانیکەم هەڵەن

لەو شێوەیەدا کە کاک مەلا بەختیار لێرەدا دایڕشتوون. پێشئەوەی بێمە سەر نیشاندانی ئەو هەڵانە دەمەوێت جارێکی دیکە جەغد لەسەر ئەوە بکەمەوە کە سادەترین پرسیارێک خوێنەر لە کاک مەلا بەختیاری بکات، پرسیارە دەربارەی سەرچاوەی ئەو زانیارییانەی لەو سێ نیو دێڕەدا ڕیزیکردون. کەس نازانێت کاک مەلا بەختیار ئەم زانیاریانەی لە کوێوە هێناوە، ئایا ئەمە دەرنجامێکە و کاک مەلا بەختیار دوای خوێندنەوەی مارکس و فرۆید و نیتشە و فۆکۆ و بەراوردکردنی فیکری هەریەکێک لەمانە بەویدیان، پێیگەیشتوە، یاخود ڕای کەسێکی دیکەیە و ئەو سووک و ئاسان بێئەوەی پێمانبڵێت کێیە و بێئەوەی سەرچاوەکەی دەستنیشانکات گواستویەتییەوە. کاک مەلا بەختیار ڕووناکاتەوە مارکس چۆن و کەی و لە کام کتێب و نووسیندا لە «ڕووی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەوە» کاری لە فۆکۆ کردوە. ئەی فرۆید چۆن و کەی و لەکوێ و لە کام کتێبدا «لە بارەی هەوەس و مەعریفەوە» کاریگەری لەسەر فۆکۆ هەبووە، هەمان ئەو پرسیارانەش بە نیسبەت نیتشە و کاریگەرییەکانی نیتشەوە لەسەر فۆکۆ بێوەڵامن. لەمانەش خراپتر ئەوەیە کە ئەو کاریگەرییە گریمانکراوانەی کاک مەلا بەختیار سەبارەت بە مارکس و فرۆید باسیاندەکات، ڕاست نین. نە مارکس نە فرۆید لە ڕیزی ئەو فەیلەسوف و زانایانەدا نین کە کاریگەری شایانی باسکردنیان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبوبێت. میتۆدی مارکس میتۆدی ماتریالیزمی دیالێکتیک و هی فرۆید شیکردنەوەی دەروونییە، ئەم دووانەش تاسەر ئێسقان ناکۆکن بە میتۆدی جینالۆجی و ئارکیۆلۆژی کە میتۆدی کارکردنی فۆکۆن. هەر فەیلەسوفێک لە پرۆسەی بیرکردنەوەدا پشتئەستووره بە میتۆدێکی دیاریکراو، بیرکردنەوە بێ میتۆد خورافەتە. کەوابوو دەبێت فۆکۆ، وەک کاک بەختیار دەڵێت، میتۆدی مارکسی بەکارهێنابێت بۆ بیرکردنەوە یان لەژێر کاریگەری ئەم میتۆدە مارکسییەدا بیریکردبێتەوە. ئەوەی یەک تۆزقاڵ زانیاری لەسەر فۆکۆ هەبێ، چ جای فیکری ئەوی «شەن و کەو» کردبێت وەک کاک مەلا بەختیار بە حیسابی خۆی کردویەتی، دەزانێت ئەمە کوفرێکی فیکری و مەعریفییە.

سەبارەت بە (نیتشە) ش قسەکەی کاک مەلا بەختیار تا ئەو شوێنە ڕاستە کە نیتشە یەکێکە لەو فەیلەسوفە گرنگانەی کاریگەری گەورەیان لەسەر فۆکۆ و بەرهەمەکانی فۆکۆ هەبووە، بەڵام ئەو کاریگەرییە گرنگانە بەو نیودێڕەی کاک مەلا بەختیار نووسیویەتی لێکنادرێتەوە (سەیر ئەوەیە کاک مەلا بەختیار لەسەرەتای کتێبەکەیدا ڕەخنەی کوردی بە کورتنەفەسی تاوانباردەکات، کەچی خۆی لە سێ نیودێڕەدا باس لە

فیکری چوار فەیلەسوف دەکات !!). من نایشارمەوە نازانم دەستەواژەی «کاریی نیتشە دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات» یانیچی، نەدەکرا بەڕێزی ئەم ڕستە ئاڵۆزە کەمکێک شیبکاتەوە و خوێنەر لە چۆنیەتی و چییەتی ئەم کاریگەرییە ئاگادارکاتەوە و بەمەش ڕەخنەی کوردی جارێکی دیکە لە کورتنەفەسی «ڕزگارکات» !!!؟

بەهەرحاڵ هەموو ئەوانەی باس لە لە سەرچاوەکانی فیکری فۆکۆ و ئەو فەیلەسوف و زانایانە دەکەن کە کاریگەریان لەسەر فیکری ئەم فەیلەسوفە هەبووە، شتێکی تەواو جیاوازمان لەو قسانەی کاک مەلا بەختیار پێدەڵێن. من وەک سەرەتا داوا لە خوێنەر دەکەم پێکەوە گوێ لە فۆکۆ خۆی بگرین و بزانین ئەو خۆی دەربارەی کاریگەریی فەیلەسوفەکانی دیکە لەسەر بیروبۆچوونەکانی چیمان پێدەڵێت، دوای ئەوە دێمە سەر ڕاو بۆچوونی فۆکۆناسێکی بەناوبانگ دەربارەی ئەم کاریگەرییانە، لەهەردوو بارەکەشدا داوا لە خوێنەر دەکەم دەرەنجامەکانی من و ئەو سێ نیودێڕەی کاک مەلا بەختیار بەیەکدی بەراوردبکات و خۆی ببێ بە سەرپشکی هەڵسەنگاندەکان و نرخاندنی ئەو خەباتە ئایدیۆلۆژییەی کاک مەلا بەختیار لە پێناوی کورد و کوردستاندا دژ بە ڕەهەند و نووسەرەکانی دەستیداوەتێ.

سەرەتا با بزانین فۆکۆ خۆی چیدەڵێت:

فۆکۆ لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی سەرچاوەکان و کاریگەرییەکانی فەیلەسوفان و نووسەرانی تر لەسەر فیکر و بیرو بۆچوونەکانی خۆی ئاوا وەڵامدەداتەوە «من دەربارەی کاریگەرییەکانی نیتشە و بلانشۆت و باتای قسەم بۆکردی. ئەم نووسەرانە یارمەتیاندام بتوانم خۆم لە زۆر نووسەری دیکە ڕزگاربکەم، بەتایبەتی لەو نووسەرانەی لە سەرەتای پەنجاکاندا لە زانکۆدا مامۆستام بوون. دەربارەی هیگڵ و فینۆمینۆلۆژیش شتێکم ووت، ئەمانە بەسەریەکەوە جەوهەری خوێندنی زانکۆکانی فەرەنسا بوون» (Foucault 1985: 17). هەر چەند دێڕێک دوای ئەم قسانە و لەهەمان لاپەڕەدا فۆکۆ وجودییەتیش دەخاتە سەر هیگڵیەت و فینۆمینۆلۆژیا و لەم ڕێگەیەوە ئەو چوارچێوە فیکرییە دەستنیشاندەکات کە تێیدا فیکری ئەو لەدایکدەبێت (هـ. س. پ.، ل ١٧). کەواتە دنیای فیکری ناو زانکۆکانی فەرەنسا لە پەنجاکاندا دنیایەک بووە تێیدا هیگڵییەت، فینۆمینۆلۆژیا و وجودییەت ڕێبازە سەرەکییەکانی ناوی بوون. فۆکۆ لەو دنیایەدا زیاتر گرنگی بەهیگڵ دەدات و دەڵێت: «هیگڵیەت خۆی وەک شێوازێک

نیشانئەدا کە بتوانین لەڕێی ئەوەوە بەشێوەیەکی عەقڵانی بیر لەو تراژیدیایە بکەینەوە کە نەوەی پێش ئێمە گیرۆدەی بووبوو ( مەبەستی تراژیدیای نازیزم و جەنگی جیهانی دووهەمە)، تراژیدیایەک لەهەمانکاتدا هەڕەشەی سەرلەنوێ دووبارەبوونەوەی دەکرد» (هـ. س. پ.، ل ١٨). بە کورتی فۆکۆ لێرەدا باس لەو ڕێباز و قوتابخانە فیکرییانە دەکات کە لەناو زانکۆکانی فەرەنسادا لەو ڕۆژگارەدا ئامادەبوون و ئەو وەک قوتابییەکی زانکۆ پێیان ئاشنابووە. بەڵام با بزانین لەدەرەوەی زانکۆکاندا چ باس بووە و چ جۆرە کار و تێز و چالاکییەکی فیکری لەئارادابوون. فۆکۆ دەڵێت: «لە دەرەوەی زانکۆکاندا سارتەر بە فەلسەفەکەیەوە دەربارەی خود باڵادەستبوو. میرلۆپۆنتیش لەسەر خەتی یەکبڕینی هیگڵیەت و وجودییەت وەستابوو «(هـ. س. پ.). لە درێژەی هەمان ئەو قسانەدا فۆکۆ دەڵێت: «من لە بەردەمی ئەم پانۆراما فیکرییەدا بڕیارمدا نەبمە پرۆفیسۆری فەلسەفە، لەلایەکی دیکەشەوە بڕیارمدا بەدوای شتێکی دیکەدا بگەڕێم تەواو جیاواز لە، بوونگەرایی، وجودییەت. ئا لەوێوە من باتای و بلانشۆم ناسی و هەر لەڕێی لەوانیشەوە نیتشەم ناسی» (هـ. س. پ.). بەڵام داخۆ لەو هەلومەرجەدا گرنگی باتای و بلانشۆ و نیتشە بۆ فۆکۆ لەچیدابووە، فۆکۆ لەوەڵامدا دەڵێت: «گرنگی ئەمانە بۆمن چیبوو؟ لەڕاستیدا ئەمان منیان داوەتکرد بۆئەوەی چەمکی خود و ئەولەوییەتی خود بخەمە بەر لێکۆڵینەوە و پرسیارەوە» (هـ. س. پ.، ل١٨).

کەواتە ئەوانەی لە پەنجاکاندا کاریگەری گەورەیان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووە، بریتیبوون لە بلانشۆت، باتای و نیتشە و تا ڕادەیەکیش هیگڵ. لەدەرەوەی ئەم نووسەرانەدا ئەوانەی لە زانکۆکانی فەرەنسادا لەڕووی فیکرییەوە کاریگەربوون بریتیبوون لە فینۆمینۆلۆژیا و هیگلیەت و وجودییەت. فۆکۆ کە لەم قوتابخانە فەلسەفییە باڵادەستانە، کە کەشی فەلسەفەی ئەکادیمی ناو زانکۆکانی فەرەنسای لەو ساڵانەدا دەستنیشانکردوە، بێزاربووە. لەباتی ئەمانە ڕاستەوخۆ کەوتۆتە ژێر کاریگەری باتای و بلانشۆت و نیتشەوە، گرنگی ئەمانەش لەو ڕۆژگارەدا بۆ ئەو لەوەدابووە کە ڕێگایەکی دیکەیان نیشانداوە جگە لەو ڕێیانەی لەو ڕۆژگارەدا لەلایەن هیگڵیەت و فینۆمینۆلۆژیا و وجودییەتەوە دەستنیشانکرابوون. وەک دەبینین فۆکۆ لێرەدا نە باس لە مارکس و نە باس لە فرۆید و نەباس لە «کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات» دەکات و کەس نازانێت کاک مەلا بەختیار ئەو شتانەی لە کوێوە هێناوە.

بەڵام بێگومان فۆکۆ وەک زۆربەی فەیلەسوفەکانی سالانی پەنجا بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بە فیکری مارکسەوە هەبووە، جگە لەمە فۆکۆ، وەک گوتمان، ماوەیەک کۆمۆنیست بووە، بۆیە گومان هەڵناگرێت دەبێت بەشێوەیەک لە شێوەکان پەیوەندی بە مارکسیزمەوە هەبووبێت. داخۆ ئەو پەیوەندییە چی بووە و چ ئاراستەیەکی هەبووە؟ با سەرەتا بزانین فۆکۆ خۆی دەربارەی پەیوەندی خۆی و مارکس و کۆمۆنیزم چیمان پێدەڵێت: «من کاتێک ساڵی ١٩٥٠ بڕیارمدا ببم بە ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست مارکسم باش نەدەناسی، بەڵام لەوەوە کەمن هیگڵیەتم قبووڵنەبوو هەروەها بەرامبەر بە وجودییەتیش نارازیبووم، بڕیارمدا ببم بە کۆمۆنیست» (هـ. س. پ.، ل ٢١). بەمانایەکی دیکە بوونی فۆکۆ بە کۆمۆنیست لەوێوە نەهاتوە کە ئەو لەژێر کاریگەریی فیکری مارکس دا بووە، بەپێچەوانەوە ئەو لە ڕەتکردنەوەی هیگڵیەت و نارازیبوون بەرامبەر بە وجودییەتەوە بووە بە کۆمۆنیست و لەم ڕووەوە، وەک ووتمان، ئەلتۆسێردا ڕۆڵێکی گرنگی یاری.

دەربارەی سەرچاوەیەکی دیکەی ئەو کاریگەرییانەی لەشوێنی دیکەوە وەریگرتوە فۆکۆ باسی بیرکردنەوە لە زانست و مێژووی زانست دەکات (هـ. س. پ.، ل ٢٥ ـ ٢٦). فۆکۆ دەنوسێت «لەو ڕۆژگارەدا لێکۆڵینەوە تیۆرییەکان زۆربەی هەرەزۆریان دەربارەی بابەتی زانست بوون: پرسیارەکان پرسیار بوون دەربارەی بنەماکانی زانست و بنەماکانی عەقلانییەت و مێژووی عەقلانییەت» (هـ. س. پ.). لەم بوارەشدا فۆکۆ ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەری نیتشەدا بووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت لە نیتشەوە ئەوە فێربووم لەباتی ئەوەی «خەریکی مێژووی زانست بم، خەریکی مێژووی هەقیقەت بم»، چونکە زانست تەنها بەشێکە لە هەقیقەت و نەک هەموو هەقیقەت (هـ. س. پ.، ل ٢٩ ـ ٣٠).

هەر لەوڕۆژگارەدا فۆکۆ ڕاستەوخۆ دەکەوێتە ژێرکاریگەری بیرۆکەی «دابڕانی ئەبستمۆلۆژی» لای گاستۆن باشلار و لێکۆڵینەوەی بایۆلۆژییانە لای جۆرج کانگویلهم، ئەم دوو فەیلەسوفە کاریگەرییەکی زۆر قووڵ و گەورە لەسەر تێڕوانینەکانی فۆکۆ لەم بوارەدا بەجێدەهێڵن. هـ. س. پ.، ل ٣١). بەتایبەتی بۆچوونەکانی جۆرج کانگویلهم، کە دواتر دەبێتە سەرپەرشتیاری بڕوانامەی دکتۆراکەشی.

هەرچی دەربارەی فرۆید و شیکردنەوەی دەروونییە فۆکۆ هیچمان پێناڵێت و ئەو شتە کەمانەشی لەم بوارەدا دەیانڵێت بەهیچ شێوەیەک دەربارەی فرۆید و کاریگەری

فرۆید نین، بەڵکو دەربارەی (جاک لاکان)ـە کە دوکتۆرێکی فەرەنسی سەر بە قوتابخانەی شیکارگەری دەرونییە. لاکان دکتۆرێکی سایکۆلۆژی و یەکێک لەوانە بوو کە بە توندی داوای گەڕاندنەوەی بۆ تێزەکانی فرۆید دەکرد، بابزانین فۆکۆ دەربارەی پەیوەندی خۆی و ئەم دکتۆرە فرۆیدییە چیدەڵێت: «من (لاکان) م بەشێوەیەکی چڕوپڕ نەخوێندۆتەوە، بۆیە ناتوانم بڵێم کارەکانی بۆمن وەک جۆرێک لە خیبرەیان لێهاتوە. من تەنها چەند نووسینێکی کەمی لاکانم خوێندۆتەوە. مەسەلەیەکی ئاشکراشە بۆ تێگەیشتن لە لاکان تەنها خوێندنەوەی نووسینەکانی بەس نین، مرۆڤ دەبێت بچێت گوێ لە وانەکانی زانکۆشی بگرێت، سەر لە کۆڕ و سیمینارەکانی بدات و گەر کراش لێکیانبداتەوە. من هەموو ئەم شتانەم نەکرد. ساڵی ١٩٥٥ یش کە لاکان کرۆک و جەوهەری فیکری خۆی پێشنیاردەکرد، من لە فەرەنسا نەمابووم» (هـ. س. پ.، ل ٣٤).

وەک ئاشکرایە ئەوەی فۆکۆ لە کۆی ئەو قسانەی سەرەوەیدا باسیاننکات هەموو ئەو نیو دێرانەیە کە بە حیسابی کاک مەلا بەختیار سەرچاوەی فیکری فۆکۆن و ئەو دوای «شەن و کەو» کردنی ڕاستەقینەیان ڕەوانەی مۆزەخانەی ڕۆشنبیری کردوە. وەک نیشانماندا فۆکۆ نە قسە لە کاریگەری مارکس لە «ڕووی بیرکردنەوە و دەسەڵاتەوە» و نە لە کاریگەری فرۆیدە لەبارەی «هەوەس و مەعریفەوە» و نە «کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات» دەکات. کەس نازنێت کاک مەلا بەختیار ئەم قسانەی لەکوێوە هێناوە و چۆن ئەو مافەی بەخۆیداوە ئەم زانیارییە هەڵانە بە خوێنەر بدات. من دواتر نیشانی ئەدەم مارکس نە ک لەڕووی دەسەڵاتەوە کاریگەری لەسەر فۆکۆ نەبووە بەڵکو تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ ڕێک پێچەوانەی تیورەی دەسەڵاتە لای مارکس. خوێندنەوەی فۆکۆ بۆ مێژووی جنس و جنسانیەتیش ڕێک پێچەوانەی بۆچوونەکانی فرۆیدن و فۆکۆ لە کتێبی «مێژووی جنسانیەت» دا بە درێژی گریمانە فرۆیدیەکان دەربارەی سەرکوتکردنی هەوەسی جنسی و قەدەغەکردنی لەبەریەکدی هەڵدەوەشێنێتەوە. گرنگی نیتشەش بۆ فۆک، وەک فۆکۆ خۆی دەڵێت، لەوەدایە فەیلەسوفێک بووە لەدەرەوەی فەلسەفەی «خود» دا دواوە و ڕەخنە لە هەقیقەت و سیستمی بەرمهێنانی هەقیەت بەرە و نیتشەی بردوە، نەک ئەو نیودێرە ئاڵۆز و نادیار و دەستنیشانکراوەی کاک مەلا بەختیار ناویدەنێت «کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات»

ئێستا با وایدابنێین فۆکۆ ڕاستمان لەگەڵ ناکات و سەرچاوەکانی فیکریی خۆیمان لێدەشارێتەوە و کاک مەلا بەختیار لە فۆکۆ باشتر دەزانێت کام فەیلەسوف و لە چ

کاتێکدا و لەکوێدا کاریگەرییان لەسەر فیکری ئەو هەبووە و هەیە. بۆئەوەی ئەم ڕێیەش لە کاک مەلا بەختیار بگرین و خوێنەر لەوە ئاگادارکەینەوە کە ئەو لەسەر سیقەی برادەران و لەخۆیەوە قسەدەکات، با بۆچوونەکانی کاک مەلا بەختیار بە بۆچوونی فۆکۆناسێکی بەناوبانگ بەراورد بکەین و هەوڵدەین بزانین داخۆ ئەم فۆکۆناسە هەمان قسەکانی کاک مەلا بەختیار دەکاتەوە یان شتێکی تەواو جیاوازمان پێدەڵێت. ئەم فۆکۆ ناسە چوار سەرچاوە بۆ فیکری فۆکۆ دەستنیشاندەکات و دەڵێت ئەم سەرچاوانە کاریگەرییان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووە: (Danaher 2000)

ا ـ فۆکۆ لەژێر کاریگەری دیدی مێژوویی، یان مێژووگەرایی (مارتن هایدگەر) و (کانگولهێم) دا بوو. لەژێر ئەم کاریگەرییەدا فۆکۆ هەموو هەقیقەت و تێز و تیورەیەک دەکاتە مەسەلەیەکی مێژوویی، بەمەش ئەو ڕەهاییەیان لێدەستێنێتەوە کە فەلسەفەکانی دیکە بەم چەمکانەیان بەخشیوبوو. فۆکۆ دەبینێت کە ئەپستیمەکان دەگۆڕێن (ئەپستیم ئەپستمۆلۆژیا نییە، من دواتر ئەم خاڵە ڕووندەکەمەوە)، دەزگاکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە دەگۆڕێن، تیورە زانستییەکان دەگۆڕێن، دید و وێناکردنەکان دەگۆڕێن، بۆیە پێیوایە ناکرێت باس لە ڕاستییەکی ڕەها یان لۆژیکێکی بان مێژوویی و ئەبەدی بکرێت کە گوایە لەدەرەوەی ڕووکارە کۆمەڵایەتی و کولتووری و مێژووییەکاندا دەژی و لەوێوە مێژوو و ڕووداوەکان ئاراستە دەکات. ئەمە جگە لەوەی ناکرێت یاسایەک بۆ مێژوو بدۆزرێتەوە و وەک ڕاستییەکی ڕەها مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. (خوێنەری وریا دەزانێت ئەم دیدە بۆ هەقیقەت تەواو دژ بە بۆچوونەکانی مارکسیزمە کە هەقیقەتێکی بابەتی و ئاراستە و ئامانجێکی نەگۆڕ بۆ مێژوو دەستنیشاندەکات).

ب ـ کاریگەری بونیادگەری و قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونیش لە شەستەکان بەدوا لەسەر میشێل فۆکۆ ئامادەبووە. لەم ڕووەوە کاریگەری ڕۆلان بارت و لویس ئالتۆسێر شوێنی سەرنج و تێڕامانن، بە تایبەت ئالتۆسێر کە مامۆستای فۆکۆ بووە (Danaher 2000:7). (خوێنەر سەرنجی ئەوەبدات لێرەدا کە باس لە کاریگەری قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی دەکرێت بەهیچجۆرێک قسە لە کاریگەری فرۆید ناکرێت). بەڵام هەر لێرەدا نووسەری ئەم کتێبە هێما بەو ڕاستییە دەکات کە میشێل فۆکۆ کێشەی گەورەی لەگەڵ بونیادگەریدا هەبووە. ئەو نووسەرە ئەم کێشەیە لەم دوو خاڵەدا کورتدەکاتەوە. (هـ. س. پ.، ل ٨) یەکەمیان: بونیادگەری ناتوانێت

نیشانمانبدات ئەو شتانەی لەساتەوەختێکی مێژوویدا دەکرێنە دەرەوەی بونیادی بالادەستەوە کامانەن. چین ئەو شتانەی بونیادە بالادەستەکان نایەڵن ئامادەبن؟ چین ئەوشتانەی بێدەنگ و چەپێنراون؟ چین ئەو شتانەی کە گوتارەکان بێدەنگیانکردوون؟ لەڕاستیدا بەشێکی گەورەی فیکری فۆکۆ تەرخانە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە کە بونیادگەری بەلایاندا نەچووە. لێرەوە کاریگەری بونیادگەری لەسەر فۆکۆ کاریگەرییەکی لاواز و پەراوێزی و کورتخایەنە. دووهەمیان: بونیادگەری ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە ئایا گۆڕان لە کوێوە دێت؟

ج ـ کاریگەری نیتشە لەسەر فۆکۆ:

نیتشە یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کە بیرۆکەی ئەوەی گوایە مێژوو بە شێوەیەکی عەقڵانی دەچێت بەرێوە ڕەتدەکاتەوە، هەروەها ئەو بیرۆکەیەشی قبوول نییە گوایە مێژوو بەرە و ئامانجێکی دیاریکراو دەڕوات. سەرەڕای ئەمانەش نیتشە باوەڕیی بەوە نییە کە مێژوو پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوامبێت لە عەقڵانییەتێکی نزم و بچووکەوە بۆعەقڵانییەتی بەرزتر و گەورەتر. بەپێچەوانەوە نیتشە باوەڕی وایە کە هێز و دەسەڵات، نەک هەقیقەت یان مەعریفە، لە پشتی ڕووداو و بڕیارەکانەوەن، بۆیە مێژوو بەرهەمی کاری عەقڵانی و لێکدانەوە و گەشەی عەقڵ نییە، بەڵکو گۆڕەپانی شەڕ و ململانێی نێوان ویست و ئیرادە جیاوازەکانی دەسەڵاتە. بەباوەڕی نیتشە لەمێژوودا هەمیشە چەند ئیرادەیەکی دەسەڵات لە ململانێدان بۆ بەدەستهێنان و مۆنۆپۆلیزەکردنی ماناکان و پێناسەکان. هەمیشە ئیرادەیەکی سەرکەوتو کۆمەڵێک ئیرادەی دیکە بێدەنگدەکات یان هەوڵی بێدەنگکردنیان ئەدات، هەمیشە کۆمەڵێک ئیرادەی بێدەنگکراویش لە ئارادان کە هەوڵی ئەوە ئەدەن مافی قسەکردن و دواندن بەدەستبهێنن. بەپێچەوانەی مارکسیزمەوە نیتشە لە شەڕ و پێکدادانی ئیرادە جیاوازەکاندا باس لە هیچ جۆرە حەتمییەتێک ناکات، حەتمییەت لای نیتشە حیکایەتی یەکێک لە ئیرادەکانە، نەک لۆژیکێکی بابەتی کە حەتمییەت دەرەنجامەکەی بێت (هـ. س. پ.، ل١٠). هەموو ئەم بۆچوونانەی نیتشە دەربارەی هەقیقەت و دەسەڵات و مێژوو و عەقڵانیەت و شەڕی نێوان ئیرادەکان کاریگەری گەورەیان لەسەر فیکری فۆکۆ هەبووە، نەک ئەو ڕستە نادیار و نامەفهومەی کاک مەلا بەختیار کە دەڵێت «کارایی نیتشەش دەربارەی زانست و ئیدارەی مەیلی دەسەڵات» کە مەگەر هەر خودا بزانێت یانی چی.

د ـ سەرچاوەیەکی دیکەی فیکری فۆکۆ بریتییە لە ڕۆشنگەریی، بەتایبەتی بۆچوونەکانی کانت دەربارەی ڕۆشنگەری (هـ. س. پ.). فۆکۆ ڕەخنە لەو نووسەر و فەیلەسوفانە دەگرێت کە تەواو ڕۆشنگەری بێبایەخ و تاوانباردەکەن. ئەو پێیوایە دەسکەوتی هەرە گەورەی ڕۆشنگەریی ڕەخنە یان مەیلە ڕەخنەییەکەیەتی (هـ. س. پ.،). ڕۆشنگەری لای فۆکۆ بریتیی نییە لە تیورەیەک، بیرۆکەیەک، یاخود کەڵەکەبوونی بەردەوامی کۆمەڵێک مەعریفە و دەزگا بەسەریەکدا، ڕۆشنگەری کەلەپوور نییە، بەڵکو بریتییە لە مەیل و ئەخلاقییەتێک کە تێیدا ڕەخنە دەگیرێت لەوەی کە ئێمە چین، لە هەمانکاتدا لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە دەربارەی ئەو سنوورانەی کە بە سەرماندا سەپێنراون، هەروەها ئەزموونێکیشە دەربارەی ئەگەری تێپەڕاندنی ئەو سنوورە سەپاوانە (هـ. س. پ.، ل ١١).

بە مانایەکی دیکە هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بریتییە لە هەڵوێستێکی ڕەخنەیی دەربارەی ئەو شووناسە باڵادەستە سەپاوانەی لە ساتێکی دیاریکراودا بەسەر کۆمەڵگا و کەسەکاندا دەسەپێنرێت و بەمەش سنوورێک دادەنرێت بۆ هەڵبژاردنی ئازادی کۆمەڵگا و کەسەکانی ناوی. لە هەمانکاتدا هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بریتییە لە هەوڵدانی هێنانەکایەی کۆمەڵێک ئەزموونی تایبەت کە هەوڵی تێپەڕاندنی ئەو سنوورە سەپاوانە بدات. دواتر دێمەوە سەر بۆچوونەکانی فۆکۆ دەربارەی ڕۆشنگەری، چونکە کاک مەلا بەختیار فۆکۆ بەوە تاوانباردەکات گوایە دژ بە ڕۆشنگەریی و دەسکەوتەکانی ڕۆشنگەرییە، لەکاتێکدا ڕۆشنگەری یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی فیکری فۆکۆیە.

وەک دەبینین نە فۆکۆ خۆی و نە ئەم فۆکۆناسە، کە باس لە سەرچاوەکانی فیکری فۆکۆ دەکەن، نە لە دوور و نە لە نزیک باس لە فرۆید و مارکس ناکەن، ئەوەشی دەربارەی نیتشە دەیڵێن هیچ پەیوەندییەکی بەو نیو دێڕە نادیار و ئاڵۆزەی کاک بەختیارەوە نییە. بە کوردی و بە کورتی ئەو کاریگەرییانەی کاک مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا دەستنیشانیان دەکات هەرهەموویان هەڵەن و بەهیچجۆرێک نە لەگەڵ دید و بۆچوونەکانی فۆکۆ خۆیدا یەکدەگرێتەوە، نە لەگەڵ هی ئەوانەشدا کە فۆکۆناسن. کاک مەلا بەختیار بە ئارەزووی خۆی و بێ دانانی هیچ ڕێزێک بۆ مەرجەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی و بێپەیرەویکردنی یەکێک لە سەرەتاییترین پرنسیپەکانی

نووسین، کە دەستنیشانکردنی ناوی سەرچاوەی زانیارییەکانە، داوەری جیاجیای ناڕاست و پڕ هەڵە وەک هەقیقەت و لێکۆڵینەوەی زانستی باوەڕپێکراو و ڕاستکردنەوەی هەڵەی خەڵکانی دی بە خوێنەر دەفرۆشێت. ئێستا ئیدی خوێنەر دوای ڕوونکردنەوی ئەو ڕاستییانە مافی خۆیەتی لە کاک بەختیار بپرسێت: برای بەڕێز، بە چ مانایەک تۆ شەن و کەوی فیکری فۆکۆت کردوە، ئایا شەن و کەو کردنی فیکر ئاوادەبێت وەک بەڕێزت کردویەتی، شەن و کەوکردن بریتییە لە ڕیزکردنی ڕستێک هەڵەی نابەجێ بەدوای یەکدا؟ لەمانەش بترازێت ئایا برای بەڕێز ئەو زانیارییە هەلآنەت لە کوێوە هێناوە و بۆ ناوی ئەو سەرچاوەیەت دەستنیشانکردوە کە ئەو قسانەت لێوە قەرزکردون؟

لەبەردەم ئەم جۆرە ڕەفتارە نامەعریفییانەدا من هیچ ناڵێم با خوێنەر خۆی داوەر بێت.

## 4 ـ بیری فۆکۆ یان هی ئەوانیدی

کاک بەختیار لەچەند شوێنێکی کتێبەکەیدا چەند وەرگیراوێک، ئیقتیباس، نیشانئەدا و ئەو هەستە لای خوێنەر دروستدەکات گوایە ئەو وەرگیراوانە لە فۆکۆوە وەرگیراون، یان لانیکەم دەربڕی بیر و بۆچوونەکانی ئەون، لە لاپەڕە ٣٥٠ دا سێ دێڕی وەرگیراو هەن، لە لاپەڕە ٣٧٤ شدا شەش دێڕ و نیوی دیکە هەن و دوو وەرگیراوی دیکەش لە لاپەڕە ٣٧٥ و ٣٧٦ دا هەن.

کێشەی سەرەکی ئەم وەرگیراوانە لەوەدایە خوێنەر نازانێت داخۆ ئەمانە هی فۆکۆن و ڕاستەوخۆ لە کارەکانی ئەوەوە وەرگیراون یان هی کەسانی دیکەن، بۆ نموونە، دیارنییە وەرگیراوی یەکەم لە لاپەڕە ٣٥٠ هی فۆکۆ خۆیەتی یان هی د عباس منوچهریە. ئەو شەش دێڕ و نیوەش کە کاک مەلا بەختیار لە لاپەڕە ٣٧٤ دەیداتە پاڵ میشێل فۆکۆ هی ئەو نین و هی «مطاع صفدی» پێشەکینووسی کتێبی «ووشەکان و شتەکان» ی میشێل فۆکۆیە. دوو وەرگیراوەی لاپەڕە ٣٧٥ و ٣٧٦ یش ئاشکرا نین داخۆ هی فۆکۆ خۆین یان ڕای «میشێل فراسوی» نووسەری کتێبی «ساختگرایی و هرمونتیکن». کاک بەختیار بەشێوەیەکی زۆر تێکەڵوپێکەڵ ئەم وەرگیراوانەی ڕیزکردوە و لەهەمووشی خۆشتر دەرەنجامی هەڵەی لێوە هەڵهێنجاون.

بەلآم هەرکەسێک لانیکەمی شارەزایی لەسەر فۆکۆ و فیکری فۆکۆ هەبێت تێدەگات ئەو قسانەی لەو وەرگیراوانەدا نووسراون هی فۆکۆ نین، لەو وەرگیراوانەدا دەسەڵات

وەک هێزێک بۆ چەپاندن و سەرکوتکردن پێشنیارکراوە، لەکاتێکدا فۆکۆ لەهیچ کتێب و نووسێن و گفتوگۆیەکیدا دەسەڵات بە چەپاندن و سەرکوتکردن یەکسان ناکات و لە هیچ شوێنێکدا ناڵێت «تەنها کاری دەسەڵات قەدەغەکردنە». کۆمیدیای گەورە لێرەدا لەوەدایە کە بەشێکی گەورەی فیکری فۆکۆ تەرخانە بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو تێڕوانیانەی کە دەسەڵات بە سەرکوتکردن و قەدەغەکردن یەکساندەکەن، فۆکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفە گرنگانەی کە تێڕوانینێکی ئیجابی بۆ دەسەڵات هەیە و بەهیچجۆرێک، وەک کاک مەلا بەختیار دەڵێت، پێیواینیە کاری «دەسەڵات لە کۆتاییدا سەرکوتکردنە». خاڵی هەرە سەرەکی تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ لە قبووڵنەکردنی گریمانەی سەرکوتکردن و قەدەغەکردندایە، فۆکۆ وەک بەرگریکەری ئەو دیدە ناسراوە کە دەڵێت دەسەڵات بەرهەمهێنە، نەک سەرکوتکەر، هەم خود و هەم مەشریفە و هەم دەزگا مۆدێرنەکان، هەموویان، بەرهەمی دەسەڵاتی مۆدێرنن (ئەم خاڵانە دواتر دێمەوە سەریان). تراژیدیای گەورە لەوەدایە کە کاک مەلا بەختیار تێڕوانینی یەکسانکردنی دەسەڵات بە قەدەغەکردن و سەرکوتکردن، بە زۆری زۆرداری دەداتە پاڵ میشێل فۆکۆ و بەم کارەشی دەیسەلمێنێت کە سەرەتایترین زانیاری دەربارەی فیکری ئەم فەیلەسوفە نییە و ئەوەی دەیڵێت جگە لە هەڵە و ئارەزووی خۆی و بێئاگاییەکی گەورە لە فیکری ئەم فەیلەسوفە شتێکی دیکە نییە. من لە لاپەڕەکانی دواتردا بە درێژی لەم مەسەلانە ئەدوێم و بێگومان سەرچاوەی قسەکانیشم دەستنیشاندەکەم.

## 5 ـ مێژووی دێوانەیی

کاک بەختیار پێشئەوەی لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ قسەبکات سەرەتا باس لە کتێبی «مێژووی دێوانەیی» دەکات. بەڕێزی دەربارەی ئەم کتێبە دەنووسێت: «گرنگترین و کاریگەرترین بەرهەمی فۆکۆ، شێتی و شارستانییەت: مێژووی دێوانەیی لەسەردەمی ئەقڵ (١٩٦١) بابەتی سەرەکی و گرنگی ئەم بەرهەمە دەرکەوتنی ئەقڵ و بێ ئەقڵییە لەسەرجەمی ڕۆشنگەری، و چۆن چۆنی دەرپەڕاندنی توێژێکی خەڵک بەتایبەتی شێتەکان لە جوغزی ئەقڵ». (ل ٣٧٤) کاک مەلا بەختیار لەسەر ئەم نەزمە بەردەوامدەبێت و دەنووسێت «فۆکۆ، لەو باوەڕەوە ئەم تۆژینەوەیەی کردۆتە تیۆری خۆی، گوایە پێش بایەخ پەیداکردنی ئەقڵ و ئەقڵانییەتی ڕۆشنگەری، شێتی پەیوەندییەکی ئۆرگانیکی بە مەعریفەوە هەبووە. بەڵام دوای سەرهەڵدانی ئەقڵی

تاکڕەهەند ئەزموونی شێتی سەرکوتدەکرێ. لێرەوە، ئیدی لەنێوان شێتی و نەخۆشی پەیوەندی دروستدەبێ». یەکەمین پرسیار لێرەدا ڕووبەڕووی کاک مەلا بەختیاری بکەینەوە پرسیارە دەربارەی سەرچاوەی ئەو قسانەی لەو پەرەگرافەدا دەربارەی کتێبی مێژووی دێوانەیی دەیانکات. بەڕێزی پێمانناڵێت ئەم قسانەی لەکوێوە هێناوە، ئایا ئەمە کورتکردنەوەی خۆیەتی بۆ کتێبی مێژووی دێوانەیی دوای خوێندنەوەی ئەو کتێبە، یان کورتکردنەوەی کەسێکی دیکەیە. گەر هی خۆیەتی پێمانناڵێت چۆن و لەسەر چ ئەساسێک و بۆچی ئەم کتێبە کاریگەرترین و گرنگترین کتێبی فۆکۆیە، بۆچی ئەم کتێبە، بۆ نموونە، لە کتێبی (ووشەکان و شتەکان) یان لە کتێبی (ئارکیۆلۆژیای مەعریفە) یان لە کتێبی (چاودێری و سزا) یان لە کتێبی (سیستمی گوتار) یان لە بەرگە جیاوازەکانی کتێبی (مێژووی سیکسوالییەت) کاریگەرتر و گرنگترە. دواجار کاریگەرترین کتێب لەسەر چی و لەسەر کێ؟ لەکام کایەی فیکری و مەعریفیدا، لەسەر کام تێز و تیورە و تێڕوانین؟ ئایا ئەم کتێبە لەڕووی میتۆدییەوە گرنگە یان لەڕووی دەرەنجامە مێژوویی و فیکرییەکانییەوە؟ بابەتی کتێبەکە گرنگە یان چۆنیەتی خوێندنەوە و مامەڵەکردنی ئەم بابەتە؟ وەک دەبینین ئەم هەموو پرسیارە سەرەتاییانە کە ئەلف و بای نووسینی زانستین و هەنگاوی یەکەمی بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەن بەتەواوی لە نووسینەکەی کاک مەلا بەختیاردا بێوەڵام و بێدەستنیشانکردن و بێسەلماندن بەجێهێڵراون. ئەو ڕاستەوخۆ دەنوسێت ئەم کتێبە گرنگترین کتێبی ئەم فەیلەسوفەیە و خوێنەریش دەبێت وەک ڕاستییەکی ڕەها لێیقبوڵکات. کۆمیدیای گەورە لەوەدایە کاک بەختیار لە دەستنیشانکردنی بابەتی کتێبەکدا هەڵەدەکات، هەڵەیەکی زۆر گەورەش. کتێبی مێژووی دێوانەیی، وەک کاک بەختیار دەڵێت، بەتەنها باس لە دێوانەیی لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا ناکات، ئەم کتێبە باس لە چەمکی دێوانەیی لە سێ سەردەمی جیاوازدا دەکات:

یەکەمیان: ڕۆژگاری ڕێنیسانسە، کە بە هەندێ حیاسابات دوو سەدە بەر لە ڕۆشنگەرییە.

دووهەمیان: ڕۆژگاری کلاسیکە، کە لە نزیکەی ١٦٥٠ وە دەستپێدەکات و لە ١٨٠٠ دا کۆتاییپێدێت، ئەمە تا ڕادەیەکی زۆر ڕۆژگاری ڕۆشنگەرییە.

سێهەمیان: ڕۆژگاری دوای کلاسیک یان ڕۆژگاری مۆدێرنەیە.

گومانی تیا نییە کاک مەلا بەختیار گەر ئەم کتێبەی بخوێندایەتەوە یان لانیکەم زۆر سەرپێییانە لاپەڕەکانی هەڵدایەتەوە، ئەوکات دەیزانی بەتەنها باسی دێوانەیی لە

سەردەمی ڕۆشنگەریدا ناکات و لەپاڵ سەردەمی ڕۆشنگەریدا دوو سەردەمی دیکەش ئامادەن. بەڵام ئەو کە کتێبەکەی نەخوێنۆتەوە، کە ئەو بڕیارەش ئەدات گوایە گرنگترین کتێبی فۆکۆیە، دەبوایە پێیبوتینایە ئەو قسانەی دەربارەی ئەم کتێبە نووسیویەتی لەکوێوە هێناونی. من زۆر پێ لەسەر دەستنیشانکردنی ئەو سەرچاوەیە دادەگرم کە کاک بەختیار قسەکانی لێوەگواستۆتەوە، چونکە ئەو کورتکردنەوەیەی بەڕێزی لەو چەند دێڕەدا نیشانی خوێنەرانی داوە، کورتکردنەوەیەکی زۆر نووقسانە و لەچەند سەرێکیشەوە هەڵەیە. دواتر بەدرێژی دێمە سەر ئەم مەسەلەیە.

بەڵام گەر ئێمە ئەو ڕایەی کاک مەلا بەختیارمان قبوولکرد کە دەڵێت ئەم کتێبە گرنگترین کتێبی فۆکۆیە و فۆکۆش فەیلەسوفێکی ئاڵۆزە، ئیدی چۆن ڕێی بەخۆی داوە ئەم کتێبە سێ سەد لاپەڕەییە بۆ پێنج تا شەش دێڕ کورتکاتەوە. کورتکردنەوەیەکیش وەک ووتم هەڵەیە. یەکەمین سەرنجم لەسەر ئەم ناساندنەی کاک مەلا بەختیار بۆ کتێبی مێژووی دێوانەیی ئەوەیە کە ناساندنێکی کاریکاتێریانەیە، کەسێک ناساندنەکەی کاک مەلا بەختیار بخوێنێتەوە تێناگات چۆن فەیلەسوفێک لەسەر ئەو قسە سەیرانە دکتۆرا وەردەگرێت و چۆن ئەو کتێبە دەبێت بە یەکێک لە گرنگترین کتێبە فیکرییەکانی سەدەی بیستەم. ئەوەی بەلای منەوە شوێنی سەرنجە ئەو جورئەتە مەعریفییەی کاک مەلا بەختیارە کە بەو ئاسانییە فیکری یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەم و ناوەرۆکی یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی ئەو سەدەیە بەو سادەییە و بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی دەشێوێنێت و لە پێنج دێڕ و نیودا بە خوێنەری کوردی 'دەناسێنێت'. (لێرەدا حەزدەکەم جارێکی دیکە سەرنجی خوێنەربۆ ئەو ڕاستییە ڕاکێشم کە کاک مەلا بەختیار لەسەرەتای کتێبەکەیدا نووسینی ڕەخنەی کوردی بە کوورتنەفەسی تاوانباردەکات و ئەوە وەبیر خوێنەر دەهێنێتەوە گوایە ئەو زوو هەستی بەم کوورتنەفەسییە کردوە و هەوڵیداوە بە نووسینی درێژ چارەسەریکات. کەچی سڵ لەوە ناکاتەوە کتێبێکی فەلسەفی ئاڵۆز و گرنگی سێ سەد لاپەڕەیی بۆ پێنج دێڕ و نیو کورتکاتەوە !!!)

من بۆ ئەوەی خوێنەر لە گرنگی ئەم کتێبە ئاگاداربکەمەوە، هەوڵئەدەم لێرەدا زۆر بە کورتی تێزە سەرەکییەکانی کتێبەکە و چەند بەسەرهاتێکی دیکەی ئەم کتێبە بە خوێنەری کورد بناسێنم، گەرچی تەواو دڵنیام بەم کورتکردنەوەیە زوڵمێکی گەورە لەو

کتێبە دەکەم و ئەم هەوڵەی منیش، وەک هەر هەوڵێکی دیکەی کورتکردنەوەی کتێبەکانی فۆکۆ، بێ کەموکوڕی نابێت. بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی لەم کتێبە خوێنەر دەبێت هەم خودی کتێبەکە و هەم بەشێکی باشی ئەو موناقەشات و لێکدانەوە جیاجیایانەی دوای دەرچونی کتێبەکە، بخوێنێتەوە.

وەک ووتمان کتێبی «مێژووی دێوانەیی» بڕوانامەی سەرەکیی دوکتۆراکەی فۆکۆیە. نووسینی ئەم بڕوانامەیە و قبووڵکردنی بە پلەی دکتۆرا چیرۆکێکی درێژە و لەزۆر رووەوە چیرۆکی ململانێی رووە تازەکانی فیکری فۆکۆمان لەگەڵ فیکری باڵادەستی ئەو رۆژگارەدا نیشانئەدات. با لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە ئەم بڕوانامەیە زۆر بەزەحمەت قبووڵدەکرێت و مامۆستا و پرۆفیسۆرەکانی ئەوکاتەی زانکۆکانی فەرەنسا لەبەشێکی گەورەی نوێکارییەکانی ناو ئەم کتێبەی فۆکۆ تێناگەن. فۆکۆ گەرچی ئەم بڕوانامەیە لەساڵی ١٩٦٠ دا لە فەرەنسا پێشکەشدەکات بەڵام ئەو لە نێوان ساڵی١٩٥٥ تا ١٩٥٨، کە لەسوید ئەبێت و بەم بابەتەوە خەریکدەبێت، دەگاتە قۆناغەکانی کۆتایی نووسینی ئەم کتێبە (Eribon 1989: 103). بەڵام فۆکۆ دوایئەوەی سوید بەجێدەهێڵێت و ئەچێت بۆ پۆڵەندا و ئیدی لەوێ، لەپۆڵەندا، تەواوی دەکات (Foucault 1985: 12)

فۆکۆ سەرەتا دەخوازێت بڕوانامەکەی لە زانکۆی ئۆپسالا لە سوید پێشکەشکات، چونکە دەزانێت ئەو شێوە بیرکردنەوە و نووسینەی ئەو خاوەنیەتی لە لەلایەن پرۆفیسۆرە تەقلیدییەکانی فەرەنساوە قبووڵناکرێت. (Eribon 1989: 104). بەڵام چارەنووسی ئەم کتێبە لە سوید بەهیچ مانایەک لەو چارەنووسە باشترنابێت کە فۆکۆ لە فەرەنسا بۆ ئەم کتێبەی چاوەڕواندەکرد. ئەو پرۆفیسۆرە سویدییەی فۆکۆ چەند بەشێکی بڕوانامەکەی دەخاتە بەردەست تەواو لە شێوازی نووسین و بیرکردنەوەی فۆکۆ سەرسامدەبێت، بەڵام ئەو باوەڕی وادەبێت ئەم تێزانە زیاتر لە ئەدەبەوە نزیکن تا زانست، بۆیە بڕوانامەکەی فۆکۆ قبووڵناکات. ئەو پرۆفیسۆرە خۆی مامۆستایەکی پۆزەتیڤیستی تەقلیدی دەبێت و ناتوانێت لە نوێکارییەکانی ناو کتێبەکەی فۆکۆ تێبگات. دواجار فۆکۆ نامەیەکی بۆ دەنوسێت و پێیدەڵێت «من مێژووی زانستی سایکۆلۆژیا نانووسمەوە، بەڵکو مێژووی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی، مێژووی ئەو وێنە سیاقییە دەنوسمەوە کە تێیدا زانستی سایکۆلۆژیا هاتۆتەکایەوە و گەشەیکردوە» (ه. س. پ.، ل ١٠٥). یەکێک لە هۆکارەکانی بەجێهێشتنی سوید و چوونیشی بۆ پۆڵەندا

دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قبووڵنەکردنەی کتێبی مێژووی دێوانەیی لە سوید. چەندان ساڵ دوای ئەم ڕووداوە و دوای بەناوبانگبوونی فۆکۆ لە جیهاندا ئەو پرۆفیسۆرەی بروانامەکەی فۆکۆ ڕەفزدەکات و ڕازینابێت لە ئۆپسالا دکتۆرا بە فۆکۆ بدات، لەلایەن زانکۆی ئۆپسالاوە تووشی لێپرسینەوە دەبێت. لەو لێپرسینەوەیەدا گلەیی ئەوەی لێدەکرێت کە چۆن دەقێکی وا گرنگ و کەموێنەی ڕەفزکردوە و گرنگیە فیکرییەکانی نەبینیوە. (هـ. س. پ.، ل ١٠٦)

کتێبی (مێژووی دێوانەیی) بە پلەی یەکەم کتێبێکە دژ بەو دیدە تەقلیدییەیە کە پێیوایە ئەو گۆڕانە گەورە گەورانەی لە سەدەی هەڤدەهەمدا لە پەیوەندی نێوان عەقڵ و دێوانەییدا دێنەکایەوە، لە ناوەرۆکدا تەعبیرن لە پێشکەوتنێکی ئەخلاقی و هاتنەکایەی دنیایەکی ئینساندۆستانە (هیومانیستانە). فۆکۆ لە مێژووی دێوانەییدا لە هاتنەکایەی دنیایەکی نوێ و شێوازێکی نوێی دەسەڵات و پەیوەندییەکی نوێی نێوان دەسەڵات و مەعریفە ئەدوێت. ئەم کتێبە لەو پەیوەندییە ئەدوێت کە دکتۆرەکان بە نەخۆشەکانیانەوە دەبەستێتەوە، دکتۆرەکان وەک نوێنەری عەقڵ و دەسەڵات و نەخۆشەکانیش وەک نوێنەری دێوانەیی. ئەم پەیوەندییە تایبەتە دەبێتە بنەمای هاتنەکایەی مۆدێلێکی نوێی دەسەڵات کە پایەکانی خۆی لەسەر زانستە ئینسانییەکان دەچەسپێنێت. لەم پەیوەندییەدا فۆکۆ لەو هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و مەعریفی و ئەخلاقییە ئەدوێت کە تێیدا ماناکانی دێوانەیی و ماناکانی هاتنەکایەی زانستی سایکۆلۆژیا لەدایکدەبێت. فۆکۆ بە دورودرێژی لەو مانا گرنگانە ئەدوێت کە دێوانەیی بۆ هاتنەکایەی شوناسی عەقڵ و هەموو فەلسەفەی عەقڵانییەت هەیبووە.

فۆکۆ ئەو ساتەوەختە دەستنیشاندەکات و لێکدەداتەوە کە لەسەدەی هەڤدەهەمدا و لەپڕێکدا دابەشبوون و جیاکردنەوەیەکی گەورە لەنێوان عەقڵ و دێوانەییدا دروستدەبێت. ئەم دابەشبوونە شێوەیەکی دەزگایی دەگرێتەخۆی و یەکەمین خەستانە بۆ نەخۆشی دەروونی و بیمارانی ڕۆحی دروستدەکرێت. بۆ یەکەمین جار لە مێژووی ڕۆژئاوادا لەم نەخۆشخانانەدا بیماریی ڕۆحی و بیماریی دەروونیی دەبنە بابەتێک دکتۆرەکان کاری لەسەربکەن و پێوەی خەریکبن، شێتخانە وەک دەزگا، وەک دامەزروێکی دابڕاو لە کۆمەڵگا، وەک شوێنێک بۆ شاردنەوە و جیاکردنەوەی ئەوانەی بە بیمار ناودەبرێن، دروستدەکرێت.

فۆکۆ دەڵێت لەم ساتەدا بۆ یەکەمین جار ئەوانەی بە دێوانە ناونووسدەکرێن هەم دەشاردرێنەوە و هەم لە شوێنێکیشدا کۆدەکرێنەوە. شێتخانەکان دەبنە سومبولی بەشە نەخۆشەکەی کۆمەڵگا و دەرەوەی شێتخانەکانیش دەبێتە سەرزەمینی عەقڵ و عەقڵانییەت. لەو ساتەدا و بۆ یەکەمین جار پەیوەندیەکی پێچەوانە و ئاڵۆز لەنێوان عەقڵ و دێوانەییدا دروستدەبێت، عەقڵ بۆ ئەوەی وێنەکان و ماناکانی خۆی بسەلمێنێ و لەوێوە شوناسی خۆی وەک شوناسی باڵادەست دەستنیشانکات، دێوانەیی دەکاتە دژەدیوی خۆی و دەزگای بۆ دروستدەکات و لەشوێنێکدا کۆیدەکاتەوە و دەیشارێتەوە و دیسپلینی دەکات. بەبۆچوونی فۆکۆ ئەمە یەکەمینجارە لە مێژووی ڕۆژئاوادا کۆمەڵگا بۆ بەرگریکردن لە شوناسێکی دیاریکراو بەشێک لە خۆی دەشارێتەوە و بەم شاردنەوەیەشی دنیایەک تووڕدەداتە دەرەوەی خۆیەوە کە لە قۆناغەکانی پێشتردا بەشێک بووە لە خودی کۆمەڵگا خۆی. لە سەدەی هەڤدەهەمدا و لەناو ئەو دەزگا نوێیانەدا، وەک فۆکۆ نیشانمان ئەدات، لە سەد کەس یەک کەسی خەڵکی پاریس بەناوی دێوانەییەوە لە ماوەی چەند مانگێکی کەمدا دەگیرێن و لەیەکێک لەو شێتخانە زۆرانەدا کۆدەکرێنەوە.

لە مێژووی سایکۆلۆژیا و ئەخلاقی تەقلیدیدا ئەم گۆڕانکارییە تازانە وەک پێشکەوتنێک لە ئەخلاق و گەشەیەک لە کولتوور و بەرەوپێشەوەچوونێکی ئینسانۆستانە ئەدرێنە قەڵەم. ئەوەی فۆکۆ لەم کتێبەدا نیشانمانئەدات گومانکردنە لەم مەسەلانە، گومانکردنە لەوەی بنیادنانی ئەو دەزگا داخراو و پڕکراو لە ئینسانی جیاجیا بە ناوی دێوانەییەوە بەشێکبێت لە پرۆسەی گەشەکردنی ئەخلاق و پرۆسەی بەرەوپێشەوەچوونی زانست و هاتنەکایەی ئینسانۆستی. بەم گومانەشی فۆکۆ گومان لە بەشێکی گەورەی فەلسەفە و فیکری ڕۆژئاوایی دەکات. بەباوەڕی فۆکۆ هاتنە کایەی ئەو گۆڕانانە لە سەدەی هەڤدەهەمدا بەشێک نین لە هیومانیزم و گەشەی ئەخلاق و گەشەی کولتوور، بەڵکو هێمان بۆ هاتنەکایەی شێوەیەکی نوێی دەسەڵات و لەدایکبوونی دنیایەک کە تێیدا چاودێری و دیسپلین و کۆنترۆڵکردنی دەروونی دەبێتە پایە کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەعریفییەکانی. بەباوەڕی فۆکۆ لەپشتی دروستکردنی شێتخانەکانەوە تەنها پێشکەوتنی زانستی پزیشکی ئامادە نییە، بەڵکو پرۆژەی دابڕاندن و پەرگیرکردن و شاردنەوەی ئەو بەشەی کۆمەڵگاش ئامادەیە کە بەناوی دێوانەییەوە دەبرێتە ناو ئەو دەزگا پزیشکییە تازە دروستکراوانەوە. کتێبی مێژووی

دێوانەیی نیشانمانئەدات کە مەبەستی سەرەکی لە کردنەوەی شێتخانەکان بەرهەمهێنانی ئینسانی 'ئاساییە'، گێڕانەوەی کەسە 'نائاسایی' یەکانە بۆسەر ڕێگای ڕاست و کردنەوەیانە بە 'کەسانی ئاسایی'. لە دیدی فۆکۆ وە ئەم شێوە تازەیەی مامەڵەکردنی نەخۆش و بیمارانی دەروونی لەهەمانکاتدا هێمایەکی ئاشکرای هاتنەکایەی جۆرێکی نوێی دەسەڵاتە کە کاری سەرەکی چاودێریکردنی ڕۆحیی ئینسان و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردنی ناوەکیی ئەو ڕۆحەیە بەو جۆرەی کە ستراتیژە باڵادەست و نوێکانی دەسەڵات دەیخوازن. ئەم ستراتیژەی دەسەڵاتە کە دواجار لە سەدەی بیستەمدا و لە پەرگیرترین شێوەیدا، دەڵێم پەرگیرترین شێوەیدا نەک لە هەموو شێوەکانیدا، نازیزم و فاشیزمی لێدەکەوێتەوە. لەم مۆدێلەدا شێوە دەسەڵاتی دکتۆر لە پەیوەندیدا بە نەخۆشەوە دەبێتە ئەو مۆدێلە تازەیەی دەسەڵات کە لەسەر بناغەی دیسپلینکردنی تاک و گروهەکان کاری پێدەکات و شێوازێکی تایبەتی تاکەکەس و تاکەیەتی بەرهەمدەهێنێت و مۆدێلێکی تایبەتی 'ئاساییبوون'یش پێشنیاردەکات. گرنگی ئەم کتێبەی فۆکۆ لەوەدایە هاتنەکایەی ئەم شێوازە نوێییەی مامەڵەکردنی دێوانەکان، بەپێچەوانەی هیومانسیتەکانەوە، وەک شێوەیەک لە گەشەکردنی ئەخلاقی و دەزگایی بێگوناه نابینێت، بەڵکو لەپشتییەوە هاتنەکایەی ئەو شێوە مۆدێرنەی دەسەڵات دەبینێت کە لە پاڵ عەقڵ و عەقڵانییەت و مەعریفەی نوێدا میکانیزمەکانی دیسپلینکردن و کۆنترۆڵ و چاودێریکردن بەرهەمدەهێن.

کەوابوو دێوانەیی لای فۆکۆ بە تەنها بە مانای شێتیتی نایەت، وەک کاک مەلا بەختیار بە هەڵە تێیگەیشتوە، بەڵکو بە مانای هەموو ئەو شتانە دێت کە دۆخێک لە دۆخەکانی عەقڵ بە ناعەقڵانی و دۆخێک لە دۆخەکانی مانا بە بێمانای لە قەڵەمئەدات. (هـ. س. پ.، ل ١٤١) دێوانەیی مانای جۆرێک لە ئەخلاق و فیکر و بیرکردنەوە و خەیاڵ کە لەگەڵ فۆرمە باڵادەستەکانی مانا و ئەخلاق و خەیاڵ و عەقڵانییەتدا نەگونجێت. دێوانەیی مانای دیدی ئەوانەی کە دەکەونە پەراوێزی کۆمەڵگاوە و وێناکردنێکی دیکەیان بۆ دنیا و دیاردەکان هەیە کە ناکۆک یان جیاوازە لە وێناکردنە باڵادەستەکانی ناو ساتەوەختێکی مێژوویی. هەر لێرەشدا ئەوە وەبیر خوێنەر دەهێنمەوە کە ئەو عەقڵانییەتەی لەناو ئەوروپادا دێوانەیی بە شێتبوون ناونووسدەکرد و دەزگای دیسپلین و کۆنترۆڵ و چاودێریکردنی بۆ دروستدەکرد، لە سەدەی نۆزدەهەمەوە، لەدەرەوەی ئەوروپادا، زۆربەی گەلانی دنیایان بە گەلانی نا عەقلانیی و دێوانە دەدایە قەڵەم کە

دەبێت لە ڕێگای کۆلۆنیالیزمەوە بهێنرێنەوە سەر ڕێی ڕاست و بکرێن بە 'ئینسانی ئاسایی'. ئەم خاڵە گرنگەی فیکری فۆکۆیە دواجار لای ئێدوارد سەعید دەبێتە مەنهەجی خوێندنەوەی ئەو پەیوەندیەی ڕۆژئاوا بە ڕۆژهەڵاتەوە گرێدەدات و وا لە سەعیدیش دەکات یەکێک لە کتێبە هەرە گرنگەکانی دیکەی سەدەی بیستەم بنوسێت، مەبەستم کتێبی «ئۆریانتالیزم» یان «ڕۆژهەڵاتناسی»یە.

کەوابوو فۆکۆ لەکتێبی مێژووی دێوانەییدا نامانباتە ناو دنیای شێتێتییەوە بۆ ئەوەی هێرش بکاتە سەر عەقڵ، نا ئەو دەخوازێت بمانباتە ناو ئەو سەرزەمینەوە کە تێیدا ستراتیژێکی عەقڵانی دیاریکراو، بۆ بنیادنانی شوناسی خۆی وەک شوناسێکی عەقڵانی باڵادەست، دنیایەک لەدەرەوەی خۆیدا دروستدەکات و ناویدەنێت دێوانەیی. فۆکۆ بەهیچ مانایەک دژ بە عەقڵ و عەقڵانییەت نییە، بەڵام لەو ڕاستییە ئاگادارماندەکاتەوە کە دەشێت لە پشتی کارکردنی عەقڵەوە ستراتیژەکانی چاودێری و کۆنترۆڵ و دیسپلینکردن ئامادەبن. فۆکۆ تەنانەت ئەم ستراتیژانەی دەسەڵات بە خراپ ناونووسناکات، چونکە لە دیدی ئەودا هەر ئەم شێوە تازانەی دەسەڵاتن کە تاکەکەس و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر دەسکەوتی دیکە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا فەراهەمدەکەن، ئەوشتەی فۆکۆ دژایەتی دەکات گۆڕانی ئەم شێوە تازەیەی دەسەڵاتە بۆ دەسەڵاتێک کە تێیدا هیچ خاڵێک بۆ بەرگریکرن نەمێنێتەوە و خۆی لە فۆرمی هەیمەنەیەکی تەواوی دەزگای داخراو و تەکنیکی تۆتالیتاریانەی دیسپلینکردندا ئامادەکات.

تێزێکی گرنگی دیکەی فۆکۆ لەکتێبی مێژووی دێوانەییدا ئەوەیە کە عەقڵ شتێکی موتڵەق نییە و وەک زۆر شتی دیکە مێژووی هەیە و هەرجارەی لە پەیوەندیدا بە شتێکی دیکەوە شوناسی خۆی دیاریدەکات. فۆکۆ نیشانمان ئەدات عەقڵ لەدەرەوەی خۆیدا هەمیشە ناعەقڵێکی تایبەتی دروستکردوە کە نەیتوانیوە و نەیویستوە بەشێوەیەکی دیالێکتیکیانە لەگەڵیدا یەکبگرێت. بەباوەڕی فۆکۆ خودی ئەو ناعەقڵانەش وەک خودی عەقڵ خۆی مێژوویەکی تایبەتیان هەیە. بەم مانایە دێوانەیی بریتییە لەو سنوورەی کە عەقڵ سەرزەمین و کایەکانی خۆی پێ لە دەرەوەی خۆی جیادەکاتەوە. دێوانەیی ئەو دەرەوەیەیە کە ڕێی پێنادرێت بێتە ناوەوەی عەقڵ، مانایەکە کە نابێت بێتە ڕیزی ئەو مانا دانپیانراو و قبووڵکراوانەوە کە لە ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراوەدا ئامادەن. بۆئەوەی ماناکانی دێوانەیی لە خەیاڵی خوێنەری کورد نزیک بکەمەوە لێرەدا نموونەی پەیوەندی بەرگریی کوردیی و دەسەڵاتی بەعس دەهێنمەوە. هەموومان دەزانین

بەعس لەپاڵ تاوانبارکردنی بەرگریکارانی کورد دا بە خیانەت و یاخیگەری و نۆکەرایەتی، هەمیشە تۆمەتی دێوانەییشی داوەتەپاڵیان. (هدۆلە مجانین) یەکێکە لەو دەستەواژە تایبەتانەی بەعس بەردەوام بۆ پێناسەکردنی بەرگری کوردی لە عێراقدا بەکاریهێناوە. دێوانەیی بەرگری کوردیی، لە دیدی بەعسدا، لەوێوە هاتووە ئەم بەرگرییە هەڵگری هەقیقەتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیی دیکەیە کە لەگەڵ هەقیقەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەعسدا ناگونجێت. ئەم دوو جۆرە لە هەقیقەت لە پەیوەندیەکی ململانێکەر و دژایەتیکەر و یەکدی نەفیکەردان. لەم سیاقەدا دێوانەیی مانای شێتێتی یان بێعەقڵی نییە، بەڵکو دێوانەیی ناونانێکە کە لەپشتیەوە هێزێکی دیاریکراو نایەوێت کۆمەڵێک هەقیقەتی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووریی دیکە قبووڵکات کە لەگەڵ هەقیقەتە باڵادەستەکانی خۆیدا یەکانگیرنین. کاتێک عەقڵانەیتی بەعسیزم عەقڵانیەتی بەرگری کوردی قبووڵ ناکات ڕاستەوخۆ بە دێوانەیی تاوانباری دەکات، بەم تاوانبارکردنەشی مافی بوونی وەک بەشێک لە عەقڵانیەت لێدەسێنێتەوە. هەمووشمان ئەو ڕاستییە دەزانین هەموو ئەو تێکۆشەرانەی کە دەگیران و بەعس زیندانی دەکردن لە زیندانی ئیسلاحیەیدا بەند دەکران و وەک نەخۆشی سایکۆلۆژی و دێوانە مامەڵەدەکران و دەبوایە لە زیندانەکانی بەعسدا ببنەوە بە مرۆڤی ' ئاسایی'. کتێبی مێژووی دێوانەیی ئینجیلی لێکۆڵینەوەی ئەم شێوە تایبەتی پەیوەندی نێوان عەقڵ و دێوانەییە لە مێژووی ڕۆژئاوادا، پەیوەندی نێوان ستراتیژیەتێکی تایبەتی دەسەڵات کە بۆ بەخشینی ئاکاری عەقڵانیەت بەخۆی بەردەوام کۆمەڵێک هێز وەک دێوانە دروستدکات.

وەک گوتم زەحمەتە بتوانین ئەم کتێبە کوورتبکەینەوە و ماناکانی بە کورتی بخەینە بەردەستی خوێنەران، بەڵام وەک ئاشکرایە کاک مەلا بەختیار نە لە مەغزا و گرنگی ئەم کتێبەی فۆکۆ تێگەیشتوە و نە دەزانێت بنەما فیکری و فەلسەفییەکانی لەکوێدان و نە ئاگادارە کە ڕۆحە ڕەخنەیی و گرنگییە میتۆدییەکانی لە کوێدان.

کاک مەلا بەختیار دوای ئەم شێواندنە گەورەیەی کتێبی مێژووی دێوانەیی و کوورتکردنەوەی بۆ ئەو چەند دێرە سەرسوڕهێنە بەردەوامدەبێت و دەنووسێت: «لەم کورتە پێناسەیەوە (مەبەستی پێناسی کتێبی مێژووی دێوانەییە ـ مەریوان)، وا چاکە بێینە سەر گەوهەری فیکری فۆکۆ لەسەر دەسەڵات، کە مەبەستی سەرەکی باسەکەیە» (ل ٣٧٤) کەواتە مەسەلەی سەرەکی لای کاک بەختیار مەسەلەی تێڕوانینی فۆکۆیە بۆ

دەسەڵات، بۆیە لە دوای ئەم دێرانەوە ئیدی خوێنەر چاوەڕێی ئەوەیە بەڕێزی «گەوهەری فیکری» فۆکۆی دەربارەی دەسەڵات بۆ شیبکاتەوە، ئەو بۆچوونە تازانەی بۆ شیبکاتەوە کە فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات و میکانیزمەکانی کارکردن و شێوەکانی و ئەو پەیوەندییانەی کە دەسەڵات و مەعریفە بەیەکەوە گرێدەدات.بۆ لێکبداتەوە، یان لانیکەم بەشێوەیەکی گشتی هێڵە گشتییەکانی تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ نیشانبدات و ئەو فۆرمە جیاوازانەی دەسەڵات بخاتە ڕوو کە فۆکۆ قسەیان لەسەر دەکات. یان گەر ئەمانەش ناکات لانیکەم پێمانبڵێت لە کوێدا بیری فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات لە بیری فەیلەسوفەکانی بەر لە خۆی جیاوازە. ئاخر دەربارەی ئەم بابەتانە مەکتەبەی عەرەبی و فارسی پڕن لە کتێب و لە مەکتەبەی کوردیشدا چەند نووسینێکی باش نووسراون. بەڵام کاک مەلا بەختیار لێرەشدا خوێنەر تووشی نائومێدییەکی گەورە دەکات و «گەوهەری فیکری فۆکۆ»، کە فۆکۆ لە سەدەها لاپەڕەدا دەریبڕیوە و فۆکۆ ناسەکانیش بە هەزاران لاپەڕەیان دەربارە نووسیوە، بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە سێ دێڕدا بەم شێوەیە کورتدەکاتەوە: «فۆکۆیەک بەو شێوەیە بڕوانێتە سەردەمی ڕۆشنگەری و گیانی مۆدێرنێتەیە پێی وابێ ڕۆشنگەری دەستی هەبووە لە سەرکوت کردنی شێت و شێتی لە مەعریفەی ڕابوردوو دابڕیووە و بەستویەتیەوە بە نەخۆشییەکانەوە. تێزی لەم بابەتە ئاخۆ تۆ بڵێی جگە لە دژایەتیکردنی دەسەڵاتە لۆکاڵییە لاوەکییەکان، دەسەڵاتی سیاسی پێ باش بێ؟». (هـ. س. پ.، ل ٣٧٤)

ئەم چواردێرە هەموو قسەی کاک بەختیارە لەسەر گەوهەری فیکری فۆکۆ، ئەمە هەموو ئەو قسانەیەتی کە لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ دەیانکات. کاک بەختیار لەپاڵ ئەم چوار دێڕەی خۆیدا وەگیراوێکی حوت دێڕ و نیوی دەهێنێتەوە کە لەلایەن (مطاع صفدی) یەوە نوسراوە، دەهێنێ و بەزۆری زۆرداری دەیکاتە هی فۆکۆ. ئەم وەرگیراوەش چ لە دوور چ لە نزیک پەیوەندی بە تیورەی دەسەڵاتەوە لای فۆکۆ، نییە. ئەم وەرگیراوە لای مطاع صفدی)، نەک لای فۆکۆ، پەیوەندی بە قسەکردن لەسەر ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزانەوە هەیە کە زانستە ئینسانییەکان بە تەکنۆلۆژیاوە گرێدەدەن. هەموو خوێنەرێکی دەرەجە پێنج و شەشی فۆکۆ دەزانێت ئەم کێشە فیکرییەی صفدی باسیدەکات تەواو جیاوازە لە کێشەی دەسەڵات و بەتایبەتی لە تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ. دواجار (مطاع صفدی) چیدەڵێت و چۆنی دەڵێت چ پەیوەندییەکی بە فۆکۆوە هەیە، مطاع بەوە ناسراوە کە ناسیۆنالیستێکی عەرەبی پەڕگیرە و قسەکردنیشی

لەسەر فۆکۆ دابڕاو نییە لە ڕەخنەی ناسیۆنالیستانەی عەرەب لە ڕۆژئاوا. بە کورتی کاک مەلا بەختیار لەباتی ئەوەی تۆزقاڵێک خۆی ماندووکات و هەڵدات بگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی فۆکۆ خۆی لەسەر دەسەڵات، کە سەدەها لاپەڕەن و هێڵەکانی تیورەی دەسەڵاتمان لەوڕێیەوە نیشانبدات، کەچی دەچێتە سەر چەند دێڕێکی مطاع صفدی و بەزۆری زۆرداری دەیکاتە ڕاو بۆچوونی میشیل فۆکۆ لەسەر دەسەڵات، کۆمیدیاکەش لەوەدایە ئەو دێڕانە چ لە دوور چ لەنزیک پەیوەندیان بە تیورەی دەسەڵاتەوە لای فۆکۆ نییە و لە کێشەیەکی دیکە ئەدوێن دوور لە کێشەی دەسەڵات. بەڵام با واز لەم لایەنانە هەموویان بهێنین و تەماشای ئەو پەرەگرافەی سەرەوە بکەین کە کاک بەختیار نووسیویەتی.

ئەو پەرەگرافەی کاک بەختیار ئەوەندە هەڵەیە کە ڕاستکردنەوەی هەموو هەڵەکانی نووسینی کتێبێکی دەوێت. زێدەڕەوی ناکەم کە دەڵێم چاککردنەوەی ئەم هەڵانە پێویستی بە نووسینی کتێبێک هەیە، چونکە مرۆڤ بۆ ئەوەی ئەم پەرەگرافە چاککاتەوە ناچارە بەهەموو ئەو چەمکانەدا بچێتەوە کە کاک بەختیار لەو چەند دێڕەدا بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی بەکارهێنراون. مەبەستم لەو چەمکانەش چەمکەکانی دێوانەیی، دەسەڵات، ڕۆشنگەری، مۆدێرنە، نەخۆش، سەرکوتکردن، مەعریفە، دەسەڵاتی لۆکاڵی و دەسەڵاتی سیاسییە. ئەم چەمکانە بەشێکی گەورەی ئەو چەمکە فەلسەفییانەن کە فۆکۆ لە زیاد لە کتێبێکیدا کاری لەسەرکردون و بەهۆیانەوە هێڵە گشتییەکانی فیکری خۆی نیشانداوین. هەریەکێک لەم چەمکانە لای فۆکۆ مانای تایبەتیان هەیە و لەناو تەوەرە و سیستمی فیکری ئەو فەیلەسوفەدا بارگاوین بە دەیان دەلالەتی جیاجیا کە بەداخەوە من لێرەدا مەودای نیشاندانیانم نییە و خوێنەر دەتوانێت بە گەڕاندنەوە بۆ کتێبەکانی فۆکۆ ئەو مانایانەی بۆ ئاشکرابێت. کاک بەختیار هەموو ئەم چەمکانە بەشێوەیەکی هەڕەمەکی دەداتە پاڵ یەکدی و بەهیچجۆرێک مانا و دەلالەتەکانیان دەستنیشاناکات. ئەمە جگە لەوەی بەڕێزی هەموو ئەم چەمکانەی وەک وشەی ڕووت و لە ڕەوتی بەکارهێنانە ڕۆژانەییەکانیاندا بەکارهێناوە. هەموو خوێنەرێکی ڕاستەقینەی دەقە فەلسەفی و فیکرییەکان ئەو ڕاستییە سادەیە دەزانێت کە لەنێوان مانای وشەکاندا وەک وشەی ناو زمانی گفتوگۆی ڕۆژانە و ماناکانیان کاتێک دەبن بە چەمکی ناو دەقە فەلسەفییەکان مەسافەیەکی مەعریفی و دەلالی گەورە هەیە. قسەی ڕۆژانە جیایە لە قسەی ناو دەقە

فەلسەفییەکان وەهەر فەیلەسوفێک مانایەکی تایبەت دەبەخشێتە چەمکەکانی. بەشێوەیەکی گشتیش چەمک قسەی ڕووتی ڕۆژانە نییە، بەڵکو بارکردنی ووشەیە بە کۆمەڵێک مانا و دەلالەتی تایبەت لە پەیوەندیدا بە مانا و دەلالەتی کۆمەڵێک چەمکی دیکەوە، چەمک ووشەی ڕووت نییە و ماناکانی چەمکی دەسەڵات لای فۆکۆ زۆرجیاوازە لە ماناکانی ووشەی دەسەڵات لە بەکارهێنانە ڕۆژانەکەیدا. دێوانەیی، وەک لە سەرەوە نیشانماندا، لە زمانی ڕۆژانەدا مانایەکی هەیە و لای فۆکۆ کە دەبێت بە چەمک و مانایەکی دیکە دەگرێتە خۆی. کاک مەلا بەختیار نەک گوێ بەم ڕاستییە فیکری و میتۆدییە هەرە سادە و ساکارانە نادات، بەڵکو ئەو خۆی چۆن لە مانا گشتییەکانی ئەو ووشانە تێدەگات، ئاواش سەپاندونی بەسەر فیکری یەکێک لە گرنگترین فەیلەسوفەکانی سەدەی بیستەمدا. دێوانەیی کە لای کاک مەلا بەختیار یەکسانە بە شێتی، لای فۆکۆ چەمکێکە لەیەککاتدا هێما بۆ شێوازێکی نوێی دەسەڵات و پێکهاتێکی دیاریکراوی مەعریفە و پەیوەندییەکی تایبەتی نێوان دەسەڵات و مەعریفە و هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی و فەلسەفی دەکات کە لە چەمکی خود و ئەخلاقی تەقلیدیی و دیدێکی هیومانیستی سوونەتییەوە دەستپێناکات. کێشەی کاک مەلا بەختیار لەوەدایە دەرک بەم جیاوازییە گرنگانە ناکات کە سەر بە ئەلفبای خوێندنەوەی میتۆدی دەقە فیکریی و فەلسەفییە جیاجیاکانە.

بەکورتی کاک مەلا بەختیار کە لە کتێبی مێژووی دێوانەیی تێنەگەیشتوە و لە پێنج دێڕ و نیودا و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بێبایەخ و بێنرخی دەکات، ڕاستەوخۆ بابەتەکە دەگوازێتەوە و دەچێتە سەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ و ئەمەش بەکرۆکی باسەکەی خۆی دەداتە قەڵەم. سەیر لەوەدایە کاک مەلا بەختیار هەر ئەم پێنج دێڕ و نیوە کە کورتکراوەی کتێبی مێژووی دێوانەییە دەکاتە سەرچاوەی ڕا و بۆچوونی فۆکۆ لەسەر ڕۆشنگەری و «گیانی 'مۆدێرنێتەیە»[1]. واتە کاک مەلا بەختیار ئەم پێنج دێڕ و نیوە جارێک بۆ ناساندنی کتێبی مێژووی دێوانەیی بەکاردەهێنێت، جارێکی دیکە وەک سەرچاوەیەک بۆ ناسینی بیر و ڕای فۆکۆ بەرامبەر بە ڕۆشنگەری و جارێکی دیکە وەک سەرچاوەیەک بۆ تێگەیشتنی بۆچوونی فۆکۆ بەرامبەر بە گیانی مۆدێرنیەتە. لەڕاستیدا شتی وا هەر لە توانای کاک مەلا بەختیاردایە، هەر ئەوە ئەتوانێت لە پێنج دێڕ و نیودا لەسەر ئەو هەموو کێشە فەلسەفییە گەورانە بنووسێت کە لای فۆکۆ بە سەدەها لاپەڕەیان ویستووە تا بەتەواوی تەعبیری لێکردون. (تکایە خوێنەری بەڕێز

ئەوەت لەیاد نەچێت کە کاک مەلا بەختیار زۆر نارەزایە بەرامبەر بەوەی کە رەخنەی کوردی کوورتنەفەسە و ئەم هاتوە تا نەفەسی بۆ درێژکات!!!). بێگومان بۆ خوێنەرێکی سادەی فیکری فۆکۆ ئاشکرایە کە هەریەکێک لەم بابەتانە بابەتی جیاوازن و بۆ قسەکردن لەسەر هەریەکێکیان پێویستمان بە گەرانەوە بۆ بەشێکی زۆری نووسینەکانی فۆکۆ هەیە.

با لە تێروانینی فۆکۆوە بۆ رۆشنگەری دەستپێبکەین. کاک بەختیار لە نیودێردا و بەشێوەیەکی کاریکاتێری تێروانینی فۆکۆ بۆ رۆشنگەری بۆ ئەوە کورتکردۆتەوە گوایە دەستی هەبووە لە سەرکوتکردنی شێتەکاندا و شێتی لە مەعریفەی رابووردو دابریوە.
بەر لە هەمووشتێک کتێبی مێژووی دێوانەیی کتێبێک نییە دەربارەی رۆشنگەری و هەڵوێستی فۆکۆ لەسەر رۆشنگەری، بۆ تێگەیشتن لە هەڵوێستی فۆکۆ دەربارەی رۆشنگەری ئێمە دەبێت بگەرێینەوە بۆ کۆمەڵێک نووسینی دیکەی فۆکۆ کە راستەوخۆ لەسەر رۆشنگەری و ماناکانی رۆشنگەری و گرنگی رۆشنگەری نووسیونی. وەک لە لاپەرەکانی پێشودا نیشانماندا رۆشنگەری یەکێک لەسەرچاوە گرنگەکانی فیکری فۆکۆیە و فۆکۆ بەمانا «کانت» یەکەی فەیلەسوفێکی رۆشنگەرە. بەڵام با جارێ ئەم مەسەلەیە هەڵگرین بۆ دواتر و راستەوخۆ لەو چەند دێرەی کاک بەختیار رامێنین.

وەک پێشتریش ووتمان فۆکۆ ناڵێت رۆشنگەری شێتەکان سەرکوتدەکات، ئەو دەڵێت لە رۆژگاری رۆشنگەری و دوای رۆشنگەریدا شێوەیەکی نوێی دەسەڵات دێتەکایەوە کە پایەکانی لەناو زانستە ئینسانییەکاندایە و لەپاڵ میکانیزمەکانی چاودێری و دیسپلین و کۆکردنەوە و شاردنەوەدا کاردەکات، نەک سەرکوتکردن. چاودێری و دیسپلینکردنیش سەرکوتکردن نین، بەڵکو بەرهەمهێنانی جۆرێکی تایبەتی کەسایەتی و زاتیەتە و مۆدێلێکی تایبەت بۆ ئاساییبوون و نا ئاساییبوون بەرهەمدەهێنن کە پەیوەندیان بە سەرکوتکردنەوە نییە. کاک مەلا بەختیار دەڵێت گوایە فۆکۆ وتوویەتی رۆشنگەری شێتی لە مەعریفەی رابووردو دابریوە، بەڵام ئەوەی کاک مەلا بەختیار لێیبێدەنگە و باسیناکات «مەعریفەی رابردوو» ە، ئەم مەعریفەیە چییە و کامەیە و رۆشنگەری چۆن ئەم دابرانەی بە ئەنجامگەیاندوە و ئەم مەسەلەیە چ پەیوەندییەکی بە دێوانەییەوە هەیە، هەموو ئەم مەسەلانە لە باسکەی کاک مەلا بەختیاردا بێوەڵامن.

بەهەرحاڵ من لەم ڕستەیەی کاک مەلا بەختیار تێناگەم و نازانم یانیچی «ڕۆشنگەری شێتی لە مەعریفەی ڕابووردو دابڕیوە». من کە دەڵێم لەم ڕستەیە تێناگەم لەهەمانکاتدا دەزانم فۆکۆ لە سیاقێکی تایبەتدا گوتوویەتی مۆدێرنە گوتارێکی تایبەتی دەربارەی دێوانەیی هێناوەتە کایەوە جیاوازە لەو گوتارەی بەر لە مۆدێرنە لەئارادابووە. لەم گوتارە نوێیەدا دێوانەیی، کە لای فۆکۆ یەکسانە بە هەموو بیرکردنەوە و وێناکردن و فانتازیا و هەقیقەتێک کە لەگەڵ بیرکردنەوە و فانتازیا و وێناکردن و هەقیقەتی باڵادەستا نەگونجێت، دەبێتە مەسەلەیەکی پزیشکی و دەزگای شاردنەوە و کۆکردنەوە و گلدانەوەی بۆ دروستدەکرێت. فۆکۆ هاتنەکایەی ئەم دەزگا نوێیانە و کردنی دێوانەیی بە نەخۆشییەکی سایکۆلۆژی و بەخشینی چارەسەرەکەشی بە زانستی سایکۆلۆژیا دەکاتە سەرەتای ئەو تیورە نوێیەی کە دەربارەی دەسەلات لە کتێبەکانی دواتریدا بەرهەمیدەهێنێت، دەسەڵاتێک کە پایەکانی لەناو مەعریفەی مۆدێرن و تێز و تیورە تازەکاندایە نەک لەناو ستراتیژەکانی سەرکوتکردن و قەدەغەکردن و سزاداندا. بەڵام هەموو ئەم تازەکارییانەی فۆکۆ لەکوێ و ئەو گاڵتەجارپێپێکردنە لە کوێ کە دەڵێت ڕۆشنگەری لای ئەم پیاوە مانای سەرکوتکردنی شێتەکان. من بۆ وەڵامدانەوەی ئەم گاڵتەکردنەی کاک بەختیار بە فیکری ئەم فەیلەسوفە ناچارم وەستانێکی درێژ لەسەر ڕۆشنگەری ڕاوەستم. ئاخر تۆ بڵێی کاک مەلا بەختیار ڕاستبکات و فۆکۆ ڕۆشنگەری بەو شێوە ببینێت کە ئەو باسیدەکات؟ تۆبڵێی ڕۆشنگەری لای فۆکۆ بریتیبێت لە ڕۆژگاری سەرکوتکردنی شێتەکان؟ تۆبڵێی بۆچوونەکانی کانت دەربارەی ڕۆشنگەری، کە تاڕادەیەکی زۆر هەمان بۆچوونی فۆکۆن دەربارەی ڕۆشنگەری، کۆمەڵێک بۆچوون بن بەرامبەر شێت و شێتێتی؟ تۆبڵێی کاک بەختیار بەڕاستیبێت کە دەڵێت ڕۆشنگەری لای فۆکۆ مانای سەرکوتکردنی شێتی و شێتەکان؟ من نایشارمەوە لێرەدا و لەبەردەم ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیاردا جگە لە پاشاگەردانییەکی مەعریفی گەورە و سوکایەتییەکی بێسنوور بە فیکر و وونبوونی سادەترین شێوازی بەرپرسیارییەتی مەعریفی هیچیدی نابینم. لە ڕاستیشدا شەرم دەکەم لەوەی کە ئەمجۆرە ڕستانە بەزمانی نەتەوەکەی من و بۆ خوێنەری نیشتیمانەکەی من نووسراون. ئاخر بیروبۆچوونی فۆکۆ لەسەر ڕۆشنگەری یەکێکە لە بابەتە گرنگەکانی گفتوگۆی فەلسەفی و فیکریی هەفتاکان و هەشتاکان. لەسەر ئەم مەسەلەیەش دەیەها ووتار و چەندەها کتێب بە زمانە جیاجیاکانی دنیا نووسراون. تۆ بڵێی ئەم هەموو نووسینە لەسەر ئەو گاڵتەجارییە نوسرابێت کە ڕۆشنگەری یەکسانکات بە سەرکوتی شێت؟

کاک مەلا بەختیار تەنانەت زەحمەتی ئەوەشی نەکێشاوە بۆ ئەو ووتارە کوردیانەش بگەڕێتەوە کە لەسەر ئەم بابەتانە لە کتێبخانەی کوردیدا ئامادەن، ( لە گۆڤاری ئازادی) ژمارە .چواری ساڵی ١٩٩٤ دا هەم ووتارە بەناوبانگەکەی کانت لەسەر ماناکانی ڕۆشنگەری و هەم تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ ئەو ووتارەی کانت و بۆ ڕۆشنگەری لەلایەن نووسەرانی گۆڤاری ئازادییەوە وەرگێڕراونەتە سەر زمانی کوردی، لە ژمارە دووی گۆڤاری (دەروازە)ی دانیمارکیشدا کاک ڕێبوار سیوەیلی و من جارێکی دی هەردوو وتارەکەمان بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕاوە).

ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیار لەسەر تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری لە بێئاگاییەکی گەورەوە لە فیکری فۆکۆ و ئەو گفتوگۆ و لێدوانە فیکری و فەلسەفییانەوە هاتووە کە زیاد لە بیست ساڵە لە ئارادان. بۆیە من لە خاڵی داهاتوودا هەوڵئەدەم بەشێوەیەکی گشتی لە ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرەکانی ڕۆشنگەری بدوێم و دواتریش نیشانی بدەم فۆکۆ چ دید و تێگیشتنێکی بۆ ڕۆشنگەری هەیە. لە کۆتاییشدا هێمایەکی خێرا بەو ناکۆکییە دەکەم کە لە نێوان تێگەیشتنی فۆکۆ و تێگەیشتنی هابەرمازدا بۆ ڕۆشنگەری هەیە وبەم کارەشم هیوادارم خوێنەر ئەو ڕاستییەی بۆ ئاشکرابێت کە کاک بەختیار سووکایەتی بە فیکری ئەم فەیلەسوفە کردوە نەک «شەن» و «کەوی» کردبێت. بێگومان مەبەستی سەرەکی کاک بەختیار لە تاوانبارکردنی فۆکۆ بە دژایەتیکردنی ڕۆشنگەری لەوێوە هاتووە، گوایە کاک ڕێبینی ئەحمەد هەردی و من و نوسەرەکانی دیکەی ڕەهەند بەشێوەیەکی گشتی سەر بە فیکری فۆکۆین، مادامەکی فۆکۆ دژ بە ڕۆشنگەرییە، کەواتە بە خستنەبری ئێمەش دژ بە ڕۆشنگەری و پێشکەوتنی کورد و کۆمەڵگای کوردین. بەدیوی ئەودیویشدا ئەوەی ڕۆشنگەرە و ئەوەی بەتەنگی ڕەخنەی کوردییەوە دێت و نەفەسی بۆ درێژدەکات و ئەوەش کۆمەڵگای کوردی ڕۆشندەکاتەوە، کاک مەلا بەختیار خۆیەتی. با واز لەم کۆمیدیایە بهێنین و بزانین پەیوەندی نێوان میشێل فۆکۆ و ڕۆشنگەری چۆنە؟

## 6 ـ ڕۆشنگەری و ڕەخنەگرەکانی

سەرەتا با لەو خاڵەوە دەستپێبکەین کە فۆکۆ یەکێکە لەو فەیلەسوفە گرنگانەی ڕەخنەیان لە ڕۆشنگەری گرتووە. بەڵام ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری کەلەپورێک نییە فۆکۆ دایهێنابێت، ڕەخنە لە ڕۆشنگەری مێژوویەکی درێژی هەیە و ڕۆشنگەرەکان

خۆیان لەنێو خۆیاندا ڕەخنەیان لە یەکدی گرتوە، دوای ئەوانیش بەشێکی گەورەی فیکری مرۆڤایەتی لە سەدەی هەژدە و نۆزدەهەمدا بریتییە لە ڕەخنە لە وێناکردن و بۆچوونەکانی ڕۆشنگەری دەربارەی ئینسان، عەقڵ، زانست، ئەخلاق و مێژوو. پێشئەوەی چەند نموونەیەک لەو ڕەخنانە نیشانی خوێنەران بدەم، دەخوازم سەرەتا بەشێوەیەکی گشتی و زۆر بە کورتی گرنگترین گریمانە و وێناکردنە فیکرییەکانی ڕۆشنگەریی بە خوێنەران بناسێنم، بۆئەوەی خوێنەر بزانێت باسی چی و کێ و کام تێگەیشتن و چ ڕۆژگار و سەردەمێک دەکەین، دوای ئەوە دەگەڕێمەوە بۆ ڕەخنەگرانی ڕۆشنگەری.

## 1.6 . سەردەمی ڕۆشنگەری کامەیە؟

بەشێوەیەکی گشتی هەندێک ڕۆشنگەری بەکۆی ئەو کۆمەڵە تێڕوانینە فەلسەفی و فیکری و مەعریفییانە دەڵێن کە لەلایەن کۆمەڵێک فەیلەسوفەوە لە سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەمدا نیشاندراون. هەندێک کەسی دیکە ڕۆشنگەری تەنها بە بیرکردنەوە فەلسەفییەکانی سەدەی هەژدەهەم دادەنێن، کەسانێکی دیکە هەن ڕۆشنگەری بە کۆی ئەو بیروبۆچوونانە یەکساندەکەن کە لە نێوان شۆڕشی ئینگلیزی ساڵی ١٦٨٨ و شۆڕشی فەرەنسی ساڵی ١٧٨٩ هاتوونەتە کایەوە (Delius 2000: 62). هەندێکی دیکە ڕایان وایە کە زەحمەتە سەرەتای ڕۆژگاری ڕۆشنگەری دەستنیشانکەین، بەڵام کۆتاییەکەی لە فەیلەسوفی ئەڵمانی کانتدا بەرجەستەیە (Floscheid 1998: 43). وەک دەبینین زیاد لە سەرەتا و کۆتاییەک بۆ سەردەمانی ڕۆشنگەری هەیە و مەسەلەکە زۆر لەوە ئاڵۆزترە تەنها ووشەی ڕۆشنگەری بەکاربێنین و وابزانین دەزانین باسی چی و کێ و کام سەردەم و ڕۆژگار دەکەین. بەهەرحاڵ دەشێت لەپاڵ ئەو دەستنیشانکردنانەی سەرەوەدا بڵێین سەردەمانی ڕۆشنگەری بریتییە لە کۆمەڵێک بیروبۆچوونی جیاوازا کە لە سەدەی هەڤدە و هەژدەهەمدا لە ڕۆژئاوا هاتۆتە کایەوە. بەڵام ناوەرۆکە فیکری و فەلسەفییە گشتییەکانی ئەو بیروبۆچوونانە چین؟

دەشێت ئێمە بەشێوەیەکی گشتی دید و بۆچوونەکانی ڕۆشنگەرانی سەردەمی ڕۆشنگەری بەم شێوەیە کورتکەینەوە: (De Costa 1989: 15-20)

١ ـ ئینسان بوونەوەرێکی عەقڵانییە و گەر هاتوو نۆرم و بەهاکانی لێکدانەوەی عەقڵیانە بەسەر کۆمەڵگا و ئینسان و دیاردەکاندا پیادەبکرێن، دەشێت هەم کێشەکانی

کۆمەڵگا و هەم کێشەکانی ئینسان چارەسەربکرێن. (ڕۆشنگەرانی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم بەهیچجۆرێک بیریان بۆ ئەوە نەدەچوو کە دەشێت ڕۆژگارێک بێتەکایەوە کە عەقڵ و بەرهەمەکانی عەقڵ خۆیان ببنە سەرچاوەی کێشەی گەورە گەورە بۆ کۆمەڵگا و ئینسان و سروشت، بۆ نموونە بۆمبی ئەتۆمی و چەکی کیمیاوی و پیسکردنێکی ترسناکی ژینگە و دروستبوونی کون لە توێژی ئۆزۆندا وەک دەرنجامی بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای هاوچەرخ).

٢ ـ ڕۆشنگەران عەقڵیان بەسەرچاوەی هەموو هەقیقەتێک دەزانی و بەشێوەیەکی گشتیش هیچ شێوەیەکی هەقیقەتیان قبووڵ نەبووە لەدەرەوەی عەقڵدا هاتبێتە کایەوە. (ئەم دیدە لە سەدەی هەژدەهەمەوە لەژێر ڕەخنەیەکی توندایە و فەلسەفەی ڕۆمانسیەت ڕاستەوخۆ بەگژاچوونەوەی ئەم عەقڵگەراییە پەرگیرەیە)

٣ ـ لەدیدی ڕۆشنگەراندا عەقڵ حەکەمێکی بێلایەن و بەتوانای نێوان دیاردە و ڕووداوە جیاجیاکانە و شتێکە لەدەرەوەی هەر دەسەڵات و هێز و ئیرادەیەکی تایبەتدایە. (ئەم بۆچونەش هەرزوو لە سەدەی نۆزدهەمدا کەوتە بەر ڕەخنە)

٤ ـ عەقڵ شتێکی گەردونییە و لەهەر جێ و شوێنێک بێت هەمان شتە، بۆیە دەشێت لەسەر بنەمای ئەم پرنسیپە گەردونییە هەموو جیهان ببێت بەیەک و ئینسان وەک هاوڵاتییەکی جیهانی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، نەک وەک ئەندامی نەتەوە یان دەوڵەتێکی دیاریکراو. (ناسیۆنالیزمی پەرگیر و جینۆسایدە هاوچەرخەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم ئەم دیدە خۆشبینەی ڕۆشنگەریان بۆ جاری چەندهەم بە درۆ خستەوە).

٥ ـ ڕۆشنگەران باوەڕیان وابوو کە مێژوو ئامانجێکی هەیە و بەرەو ئەو ئامانجە لە جوڵە و بەرەوپێشەوەچوونێکی بەردەوامدایە. بیرۆکەی بەرەوپێشەوەچوون یەکێک لە بیرۆکە هەرە گرنگەکانی ڕۆشنگەرییە. ( ئەم بیرۆکەیە لە سەدەی بیستەمدا و لەلایەن فرانکفۆرتییەکان و دەرەوەی فرانکفۆرتییەکانەوە بەردەوام لەژێر چەکوشی ڕەخنەیەکی فەلسەفی و فیکری قووڵدابووە)

٦ ـ جیهان لەناو ئەو مێژووە ئامانجدارەدا، بەیارمەتی پێشکەوتنی عەقڵی و زانستی سنوورەکانی بزر دەبێت و دەگۆڕێت بۆ نیشتیمانی هەمووان، لەو دنیا کۆسمۆپۆلیتییەدا ئاشتییەکی سەرتاسەری و عەدالەت دێتەکایەوە و هارمۆنییەت هەموو دنیا دادەپۆشێت. (ئەم خاڵەیان ئەوەندە ناڕاستە کە لێرەدا پێویست بە نموونەهێنانەوە ناکات).

وەک دەبینین بۆ هەریەکێک لەو خاڵانەی کە ڕۆشنگەری پێشنیاریان دەکات دەکرێت چەندان نموونە بهێنینەوە کە دەیسەلمێنێت مێژووی مرۆڤایەتی نە بەو ئاراستەیەدا ڕۆیشت کە ڕۆشنگەرەکان چاوەڕوانیان دەکرد و نە ئەو گریمانانەش ڕاستی خۆیان سەلماند کە ئەوان بەرگریان لێدەکرد. بەڵام ئایا ئەمە مانای کۆتایی ڕۆشنگەرییە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە ڕۆشنگەری و ڕۆشنگەربوون شتێکی تەواو تێپەڕیوە و ئێمە لەمڕۆدا لەسەر گۆڕی ڕۆشنگەری ڕاوەستاوین؟ ئایا ڕۆشنگەربوون لەمڕۆدا چ مانایەکی هەیە؟.

بێگومان ڕۆشنگەری وەک کۆمەڵێک گریمانەی ئایدیۆلۆژی و وەک کۆمەڵێک چاوەڕوانی و پرۆژەی ئایدۆلۆژییانەی مێژوویی کۆتایی پێهاتوە، بەڵام ڕۆشنگەری وەک هەڵوێستێکی فەلسەفی، وەک مەیلێکی دیاریکراوی کارکردنی فیکری، وەک جۆرێک لە تەماشاکردن و مامەڵەکردن و هەڵوێستوەرگرتن لە فیکر و کۆمەڵگا و ئینسان و جیهان ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیندوترە. من لێرەدا بۆ تێگەیشتن لە ڕۆشنگەری بەم مانایە هەوڵئەدەم زۆر بە کورتی بۆچوونەکانی فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت بە خوێنەر بناسێنم، چونکە کانت یەکێکە لەو ڕۆشنگەرە گەورانەی کە ڕاستەوخۆ لەسەر دەستنیشانکردنی ماناکانی ڕۆشنگەری و ڕۆشنگەربوون کاریکردوە.

## 2.6 ـ کانت و ڕۆشنگەری؟

بەناوبانگترین پێناسەیەک لە فیکری فەلسەفیدا بۆ ڕۆشنگەری کرابێت ئەو پێناسەیە کە کانت لە ساڵی ١٨٧٤ دا لە ووتاری «ڕۆشنگەری چییە؟» دا دەیکات، (وەک ووتم ئەم ووتارە دوو جار لەلایەن نووسەرانی گۆڤاری ئازادی و گۆڤاری ڕەهەندەوە کراوە بە کوردی). بەپێی پێناسەکەی کانت ڕۆشنگەری سەر بە قۆناغ و ڕۆژگارێکی دیاریکراو نییە، ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی یان فەلسەفی تایبەتیش نییە، بەرگریکردن لە ناوەرۆکێکی ئایدیۆلۆژی دیاریکراو نییە، بەپێچەوانەوە ڕۆشنگەری مانای کامڵبوونێکی فیکرییە کە ئینسان واڵێکات بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە تەماشای خۆی و ئەو دنیایە بکات کە تێیدا دەژی. بەلای کانتەوە ڕۆشنگەری بریتییە لە «بەجێهێشتنی ئینسان بۆ قۆناغی وابەستەیی و ناکامڵی عەقڵی«، وابەستەیی و ناکامڵییەک کە «ئینسان خۆی لێیان بەرپرسیارە«. ئەم وابەستەبوون و ناکامڵییەش مانای بێدەسەڵاتی مرۆڤ لە بیرکردنەوەی سەربەخۆدا، کانت دەڵێ کامڵبوون مانای ئەوەی «ئینسان عەقڵی خۆی بەسەربەخۆیی و بەبێ ئەوامری یەکێکی دی بەکاربێنێت» . بەکارنەهێنانی

سەربەخۆیانەی عەقڵیش بەلای ئەوەوە لە بێغیرەتی و ترسەوە سەرچاوەیگرتووە، چونکە ئینسانی ترساو و بێغیرەت هەمیشە پێویستی بە ئەمرو نەهییەکانی یەکێکی دیکە هەیە و ناوێرێت بەسەربەخۆیی عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت. بۆیە دەڵێت: «دروشمی ڕۆشنگەری بریتییە لە: ئازابە و بوێرە عەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکاربێنە» (Delius 2000: 62).

وەک دەبینین کانت لەم پێناسەیەدا ڕۆشنگەری نابەستێتەوە بە ناوەرۆکی فەلسەفەیەکی دیاریکراو و پرۆژەیەکی ئایدیۆلۆژی تایبەتەوە، بەڵکو ڕاستەوخۆ وەک هەڵوێستێکی فەلسەفی و ئەخلاقی و عەقڵی لەبەرامبەر دنیا و دیاردەکاندا پێناسیدەکات. لەم بۆچوونەدا کانت ڕۆشنگەری گرێدەدات بە توانای ئازادانە و بوێرانەی بەکارهێنانی عەقڵ خۆیەوە لەدەرەوەی ئەمر و نەهییە دەرەکییەکاندا. ڕۆشنگەری مانای توانای عەقڵ لە بیرکردنەوەی سەربەخۆ و نەترسانی لە سەربەخۆبوون. ئاشکرایە ئەم پێناسەیە پێناسێک نییە باسی ناوەرۆکی کارە فەلسەفییەکانی سەدەی هەڤدەهەم و هەژدەهەم بکات، یان بەرگری لە ڕێبازێکی ئایدیۆلۆژی یان فیکری تایبەت بکات و وەک تاقە هەقیقەتێک بە سەر ئینسان و کۆمەڵگا و مێژوودا بیسەپێنێت، بەڵکو پێناسێکە دەخوازێت باس لە پەیوەندییەکی دیاریکراوی نێوان عەقڵ و دەسەڵات و ئازادی بکات. ڕۆشنگەر ئەو کەسەیە کە خاوەنی عەقڵێکی ئازادە و دەیەوێت و دەوێرێت لەبەردەمی جیهان و دەسەڵاتدا ئازادانە بدوێت و ڕازینابێت بەپێی ئەمر و نەهی کەسێکی دیکە بیربکاتەوە. ڕۆشنگەر کەسێکی کامڵە و کامڵبوونیشی لە سەربەخۆبوونی بەکارهێنانی عەقڵیەوە سەرچاوەدەگرێت. بەم مانایە ڕۆشنگەری بەرهەمی فەیلەسوف و بیرکەرەوەیەکی دیاریکراو نییە، یاخود بەتەنها بەرهەمی سەردەمێکی دیاریکراو لە مێژووی فەلسەفەدا نییە، بەڵکو هەڵوێستێکی عەقڵییە لە بەرامبەر دنیا و فیکر و زاتی ئینسان خۆیدا. ڕۆشنگەر لەم پێناسەیەدا ئەو کەسەیە کە دەوێرێ و دەتوانێت خۆی بۆ خۆی بیربکاتەوە و خۆی بۆ خۆی عەقڵ و توانا ئیدراکی و هەستییەکانی خۆی بخاتە گەڕ و ڕێ بەوەش نادات یەکێکی دیکە لەباتی ئەو و بۆ ئەو بەناوی ئەوەوە بیربکاتەوە. یەکێک لەداواکردنەکانی کانت لە ڕۆشنگەر ئەوەیە کە هەموو ئەو شتانە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە لە ڕابوردووەوە بۆی ماوەتەوە و تەسلیمی حوکمەکانیان نەبێت و خۆی دواهەمین حوکمیان لەسەربدات و ئازادانە بیربکاتەوە. (هـ. س. پ.، ل ٦٢) بەم مانایە کانت یەکێک لە ئەرکەکانی ڕۆشنگەری بە سەرلەنوێ خوێندنەوە و پێناسەکردنەوە و پێداچوونەوەی ئەو دید و بیر

و بۆچوون و پرۆژە و وێناکردنانە دەزانێت کە بەر لە ئێمە لە ئارادابوون و ئەمرۆکە بۆ ئێمە ماونەتەوە، داواشدەکات هەر کەسە و ئێستاتی خۆی و ئەو ڕابووردوەی کە ئێستای بەرهەمهێناوە ڕەخنەگرانە و سەربەخۆیانە بخوێنێتەوە.

خاڵێکی دیکەی گرنگ لای کانت، کە تێیدا دەستنیشانی ڕۆشنگەری و هەڵوێستی ڕۆشنگەرانەدەکات، بریتییە لە ئازادی. بەڵام چ ئازادییەک؟ کانت لە وەڵامدا جەغد لەوە دەکات کە ڕۆشنگەری مانای ئەوەی ئینسان ئازادبێت لەوەدا کە عەقڵ لە هەموو بوارەکاندا و بەوپەڕی ئاشکرایی و بێ شاردنەوە و ترس و تۆقین بەکاربهێنیت. کانت پێیوایە ئینسان دەبێت تا ئەو ڕادەیە عەقڵی خۆی بەکاربهێنێت کە دەیکاتە «ڕۆشنفکرێک کە بۆ جمهوری خوێنەرانی هەموو دنیا» بدوێت. خوێنەر سەرنجبدات کانت لێرەدا باس لە خوێنەری جیهانی دەکات و بەم باسکردنەشی ڕەهەندێکی گەردوونی بە ڕۆشنگەری ئەدات. بە مانایەکی دیکە کانت دەخوازێت بڵێت ڕۆشنگەری مانای بوونی جۆرێک لە ئازادی لێکۆڵینەوە لە هەموو بوارەکانداو گوێڕانەگرتن بۆ ئەو شتانەی کە دەشێت وەک تابو و حەرام و نەشیاو پێشنیارکرابن. لەهەمانکاتدا ڕۆشنگەر وەک ئەو کەسە دەبینێت کە هەمیشە ئەوەی لەبەرچاودایە کە بۆ جمهورێکی جیهانی و گەردونی قسەدەکات. ئەم بەجیهانی بوونەی جمهور و فیکر لە جەوهەردا لابردنی ئەو ڕێگرە لۆکاڵی و کولتوورییانەیە کە دەشێت کەسانی ناڕۆشنگەر بەناوی فیکر و مەنهەج و فەلسەفەی خواستراو و خەوناوییەوە وەک ڕێگر بۆ فیکر و هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە دروستیکەن. ڕۆشنگەربوون لای کانت هەمیشە ڕەهەندێکی جیهانی هەیە.

بەکورتی ڕۆشنگەری لەم بۆچوونە کانتیەدا بە پلەی یەکەم مانای بەکارهێنانی عەقڵە بەشێوەیەکی سەربەخۆ، دواتر بوونی ئازادی بۆ بەکارهێنانی عەقڵ لەهەموو مەودا و رووکارێکی واقیعیدا بە ئاشکرایی، سێهەم بوونی ڕەهەندێکی جیهانییە لە بەکارهێنانی عەقڵدا.

بەم مانا کانتییە ڕۆشنگەری شتێکە هەمیشە لەگەڵماندایە و شتێک نییە سەر بە ڕابورویەکی مێژوویی کۆتاییپێهاتوو بێت. ڕێک لەم گۆشەنیگایەوە فۆکۆ خۆی بە یەکێک لەو ڕۆشنگەرانە دەزانێت کە بەردەوامی بە پرۆژەی کانت و ڕەخنەی کانت لە کۆمەڵگا و جیهان و کارکردنی عەقڵ لەناو جیهاندا، ئەدات. بەڵام پێش باسکردنی هەرچی زیاتری ئەم مەسەلەیە با سەرنجێک لەو ڕەخنانە بدەین کە ڕووبەڕووی گریمانە

فیکری و ئایدیۆلۆژییەکانی ڕۆشنگەری کراونەتەوە، مەبەستم ئەو ئەو شەش خاڵەیە کە لە بڕگەی پێشوتردا نیشانماندان.

هەر کەسێک کەمەکێک شارەزای مێژووی فیکر بە گشتی و مێژووی فەلسەفە و زانستییە کۆمەڵایەتییەکان بەتایبەتی بێت، ئەو ڕاستییە دەزانێت کە ئەم بۆچوونانەی ڕۆشنگەری بۆ ئینسان و ڕۆڵی عەقڵ و ماهییەتی مێژوو هەرزوو لەلایەن کۆمەڵێک فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتییەوە کەوتنە بەر ڕەخنە و پێداچوونەوەی سەختەوە. فۆکۆ یەکەمین کەسێک نییە کە ڕەخنەگرانە تەماشای ئەم گریمانانەی ڕۆشنگەری و ماناکانیان دەکات. هەموو فەلسەفەی ئەڵمانی سەدەی نۆزدەهەم، لە شیلینگەوە بۆ گۆتە و لە گۆتەشەوە بۆ هیگڵ فەلسەفەیەکە دژ بەم دیدەی ڕۆشنگەری و ڕەخنەیەکی گشتگیرە لە کۆی ئەو باوەڕە بێسنوورەی ڕۆشنگەری بە عەقڵی دەبەخشێت. من لێرەدا کات و شوێنی ئەوەم نییە هێڵە گشتییەکانی ئەم ڕەخنانە نیشاندەم، بەڵام هەوڵئەدەم هێما بە سێ کەس لە بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی ئەم دیدە تایبەتەی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ بکەم و لەبەر نەبوونی مەودا واز لە چەندەها شێوازی دیکەی ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری دەهێنم. هەموو ئەمانەش بۆیە دەکەم بۆئەوەی کاک مەلا بەختیار وانەزانێت ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری شتێکە لە دوای جەنگی جیهانی دووهەمەوە و وەک «کاردانەوە» و «ڕاچڵەکینی ئەبستمۆلۆژی» بەڕووی ئەو جەنگەدا گەڵ قوتابخانەی فرانکفۆرت و دوای ئەویش لەگەڵ فیکری فۆکۆدا لەدایکدەبێت، ڕەخنەگرتن لە ڕۆشنگەری کەلەپورێکی دەوڵەمەندی هەیەکە هەندێکیان بۆ سەردەمانی ڕۆشنگەری خۆی دەگەڕێتەوە. ئەو سێ ڕەخنەگرەی من لەم بەشەی باسەکەمدا باسیاندەکەم بریتین لە مارکس و نیتشە و فرۆید، کە هەرسێکیان ئەڵمانن و ڕەخنەی توندیان لە ڕۆشنگەری هەبووە: (De Costa 1989: 15-16)

## 3.6 . ڕەخنەی مارکس و فرۆید و نیتشە لە ڕۆشنگەری

مارکس فەیلەسوفێکی ئاڵۆزە گەرچی لە خوێندنەوە ئایدیۆلۆژییە سادەکاندا کراوەتە یەکێک لە فەیلەسوفە هەرە ئاسانەکانی مێژوو. هەڵوێستی مارکس لە ڕۆشنگەری هەڵوێستێکی دووفاقە، ئەو بە مانایەک لە ماناکان فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرە و سەر بەو هێڵەی ڕۆشنگەرییە کە لە سەدەی هەقدەهەمەوە دەستپێدەکات، بەڵام بەدیوێکی دیکەدا فەیلەسوفێکە دژ بە ڕۆشنگەری و گریمانەکانی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ. چۆن؟

مارکس فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرە بەو مانایەی وەک زۆربەی ڕۆشنگەرانی بەر لەخۆی هەڵگری دیدێکی گەشبینە بۆ مێژوو و لەپاڵ بیرۆکەی «پێشکەوتندا» گریمانی ئەوە دەکات کە مێژووی کۆمەڵگا ئینسانییەکان مێژووی بەرەوپێشەوەچوونی بەردەوامی ئەو کۆمەڵگایانەیە و ئایندەش هەڵگری چەندەها مژدەی گەورە گەورەیە دەربارەی یەکسانی و ئازادی و سەرفرازی هەملایەن و هەتاهەتایی. بەباوەڕی مارکس ڕۆژگاری ئازادی ڕەها و کۆمەڵگای بێجیاوازی و مێژووی بێناکۆکی لە پێشمانەوەیە، وەک پیاوێکی ڕۆشنگەر چاوەڕوانی بەهەشتێکی سەرزەمینی دەکرد کە مرۆڤایەتی وەک گشتێک بە ئاسودەییەکی هەمیشەیی بگەیەنێت، ئینسان لە سەرزەمینی ناچارییەوە بۆ سەرزەمینی ئازادی دابەزێنێت، جیهان ببێتە نیشتیمانی هەمووان و یەکسانی سەرتاسەری هەموو کون و قوژبنەکانی بگرێتەوە. بەم مانایە مارکس تا سەر ئێسقان فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەرە (ڕۆشنگەرە بەپێی قیبلەنوما و نەخشە و مژدە گەورەکانی ڕۆشنگەری).

بەڵام مارکس لە باوەڕنەبوونیدا بەو خاڵەی گوایە عەقڵ وەک شتێکی ڕەها، وەک ئامرازێکی بێلایەن، ئامرازێک بۆ گۆڕان و بەرەوپێشەوەچوون دەتوانێت کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەکان چارەسەربکات. بەس سەندنەوەی باوەڕە لە عەقڵ بە ڕەهایی مارکس دەبێتە فەیلەسوفێکی دەرەوەی ڕۆشنگەری. سەرەتا مارکس جەغد لەو پرنسیپە میتۆدییە گرنگە دەکات کە عەقڵ دەستنیشانی واقیعی کۆمەڵایەتی ناکات، بەڵکو ئەوە واقیعی کۆمەڵایەتی سنوور و توانا و جەوهەری عەقڵ دەستنیشاندەکات. لێرەدا مارکس ڕاستەوخۆ عەقڵ و ووشیاری دەبەستێتەوە بەو زەمینە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگییەوە کە ئینسانی تێدا دەژی و بەم بەستنەوەیەش ئەو سەربەخۆییە لە عەقڵ دەسێنێتەوە کە ڕۆشنگەران پێیان بەخشیبوو.
خاڵێکی دیکەی گرنگی ڕەخنەی مارکس لە بۆچوونی ڕۆشنگەران بەرامبەر عەقڵ لەوەدایە کە مارکس باوەڕی بە یەکێتی عەقڵ نییە، لە دیدی مارکسدا لە هەر قۆناغێک لە قۆناغە جیاجیاکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا لەباتی یەک عەقڵ زیاد لە عەقڵێک لەئارادەیە، ئەم عەقڵانەش بەپێی سنوورە چینایەتییە جیاجیاکان لەیەکدی جیادەبنەوە و لەناوەوەڕا بەشبەشدەبن، لەنێوان ئەو بەشە جیاوازانەشدا دژایەتی و ناکۆکی و ململانێ هەیە نەک هارمۆنیەت.

بە کورتی مارکس بە سەندنەوەی سەربەخۆیی لە عەقڵ و بە دابەشبوونی ناوەکییانەی بەشە جیاجیاکانی و بە سەندنەوەی ڕۆڵی بێلایەنی و ناوبژیکەر لێی، شەپازلەیەکی فیکری و فەلسەفی گەورە لەو دیدەی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ ئەدات کە کەمەکێک لەمەوپێش باسمانکرد. مارکس سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمبوون لە عەقڵ و ووشیاری دەستێنێتەوە و دەیبەستێتەوە بەو ژێرخانە ئابوورییە نادیارەوە کە کۆنترۆڵی توانا عەقڵییەکان و ناوەرۆکە جیاوازەکانی ووشیاری و ستراتیژەکانی ئامادەبوونیان دەکات. بەوەی عەقڵ لای مارکس دەبێتە پابەندی ئەو دنیا ماتریالییەی تێیدا دەژی، یەکەمینشتێک لێیدەسێندرێتەوە ئۆتۆنۆمبوونی عەقڵ و ناوبژیکەربوونیەتی. بەمەش مارکس ئەو تێگەیشتنە ڕۆشنگەرە بۆ عەقڵ وەک هێزێکی ئۆتۆنۆم و دابەشنەبوو وناوبژیکەر بەڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی گەورە. بەم کارەشی دەبێتە فەیلەسوفێک دژ بە گریمانەکانی ڕۆشنگەری بۆ عەقڵ و ڕۆڵی عەقڵ لە ڕێکخستنەوەی بێلایەنانەی جیهاندا.

بە کورتی گەشبینی تێڕوانینی مارکس بۆ مێژوو وەک گەشەکردنێکی بەردەوام بەرە و کەماڵ و ڕوو لە ئامانجێکی گەردونی هەمیشە پێشکەوتوتر لە ئامانجەکانی بەر لەخۆی، دەیکاتە فەیلەسوفێکی ڕۆشنگەر، بەڵام سەندنەوەی ئۆتۆنۆمی لە عەقڵ و بەستنەوەی کاروکردەوەکانی ئینسان بە ژێرخانێکی ئابووری پڕ لە ململانێوە، نەک بە عەقڵێکی سەربەخۆوە، تەواو لە ڕۆشنگەرەکان دووریدەخاتەوە. بەم مانایە مارکس فەیلەسوفێکە پێیەکی لەناو ڕۆشنگەریدایە و پێیەکەی دیکەی لە دەرەوەیدایە.

ڕەخنەی نیتشە لە ڕۆشنگەری بە ئاراستەیەکی جیاواز لە ئاراستەی ڕەخنەکانی مارکسدا تێدەپەڕێت. ڕەخنەی نیتشە لە پێناسەکردنی ئینسانەوە دەستپێدەکات، ئەو شوێنەی دیکارت و ڕۆشنگەری بە ئینسانی دەبەخشن نیتشە لە ئینسانی دەسێنێتەوە. بەباوەڕی نیتشە ئینسان بالاترین بوونەوەری سەرزەوی نییە، بەڵکو بوونەوەرێکە لەپاڵ بوونەوەرەکانی دیکەدا، ئەمەش وادەکات ئینسان بەهیچ مانایەک شتێکی پیرۆز نەبێت. ئینسان لای نیتشە گیانلەبەرێکە وەک هەموو گیانلەبەرەکانی دی، عەقڵ، کە ڕۆشنگەران بە خاڵی جیاکەرەوەی ئینسانیان لە بوونەوەرەکانی دیکە دادەنا، لای نیتشە ئەو ئامرازە بێگوناهە نییە کە کاری دۆزینەوەی هەقیقەت و ڕاستییەکان بێت. عەقڵ لای نیتشە سەرزەمینێکە، وەک خودی واقیع خۆی، پڕە لە هێز و دەسەڵات و ململانێی هەمەجۆر. یاساکانی هێز و دەسەلات و ململانێ و هەیمەنە چەند لە واقیعدا

ئامادەن، ئاواش لەناو عەقڵ و کارەکانی عەقڵیشدا ئامادەن. بەباوەڕی نیتشە عەقڵێک نییە لەدەرەوەی پەیوەندییەکانی هێزدا بوونی هەبێت، عەقڵێک نییە لەپاڵیدا و لەناویدا پرۆژەیەکی دەسەڵات ئامادەنەبێت، ئیرادەی دەسەڵات کە جەوهەری بوونە ئیرادەیەکە تەواو لەناو عەقڵدا بەرجەستەیە. لەڕاستیدا لەم خاڵەدا تێڕوانینی نیتشە بۆ عەقڵ زۆر لە تێڕوانینی مارکس دەچێت و تا ڕادەیەکی زۆر هەردوکیان یەک ڕەخنە دووبارەدەکەنەوە، بەڵام لەناو دوو پرۆژەی فەلسەفی و سیاسی جیاوازدا. نیتشە دژی ئەو بیرۆکە ڕۆشنگەرییەیە کە پێیوایە عەقڵ توانای دۆزینەوە و گەیشتن بە هەقیقەتی هەیە، حەکەمێکی بێلایەنە و ئەم بێلایەنانەش وایلێدەکات توانای ئەوەی هەبێت پێمانبڵێت ڕاستی کامەیە و هەڵە چییە و باشە و خراپە لە کوێدان. بەباوەڕی نیتشە ڕاستی دۆزراوەی عەقڵ نییە، هەقیقەت شتێک نییە عەقڵ بێت و دوای ئیشکردن و لێکۆڵینەوە و گەڕان بیدۆزێتەوە، بەپێچەوانەوە هەقیقەت مەسەلەیەکی کۆمەڵایەتییە و هێزە جیاجیاکان دوای ململانێییەکی زۆر لەسەر ماناکان و چییەتی و چۆنیەتی بەکارهێنان و بڵاوکردنەوەی ڕێدەکەون و ئەو فۆرمەی پێیدەبەخشن کە ئیرادەی دەسەڵات خوازیارییەتی. بەم مانایە هەقیقەت شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو شتێکی ڕێژەییە و لەدەرەوەڕا و لەلایەن هێزە جیاجیاکانەوە دەستنیشاندەکرێت. (لای مارکس هەقیقەت ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە چینە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لای نیتشە بە ئیرادەی هێزەکانی ناو واقیعەوە، لەهەردوو بارەکەشدا هەقیقەت بەرهەمی کارکردنێکی بێلایەنانەی عەقڵ نییە، بەڵکو دەرنجامی ململانێ و پێکدادانە. لەڕاستیدا چ لای مارکس و چ لای نیتشە شتێک نییە ناوی عەقڵی بێلایەنبێت).

سیگمۆند فرۆیدیش لەسەر هەمان نەزم چەمکی عەقڵ و عەقڵانییەت بە مانا ڕۆشنگەرییەکەی دەداتە بەر ڕەخنە، بەباوەڕی فرۆید ئەوەی بڕیار و کار و کردەوەکانی ئینسان دەستنیشاندەکات بە تەنها عەقڵ نییە، بەڵکو ئەو سەرزەمینە دەروونییە تاریک و نەناسراو و داخراوەشە کە ناویدەنێت نەست یان نائاگایی. لەناو نائاگاییدا، لەم سەرزەمینە سایکۆلۆژییە تایبەتەدا، عەقڵ نەک قسەکەری یەکەم نییە، بەڵکو لەپاڵ غەریزە و پاڵنەری سایکۆلۆژی ناعەقڵانی و ئارەزوی سەرکوتکراو و ویستی چەپێنراودا، ئامادەیە.

ئەگەر مارکس لەپشتی هەڵوێست و بیرکردنەوەکانی ئینسان و هێزە کۆمەڵایەتییەکانەوە بونیادێک یان ژێرخانێکی ئابووری و ماتریالی بینیبێت، نەک

بڕیاری سەربەستانەی عەقڵ، ئەوا لە ئاستی سایکۆلۆژیدا فرۆید بونیادێکی سایکۆلۆژی نائاگا دەستنیشاندەکات کە کار لە بڕیار و کار و کردەوەکانی ئینسان دەکات. لەم خاڵەشدا ڕەخنەی مارکس و ڕەخنەی فرۆید لە عەقڵ دوو ڕەخنەن تارادەیەکی زۆر لێکدەچن، بێگومان لەزۆر خاڵی دیکەدا جیاوازن کە ئێرە شوێنی باسکردنیان نییە. بەکورتی ئەگەر مارکس لەپشتی کار و کردەوە و بڕیارەکانی عەقڵەوە بونیادێکی چینایەتی دیاریکراو ببینێت، فرۆید لەپشتی ئەم شتانەوە بونیادێکی سایکۆلۆژی دەبینێت. لەهەردوو بارەکەشدا عەقڵ نە تاقە گەمەکەر و نە سەربەخۆ و نە بێلایەنە. بەڵام وەک چۆن مارکس بە مانایەک لە ماناکان ڕۆشنگەر بوو، ئاوا فرۆیدیش بە مانایەک لە ماناکان ڕۆشنگەرە. ئەوەی فرۆید دەکاتە ڕۆشنگەر باوەڕبوونییەتی بە توانای ئینسان لە گەیشتن بە ئازادیدا، وەک ڕۆشنگەرێک فرۆید باوەڕی وابووە ئینسان دەتوانێت ئازاد و سەربەخۆبێت، ئەوەشی ئەم ئازادی و سەربەخۆییەی بۆ فەراهەمدەکات، بەپێچەوانەی مارکسەوە کە پێیوابوو شۆڕشی کۆمەڵایەتییە، میتۆدەکانی شیکردنەوەی دەروونین، واتە شۆڕشی سایکۆلۆژییە. بەباوەڕی فرۆید ئینسان لەڕێی ئەم میتۆدانەوە دەتوانێت لەگەڵ خۆی و لەگەڵ واقیع و لەگەڵ دەوروبەریدا ئاشتبێتەوە و دوای ئەمەش بێکێشە و ململانێ و گرفتی دەروونی بژی. میتۆدەکانی شیکردنەوەی دەروونی لای فرۆید ئەو ڕۆڵە ئەبینن کە پرۆلیتاریا لای مارکس دەیبینێت. بەم شێوەیە فرۆیدیش وەک مارکس پێیەکی لەناو ڕۆشنگەری و پێیەکەی دیکەی لە دەرەوەی ڕۆشنگەریدایە.

بە کورتی ئەوەی مارکس و نیتشە و فرۆید بەیەکەوە دەبەستێتەوە ڕەتکردنەوەی ئەو دیدە ڕۆشنگەرییەیە کە عەقڵ وەک سەرچاوەی هەقیقەت و وەک دواهەمین قسەکەر و وەک گەمەکەرێکی بێلایەن نیشانئەدات. ئەم سێ فەیلەسوفە پێکەوە پایەکانی ئەو ڕێبازە فەلسەفی و میتۆدییە دادەڕێژن کە تیایاندا چەمکەکانی زات و عەقڵ و عەقلانییەت چەمک و زاراوە هەرە گرنگ و سەرەکییەکانی نین. ئەم کەلەپووره فیکرییە کاریگەری گەورەی لەسەر بەشێکی گەورەی فیکری سەدەی بیستەم هەیە و کاریگەرییەکی گەورەش لەسەر مێژووی سیاسی کۆمەڵایەتی ئەو سەدەیە بەجێدێڵێت. هەر لێرەشدا دەبێت جەغد لەو ڕاستییە بکەین کە ئەم سێ بیریارە گەورەیە ئەو وێنانەی ڕۆشنگەری بۆ کۆمەڵگا و مێژوو و ئینسانی هەیە بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ دەگۆڕن.

مادامەکی عەقڵ لای ئەم سێ بیریارە شوێنی خۆی وەک دەستنیشانکەرێکی سەربەخۆ لەدەستئەدات، لەپاڵ عەقڵ و لەپشتی عەقڵەوە چەندەها هێزی دیکە نیشانئەدەن کە کاریگەری گەورەیان لەسەر هەڵسوکەوتەکانی ئینسان هەیە، بۆیە ئینسان شوێنی خۆی وەک بکەرێکی ئازاد لەدەرەوەی بوونیادی ئابوری و بونیادی ئارەزوو ستراتیژەکانی دەسەڵاتدا لەدەستئەدات، ئەمەش دیدێکە تەواو ناکۆک بە دیدی ڕۆشنگەری.

## 7 ـ فۆکۆ و ڕۆشنگەری

پێشئەوەی لەسەر دیدی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری بدوێین و گرنگی ڕۆشنگەریی و هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بۆ ئەم فەیلەسوفە بە خوێنەر بناسین، با جارێکی دیکە تەماشای چەند حوکمێکی دیکەی کاک مەلا بەختیار لەسەر دیدی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری، بکەین. بەم کارەشمان دەخوازین خوێنەر لەوە ئاگادارکەینەوە کە کاک مەلا بەختیار لەخۆیەوە و بێ لانیکەمی شارەزایی و چۆنی بە خەیاڵدا هاتووە ئاوا حوکمی بەسەر ئەم فەیلەسوفەدا داوە.

کاک بەختیار دەربارەی فۆکۆ دەنوسێت «تەواوی کارە ئارکیۆلۆژیەکانی (حفریات ـ هەڵکۆڵین) مێژووی فکر و فەلسەفە، سەرەنجام لای فۆکۆ دەگاتە ئاکامێک کە خیتابی ئەپستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری هەر هەمووی سوڕانەوەیە لە دەوری میتافیزیکا و چەق بەستنێتی لەسەر زاراوەی نوێی مرۆڤ و مرۆڤایەتی. بەبێ ئەوەی توانیبێتی سیستمێکی ئەبستمۆلۆژی جیا جیا و قوڵ لەسەر بەش بەشی کۆمەڵ دابهێنێ دورکەوێتەوە لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی» (ل ٣٧٥). سەرەتا خوێنەر لەوە دڵنیا دەکەم فۆکۆ لەهیچ شوێنێکدا قسەی لەم جۆرەی نەکردوە و تەحەدای کاک مەلا بەختیار دەکەم نووسینێکی فۆکۆم بۆ بهێنێتەوە تێیدا گوتبێتی کە «خیتابی ئەپستمۆلۆژیای ڕۆشنگەری !» هەرهەمووی سوڕانەوەیە لە دەوری میتافیزیکا. سەرەتا دەمەوێ خوێنەر لەوە ئاگادارکەمەوە کە فۆکۆ لە هیچ شوێنێکدا قسە لە «خیتابی ئەپستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری» ناکات لە بەر هۆیەکی زۆر سادە: دەستەواژەی «خیتابی ئەپستمۆلۆژیای سەردەمی ڕۆشنگەری» دەستەواژەیەکی بێمانایە. چۆن؟

وەک هەمیشە کاک مەلا بەختیار پێمان ناڵێت مەبەستی لە چەمکی خیتاب و چەمکی

ئەپستمۆلۆژیا چییە و ئەو چۆن و بە چ شێوەیەک بەکاریاندەهێنێت؟ بەلام ئەزیەتێکی زۆری ناوێت لەوە تێبگەین بەڕێزی هەموو ئەو چەمکانە وەک وشەی سادە و قسەی ڕۆژانە بەکاردەهێنێت، نەک وەک چەمکی فەلسەفی هەڵگری مانا و دەلالەتی دیاریکراو. کاک مەلا بەختیار گەر بیزانیایە چەمکی ئەپستمۆلۆژیا یانی چی بەوشێوە نوکتە ئامێزە بەکارینەدەهێنا وەک لەو وەرگیراوەی سەرەوەدا بەرجەستەیە، هەر خوێنەرێکی نومرە چوار و نومرە پێنجی فەلسەفە و زانستە کۆمەلایەتییەکان ئەو هەڵەیە ناکات کە کاک مەلا بەختیار لە بەکارهێنانی چەمکی ئەپستمۆلۆژیادا کردویەتی. کاک مەلا بەختیار ئەپستمۆلۆژیا و سیستمی ئەبستمۆلۆژی بە بەرهەمهێنانی مەعریفەی «جیا جیا و قووڵ لەسەر بەش بە بەشی کۆمەڵ» تێگەیشتوە. لەکاتێکدا ئەپستمۆلۆژیا چ لەدوور و چ لە نزیک پەیوەندی بە بەرهەمهێنانی مەعریفەوە دەربارەی بەش بە بەشی کۆمەڵگاوە نییە. ئەپستمۆلۆژیا زانستی قسەکردن نییە لەسەر کۆمەڵگا، وەک کاک مەلا بەختیار بە هەڵە دەیەوێت لە خوێنەری بگەیەنێت، بەڵکو زانستی قسەکردنە لەسەر مەعریفە و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە. با لەخۆمانەوە قسەنەکەین و بۆ دەستنیشانکردنی مانای ئەپستمۆلۆژیا و سیستمی ئەبستمۆلۆژی بگەڕێینەوە سەر سەرچاوەی باوەڕپێکراو لەم بوارەدا.

ئەپستمۆلۆژیا «ئەو زانستەیە کە دەربارەی سەرچاوە و کێشە و مەرجەکانی بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی مەعریفە دەکۆڵێتەوە. لێرەوە تیورەکانی ئەپستمۆلۆژیا دەربارەی مەسەلەکانی هەستکردن، ووشیاری، یادهاتنەوە و هەقیقەت، گومان و هەڵسەنگاندن دەدوێن» (Spectrum 1999: 126). (کاک بەختیار لە بەشێکی دیکەدا باسی ئەوە دەکات نەوەی دوای ڕاپەڕین ویستوویانە مێژوو بەهۆی ئەپستمۆلۆژیاوە بخوێننەوە، ئەمەش دیسانەوە هێمایەکی ئاشکرایە بۆ تێنەگیشتن لە مانای چەمکی ئەپستمۆلۆژیا). ئەپستمۆلۆژیا بریتییە لەو زانستەی پێماندەڵێت زانیاری لە کوێوە دێت، سەرچاوەکانی کامانەن، مەرجەکانی بەرهەمهێنانی چین و بەکارهێنانەکانی بە چ شێوەیەکە. لە خوێندنەوەی ئەم مەسەلانەدا ئەپستمۆلۆژیا گرنگییەکی گەورە بە ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە ئەدات کە بریتین لە هەستەکانی ئینسان، عەقڵ، زاکیرە، خەیاڵ، میکانیزمەکانی یادهاتنەوە و بیرچوونەوە ...هتد. ئەپستمۆلۆژیا بریتی نییە لە بەرهەمهێنانی مەعریفە لەسەر بەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگا، ئەمەیان کاری سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیا و بەشەکانی دیکەی زانستە کۆمەلایەتییەکانە، نەک ئەو بەشەی فەلسەفە کە بە ئەپستمۆلۆژیا ناودەبرێت. کاک مەلا

بەختیار ئەم ئەلف و با ساکارەی دابەشبوونی فەلسەفە و زانستە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکدی جیاناکاتەوە و سۆسیۆلۆژیا و ئەنسرۆپۆلۆژیای لێبۆتە ئەپستمۆلۆژیا و سیستمی ئەبستمۆلۆژی. ئەم هەڵەیەی کاک مەلا بەختیار لە ئاستە ڕۆژانەییەکەیدا وەک ئەوە وایە یەکێک یاری باڵە و باسکە، ڕۆمان و عەریزە یان گریان و گۆرانی لە یەکدی جیانەکاتەوە.

دواتر فۆکۆ لە قسەکردنیدا لەسەر ڕۆشنگەری باس لە ئەپستمۆلۆژیا ناکات، بەڵکو باس لە ئەپستیم Episteme دەکات، ئەم جیاوازییە لە نێوان ئەپستمۆلۆژیا، کە بە عەرەبی «نظرية المعرفة» یە لەگەڵ ئەپستیم، «البنية التحتية للمعرفة» هێجگار گرنگە. وەک ووتمان ئەپستمۆلۆژیا ئەو زانستەیە کە پێماندەڵێت مەعریفە چۆن بەرهەمدەهێنرێت، بریتییە لە کۆی چەندەها تیورەیەی جیاواز دەربارەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە، لە کاتێکدا ئەپستیم مانای ئەو ژێرخانە فیکرییەی هەموو شێوەکانی مەعریفەی لەسەر بنیادنراوە و هەمیشە لەشێوەی دابڕاندا لە ئەپستیمەکانی بەر لەخۆی جیادەبێتەوە (Karskens 1986: 42-43). ئەگەر ئەپستمۆلۆژیا کۆمەڵێک تیورەبێت دەربارەی بەرهەمهێنانی مەعریفە، ئەوا ئەپستیم ئەو ژێرخانە مەعریفییەیە کە هەلی هاتنەکایەی ئەو تیورانە و چەندەها تیورەی دیکەی ڕۆژگارایکی دیاریکراو فەراهەمدەکات. ئەپستیم بریتییە لە کۆی ئەو گریمان و بەڵگەنەویستە فیکرییانەی لەساتێک لە ساتەکاندا هەلومەرجی هاتنەکایەی شێوە جیاجیاکانی مەعریفە و تێز و تیورەکان فەراهەمدەکات، بەڵام ئەپستمۆلۆژیا بریتییە لە تیورەی تایبەت دەربارەی چۆنیەتی بەرهەمهێنانی مەعریفە. بە کورتی ئەپستیم بریتییە لەو بونیادە گشتی و سەرەکییەی لە ڕۆژگارێکی دیاریکراودا هەلومەرجی هاتنەکایەی شێوازە جیاجیاکانی مەعریفە فەراهام دەکات، لەکاتێکدا ئەپستمۆلۆژیا زانستی قسەکردنە لەسەر ئامراز و شێواز و چۆنیەتی بەرهەمهێنانی زانیاری. هەموو کتێبی «ووشەکان و شتەکان» ی میشێل فۆکۆ تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوەی فۆرمە جیاوازەکانی ئەپستیم لە سەردەمانی ڕێنیسانسەوە تا سەردەمی مۆدێرنە. فۆکۆ لەم کتێبەدا سێ ئەپستیمی سەرەکی، واتە سێ ڕۆژگاری مەعریفی جیاواز، لێکدی جیادەکاتەوە و لەنێوان هەریەکێکیاندا دابڕانێکی قووڵ و هەمەلایەن دەبینێت. لە فەسڵی دووهەمی ووشەکان و شتەکاندا باس لە ئەپستیمی سەردەمانی ڕێنیسانس دەکات، دوای ئەوە لە فەسڵی سێهەمەوە تا شەشەم باس لە ئەپستیمی ڕۆژگاری کلاسیک دەکات، کە لەزۆر ڕووەوە ڕۆژگاری ڕۆشنگەرییە، دوای ئەوەش لە فەسڵەکانی دیکەدا باس لە ئەپستیمی

ڕۆژگاری مۆدێرنە دەکات (Foucault 1984) . بە کورتی ئەو قسانەی کاک مەلا بەختیار دەیانخاتە سەر دەمی فۆکۆ و بەزۆری زۆرداری فیکری ئەم فەیلەسوفەی پێدەشێوێنێت، جگە لە بەسەهوداچوونێکی گەورە و تێنەگەیشتن لە سەرەتاییترین ئەو چەمکانەی ئەم فەیلەسوفە لە بەرهەمهێنانی فیکری خۆیدا کاریان پێدەکات و شێواندنێکی بە ئەنقەستی شتەکان، شتێکی دیکە نییە، هەموو ئەمانەش بۆیە دەکات بۆ ئەوەی، وەک ووتمان،وا لە خوێنەر بگەیەنێت کە گۆڤاری ڕەهەند و نووسەرەکانی دژ بە کورد و بە نیشتیمان و ڕۆشنگەری و هەموو شتێکی دیکەشن، چونکە لەم گۆڤارەدا چەندجارێک لەلایەن چەند نووسەرێکەوە سوود لە هەندێک بۆچوونی ئەم فەیلەسوفە وەرگیراوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە کە لێرەدا دەبێت نیشانیدەین ئەو ڕاتییەیە کە ڕۆشنگەری سەردەمێکی دیاریکراوە کە بەپێی هەندێک بۆچوون نزیکەی دوو سەدەی خایاندوە (ڕۆشنگەری لێرەدا بە مانا «کانت «یەکەی نییە)، لەم قۆناغەدا زیاد لە ئەبستمۆلۆژییایەک بەرهەمهاتوە، نەک یەک خیتاب. بەمانایەکی دیکە لە سەردەمانی ڕۆشنگەریدا زیاد لە تیورەیەکی ئەبستمۆلۆژی دەربارەی چۆنیەتی هاتنەکایە و بەرهەمهێنانی مەعریفە لەئارادا بووە. هیوم خیتابێکی جیاوازی هەیە لە کانت و دیکارت لە هیگڵ و ڕۆسۆ لە هۆبز و لیبینتز لە نیوتن. وێناکردنەکانی هەریەکێک لەم فەیلەسوف و زانا ڕۆشنگەرانە بۆ بەرهەمهێنانی مەعریفە جیاوازە لەویدی و هەریەکێکیان بەشێوەیەک لە شێوەکان هەڵگری تیورەیەکی ئەبستمۆلۆژی تایبەتە و ناکرێت کورتیانکەینەوە بۆ یەک ئەپستمۆلۆژیا. ڕاستە فۆکۆ دەڵێت فیکرەی ئینسان فیکرەیەکی گرنگە لە فیکری سەردەمانی ڕۆشنگەریدا، بەڵام فۆکۆ کە لە کتێبی «ووشەکان و شتەکاندا» بە مێژووی زانستە ئینسانییەکاندا دەچێتەوە، ناڵێت فیکرەی ئینسان لای ئەم فەیلەسوفانە میتافیزیک بووە. جگە لەمە لە ڕەخنەی ئەبستمۆلۆژیدا فۆکۆ باسی ئینسان ناکات، بەڵکو باسی گۆڕانی ئەو ئەپستیمانە دەکات کە لەو ڕۆژگارانەدا ئامادەبوون و یەکێکیان شوێنی ئەویدیکەیانی گرتۆتەوە، بە دووروودرێژی باسی میکانیزمەکانی بەرهەمهێنانی مەعریفە و چۆنیەتی گۆڕانی ئەپستیمەکان دەکات، ئەوەمان نیشانئەدات چۆن لە سەردەمانی ڕۆشنگەریدا ئەپستیمی نوێ دروستدەبێت و شوێنی ئەپستیمی بەر لەخۆی دەگرێتەوە. ئەگەر کاک بەختیار تاقەتی هەبوایە تەماشایەکی سەرپێی کتێبی «ووشەکان و شتەکان» ی میشێل فۆکۆی بکردایە قسەی وای نەدەکرد وەک لەو وەرگرتنەی سەرەوەدا کردویەتی.

بەپێچەوانەی قسەکەی کاک مەلا بەختیارەوە کە دەڵێت گوایە فۆکۆ گوتوویەتی ڕۆشنگەری «سیستمی ئەپستمۆلۆژیای قووڵ» ی بەرهەمنەهێناوە، فۆکۆ لە کتێبی «ووشەکان و شتەکان» دا لە سەدان لاپەڕەدا باس لەوەدەکات کە ڕۆشنگەری ئەپستیمێکی نوێی هێناوەتەکایەوە، ئەپستیم نەک ئەپستمۆلۆژیا. بەمانایەکی دیکە فۆکۆ باوەڕی وایە ڕۆشنگەری نەک تەنها لە ئاستی ئەپستمۆلۆژیادا تیورەی تازەی هێناوەتەکایەوە و چەمکی ئینسان و عەقڵ و چەندەها دید و وێناکردنی دیکەشی داهێناوە، بەڵکو هەموو ژێرخانی بەرهەمهێنانی مەعریفەشی گۆڕیوە (واتە ئەپستیمی گۆڕیوە). خۆش ئەوەیە زۆربەی لاپەڕەکانی کتێبی «ووشەکان و شتەکانی» فۆکۆ تەرخانە بۆ باسکردنی چۆنیەتی هاتنەکایەی ئەم ئەپستیمە نوێیە کە دواتر هەلومەرجی هاتنەکایەی زانستە ئینسانییەکان فەراهەمدەکات. کاک مەلا بەختیار تاقەتی ئەوەی نەبووە تەماشایەکی سەرپێیی ئەم کتێبە بکات بۆ ئەوەی بۆی دەربکەوێت کە فۆکۆ هەرگیز نەیووتوە ڕۆشنگەری 'ئەپستمۆلۆژیای قووڵی' بەرهەمنەهێناوە.

هەر لێرەشدا دەمەوێت خوێنەر لەو خاڵە ئاگادارکەمەوە کە دەستەواژەی «سیستمی ئەبستمۆلۆژی قووڵ» دەستەواژەیەکی بێمانەیە. سیستمی ئەبستمۆلۆژی قووڵ یان تەنک بوونی نییە، ئەپستمۆلۆژیای دیکارتی و ئەپستمۆلۆژیای نیوتنی و ئەپستمۆلۆژیای کانتی و ئەپستمۆلۆژیای مارکسی هەن، لەڕووی زانستییەوە ئەپستمۆلۆژیای قووڵ و تەنک جگە لە دەستەواژەیەکی بێمانا شتێکی دیکە نییە. دەشێت تیورە ئەبستمۆلۆژییەکان بەشێوەیەکی دیکەش پۆلینکەین، بۆ نموونە بیانبەستینەوە بە ڕێبازە گەورەکانی فیکری زانستی خۆیەوە، مەبەستم بەستنەوەیانە بە ڕێبازە جیاوازەکانی عەقلانەت و ڕێبازەکانی ئەزمونگەرییەوە، تەجریبیەت. ئەپستمۆلۆژیا هەیە لە ئەزموونەوە دەستپێدەکات و پێیوایە مەعریفە بەرهەمی ئەزموونەکانی ئینسانە، ئەم ئەپستمۆلۆژیایە پێیدەگوترێت «ئەپستمۆلۆژیای ئەزموونگەریی، تەجریبیەت«، بۆ نموونە ئەپستمۆلۆژیای هیوم سەر بەم قوتابخانەیەیە. ئەپستمۆلۆژیای تریش هەیە لە ئەزموونەوە دەستپێناکات، بەڵکو لە عەقڵ و ئەو قاڵب و چەمک و گوتراوە عەقڵییانەوە دەستپێدەکات کە لەدەرەوەی ئەزموونداوەک پێدراوێکی پێشین لەناو عەقڵی ئینساندا ئامادەن، ئەم جۆرە ئەپستمۆلۆژیایەش پێیدەگوترێت «ئەپستمۆلۆژیای عەقلانی«، ئەپستمۆلۆژیای کانتی سەر بەم جۆرە ئەپستمۆلۆژیایەیە. ئاشکرایە لەهەردوو دۆخەکەدا قسە لە ئەپستمۆلۆژیای تەنک و قووڵ ناکرێت، ئەم جۆرە ئەپستمۆلۆژیایە تەنها لای کاک مەلا بەختیار دەستدەکەوێت. وەک وتیشم ئەو

شەش دێڕ و نیوەی کاک مەلا بەختیار لە کۆتایی لاپەڕە ٣٧٤ دا داویەتیە پاڵ میشێل فۆکۆ، بۆئەوەی بیسەلمێنێت گوایە فۆکۆ دژ بە ڕۆشنگەری و عەقلانیەتە، هی فۆکۆ نین و هی پێشەکی نووسی کتێبەکەی فۆکۆ، «مطاع صفدی» ین. کاک مەلا بەختیار ئەم دێڕانەی «مطاع صفدی» لە خوێنەر کردوە بە هی فۆکۆ و بەئارەزووی خۆشی لێکیداوەنەتەوە.

فۆکۆ هەرگیز نەیگوتوە ڕۆشنگەری مەعریفە و تیورە و فیکر و فەلسەفەی گرنگ و تازە و قووڵی بەرهەمنەهێناوە، خۆزگە کاک مەلا بەختیار دەیتوانی تاقە حەرفێکی ئەم قسانە بسەلمێنت و سەرچاوەیەکی فۆکۆ خۆیمان نیشانبدات کە ئەو قسە سەیرو سەمەرانەی تێدا نووسرابێت. فۆکۆ هەرگیز نەیگوتوە ڕۆشنگەری زانیاری و تێز و تیورەی نوێی بەرهەمنەهێناوە، فۆکۆ دەڵێت ناتوانین بەرهەمهێنانی ئەو زانیارییە تازانەی ڕۆشنگەری بەرهەمیهێناون لە ستراتیژە نوێکانی دەسەڵات دابڕین. تازەیی تێزە فیکرییەکانی فۆکۆ لە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییەدایە کە فیکر و مەعریفە و تێزو تیورە جیاجیاکان بە میکانیزمە تازەکانی دەسەڵاتەوە دەبەستێتەوە. گرنگی فیکری ئەم فەیلەسوفە لەوەدایە کە نیشانمان ئەدات بەبێ گەشەدان بە تەکنیکەکانی دیسپلین و کۆنترۆڵکردن، بەبێ داهێنانی ئەرشیتێکتی نوێی زیندان و قوتابخانە و کارگە، بەبێ داهێنانی جەدوەلی ئامادەبوون و نائامادەبوون، بەبێ زانیاری نێو نەخشتەکانی چاودێریکردنی بەرهەمهێنان و تێبینینوسین لەسەر هەڵسوکەوتی کرێکاران، بەبێ دابەشکردنی زەمەن بۆ زەمەنی بچوک و دەستنیشانکردنی ئەو چالاکیانەی لەو زەمەنە بلۆوکانەدا دەبێت جێبەجێبکرێن، بەکورتی بەبێ گەشەکردنی ئەم هەموو تەکنیکە نوێیانەی دیسپلینکردن نەدەکرا زانستە ئینسانییەکان لەدایکبن. زانست بەبێ تێبینی و چاودێریکردنی ووردی بابەتە دیراسەکراوەکان نایەتە کایەوە، دەسەڵاتی مۆدێرن دەیەها تەکنیکی نوێی تێبینیکردن و چاودێریکردنی هێنایە کایەوە کە ڕاستەوخۆ بوونە یاریدەدەری هاتنەکایەی کۆمەڵێک زانست کە کاریان لێکۆڵینەوە و ناسین و کۆکردنەوەی زانیارییە لەسەر ئینسان و ڕەوشت و هەڵسوکەتەکانی. بەم مانایە هاتنەکایەی زانستە ئینسانییەکان مەحاڵبوو بەبێ گەشەکردن و داهێنانی ئەو هەموو میکانیزمە تایبەتانەی بەهۆیانەوە ئینسان دەبێتە بوونەوەرێکی تێبینیکراو و چاودێریکراو و بینراو. لەم ڕووەوە کتێبی «کۆنترۆڵ و سزا» ی فۆکۆ ئینجیلی ئەم جۆرە لێکدانەوە تازانەیە. لە زیاد لە کتێبیکیدا فۆکۆ

پەیوەندییەکی توند و گرنگ لەنێوان هاتنەکایەی زانستە ئینسانییەکان و تەکنیکەکانی دەسەڵاتی مۆدێرندا دەبینێت، دەسەڵاتێک لەباتی ئەوەی ئینسانەکان لەناوببات و سزای جەستەییان بدات، هەوڵئەدات چاودێری و دیسپلین و دەستەمۆیانکات، لەباتی ئەوەی جەستەیان هەلاهەلاکات، هەوڵئەدات بەهێزیانکات و تواناکانی بەرهەمهێنانیان وچالاکبوونیان تێدا زیادبکات. لەم چاودێری و تێڕوانین و تێبینیکردنە بەردەوامەی مرۆڤدایە زانستە ئینسانییەکان دێنە کایەوە و زانیاری تەواو لەسەر ئینسان و ڕەوشت و خو و ئارەزووکانی بەرهەمدەهێنن. بە مانایەکی دی ئەوەی فۆکۆ دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە زانست و فیکر بەهیچ جۆرێک بەرهەمی گەڕان نین بەدوای هەقیقەتێکی بابەتی ڕەهەدا، بەڵکو لە پەیوەندییەکی پتەودان بە تەکنیک و ستراتیژەکانی دەسەڵاتەوە.

بێگومان هەرکەس ئازادە لە قبووڵکردن یان نەکردنی ئەم دەرەنجامە فیکریانەدا کە میشێل فۆکۆ تا مرد بەرگریلێکردن و دوای ئەویش چەندان فەیلەسوف و زانای کۆمەڵایەتی و ئەکتیڤیستی سیاسی هەن بەرگریانلێدەکەن، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجی منە ئەو ڕاستییەیە کاک مەلا بەختیار کە نازانێ فۆکۆ چیکردوە و چی ووتوە و چ ڕایەکی لەسەر ڕۆشنگەری هەیە، کە بێئاگایە لەو هەموو تازەکارییە میتۆدی و فیکری و فەلسەفیانەی ئەم فەیلەسوفە ئەنجامیداون، کەچی سڵ لەوە ناکاتەوە بەلۆژیکی قسەی سادەی سەرجادە چەندان بۆچوونی هەڵە و نا مەعریفی و کاریکاتێری بخاتە سەر دەمی یەکێک لە فەیلەسوفە گرنگەکانی سەدەی بیستەم. ئەوەی بەلای منەوە مایەی نیگەرانی و لەڕاستیشدا مایەی ترسێکی گەورەیە ئەو جورئەتەیە کە سیاسییەک بەخۆی ئەدات بۆ ئەوەی وەک چۆن لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا خوتبەئەدات، بەهەمان شێوە بەناو کایە ئاڵۆز و زەحمەتەکانی فیکری بەشەریشدا تێپەڕێ و وەک خۆی دەڵێت «شەن و کەوی کات». بێگومان من کە ئەم قسەیە دەکەم مەبەستم نییە بڵێم لە کۆبونەوە حیزبییەکاندا قسەی باش و گرنگ ناکرێت، نا هەرگیز من ئەم دیدە ناسەلمێنم، بەڵام دەمەوێت بەرگری لەو ڕاستییە بکەم کە قسەی ناو کۆبوونەوە حیزبییەکان و بەرهەمهێنانی فیکری و فەلسەفی و مەنهەجی دووجۆر قسەی جیاوازن. هەریەکێکیان لۆژیک و میکانیزم و مەبەستی تایبەتی خۆیان هەیە و تێکەڵکردنیان بەیەکدی هەم گوناهێکی فیکری و هەم گوناهێکی سیاسیشە.، چەند زیان بە فیکر دەگەیەنێت ئەوەندەش زیان بە سیاسەت دەگەیەنێت.

کاک مەلا بەختیار هەر لەهەمان لاپەڕەدا دەنوسێت گوایە فۆکۆ گوتوویەتی گوتاری ڕۆشنگەری «لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی» دوورنەکەوتۆتەوە. من دیسانەوە تەحەدای کاک مەلا بەختیار دەکەم دێڕێکی فۆکۆم بۆ بدۆزێتەوە کە تێیدا نووسیبێتی گوتاری ڕۆشنگەری «لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی» دوورنەکەوتۆتەوە. فۆکۆ کە باوەڕی وایە ڕۆشنگەری نەک تەنها خیتابەکان و ستراتیژەکانی دەسەڵاتی گۆڕیوە، بەڵکو خودی ئەپستیم، واتە ژێرخانی هەموو بەرهەمهێنانی مەعریفیشی، گۆڕیوە، ئیدی چۆن دەڵێت «لە خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی» دوورنەکەوتۆتەوە. دوایی 'خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی' یانیچی؟ بەداخەوە کاک مەلا بەختیار وەک چۆن چەندەها ڕستەی لەم جۆرەی بێ هیچ لێکدانەوە و شەرحکردنێک بەجێهێشتووە، ئەم ڕستە نادیار و ئاڵۆزەشی ڕوونەکردۆتەوە، ئەمە لەکاتێکدا قەبارەی کتێبەکەی ٤٣٠ لاپەڕەیەو دەکرا تەرخانیکات بۆئەو جۆرە ڕوونکردنەوانە. ئاخر ئەو کە بە حیسابی خۆی باسی زیاد لە تەورەیەکی فیکری فۆکۆمان بۆ دەکات نەدەبوا ئەزێتی ئەوەی بدایەتە بەرخۆی و بۆ نووسینەکانی فۆکۆ خۆی بگەڕێتەوە و نیشانماندا لەکوێدا فۆکۆ لەو جۆرە قسانەی کردوە کە کاک بەختیار دەیخاتە سەر دەمی. ئاخر ئەمە ئەگەر پێشێلکردنی سادەترین مەرجی لێکۆڵینەوەی زانستی نەبێت، ئەگەر ئەمە ڕێزنەگرتنێکی گەورەی نووسین و بەسووک و ئاسان دانانی نەبێت، چی ترە. کاک بەختیار بە حیسابی خۆی فیکری ئەم فەیلەسوفە شیدەکاتەوە و هەڵەی کاک ڕێبین و من دەربارەی فیکری ئەم فەیلەسوفە ڕاستدەکاتەوە، کەچی جیاوازی نێوان ئەپستمۆلۆژیا و سۆسیۆلۆژیا ناکات و ئەپستیم و ئەپستمۆلۆژیاش بەیەکدی تێکەڵدەکات، لەکاتێکدا ئەم جیاوزییە گرنگترین کارێکە فۆکۆ لە کتێبی «وشەکان و شتەکان» دا کردبێتی و هەنگاوی یەکەمی تێگەیشتنە لە بەشێکی گرنگی فیکری فۆکۆ.

بەڵام با واز لەم هەموو هەڵە و شێواندنانەی کاک مەلا بەختیار بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری و بزانین ئەو شتانەی فۆکۆ دەربارەی ڕۆشنگەری دەیانڵێت چ لە دوور یان نزیک پەیوەندییان بەو قسانەوە هەیە کە بەڕێز کاک مەلا بەختیار لە کتێبەکەیدا ڕیزیکردوون و بێهیچ بەرپرسیارییەک خستوونیەتیە سەر زاری ئەم پیاوە فەرەنسییە.

فۆکۆ لە نوسینێکی زۆر بەناوبانگ و گرنگیدا کە باس لە دید و تێڕوانینی فەیلەسوفی ئەڵمانی کانت بۆ ڕۆشنگەری دەکات و بە ئاشکرا مەبەستەکانی خۆی لە ڕۆشنگەری لەپاڵ پێناسەکەی کانتدا بۆ ڕۆشنگەری ڕوون دەکاتەوە (وەک ووتمان ئەم

ووتارەی فۆکۆ هەم لە گۆڤاری ئازادی و هەم لە گۆڤاری دەروازەدا کراون بە کوردی، تکا لە خوێنەر دەکەم بۆ ئەو دوو سەرچاوەیە بگەڕێتەوە). ئێمە پێشتر بۆچوونەکانی کانتمان دەربارەی ڕۆشنگەری ڕوونکردەوە، ئەوەی لێرەدا دەمەوێ بیڵێم ئەو ڕاستییەیە کە فۆکۆ بەرگرییەکی تەواو لە بۆچوونەکانی کانت بۆ ڕۆشنگەری دەکات و بەتەواوی ئەو بۆچوونانە پەسەنددەکات. فۆکۆ پێیوایە مەبەستی کانت لە ڕۆشنگەری ئەو ساتەوەختە تایبەتەیە کە تێیدا بیرکردنەوە لە ئێستا و لە کێشەکانی ئێستا دەبنە گرنگترین مەسەلەیەکی فەلسەفی لەفیکری مرۆڤایەتیدا. ئێمە پێشتر نیشانماندا کە کاراکتەری سەرەکی بیرکردنەوەی ڕۆشنگەرانە لای کانت مەسەلەی سەربەخۆبوونی عەقڵ و جورئەت و وێرانی بەرەنگاربوونەوەی جیهانە لەڕێگای بەکارهێنانی سەربەخۆی عەقڵەوە. فۆکۆ ئەم دیدە کانتییە والێکدەداتەوە وەک ئەوەی ڕۆشنگەری ئەو ساتەوەختە تایبەتەبێت کە تێیدا فەلسەفە و فەیلەسوفان و بیریارانی دیکە کاری سەرەکی خۆیان بە ناسین و ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ئێستاوە خەریککەن، بەو ساتەوەختە تایبەتەوە کە تێیدا فیکر ئامادەیە و بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە تەماشای جیهان و کۆمەڵگا و پێکهاتە جیاوازەکانی ئەو ساتە تایبەتەی ئامادەبوونی هەردووکیان دەکات. (بەر لە ڕۆشنگەری فەلسەفە و فیکر باسیان لە خودا و پلان و مەبەستە خوداییەکان دەکرد، لەو شێوە فیکرەدا ئێستا و هەنووکەییبوون، وەک بابەتێکی فەلسەفی، بوونێکی سەربەخۆیان نەبووە. ئێستا هەمیشە وەک درێژکراوەی میتافیزیک و ئاین و دنیایەکی موفاریق تەماشاکراوە، نەک وەک زەمەنێکی سەربەخۆ کە فیکر هەوڵی خوێندنەوە و تێگەیشتن و ڕاڤەکردنی بدات).

فۆکۆ لەو وتارەی سەرەوەدا و لەڕێگای بۆچوونەکانی کانتەوە ڕۆشنگەری یەکساندەکات بە خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی ئێستا و ئەو بارودۆخ و ئەگەر و سنوورانەی لە ئێستادا لە ئارادان. ڕۆشنگەری یەکسانە بە هەستکردنی ئینسان بە ئێستاییبوونی خۆی و دروستکردنی پەیوەندییەکی سەربەخۆ و ڕەخنەگرانە بەرامبەر بەو ئێستایە. کەواتە ڕۆشنگەری لای فۆکۆ، تەواو وەک لای کانت، مانای بەرگریکردن نییە لە تێزێکی فیکری یان ئایدیۆلۆژی دیاریکراو، بەڵکو بریتییە لە هەڵوێستێکی مەعریفی و فەلسەفی دیاریکراو بەرامبەر بە ئێستا. لەم دیدەدا هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە ئەو هەڵوێستەیە کە تێیدا فیکر لەوپەڕی سەربەخۆییدا پەلاماری ئێستا و هەنووکەییبوونی جیهان و خۆی ئەدات، هەوڵئەدات ئەم شتانە بناسێ و لایەنە ڕووناک و تاریکەکانی، جەبر و ئەگەرەکانی، توانا و سنوورەکانی گۆڕانی دەستنیشانکات. بە

کورتی هەڵوێستی ڕۆشنگەرانە بریتییە لە هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیە بەرامبەر بە ساتەوەختی ئێستا و ئەو شێوانەی بوون کە لە هەنوکەیبوونی ئێستایاندا ئامادەن.

کەوابوو فۆکۆ ڕۆشنگەری وەک شێوازێکی تایبەتی هەڵوێستی فەلسەفی دەبینێت، کەتێیدا بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانە لە پێدراوەکانی ئێستا و لە هەنووکەیبوون پایە سەرەکییەکانیەتی، نەک وەک سەرکوتکردنی شتێی وەک کاک مەلا بەختیار دەڵێت. ڕۆشنگەری جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوە و تێڕامان و بەرهەمهێنانی عەقڵییە کە تیایاندا عەقڵ دوو ئاکاری سەرەکی و گرنگی هەیە: سەربەخۆبوون و ڕەخنەییبوون. ڕۆشنگەری هەڵوێستێکی سەربەخۆیە بەرامبەر بە واقیع، پەیوەندییەکی ڕەخنەییە بە ساتەوەختی ئێستاوە، بەرەنگاربوونەوەییەکی هەمەلایەنی جیهانە لە ڕێگای توانا ڕەخنەییەکانی عەقڵەوە، نەک پروپاگەندەکردن بۆ ناوەرۆکێکی فیکری و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژی دیاریکراو یان بەرگریکردن لە مەیلێکی ئایدیۆلۆژی پێشوەخت و تەسلیمبوون بە فیکرێکی گشتگیر و داخراو. ناوەرۆکەکان دەگۆڕێن، ئایدیۆلۆژیاکان جێگای یەکدی دەگرنەوە، ئەوەی دوێنێ ڕاستبووە مەرج نییە ئەمڕۆ ڕاستبێت و ئەوەی ئەمڕۆ بەناوی ڕاستییەوە باوەڕی خۆمانی پێدەبەخشین دەشێت سبەینێ نەفرەتی لێبکەین. ئەوەی دەمێنێتەوە ئەو هەڵوێستە تایبەتانەیە کە فیکر لەبەرامبەر واقیع و عەقڵ لە بەرامبەر جیهاندا وەریدەگرن، ئەو پرسیارەیە داخۆ عەقڵ بە ڕۆحێکی ڕەخنەیی و گۆڕانخوازەوە ئامادەبووە یاخود جڵەوی کارکردنی خۆی تەسلیمی ئەو «چاوساغانە» کردوە کە هەرجارە و بەناوی مەسەلەیەکی تایبەتەوە ڕۆڵی «چاوساغیان» بەخۆیان بەخشیوە. ڕۆشنگەری ئەو شێوازە تایبەتەی هەڵوێستی عەقڵی و فیکرییە کە هەوڵئەدات لە هەنووکەییبوونی ئێمە لە نێو مێژوو دنیا و پەیوەندییەکاندا تێبگات، لە دیدێکی ڕەخنەییەوە لەو هاوکێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگییانە بڕوانێت کە لە ساتەوەختێکی دیاریکراودا شێوەیەکی تایبەت بە بوونی ئێمە دەبەخشن. ڕۆشنگەری لێکدانەوە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنێکی ڕەخنەییانەی ئەو ساتەوەختەیە کە تێیدا دەژین، کردنی کێشە و سنوور و ئەگەرەکانی ئەو ساتەیە بە بابەتی بیرکردنەوە. ئەم مانا کانتیانەی ڕۆشنگەرییە کە فۆکۆ لەو وتارەدا دەربارەی ڕۆشنگەری بەرگریلێدەکات. بەباوەڕی فۆکۆ پرسیاری ڕۆشنگەرانە بریتییە لە پرسیارگەلی لەم بابەتە: ئێستای ئێمە چییە؟ ئەو 'ئێستایە' چییە کە هەموومان لە ناویدا ئەژین؟ ئایا ئێمە لەم 'ئێستایەدا'، لەم ساتەوەختە مێژووییە تایبەتەدا، چین و چ شوناسێکمان هەیە؟ ئایا هەم خۆمان و هەم فیکر دەشێت چ ڕۆڵێک لەم ئێستایەدا

ببینین.(Linssen 1992: 369) بە باوەڕی فۆکۆ ئەوانەی لە فیکری فەلسەفیدا ئەم کەلەپوورە فیکرییە و ئەم تەرزە تایبەتەی بیرکردنەوەییەیان داڕشتووە بریتین لە کانت، هیگڵ، هیگڵییە لاوەکان، مارکس، نیتشە، ماکس ڤێبەر، باتای، هۆرکهایمەر و ئەدۆرنۆ، فۆکۆ خۆشی دەخاتە سەر هەمان هێڵ. (هـ. س. پ.، ل ٣٦٩).

بە بۆچوونی فۆکۆ ئەو جیاوازییەی بیرکردنەوەی ڕۆشنگەرانە لە بیرکردنەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە ئەم باوەشکردنەوە بەرفراوانەی ڕۆشنگەرییە بە ئێستادا. بۆ نیشاندانی ئەم جیاوازییەش فۆکۆ دوو جۆر «من» لە یەکدی جیادەکاتەوە. «من» لای دیکارت، یان «من»ی دیکارتی، لە «من» لای کانت، یان «من»ی کانتی. بە بۆچوونی فۆکۆ منی دیکارتی منێکی نامێژووییە، منێکی ڕەهای دەرەوەی کات و سات و سەرزەمینێکی دیاریکراوە، بەلام منی کانتی منێکی دەستنیشانکراوی ناو ساتەوەختێکی مێژوویی دیاریکراوە. (هـ. س. پ.، ل ٣٧١). منی یەکەمیان منی دەرەوەی کات و شوێنە، منی دووهەمیان منێکە نووقم لەناو کێشە و ململانێ و باس و خواستەکانی ڕۆژگاری خۆیدا، یەکەمیان لەدەرەوەی ئێستادایە، دووهەمیان نووقمی ناوو ئێستا و هەنووکەییبوونی خۆیەتی.

ئێستا ئیدی هیوادارم خوێنەر لە دیدی فۆکۆ بۆ ڕۆشنگەری تێگەیشتبێت و هیوادارم ئەم دیدە، بەو نوکتە گەورەیەی کاک مەلا بەختیار بەراوردکات کە دەڵێت ڕۆشنگەری خەریکی سەرکوتکردنی شێتەکان بووە، یان سیستەمی ئەبستمۆلۆژی قووڵی بەرهەمنەهێناوە، یان لە «خیتابی ڕەسمی تۆماری مێژوویی» دوورنەکەوتۆتەوە.

## 8 ـ تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ

تەوەرەیەکی دیکەی قسەکردنی پڕ هەڵەی کاک مەلا بەختیار لەسەر میشێل فۆکۆ تەورەی دەسەڵات و تێگەیشتنی ئەم فەیلەسوفەیە بۆ دەسەڵات. کاک مەلا بەختیار واینیشانئەدات کە بە "ئەندێشەکان" ی فۆکۆدا لەسەر دەسەڵات چۆتەوە و «شەن» و «کەو» ی تەواوەتی کردوون. بە حیسابی بەڕێزی ئەم «ئەندێشانەی» فۆکۆ جەوهەری وەڵامەکەی ئەوە بۆ بۆچوونەکانی کاک ڕێبین و تێڕوانینەکانی من دەربارەی ئەم مەسەلەیە، کاک بەختیار پێیوایە کە کاک ڕێبین تێگەیشتنی فۆکۆی بۆ چەمکی دەسەڵات شێواندوە و ئەوەشی من لەپاڵ ئەم فەیلەسوفەدا دەربارەی دەسەڵات دەیڵێم،

زۆر ترسناکە و دوارۆژی کورد دەخاتە مەترسییەوە. من لەم بەشەی باسەکەمدا ئەوە نیشانی خوێنەر ئەدەم کە کاک بەختیار تەواو بەپێچەوانەی مانا و مەبەست و بۆچوونەکانی فۆکۆوە دواوە و ئەوەی بەلایدا نەچوبێت «ئەندێشەکانی» فۆکۆیە لەسەر دەسەڵات. کاک مەلا بەختیار کە بەڵێنی ئەوە بە خوێنەر ئەدات لەسەر «ئەندێشەکانی» فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات بدوێت، ئەو چاوەڕوانییە لای خوێنەر دروستدەکات کە لانیکەم تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ شیکاتەوە، دوای شیکردنەوەشی بیسەلمێنێت کە فۆکۆ هەموو شێوەکانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە، دەسەڵات بە سەرکوتکردن یەکساندەکات و دژی دەسەڵاتی لۆکاڵی و سیاسی و مەرکەزیشە. بەڵام کاک مەلا بەختیار نەک ئەم ئەرکە مەعریفییە سەرەتاییانە جێبەجێناکات، بەڵکو وەک خوی هەمیشەی بە چەند دێڕێک و لەڕێی چەند حوکمێکی هەڵە و نەسەلمێندراوەوە، هەم خۆی و هەم خوێنەر بەهەڵەدا ئەبات. سەرەتا با بزانین کاک مەلا بەختیار تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ بە چی تاوانباردەکات (لێرەدا خوێنەر دەبێت لەو ڕاستییە سادەیە ئاگاداربێت کە کاک بەختیار تەنها یەک ووشەی لە فۆکۆ خۆیەوە وەرنەگرتوە بۆ سەلماندنی قسەکانی، ئەوەی ئەو کردویەتی بەسەرچاوە بۆ قسەکانی دوو وەرگیراون لە کتێبێکی دریفۆس و رابێنووە کە ڕێک پێچەوانەی ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنن کە بەڕێزی دەیەوێت لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ نیشانیدات. من دواتر دێمەوە سەر ئەم مەسەلەیە). با ئێستا بزانین کاک بەختیار فۆکۆ بەچی تاوانباردەکات:

١ ـ فۆکۆ دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە: کاک مەلا بەختیار دەنووسێت «فۆکۆ دەسەڵاتی «سەردەمی مۆدێرنێتەش ڕەتدەکاتەوە. واتە نەک هەر دەسەڵاتی ستەمکار، بەڵکو دەسەڵاتی بەرهەڵستکاریش ڕەتدەکاتەوە» (ل ٣٧٨). (سەرەڕای ئەوەی ئەم بۆچوونە تا سەر ئێسقان هەڵەیە، کاک مەلا بەختیار تاقە دێڕێکی فۆکۆمان نیشان نادات کە تێیدا ئەم بۆچونە بسەلمێنێت)

٢ـ دەسەڵات لە هەمووشوێنێک سەرکوتکەر و قەدەغەکەر و سانسۆرکارە.

٣ـ فۆکۆ هەم دژ بە دەسەڵاتی لۆکاڵی و هەم دژ بە دەسەڵاتی مەرکەزییە: کاک مەلا بەختیار دەنووسێت «فۆکۆ دژایەتی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان و دەسەڵاتی سیاسیشی کردوە» (ل ٣٧٤). سەیرە کاک مەلا بەختیار دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان لە مانا سیاسییەکانیان دادەبڕێت، لەکاتێکدا فۆکۆ پێیوایە ئەوەی لە لۆکاڵدا ڕوودەدات بە هەموو مانایەک سیاسییە. فۆکۆ یەکێک لەو فەیلەسوفانەیە کە ئەم جۆرە جیاکارییەی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی لۆکاڵی قبووڵنییە.

٤ـ فۆکۆ دەسەڵاتی سیاسی پێباش نییە. بەڵام کاک بەختیار زەحمەتی ئەوە ناکێشێت پێمانبڵێت کام دەسەڵاتی سیاسی و لە چ فۆرم و قۆناغێکدا، بۆ ئەم دەسەڵاتەی بەلاوە باش نییە. ئەمە جگە لەوە یەک نووسینی فۆکۆمان نیشاننادات تێیدا نووسیبێتی من دژ بە دەسەڵاتی سیاسیم، یان دەسەڵاتی سیاسیم پێباش نییە. لەمانەش بترازێت ئەم قسەیەی کاک بەختیار قسەیەکی بێبناغەیە و پەیوەندی بە دیدی فۆکۆوە بۆ دەسەڵات نییە.

٥ـ فۆکۆ دەسەڵاتەکان لەیەکدی جیاناکاتەوە: کاک مەلا بەختیار لەلاپەڕە ٣٧٧ دەنوسێت: «لە ڕاستیا، فۆکۆ وەک پێشتر باسمان کردوە، دەسەڵاتی سەراپا لەسەر بنجی بیروباوەڕەکەی، ڕەت دەکاتەوە. جیاوازی لەناو دەسەڵاتەکانیش ناکات و دەڵی هەموو دەسەڵاتەکان یەکسانن».

٦ـ دەسەڵات ڕێ لە خەملێنی زانست و مەعریفە دەگرێت.

بۆ سەلماندنی ئەو خاڵانەی سەرەوە، کە بێگومان هێز نییە لە دنیادا بیانسەلمێنێت چونکە هەموو فیکری فۆکۆ دژ بەو شتانەیە کە کاک بەختیار بەو سادەییە ڕیزیکردون، بەڕێزی دوو وەرگیراو دەهێنێتەوە و دەخوازێت لەڕێی ئەوانەوە نیشایبدات گوایە دەسەڵات لای فۆکۆ هەمیشە دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرە، ناهێڵێت زانست بخەملێ، خراپەکار و نێگەتیڤە و فۆکۆ هەموو شێوەکانی دەسەڵات ڕەتدەکاتەوە. کاک بەختیار دەنوسێت: «ئەگەر بمانەوێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی فۆکۆدا، مشتوماڵێکی فەلسەفەی لەسەر دەسەڵات بکەین، دەبینین کەوا:» لەدوای ئەم «کەوا» یەوە ئیدی بەڕێزی دوو کەوانەی وەرگرتن دەکاتەوە و بەم شێوەیە وەرگیراوێک لە کتێبی (ساختگرایی و هرمونتیک) بە خوێنەر نیشانئەدات: «گریمانی سەرکوت کردن لە نەریتێکدا ڕیشەی هەیە کە دەسەڵات سەرومڕ بە دیاریکراوی، ڕەتکردنەوە و ناچارکاری دەزانێ. دەسەڵات وەکو بەرەنگاریەکی ئاراستەکراو لە بەرامبەر واقیعیەتدا، وەکو ئامرازی سەرکوتکردن و ڕێگری ڕاستی، لە خەملێنی زانست و مەعریفە ڕێگیری دەکا، یان لایەنی کەم عەیبداریان دەکا. دەسەڵات ئەم کارانە لە ڕێگەی سەرکوتکردنی ئارەزوەکان، خولقاندنی ئاگایی فریودەرانە، بڵاوکردنەوەی بێ ئاگایی و نەزانی و بەکارهێنانی نیشانەکارێکی لە خشتەبردنی زۆری دیکە دەگەیەنێتە ئاکام. دەسەڵات لەبەرئەوەی لە ڕاستی دەترسێ، دەبێ سەرکوتی بکا» (ل ٣٧٥ـ٣٧٦).

هەر دوای ئەم وەرگرتنە، وەرگرتنێکی دیکە لە هەمان کتێب وەردەگرێ و دەنووسێت:

«دەسەڵات لە هەموو شوێنێک یەکسانە و (کوت و مت بەپێی کارسازی ساکار و بێ ڕادە دوپاتکەرەوەی یاسا، قەدەغە و سانسۆر کاردەکا) دەسەڵات قەڵەمڕەوە و تەنها کارێک کە هەیەتی قەدەغەکردنە و تاقە فەرمانی ئەویش فەرمانبەرێتی یە. دەسەڵات لە کۆتاییدا سەرکوتکردنە. سەرکوتیش لە کۆتایدا سەپاندنی یاسایە و یاساش لە کۆتایدا خوازیاری فەرمانبەرێتی و تەسلیمبوونە» (ل ٣٧٦).

بێگومان ئەوەی ئەو وەرگێراوە بە وردی بخوێنێتەوە تێدەگات کە کاک مەلا بەختیار خۆی دووچاری کوفرێکی مەعریفی و هەڵەیەکی هێجگار هێجگار گەورە کردوە. ئەو نووسەرانە ناڵێن فۆکۆ ئەم دیدەی هەیە بۆ دەسەڵات، چونکە هەرکەسێک تەنها یەک وتاری فۆکۆی دەربارەی دەسەڵات خوێندبێتەوە، یان وتاری یەکێکی دیکەی لەسەر تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ خوێندبێتەوە، هەڵەی ئەفسانەیی واناکات. بەشێکی گرنگی ژیانی فیکریی فۆکۆ تەرخانبوو بۆ بەدرۆخستنەوەی ئەو بۆچوونەی دەسەڵات بە سەرکوتکردن یەکساندەکات. گەر بەوردی سەرنجی ئەو وەرگێراوە بدەین دەبینین دەڵێت «گریمانەی سەرکوتکردن لە نەریەتێکدا ڕیشەی هەیە کە دەسەڵات سەروەر بە دیاریکراوی، ڕەتکردنەوە و ناچارکاری دەزانێت«. کەواتە ئەم نووسەرە دەڵێت "نەریەت" ێکی تایبەت هەیە لە فیکردا کە دەسەڵات بە سەرکوتکەر و ناچارکاری دەزانێت. ئەو ناڵێ ئەم نەریەتە نەریەتی فیکری فۆکۆیە. چونکە هەموو فیکری فۆکۆ دژ بەم نەریەتە تەقلیدیەی یەکسانکردنی دەسەڵاتە بە سەرکوتکردن و ناچارکردن و ڕەتکردنەوە. ئەو وەرگێراوانە قسە لە نەریەتێکی تایبەتی تەماشاکردن و تێگەیشتنی دەسەڵات دەکەن کە فۆکۆ لە نووسینەکانیدا دژایەتی دەکات، فۆکۆ نەک بەرگری لەم نەریەتە ناکات و باوەڕی بەو گریمانەیە نییە کە دەسەڵاتی بە سەرکوتکردن یەکسانادەکات، بەڵکو سەرجەمی فیکری ئەو هەوڵدانێکە بۆ سەلماندنی ناڕاستی و نا دروستی ئەم دیدە بۆ دەسەڵات. کاک مەلا بەختیار تاقە ڕستەیەکی فۆکۆی نەهێناوەتەوە تێیدا فۆکۆ دەسەڵات بە قەدەغەکردن و سەرکوتکردن و نەفیکرن یەکسانبکات، یاخود گوتبێتی دەسەڵات نایەڵێت مەعریفە بەرهەمبێت و زانست «بخەملێت«. فۆکۆ تا مرد باسی ئەوەی دەکرد چۆن دەسەڵات مەعریفە و زانست بەرهەمدەهێنێت، ئەو پێیوابوو دەسەڵات هەم مەعریفە و هەم زانست و هەم هەقیقەت و هەم زات و هەم بەرگریش بەرهەمدەهێنێت، ئەو پێیوابوو مرۆڤ بەتەنها لە ناو «پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان» و «پەیوەندییەکانی مانادا» نیشتەجێ نییە، بەڵکو لەنێو «پەیوەندییەکانی دەسەڵاتیشدا»

نیشتەجێییە. وەکچۆن نوکتەیەکی گەورەیە بە مارکس بڵێین باوەڕی بە پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان نەبووە، ئاواش نوکتەیەکی گەورەیە بە فۆکۆ بڵێین باوەڕی بە پەیوەندییەکانی دەسەڵات نییە، ئەمجۆرە قسەکردنانە لە نەزانی و بەزۆر دەستبردن بۆ ئەو شتانەوە دروستدەبێت کە مرۆڤ پێناسە سەرەتاییەکانیشی نەزانێت. لەم ڕووەوە ڕەخنەی سەرەکی فۆکۆ لە قوتابخانەی فرانکفۆرت بەگشتی و لە هێربێرت مارکۆزە بەتایبەتی لەوەدایە کە ئەوان دەسەڵات بە چەپاندن و سەرکوتکردن یەکساندەکەن و فۆکۆ پێیوایە دەسەڵات بەرهەمهێنە.

با وەک کاک مەلا بەختیار نەکەین و ئەو قسانەی سەرەوەمان بە بەڵگەوە بسەلمێنین. سەرەتا با گوێ لە فۆکۆ خۆی بگرین و دوای ئەویش پەنادەبەینە بەر فۆکۆناسێکی ڕاستەقینە تا «ئەندێشەکانی» ئەم فەیلەسوفەمان لەسەر دەسەڵات بۆ شیبکاتەوە.

بێگومان خوێنەر بۆ دڵنیابوون لەو قسانەی من دەتوانێت بۆ هەر یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی فۆکۆ بگەڕێتەوە، بەتایبەتی بۆ کتێبی «کۆنترۆڵ و سزا» و «مێژووی سێکسواڵیەت» و «سیستمی گوتار» و ئەو دەیەها چاوپێکەوتنانەی دیکە کە فۆکۆ تیایاندا بەدرێژی و بێبێزاربوون هێڵە گشتیەکانی تیورەی دەسەڵات جار دوای جار شیدەکاتەوە. لە کتێبی کۆنترۆڵ و سزادا فۆکۆ دوو شێوازی دەسەڵات لەیەکدی جیادەکاتەوە: دەسەڵاتێکی سزابەخش بەرامبەر بە دەسەڵاتێکی دیسپلینکەر. دەسەڵاتی یەکەمین بە دەسەڵاتی قۆناغی بەر لە مۆدێرنە دەداتە قەڵەم کە ستراتیژی کارکردنی لەسەر سەرکوتکردن و ترساندن و ئازاردان و کوشتن کاردەکات، لەکاتێکدا دەسەڵاتی مۆدێرن، واتە دەسەڵاتی دیسپلینکەر، لەسەر زیادکردنی تواناکانی جەستە و بەرهەمهێنانی مەعریفی و زانستی و بە ئاساییکردنی تەکنیکەکانی دیسپلینکردن کاردەکات. کتێبی (کۆنترۆڵی سزا)ی میشێل فۆکۆ هەوڵدانێکی زانستییە بۆ سەلماندنی ئەو بیرۆکە سەرەکیەی کە دەیەوێت نیشانیدات دەسەڵات بەرهەمهێنە، نەک سەرکوتکەر، زانست بەرهەمدەهنێت نەک دژی خەملینی زانست بێت، لەهەموو شوێنێکدا ئامادەیە نەک لۆکاڵ لە مەرکەز جیاکاتەوە، بەرگری بەرهەمدەهێنێت نەک دژ بە بەرگریبێت.

لە کتێبی «مێژووی سێکسواڵیت» هدا فۆکۆ ڕاستەوخۆ دژ بەو گریمانە فرۆیدیە کاردەکات کە دەڵێت دەسەڵات کاری سەرکوتکردنی غەریزە و ئارەزوەکانە، بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونە فرۆیدییەوە فۆکۆ لەو کتێبەدا نیشانمانئەدات کە دەسەڵات

ئارەزووەکان نەک سەرکوتناکات، بەڵکو بەرهەمهیاندەهێنێت، ڕێگاکانی تێرکردنیان دەستنیشاندەکات و دەیانکاتە بابەتی قسەلەسەرکردن و باسکردنێکی بەردەوام. خوێنەر دەتوانێت بۆ بەرگی یەکەم و دووهەمی ئەم کتێبە بگەڕێتەوە.

من لێرەدا و لەبەر نەبوونی کات و شوێن هەوڵئەدەم کۆی بۆچوونەکانی فۆکۆ دەربارەی دەسەڵات لەڕێی کتێبی «چەند سەرنجێک دەربارەی مارکس» ەوە نیشاندەم، کە پێموایە یەکێکە لەو کتێبە ئاسانانەی کە فۆکۆ زۆر بە وردی بەڵام بە سادەیی باس لە مەسەلەی تێگەیشتنی خۆی بۆ دەسەڵات دەکات (Foucault, 1991 l) . ئەم کتێبە چاوپێکەوتنێکی درێژی مارکسییەکی ئیتالیاییە لەگەڵ فۆکۆدا و تاڕادەیەکی زۆر تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر بابەتی دەسەڵات لای ئەم فەیەلسوفە. لەم کتێبەدا مارکسییە ئیتالییەکە دەخوازێت لەپاڵ زۆرشتی دیکەدا لەو جیاوازیانە تێبگات کە تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ لە تیورەی دەسەڵات لای فرانکفۆرتییەکان جیادەکاتەوە.

فۆکۆ لەوەڵامی یەکێک لە پرسیارەکاندا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت کە پرۆژە فیکریەکەی خۆی و پرۆژەی فرانکفۆرتیەکان تا ڕادەیەک لەیەکدەچن، فۆکۆ دەنووسێت «فرانکفۆرتییەکان بەر لەمن بەو کێشە فیکری و سیاسی و فەلسەفیانەوە خەریکبوون، کە دوای ئەوان منیشیان خەریککرد»، هەروەها دەنوسێت: «بەباوەڕی من فرانکفۆرتیەکان کۆمەڵێک کێشەیان هێنایە کایەوە کە تا ئێستاش گرنگن و تائێستاش بەردەوام کاریان لەسەردەکرێت، بەتایبەتی مەسەلەی کاریگەریەکانی دەسەڵات کە پەیوەستن بە عەقڵانییەتەوە، عەقڵانییەتێک لە ڕۆژئاوادا لە سەدەی شانزەهەمەوە ئامادەیە». (هـ. س. پ.،، ل ١١٧)

وەک دەبینین فۆکۆ لەو چەند دێڕەدا دەیەوێت بڵێت ئەو مەسەلەیەی کە هەم فرانکفۆرتیەکان و هەم ئەوی خەریکردوە مەسەلەی پەیوەندی نێوان عەقڵ و دەسەڵاتە، پەیوەندییەک کە لەسەدەی شازدەهەمەوە لە ئارادایە و تائێستاش بەشێکی گرنگی فیکری فەلسەفی پێوەی سەرقاڵە. فۆکۆ لەدرێژەی قسەکانیدا دەنووسێت: «پرسیاری فرانکفۆرتییەکان ئەوەبووە چۆن عەقڵ لەو دەستێوەردانە ڕاستەوخۆیەی دەسەڵات جیاکەنەوە«، چونکە ئەم دەستێوەردانە دوو جەنگی جیهانی و دەیەها قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی گەورەی گەورەی خستۆتەوە و بەرپرسیارە بەرامبەر هاتنەکایەی نازیەت و فاشیزم و بەرهەمهێنانی بۆمبی ئەتۆمی و پیسکردنی ژینگە و زیادبوونی ڕەهەندەکانی هەژاری و بێکاری و ژوورەکانی غاز و کوشتنی بەکۆمەڵ و

جینۆسایدە. ئاریک فرۆم ئەم هەلومەرجەی بەناویەکداچوونی عەقڵ و دەسەڵات و گرێدانەوەیان بە سیستمی سەرمایەداریەوە بە هۆکاری هاتنەکایەی جۆرێک لە سایکۆلۆژیای تایبەت دەزانێت کە بە سایکۆلۆژیا «ترس لە ئازادی» ناونووسیدەکات.

فۆکۆ لەدرێژی وەڵامەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی فرانکفۆرتیەکان بە بەڵێن و مژدەکانی ڕۆشنگەرییەوە و باسی نەهاتنەدی ئەو بەڵێنانەی ڕۆشنگەری دەکات کە گوایە «پیادەکردنی عەقڵ ئینسان بەرەو بەدەستهێنانی ئازادی دەبات» فۆکۆ دەڵێت «فرانکفۆرتیەکان نیشانیاندابن کە عەقڵ لە گەشەی خۆیدا بەردەوام پانتایی ئازادی بەرتەسککردۆتەوە و بەردەوام زۆرشتی لە ئازادی سەندۆتەوە. (...) ئەمەش ئەو مەسەلە گرنگەیە هەم فرانکفۆرتیەکان و هەم زۆربەی ئەوانەی دەرەوەی قوتابخانەی فرانکفۆرتیش پێوەی خەریکن» (هـ. س. پ.،، ل ١١٨).

بێگومان خوێنەر لێرەدا دەبێ لەو ڕاستیە ئاگاداربێت کە نە فۆکۆ و نە فرانکفۆرتیەکان لە ڕەخنەیاندا لە عەقڵ و عەقڵانییەت بانگێشەی ناعەقڵانییەت و دوژمنایەتکردنی ڕۆشنگەری ناکەن، من لە لاپەڕەکانی پێشوودا هەڵوێستی فۆکۆم لە ڕۆشنگەری نیشاندا و لە بەشی پێشوودا بە درێژی لە پرۆژە فیکری و فەلسەفییەکەی قوتابخانەی فرانکفۆرت دوام. ئەوان، واتە فرانکفۆرتییەکان و فۆکۆ، دەخوازن ئەوە ڕاستیە سادەیە بسەلمێنن کە عەقڵ ناعەقڵانیانە خراوەتە گەڕ و ڕۆشنگەری تەواو ناڕۆشنگەرانە بەکارهاتووە. ئەم ڕەخنەیە لە عەقڵ ڕەخنەیە بە ئاراستەی گەڕاندنەوەی ڕەهەندە ڕۆشنگەر و توانا ئازادکەرەکانی عەقڵ بۆ خودی عەقڵ خۆی، نەک باگێشە بۆ ناعەقڵانیەت.

ئاشکرایە فۆکۆ پرۆژە فەلسەفییەکەی خۆی لە پرۆژەی فرانکفۆرتییەکان دانابڕێت و ئەوەمان پێدەڵێت کە کێشەی سەرەکی زۆربەی فەیلەسوفان و زانا کۆمەڵایەتییەکانی دوای جەنگی جیهانی دووهەم و دوای کارەساتی هۆڵۆکۆست و کامپی بەکۆمەڵی کوشتنی گوڵاک لە ڕووسیا و دوای دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی هتد..، ئیشکالیەتی پەیوەندی نێوان عەقڵ و دەسەڵاتە. ئەم ئیشکالیەتە نوێیە لەوکاتەوە ڕۆڵی پارادایمێکی فەلسەفی دەبینێت و بەشێکی گرنگی فیکری ئینسانی تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان پێوەیخەریکە. ئەم کێشەیەش لە جەوهەردا کێشەیەکە دژ بەو ڕۆحی «عەقڵ پەرستییە» سادەیەی کە ڕۆشنگەری تێیدا عەقڵی وەک بتێکی پیرۆز مامەڵە دەکرد. لەلاپەڕەکانی پێشوتردا ڕەخنەی مارکس و نیتشە و فرۆیدمان لەم دیدە عەقڵگەرایە نیشاندا، بۆیە لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات.

فۆکۆ لە درێژەی قسەکانیدا دەربارەی فرانکفۆرتییەکان دەڵێت «من گەر پێشتر، واتە پێشئەوەی دەست بە نووسینی کۆمەڵێک لە کتێبەکانم بکەم، بیر و بۆچوونەکانی قوتابخانەی فرانکفۆرتم باشتر بخوێندایەتەوە، ئەوکات کاتێکی زۆرم بۆ دەگەڕایەوە و زۆرشتیشم لەوانەی کەنووسیوە نە ئەنووسی و چەند هەڵەیەکیشم نەدەکرد کە کردومن (...). ئەگەر بە گەنجی قوتابخانەی فرانکفۆرتم بخوێندایەتەوە ئەوکات لەوانەبوو ئیدی هیچیدی نەکەم جگە لەوەی سەرنج و تێبینی لەسەر کۆی کارەکانی ئەوان بنووسم» (هـ. س. پ.،، ل ١١٩ ـ ١٢٠).

تا ئێرە بە کورتی وەڵامی فۆکۆ دەربارەی ئەو شتانەی کە لای فرانکفۆرتییەکان شوێنی سەرنجی ئەوبوون و ئەمیش وەک فەیلەسوفێک پێیانەوە خەریکبووە و کاری لەسەرکردون. دوای ئەوە نووسەری کتێبی ( چەند سەرنجێک دەربارەی مارکس) ڕاستەوخۆ پرسیاری ئەوە لە فۆکۆ دەکات داخۆ ئەو شتانە کامانەن کە ئەو لە فرانکفۆرتیەکان جیادەکاتەوە؟

لە وەڵامدا فۆکۆ پێ لەسەر چەندخاڵێک دادەگرێت کە یەکێکیان تیورەی دەسەڵاتە، فۆکۆ دەڵێت «بێگومان کۆمەڵێک جیاوازی هەن، بۆنموونە چۆنیەتی تەماشاکردنمان بۆ چەمکی، خود، واتە زات. لای فرانکفۆرتییەکان چەمکی خود چەمکێکی تەقلیدیە و بەمانا فەلسەفییە تەقلیدییەکانی بەکارهاتوە. سەرەڕای ئەمەش هەڵگری شێوەیەک لە هیومانیزمی مارکسیستانەیە»، خاڵێکی دیکەی جیاوازیمان ئەوەیە «فرانکفۆرتییەکان کەمتر لەمن خۆیان بە مێژووەوە خەریککردوە. ئەو مێژووەش ئەوان جارنەجارێک خۆیانیان پێوەخەریکردوە مێژوویەک بووە پێشوەخت نووسراوەتەوە و ئەوان پرسیاریان لە چۆنیەتی نووسینەوەکەی نەکردوە» (هـ. س. پ.،، ل١٢٤، ١٢٥).

جیاوازییەکی دیکە کە فۆکۆ باسیدەکات بریتییە لەوەی کە فرانکفۆرتیەکان لەپاڵ مارکس و فرۆیدا «بەدوای خودێکی ئازادا دەگەڕان کە مرۆڤایەتی بزریکردوە، نەک بەدوای شتێکدا کە سەرلەبەر تازەبێت و لە ئێستادا نەزانین چییە و چۆن دروستیدەکەین» (هـ. س. پ.،، ل ١٢١). بۆ نموونە مارکس «کۆمۆنەی سەرەتایی وەک سەردەمی زێڕین و فرۆیدیش قۆناغی بەر لە کوشتنی باوک، واتە قۆناغی بەر لە هەستکردن بە گوناه، بەقۆناغی نموونەیی دادەنێت» (هـ. س. پ.، ل ١٢١). هەردوو قۆناغەکەش تێپەڕیون و سەر بە ڕابووردوی کۆمەڵگا و مێژووی ئینسانن. بەباوەڕی فۆکۆ فرانکفۆرتیەکان لەم ڕووەوە «ڕوویان لە ڕابووردو و سەردەم و خودێکی بزربووە»، نەک لە ئایندەیەک کە شتەکان تیایدا «ڕادیکالانە جیاوازبن«. فۆکۆ پێیوایە پرۆژەی

ئازادی «گەڕانەوە نییە بۆ جەوهەرێک، یان ئایدیال و نموونەیەک لە دوامانەوە«، یان «بۆ ڕۆژگارێکی دیاریکراو، یان بۆ وێنەیەکی ئازادی ئینسان و کۆمەڵگا» کە سەرمایەداری و عەقلانییەتی ئامرازی شێواندویەتی و لەبیریبردۆتەوە، بەباوەڕی فۆکۆ دەبێت «ڕوومان لە ئایندەبێت و بەدوای شتێکدا بگەڕێین تەواو جیاواز، تەواو داهێنراو و تەواو نوێ» (هـ. س. پ.، ل ١٢٢).

لە کتێبێکی دیکەدا بەناوی «دەسەلات و مەعریفە» کە هەڵبژاردەیەکی تایبەتە لەو چاوپێکەوتنانەی لەگەڵ فۆکۆدا کراون و لە پەیوەنیدا بە مەسەلەی دەسەلاتەوە فۆکۆ ئاوا باسی جیاوازی خۆی و یەکێکی وەکو مارکوزە دەکات. (Foucault 1980: 59)

«من هەروەها خۆم لە کەسێکی وەک هێربێرت ماکۆزە جیادەکەمەوە، ئەو ڕۆڵێکی لە ڕادەبەدەر بە چەمکی سەرکوتکردن ئەدات. ئاشکرایە دەسەلات شتێکی لاواز و بێتوانا دەبێت گەرهاتو بەتەنها کاری سەرکوتکردن و داپڵۆسین بێت، گەرهاتو بەناوی بەرزەمنێکەوە تەنها لە میانەی سانسۆرکاری و دەرهاویشتن و ڕێپێگرتن و بێدەنگکردنەوە کاریکرد و بوونی خۆی تەنها لەڕێی نەفیکردنەوە نیشانبدات. بەپێچەوانەوە ئەگەر دەسەلات بەهێزبوو ئەمە، وەک وررده ورده خەریکە هەمووماندەرکیپێدەکەین، بەهۆی ئەوەوەیە کە کاریگەرییەکانی خۆی لە ئاستی ئارەزوەکاندا بەرهەمدەهێنێت، هەروەها لە ئاستی بەرهەمهێنانی مەعریفەشدا. دەسەلات نەک ڕێ لە مەعریفە ناگرێت، بەڵکو خۆی مەعریفە بەرهەمدەهێنێت» (هـ. س. پ.، ل ٥٩). فۆکۆ هەر چەند دێڕێک دوای ئەم دەربڕینە بەردەوامی بە قسەکانی ئەدات و ئەڵێ: «لەبەرئەوە من ناڕازیم و دڵتەنگم کاتێک دەسەلات کورتدەکرێتەوە بۆ میکانیزمەکانی سەرکورتکردن و چەپاندان، ئەم کورتکردنەوەیە زۆر خراپ و ناتەواوە هەروەها دەشێت زۆر مەترسیداربێت». (هـ. س. پ.،)

وەک دەبینین فۆکۆ لێرەدا تەواو دژ بەو قسانەی کاک مەلا بەختیار دەدوێت کە دەڵێت دەسەلات ناهێڵێت زانست «بخەملێت» و بەردەوام خەریکی سەرکوتکردنە. فۆکۆ ئەو بۆچوونەی کە دەسەلات یەکسان ناکات بە سەرکوتکردن لەچەندەها شوێنی دیکەدا دووبارەدەکاتەوە، بۆ نموونە لە کتێبی (Breekbare vrijheid) بەمشێوەیە باس لە دەسەلات دەکات (داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم کە ئەم وەرگرتنە زۆر درێژە):

«من هەمیشە چەمکی دەسەلاتم بەمانای پەیوەندییەکانی دەسەلات بەکارهێناوە. بەلام کێشەکە لەوەدایە هەمیشە بۆ ئەم چەمکە کۆمەڵێک وێنە و تێگەیشتنی تەقلیدی هەن: لەم تێگەیشتنە تەقلیدییەدا گەر تۆ باسی دەسەلاتت کرد ئەوکات ڕاستەوخۆ بیر

لە ستراکتوری سیاسی، حوکومەت، چینی باڵادەست، ئاغایەک بەرامبەر بە کۆیلەیەک و شتی دیکەی لەم بابەتە دەکەیتەوە. بەڵام من کاتێک قسە لە پەیوەندیەکانی دەسەڵات دەکەم بەهیچ جۆرێک مەبەستم ئەو شتانە نییە. مەبەستی من لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بریتییە لە هەموو جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئینسانەکاندا ـ بۆ نموونە لەچاوپێکەوتنێکی ئاوادا، یان لە پەیوەندی خۆشەویستیدا، یان لە پەیوەندی ئابووری بەدەزگاییکراودا ـ مەسەلەی دەسەڵات ئامادەیە: هەموو ئەم شتانە جۆرێکن لە پەیوەندی تیایاندا لایەنێکیان دەخوازێت هەڵسوکەوت و جوڵانەوەی لایەنەکەی تر بەڕێوەببات. بەڵام پەیوەندییەکانی دەسەڵات دەتوانن شێوەی جیاواز و ئاستی جیاواز بگرنە خۆیان؛ ئەم پەیوەندیانە پەیوەندی پڕ جوڵەن، واتە کۆمەڵێک پەیوەندین کە دەشێت بگۆڕێن و هەرگیز و بۆ هەتاهەتایە بە یەکشێوە نامێننەوە. بۆنموونە لەسەرەتای ئەم چاوپێکەوتنەدا و بەحوکمی ئەوەی من لە ئێوە پیرترم ئێوە بەشەرمەوە پرسیارتان لەمن دەکرد، (واتە لەو کاتەدا من دەسەڵاتدارتر بووم)، دەشێت لەدرێژەی قسەکانماندا مەسەلەکە تەواو پێچەوانە ببێتەوە. دەشێت منیش بەرامبەر بە یەکێکی دی، بەحوکمی ئەوەی لەمن گەنجترە، تووشی شەرمکردن ببم. وەک دەبینن ئەم جۆرە پەیوەندیانەی دەسەڵات بەشێوەیەکن کە پڕ جوڵە و ناجێگیر و قابیلی وەرچەرخانن. سەرەڕای ئەمانە پەیوەندیەکانی دەسەڵات تەنها کاتێک دەتوانن ئامادەبن کە کەسەکان ئازادبن. ئەگەر یەکێک لە لایەنەکان بەتەواوی لەژێر ڕەحمی ئەویدیدا بێت و لەژێردەستی ئەودا وەک داشی دامەی لێهاتبێت، واتە ببێتە بابەتێک کە ئەویدی بێحیساب و تا ئەوشوێنەی دەیەوێت توندوتیژی بەرامبەر بەکاربهێنێت، ئەوکات بەهیچ‌جۆرێک ناتوانین باس لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بکەین. بۆئەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵات دروستببن، دەبێت هەردوو لا تا ڕادەیەکی دیاریکراو ئازاد بن. (...) بە مانایەکی دیکە پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەناچاری و بە شێوەیەکی هەمیشەیی گریمانی بوونی بەرگری و ئەگەری بەرگریکردن دەکەن. ئەگەر بەهیچشێوەیەک توانای بەرگریکردن لەئارادانەبێت، ئەوکات بەهیچجۆرێک قسە لە پەیوەندییەکانی دەسەڵات ناکرێت. لەهەر کایەیەکی کۆمەڵایەتیشدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات هەبێت، ئەوە لەبەرئەوەیە لەهەموو شوێنێکدا ئازادی هەیە» (Foucault 1998: 97) فۆکۆ لەدرێژی ئەم قسانەدا ئەڵێت «من هەرگیز نەمگوتوە و کەسیش ناتوانێت ئەو قسانەم بۆ هەڵبەستێت گوایە دەسەڵات سیستمێکی سەرکوتکەر و بێدەنگکەر و موهەیمنە و کۆنترۆڵی هەمووشتێک دەکات و بەهیچ شێوەیەک هیچ

پانتاییەک بۆ ئازادی ناهێڵێتەوە» (هـ. س. پ.، ل ٩٧). «بەباوەڕی من هیچ کۆمەڵگایەک بوونی نابێت بەبێ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، گەر مەبەستی ئینسان لەم پەیوەندییانە کۆی ئەو ستراتیژانە بێت کە تاکەکان لەڕێیانەوە هەوڵئەدەن ئاراستە بۆ هەڵسوکەوتەکانی ئەوانیدی دابنێن، یان هەر بەتەواوی ئەو هەڵسوکەوتانە دەستنیشانکەن» (هـ. س. پ.، ل ١٠٣ـ ١٠٤). هەر لەدوای ئەم وەڵامەوە ڕاستەوخۆ ئەو دووکەسەی چاوپێکەوتنەکە لەگەڵ فۆکۆدا ئەنجامئەدەن دەپرسن: «کەواتە تۆ ڕات زۆر لە ڕای سارتەر جیاوازە، ئەو ڕای وابوو دەسەڵات خراپەیەکی تەمام عەیارە«. فۆکۆ لەوەڵامدا ئەڵێت: «بەڵی. من بەهیچجۆرێک ڕام لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نییە. (...) دەسەڵات خراپەکاری نییە. دەسەڵات بریتییە لە کۆمەڵێک گەمەی ستراتیژی. (...) دەسەڵات لەناو حەزلێکردندا، لەناو عەشقدا، لەناو ئارەزوی جنسیشدا ئامادەیە» (هـ. س. پ.، ل ١٠٥).

خوێنەر کە ئەم دێڕانەی فۆکۆ دەخوێنێتەوە ئەو هەستەی لادروستدەبێت کە ئەم فەیلەسوفە زانیبێتی کەسێکی وەک کاک مەلا بەختیاری لێپەیدادەبێت و نەزانانە و بەشێوەیەکی هەڕەمەکی قسەی لەو بابەتەی بۆ هەڵدەبەستێت کە لەسەرەوە بە خوێنەرامان نیشاندا. وەک دەبینین فۆکۆ لەم پەرەگرافەدا بەئاشکرا دژایەتی ئەو بۆچوونە دەکات کە دەسەڵات بە سەرکوتکردن یەکساندەکات و بەرگریش لەو بۆچوونە دەکات کە دەسەڵات بەرهەمهێن و پڕجوڵە و گرنگە. لە وەڵامدانەوەی هێربێرت مارکۆزەشدا دەڵێت ئەوەی دەسەڵات بە سەرکوتکەر دەزانێت هەڵگری دیدێکی پڕمەترسییە.

بێگومان فۆکۆ ئەو فەیلەسوفە نییە کە عاشقی دەسەڵات بووبێت، ئەو دژایەتییەکی سەرسەختی دۆخێک لە دۆخەکانی دەسەڵاتی کردوە کە ناویدەنێت «دەسەڵاتی هەیمەنەی هەمەلایەن» یان «جڵەوکەری تەواوەتی» (هـ. س. پ.، ل٨٧ و ل ١٠٥). فۆکۆ دەربارەی ئەم دۆخە تایبەتەی دەسەڵات دەنووسێت «لێرەدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات لەباتی ئەوەی پڕ جوڵە و کراوەبن بۆ ستراتیژییەکانی گۆڕانی ئەو لایەنە جیاوازانەی لەناو ئەو پەیوەندیانەدا ئامادەن، بەتەواوی داخراون و ڕەقهەڵاتون. لەکوێدا تاکەکەسێک یان گروهێکی کۆمەڵایەتی توانی پەیوەندییەکانی دەسەڵات بەتەواوی دابخات، ئیفلیج یان تەواو پەکبخات، یان لەڕێگای ئامرازێکی ئابوری، سیاسی یان سەربازییەوە نەهێڵێت بگۆڕێت و پێچەوانە ببێتەوە ئەوکات قسە لە هەلومەرجی جڵەوکردنی تەواوەتی دەکەین» لێرەدا هیچ پانتاییەک بۆ ئازادی نامێنێتەوە (هـ. س.

پ.، ل ٨٧). کەواتە فۆکۆ دژایەتی دەسەڵاتێک دەکات کە داخراوە و هەموو ڕێگایەکی لە گۆڕان گرتبێت، دەسەڵاتێک هێز بەکاربهێنێت بۆ بەرگرتن بە گۆڕان، جا چ هێزی سەربازی بێت یان مۆنۆپۆلیزەکردنی ئابووری، دەسەڵاتێک بخوازێت جڵەوی هەموو ئەوانەبکات کە لەدەرەوەی بازنەی دەسەڵاتدان و نەهێڵێت ئەم بازنەیە بەڕووی گۆڕان و جوڵەدا بکرێتەوە. کەسێکیش کەمەکێک ویژدان، کەمەکێک ڕۆحیەتی ئازادیخواز و دیموکراسییانەی هەبێت و عاشقی دەسەڵات و ئیفلیجکردنی کەسانی دیکە و جڵەوکردنیان نەبێت، بێدوودڵی ئەم دیدەی فۆکۆی بۆ دەسەڵات قبووڵە. ئەم دیدەی فۆکۆ دیدێکە بەرگری لە ئازادی دەکات دژ بە فاشیزم، چونکە فاشیزم ئەو شێوازەی دەسەڵاتە کە تێیدا پەیوەندییەکانی دەسەڵات داخراون و ڕەقهەڵاتوون. خوێنەر بۆ دڵنیابوونی زیاتر و شارەزابوونی زۆرتر لە بۆچوونەکانی فۆکۆ دەرابرەی دەسەڵات دەتوانێت تەماشای ئەم دووکتێبە بکات:

1-Power/Knowledge, (ed) Colin Gordon New York, Pantheon 1980.

بەتایبەتی بڕوانە دوو وتاری:

Two Lectures و Truth and Power

2- Thomas E. Wartenberg, The Forms of Power: From Domination to Transformation. Philadelphia, Temple University Press 1990.

دوای نیشاندانی ئەو نموونانەی سەرەوە دەربارەی تێگەیشتنی فۆکۆ بۆ دەسەڵات گەرهاتوو باوەڕمان بە فۆکۆ خۆی نەکرد و پێمانوابوو کاک مەلا بەختیار لە فۆکۆ باشتر دەزانێت ئەو چی بەرامبەر دەسەڵات و ماناکانی دەسەڵات گوتووە، گەرهاتوو گریمانی ئەوەمانکرد ئەم پیاوە فەرەنسیە بەرۆژی ڕووناک درۆمان لەگەڵدا دەکات و دەسەڵات لای ئەو، وەک کاک مەلا بەختیار دەڵێت، هەمیشە یەکسانبووە بە سەرکوتکردن و بێدەنگکردن و چەپاندن، ڕێگریشبووە لە «خەملاندنی» زانست. دەڵێم گەر ئەم مەسەلەیە بەم شێوەیەبێت و باوەڕ بە فۆکۆ خۆی نەکەین، چی لەوە لۆژیکیترە پەنابەرینە بەر فۆکۆناسێک و لەڕێی ئەوەوە بزانین تیورەی دەسەڵات لای فۆکۆ چییە و بە «ئەندێشەکانی» ئەم فەیلەسوفە دەربارەی دەسەڵات ئاشنابین. بۆ ئەم مەبەستەش

پەنادەبەمە بەر ئەو بروانامەی دکتۆرایەی کە فەیلەسوفی هۆڵەندی، میشێل کارسکێنس، بە ناونیشانی ( دەسەڵات و هەقیقەت) لەسەر گەشەی هەردوو چەمکی دەسەڵات و هەقیقەت لە فیکری فۆکۆدا نووسیویەتی. میشێل کارسکێنس لە قسەکردنیدا لەسەر کتێبی (کۆنترۆڵ و سزا) و ئەو مۆدێلی دەسەڵاتەی فۆکۆ لەو کتێبەدا نیشانیئەدات ئەنوسێت: «دیسپلینکردن لەو کتێبەدا وەک تەکنیکێکی دەسەڵات پێناسەدەکرێت کە لەسەدەی هەژدەهەمەوە هاتۆتەکایەوە، لەم مۆدێلەدا دەسەڵات چیدی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی چەوسێنەر و سەرکوتکەر کارناکات، بەڵکو بەشێوەیەکی ئیجابی، بەرهەمهێن، وەک گشتێک بەشێوەیەکی عەقڵانی لەشێوەی یاسا و بەهای دیاریکراودا کاردەکات و هەوڵی ئەوە ئەدات هەم چالاکی و هەم وێکچوونی هەڵسوکەوتی ئینسانەکان زیادبکات» (Karskens 1986: 115) . بەڕای ئەم نووسەرە بۆچوونەکانی فۆکۆ لەسەر دەسەڵات لەدوایساڵی ١٩٧٢ بە تیورەی «دەسەڵاتی ئیجابی «ناودەبرێت و ئەو کاراکتەرە تازانەی دەخرێتە پاڵ ئەم تێڕوانینە تازەیەی فۆکۆ بۆ دەسەڵات بریتین لە: (هـ. س. پ.، ل ١٢٤)

١ـ دەسەڵات مڵکیەت نییە، بەڵکو ستراتیژیەتێکە کە تێیدا پەیوەندی واقیعیانە پیادەدەکرێت.

٢ـ دەسەڵات لە شوێنێکی تایبەتدا نییە ولەشوێنێکی تایبەتەوە نایەتەدەرەوە، بەڵکو لەهەمووشوێنێکدا ئامادەیە و بەردەوام لە گۆڕانیشدایە.

٣ـ دەسەڵات بەرەنجامی شتێکی دیکە نییە ( بەرەنجامی پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان یان پەیوەندیە قانوونییەکان)، بەڵکو ڕاستەوخۆ گرێدراو و نیشتەجێی ئەو شوێنانەیە کەتیایاندا دەستبەکارە.

٤ـ دەسەڵات لەڕێگای سەرکوتکردن و چەوساندنەوە و ئایدیۆلۆژیاوە (واتە مەعریفەی هەڵەوە) کارناکات، بەڵکو خودی واقیع خۆی بەرهەمدەهێنێت.

فۆکۆ ئەم تیورە تازەیەی دەسەڵات ناودەنێت «میکرۆفیزیای دەسەڵات«. ئەم تیورەیەش ڕاستەوخۆ بەرامبەر ئەو تیورە تەقلیدیانەی دەسەڵات دادەنرێت کە بە تیورەی «دەسەڵاتی نێگەتیڤ» ناودەبرێن. لەم تیورە تەقلیدیانەدا، کە فۆکۆ دژایەتییەکی تەواویان دەکات، دەسەڵات ئەم کاراکتەرانەی هەیە:

١ـ ئەم تیورەیە بەشێوەیەکی هەڵە ناکۆکیەک لەنێوان مەعریفە و دەسەڵاتدا پێشنیاردەکات، دەسەڵات وەک شتێکی خراپ و سیاسەتێکی هەڕەمەکی پێشنیاردەکات لەکاتێکدا مەعریفە وەک شتێکی ڕاست و بابەتیی.

٢ـ لە تێڕوانینی مارکسیدا دەسەڵاتی دەوڵەت وەک بەرەنجامی ململانێی چینایەتی دەبینرێت و ئایدیۆلۆژیاش وەک شێوەیەک لەدەسەڵات.

٣ـ لەم دیدەدا دەسەڵاتی دەوڵەت وەک دەسەڵاتێکی چەوسێنەر و چەپێنەر پێشنیاردەکرێت.

میشێل کارسکێنس لەدرێژایی ئەو قسانەیدا و لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا دەنوسێت کە فۆکۆ لە ساڵی ١٩٧٢ وە «بەپێداگرتنێکی گەورەوە بەگژ ئەو بۆچوونەدا دەچێتەوە کە پێیوایە دەسەڵات خراپە چونکە هەمیشە بەشێوەیەکی ناهەقانە خەریکی چەوسانەوەیە. (هـ. س. پ.، ل ١٦١)

دوای ئەم ڕوونکردنەوانە هیوادارم خوێنەر ئەو ڕاستییەی بۆ ڕوونبوبێتەوە کە کاک مەلا بەختیار هەرچیەکی گوتوە دەربارى «ئەندێشەکانی» فۆکۆ لەسەر دەسەڵات هەرهەموویان هەڵەن و زادەی خەیاڵ و دەرەنجامی شێواندنێکی گەورەی ئەم بەڕێزەن بۆ بیری ئەم فەیلەسوفە. کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ دەسەڵات بەڕێگری «خەملاندنی زانست» دادەنێت، فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات مەعریفە و زانست بەرهەمدەهێنێت، کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ دەسەڵات بە چەوسێنەر و سەرکوتکەر دادەنێت، فۆکۆ دەڵێت دەسەڵات چەوسێنەر و سەرکوتکەر نییە، بەڵکو بەرهەمهێنەرە و ئەو دیدەش کە دەسەڵات بە سەرکوتکەر دەداتە قەڵەم وەک دیدێکی مەترسیدار ناونووسدەکات، کاک مەلا بەختیار دەڵێ فۆکۆ دەسەڵاتی سیاسی ڕەتدەکاتەوە، فۆکۆ لەهەموو پەیوەنییەکی ئینسانیدا شێوەیەک لە شێوەکانی دەسەڵات و شێوەیەک لە شێوەکانی سیاسەت دەبینێت. کاک مەلا بەختیار دەڵێت فۆکۆ دەسەڵاتەکان لێکدی جیاناکاتەوە فۆکۆ دەسەڵاتی «هەیمەنەی هەمەلایەن» کە هیچ پانتاییەک بۆ بەرگری و ئازادی ناهێڵێتەوە، لە «پەیوەندییەکانی دەسەڵات» جیادەکاتەوە کە تێیدا هەموو لایەنەکان تاڕادەیەک ئازادن و توانای هەڵبژاردنیان هەیە.

تا ئێرە وەڵامی ئەو هەڵانەی کاک مەلا بەختیار دەربارەی سیفەتی بەزۆر گریمانکراوی سەرکوتکردن و ڕەتکردنەوە لە تێگەیشتنی فۆکۆدا بۆ دەسەڵات، ئێستاش دێمە سەر مەسەلەی دەسەڵاتی لۆکاڵی و مەرکەزی بۆئەوەی هەموو ئەو قسە ناڕاستانەی تری کاک مەلا بەختیار لەم ڕووەوە دەیانداتە پاڵ فۆکۆ ئاشکراکەم.

فۆکۆ بەرامبەر دەوڵەت و دەسەڵاتی مەرکەزی کۆمەڵێک تێڕوانینی هەیە کە بەپێچەوانەی قسەکانی کاک مەلا بەختیارەوە هەرچیەکبن ڕەتکردنەوە نین. فۆکۆ لە

چاوپێکەوتنەی ناو کتێبی «مەعریفە و دەسەڵات» دا، کە لەسەرەوە هێمامان پێکرد، دەربارەی دەسەڵاتی مەرکەزی و دەوڵەت دەڵێت: «شتێکی ڕاستە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە مارکسی و بە مارکسی ناونراوەکان وەک ئامانج و مەبەستی خەباتکردنیان گرنگیەکی تایبەتیان داوە بە دەزگاکانی دەوڵەت. بەڵام دواهەمین دەرەنجامی ئەمشێوە مامەڵەیە چیبوو؟ بۆئەوەی بتوانن لەگەڵ دەوڵەتدا، کەبێگومان گەورەترە لە حکومەت، بەشەڕبێن هێزە شۆڕشگێڕەکان ناچاربوون بەهەمان ئەندازەی دەوڵەت هێزی سیاسی و سەربازی دروستبەکەن و لێرەشەوە خۆیان لە فۆرمی حیزبی سیاسیدا ڕێکخەن. حیزبێک کەلەناوەوەڕە لەسەر هەمان مۆدێلی دەزگاکانی دەوڵەت ڕێکخراوە و هەمان میکانیزمی هیرارکییەت و ڕێکخستنی دەسەڵاتەکانی هەیە (...) من هەرگیز و بەهیچ جۆرێک نەمگوتوە دەزگاکانی دەوڵەت گرنگ نین، بەڵام (...) یەکەمین شتێک کە ئینسان دەبێت لێی تێبگات ئەوەیە کە دەسەڵات هەمووی لەناو دەزگاکانی دەوڵەتدا جێنشین نییە و هەروەها هیچ شتێک لە کۆمەڵگادا ناگۆڕێت گەر هاتوو ئەو میکانیزمانەی دەسەڵات، کە بەشێوەیەکی بەردەوام لەدەرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت و خوارەوەی دەوڵەت و لەپاڵ دەزگاکانی دەوڵەتدان و لە ئاستی بچوک و ژیانی ڕۆژانەدا ئامادەن، گۆڕانیان بەسەردا نەیەت.» (Foucault 1980: 60).

بێگومان ئەم قسانەی فۆکۆ ئەوەندە ئاشکرا و بێگرێوگۆڵن پێویستیان بە لێکدانەوە نییە، فۆکۆ بەڕاشکاوی هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەت و دەسەڵاتی مەرکەزی دەردەبڕێت و دەڵێت هەموو دەسەڵاتەکان لەوێدا نین و بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بگۆڕین، نابێت دەسەڵاتی مەرکەزی ڕەتکەینەوە، دواتر گەر دەسەڵات لەهەموو شوێنێکدابێ و لەناو هەر پەیوەندیەکی ئینسانیدا ئامادەبێت ڕەتکردنەوەی یانی چی؟ ئەگەر دەسەڵات بەشێکبێت لە پەیوەندی خۆشەویستی، بەشێکبێت لە پەیوەندیە جنسییەکان، بەشێکبێت لەهەر پەیوەندیەکی ئینسانی تر، ئیدی چۆن دەکرێت ڕەتکرێتەوە؟ من تەحەدای کاک مەلا بەختیار دەکەم بتوانێت لەهەموو نووسینەکانی فۆکۆدا ووشەی ڕەتکردنەوەمان لە پەیوەندیدا بە تیورەی دەسەڵاتەوە بۆ بدۆزێتەوە، ئەم ووشەیە داهێنراوی کاک مەلا بەختیار خۆیەتی و بەزۆری زۆرداری و لەتێنەگەیشتن و بێئاگایی و نەبوونی بەرپرسیاریەتێکی مەعریفییەوە دراوەتە پاڵ تێگەیشتنی میشێل فۆکۆ بۆ دەسەڵات.

لەمەش گرنگتر ئەوەیە کە پرۆژەی گۆڕان لای فۆکۆ بەهیچ مانایەک کورتناکرێتەوە بۆ پرۆژەی گۆڕانی دەوڵەت و گۆڕانی نوخبەی سیاسی دەسەڵاتدار، پرۆژەی گۆڕان پرۆژەیەکی زۆر ئاڵۆزترە لەوەی پەلاماری دەوڵەت بدەیت و دەزگاکانی بخەیتەژێر دەسەڵاتی خۆتەوە. لای فۆکۆ پرۆژەی گۆڕانی ڕاستەقینە بە گۆڕانی پەیوەندیەکانی دەسەڵات لە ژیانی ڕۆژانەدا دەستپێدەکات، لەناو لۆکاڵەکاندا، لەپەیوەندی ڕاستەوخۆ و ڕۆژانەی نێوان مرۆڤ و مرۆڤ و گروە و گروهێکدا، لەو پەیوەندییەدا کە بەرهەمهێنانی مەعریفی لەگەڵ ستراتیژەکانی دەسەڵاتدا دروستیدەکات، لە چۆنیەتی بەرهەمهێنانی شوناس و ئەو مانایانەدا کە بە ئێستا و هەنووکەیبوونی خۆمانی ئەدەین. فۆکۆ بەئاشکرا دەڵێت کە دەزگاکانی دەوڵەت گرنگن و لەڕاستیدا لەبەشی یەکەمی مێژووی سێکسواڵیەتدا بەدرێژی باس لە گرنگی دەوڵەت و گرنگی ئەو شێوە دەسەڵاتە دەکات کە بە «بیۆ ـ دەسەڵات»، یان دەسەڵاتی حەیەوی، ناویدەبات. لەو کتێبەدا فۆکۆ ئەوەمان نیشانئەدات کە بەبێ دەوڵەتی مۆدێرن نەدەکرا ئەو فۆرمە تایبەتانەی دەسەڵات لەدایکبن کە لەسەر ژیان کاردەکەن و هەوڵی پاراستن و ئیدارەدانیشی ئەدەن. بەڵام فۆکۆ لەهەمانکاتدا باس لەو مەترسیانە دەکات کە دەشێت ئەم شێوە دەسەڵاتە مۆدێرنە هەڵگریانبێت و لەباتی ئەوەی لەسەر ژیان کاربکات و ژیان دەوڵەمەندکات ڕاستەوخۆ وەرچەرخێت بۆ کارکردن لەسەر مەرگ. فۆکۆ بۆ نیشاندانی ئەو مەترسییانەی ئەم وەرچەرخانە دورستیاندەکات بەدرێژی باس لە ئەزموونی نازیەت ئەدوێت، من لە ووتاری «ئەنفال: ڕووداوێک لەدوامانەوە یان ئەگەرێک لەپێشمانەوە» کە لە گۆڤاری ڕەهەندی ژمارە (٦)دا بڵاوبۆتەوە، بەدرێژی لەسەر ئەم مەسەلانە دواوم و لێرەدا پێویست بە دووبارەکردنەوە ناکات.

دوای ئەم قسانەی فۆکۆ خۆی و دوای ئەم هەموو بەڵگانە هەقمانە بپرسین: کاک مەلا بەختیاری بەڕێز تکایە پێمان ناڵێیت ئەو هەموو شێواندنە بۆ و بەچ مەبەستێک، ئەو هەموو هەڵەیە بۆ ڕیزدەکەیت و خوێنەری کوردی بۆ بە هەڵەی فیکری و مەعریفی گەمارۆ ئەدەیت؟

بەهەرحاڵ لەم خاڵەوە، واتە لە گرنگیدانی فۆکۆ بە گۆڕانی لۆکاڵەکانەوە بە ئامانجی گۆڕانی هەموو کۆمەڵگا، دێمە سەر یەکێک لە ترسناکترین هەڵەکانی کاک مەلا بەختیار لە نووسینەکەیدا. مەبەستم لەو هەڵەیەش هەڵەی لێکدانەوەی ئەو بۆچوونەی منە کە داوای بەرگری لە لۆکاڵەکان و گۆڕانی پەیوەندیەکانی دەسەڵات لەناو

لۆکاڵەکاندا دەکەم. دەڵێم ئەم هەڵەیەی کاک بەختیار ترسناکە چونکە لە واقیعی ئێمەدا ڕاستەوخۆ دەرەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر کوشندەی لێدەکەوێتەوە و گەر ئەو بۆیبکرێت ئەو دیدەی دەریدەبڕێت لەڕووی سیاسییەوە پیادەبکات، ئەوکات کوردستان لە ئەفغانستان نزیکدەبێتەوە. چۆن؟ با سەرەتا جارێکی دیکە لەمەسەلەی دەسەڵات و دەسەڵاتی لۆکاڵی بدوێینەوە.

## 9 ـ دەسەڵاتی مەکەزی و دەسەڵاتی لۆکاڵی

لە دیدی فۆکۆدا مرۆڤ گەر بیەوێت دنیایەکی نوێ دروستبکات، بیەوێت کێشە واقیعی و ڕاستەقینەکان بخاتە بەردەمی لێکۆڵینەوە، بیەوێت بزانێت ڕەگوڕیشەی گرفتەکان لە کوێدایە، تەنها ئەوەندە بەس نییە تەماشای دەزگاکانی دەوڵەت و دەسەڵاتی مەرکەزی بکات و ئەم دەزگایانە بەسەرچاوەی هەموو خراپەکارییەکیان بزانرێت، بەپێچەوانەوە فۆکۆ ئامۆژگاریمان دەکات زۆر بەوردی تەماشای ئەو میکانیزمانەی دەسەڵات بکەین کە لە لۆکاڵەکاندا ئامادەن، لەناو خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی ناو پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیدا. بێگومان کەس ناتوانێت لەژوورەکەی خۆیدا دانیشێ و بە نووکی قەڵەمێک و چۆنهات بە خەیاڵیدا، ئاوا دەستنیشانی ئەوەبکات کە کێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا چین و لەکوێدان و بەچشێوەیەک چارەسەربکرێن. «کێشەی سەرەکی» و «ناسەرەکی» هەر کۆمەڵگایەک لەناو ماڵ و چاخانە و سەرجادە و کارگە و خێزان و قوتابخانە و ڕۆژنامە و چاپخانە و یانە و مزگەوت و خەستەخانە و بەندیخانە و کۆی دەزگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە و پەیوەندی نێوان ئینسانەکاندا ئامادەن. کێشەکان، کێشە ڕاستەقینەکان، لە لۆکاڵەکاندان، بۆنمونە لەو شوێنەدایە کە قوتابییەک سەربەستانە ناتوانێت لەبەرامبەر مامۆستاکەیدا بیروبۆچوونەکانی دەربڕێت، یان بە زۆر و لەژێر فشارێکی فیزیکی یان ڕەمزیدا دەکرێتە ئەندامی ئەم یان ئەو حیزب، ئەم یان ئەو یەکێتی قوتابیان و گەر نەشیکرد دەرگاکانی ئایندە و گەشەکردنی بەڕوودا داخرێت، لەو شوێنەدایە کە مناڵێک هەموو مافێکی دەربڕینی ڕا و ویست و ئارەزوەی لێدەسێندرێتەوە، لەو ژووری دادگایەدایە کە تێیدا ئافرەت وەک بوونەوەرێکی سەربەخۆ و یەکسان مامەڵەی لەگەڵدا ناکرێت، لەو زیندانەدایە کە پۆلیسێک یان ئەفسەرێکی ئاسایش دەتوانێت چەندەها فۆرمی توندوتیژی فیزیایی و ڕەمزی بەرامبەر هەرکەسێک بیەوێت، بەکاربهێنێت، لەو

سەر شەقامەدایە کە نێرومێ ناتوانن ئازادانە لەگەڵ یەکدا بدوێن و گۆڕینەوەی نامەیەکی خۆشەویستی بەسبێت بۆ سەربڕینی کیژۆڵەیەک.

کێشەکان تەنها لە ناو دەزگاکانی دەوڵەت و مەقەڕی حیزبەکاندا نین، بەڵکو لەناو ئەو هەموو خانە کۆمەڵایەتیانەدان کە کۆمەڵگایەکی هیرارکی و نادیموکرات پایەداردەکات. کێشە سەرەکییەکان لەهەموو ئەو شوێنانەدان کە ئەو فۆرمەی دەسەڵات تیایاندا سەروەرە کە دەخوازێ هەموو ڕەهەندەکانی ژیانی ئینسانی ئێمە جڵەوکات و ستراتیژەکانی گۆڕان و ئاڵۆگۆڕی دەسەڵات ئیفلیجکات.

بێگومان کاک مەلا بەختیار ناتوانێت هەموو ئەم کێشە لۆکاڵیە گەورە و نایەکسان و نادیموکراسییانە بێدەنگکات. کەس بۆی نییە بەناوی ئەوەوە کە ئێمە کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ داگیرکەراندایە هەمووان ناچارکات ئەو مەیلە جڵەوکەرانەی دەسەڵات قبوولکەین کە شوێن و جێی نوخبەیەکی سیاسی دیاریکراو دەپارێزێت و کێشە گرنگەکانی کۆمەڵگا لەبیردەباتەوە. ئەمجۆرە بیرکردنەوەیە قەبرێکی گەورە بۆ ئازادی هەڵدەکەنێت و لەهێزە کۆمەڵایەتییەکان داوادەکات بە زیندوویی بچنە ناویەوە. من لە کاک مەلا بەختیار دەپرسم داخۆ بۆ یەکالاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ داگیرکەراندا پێوستمان بەخودی ئەو ئینسانانە نییە کە ئەمڕۆ بەناوی چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکانەوە داوایان لێدەکەین نا عەدالەتی و مەیلە جڵەوکەرەکانی دەسەڵات و خراپەکارییەکانمان لێقبوولکەن، باشە گەر ئەو ئینسانانە توانای ئەوەیان نەبێت لە لۆکاڵیبوونی ژیانی خۆیاندا بەرگری لەمافی خۆیان بکەن و بەگژ بێیاساییەکاندا بچنەوە و نەهێڵن میکانیزمەکانی دەسەڵات بیانکاتە بوونەوەرێکی بچکۆلە و ترساو و بێئیرادە، چۆن دەتوانن ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ داگیرکەراندا یەکالاکەنەوە. ئایا مرۆڤێک هەستی وابێت لە لۆکاڵیبوونی خۆیدا کۆیلەیە و دەچەوسێتەوە و ئیرادەی پەکدەخرێت و ناقانوونی بەرامبەر دەکرێت، دەتوانێت ببێتە سووتەمەنی ئازادی و یەکالاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی لەگەڵ داگیرکەراندا. بێگومان بە میللەتێکی دابەش و ترساو بێقانونی بەرامبەرکراو، بە میللەتێکی بە زۆر کراو بە فەرمانبەر لەلای حیزب و بەمیلەتێکی بێئیرادە شەڕی ئازادی ناکرێت، مەگەر کاک مەلا بەختیار بیەوێت بەتەنها ئەو شەڕە بکات و بەتەنها کورد و کوردستان ڕزگاربکات. من دەزانم ئەم قسانە زۆر توندن و دەشێت تەفسیری خراپیشیان بۆبکرێت، بەڵام لەهەمانکاتدا من ئەو دیدەم بەلاوە ترسناکترە کەپێی وایە کێشە لۆکاڵییەکانی

ئینسانی ئێمە، دوای دە ساڵ لە حومکی کورد لە کوردستاندا، کێشەی سەرەکی سیاسەت و سیاسەتکردن نین.

پرۆژەی لۆکاڵی مانای پرۆژەی بەدەنگهاتنی هەرکەسێک لەشوێنی خۆیەوە بەرامبەر بێیاسایی، پرۆژەی بنیادنانی وشیارییەکی ڕەخنەیی کە هیچجۆرە دەستدرێژییەک بۆسەر ئازادی قبووڵنەکات، پرۆژەی لۆکاڵی مانای بەخشینەوەی ئیرادە بە ئینسان و بەگەڕخستنی ئەم ئیرادایە دژ بەهەر شتێک بیەوێت پەکیبخات، مانای بەقسەهاتنی کێشە ڕاستەقینەکانی ئینسان و بوونی ئەم کێشانەش بە کێشەی خودی دەسەڵات و سیاسەت، پرۆژەی لۆکاڵی و بەرگری لە لۆکاڵ مانای بەرگری لە کۆمەڵگا بەرامبەر بەو نوخبە سیاسییەی بەناوی چارەسەرکردنی ناکۆکی سەرەکییەوە هەمووشتێک هەڵدەگرن بۆ ئایندەیەک کە هەرگیز نایەت و کەسیش نازانێت لەکوێدایە. شەڕی ئازادی بریتییە لەکۆی شەڕە لۆکاڵییەکان، ئەو مرۆڤەی لە لۆکاڵێکدا فێردەبێت بەرگری لە مافی خۆیبکات و بێقانونی و نایەکسانی و بێحورمەتیکردن بەرامبەر بە خۆی و ژیان و کۆمەڵگا قبووڵنەکات، لە ئاستەکانی دیکەی دەرەوەی لۆکاڵیشدا قبووڵیناکات، ئەو کەسەی لە لۆکاڵدا زەلیلکرێت لەدەرەوەی لۆکاڵیشدا زەلیلە، ئەو کەسەی لە «ناکۆکییە لاوەکییەکاندا» گوێی لێنەگیرێت «ناکۆکییە سەەکییەکانی» بەئاسانی لەبیردەچێتەوە. ئەو منداڵەی لە خێزانەکەیدا ئیرادەی ئیفلیجدەکرێت و دەکرێتە قوربانی یاسا و ویست و بەهاکانی پاتریارکییەت، ئەو ئافرەتەی لە خێزاندا وەک ئاژەڵ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت، ئەو قوتابییەی مامۆستاکەی وەک کۆیلە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، ئەو ڕۆژنامەنووسەی هەموو ئەمرەکان لە حیزب و مەسئولەکانییەوە وەردەگرێت، دەبێت یەکەمجار فێربن شەڕی ئەوەبکەن وەک ئینسان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ڕێزی ڕاو بۆچوون و ئیرادە و ویستیان بگیرێت، ئینجا چاوڕوانی ئەوەیان لێبکرێت «ناکۆکی سەرەکی» لەگەڵ داگیرکەراندا چارەسەرکەن.

با ئەو خاڵە لای کاک مەلا بەختیار تەواو ئاشکرابێت کە چارەسەری «کێشە لۆکاڵییەکان» چارەسەرێکی یەکسەری و هەمیشەیی و بۆ هەتاهەتایی نییە، بەڵکو چارەسەرێکی ڕۆژانەیە و بەردەوام پێویستی بەسەرلەنوێ پێداچوونەوە و بڕیاردانەوە و چارەسەرکردنەوە هەیە. گەر شتێک هەبێت ناوی دینامیکییەتی کۆمەڵایەتی بێت، ئەوا لە بەدەمەوەچوونی کێشە لۆکاڵییەکاندایە و لە کردنەوەی چەندەها دەرگا و پەنجەرەدایە بەڕووی لۆکاڵەکاندا بۆ تەعبیرکردن لەخۆیان. بێگومان دروستکردنی

فەزایەک بۆ چارەسەرکردنیش چەندەها ساڵی پێدەچێ و مەسەلە مەسەلەی ڕۆژ و دو ڕۆژ نییە، بەڵام هەرگیز نابێت بەناوی چارەسەری ناکۆکییە سەرەکییەکانەوە ئەم مەسەلانە پشتگوێخرێن وهەڵگیرێن بۆ ئایندەیەک کە کەس نازانێت کەیدێت. من تاسەر ئێسقان باوەڕم بەو ڕاستییەیە کە گرەوی دەسەڵات لە نیشتیمانی ئێمەدا گرەوی کردنی ئەم کێشە لۆکاڵیانەیە بە کێشەی هەرەسەرەکی کاری سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی. ئەم کارەش زەحمەتە بەبێ مسۆگەرکردن و پاراستن و فراوانکردنی تواناکانی قسەکردن و بەرگریکردنی لۆکاڵەکان لەخۆیان. کە لۆکاڵەکان بێدەنگکران ئەوکات دەبێت کەسێک لەسەرەوەڕا بەناوی هەمووانەوە و لەباتی هەموان بیربکاتەوە و بڕیاربدات، ئەوکات خۆمان بەدەستی خۆمان دنیایەک دروستدەکەین کەتێیدا بەردەوام ئازادیمان لێبدزرێت. ئەزموونی بەعس چییە جگە لە ئەزموونی داخستن و بێدەنگکردن و قڕوقەپ پێکردنێکی تەواوی هەموو لۆکاڵەکان تاسنووری لەناوبردن و تەفروتووناکردنیان. پرۆژەی پێچەوانەی بەعسیش ئەو پرۆژەیەی کە خەڵک لە لۆکاڵەکاندا مافی قسەکردن و وەگەڕخستنی خەیاڵی سیاسیان وەردەگرنەوە، سیاسەت کراوەیە بۆ کێشە لۆکاڵییەکان و ئەم کێشانە بەکێشەی گرنگ و سەرەکیی خۆی دادەنێت. بەبێ ئەم مەسەلانە ناتوانین قسە لە هەلومەرجی تازەکردنەوەی شتەکان بکەین. پێویستمان بە بنیادنانی جیهانێک هەیە کەس ناتوانێ بۆ کەسی دیکە، کەس نەتوانێت لەباتی کەسیدیکە بیربکاتەوە و قسەبکات و بڕیاربدات، هەلومەرجی ئازادی ڕاستەقینە ئەوەیە کە هەرکەس خۆی دەبێتە پارێزەری خۆی، خۆی داواکارییەکانی خۆی دەستنیشاندەکات و خۆی بەرگری لە مافەکانی خۆی دەکات.

بێگومان ئەم قسانە مانای هاتنەکایەی هەلومەرجی کەس بە کەس نەبوون و فەوزا و قەیران نییە وەک کاک مەلا بەختیار دەیەوێت بەخوێنەری بسەلمێنێت. کێشەی هەرەسەرەکی ولاتێکی وەک عێراق لەوەدایە کە هەمووشتێک لەسەرەوەڕا بڕیاری لەسەر ئەدرێت و ئەوەی مافی قسەکردن و ڕادەربڕین و بیرکردنەوەی نییە خودی کۆمەڵگا و هێزە جیاوازەکانی ناویەتی. لە کوردستانیشدا کەس داوای ئەوە ناکات دەسەڵاتی مەرکەزی لاوازبێت، کەس ناڵێت کورد نابێت شوێن و جێی خۆی قایم و بەهێزکات، بەڵام بەهێزبوونی دەسەڵاتی مەرکەزی بەبێ بەهێزبوونی دەسەڵاتە لۆکاڵییەکان وەهمێکی گەورەیە. جێ قایمکردنی کورد بە جێ قایمکردنی ئینسانی ئێمە لەسەر جادە و ناو ماڵ و یانە و بازاڕ و شوێنەگشتییەکان دەستپێدەکات. دواجار

ئەوەی کە دەتوانێت بەرگری لە دەسکەوتەکانی ڕاپەڕین بکات ئەو چەندکەسەی ناو سەرکردایەتی حیزبە سیاسییەکان نین، بەڵکو خەڵکی کوردستانن، ئەو خەڵکانەن کە نە «لەسەرەوە» و نە لە «مەرکەزدا» دەژین، بەڵکو لە لۆکاڵەکاندا دەژین، لەناو خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی کۆمەڵگای ئێمەدا نیشتەجێن. جائەگەر ئەمانە لەبەردەمی ئەزمونێکدا نەبن قابیلی بەرگری لێکردنبێت، ئەگەر ئەمانە هەستنەکەن کێشە ڕۆژانەیی و لۆکاڵییەکانیان بونەتە کێشەی هەرەسەرەکی سیاسەت لە وڵاتی ئێمەدا و هەستنەکەن ئیرادە و عەقڵ و خەیاڵیان ساتە کراوەکانی ئازادی دەژی، وەهمە چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکەین لە هەلومەرجێکی دیکەدا بەرگری لە ئەزموونێک بکەن کە بەناوی چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکانەوە داواکارییە گرنگەکانی ژیانی ڕۆژانەیانی فەرامۆشکردبێت. گەر مرۆڤی ئێمە لە لۆکاڵبوونی خۆیدا نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکات، نەیتوانی ئیرادەگەرانە لەسەر ژیان و دنیای خۆی دەستبەکاربێ و بجوڵێت، وەهمە بەناوی چارەسەرکردنی ناکۆکی سەرەکییەوە چاوەڕوانی ئەوەیان لێبکرێت بەرگری لە مەسەلەیەکی دیکە بکات. لەڕاستیدا لێکدی جیاکردنەوەی لۆکاڵ لە مەرکەز هەڵەیەکی میتۆدی و فیکری تایبەتی سەر بە تیورەیەکی سیاسییە کە لەمێژە لەڕووی سیاسییەوە گیانی دەرچووە، لۆکاڵ و مەرکەز بەسەدان کەناڵی جیاجیا بەیەکدیەوە بەستراونەتەوە و لەناو یەک فەزای سیاسی و مەعریفی و فیکری و دەسەڵاتدا دەجوڵێنەوە، ئەم فەزایە وەک گشتێک نەگۆڕێت و وەک گشتێک دیموکراتیزە نەکرێت، ئەم فەزایە لە خوارەوە ڕادیکاڵانە دەسکاری نەکرێت و سنووری گۆڕانی خانە کۆمەڵایەتییە جیاجیاکانی نەکرێتەوە، ئەوکات جگە لە پاراستن و سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی بونیادە پاتریارکی و نادیموکراتی و نایەکسانەکان هیچ دەرەنجامێکی دیکە نادەن بەدەستەوە. ئەوکاتە هێزێک دێت و بەناوی موقەدەسێکی دەرەکییەوە، لەجۆری چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکان، دەخوازێت دەم و ئیرادە و ئازادی هەمووومان داخات.

سەیر لەوەدایە لە کۆمەڵگایەکی تاسەر ئێسقان پاتریارکی وەک کۆمەڵگای ئێمەدا کاک مەلا بەختیار ئەم قسانەی من بە بانگێشەی بەرەڵایی دەزانێت، ئەو داوا دەکات منداڵان گوێ لە باوکانیان بگرن و قوتابیانیش لە مامۆستایان و ژنانیش لە پیاوان، وەک ئەوەی منداڵان و قوتابیان و ئافرەتانی کوردستان ئەوەتەی هەن ئازادانە دوابن و بەزیادەوە مافیان هەبووبێ و ڕێزی ئیرادە و ڕا و بڕیاری گەورەکانیان نەگرتبێت. ئەگەر فۆکۆ ئەم داواکارییانەی لە کۆمەڵگای فەرەنسی هەبێت کە کۆمەڵگایەکە

هەزارانجار لە کۆمەڵگای کوردی کراوەترە، بۆ دەبێت مارکسییەکی وەک کاک مەلا بەختیار ئەم داواکارییانەی بۆ سلێمانی و هەولێر و دهۆک پێزیادەڕەوی و جاڕدانی بەرەڵاییبێت. پێمسەیرە پیاوێک خۆی بە نوێنەری فیکری دیالێکتیکی بزانێت و بشڵێت تا ئێستا خەباتی بۆ دەکەم، کەچی تراژیدیای لەم بابەتە بە کۆمەڵگاکەی بفرۆشێت کە لەهەموو خانەیەکی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بە کرانەوە و گۆڕان و دەسکاریکردنێکی ڕادیکاڵ هەیە، ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیار گوتاری هێزە هەرە تەقلیدییەکانی کۆمەڵگای ئێمە وەبیر خوێنەر دەخەنەوە کە بەردەوام هاواری ئەوەیانە ڕێزی گەورەکان بگرین و لەخەت لانەدەین و ئەوەمان لەیادنەچێت کە بەهەشت لەژێر پێی دایکاندایە. ئەم جۆرە داواکارییانە داواکاری هێزە هەرە تەقلیدیەکانی دنیای ئێمەن، بۆچوونی هەموو ئەوانەن کە هەر دەسکاریکردنێکی پەیوەندیەکان و هەر داواکارییەکی کۆمەڵایەتی بە بەرەڵایی و مەترسی بۆسەر کۆمەڵگا لێکدەدەنەوە، نەک بۆچوونی یەکێک پێیوابێت پەیڕەوی لە فیکری دیالێکتیک دەکات.

دواجار ناکۆکی گشتی ئێمە لەگەڵ داگیرکەراندا لەسەر چییە؟ ئایا لەسەر ئەوە نییە کە داگیرکەران بەریان بە ئازادی ئینسانی ئێمە لە هەموو لۆکاڵەکانی ژیانیدا گرتوە؟ ئایا لەبەر ئەوە نییە کە داگیرکەران ناهێڵن هیچ کەسێک لە هیچ بوارێکی ژیانی خۆیدا ئازادانە بژی و بنووسێ، ئەو فۆرمە بە ژیان و زیندەگی خۆی بدات کە خۆی هەڵیدەبژێرێت، ئەو شتانەبڵێت کە باوەڕی پێیەتی، بەزۆر چەپڵەی پێلێندەرێ و بەزۆر کار و کردەوە و داواکاری نابەجێی بەسەردانەسپێ و بێحورمەتی بەرامبەر نەکرێت؟ بەزۆر نەبرێت بۆ کۆڕ و مەسیرەو پرسە؟ بەزۆر لەم بەشی نیشتیمانەکەیەوە دەرنەکرێت بۆ ئەو بەشی و بەهەقی خۆی مافی کارکردن و گەشەکردنی وەزیفی و ژیانێکی هێمن و دڵنیاکەری هەبێت؟ ئایا ناکۆکی سەرەکی ئێمە ئەو ناکۆکییە نییە کە بەهۆیەوە داگیرکەران لێناگەڕێن ئێمە لە ناو ماڵ و شوێنی ئیش و سەر جادە و قوتابخانە و ناو کارگە و شەقامەکاندا وەک ئینسانی خاوەن کەرامەت و خاوەن ماف و خاوەن ئازادی بژین؟ بەم مانایە جیاکردنەوەی لۆکاڵ لە مەرکەز، لاوەکی لە سەرەکی هەڵەیەکی تیوری گەورەیە و وەک ووتم سەر بە تیورەیەکی سیاسی دیاریکراوە کە لەمێژە بەدەست کەمخوێنیەکی تیوری و فیکری و فەلسەفییەوە دەناڵێنێت. ئایا شەڕی لۆکاڵی ژنان لەگەڵ یاساکاندا، شەڕی منالان لەگەڵ هیرارکییەتی پرۆکێنەری خێزاندا، شەڕی گەنجان، کچان و کوڕان، لەگەڵ ئەو بەهاو ئەخلاقییەت و کەسانەدا کە بەر بەتێکەڵبوون و یەکدیبینین و لێکدیتێگەیشتنیان دەگرن، شەڕی زیندانیان لەگەڵ یاساکانی ناو

زینداندا، شەڕی ئەو ڕۆژنامەنووسەی بەڕێوەبەرەکەی ئاراستەی جوڵەی قەڵەمەکەی دەستنیشاندەکات، شەڕی ئەو دوکاندارەی باج خەریکە سەرلەبەری ژیانی دەخوات، شەڕی ئەو قوتابییەی حیزبی نەبێت لە خوێندنی باڵا وەرنەگیرێت و شانسی دۆزینەوەی کاری نەبێت، شەڕی نووسەرانێک بیانەوێت ڕێز و حورمەت بۆ نووسین و خوێنەر بگێڕنەوە، ئایا ئەمانە شەڕی ئازادی نین، ئەمانە شەڕە ڕاستەقینەکانی کۆمەڵگای ئێمە نین دوای دەساڵ دەسەڵاتی کوردی؟ ئەی داخۆ ئازادی چییە؟ ئازادی هەر ئەوەیە لەباتی ئەفسەرەکانی بەعس ئەفسەری کوردیمان هەبێت و لەباتی مونەزەمەکانی جاران مونەزەمەی حیزبە کوردییەکانمان هەبێت؟ ئایا پرۆژەی ئازادی پرۆژەی دەسکاریکردنێکی ڕادیکاڵی خانە جیاجیاکانی کۆمەڵگا و یاسا و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو ئەو خانانە نییە بەئاراستەی هەرچی زیاتر کرانەوە و دیموکراتیزەکرنی فەزا جیاجیاکانی ناوی؟ ئایا شەڕی ئازادی شەڕی دەسکاریکردنی کۆمەڵگایە یاخود شەڕی گۆڕینی مەسئولەکانە؟ بەباوەڕی من ئینسان پێویستناکات باوەڕی خۆی بە دیالێکتیک بدات بۆ ئەوەی پرۆژەی ئازادی کورتنەکاتەوە بۆ پرۆژەی گۆڕینی مەسئولەکان.

ڕەنگە کاک مەلا بەختیار لێرەدا لێمانبێتە دەنگ و بڵێت کێشەی کورد کێشەیەکی سیاسییە و بەڵام ئەم کێشە لۆکاڵیانە کێشەی سیاسی نین و کێشەی کۆمەڵایەتین. بەرامبەر بەم دیدە دەڵێم هەموو ئەوکێشانەی لە لۆکاڵەکاندا ئامادەن کێشەی سیاسین، چونکە ڕاستەوخۆ وابەستەی ژیان و قازانج و کەرامەتی ئەو خەڵکانەن کە پێیانەوە گیرۆدەن. دواجار چۆن دەتوانین کۆمەڵایەتی لە سیاسی و سیاسی لە کۆمەڵایەتی جیاکەینەوە، هەموو کۆمەڵایەتییەک سیاسییە و هەموو سیاسییەکیش کۆمەڵایەتییە. چارەسەرکردنی ئەو کێشانە لەیەککاتدا وابەستەی ململانێییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕۆژانەیە کە لەسەرێکەوە ڕێ بەهاتنەوەی داگیرکەران دەگرێت، لەسەرێکی دیکەشەوە ڕێ لەوە دەگرێت نەهێڵێت هەمان مۆدیلی دەسەڵاتی داگیرکەران لە کوردستاندا بنیادبنرێت. کاک مەلا بەختیار بەم هەڵوێستەی دەچێتە ڕیزی ئەوانەوە کە بەردەوام داوا دەکەن شتەکان هەڵگرین بۆ ئایندە. لەئێستادا داوا نەکەین دەسەڵات ڕۆژانە دیموکراتیزەکرێت، داوا نەکەین ئینسان فێری بەرگریکردنبێت لە مافەکانی خۆی لەناو لۆکاڵەکاندا، داوانەکەین کۆمەڵگایەکی کراوە دروستکەین تێیدا سیاسەت بە زمانی کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایە قسەبکات نەک بە زمانی تەئجیلکردنیان، کەچی بەردەوام باس لە ئازادی و دیموکراسیەت و کۆمەڵگای مەدەنی بکەین. خۆمان بە

نوێنەری فیکری دیالێکتیکی بزانین و فەیلەسوفێکی وەک فۆکۆ بە دوژمنی ڕۆشنگەری و دیموکراسی و مەدەنییەت ناونووسکەین.

ئێمە وەک میللەتێکی ژێردەستە، گەر ئایندەیەکمان هەبێت، لەو خاڵەوە دەستپێدەکات چی لە ئێستامان دەکەین، ڕۆشنگەربوونیشمان لەوێوە نایەت کێ نوێنەری فیکری دیالێکتیک و کێ دوژمنی فۆکۆ و کێ بە قسە دڵسۆزی کورد و کوردستانە، ڕۆشنگەربوونمان لە توانای قسەکردنمان لەسەر ئێستاییبوونمانەوە دێت، گەر ئێستامان نەکەینە ئێستایەکی دیموکراسی، گەر ئینسانی ئێمە لەم ئێستاییبوونەیدا ئینسانیەتی خۆی نەژی و هەستنەکات سەردەمی بەکارخستنی ئیرادەی خۆی دەژی، ئەگەر پێمانوابێت ئەوەی ئێمە لەئێستادا داوایدەکەین لە سویدیش داواناکرێت، ئەوکات بەرلەوەی قەبری دیموکراسییەت هەڵکەنین بەدەستی خۆمان قەبری ئەو دەسەڵاتە هەڵدەکەنین کە ئێستا لە ئارادایە. ئاخر ئەگەر هێزێکی ناوەکیش هەبێت توانای پاراستنی ئەم دەسەڵاتەی هەبێت، خەڵکی خاوەن ئیرادەی ناو لۆکاڵەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە، نەک ئەوانەی داوای پاراستن و مانەوەی پاتریارکییەت دەکەن. ئەوەی دەبێت زۆر بەتوندی دژی ڕاوەستین ئەو دیدە نادیموکراتی و ناشێلگیر و پڕ مەترسییەیە کە دەخوازێت لەژێر دروشمی چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەرەکییەکاندا مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگای ئێمەیە بۆ ئایندە تەئجیلکرێت. لەڕاستیدا من نازانم دوای دەساڵ حوکمی کوردی لە کوردستاندا کام کێشە بۆ کام ئایندە هەڵگرین؟

کێشە سەرەکییەکانی ئەم ساتەوەختەی خەڵکی ئێمە چەندە کێشەی مەرکەزین بەهەمانئەندازەش کێشەی لۆکاڵین، ناکرێت ئەم دوو لایەنە لەیەکدی جیاکەینەوە. ئەم کێشانە لەزۆر ڕووەوە وابەستەی ئەوەن چۆن دەسەڵات لە کۆمەڵگای ئێمەدا دابەشکرێت، چۆن بەر بەوەبگیرێت تاکەکەسێک، تاقمێک، بنەماڵەیەک هەموو بڕیارەکان مۆنۆپۆڵکەن، چۆن ئابووری ئێمە ئازادکرێت، چۆن فەزای ناو خوێندنگا و کارگە و شوێنەگشتییەکان دیموکراتیزەکرێن و نەهێڵرێت حیزب وەک موڵکی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، چۆن پەیوەندییەکانی ناو خێزان دەسکاریکەین، چۆن وەرزش لە هیرارکییەت و سیاسەت دەربازبێت، چۆن ڕۆژنامەگەری لە عەقڵییەتی حیزبی ئازادکەین، چۆن پەیوەندی نێوان نێر و مێ بەشێوەیەکی هاوچەرخانە ڕێکخەینەوە، چۆن ئافرەت وەک بوونەوەرێکی کامڵ لەهەموو ڕەهەندەکانی ژیاندا ئامادەبێت و منداڵ مافی ئەوەی هەبێت منداڵی خۆی دوور لە میلیشیاکانی حیزب و هیرارکیەتی پڕوکێنەری ناو خێزانەوە، بژی؟

وەک دەبینین هەموو ئەمانە بەبێ شەڕ و ململانێی لۆكاڵیانەی هەموو ئەوانەی لەو لۆكالانەدا بێدەنگ و بێماف دەكرێن مەحاڵە. بۆیە ئەوەی ئەمڕۆ كۆمەڵگای ئێمە وەک نان و ئاو پێویستی پێیەتی ئەو تیورانەی دەسەلاتن كە تۆڕی پیادەكردنی دەسەلاتمان لەهەموو خانە كۆمەلایەتییەكاندا بۆ ئاشكرادەكەن، نەک ئەو دیدە سادەیەی كە پێماندەڵێت مادامەكی كێشەیەكی سەرەكی چارەسەرنەكراومان هەیە، دەبێت هەموو كێشەكانمان لەیادكەین، ڕێگرتن بە گەڕاندنەوەی دەبابەكانی بەعس بۆ كوردستان و ڕێگرتن لەوەی ئاین هەموو ژیانی ئینسانی ئێمە بخوات یەک پرۆژەن، بەجێهێشتنی مۆدیلی بەعس و بەجێهێشتنی هەموو ئەو ڕووكارە تەقلیدیانەی دەسەلات كە دەخوازێت ئینسانی ئێمە جلەوكات یەک پرۆژەن، ئازادبوونی كوردستان و ئازادبوونی ئینسانی ئێمە یەک پرۆژەن، ئیشكردن بۆ دیموكراسیەتی سیاسی و ئیشكردن بۆ دیموكراسیەتی ڕەهەندەكانی تری ژیانی ڕۆژانە یەک پرۆژەن، قەبراندنی مۆدێلی بەعسیانەی دەسەلات و بەشبەشكردنی دەسەلات بەسەر زیاد لە تەوەرەیەكی كۆمەلایەتیدا یەک پرۆژەن، گۆڕكردنی كولتوور و فەرهەنگی بەعس و داهێانی كولتوور و فەرهەنگێكی نوێ یەک پرۆژەن. بە كورتی و بە كوردی ئەو پرۆژەیەی لە لۆكاڵەكاند ئیرادەی ئینسانی ئێمە پەكدەخات و بەر بەهەموو توانایەكی ململانێكردن و سەربەخۆبوون و عەقلانیبوونی لێدەگرێت دواجار دنیایەک دروستدەكات لەسەر هەمان مۆدێلی داگیركەران، مۆدێلێک كە دەشێت كاک مەلا بەختیار و منیش، پێكەوە، بڵێین كێشەی سەرەكیمان لەگەڵیدا هەیە.

## 10 ـ دەرەنجام

لەكۆتاییدا جارێكی دیكە دووپاتیدەكەمەوە نووسینی ئەم وەلامە بە مەبەستی شكاندن یان خراپەكردن نییە و نەبووە بەرامبەر بە كەسی كاک مەلا بەختیار، وەک ووتیشم ئەم وەلامە ڕووبەڕووی ئەو كاک مەلا بەختیارەیە كە بەبێ لانیكەمی زانیاری پێویست، خۆی وەک تیوریست و لێزانێكی بوارەكانی فیكر و فەلسەفە و مێژوو ڕەخنەی ئەدەبی و زمانناسی و فیكری سیاسی و دیالێكتیک و ئاركیۆلۆژیا و جینالۆژیا و مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە و یۆنانی كۆن و سەدەكانی ناوەڕاست و ئیسلام و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای هاوچەرخ و چەندان بواری دیكەی لێكۆڵینەوە پێشنیاردەكات.
كێشەی سەرەكی ئەم كاک مەلا بەختیارەش لەوەدایە ئەو هەموو هەڵە و

شێواندنانەی لەم کتێبەدا ئاشکرامان کرد، وەک فیکر و مەعریفە و خوێندنەوەی فەلسەفی و زانستی بە خوێنەری کورد دەفرۆشێت. کاتێکیش پێیدەڵێین کاکی برا جیاوازییەکی گەورە، هێجگار گەورە، لەنێوان کاری فیکری ڕاستەقینە و خوتبەی ناو کۆبوونەوە حیزبیی و جەماوەرییەکاندا هەیە، ئیدی بەڕێزی توڕەدەبێ و دەستدەبات کتێبی گەورە و «نەفەسدرێژ» لەسەر ڕەهەند و نووسەرەکانی ڕەهەند دەنووسێ و کورد لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە ستراتیژییەتی هەژمونگەری و هەژمونگەران لە ئارادایە، نووسەرانی ڕەهەند بەوە تاوانباردەکات کە نە ڕێزی کەس دەگرن و نە ڕێز بۆ هیچ شتێکی پیرۆز دادەنێن، بەوە تاوانباریان دەکات کە دژی کورد و مێژووی کورد و حیزبی کورد و ئەزموونی ئازادیی کوردن.

سەیرە لە وڵاتی ئێمەدا کاتێک نووسەرێک ئەو دەیەها هەڵە گەورە و کوشندانە ئاشکرادەکات کە نووسەرانی زۆری لەبابەتی کاک مەلا بەختیار دەیانکەن، لەباتی بەخۆداچوونەوە و هەوڵدانی فێربوونی بەردەوام و خوێندنەوەی زیاتر و ناسینی حەجم و قەبارەی مەعریفی خۆیان، لەباتی وەرگرتنی هەڵوێستەیەکی مەعریفی ڕاستەقینە لەبەرامبەر نووقسانیەکانیان، دەقریشکێن و تۆمەتەکانی ناو ژیانی سیاسی کوردی دەدانە پاڵ ئەو کەسە یان ئەو کەسانە، بە ئاسانی پێیاندەڵێن دژی کوردن، دژی سیاسەتن، دژی حیزبن، دژی دەسەڵاتی مەرکەزین و ساردوگەرمی ڕۆژگاریان نەبینیوە و باشیان بۆ لواوە و مەترسیدارن بۆسەر نەوەی نوێ و هتد... من لە خوێنەر دەپرسم کێ ڕێزی کێ ناگرێت. نووسەرەکانی ڕەهەند ڕێزی فیکر و مەعریفە و ڕۆشنبیر و ڕۆشنبیریی ناگرن یان کاک مەلا بەختیار و ئەوانەی وەک کاک مەلا بەختیار بێ هیچ سڵەمینەوەیەکی مەعریفی لەسەر زەحمەتترین بابەتەکانی فیکر دەنووسن؟ ئێمە گاڵتە بە عەقڵی خوێنەر و تواناکانی خوێنەر و پێکهاتی ڕۆشنبیریی کوردی دەکەین یان کاک مەلا بەختیار، ئێمە دەمانەوێت خوێنەر پێشنەکەوێ و بە هەڵە گەمارۆدرێت و نەهێڵرێت خەیاڵ و بیر و توانا عەقڵییەکانی بکرێتەوە یان کاک مەلا بەختیار؟

من لەبەردەم ئەم قسانەی کاک مەلا بەختیار و چەندانی دیکەی وەک ئەودا هیچ ناڵێم تەنها ئەوەندە نەبێت کە خوێندنەوەی قووڵ و ناسینی فیکری بەشەری و فێربوونی میتۆدی زانستی بیرکردنەوە و کردنی نووسین بە جۆرێکی قورس لە بەرپرسیاریەت و پەیامێک شوێنی ڕێز، زەحمەتترین کارێکە مرۆڤ بتوانێت بەرپرسیارانە پێیانەهەڵسێت. بۆ ئەم مەبەستە مرۆڤ دەبێت ساڵانێکی درێژی عومر تەرخانکا و ڕەنجێکی بەردەوامی خوێندنەوەی میتۆدی و بەخۆداچوونەوە و دەوڵەمەندکردنی ئامرازەکانی بیرکردنەوە و

تەعبیرکردن بدات. کاری فیکری زۆر جیاوازە لە قسەزانی و خوتبەدان و حوکمدانی نابەجێ. فیکر لەکوێ و نووسینی ئینشا و فرۆشتنی هەڵوێستی سیاسی کرچ و کاڵ و ڕیزکردنی ڕستێک تۆمەتی نابەجێ، لەکوێ. کاری فیکری پێویستی بە تێرامان و خوێندنەوەی بەردەوام و ورد و دەستپاکی و ڕێزلێنانی خوێنەر و فیکر و مەعریفە و میتۆد هەیە، ئەوەی ئەم سیفەتانەی تێدا نییە واچاکە توخنی ئەم کارانە نەکەوێت و سەر لە خۆی و لە خوێنەرانیش نەشێوێنێت.

## سەرچاوەکان

1- Delius, Christoph en Matthias Gatzemeier, Geschiedenis van de Filosofie, van de klassieke oudheid tot heden, Könemann, Keulen 2000.

2-de Costa, Denise, Sprekende stiltes, een postmoderene lezing van het vrouweljke schrift van Irigaray-Kristeva- Lyotard, Kok Agora 1989

3- Eribon, Didier, Michel Foucault, een biografie, Van Gennep Amsterdam 1989.

4- Dominiq Floscheid, Van de Middeleeuwen tot nu, 1998 Uitgeverij Aristos bv, Roterdam

5-Danaher, Geoff, Schirato, Tony and Jen Web: Uunderstanding Foucault, SAGE Ton publications. London 2000.

6- van der Pijl, Kees, Wereldorde en Machtspolitirk, visies op de internationale betrekkingen van Dante tot Fukuyama, Het Spinhuis Amsterdam 1995. (p 42-45)

7- Linssen, Actualiteitsanallyse in het voetspoor van Michel Foucault. In: red. Erik Heijerman & Paul Wouters, Crisis van de Rede? Perspectieven op cultuur. Van Gorcum, Assen 1992.

8- Karskens, Machiel, Foucault/ Waarheid als Macht, Te Elfder Ure 37/38 september 1986.

9- Foucault, Michel, De Woorden en de dingen: een archeologie van

menswetenschappen/ Baarn, Amboboek 1984.

10- Foucault, Michel, Remarks on Marx, semiotext (e) Columbia University USA 1991

11- Foucault, Michel, Breekbare vrijheid, De politieke ethiek van de zorg voor zichzelf, Boom/Parresia Amsterdam 1998.

12- Foucault ,Michel, Ervaring en Waarheid, Ducco Trombadori in gesprek met Michel Foucault. Te Elfder Ure. 1985.

13- Foucault, Michel, Power-knowledge : selected interviews and other writings 1972-1977 / [by] ; ed. by Colin Gordon ; et al.] Brighton : Harvester Pres 1980

14- Weiland, Sperna, De Mens in de Filosofie van de Twintigste Eeuw, ErikMeulenhoff/Kritak Amsterdam, 1999

15- Spectrum filosofie: personen en begriepen van Atot Z, Spectrum. Utrecht 1999.

١٦ـ مەریوان وریا قانیع: دەسەڵات و جیاوازی، کۆمەڵە وتار. دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم. سلێمانی ٢٠٠٠.

١٧ـ مەلا بەختیار: دیموکراسی لەنێوان مۆدێرنێتە و پۆست مۆدێرنێتەدا. لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی گەلاوێژ. سلێمانی ئابی ٢٠٠٠.

# بەشی شەشەم

# هەندێ هەڵەی دیکە ...

«ئەوەی قوڵتر بیربکاتەوە دەزانێت هەق لای ئەو نییە.»
نیتشە

کۆتایی ئەم کتێبە تەرخانە بۆ نیشاندانی کۆمەڵێک هەڵەی دیکە کە کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا کردونی و ئێمە لێرەدا لەبەر نەبوونی کات و شوێن زۆر بە کورتی بە خوێنەریان نیشانئەدەین. ئەم هەڵانەش، وەک زۆربەی هەڵەکانی دیکەی کاک بەختیار، سەرچاوەکەیان لەناو ئەو بیمێتۆدی و ئینشانووسییەدایە کە سەرلەبەری کتێبەکەی بەرێزی گرتۆتەوە. چاککردنەوەی تەواوەتی ئەم هەڵانە بۆ خوێنەر خۆی بەجێدەهێڵین.

١ـ کاک بەختیار دەربارەی سیاسەت و فەلسەفە بەم شێوەیە دەنوسێت: «فەلسەفە سنوری لۆژیکی فەلسەفێندراوی هەیە و سیاسەتیش سنوری سیاسەتی فراوان و لێکدانەوەی تاکتیکی چینایەتی جۆراوجۆری هەیە، کە زۆر جار بۆ یەک هەڵوێست، چەندین لێکدانەوە هەڵدەگرێ، بەڵام لە فەلسەفەدا وا نییە». (ل ٣٣).

گومانم نییە ئەوەی ئەم دوو دێڕە بە وردی بخوێنێتەوە لەو ڕاستییە تێدەگات کە کاک بەختیار سەرەتاییترین تێگەیشتنی زانستی سەبارەت بە چییەتی فەلسەفە و بە چۆنیەتی کارکردنی فیکری فەلسەفی نییە. کاک بەختیار دەیەوێت بڵێت لە سیاسەتدا بۆ یەک هەڵوێست، یان یەک مەسەلە، زیاد لە لێکدانەوەیەک هەیە بەڵام لە فەلسەفەدا وانییە، بۆ یەک هەڵوێست، یان بۆ یەک بابەت و مەسەلە، تەنها یەک لێکدانەوە هەیە. ئەم تێگەیشتنەی کاک بەختیار بۆ فەلسەفە دووبارەکردنەوەی هەمان ئەو تێگەیشتنە دۆگامییانەی پیاوەئاینییەکانە کە بۆ ئاین و دەقە پیرۆزەکانیان هەیە، لە دیدی ئەم پیاوانەشدا هەمیشە یەک لێکدانەوە بۆ دەقە ئاینییەکان هەیە و یەک ڕاستی و لەهەناوی دەقە پیرۆزەکاندا نیشتەجێییە و یەک مەبەست لەپشتی مانا و دەلالەتەکانەوەیە. بێگومان مێژووی فەلسەفە ڕێک پێچەوانەی ئەم تێگەیشتنەی کاک بەختیارمان بۆ پەیوەندی نێوان فەلسەفە و دیاردە و هەڵوێست و لێکدانەوەکان نیشانئەدات. کام بابەتی فەلسەفی هەیە لە دەیان گۆشەنیگای جیاوازەوە تەماشانەکرابێت و بە چەندان جۆری جیاواز لێکنەدرابێتەوە، کەم فەیەلسوفیش هەیە بۆ یەک بابەت لە قۆناغە جیاکانی گەشەکردنی فیکری خۆیدا لێکدانەوەی جیاوازی نەکردبێت. هەر بۆ نموونە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری ئەوەی هەقیقەت چییە، دەشێت دەیان لێکدانەوە و وەڵامی جیاجیا بدۆزینەوە، بۆ قسەکردن دەربارەی سەرچاوەکانی مەعریفە بە دەیان تێزی فەلسەفی جیاجیامان هەیە، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی دەسەڵات بە هەزاران لاپەڕە نووسراون کە هەر فەیلەسوفە و بەشێوەیەک ئەم دیاردەیەی لێکداوەتەوە. لە ڕاستیدا لە ڕوویەک لە ڕووەکانییەوە مێژووی فەلسەفە بریتییە لە

مێژووی لێکدانەوە جیاجیاکانی فەلسەفە بۆ کۆمەڵێک بابەت کە لە سەردەم و ڕۆژگاری جیاوازدا و لە گۆشەنیگا و پێدراوی میتۆدی جیاوازەوە، لێکدانەوەی جیاوازیان بۆکراوە. لەم ڕاستییە سادانەش بترازێت کە هەمووخوێنەرێکی سەرەتایی فەلسەفە دەیانزانێت، دەستەواژەی «فەلسەفە لۆژیکی فەلسەفێندراوی هەیە» چ مانایەکی هەیە؟ لۆژیک بەشێکی تایبەتی فەلسەفەیە و شێوازی جیاواز و یاسا و گریمانەو پێدراوی تایبەتی هەیە، «لۆژیکی فەلسەفێندراو» جگە لەئینشانووسیەکی سادە و ڕیزکردنی ووشە بەدوایەکدا شتێکیدی نییە.

٢ـ کاک بەختیار سەبارەت بە سود و قازانجەکانی حیزبایەتی دەنوسێت: «حیزبایەتی بە چەمکە فراوان و تایبەتەکەی، لە گروپێکی بچوکەوە بۆ حیزبێکی گەورەی پێشکەوتنخواز، لە مێژوودا ئەرک و ئۆباڵێکی شەرەفنمەندانەی شۆڕشگێڕانەی بووە بۆ دژایەتیکردنی کۆنەپەرستی، دیکتاتۆریەت، تۆتالیتاریەت، نازیەت و فاشیەت» (ل ٦٥). ئەوەی لەم بۆچوونەی کاک بەختیاردا شوێنی سەرنجە ئەو گشتگیرییەیە کە دەیداتە پاڵ چەمکی «حیزب» و «حیزبایەتی». بەڕێزی باسی ئەوە ناکات کە حیزبایەتی شێوازی جیاوازی هەیە، گەر هەندێکیان سوودمەندبووبن ئەوا ئەوانی دیکەیان زۆر خراپ و پڕ زیانبوون. ئاخر دیکاتۆرییەت، تۆتالیتارییەت، نازییەت و فاشییەت هەموویان دیاردەی حیزبین و تاڕادەیەکی زۆریش دەرەنجامی کارکردنی عەقڵییەت و لۆژیک و خەیاڵی حیزبین. هیچ یەکێک لەم ئەزموونە خوێناویانە بەبێ بوونی حیزب و سەرکردەی حیزبی بوونیان نەبووە. گرنگترین و بەهێزترین ومەترسیدارترین کۆڵەکەکانی فاشییەت و نازییەت و تۆتالیتارییەت حیزبە، حیزبە کە لە شوێنی کۆمەڵگا و بەناوی کۆمەڵگا و لەباتی کۆمەڵگا ئەدوێت و هەموو ڕەهەندە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری پاواندەکات. حیزب چەند دەسکەوتی مێژوویی بەدەستهێنابێت بەهەمانئەندازە کێشە و کارەسات و کوشتن و برین و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤی پیادەکردوە. مێژووی دیموکراسییەتیش مێژووی حیزبایەتی نییە، وەک کاک بەختیار تێیگەیشتوە، بەڵکو مێژووی بە دەنگهاتن و قسەکردنی کۆمەڵگای مەدەنییە بەرامبەر بە حیزب و بەو هێزانەی دیکە کە دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە. ئەم مەسەلەیە لە هیچ شوێنێکدا ڕاستنەبێت لە بلۆکی سۆسیالیستی ئەوروپای ڕۆژهەڵات و ئەزموونە هاوشێوەکانی لە جیهانی سێدا زۆر ڕاستە، لەم ئەزموونانەدا حیزب نەک دیموکراسییەتی بەرهەمنەهێناوە، بەڵکو ڕێگرێکی گەورەی

بەردەمی بنیادنانی دیموکراسییەتە و بنیادنانی دیموکراسییەت بەبێ کەنارگیرکردن و کەمکردنەوە و سنووردانان بۆ دەسەڵاتی حیزبی مەحاڵە.

لە عێراقی بەعسیشدا ئەوەی لەپشتی کارەساتەکانەوە وەستاوە ئەو لۆژیکەیە کە بەعس وەک حیزب دەیەوێت بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگادا بسەپێنێت، ئەوەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا بەر بە کۆمەڵێک گۆڕانکاری ڕاستەقینە دەگرێت، لە نموونەی یەکخستنەوەی ئیدارە و بەستنەوەی بەشە جیاوازەکانی کوردستان بەیەکەوە دیسانەوە لۆژیکی حیزبییە.

بەکورتی ئەو قسانەی کاک بەختیار لەسەر حیزب دەیانکات کۆمەڵێک قسەن کە نابینان لەبەردەم بەشێکی گەورەی مێژووی هاوچەرخی کۆمەڵگاکانی سەدەی بیستەم و مێژووی هاوچەرخی عێراق و مێژووی هاوچەرخی کوردستاندا.

٣ـ لەقسەکردنیدا لەسەر میتۆد کاک بەختیار لەلاپەڕە ٩٨ ی کتێبەکەیدا چەندان بیر و بۆچوون و وێناکردن دەردەبڕێت کە سەرلەبەریان هەڵەن، بۆنموونە ئەم بۆچوونە: «تەنانەت کە لێکۆڵەرە ئیسلامیەکانیش دەڵێن (سونەتی پێغەمبەر) سونەت میتۆدی لێکدانەوەی قورئانە».

هەموو موسڵمانێکی سادە دەزانێت «سونەت» میتۆدی لێکدانەوەی قورئان نییە، سونەتی پێغەمبەر بریتییە لە کۆی ئەو قسەوباس و گوتار و هەڵسوکەوتانەی پێغەمبەر لە ژیانیدا پێیەهەڵستاوە، ئەمانەش تەواو جیاوازن لەو میتۆدە جیاوازانەی زانا ئایینییەکان قورئانیان پێخوێندۆتەوە. میتۆدی لێکدانەوەی قورئان و سونەتی پێغەمبەر دوو شتی تەواو جیاوازن.

محەمەد عابد جابری لە کتێبی (بنية العقل العربى) دا سێ سیستمی ئەپستمۆلۆژی لەیەکدی جیادەکاتەوە کە بەهۆیانەوە لە جیهانی ئیسلامدا مەعریفە بەرهەمهێنراوە و قورئان و دەقە ئایینییەکانی دیکە لێکدراونەتەوە: ئەو سیستمانەش بریتین لە «سیستمی بەیان» و «سیستمی عیرفان» و «سیستمی بورهان». هەریەکێکیش لەم سیستمانە «میتۆدی» جیاوازی تەماشاکردن و لێکدانەوەی قورئانی هەیە. «سیستمی بورهان» بە پێی پێدراوە میتۆدییەکانی لۆژیکی ئەرستۆ لە قورئان ڕادەمێنێ و ماناکانی لێکدەداتەوە. «سیستمی بەیان» یاساکانی بەلاغە و پێدراوەکانی ڕێزمانی عەرەبی دەکاتە ئامرازی لێکدانەوەی قورئان، «سیستمی عیرفان» لە دیدی سۆفیزمەوە لە قورئان ڕادەمێنێ و ئەو ئامرازانەی ئەم سیستمە پێشکەشیدەکات دەبنە دەروازەی

لێکدانەوە و خوێندنەوەی دەقەکان. ئەمانەش نە لەدوور نە لە نزیک پەیوەندییان بە سونەتی پێغەمبەرەوە نییە. سونەتی پێغەمبەر خۆشی دەشێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە بخوێندرێتەوە، لێکۆڵەرەوەیەک کە بە پێدراوە مەنهەجییەکانی سیستمی بورهانی کاربکات مانایەک بەم سونەتە ئەدات جیاوازە لەو مانایانەی لێکۆڵەرەوەیەکی دی پێیئەدات کە لە دیدی سیستمی عیرفانەوە یان دیدی سیستمی بەیانەوە تەماشایدەکات. ئەم تێکەڵکردن و بەدحاڵیبوونە هێمای ئەوەیە کاک بەختیار جیاوازی نێوان مێتۆد و فیکر و لێکدانەوەکان ناکات، میتۆد بریتییە لە کۆی ئەو ئامراز و چەمک و گوتراو و نەخشە و قاڵبانەی بەهۆیانەوە تەماشای دیاردە و دەق و ڕووداوێک دەکەین و فیکرێکی تایبەت بەرهەمدەهێنین، میتۆدی دیالێکتیک بریتیی نییە لەو شتانەی کە فیکری مارکس بەرهەمیهێناون، بەڵکو بریتییە لەو شێوازی ئیشکردنە تایبەتە و لەو چەمک و گوتراو و گریمانانەی مارکس بەهۆیەوە فیکری خۆی بەرهەمهێناوە. وەک مارکسییەک کاک بەختیار دەبوایە ئەم ڕاستییە سادانەی دەربارەی میتۆد و فیکری مارکس بزانیایە و سونەت و میتۆدی بەیەکدی تێکەڵنەکردایە.

٤ـ کاک بەختیار دەڵێت نیتشە «ژیان حەواڵەی ئایندەیەکی داهێنراوی دیکەی دابڕان لە میتافیزیکا دەکات». (ل٣٧٥) جارێ کاک بەختیار پێمان ناڵێت ئەم قسەیەی لە کوێوە هێناوە، ئایا ئەمە ڕای خۆیەتی لەسەر فیکری نیتشە، یان نا، ئەگەر ڕای خۆیەتی باس لە کام کتێب و کار و بەرهەمی نیتشە دەکات، ئەگەر ڕای یەکێکی دیکەشە کوا سەرچاوەکەی؟ پێدەچێت ئەم حوکمە هی کاک بەختیار خۆیبێت، چونکە حوکمێکی ناڕاستە و هیچ نیتشە ناسێک شتی وا دەربارەی فیکری نیتشە ناڵێت. ئازر یەکێک لە ڕەخنە هەرە گەورەکان لە فیکری نیتشە ئەوەیە کە پیاوێکە ژیان حەواڵەی ڕابوردو دەکات، نەک ئایندە. واتە تەواو بەپێچەوانەی قسەکەی کاک بەختیارەوە. بەباوەڕی نیتشە گرنگترین ساتەوەختی زیندەگی ئینسانی ساتەوختی تراژیدیای یۆنانییە. ئەم ساتە ساتی کرانەوەی ئیرادەیە کە تێیدا مرۆڤ بە پشتبەستن بە ئیرادەی خۆی و بە تەنها هەم بەرەنگاری چارەنووسی خۆی بۆتەوە و هەم ئامادەبووە لەگەڵ خوداکاندا بەشەڕبێت و سەرپێچی ویست و خواست و داواکارییەکانیان بکات. بەباوەڕی نیتشە لەدوای یۆنانەوە ئیدی ئەخلاقی ئاینی، بەتایبەتی فەلسەفەی ئەخلاقی ئاینی مەسیحی، ئینسان دەکاتە کۆیلە و لەشوێنی تیژکردنەوەی ئیرادەی بەرەنگاربوونەوە، ڕۆحی کۆیلەی تێدا دەچێنێت. لەڕاستیدا هەموو فەلسەفە

ئەخلاقییەکانی ئاین لای نیتشە فەلسەفەی کۆیلەییبوونن. لەدوای مەسیحیەتیشەوە ئیدی ئایدیۆلۆژیا جەماوەریەکان ئەو ڕۆڵە دەبینن کە ئاین بینیویەتی و ئینسان دەکەنە کۆیلە. وەک دەبینین ئەوەی کاک بەختیار سەبارەت بە نیتشە دەیڵێت لە بێئاگاییەکی تەواوەوە لە فیکری ئەم فەیلەسوفەوە هاتووە و لەخۆیەوە قسەیکردوە و ئینشانووسییەکەی خیانەتێکی گەورەی لێکردووە و تووشی ئەو هەڵە کوشندەیەی کردوە.

٥ـ بێگومان هایدگەر یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی کاریگەری گەورەیان لەسەر فۆکۆ و فیکری فۆکۆ هەبووە، ئەم کاریگەرییەش زیاتر وابەستەی ڕەخنەی هایدگەرە لە فەلسەفەی زات. بەڵام کاک بەختیار بەبێئەوەی سەرچاوەیەک دەستنیشانکات لەخۆیەوە بەناوی فۆکۆ وە دەڵێت گوایە هایدگەر «توانیویەتی بچێتە ناو وردەکارییەکانی ژیان و جومگە جیاوازەکانی لێک بترازێنێ جوداکارییەکان، گیروگازەکان و ئامرازەکانی لە بوارەکانی مێژوو، ئەبستمۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیادا بە میتۆدی ئارکیۆلۆژی». بخوێنێتەوە (ل ٣٧٥) جارێ ئەم ڕستانە چ مانایەکیان هەیە؟ یانی چی هایدگەر چۆتە ناو وردەکارییەکانی ژیانەوە و جومگە جیاوازەکانی لێکترازاندووە؟ بنەما فەلسەفییەکانی ئەم کارەی هایدگەر چییە و ئەم فەیلسوفە چی دەربارەیان نووسیوە؟ یانی چی جوداکارییەکان، گیروگازەکان و ئامرازەکانی لە بوارەکانی مێژوو، ئەبستمۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیادا بە میتۆدی ئارکیۆلۆژی، بخوێنێتەوە؟ کەی فۆکۆ ناماقوڵی وای دەربارەی هایدگەر وتوە و لە کوێدا وتوویەتی؟ دواجار ئەبستمۆلۆژیا و ئەنترۆپۆلۆژیا چۆن بە میتۆدی ئارکیۆلۆژیا دەخوێندرێتەوە، ئەم شتانە چ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە هەیە؟ لەڕاستیدا ئەم قسانەی کاک بەختیار لە ئاستە سادە و میللیەکەیدا یەکسانە بە تێکەڵکردنی دۆ و دۆشاو بەیەکتری، بریتین لە ئینشانووسییەکی سەیر کە زیاتر لە وڕێنە دەچن تا ڕستەی مانادار.

لەهەموو ئەم هەڵانەش سەیرتر ئەو قسەیەیە کە گوایە هایدگەر بە میتۆدی ئارکیۆلۆژی کاریکردوە، ئەمەشی داوەتە دەم فۆکۆ. هەموو منداڵێک دوو ڕۆژ فەلسەفەی خوێندبێتەوە دەزانێت هایدگەر میتۆدی ئارکیۆلۆژیای بەکارنەهێناوە.

کاک بەختیار، کە زنیاری لەسەر فەلسەفە لە نزمترین ئاستدایە، یەکەمین کەسێکە باسی ئەوەدەکات کە هایدگەر بە میتۆدی ئارکیۆلۆژی کاریکردوە. زۆربەی هایدگەرناسەکان دەڵێن ئەم پیاوە بە میتۆدی فینۆمینۆلۆژی کاریکردوە و فەیلەسوفێکە

بە ئەنتۆلۆژیاوە خەریکبووە. ئارکیۆلۆژیا میتۆدێکی تایبەت و شێوازێکی دیکەی کارکردنی فەلسەفییە و دوور و نزیک پەیوەندی بە فیکری هایدگەرەوە نییە. دوایی یانی چی بە میتۆدی ئارکیۆلۆژی لەبواری ئەبستمۆلۆژیدا کاربکەیت؟ ئەمە گەر بەدحاڵیبوون و ڕیزکردنێکی ئینشایی بێمانای کۆمەڵێک زاراوەی پێناسنەکراو بەدواییەکدا نەبێت، چییە؟ کاک بەختیار بەڕیزکردنی ئەم زاراوانە بەدواییەکدا وادەزانێت باس لە فەلسەفە دەکات و بابەتەکانی «شەن» و «کەو» دەکات.

٦ـ ئەوەی کاک مەلا بەختیار دەربارەی ئارکیۆلۆژیا دەیڵێت زیاتر لە نوکتە دەچێت نەک ناساندن و پێشکەشکردن و لێکدانەوەی میتۆدی ئارکیۆلۆژی. کاک بەختیار دەنووسێت "ئارکیۆلۆژیا تەنها هەڵدان و لێکدانەوە ناگرێتەوە، بەڵکە ڕێگاکانی لێکۆڵینەوەی ئەم میتۆدە دەرخستن و دۆزینەوەی پێکهتەکانی گوتار و گفتارە، میتۆدێکی زانستی و زانستیانەش نییە. چونکە نایەوێ ببەسترێتەوە بە ڕەوشێکی تایبەتەوە. ئەوپەڕی پەیڕەوی لە سەربەستی لێکۆڵینەوە دەکا، هەتا لەدوا ئاکامیشدا، لە دوا بەرهەم و لێکدانەوە و بەرەنجامیشدا، سەربەست و بێدەربەست دەبێ» (ل ٣٧٥). سەرەتا مەگەر خودا و کاک بەختیار خۆیان بزانن ئەم چەند دێڕە لەسەر میتۆدی ئارکیۆلۆژی لە کوێوە گواستراونەتەوە و سەرچاوەکەیان کامەیە؟ کاک بەختیار پێمانناڵێت داخۆ ئەم قسانەی لەسەر ئارکیۆلۆژیا قسەی خۆین یان هی یەکێکی دیکەن؟ ئایا ئەمە دیدی فۆکۆیە بۆ ئارکیۆلۆژیا یان هی هایدگەر؟ بەڕێزی هەموو ئەم سەرەتا سادانەی نووسینی زانستی پێشێلدەکات. جگە لەمە جیاوازی نێوان «گوتار» و «گفتار» چییە؟ یانی چی ئارکیۆلۆژیا نایەوێت ببەسترێتەوە بە ڕەوشێکی تایبەتەوە؟ یانی چی هەتا لەدوا ئاکامیشدا، لە دوابەرهەم و لێکدانەوە و بەرەنجامیشدا، سەربەست و بێدەربەست دەبێ؟

بێگومان ئەو شتانەی لەو چەند دێڕەدا لەسەر میتۆدی ئارکیۆلۆژی گوتراون ناڕاستن، ئارکیۆلۆژیا میتۆدێکە بەکاردەهێنرێت بۆ خوێندنەوەی ئەو مێژووە تایبەتانەی کە مێژووی ڕەسمی بێدەنگی کردون، ئەو مێژووانەی کە پەیوەندییە نایەکسانەکانی دەسەڵات خستونیەتە پەراوێزە و مافی قسەکردن و ئامادەبوون و دەرکەوتنی لێسەندونەتەوە. لای فەیلەسوفێکی وەک میشێل فۆکۆ، کە یەکێک لە پیادەکەرە گرنگەکانی میتۆدی ئارکیۆلۆژییە، ئارکیۆلۆژیا هێما بۆ ئەو جۆرە کارکردنانە دەکات کە لەناو ئەرشیڤە مێژووییەکاندا جێبەجێدەکرێت بۆ نیشاندانی چۆنیەتی لەدایکبوونی

گوتارییانەی ڕووداو و مەعریفە و ساتەوەختە مێژووییە تایبەتەکان. لەڕێگای بەکارهێنانی ئەم میتۆدەوە بۆ نووسینەوەی مێژووی مۆدێرنە فۆکۆ ئەو دەنگانەی نیشانداین کە لەسەردەمانی مۆدێرنەدا بێدەنگکراون و خراونەتە پەراوێزەوە. ب ئەو دەرەنجامانەش کە فۆکۆ لەڕێی پیادەکردنی ئەم میتۆدەوە پێیانگەیشتوە بەهیچ مانایەک «سەربەست» و «بێدەربەست» نین، ئەگەر مەبەست لەم دوو وشەیە وەدەستهێنانی دەرەنجامی گۆترەیی و نەسەلمێندراو بێت، بەڵکو دەرەنجامی زانستی گرنگن کە ڕەهەندی سیاسی گرنگتریان لێدەکەوێتەوە و ئەو مەترسییانە نیشانئەدات کە دەشێت کۆمەڵگا هاوچەرخەکان لەناوەوەی خۆیاندا هەڵیانگرتووە.

٧ـ کاک مەلا بەختیار دەنووسێت: «یەکێک لە خزمەتە گرنگەکانی ئەندێشەمەندان و توێژەرەوەکانی مێژوویی ڕۆژئاواییەکان، هەڵسەنگاندنی زانستییانەی بیر و ئاین و مەزهەب و بۆچونەکانی سەدەی ناوەڕاستە. زۆر بە قوڵی قسەیان دەربارەی ئیسلام و قورئان و تەواوی دەقە سەردەقی نەشکێنراوەکانی ئیسلام کردووە. ئێستاش بەردەوامن، تازە تازە عەرەب و فارس و تورک لەم بارەوە خەریکن بۆیە ڕۆژهەڵاتناسی، لە ڕۆژهەڵاتناسیشدا، ئیسلامناسی، لە ڕۆژئاوا خەمێکی گەورەی لە مێژینەیە و هەتا هاتوشە، ئەم خەمە قوڵتر بووە کەمتر نەبوە». (ل ٣٠٨)

بێگومان کاک بەختیار ڕاستدەکات ڕۆژئاوا ڕۆژگارێکی درێژە، بە تایبەتی لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە، کەوتۆتە خوێندنەوەی ئیسلام وەک ئاین و جیهانی ئیسلام وەک سەرزەمینی ژیانی ملیۆنان مرۆڤ. تا ئێرە هیچ نکوڵییەکمان لەم قسانەی کاک بەختیار نییە و هەموو خوێنەوارێکی سادە ئەم ڕاستییە سەرەتاییانە دەزانێت، بەڵام ئەو قسە «قوڵانە» چین کە ڕۆژئاوا لەسەر ئیسلام و قورئانیان کردوە و چۆنکراون و کێ کردونی، ئەوا بەڕێزی لێیانبێدەنگە و باسیانناکات. سەرەڕای گرنگی ئەم خاڵە، کە سنووری قسەی گشتی لە لێکۆڵینەوەی زانستی جیادەکاتەوە، ئەوەی لێرەدا دەبێت بۆ چرکەیەکیش لەیادمان نەچێت ئەو پرسیارەیە کە ئایا ئەو قسە «قووڵانە» ی ڕۆژهەڵاتناسی لەسەر ئیسلام و کۆمەڵگا و شارستانییەتەکانی دەرەوەی خۆی کردونی بەڕاستی «قووڵن»، ئایا ئەو قسە و بۆچوون و داوەرییانە چەند ڕاستن؟ ئایا دەتوانین قسەکردنی ڕۆژئاوا لەسەر دەرەوەی خۆی لە سیاقی داگیرکردن و شەڕی هەیمەنە و پاوانکردنی جیهان لەلایەن ڕۆژئاواوە، داببڕین؟ ئایا ئەو بەشەی فیکر لە ڕۆژئاوادا، کە بە «ڕۆژهەڵاتناسی»

ناودەبرێت، دەکرێت لە سیاقی ئیمپریالیزم جیاکەینەوە، ئەو وێنانەی کە بۆ دەرەوەی خۆی دروستدەکات وێنەی ڕاستەقینەن یان وێنەی ناو خەیاڵی نووسەرەکانین؟ ئایا بەڕاستی «ڕۆژهەڵاتناسی» زانستە و بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسەکان بەرامبەر بە ئیسلام بۆچوونی زانستییە، یاخود ڕۆژهەڵاتناسی، وەک ئێدوارد سەعید دەڵێت، بریتییە لە جۆرێکی تایبەتی بیرکردنەوەی نازانستی کە لەسەر دابڕینێکی جەوهەرگەرایی نێوان بەشە جیاوازەکانی جیهان لەیەکدی دروستبووە ؟ من ئەم پرسیارانە بۆیە دەکەم، چونکە هەموو ئەدەبیاتی دوای ـ کۆلۆنیالیزم لە چل ساڵی ڕابووردودا بەم مەسەلانەوە سەرقاڵە بە دەیان و سەدان نووسەر و زانا و فەیلەسوفی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری پێیانەوە خەریکبوون. کەسێکی وەک ئێدوارد سەعید هەزاران لاپەڕەی لەم بارەیەوە نووسیوە و ئەو میکانیزمە شاراوانەی نیشانداوە کە تیایاندا ڕۆژئاوا لەڕێگەی «ڕۆژهەڵاتناسی»یەوە وێنەیەکی ناڕاستی بۆ دەرەوەی خۆی کێشاوە. بێگومان هێنانە کایەی ئەم مەسەلانە بە مەبەستی بەرگریکردن لە ئیسلام و ئاین نییە، بەڵکو بە مەبەستی دۆزینەوەی ئەو پەیوەندییە نادیارانەیە کە بەشە جیاوازەکانی جیهان لە ڕەوتی هاوکێشەی نایەکسانی دەسەڵاتدا بەیەکدیەوە دەبەستێتەوە.

لە ڕۆشنبیری عەرەبیشدا ڕەخنە لە ئاین و کرانەوە بەڕووی فیکری دەرەوەی ئاییندا مێژوویەکی درێژی هەیە و لەسەردەمی عەباسییەکاندا چەندان نووسەر هەن کە دیدێکی تەواو کراوەیان بۆ ئاین و ڕۆڵی ئاین لە فیکر و مەعریفە و ڕاڤەکردندا هەبووە.

٨ـ کاک بەختیار دەنوسێت: «پێش ئەوەی (کانت) پرۆژەی فەلسەفی خۆی سەربخا و ڕۆشنگەری بکاتە ئەو ڕاستیە تەواوکەرەی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا لەسەر ئادەمیزاد، کوا مرۆڤ وەکو مرۆڤ بیری دەکردەوە»

یەکەم کانت بەر لە شۆڕشی فەرەنسی فیکری خۆی نووسیوە نەک هاتبێت بۆئەوەی ڕۆشنگەری بکاتە تەواوکەری شۆڕشی فەرەنسی. ئەم هەڵەیە لەوە زەقترە خوێنەرێکی سادەی مێژووی فیکری و فەلسەفی ڕۆژئاوا دەرکی پێنەکات. هەر لە سیاقی تێکەڵکردنی سەدەکان و ناوەکاندا بەیەکدی کاک بەختیار (مارتن لۆسەر) کە گەورەترین قەشەی ڕیفۆرمیست و دامەزرێنەری باڵی پرۆتسانتیەتی مسەیحییەتە کە لەسەدەی شازدەهەمدا ژیاوە بە (مارتن لوتەر کینگ) تێکەڵدەکات کە ئەکتیڤیستێکی سیاسی ڕەشپێستی ئەمریکاییە و لە شەستەکانی سەدەی بیستەمدا ژیاوە. خۆش

ئەوەیە کاک بەختیار لە کتێبەکەیدا زۆر باسی گرنگی خوێندەنەوەیزانستییانەی مێژوو دەکات کەچی خۆی کە باس لە سادەترین ڕووداوی فیکری و فەلسەفی و مێژووی دەکات بە سەدە هەڵە دەکات.

دووهەم بەر لە کانت و بەر لە مۆدێرنە و دوای مۆدێرنەش مرۆڤ هەر وەک مرۆڤ بیریکردۆتەوە و بیردەکاتەوە، مرۆڤە هەمیشە لەناو ئەو پێدراو ئەگەر و توانا زانستییانەدا بیردەکاتەوە کە ڕۆژگار و سەردەمەکەی خۆی دەیخەنە بەردەستی. تۆبڵێی مرۆڤ بەر لە مۆدێرنە وەک حەیوان بیریکردبێتەوە، تۆ بڵێی هیراقلیدس، سۆفیستەکان، سوکرات، ئەفلاتون، ئەرستۆ، ئیبن ڕوشد، فارابی، ئیبن خلدون، تۆمای ئەکوینی و دەیان و سەدانی دیکە، کە بەر لە مۆدێرنە بیریانکردۆتەوە، وەک مرۆڤ بیریان نەکربێتەوە، ئەمە چ جنێو و سووکایەتییەکی گەورەیە بە مێژووی فیکری مرۆڤایەتی.

٩ـ کاک مەلا بەختیار لەسەرێکەوە دەڵێت ئەمانە پۆست مۆدێرنن و دژ بە دەسەڵاتن، لەسەرێکیدیکەشەوە دەڵێت فیکری پۆست مۆدێرن سەر بە نیتشەی فەیلەسوفە، کە دێتە سەر نیتشەش وەک فەیلسوفێکی «قودرەت تەڵەب» لە قەڵەمی ئەدات. ئەم ناکۆکییە لەوە زەقترە سادەترین خوێنەر هەستی پێنەکات.

١٠ـ کاک مەلا بەختیار دەخوازێت ڕۆشنبیران ڕەخنە لە دەسەڵات نەگرن و چونکە ڕەخنە لە دەسەڵا «نارەزا و نارەزایەتی بەرامبەر دەسەڵات زیاد دەکا. هەندێک جاریش دەسەڵات بەهۆی ڕەخنەوە لەدەست دەچێ». (ل ٥٦) هەمووومان دەزانین دەسەڵات لە کوردستاندا نە گوێ لە ڕەخنە دەگرێت و نە لە ڕەخنەش ئەترسێت. ئەگەر لە کوردستاندا مەترسییەکیش لەسەر دەسەڵات هەبێت ڕەخنەی نووسەران و ڕۆشنبیران نییە، بەڵکو بەردەوامی و باڵادەستی ئەو لۆژیکە حیزبییە کورتبینییە کە کوردستان وەک کۆمەڵێک خاڵی گومرک دەبینێت و ئامادەیە لەگەڵ هەموو هێزێکدا دەستبەکاربێت لەگەڵ هێزە کوردییەکانی ناو خودی گۆڕەپانی سیاسی کوردی خۆیدا نەبێت.

١١ـ کاک مەلا بەختیار لە پەرەگرافێکدا دەنووسێت ئەوروپا «هەموو قۆناغە سروشتیەکانی گەشەکردنی بڕیوە» (ل٥٢) قۆناغی سروشتی گەشەکردن یانی چی، ئەی قۆناغی ناسروشتی گەشەکردن چییە؟ دواتر چۆن و بە چ مانایەک ئەوروپا

«هەموو» قۆناغەکانی بڕیوە؟ ئایا هیچ کۆمەڵگایەک هەیە لەسەر زەویدا «هەموو قۆناغە سروشتییەکان!!!»ی بڕیبێت؟

١٢ـ کاک مەلا بەختیار دەنووسێ: «قەیران و ئاستەنگی ئابوری لە کوردستاندا، زۆرتر پەیوەندیان بەباری بابەتی سیاسی کوردستانەوە هەیە، نەک دۆخی خۆیی». (ل ٩٣) ئەم بۆچوونەی کاک بەختیار شتێک لە ڕاستی تێدایە، بەڵام ووتنەوەی بەوشێوەیە کۆمەڵێک ڕاستی دیکە دەشارێتەوە کە هەموو خوێنەرێکی سادە هەستیپێدەکات. کێشەی ئابوری کوردستان کێشەی بوون یان نەبوونی دەرامەت و سەرمایە و توانای ئابووری نییە، ئەو سەرمایەی ئەمڕۆکە لە کوردستاندا ئامادەیە سەرمایەیەکی گەورەیە، چ لەڕێگای بڕیاری ٩٨٦ و چ لەڕێگای یارمەتی ئەو سەدان هەزارە کوردەی لە ڕۆژئاوا دەژین و چ لەڕێگای توانا ناوەکییەکانی ئابووری کوردستان خۆیەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کێشەی ئابووری گەورە گەورە هەیە. بەبۆچوونی بەشێکی زۆری کێشە ئابوورییەکانی کوردستان وابەستەی چۆنیەتی دابەشکردن و خەرجکردن و بەگەڕخستنی ئەو سەرمایەیە کە لە کوردستاندا ئامادەیە، وابەستەی شێوازی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و ئیدارەدانی ئابوورییە لەو وڵاتەدا، وابەستەی ئەو پەیوەندیە تایبەتانەیە کە لەنێوان سیاسەت و ئابوریدا دروستبوون. هەموومان دەزانین لە ساڵی ١٩٩٤ پارتی هەموو داهاتی ناوچەی ئیبراهیم خەلیلی بردوە و شەڕی ناوخۆش بەشێکی گرنگی داهاتی ئەم وڵاتەی بەلاڕێدابرد. لەمانەش گرنگتر ئەوەی وایکردوە ئابووری کوردستان بەباشی بەڕێوەنەچێت ئەو میکانیزمە سیاسییەیە کە تێیدا «پێشمەرگەکانی دوێنی» بوون بە «سەرمایەدارەکانی ئەمڕۆ». ئەوە نووسەری پۆست مۆدێرنی کورد نین کە ئابووری کوردستانیان تێکداوە و باوەڕیان بە چارەسەری کێشە ئابوورییەکانی کوردستان نییە، بەڵکو ئەوە ئەو گروهە سیاسیە دیاریکراوەیە کە ئابووری کوردستانی مۆنۆپۆڵکردوە و هەر بەرنامە و پلان و دیدێکی ئابووریش لەگەڵ قازانج و دەسکەوتەکانیدا یەکنەگرێتەوە ڕێیپێنەدات.

١٣ـ کاک مەلا بەختیار دەڵێ «من لە کاک (بەختیار عەلی) و کاک (مەریوانی وریا قانع)م بیستووە کە لەدەرەوەی کوردستاندا (٢٠) ژمارە ڕەهەند نافرۆشرێ». (ل ٨٤) من نازانم کاک بەختیار ئەم قسانەی لە کوێوە هێناوە، نە من نە کاک بەختیار عەلی هەرگیز شتی وامان بە بەڕێزی نەووتوە، چونکە ڕەهەند لەدەرەوەی کوردستاندا بە

دەگمەن نەبێت ژمارەی نامێنێتەوە. ژمارەی ئەو نوسخانەش کە لە ئەروپا چاپدەکرێت لە نێوان لە ٣٥٠ و ٥٠٠ نوسخەدایە. ئیتر کاک بەختیار ئەم ژمارە بیستەی لەکوێوە هێناوە، مەگەر هەر خۆی بزانێت.

١٤ـ کتێبەکەی کاک مەلا بەختیار هەڵەی زۆری دیکەی لەم بابەتەی تێدایە، بەڵام چاککردنەوەی هەموویان لەتوانای ئەم کتێبەی مندا نییە، بۆیە داوای لێبوردن لە خوێنەر دەکەم و هیواداریشم لە ئایندەدا کاک مەلا بەختیار زیاتر سەرقاڵی ئەو کارانەبێت کە لێیاندەزانێ و تیایاندا شارەزایە.

ئەمستردام
هاوینی ٢٠٠٢

سوپاس و پێزانینی زۆرم بۆ هاوڕێم ئاراس فەتاح
لە کۆمەکی ئامادەکردنی ئەم کتێبەدا.